**گۆڤارێکی ئەدەبی و رووناکبیرییە**

**بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ دوو مانگ جارێك دەری دەکات**

**ژمارە ٥٨ تشرینی دووەم- ٢٠١٢**

**سەرنووسەر**
**عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی**

**سکرتێری نووسین**
**دانا فایەق**

**دیزاین**
**ئارام عەلی**

**چاپ: دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی**

سلێمانی- بنکەی رووناکبیریی گەلاوێژ- نزیك فولکەی خاڵە حاجی- بەرامبەر قوتابخانەی گەشەی بنەڕەتی

٠٥٣٣٢٩٠٢٧٥

gelawejinwe@yahoo.com

*ماراتۆن لە نابەینی دوو دونیادا ........ئەدیب نادر........................ ........٤
*منارەی داهێنان.....................بڵند باجەلان.............................. ١٦
*ئۆدیب پاشا، ڕەچەڵەکی تێکستەکان........... داستان بەرزان............................ ٣٢
*هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی ڕۆمانی...................ئاراس وەهاب............................٣٨
*دۆسیەی ژمارە................ ئەزموونی ڕۆماننووسیی بەختیار عەلی................ ٤٣-١٤٤
*حەقیقەت بوو سێبەرەکەتی......................خەلیل عەبدوڵڵا.............................. ١٤٥
*کاتژمێری تەمەن و ........................ ناڵە حەسەن................................ ١٦٢
*مانیڤێستی عەشق یان...................... عەبدوڵڵا سلێمان- مەشخەڵ..................... ١٦٩
*شیعری جیهانی .......................و: ئازاد ئەحمەد.................................. ١٧٣
*خۆزگە درەخت بوومایە......................و: مەریوان هەڵەبجەیی........................ ١٧٨

*من خەون بە جیهانێکەوە دەبینم.................و: هەژار عوسمان................................ ١٨١
*پەیکەری ست ڕافۆن............................... کاروان عومەر کاکەسوور..................... ١٨٧
*ژنە بێدەنگەکە.................................... کاروان محەمەد فەتاح........................... ٢١٩
*قرژاڵەکان........................................ و: جەبار سابیر................................. ٢٢٤
*نۆبڵی ئەدەبی ٢٠١٢.............................. ئا: حەمە قادر.................................. ٢٢٩
*گفتوگۆی تەلەفۆنی لەگەڵ مۆ یان-دا............ و: هەژار عوسمان.............................. ٢٣٥
*هۆگرییە سینەماییەکانی سەلمان ڕووشدی....... و: حەمە ق........................................ ٢٣٨
*لە هەڵاتندا ون دەبین............................................................................. ٢٤٤
*سەرۆکە دۆڕاوەکە.................................................................................. ٢٤٧
*وەسیەتنامە خیانەتلێکراوەکان..................................................................... ٢٥٠





# ماراتۆن
## لە نابەینی دوو دونیادا

**ئەدیب نادر**

هەر لە سەرەتای ساڵانی خۆدەربازکردنمەوە، نووسینەوەی ئەو بارە بووبووە مەراق و نیگەرانیم بووبووە خولیایەکی سەرشێت. من کە زەمانێک بوو لە نووسین بەولاوە هیچی ترم ئەنجام نەداوە، کردەی نووسین تا دەهات ئەستەمتر دەبوو، ئازار و ئەشکەنجەی ساتەوەختی نووسینیش ئەپولێپسێکیان لە ناخمدا بەرپا دەکرد تانوپۆی دیار نەبێت. چارەکە سەدەیەک بوو، کە هەر دەستم دەدایە قەڵەم،

ئەو ئەزموونە دیار و نادیارە هەمیشەییە قوڵاییە هەزار بە هەزارەکانی یادەوەریمی بەجێ دەهێشت و لە خەیاڵمدا سنووری وشەی دەبەزاند، گومانم لە راستییەکەی پەیدا دەکرد و بە خۆم دەوت ئەوە دنیایەکە ئەندێشە بونیادی ناوە، یاخود وەک ئەوەی کە ئەمڕۆ باوە و دەڵێن فانتازیا فۆرمەلەی کردووە، ئەمەش لە ئەندێشە دڵکرمێی دەکردم، ئەو هەموو ساڵە ویستبووم لەوە خۆم رابپسکێنم، بەڵام یادەوەریی شەمەنەفەرێکی بۆر و تاریکبوو دەی خستمەوە سەر سکەکانی ئەو رۆژانە، ئەو رۆژانەی لە ئاوێنەی ساڵەکاندا بەردەوام رەنگدانەوەیەکی درەوشەداریان هەبوو، هەنگاوەکانیان لە رادەبەدەر دەریای یادەوەریی بەکێش دەکردم. بەڵام ئەم دارستانە شتەکانی گۆڕی، قەدەی قەدی ئەستووری دارەکان دارەکانی ئەو چەمەیان بەرجەستە کردەوە، کە بوونە قەڵغان و زیندەگییان پاراستم. دوای ژیانێک پەیڤەکان پێش هزرم کەوتن و پێیەکانمیان بەرهەڵدای با کرد. دەق وەکو ئەوەی زەوی کێشی خۆی فرێدابێت یاخود پێیەکانم وەک زوبانی ئەو لاڵەیان لێ هاتبێ کە لە پڕێکا کەوتبێتە گۆکردن، لە نێو رۆیشتنەکەمدا جارجار قەڵەمبازەکانم هێند زەبەللاح بوون، بەرزی و نزمی و قۆرتەکانیان بەبێ تەقەللا و زەحمەتکێشان لووش دەدا. ئەوە سەرەتای راکردنم بوو، یان با بڵێم ئەو شەقاوە بە هەڵیانە راستییان بە یەکەمین راکردنم بەخشی، راکردنیش بۆ من لەگەڵ ژیانمدا هاوکێشەیەکی پێک دەهێنا دەربازبوونم لەو هاوکێشەیەدا بەدی دەکرد و چارەنووسی خۆمم پێوە هەڵدەواسی. وەک مارێکی هەڵپەبەر، گاه بە زدی و گاه بە خۆخزینێکی تەواو مەعلانەوە رێگە گژوگیادارەکانی ئەو دەشتاییەی نێو ئاواییەکانم بە ماڵئاوایی دەسپارد و ئەو ئانەیش کە چاوم لە دوورەوە بەو کێوانە هەڵدەهات، سەروبەندی هاتنەئەوێم لە بیردا ئامادە دەبووەوە. خۆشییەکی دڕندە ترسە بوودەڵەکەی ناخمی دەکردەوە، نێچیر و هەلاهەلای دەکرد، دوور لە بریقانەوەی سەرابێکی تۆخ، سەرم هەڵدەبڕی و قیت هەمبەر بایەکە سینەی خۆم وەکو سپەر بۆ پاراستنی خۆشییەکەی دەروونم رادەگرت و تەماشایەکی چاڵشئامێزانەم بەرقەرار دەکرد، وەلێ ئەو رۆژە هاوریتمی رۆژەکانی تر نەبوو، من وەکو نەیارێک وابووم کەوتبێتە نێو هۆزێکەوە و بە ناڵکردنی تامەزرۆ بن. لەوە ترازابوو ئیتر بە قاسیدێک، یان سەردانیکەرێک هاوشێوەبم. بە پارێز و هێمنییەکی قووڵی ئەفسانەییەوە، هاوچەشنی سەرقافڵەچییەک تنۆک تنۆک ئارەقەی ترسەکەمم دەڕشت و شوونی پێیەکانم جێدەهێشت و چەرمی جەرێنراوی رێگە نووتەک و لە تەپوتۆز گەوزاوەکەم بە خێرایی و چنگ لەسەرشانییە دڕندە و بەربەرییەکەی خۆم دادەماڵی و دەمویست ئەو دەیجووە قووت بدات، کە لە هزرمدا ئیمپراتۆریای دامەزرادبوو.

زوو زوو بە دووربینە شەوییەکەم سارای تاریکی ئێوارە درەنگەکەم دەدایە بەر تیڕامانە سامپۆشەکان. زۆر لەمێژبوو منەی ئەو دووربینەم کردبوو، بەخۆشحاڵیی کەسێک کە دەستکەوتێکی گەورە و بێهاوتای دەستەبەرکردبێ بیرم دەکردەوە (ئەمە تاقە دووربینێکە بکەوێتە دەست گەڕۆکەکانی شەوەوە.) ئیتر پڕ دەبووم لە شانازی. ئەوەشم دێتەوە یاد کە چۆن لەگەڵ (لالۆ کۆرانۆ)دا خۆمان خستە نێو کۆمەڵێک گرفت و چەرمەسەریی جیددی و چارەنووسسازەوە. (لالۆ) بە پیکابە

# ئەزموون

جێمسییە شڕەکەی گەیاندبوویە ئاواییەکەی خاڵە (نەزەر) و لە لایدا دایناوو، منیش پاش پەتپەتییە بێکۆتاییەکانی شار کردمە ملم، هەستێکی سەیرم هەبوو، خۆم بە گیڤارایش نەدەگۆڕییەوە، ئیتر بەرەو ئەوێ، بەو ئومێدەی کە سێبەری ترسی شەوەکانم بۆ هەتا هەتایە بە دوای خۆمدا جێهێشتبێ، ڕۆیشتم. ئەوسا شار گۆڕستانی پڕ ترس و ڕاڕایی بوو، لە دواوە چراخانێکی بەرینی دوورەوەکەوتوو بوو، وەک ئەوەی دوای تەقینەوەی بیگ بانگ گەردوونێک بێت و ملیارەها ئەستێرە خاڵخاڵیان کردبێ، ئۆقیانووسێکی کەڵەفیی بێکۆتا دەوری دابوو، لە ژێر ئاسمانێکی قووڵی پرچریسکەیشدا ترووکە ترووکی ڕۆشناییە دوورەکان بۆ ژوانی تاریکییە ئامال شینەکان دەگەڕان، یەکەم کەڕەت بوو ئەو قوڵاییە، ئەو بەرزاییە، بەو هەمووو چاوە جیلوەدارەوە بەقانگدراویی ببینم. بیری ئەو ساڵانە زیندوویان کردمەوە، تا پێم کرا جادەی یادەوەریم گرتە بەر و گەڕامەوە، هەر لەوە سەرکەوتوو نەبووم کە بزانم لە سەرقاڵی و گیروگازی ئەو سەروەختە چەند ساڵ بوو سەرم لە شەوێکی ئاوا کێویلەدا بۆ ئاسمان هەڵنەبڕیبوو، داخ و حەژمەتی ئەوە تووڕەییان ورووژاندم، لەوە دەهری بووم کە بۆچی بیرم ناکەوێتەوە، دەتگۆ دیمەنی ڕازاوەی نیو فیلمی گاتسبیی مەزنە و خۆی لە کەڵکەڵەمەوە ئافەرۆز دەکات و دەکەوێتە نێو چاوەزیت و بە وریایی داگیرساوەکانم. شەو تەنها و تەنها و خەفەکردنی متمانە لاوازەکان تیایدا چەکەرەی دەدا و هەستم بەوە دەکرد، کە گۆڕانێک سەراپایی قەوارەم دەگرێتەوە، هێشتا باوەڕم بەوە نەدەهێنا کە ئەمەندە لەو گۆڕستانە جوانە دوور کەوتبمەوە، بە تەوای باوەڕم نەدەکرد لەو جوگرافیای ترس و مردنە هەڵاتبم، بەڵام وەک بڵێیت تەقەللایەکی بێئەندازە بدەم پتریش لێی دوورکەومەوە، وەکو ئەوەی لە دیوارە تۆکمەکانی زیندانێکی لەشکان نەهاتوو هەڵبێم، دوورکەوتمەوە، لەو ڕەشاییەی، کە سەرباری ئەستێرە و گڵۆپە دوورەکانیش هەموو شتێکی پێچابووەوە، تەنانەت نەخشەی هەموو سروشتیشی شێواندبوو، بەو نیازەشەوە هەموو شتێکم لە پشتەسەری خۆمدا جێدەهێشت، کە لە سەروبەندێکی تر و لە جێگەیەکی تردا خۆم کەشف بکەمەوە و ببمەوە بەو مەخلووقەی کە دەتوانێت ڕۆڵ بە هەستە گرنگ پەیگێڕەکانی بدات و پێ بە پێ گوزەران لە دنیایەکدا بەسەر بەرێت و کە بە دەستی خۆی و ئەوانی تر بنیاتی دەنێت و لە کلیککردنێکی گورجی خەیاڵدا دووبار بە ڕێگای ئەفسووناوی یادەوەریدا گەڕامەوە نێو ڕەشاییە بێوێنەکانی دوای کوژاندنەوەی گڵۆپە مەیلەو لیمۆییەکانی ناو ئەو هەموو دیوارەی گەمارۆیان دەدام. گوێچکەکانم بەو هاتوهاوار و شیقژنە ڕۆح ڕوشێنەرانە قانگدران، کە سایلی قەتارە ڕەچەیان بەرەو ناوەوەم بەست و دەرگایی وەحشەتیان بەبێ هاوتایی لە نێو کاژوواژیی هەستەکانمدا خستە سەرپشت، ترس لە نەبوونی ئایندە دەیانکردم بە پەیکەرێکی مردوو، جاروباریش بیرکردنەوە لەنێو چوارچێوەی خەیاڵڕەهاکەری ئەو خەڵوەتخانەیەی دەرەوەی زەمەن لەزەتێکی حیشەرییانەی لە زارمدا بەرپا دەکرد و چڕنووکی ئارەزووەکانم ناخیان هەڵدەزڕاندم. بیروباوەڕە تۆکمەکەم! بوومەلەرزەی تێدەکەوت و ئەنگێزە زەفەری پێدەکرد، هەموو ئەندێشەم دەبوو بە جەستەیەکی زەلیل و دەرۆزەی

ئەو تێکئالآنەی دەکرد، کە هەستم دەکرد زۆر لەوە خۆشترە لە سەرزەمینەی واقیعدا بێتەدی.
(ئەو)ی دەهێنایەوە یادم کە هەرگیز نەیدەویست خۆم لەم شتانەوە بگلێنم! ئەگەرچیش لەمەدا لەگەڵ ئەو نەدەلوام، وەلێ هەستم دەکرد رۆشنایی جوانییەکەم دەداتێ و نەمدەتوانی دەستبەرداری بم، لەبەر ئەوەش کە لە میانەی ئەوەوە جوانییەکانی خۆم بەدی دەکرد، حەزم دەکرد هەموو شتێکی بۆ بکەم. دەمزانی مرۆ بەبێ خۆشەویسی هەتا هەتایە تەنیایە، بەڵام من تەنانەت لەوێشدا، لە دنیای نێو دیوارەکانیشدا هەستم بە تەنیایی نەدەکرد، ئەویش نەبایە ئەو عەشقەی ئازادی، خەیاڵی سەرشار دەکردم لە باڵەفڕە و لە تەنیایی دوور دەکەوتمەوە.. ئەو ساتانە هەستم بەوە دەکرد کە ئەو پانتاییەکی بێ تانوپۆ لە قەوارەم ڕۆشن دەکاتەوە و هەمیشەش بڕوام بەوە هەبوو، کە حەز و خۆشەویستی سەرچاوەی گۆڕانەکانن، بەڵام پێ بە پێ زادەی غەریزەشن، کە لەوانەیە گۆڕانەکان بە ئاراستەیەکی دەعجاندابەرن.. سەرودڵم لە ژێر بارانی رەشی زستانی ئەو ترسەدا دەخوسا، کە ئاسمانی شاری بەجێ نەدەهێشت و جەستەی شاری کردبووە کوڵخانێکی قەترانی و لەبەردەم وەرزەکانی تردا کۆسپ بوو، ئەو وەرزانەی کە دەبوایە قەرزیان بکەین تا ژیانێکی ئاسایی و نۆرمەڵ بەسەر بەرین. چەردەیەک ترپەی پڕکێش هاوڕیتمی هەنیسکەکانم دەبوون و سینەمیان لەوە سیخناخ دەکرد، پێستەکەی خۆم جێبێڵم و وەک کەروێشکێک بەرەو پەلکەگیاکان ڕابکەم، بەڵام ئەمە چۆن فەراهەم بکەم؟ هەموو چرکەساتێکم بە بیرکردنەوەی ئەوە ئاووس بوو، ئەو شەوە ڕەموزنانە پتر هاریکاریی ئەوەیان پێدەخشیم، کە بە مەخلووقاتە هاوخوێنەکانی خۆمەوە هێندەی تر پابەد و نزیک بم. ئەو گرێدان و شتەکبەندییەم بە توندوتیژی هەست پێنە دەکرد، کە بە خۆڵ و خاکەکەوە سندمکوتی دەکردم، بەڵکو لە میانەی ئەوانەوە بە خەستی درکم بەوە دەکرد، کە ژیانم بریتییە لەو بوونەی بەشداری لە هێنانە دونیای ئەو خەونەدا دەکات، کە لەگەڵ ئەوانی تردا لەسەر سەرینێک دەیبینم.
پاش دەرچوون لە دنیای دیوارەکان و گەڕانەوەم، کە بە پەرجوویەکی سەیر و عاجباتی لێکم دەدایەوە، نامەیەکی شپرزەی پڕ لە هەڵەی کوژاوە و وێنەی گوڵ و پەراوێزە پڕ لە وردە دڵەکانم بە کەفوکولێکی تولآزانەوە نووسی و بە خوشکە دەساڵانە جەربەزەکەمم دا و پێم وت کە بە دزییەکی بێوێنە و هونەرمەندانەوە بیداتەوە دەستی و بەڵێنم دایە، کە پاکەتێک مینۆی ئێرانی بۆ بکڕم، چونکە دەمزانی چەند شەیدای ئەو سێکوچکە قاوەییە بەتام و لەزەتانەیە، ئیتر مینۆ بووە سەرابێک و ئەویش بە کەیف و شادییەکی بێڕادەوە دوای ئەو کەوت و تێیقوچاند. من پاش ڕەهابوونم بە خۆپارێزێکی زیادەڕۆوە رەفتارم لەگەڵ دەوروبەردا دەکرد، چونکە هەستم دەکرد کە رەنگە هەڵسوکەوتم گێچەڵی لێ بکەوێتەوە، بیرکردنەوەش لە بینینی (ئەو) ئەندێشەی دەکردم بە شانەهەنگ و ختووکەی هەنگوینی بەرهەم دەهێنا. ئەو نامەیە شتگەلێکی زۆروزەبەندی لە خۆیدا رازاندبووەوە، لەوانە کە ئێستا بێتەوە یادم، پێڵێنانی ئەوەی دوای دوو ساڵ و سیازدە هەفتەی دابڕانم لە زەمەنی پڕکێش و گرنگیی ئەو، تاسە هەراسانم دەکات، فرە بە

# ئەزموون

تاسەم دیدارێک بکەمە پردی سەر ئەو دەربەندەی لێکمانی دابڕیبوو. نووسیبووم، ئەگەرچی خەو و بێ ئازار بوون بە بارتەقای دنیا قەرزارباری منن، وەلێ ئافەریدەکردنی بوارێک بۆ ئەو ژوانە هێندەی هەناسەکانم بە بایەخن. ئاە و حەسرەتەکانی نهۆم تاسووق بوون بۆ ئەو کەیلیان دەکات، ئیتر لە بۆشایی لاپەڕەکەدا شتی تریشم نووسیبوو، چەندین جاریش بە دوای یەکدا تکام کردبوو.. هەر دەبێ هەردەبێ، ببینم... لەگەڵ ئەوەشدا ئامادەی ئەوە نەبووم دڵی خۆم بخەمە ژێر قەڵەمڕەوی یەکجاری ئەوەوە، چونکە دەمزانی ئەوە ئیتر مانای ئەوەیە کە دەچمە نێو نەفرینێکی لە ڕەوینەوە بەدەر و شتەکانی تر لە ئاوەزم شاربەدەر دەکات. زۆر کەڕەت ئاوا تا بیرم لێدەدایەوە و دەمگوت: ڕەنگە بکەومە نێو ئەو خەرەندەی کە تەڵەی بەربەرییە شەیتانییەکانە، ئاگرێکی ژیانخواردووی وای تێدایە کە ئیتر بۆ هەمیشە لە بیر دەکرێم. لە پەرەگرافێکی بەر لە کۆتایی نامەکەدا وتبووم، ئەو دنیایەی لێرەی دابڕیبووم هەستی ئەوەی پێدەدام، کە وەکو بەردێکی لێ هاتبێ و فڕێ درابێتە نێو مەنگیی گۆمێکی پیس و لێخنەوە، وێڕای ئەوەیش لە کەللەمدا بواری ئەوەم هێشتبووەوە کە هەندێک وردەسا بەرزەفت بکەم و خەڵوەتێکی تری ئەم دنیا بەتاڵە پڕ بکەمەوە.

ئیتر ئەوە هاتەوە یادم کە بەر لە شەپازللەی ئینزیباتە دەموچاو کیناوی و ناشرینەکە، جارێک لە لای قەبرسانەکەی سەرووی ماڵیانەوە پێم وت: تەنها و تەنها بۆ تۆ ژیانی خۆم دەپارێزم، چونکە بوونی تۆ بوونی جوانییەکانی دەروونی منە... بیرم لەو دونیا هەڵاتووە دەکردەوە، کە هەردەم خەیاڵم ئاوەدان دەکات و رابردووم لە لادا ئامادە دەکاتەوە، لەو باوەڕەشدا نەبووم کە ئەو دونیایە لە ڕێگەی خەیاڵ بەولاوە بتوانێت بێتە نێو بانەڕۆژی بێنەخشەی ئەم شوێنە خۆ لە زەبری زەمەن راپسکاندووە، چونکە هەستێکی رمۆکم بە ناڕیالیتییەکەی دەکرد. دەمویست راشکاوی و بێپەردیی شتەکانم بۆ دەربکەوێت، تاکو باوەڕ بە یەکجارەکی جێگرتەیی ئەو شتە بێت کە پێی دەڵێن گومان، ئەو گومانەی شینایییەک بوو ئاسمانی ناخمی بەرهەڵدا نەدەکرد. بۆ من باوەڕ ئەوە بوو، کە هەمیشە ئازادیی خۆم بپارێزم و لێ نەگەڕێم بکەوێتە نێو تەپکەی گومانەوە، گومان لەوانەی کە ڕەنگە هەرگیز بیر لە باوەڕ نەکەنەوە. گەر لە شتێک گوماندار نەبوومایە لێی خورد نەدەبوومەوە، لێخوردبوونەوەیش دیدێکی پڕ دەلالەتی پێدەبەخشیم، ئەگینا دەکەوتمە نێو تاریکییەکەوە بۆ هەمیشە کوێرماڵ کوێرماڵ تیایدا پەل بکوتم. نەمدەتوانی بەڵێن بدەم، پاش ئەوەی بیرۆکەی دیدار لە لایەن (ئەو)ەوە رەتکرایەوە، ئیتر من فەزایەکی بەرفراوانم بۆ بیرکردنەوە دەستەبەر کرد. لە نێو رووبەری ساتەکاندا هەستم کرد (ئەو) چەشنی ئەو گابەردەیە کە ئەگەر بێت و بە خۆمەوە هەڵیبواسم ئەوا سەد دەر سەد لە نێو زەلکاوی مەنگی دیلێتیدا دەمێنمەوە و قەتاوقەت بواری دەربازبوونم بۆ ناڕەخسێ و هەتا هەتایە دەبێ لە ژێر بارانی رەشی ئەم وەرزە نەگۆڕەدا تاریکایی لە خۆمدا کۆبکەمەوە. بەڵێ ئەمە تەواو متمانەی پێ بەخشیم، دەستم بۆ دڵم برد و وەکو ئەوەی یەکێک بە ئەسپایی بە گوێمدا بچرپێنێ و بڵێت: ئا لەوێدا تازە (ئەو) جێگە بۆ خۆی ناکاتەوە، تۆ دەبێ رووبەری ئەو سەعاتە خوێنینە، هەمووی

به ئازادی ببەخشێت ئازادی کە لەوێدایە. (لەوێ) سپێتیی بەفر لەککەی رەشی بارانەکانی ئێرە پاکژ دەکاتەوە، بۆ ئەوەیش کە (ئەو) کاڵبێتەوە و لە دیمەنەکەمدا دیار نەمێنێ، کارێکی وامکرد ئەوێ سەرلەبەری غایەلەم ئابڵووقە بدات و هەموو بۆشاییەکانی قەوارەم تژی بکات، برووسکە لە مەراق و ئومێدە ئاسۆییەکەم بدات و شایلۆغانی تاسە و ئاگری تێدا بکاتەوە.

بەرلەوەی برۆم، بەرلەوەی موگناتیسی ئازادی رامکێشێت، لێ خوردبوونەوەیەکی مشتەخۆرانە تیرامانمی خستبووە بەردەم بێیاراییەکی کوشندەوە، بێیارایی دیارینەکردنی وەڵام بۆ ئەو پرسیارەی کێبەرکێی لە ناخمدا هەڵایساندبوو، ئەو پرسیارەی کە منی تەنها و تەنها لە کۆنتێکستی پیاوەتیدا بەند دەکرد و دەیوت: ئاخۆ ئافرەت رێبوارێکی گوزەرایە لە ژیانمدا، یانێخۆ سەرنشینێکی هەمیشەییە؟ لەبەر ئەوەی نەدەگەیشتمەوە ئێستگەی وەڵام، تامەزرۆی ئالیکاریی یەکێکی دی بووم، وەکو ئەو زارۆڵەیە خۆم دەنواند کە کەوتبێتە نێو دوو یارییەوە، هەتا کاتێ کە گەمە لەگەڵ خۆیشیدا دەکات، هەر ترسی لە دۆڕاندن و شەرمەزارییە، چونکە هەندێ کات هەستم بەوە دەکرد، کە ناخم لە یەک کەس زیاتر داگیری دەکات، بەڵێ، بۆیە وەحشەتم لەوە بوو کە گەمەکە بە خۆم بدۆڕێنم، ئەو یارییە بەخۆم بدۆڕێنم، کە دەمێک بوو دەستی پێکردبوو دەبوایە لە گەمەکەی تر، کە بە گەمەکەی دەرەوە نازەدم کردبوو نەدۆڕێنم، گەر هەستیشم کرد کە خەریکە بدۆڕێم، ئەوا پاشەکشێ بکەم، هەستیشم بەوە دەکرد کە لەگەڵ خۆمدا کەوتوومەتە بۆڕێنێکی دژوار و کێشی ئەوێش هێندە سازش هەڵنەگربوو، بەرەو بردنەوە ئاراستەی کردم.

ئاراستەی راکردنەکەشم هەر لە نواوە یەک ئاقاری هەڵبژارد، دەبوو تا دەتوانم نەهێڵم پاژنەم لە عەرد بدات بۆ ئەوەی هیچ نەبێت بە براوەیی لەم گەمەیە بێمە دەرێ! ئەو رۆحەشم کە خۆم لە قاڵبی کۆمەڵێک بەهام دابوو، ویژدان تەیمانێکی فرە هەستەوەری بۆ فەراهەم کردبوو، زوبانە تایبەتییەکەمی بەملاوبەولادا دەگێڕا، بەو ئاراستەیەدا دەیبرد کە نەخشەی قەناعەتکەری بۆ دابنێم، دەمزانی کە هەموو شتێک کاتی دانسقەی خۆی هەڵدەبژێرێ بۆ ئەوەی ئاوێتەی کۆتایی بێت، تەنها کۆتاییەکەی خودی خۆم نەبێت. کۆتاییەکەم کاتی دەستنیشانکراوی نەبوو، نەمدەزانی کام چرکەسات دەبێتە کۆتایی! گەر لە بەستێن پرسیار و سەنگ و سووژەکانی منداڵی نەوەستابام و بۆ ماناگەلێک بە قووڵاییدا رۆنەچووبامە، دەشیا شانسێکی باشتر بۆ بەرزەفتکردنی بەختەوەری ببێتە یاوەرم، بەڵام گەڕان بە دوای دنیایەکی تردا کەی بوار دەدات؟ لەو چرکەسات و هەنووکەیەمدا چەردەیەک شتی ئاڵۆز و تیژگوزەر بە زەینمدا پێشبڕکێیان کرد، لەوێدا تخووبێک لە میانی من و بیرۆکەی وەدیهێنانی خودی خۆم لە نێو ڕیزی پارتیزانە خۆلەبیرکردووەکانی!! جەنەڕاڵ شەمبەلدا کەوتە خۆسڕینەوە. ئەو ئایدیایەی کە لە هێکرا وەهمێک بوو، دواتر من بە راستییەکی گەورەی درکپێکراوم زانی و تەنها یەک بواری بۆ هێشتمەوە، راکردن کەوتبوومە نێو هەرەمێکی ژیۆمیترییەوە، لە سەرەوە هەتا خواری خوارێ شەقڵکاری و قاڵبی حازربەدەست ئابڵوقەی دابووم، مانەوە رادەی گومانە جیوەییەکانمی زیاد دەکرد، گومانم لە

# ئەزموون

هەموو شتێکی خۆم پەیدا کرد، تەنانەت لە زانیاری و ئەزموونە ڕۆشنبیرییەکەی خۆیشم، کە هەردەم لە پەیڤی غوبارهەڵگری نێو پەرتووکەکاندا سۆراخی ماندوونەناسم بۆ دەکردن و لە نۆرم و مەحەکێکی باشتر دەگەڕام، تا هەقیقەتە زاتییەکەی خۆمی پێ تۆخ بکەمەوە. نەمدەزانی کێ و چۆن و لە کوێوە هەواڵی ئەوەم بەرگوێ کەوت، کە (زایەر حۆرێ)ی شانۆکار ئەو جحێڵە لووتبەرانە رووەمەت بە خاڵەی، کە تەنها مژووڵی تیاتەر بوو، بایەخێکی ئەوتۆشی بە مقۆمقۆی ژێرزەمینیی ڕیزە نهێنییەکانی ڕێکخستن نەدەداو کاری سیاسی شەقامی فەرامۆش دەکرد، پاش دەستگیرکردنی، بێگومان لە دەرەوەی خۆپیشاندانە کتوپڕەکانی پەیمانگەکانی شاردا، لەژێر ئەشکەنجەدا ناوی سەرجەم هاوڕێکانی خۆی داوە، گوایە لە ڕێکخراوە نهێنییەکەدان خێڵ و موختار موختارلیلی و عەبدۆ چەنە و عەلیمگۆ دانی بەوەدا ناوە، کە من بەرپرسی ئەوانم. من کاتێک پێم زانی و کەوتمە خۆ، کەس دیار نەمابوو، ئەوان ڕەوییبوونەوە، بێهوودە چاوەڕوانی هەواڵی ئەوانم کرد و خۆم شاردەوە، لە شاریشدا داڵدەیەکی ئەوتۆم شک نەدەبرد لە بەرچاو نەمهێڵێ. ڕۆیشتم بۆ ئەوێ کە ماوەیەک دواکەوت، ئیتر لە لای هەندێک لەو برادەرانە گۆبەنی بۆم نایەوە و ڕەزاقورسی کردم. تاسێکی قووڵ سەرلەبەری جووڵانەوەکانی ناخمی هەڵپرووکاند، کە (قالۆشە) پێی وتم: ئەوێ جێگەی شۆخی نییە، تۆ مناڵی ناز و نیعمەتی و بیرێکی تر بکەرەوە، بەڵام خاترجەمکردنی ئەوێیش دەبوایە (قالۆنچە ئەفەنی) کە لەگەڵ برادەرانی تردا بە قەشمەری وامان پێ دەوت و ئەویش خۆی لێڵ نەدەکرد، چونکە بە شتێک ناوزەد دەکرا، کە لە خۆی جوانتر بوو، پسووڵەیەکی نوشتەئاسام بۆ پەیدا بکات، کەچی ئەگەر بیرێکی ترم بکردبایەتەوە، ئەوا دووبارە دەگیرامەوە، گیرانەوەی ئەمجارەیشم وەکو هینەکەی پێشوو نەدەبوو، بەڵکو فرە لەوە جیاوازتر دەبوو، لەوەوە ئیدی وەرامدانەوەکانم دەبوون بە حەتمییەتێک و لەوەش بەولاوە دەبوون بە کارفەرمایەکی سەرەکی بۆ وەدەستهێنانی یەقینێک، نەک ئافراندنەوەی پەیدەرپەی پرسیارە پڕگومانەکانم! بوار بۆ تێفکرینی تر تەنها بەرسڤی یەک پرسیار بوو، کە ئەویش هەستەکانم ڕایاندەگەیاند، بەڵێ، من ئیدی هەتا دنیا دنیایە ناپەسەندم. ئیتر درامای پابەستبوون بە ئەروایەکی دیکە، کە گەورەتر بێت لەوەی وجوودی لە نێو فەزای تەسکبینی شارێکی وێڵگەئاسادا هەبێت، دەیخستمە سەر شانۆی مێژوویەکی دیکە، چونکە لە زووەوە درکم بەوە کردبوو، کە ساناترە بێ ڕۆح لەسایەی بوونێکدا هەڵبکەم، کە لە هەموو شتێک دامدەماڵێت و وەکو مەگەزێک پەراوێزەکانم پێ دەرازێنێتەوە، وەک لەوەی کە دژایەتیی بکەم، هەمیشەیش قینی دنیام لە سانایی بوو، لەبەر ئەوە وەکو ڕێگەیەک دژایەتیکردنیم هەڵبژارد، چونکە ڕۆحم ئەبستراکتبوونی ڕەتدەکردەوە و کائینێک بوو بە ئاستەکانی خۆی شارەزا بوو، هەرگیزیش لە کۆت و بەندا سەقامگیر نەدەکرا.

ئەگەرچی ئەوسا بۆ ئانوساتێک بوومە خاوەن گومان دەربارەی داڵدە و بە خۆم وت: خودایە من ڕوو لە کوێ بنێم؟ کەچی پاشتر ڕەنگی قاوەیی زەوییە هەنگاولووشەکان تامێکی سەیریان لە شیعر قەرز کرد و بە شرینیی گومانەکانیان خەفە کرد. نیوەپشوو بووم ساماڵێک کەوتبووە ئاسۆی

هزرمەوە، لە ناکاو نەمهێشت بیرکرنەوەیەکی دیکە سەرقاڵم بکات، تێمتەقاند و توێ توێ ڕێگەکانم پێچایەوە، تێتەقاندن بەرەو سرزەمینی ئەفسانەکانی پاڵەوانێتی نەیهێشت تەنانەت بیر لە ئاوڕدانەوەش بکەمەوە، هەستم بە زیندوێتییەکی سەمەرە کرد، نەک لەبەر ئەوەی بە جەستە دەبزام و مەزارێک بووم لەبری پەڕۆی سەوز فیشەک لغ و مەخزەنە یەدەکەکانم پیادا هەڵواسرابوو، بەڵکو تەواو لە سۆنگەی شتێکی دیکەوە بوو، درکم بە بەرجەستەیی ڕۆحی خۆم دەکرد، کەوتبوومە باڵەفرەیەکی ناوازە و ئاسایی نەدەکەوتمە بەر دیدە، ئەوەی دەیبینم ئەو گۆڕانکارییەمی دەقەرساند، ئەوانە چاک لێم حاڵی دەبوون کە شایەدحاڵی گیانەڵایەک بووبوون، هەر ئەوانەیش سەفەرێکی بێبڕانەوەیان لە بیچمدا دەخوێندەوە، دواجار ئەو ڕێچکە تایبەتی نەبوو کە من گرتبوومە بەر، وەکو ئەوەی پاساوی هەڵەیەک یاخود گوناهێک بدەمەوە، وتم من خۆم گەڵاکانی درەختی تەمەنم شاباشی ئەم وەرزە کردووە، بۆ ئەوەی ئەوان ئامادەیی ئەوەیان هەبێت بۆ لە دەرگەدانەکان خۆیان بچن بەبێ ترس و لەرز بیکەنەوە و چیدی سڵکردنەوە ناخیان دانەکرۆژێت و چیدی لە شەوە ناحەزەکاندا بیر لە خۆشاردنەوە نەکەنەوە. تەنانەت ئەوەشم لە لادا ڕوونبوو، کە ڕۆحی لاسارم چیدی بە خۆم تایبەت نەبوو، بەڵکو بەو ئیبلیسە تایبەت بوو کە بەڵێن وابوو وەک باڵندە بە ئاسمانەکاندا ڕەهام بکات. لەو چرکەساتەدا بەرەو دەڤەرێکی تر دەپەڕینەوە، هەموو بڕیاری ئەوەمان دابوو کە گشت جووقە و نووقەیەک لاڵ بکەین، نەدەبوا لایتەکان لە ئامێزی دەستەکاندا بمێننەوە، سەراپا لە گیرفانی شەرواڵەکاندا بە دیلانێ کەوتبوون، من لە پێش (خێلۆ)وە جەستەی ناسکی شەوە تاریکەکەم دەڕووشاند، نادیارێک، ئا نادیارێک بە سیما نەیارەکەیەوە لەو تابوورەدا کێشی دەکردین، بۆ ئەوەی بچینە نێو جەنجاڵی بارێکەوە، کە ڕەنگە خەونیشمان پێوە نەدیتبێ. (خێلۆ) کە بەر لە من خۆی بەوێ گەیاندبوو مەفرەزەیەکی خرابووە ژێر ڕکێفەوە، لە پشتەوە ڕێگەی وەبەرگرتبوو. دەمێک بوو سەرپێچی و دەمارگیری داچۆڕابوونە نێو ڕەفتار و خوویەوە، هەرچی شتێک کە لە مشتومڕدا دەمهێنایە گۆڕێ، بەبێ حاڵیبوون و درکپێکردنی دەیخستە نێو چەرچووبە گەلۆرەکانی ڕەتکردنەوە.. ئەو دەمەو عەسرەی لە مزگەوتە بێڕەنگ و رووەکەی (گورگەتەپە)دا خەریکی خوێندنەوەی بەیۆگرافیای شۆڕشگێڕێک بووم، یادەوەریم لەسەر شاشەی ئێستادا ئامادەیی پێ بەخشی، کە هاتە ژوورەوە گەرمای هاوین قرچەی لە دۆزەخیش هەڵدەستاند، پاش هەندێک قالوقیل، کە پێم وت: تۆ پەردە بەسەر تێگەشتنیدا دراوە، چاوێک بە خۆتدا بخشێنەرەوە. ئەو بە ئەفسووسێکەوە وتی: (دەبوایە نمەک لە ئارادا نەبێت) منداڵییەکیش لە بەینماندا نەبوایە، کە هێشتا قوتابی بووین دەهاتمە لاتان، دایکت چی بۆ تۆ دەکرد بۆ منیشی دەکرد، چی بکەم ئەگینا.. تووڕەیی ئاخاوتنەکەی لەتوپەت کرد ووشەکانی بوونەوە بە پیت و لە قینی ئەو قسانەی کە دەسەڵاتی بەسەر تەواوکردنیاندا نەدەشکا، کلاشینکۆفەکەی هێنایە سەر پێ و لەگەڵ ئەوەی کە دەیوست تەقە بکات، دیمەنەکەیش پتر بە ئاکشنی کاراکتەری فیلمێکی کاوبۆی هاوشێوە بوو، پاشگەزبووەوە و ئیتر نەڕەیەکی هیستریانەی

وەحشەتناکی بە سەروچاوی ئاسماندا کرد، ئیدی من لەوە حاڵی بووم کە ئاماژە بۆچی دەکات. هەڵبەتە سەرباریش سڵکردنەوە لە دڵمدا بوونێکی راستەقینەی بە خۆوە نەگرتبوو. بوێرییەکی گەمژانە دەستەویەخەم بووەوە و لەسەر درکاندنی ئەو ئایدیایانە پێفشاریم دەکرد کە لە زۆر شوێنی تردا بووبووە چەرمەسەری بۆ بوونم، نەمدەزانی کە گەنجێتییە زیاتر تەحەدای جێگەیەک دەکات، کە یاسا تیایدا بە لاستیکێک لە قەڵەم دەدرێت و هیچ کاتێکیش ناکرێتە بەنەخوێنی ژیان، هەمیشە دەکرێتە قەمتەری و... فتیلەی ئەو هەستەوەرییە بەوە پتر کڵپەی سەند کە من باسی بۆرژوام کرد و بەوەش زیاد لە پێویست شێتگیری و پەشێویی لێ نیشت، کە وتم (من لانی کەم بە بیرکردنەوە و تێفکرین چارەکە سەدەیەک پێش ئەو دۆگمایە کەوتووم کە ئێوە بانگەشەی بۆ دەکەن.) ئەم لە هەورازەوە سەیرکردنەی من بووە هۆی قووڵترکردنی تەنگژەکەی نێوانمان، وامدەزانی وتوێژ لە جاری جارانیش پتر لێکمان نزیک دەخاتەوە، متمانەیەکی بەتین و پتەوتر لە میانماندا بەرقەرار دەکات، بەڵام قەتاوقەت هێندە هەڵە نەبوومە! ئیتر دوای ئەو پێکدا هەڵبژانە دیدەنییەکیش منی دەخستە حاڵەتی هۆش و کوڵێکی نەگەتیڤی ئەوتۆوە، کە کوڵەکوڵی نابودەباریی لێوە هەڵدەچوو. لەو ساتەوەختە رمۆک و خۆبەلەسەکردووەدا سەرم سوڕما کە داخۆ لەبەرچی دەروونم بە پێچەوانەی هەردەم هەوشارێکی درندەی چاڵشی لێوە هەڵقوولاو بەچاو قایمییەوە کەوتمە بەرپەرچدانەوە و دژایەتیکردنی. ئەو هێجگار لەوە دەهری بوو کە لە پاکۆی ئەوەی پێی وتم: (وا چاکە ئێرە بەجێ بێڵێ.) منیش پێم وت (جا پێت چاکە بگەڕێمەوە شار یاخود سنوورەکان ببەزێنم و خۆم نەفی بکەم؟) هەستی کرد کە من بە لاقرتێوە وام گوت، لەنێو بێدەنگییەکی درێژخایەندا پیشی خواردبووەوە منیش کردم بە هەل و لە دێژەدان بە قسەکان وتم (ئەم خەتەی جەنەراڵ شەمبەل هێشتا نەکەوتووەتە هەڵسەنگاندنی بارودۆخە جیاجیاکانی ئەوسا و ئێستا. تا ئێستا هەوڵ بۆ وەرچەرخان بەدی ناکرێت. کەس پێ لەسەر بیرۆکەی بەخۆداچوونەوە داناگرێت و رەوتیش هەمیشە پێداویستی بە گیانێکی تازەیە، چونکە قەت بە فیکری رابردوو لە ئایندەدا ئامادەگی مسۆگەر نابێت، هەڵبەتە ئامادەگییەکی ئاکتیڤ و پێداویست. هەموو تاکێکیش مافی ئەوەی هەیە بەشداری لە بنیادنانی دنیایەکی تازەدا بکات، ئەم رەوتە دەبێ موڵکی کەس نەبێ و موڵکی هەموویش بێت، بەرپرسیارێتیی ئێمەشە چاودێری بکەیت تا ئەمە بێتە دی، باڵانسی شتەکان تەنها بە کوشتنی بەرامبەر نایەتە دی، بەڵکو پێبەپێ پێویستمان بە بەرزکردنەوەی ئاستەکانی سیاسەتیش هەیە، ئەگەرنا ئەم رەوتە تەنها و تەنها چەردەیەک دۆن و مافیا و بازرگانی جەنگمان بۆ دەخولقێنێ و هیچی تر..) هێوریی هێشتا زاڵ بوو، بەڵام ئەم قسانە کە هاتنە نیو دیمەنە دزێوەکەی نێوانمان، هێندەی تر شێواندیان، ئەو وەکو نەریتی سەرومڕی دەبوو بەبێ تێهرین و بەرنامە، شتێک لە پێناوی بەردەوامیی وتووێژدا دەربڕێت: (کەواتە ئەم بزووتنەوەیە چی لێ دەکەوێتەوە؟) ئەم پرسیارە دەلیلی ئەوە بوو حیرس و تووڕەیی نەیان هێشتووە بە باشی گوێی لە قسەکانم بێت، بۆیە زۆر لە بیرکردنەوە رۆنەچووم، وەک بڵێیت زەینم خۆی بۆ وەڵامدانەوەی ئەم

پرسیارە تەقلیدییە ئامادەکردبێت، دەستەبەجێ وتم: (تاقمێک دز و جەردە و ڕێگر بەرهەم دەهێنێت. بێگومان ئەگەر هەست بە پەیگیریی نوێبوونەوە نەکرێت، مانای وایە بە میکانیزمەکانی دوێنێ لە ڕۆژگارەکانی داهاتوویدا دەژین کە ئەمەیش جگە لە داماوی و کوێرەوەری زیاتر شتێکی ترمان ناکات بە شوونهەڵگر..) بێدەنگییە هەستپێنەکراوە خۆسەپاندووەکە خۆی دایە دەست خرمەی ئەو میلهێنانەوەیەی کە گوێچکەکانیان قانگ دام، (خێلۆ) خواخوای ئەو چرکەساتە بوو، بە دڵ و گیانیش دەیکڕی بۆ ئەوەی چەند قۆناغە تفەنگێک بە سەروپۆتەڵاک و شانوشەپیلکمدا بکێشێت، بەڵام (ئاهورا)ی گیتارژەن، کە هەمیشە بیر و ئاوەزی بە موزیک تژی بوو، هەر بە کاراکتەرێکی موزیکیش دەچوو، بە میهرەبانییەوە کەوتە نێوەندچێتی، وەکو مامۆستا (سەعید) هاتە بەرچاوم، کە لە قوتابخانەی سەرەتایی هەمیشە داکۆکی لێ دەکردم، چونکە قوتابییەکی کۆششکەر و بێ کێشە بووم و هەرگیز سەرچڵی و لاساریم نەدەکرد. دەریاچەی حەپەسانەکەم بە هیچ کلۆجێک شلوێ نەدەکرا. (ئاهورا) لایتەکەی لەناو بەرکم دەرهێنا و کوژاندییەوە. ئەو بە شێتگیرییەوە وتی: (مامۆستا ئەو لایتە ئیشارەت بوو تۆ چۆن بەو دڵنیاییەوە لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوتەدا مامەڵە دەکەیت؟) لەگەڵ ئەوەیشدا کە نۆتەکان لە هزر و یادیدا دەزرینگانەوە، کەچی بڕوای بەوە نەبوو کە ئەمە دەستئەنقەست بێت. ئەو ڕێکەوتە دووچاری قەهرێکی بێسنووری کردم، هەستم بە وشکهەڵگەڕانێکی بیابانییانە کرد، لەو ئانوساتە دانسقەیەدا درکم بەوە ڕووناکبووەوە کە ئیتر چارەنووسی نێو ئەو قوناغەی یاخیبوون و پابەندبوونم دیاریکرا و جێڵەق بووم، هەستێکی تاریک و تاڵ دەوروبەری مەحکووم کرد، ئیدی بە تەواوەتی لەوە ئەرخەیان بووم کە قینەکەی دەوروبەرم گومان هەڵنەگرە، قینێکی توندوتیژتر لە تاڤگە بەرامبەر بە زاتم هاتە دی، دڵم کەفی چەری. بە ورتەورتێکەوە کە زۆر بە ئەسپایی دەبیسترا وتم (ڕقم لە ڕێکەوتە، ڕقم لە بێدەنگبوونە.. نەفرەتێکی بێدواییە). لەم هەلومەرجەدا هەموو شتێک هەتا هەناسەکانیشم پچڕ پچڕ بوون، ویستم زۆر شت لەگەڵ خۆمدا یەکالا بکەمەوە، بەڵام سڵێکی نووتەک دایگرتمەوە، رایەڵی مۆنۆلۆگەکەم قرتاند، نەبادە کاریگەرییەکی نەگەتیڤ بە دەموچاومەوە دیار بێت. دیسان کەوتمەوە بەردەستی جەللادی بێدەنگییەکی کوشندە، وەکو ئەو مردنە وابوو کە هەتا دۆزەخێک پەلکێشی دەکردم.

وێنەدەچوو نەخشە و بیرکردنەوە لەو ڕاکردنەی سەرەتام کۆتایی هاتبێ، بەڵکو سەرومرپیم لە بەردەمی خۆمدا بەدی دەکرد، بەرسڤێکی تینوێتیشکێنی بۆ بارودۆخە مۆمیابووەکەم دەهێنا. باوەڕم وا نەبوو کە پرسیارە کۆنەکانم لەو نەخشەیەدا جێگە بۆ خۆیان بکەنەوە. ئەو دنیایەیش کە سەرەنجامی سەرکەوتنی ڕاپەرین و سەرکێشییە خەیاڵییەکانی من بوو، لە نێو خەونەکانیشمدا شەقڵیان گرتبوو، ئیتر شتێکی ئەوتۆیان نەدەگریاند و تیایدا غەوارەیەکی شکڵگران بووم، غەوارەیەک کە هەرگیز تیایدا بە ڕەهایی شاد نابێت.

پێکدادان لەناو هەوساربزرکردنێکی تراژیدیانەدا بێدەنگی کوشتبوو. هیچ لایەک باڵادەستیی بە لای خۆیدا نەدەبرد. کە (ئەرزۆ) نزیک کەوتەوە و لەنێو گرمەژن و شەقژنی تەقەدا مۆزەڵڵییە ئیستیلە

# ئەزموون

بریقەدارەکەی لە تەنیشت خۆیدا دانا و بەوانەی دەوروپشتی وت: (جەنەرال شەمبەل وۆکی تۆکی کرد و وتی دیلم بۆ مەهێنن!) (ئەم گوزەرایەیش پێم وایە راڤەی ناوێت..) من کە لەولاوە گوێچکەم بەم شتانە ئەتککرا و بەهاکانیشم گڵاوبوون، خاوەنی بیروڕایەکی دیکە بووم، بیرم کردەوە چۆن شتێک بڵێم هەڵگری راستی بێت؟ من لەم ساتەدا هەستم دەکرد ئەوی ترم، ئیدی چۆن دەبوو دوو ڕاستیبێژ لێرەدا هەبێت؟ بەتایبەتیش لایەکیان خاوەنی دۆگما بێت!! ئەمە بەرعەکسی بیرکردنەوەکانم بوو، لەگەڵ ئاکار و مۆراڵمدا هاودژیی بەرقەرار دەکرد، نەمتوانی سازش لەگەڵ خۆمدا بکەم و تێهەڵنەقورتێم.. نزیکبوومەوە و بە ڕاشکاوی بە جەنابی (ئەرزۆ)م وت (ئەم رەفتارانە تەنگژەکان قووڵتر دەکات، چارەسەریان مەحاڵ دەبێت و.. لە پرسە سەرەکییەکەش دوورمان دەخاتەوە، جەناب من ناتوانم بەمەی دەستم دژایەتی خۆم بکەم..) وەک جاران تەماشای یەکتریامان کرد، راستەوخۆ ئەو قووڵییەی ئەوسا لە نیگاکانی نەدەبینران، زانیم کە دیوارەکانی دوژمن بۆ هەتا هەتایە شتێکیان لەو داماڵیوە، بۆیە بە لای چارەسەرکردندا نەدەچوو، تەنها شوناسی خۆی لەوەدا دەبینی، کە هەبێت، بەو شێوەیە هەبێت. من ئیتر خامۆشیم هەڵبژارد حەماستەم نەما، لە بێدەنگییە زاتییە ساتەوەختەکەی خۆمدا بە پەلە بیرم لە ماوەی پاش تەواوبوونی ئەم پێکدادانەی براکان کردەوە، ئینجا گەڕامەوە نێو دنیای ئاوەز، پلانی ئەوە سەرقاڵی کردم چۆن هەتا ئەوانە مژووڵی شەڕن، مشووری خۆدزینەوە بخۆم، وەلێ دوای ئەو هەموو شتانەی کە ڕوویان دا و دوای (زماندرێژی) یانەی کە کردبووم، شتێکی ئەوتۆ نەبوو بە سانایی مەیسەر بێت، دەبوایە بەر لە هەموو شتێ چاودێریی خۆم بکەم و ئاگام لەوانە بێت کە لە تەنیشتمدا تەقەیان دەکرد، یاخود ئەوانەی لە دواوەم بوون نەوەک.. ساتەوەختێک لە فاکتەرە ئێتێکی پرەنسیپەکانی تێفکریم بەخۆم نا.. هەندێجار راکردن ئازایەتییە. هەستم و ورەم بەمە زیندووبووەوە، من خودانی لۆجیکێکی لەو جۆرە نەبووم، کاتێک ئەویدی بکوژم کە دەستەکانی کردبێتە ئاڵا و فانیلە سپییە دڕاوەکەشی کردبێتە بەیداخ بۆ ئەوەی ئاماژەی ئەوەم بداتێ، کە ئیشتیای سڕینەوەی منی نییە. ئاگاییەکی وایشم نەبوو ئەو ڕێگەیە بۆ خۆم خۆش بکەم و خۆم خۆش بکەم، لەو بەهایانە داماڵم ،کە وەکو ئینسانێک بەرجەستەم دەکەن و پەیجۆری لێدەکەن هەڵسوکەوتی ئینسانە گەورەکان بکەم. ئەو ساتەیش کە بیرم لە رۆیشتنم کردەوە، بە هێمنییەکی ئێوارانەی ئەفسووناوی گوێم شلکردبوو، دەنگی زیقن و گمەگماوی (ئەرزۆ) کە بە کزییەکی تیشکئاسا بەر بیستنم کەوت، موچوڕکێکی نامۆ سەرتاپای شەڵەقاندم، بە (خێڵۆ)ی گوت: (دوای تەواوبوونی ئەم شایلۆغانە هەوڵ دەدەین بیگرین، بەوە دەچێ جەماعەتی... ئەگەر رایکرد تەقەی لێبکە، بەڵام نەخەڵەتابی بیپێکیت، گرمەژنەکە بە ئاسماندا بنێرە، بیرت نەچێ وەکو براکەی (نەبی) گرتنی بە تامترە لە کوشتنی، ئەو ساتە پڕ لە زەت و فریودەرانە بێنە بەرچاوت، کە لە میزی خۆیدا نوقمی دەکەین و ئەو ئیرادە ناشرینەی دەشکێنن کە لە زمانە درێژەکەیدا پەنگی خواردووەتەوە..) تەماشاکردنەکانیان هەموو دەسیسەکەی بە دەستەوە دا. (ئاهورا)یش لێرە نەمابوو تاکو

داکۆکیم لێبکات. ماوەیەکی زۆری نەخایاند (خێلۆ) هاتە نزیکمەوە، گەرچی شەڕ هێشتا لە گەرمەیدا بوو، کەچی یەک دوو جار لوولەی تفەنگەکەی هێنایە سەر لاجانگم، خۆم راپسکاند و بە تووڕەیی لوولەکەم دوورخستەوە، ڕیشخەندێکی دڕندانە لەسەر رووخساری پەیدا بوو، تا ئەو دەمە لە ژیاندا هەمیشە کە تەحەدام کردبێ ترسم زیندەبەچاڵ کردووە، یارا بووەتە دەسکەلام، چاوەکانم دنیابینییەکی بێوێنە ژاوەی کردوون. چوومە پێشەوە لەژێر رەحمەتی فیشەکەکاندا خۆم گەیاندە ئەو خانووە دوورانەی خوارەوەی گوند و دیوارەودیوار بە خۆپارێزییەوە شۆڕبوومەوە و بەرهەڵدابوومە نێو بەینی درەختە چڕەکانی چەمەکەی خوارووی ئاوایی.. بەو کشانەوە خێراو تێقووچانە ژیانێکی ترم بۆ خۆم دارشت. هێدی هێدی وەڕە و حەپەی سەگ لە هەموو ئاراستەیەکەوە ڕژایە نێو ئەو فەزا تاریکەی کە بێهوودە دەمویست لە دواوە بەجێی بێڵم، بەڵام شان بە شانم کەوتبووە خشکەکردن و لە پاژنەکانم نەدەبووەوە بێ ئومێدییەکەم قۆزاخە نادیارەکەی خۆی هەڵزڕاند و فرسەتێکی تازەم بۆ ژیان قۆزتەوە. نەمدەویست بەمزوانە دنیا بەجێ بێڵم و لە ژیان دابڕێم. قەدە تۆکمەکان لەگەڵ شەوە زەنگەکەدا بەیەکاچووبوون و شانسێکی بێوێنەیان بە قەدەرم بەخشی تا سەرەتایەکی ترم پێ ڕەوا ببینێت. جار جار لە ئاوڕەکانمدا دەمبینی چاویان بە باڵای دەربازبوونمدا هەڵدەگێرا. (خێلۆ) لوولەکەی بە ئاراستەی مندا بادایەوە و کەچی ئیدی دارەکان ڕزگاریان کردبووم، تەنانەت لە مەداری گوللە شێتۆکەکانیش ئاودیویان کردبووم، ئەگەرچی حەزم دەکرد بتاسێن، بەڵام هێشتایش موخابن گوێیەکانم بە ناچاری بەو دەنگە نەیار و دڵڕەقانە دەئاخنران، ئیتر لە نیگاکانمدا گومڕایی خۆی مەڵاس نەدەدا، چونکە لە مەرگێکی ڕاستەقینە بەلەسە بووبووم. بە جیددی لە دوورکەوتنەوە و بەجێ هێشتنی ئەو جەنگە رەشە پڕ زایەڵەیە تێفکریم، لە چەند ترووکەیەکدا ئاسمان قولاپی خۆی لە چاوەکانم گیرکرد، سەرم لە ئەندازە بەدەر سووڕما، تاقە ئەستێرەیەکیش میوانی ئەو فراوانییە بێهاوتایە نەبوو. ئەو ئێستە چرکەییەی لە پاڵ دارەکەدا گرتم، سورتری کردم لەسەر بڕیارەکەم و دەنگدانەوە تێقژاوەکان کەوتنە باکگراوندی ژیانەکەی پێشووم. گوێم چالاکییەکی سەیری بە خۆوە دیت، دەنگێکی ڕمۆک خۆی ئاخنییە ناوییەوە، یەکەم جار بوو لە ژیانمدا ئەو هووهووە ببیستم، سەرباری ئەوەیش دەرئان زانیم دەنگی کونەپەپووە. هێند لە ڕۆیشتن بەردەوامبووم، تەنها بەدامرکانەوەی دەنگەکان دوورکەوتنەوەی خۆم مەزەندە کرد. لەنێو ئەو تاریکاییەی کە گەمارۆی هەموو شتێکی دابوو تینی چاوەکانم کزبووبوون، بەڵام دووربینە شەوییەکە هەر لە گەڵمدا بوو، سەرباریش ئەمەندە بە پەلکوتان و کوێرماڵییەوە دوورکەتمەوە، کاتێک بە خۆمم زانی کەوتوومەتە نابەینی دونیا و تاریکاییەکی چڕی سۆمایی ڕشێنیش لە زێوارمدا قەتیس ماوە.

**ئەیلوولی ٢٠٠٦ لەندەن**



# مناڕەی داهێنان

## (خوێندنەوەیەك بۆ چیرۆکی (مناڕەی ئاوەدانی)ی (کاروان عومەر کاکەسوور



**بڵند باجەلان**

**ئەدەب فاکتەری ئاشکراکردنی لایەنە شاراوەکانی مرۆڤە.... میلان کۆندێرا**

**ئەدەب واتە ئاشکراکردنی دنیا و مرۆڤ.... سارتەر**

چەمکی دەق و دۆزینەوەی پێناسەیەکی گشتی بۆ دەق بەر لە نووسینی دەق، پێویستی نییە و دەکرێ بەبێ ئەوەی لە خۆمانمان پرسیبێ دەق چییە، قسە لە بارەی دەقەوە بکەین و چەندین دەق لە ئاست و بواری جیاجیادا بنووسین. کردەی نووسین خۆی گوزارشتکردنە لە مانا و پێناسەی دەق.

# چیرۆکنووس بەبێ بوونی خوێنەری جدییش دەتوانێ زۆر جار داهێنان بکا

(پۆل ریکۆر) پێی وایە دەق گوتارێکە لە ڕێگەی نووسینەوە نەبێت، ناچەسپێت. لەو ڕوانگەیەوە قسە لە بارەی چیرۆکێکەوە دەکەم، کە (منارەی ئاوەدانی)یە، بەبێ ئەوەی پێناسەی چیرۆکم کردبێت. ئیشی چیرۆک کردنەوەی نیشتیمانێک نییە بە ڕووی دنیادا. ڕۆشنبیران لە یابان هاوڕان لەسەر ئەوەی بنەماڵەی (میچی) فاکتەری کرانەوەی یابان بوون بە ڕووی شارستانییەت و ڕۆشنبیریی ڕۆژئاوادا، نەک هونەر و چیرۆک و نووسین بە گشتی. (منارەی ئاوەدانی) بە وێستگە و ئایدیا و میتۆدێکی دیاریکراوەوە نابەستمەوە، هاوکات دژی ئەو ترادسیۆنە دۆگمایانەم کە ئەدەب پۆلێن دەکەن. میتۆدەکان لە ڕێگەی ئەو مەعریفەیەی هەڵیانگرتووە، لەسەر گرفت و کەلێنی میتۆدی بەر لە خۆیان ئیش دەکەن. میتۆدخوازی خانەبەندکرنی ئەدەبە، ئەمەش زوڵم کردنە لە دەق. بەرهەمەکانی (ساموێل بێکت) دەدرانە پاڵ مۆدێرنیزم و پۆست مۆدێرنیزم، بەڵام مۆدێرنیزم و پۆستەکەی تێپەڕین، کەچی هێشتا دەقەکانی ئەو نووسەرە خوێنەری خۆیانیان هەیە و تێنەپەڕیون. (دۆستۆیڤسکی) دەقەکانی بە نەیاری ڕیالیزمی سوریالیزم دادەنران و (لینین) لە بیستەکاندا گوتبووی ڕقی لە خاوەنی ڕۆمانی (برایانی کارامازۆف)ە. (لینین) کۆتایی هات و (ستالین)یش بە دوایدا، بەڵام دەقەکانی (دۆستۆیڤسکی) ئێستاش دەخوێندرێنەوە و لای هەندێک بە سیمبوڵ و سوپەر ناودەبرێن.

بەشێک لە کلاسیکیاتی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر ئەو کاتە خۆی مانیفێست دەکا کە ئیش لەسەر سۆز دەکرێ. نزیکبوونەوە لە سۆز بە مانای دوورکەوتنەوەیە لە شوناس (مەبەست لە سۆزێکی نائەقڵانییە، چونکە زۆربەی سۆزەکان لە بۆشاییدا دروست نابن و بە فکرەوە دەبەسترێنەوە). شتە چەسپاوەکانیش سوود لە سۆز وەردەگرن. مەرج نییە قوڵبوونەوە لە هەموو بابەتە هزرییەکان و گەڕانەوە بۆ لقە ئاڵۆزەکانی فەلسەفە و گەڕان بە دوای یاساکان بەبێ ڕەچاوکردنی پرەنسیپی یاسایی بۆ قسەکردن لەبارەی چیرۆکەوە بە تایبەتی ئەو چیرۆکانەی (کاروان کاکەسوور) دەیاننووسێ، پێویست بن، (لێرانەدا باسی یاسا دەکەم و باسی فکر ناکەم، چونکە یاساکان بەرهەمی سۆز و فکرن و سۆزیش وەکو بەشێکی دانەبڕاو لە فکر باسی کراوە).

چیرۆکنووس بەبێ بوونی خوێنەری جدییش دەتوانێ زۆر جار داهێنان بکا. دژی ئەو بۆچوونەی (عەبدولموتەلیب عەبدوڵڵا)م، کە پێی وایە داهێنان ئەو کاتە دەردەکەوێ، کە ئامادەگیی هۆشیارانەی خوێنەر و بیرکردنەوە و چێژی خوێندنەوە بوونیان هەبێت و داهێنان بێ بەشداریی خوێنەر لەنگە. (عەبدولموتەلیب) ئاستی داهێنانی بەستووەتەوە بە ڕێژەی خوێنەرەوە. ئەو بۆچوونە خەساندنی داهێنانە وەکو چەمکێک و سەندنەوەی ئازادییشە لێی وەکو کردەیەک. داهێنان پێویستی بە ئامۆژگاری و سنوور نییە. ئەمە بەتاڵکردنەوەی وزەی داهێنانی پێ دەڵێن.

چیرۆک وەکو ژانرێکی ئەدەبی، زۆر جار لقی زانستی و فکری و کەڵکەڵەی هزری مۆدێرنی لێ دەبێتەوە. بۆ لێدوان لە بارەی چیرۆکگەلێکی لەو شێوەیەوە، ئەوەندەی پێویستیمان بە دۆزینەوەی توخمە چیرۆکییەکان و لێکۆڵینەوە و خوێندنەوە و ڕاڤەکردنی دەقە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکان

بەشێک لە کلاسیکیاتی چیرۆکنووس و ڕەخنەگر ئەو کاتە خۆی مانیفێست دەکا کە ئیش لەسەر سۆز دەکرێ. نزیکبوونەوە لە سۆز بە مانای دوورکەوتنەوەیە لە شوناس (مەبەست لە سۆزێکی نائەقڵانییە، چونکە زۆربەی سۆزەکان لە بۆشاییدا دروست نابن و بە فکرەوە دەبەسترێنەوە)

هەیە، دوو ئەوەندە پێویستیمان بە گەڕانەوە هەیە بۆ ڕووتێکردنی زەینی و سەرچاوە فەلسەفی و ئایدۆلۆژی و کۆمەڵناسی و زانستییەکان بە گشتی. بە خوێندنەوەی هەندێک چیرۆک، دەگەڕێینەوە بۆ گەردوون و نهێنییە گەردوونییەکان، ئەمە بۆ ئەو چیرۆکانەی گرنگی بە ڕووداوە بینراوەکان دەدەن و کەمتر ئیش لەسەر ئەفسانە و خەیاڵ دەکەن، ئەو چیرۆکانە سەردێڕی نزیک لە زەینیان هەیە. ئەو چیرۆکانەشی لە دەرەوەی گەردوونەوە سەرچاوە دەگرن و وەکو چیرۆکی ناواقیعی پێناس دەکرێن و جێگیرمان دەکەن لە ناو ئەو فەزایەی چیرۆکەکەی تێدا دەخوێنرێتەوە. جێگیرکردنەکە زادەی گەڕان و ئاشکراکردنێکی بەردەوام بووە لە سەرەتادا، فێرە جۆرێک لە هۆگریمان دەکەن بە بابەتە سەیر و نامۆکان و تەسکردنەوەی بازنەکانی واقیع، بۆ ئەوەی لەو ڕێگەیەوە بەرەو کامڵبوونی ئەدەبیاتمان ببەن. چیرۆکنووسەکەش هەوڵ دەدا وەکو بۆهیمی یان پێشەنگ دەربکەوێ. (ڕۆبەرت مۆزیل)ی چیرۆکنووس لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێ:
ددان بەوەدا دەنێم کە ئەوەی دیرۆکی نییە، من لە بەردەمی ڕووداوە واقیعییەکاندا نیم، دەتوانین لە برِی ئەوان ڕووداوی تر بگێڕینەوە.
نووسیومە (مارکیز)ی ڕۆماننووس لە ڕۆمانی (خەزانی بەتریارک)دا پەنای بۆ سەرچاوەی شێوەکاری بردووە. مارکیز لە تەمەنی ٩ ساڵیدا گەشتێک بە نێو ڕووباری (مەکدۆنیا)دا دەکات و لە ڕۆمانی (خۆشەویستی لە سەردەمی کۆلێرا)دا دووبارە بۆ ئەو گەشتە و دیمەنەکانی ئەو ڕووبارە دەگەڕێتەوە. (مارکیز) پێی وابوو شێوەکارەکان وێنەی ڕووباری (مەکدۆنیا)یان جوان کێشاوە. (کاروان)یش لەو چیرۆکەدا دیمەنە جوانەکانی ئەورووپا بە لاوە دەنێت و بۆ وێنەیەک دەگەڕێتەوە ڕۆژهەڵات، کە وێنەی منارەی چۆلییە. سەرەتای چیرۆکەکە ئاوایە:
(لە کاتێکدا دەستت لەناو قوڕەکەدایە و دەتەوێت ئەسپێک بۆ (ئالان)ی خوشکەزات دروست بکەیت، خۆشت نازانی بۆ بیر لەوە دەکەیتەوە، کە تۆ ئەوەتا وا تەمەنت لە چل تێدەپەڕێت و هێشتا منارەی چۆلیت لە نزیکەوە نەبینیوە).
چیرۆکی (منارەی ئاوەدانی)ی (کاروان کاکەسوور) ڕاڤەیەکی دیکەی جیاوازیی داهێنانە و بە پشتبەستن بە زمانی ئۆرگیناڵ. لە ڕێگەی چیرۆکەکەوە جیاوازی لە نێوان چیرۆکی مەعریفی و ئیبداعی و چیرۆکی پەڕپووتدا دەبینین. دەقەکە ورد نووسراوە و ڕەچاوی وردبینیی مەعریفی کراوە و پێمان دەڵێ کەڵەکەبوونی شتە دووبارەکان ئاماژەن بۆ فکرێکی تەسک و نووتەک و سەرچاوەیەکی شێواو و تەسلیمبوو بە هیچ. (سەلامە موسا) کە نووسەرێکی مسرییە و بەرهەمی دیاری هەن، وای داناوە کە نابێ نووسەر لە دەربڕینەکانیدا وردبینیی مەعریفی لە بوارەکانی فەلسەفە، ئەدەب، ئەخلاق ڕەچاو نەکا.
چیرۆکەکە پێشکەش بەو کەسە کراوە، کە وای لە چیرۆکنووس کردووە بە ناچاری واز لە یاریی تۆپی پێ بهێنێت. وازهێنان لە تۆپی پێ بەبێ مردنی ئەو حەزە لە ناخدا، وازهێنانە لە کردەیەک بە قسەی جێناوی سەربەخۆی کەسی سێیەمی تاک، قسەیەک هێندە کاریگەریی دەبێت، تۆپ دەبێتە بۆمبێکی دانراوە، بەڵام فوتباڵ وەکو هونەرێکی نزیک لە چیرۆک و ئەدەب و فکر و جوانی، لە ناخیدا ڕەگی خۆی قایمتر دەکا:
«پێشکەشە بەو هاوڕێ یاریکەرەم، کە لە بەهاری

١٩٨٢ له ستادیۆمی هەولێر لە بەرچاوی دەیان کەس گاڵتەی پێ کردم و پێی وتم: (برۆ واز لە تۆپ بێنە، چونکە تۆ نە لە تۆپ تێدەگەی و نەدەزانی شووتی لێ بدەی)... هەر بە ڕاستی لەو کاتەوە من نەمتوانی یەک شەقی تر لە تۆپ هەڵ بدەم و وازم لە تیمەکەمان هێنا، بەڵام ئەوە وای لێ نەکردم لە خەیاڵی خۆمدا دەست لە یاریی فوتباڵ هەڵگرم».

ئەو چیرۆکە قسەکردنە بۆ ئەوی دیکە، بەڵام هەست بە خودئاگایی و بێزاریی نووسەرەکەی دەکەی لە قەیرانەکان، ئەمەش هاوتەریبە لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ئەدەبیات، کە دەرەنجامی قەیرانەکانن. دوای شکستی شۆڕش، ئەدەبیاتی کلاسیک لە دەقەکانی (شارل بۆدلێر) و (گۆستاف فلۆبیر) چڕبووەوە کە پڕ بوون لە کێشە و قەیران. (سارتەر) باوەڕی بە کاریگەریی بیۆگرافی هەبوو لەسەر دەق و پێی وابوو ئەو نووسەرەی خودئاگایانە دەنووسێ بەرەو جۆرێک لە عەفەوییەت دەچێت. من لەگەڵ ئەو بۆچوونەی (سارتەر) ناکۆکم، بە تایبەتی کە ئێستا خەریکم قسە لە بارەی چیرۆکی منارەی ئاوەدانییەوە دەکەم و هیچ عەفەوییەتێک نابینم. (کاروان) باسی قەیرانی مەملەکەتێک دەکا لە دەرەوەی ئەو مەملەکەتە. کاتێ ئەو چیرۆکە دەخوێنینەوە و دواتریش دەبیستین نووسەرەکەی لە دانیمارک دەژێ، تووشی شڵەژان دەبین، ئەمەش جیاکەرەوەی چیرۆکی (کاروان)ە لە چیرۆکی (شێرزاد حەسەن، عەتا نەهایی، عەتا محەمەد، یوسف عیزەدین و... هتد).

ئەگەر بەراوردێک لە نێوان (کاروان عومەر کاکەسوور) و (شێرزاد حەسەن)دا بکەین، دەبینین (شێرزاد) کێشەی بەردەوامی هەیە و نەیتوانیوە بە هەمان هەناسەی (حەسار و سەگەکانی باوکم) درێژە بە ئەزموونی نووسینی خۆی بدا، کاتێکیش دەگەینە سەر خەونی جاڵجاڵۆکان و ژنێکی منگن، تووشی نائومێدی دەبین. بەردەوامی نەبووەتە کێشە لە بەردەم ئەزموونی نووسینی (کاروان)دا. (بەختیار عەلی) لە شوێنێکدا لەمەڕ بەرهەمێکی (کاروان)دا پێی وایە ئەگەر ئەو بەرهەمەی (کاروان) باشترین کۆمەڵە چیرۆکیش نەبێت، کە لەو چەند ساڵەی دوایی خوێندوویەتییەوە، ئەوا بێگومان یەکێکە لە باشترینەکان. ئێستا کە من هاتووم قسە لەبارەی منارەی ئاوەدانییەوە دەکەم، ماوەیەکی زۆر بەسەر وتەکەی (بەختیار)دا تێپەڕیوە، بەڵام هەمان بۆچوون دوبارە دەکەمەوە. ناڵێم ئەو بۆچوونەی من تەواو عەقڵانییە، بەڵام دڵنیام لەوەی پێچەوانەکەی نییە. عەقڵانییەت لە پێناسە کۆنەکەیدا بریتییە لە پشتبەستنێکی قایم بە عەقڵ و نەگەڕانەوە بۆ واقیع و ئەزموون بە مەبەستی شیکردنەوە و گەیشتنە ئەنجام. مەبەستی من لە عەقڵانییەت ئەو بۆچوونە تەقلیدییە نییە، من باوەڕم بە گەڕانەوە بۆ واقیع هەیە. عەقڵانییەت (rationalism) لە لای (فاروق ڕەفیق)، ئەو قوتابخانە فەلسەفییەیە، کە لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی فەلسەفەی مۆدێرنیتە و پێگەیشتنی شانبەشانی ئەزموونگەرایی (empiricism) هاتە کایەوە. (فاروق) پێی وایە عەقڵانییەت ناوێکە بۆ کۆمەڵێک تیۆری جیاواز، کە خاڵی هاوبەشی نێوانیان باوەڕە بە عەقڵی مرۆڤ، کە دەتوانێ وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی ناو کایەی فەلسەفی بداتەوە، بەڵام من عەقڵانییەتم بۆ (منارەی ئاوەدانی) بە مانای گەڕانەوەیەکی هێواش بۆ عەقڵ بە کار هێناوە و ئەو ڕۆڵە گەورەیەم

نەبەخشیوەتە عەقڵی مرۆڤ. مرۆڤ، کە تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە لە چلۆنایەتیی ناخ و نهێنییەکانی خۆی بگات، مەحاڵە بتوانێ وەڵامی ئەو پرسیارە گەورانە بداتەوە، کە فەلسەفە دەیانکات، مەبەستم لە گەورەیی پرسیارەکان لە ڕووی قەبارەوەیە، نەک لە ڕووی بەهاوە. عەقڵ لای من چیتر ئەو ئەرکە قورسەی لەسەر نییە، کە (فاروق) و بەشێکی زۆری فەلسەفەکارەکانی ڕۆژئاوا بۆیان دیاری کردووە، بە تایبەتی لە مەسەلەی پەیوەست بەو بەشەی ئەدەبەوە، هەڵبەتە ئەوان ئەو ئەرکە بە ئەرکێکی قورس دانانێن، بەڵکو بە فاکتەری جووڵانەوەی عەقڵی دادەنێن، بە پێچەوانەوە، من بە ماندووکردنێکی بێمانای عەقڵی دادەنێم و هیچی تر. دیسانەوە وتە بەناوبانگەکەی (کارل مارکس) دەهێنمەوە: (بیرکردنەوە لێناگەڕێ بژیم). من بۆ قسەکردن لە بارەی ئەو دەقەی (کاروان)ەوە عەقڵم نەکردووەتە سەنتەر. ئەرکی عەقڵ لە چیرۆکدا ئاشکراکردنی شتە پەنهان و نادیارەکان نییە بە پشتبەست بە کەرستەی بەرجەستە. گەر وامان کرد ناچار دەگەڕێینەوە بۆ ئەو غەریزانەی قاچێکیان لە نادیارە و قاچێکی تریان لە دنیادایە، بە مەبەستی فەراهەمکردنی ژیان و گەیشتن بە حەقیقەتی پێویستبوونی بوونی چیرۆک و غەریزەی مانەوە.

ئەو بۆچوونەی (شۆپنهاوەر) کە پێی وایە دەبێ لە بەرانبەر بوونی جیهان شیوەن بگێڕین، نەک پێبکەنین، ڕەت دەکەمەوە. شیوەنگێڕان بۆ بوونی جیهان بە شێوەیەک لە شێوەکان کەمکردنەوەی بەهای ئەدەب و چیرۆکە، بە تایبەتییش کە ئەو ئەرگۆمێنتانەی (شۆپنهاوەر) پشتی پێ بەستوون، لەگەڵ ئەو ئەرگۆمێنتانە تەک ناگرنەوە، کە من بۆچوونەکانی خۆمم پێ سەلماندوون لە باسەکانی پێشترمدا. پێشم وایە بۆچوونەکانی (شۆپنهاوەر) ئەنجامی نەبوونی هەندێ گوتاری سەرەکییە. ئایدیا فەلسەفییەکان و فەلسەفە وەکو یەکێک لە جدیترین کایەکانی مەعریفە ناکوژێنمەوە و بەهایان کەم ناکەمەوە، بەڵام دەبێت پرسیارە فەلسەفییەکان لە دەرەنجامی تێگەیشتنی تەواو لە ئەدەبی مۆدێرندا سەرچاوە بگرن.

مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چیرۆکە تووشی وەسوەسەی بڕیاردانمان دەکا. بۆچوونەکانمان لە دێڕێکییەوە بۆ دێڕێکی تری دەگۆڕێن، کاریگەریی چیرۆکەکەش لەسەر خوێنەرێک بۆ خوێنەرێکی تر جیاوازە. لە لای (ڕۆلان بارت) تێکستی نووسراو زیاتر لە واتایەک هەڵدەگرێ و فرەدیو و فرەناوەرۆکە. واتاکەی لە خوێنەرێکەوە تا خوێنەرێکی تر جیاوازیی هەیە. (دێریدا) پشتئەستوور بە هەڵوەشاندنەوە و شۆڕبوونەوە بۆ نێو هەیکەلییەتی زمان و گوتاری سەنتەریزمی لۆگۆسی خودسەنتەریدا، بە گومان بوو لەوەی دەق یەک واتا هەڵبگرێ، بەڵکو ڕەچاوی خوێندنەوەی جیاوازی بۆ دەق دەکرد، ئەمەش بناغەی فەلسەفەکەی (دێریدا) و ئەو گۆڕانانە بوو کە لە هزری فەلسەفیدا ڕوویان دا، بەمەش زەبرێکی کوشندەی لە بونیادی گوتاری هزری و ئەپستمی ڕۆژئاوا دا.

من هەستم بە سادەبوونەوە و ژیان کرد لە دنیای نێو چیرۆکەکە، بە پێچەوانەی چیرۆکەکانی (کافکا) و (جێمز) کە دنیا لە چیرۆکەکانیان وەکو شتێکی ئاڵۆز و بێمانا دەردەکەوێ. جیاوازیی (کافکا) لەگەڵ (جێمز) لەوەدابوو، (کافکا) بە دوای مانایەک بۆ دنیا دەگەڕا، بەڵام (جێمز) باوەڕی

بە هیچ نەبوو. جیاوازیی دنیای (کاروان) لەگەڵ هەردووک چیرۆکنووس لە بوونی مانایەکە بۆ دنیا، تەنانەت ئەگەر ئەو مانایە سەرچاوەکەی بێمانایش بێت. کوژرانی (ست ساماڵ) بە دەستی (ساماڵ) ی کوڕی و کوژرانی (ڤیان) لەسەر قسەی باوکی مانا و دەلالەتە شاراوەکانی دنیایان لە پشتە، لەناو کوشتنیشدا هێشتا دنیا هەناسە دەدا. نامەوێ (کاروان) لەگەڵ (کافکا) و (جێمز)دا بەراورد بکەم، بەڵکو دەمەوێ دەقەکانیان بە یەکدا بدەم، بۆ ئەوەی لە ڕێگەی ئەو بەیەکدادانەوە مانا مانیفێست بکەم. ئەو بەراوردکردنانە ئەوەندەی زیانیان بۆ دەق هەبووە سوودیان پێ نەگەیاندووە. (ئەحمەدی مەلا) پێی وایە دەکرێ (مەحوی) لەگەڵ (سەعدی شیرازی) دا بەراورد بکرێت، چونکە هەست بەوە دەکرێت (مەحوی) (شیرازی)ی بە کوردی نووسیوەتەوە. ئەو بۆچوونەی (ئەحمەدی مەلا) دیوانەکەی (مەحوی) لە نێو گوڵستانی (شیرازی)دا بەند دەکا، گوڵستانێک ئەگەر هەموو گوڵە جوانەکانی دنیای تێدا بێت حاجیلەی کوردەواریی تێدا نییە. ئەو بۆچوونە دەرەنجامی نەخوێندنەوەیەکی وردی (شیرازی)یە بە زمانی فارسی.

چیرۆکەکە لە دروستکردنی ئەسپێکی قوڕینەوە دەست پێ دەکا. ئەسپی قوڕین دەکرێ وەکو دیارکەری ژینگەی کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتی و کاتی چیرۆکەکە چاوی لێ بکرێ. ڕاستەوخۆ بۆ دیاریکردنی کاتی ڕووداوەکە ئیش نەکراوە و بایەخ دراوە بە لێکتەنراوی. بۆ ئاشکراکردنی ناوی کارەکتەری سەرەکییش کە (زێرەڤان)ە، هونەرێکی دیکە بە کار هاتووە و چیرۆکنووس ڕاستەوخۆ نەیگوتوە کارەکتەرەکەمان (زێرەڤان)ی ناوە:

(ئەگەرچی تۆ تاکە ڕیزێرڤ نەبوویت، بەڵام ئەو ناوە تەنها بەسەر تۆدا بڕا و هەر ئاوا بانگ دەکرایت... سەرەتا وات دەزانی وشەکە هەندێک لە ناوی خۆتەوە نزیکە، یان با بڵێین لەنێوان (ریزێرف) و (زێرەڤان) دا زۆربەی پیتەکان هاوبەشن....).

گرنگترین ئەو چەمکانەی پەیوەستن بە دەقەکەوە:

ئەو کاتەی چەمکەکان جگە لە مانا بنەڕەتییەکانیان مانایەکی دیکەی دوور لە مانا ڕاستەقینەکەی خۆیانیان پێ دەدرێ، جۆرە گەمەیەکی زمانەوانی دێتە پێشەوە و چێژێکی ئەدەبی دەبەخشێ. وشەی (mach) کە بە مانای یاریی نێوان دوو تیم دێت، نزیک کراوەتەوە لە وشەی (ماچ)ی کوردییەوە. وشەی (coach) کە بەمانای ڕاهێنەر دێت، پێوەندییەکی ئەدەبی بۆ دروست کراوە لەگەڵ وشەی (کۆچ)ی کوردی. کۆمەڵە چەمکێکیش زەق کراونەتەوە:

١- ترس و چێژ: لە دەقەکەدا پێوەندییەک لەنێوان ترس و چێژدا هەیە. لە ترسان لەو چیرۆکانەی باسی منارەی چۆلی دەکەن تا ترسان لە (ست ساماڵ) کە مامۆستایە لە یەکێ لە قوتابخانەکانی کچان و بە هۆی لە سێدارەدرانی مێردەکەیەوە بە بەردەوامی جلی ڕەش دەپۆشێ، هاوکات چێژ وەرگرتن لە لایەنێکی چیرۆکەکان و جوانیی (ست ساماڵ). نەترسان نیشاندانی ئادگاری مرۆڤی ڕاستەقینە نییە. لای من شتێک نییە بە ناوی مرۆڤی ڕاستەقینە و مرۆڤی وەهمی. (میشێل فۆکۆ) بە هۆی ئەو ڕەخنە بەهێزانەی ئاڕاستەی کران، خەڵکی لە فەلسەفە ڕادیکالییەکان دوور خستەوە، پێی وابوو شێتەکان مرۆڤی ڕاستەقینەن، چونکە شێت دەرک بەو مەعریفەیە دەکا، کە گەیشتن پێی

لای من شتێک نییە بە ناوی مرۆڤی ڕاستەقینە و مرۆڤی وەهمی. (میشێل فۆکۆ) بە هۆی ئەو ڕەخنە بەهێزانەی ئاڕاستەی کران، خەڵکی لە فەلسەفە ڕادیکالییەکان دوور خستەوە، پێی وابوو شێتەکان مرۆڤی ڕاستەقینەن، چونکە شێت دەرک بەو مەعریفەیە دەکا، کە گەیشتن پێی ئەستەمە و شێتیی لە دیاردەیەکی پزیشکییەوە کرد بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی

ئەستەمە و شێتیی لە دیاردەیەکی پزیشکییەوە کرد بە دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی. بۆچوونی من زیاتر لە وتەکەی (پاسکال)ەوە نزیکە، کە پێی وابوو شێتەکان تا ئەندازەیەک شێتن، نکوڵیکردن لەو شێتییە بۆ خۆی جۆرێکی ترە لە شێتی. (فۆکۆ) دەڵێ: (شێتی هونەرمەند و ئەدیب لەودیو خەیاڵدانیەوە خۆی مەڵاس داوە). (زێرەڤان) شێت نییە و چیرۆکەکەش شێتانە شێتیی نەگێڕاوەتەوە. بوونی هەر ڕەفتارێکی شێتانەش لە چیرۆکەکەدا پێوەندیی بەو ترس و چێژەوە هەیە، کە پێشتر باسمان کرد، نەک بە ڕادەی ژیری و پیاوبوونەوە.

٢-بوون: فکری (هایدگەر) بە ڕەتکردنەوەی ئایدیاکانی (دیکارت) دەست پێ دەکا. گەورەترین کاریگەریی لەسەر فەلسەفە و میتافیزیکی ڕۆژئاواییدا هەبوو. بە بەردەوامی دەیپرسی: بوون چییە؟ ئەو پرسیارەی لە سەردەمی (سوقرات)ەوە تا سەردەمی (دیکارت) بە لاوە نرابوو. (هایدگەر) ئامادەگیی تێدا نەبوو دەست لەو پرسیارە هەڵگرێت و دەیگوت ئەو کەسە فەیلەسووف نییە پرسیاری زۆر و زەبەند دەورووژێنێ و بەبێ وەڵام دەیانهێڵێتەوە، ئەو کەسە فەیلەسووفە، کە هەموو ژیانی بۆ تاقە پرسیارێک تەرخان دەکا. ئەنتۆلۆجیا لە فەلسەفەی هاوچەرخدا بەهای بۆ گەڕایەوە. باسی بوون باسێکی قووڵە و گێڕانەوەی مەحاڵە، بەبێ بوونی پێناسەیەکی گشتیی بوون و عەدەممان کردبێت بە دژی یەکترمان داناون. مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو چەمکە لە چیرۆکەکەدا مامەڵەیەکی تایبەتییە بە پێچەوانەی ئەو بۆچوونەی (ئەرستۆ)وە، کە پێی وایە بوون گشتگیرترین و هەمەکیترینە و دەکرێ بە فەلسەفەی یەکەم ناوی ببەین، وەکو جیاکارییەک لەگەڵ فەلسەفەی دووەم، کە زانستی سرووشتە. لە چیرۆکەکەدا باسی بوون و پێوەندیی مردووەکان بەم دنیایەی ئێمەوە و هێنانەوەی مردووەکان لە منارەی چۆڵی هاتووە.

٣- کۆمەڵایەتیبوون: ئەگەر چیرۆکنووس بکەوێتە نێو نەستی کۆوە، مانای وا نییە کەوتبێتە ژێر کاریگەریی فیکری مێگەڵ و کۆنەپارێزانەوە. نزیکبوون لە کەسێک یان کەشێک مانای تێگەیشتن نییە لێی. (فوئاد ڕفقە)ی شاعیری لوبنانی، کە وەرگری خەڵاتی گۆتەیە، دەڵێ «من زۆر لە گۆتەوە نزیک بوومە، بەڵام لێی تێنەگەیشتم، چونکە دەتوانم لە فەیلەسووف، شاعیر، زانا، پیاوی یاسایی تێبگەم، بەڵام تێگەیشتن لە کەسێک کە هەموو ئەوانەی لە خۆ گرتووە، ئاستەمە». منارەی ئاوەدانی پێوەندیی بەو کەشوهەوا کۆمەڵایەتییەوە هەیە، کە نووسەر تێیدا ژیاوە، پێچەوانە لەگەڵ بڕێک لە فەیلەسووفەکان، کە پێیان وایە پێوەندیکردنی بەها ڕۆحییەکان بە ئەدەبیشەوە بە ڕووداوە کۆمەڵایەتییەکان، مانای تێگەیشتی لاوەکیی ئەو بەهایە دەگەیەنێ.

٤-عیشق: ستوونێکی ئامادەیە لە دەقەکەدا، ئەوە عیشق بۆ منارەی چۆلییە وا لە (زێرەڤان) دەکا، دەست لە دروستکردن هەڵبگرێ و بەرەو دروستکراوێک کە منارەکەیە بچێت. عیشق پەنهانە لە تێکستەکە، بەڵام ئەمە ئەوە ناگەیەنێ بوونی نەبێت. دیاریکردنی جۆری ئەو عیشقە تۆزێک زەحمەتە. (ستاندال) عیشق پۆلێن دەکا بۆ جۆرەکانی: ١-عیشقی پەرۆشی، passion-love ٢-عیشقی جوانیناسانە، aesthetic love ٣-عیشقی فیزیکی «عاشقبوون بە جەستە». عیشقی (زێرەڤان) لە جۆری یەکەمەوە نزیکە. دوای چل ساڵ عیشقی بینینی منارەی چۆڵی لە نزیکەوە، لە

لای سەرهەڵدەدا، وەکو بابەتێکی ئایدیاڵ، ئەمەش کۆکە لەگەڵ (سپینۆزا) کە پێی وابوو عیشق دەبێت ئاسوودەییەکی پشت بەستوو بە مەعریفە و هۆکارەکانی بێت. جوانی وەکو هۆکارێکی مەعریفە، بە شێوەیەکی سەربەست بوونی نییە، بەڵکو بینینی بەستراوەتەوە بە شتە وەهمی و بەرجەستەکان بە دەقیشەوە، کە لە نێوان وەهم و بەرجەستەکاندایە. مەرج نییە لەناو هەموو جوانییەکدا ویست لە ناو بچێت و لە شکۆمەنیدا بمێنێتەوە، وەک ئەوەی (شۆپنهاوەر) دەبێژێ. ویست لە شکۆمەندیی کارای (شۆپنهاوەر) و شکۆمەندیی میکانیکی (کانت)دا بوونی هەیە.

٥-خۆکوشتن: ئایا خۆکوشتن لە نێو چیرۆکدا تاوانە یان هەڵەیە؟ تازەگەریی ڕۆژئاوایی لەسەر فەردانییەت و بنچینەی میتافیزیکای شاردنەوە وەستاوە و ئەو فەردانییەتە ژنیشی گرتووەتەوە. ڕەخنەی (شۆپنهاوەر) لە یەهوودگەرایی و زانا یەهوودییەکان لەوەدایە، خۆکوشتنیان حەرام کردووە بەبێ ئەوەی لە کتێبەکانیاندا حەرام یان حەڵاڵ کرابێ. بە ڕای (شۆپنهاوەر) خۆکوشتن ڕێگرە لە بەردەم زاڵبوونی مرۆڤ بەسەر ویستدا، بەڵام هەمان بۆچوونی (ئەرستۆ) و (ژان ژاک ڕۆسۆ) و (زەینۆن)ی هەیە، کە هەر کاتێ مرۆڤ لە هەموو لایەکەوە پاڵی پێوە بنرێت بۆ خۆکوشتن و ئیتر ژیان بۆ ئەو قەفەسێکی داخراو بێت، دەکرێ خۆی بکوژێ. (شۆپنهاوەر) خۆکوشتنی بە تاوان دانەناوە و بە هەڵەی داناوە. (ئەمیل دۆرکهایم) بۆچوونێکی تا ڕاددەیەک نزیکی هەیە لە (شۆپنهاوەر). ئەو لە کتێبی (خۆکوژی)دا خۆکوشتن بە کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە. (فرۆید) دەیگوت خۆکوشتن سەرەتای لەدایکبوونە. بە بۆچوونی من بۆی هەیە ئەو تێزەی (شۆپنهاوەر) بۆ دەقە ڕۆژئاواییەکان قسە هەڵبگرێ، بەڵام بۆ چیرۆکە ڕۆژهەڵاتییەکان بە تایبەتیی ئەو چیرۆکانەی (کاروان کاکەسوور و سادقی هیدایەت و مەحمود دەوڵەت ئابادی و عەزیز نەسین و..... هتد) دەیاننووسن، بایەخی نابێت، مەگەر نووسەر بیەوێ لە ڕێگەی خۆکوشتنەوە بەهای خۆکوژەکە دیاری بکا، بیەوێ لە ڕێگەی کوژرانی ژیانەوە جوانیی ژیان پێشان بدات، (ماناکەی). ئەو جیهانبینییەی (شۆپنهاوەر) کاریگەریی لەسەر (نیتشە) هەبوو و ئەویش لە قۆناغێکی دیاریکراودا دنیای بە ڕەشی دەبینی و پێی وابوو مرۆ ئەگەر بیەوێ حەزەکانی بێنێتە دی ئیشی لەسەر وەهم کردووە، دواتر بە ئەزموون ئەو قۆناغە تێدەپەڕێنێ، تەنانەت ڕەتی ئەلکهول و مادده بێهۆشکەرەکان دەکاتەوە و ڕایدەگەیەنێ، ئەلکهول و مەسیحییەت یەک سەرچاوە کۆیان دەکاتەوە، ئەویش بێ هۆشکردنی خەڵکە.

٦- ژن: ژن لە چیرۆکەکەدا یەکسانە بە (ڕۆح + جەستە). لە دەقەکەدا تەنیایی وەڕسکەرە، بەڵام تەنیایی ژن کوشندەیە. تەنیایی کوشندە بە مانای مانەوەی تەنها لەگەڵ خود نایەت، بە مانای سڕبوون و متبوونی ئەبەدی دێت. ژنی سڕبوو تەنیایە، بەبێ ئەوەی حەز لەو تەنیاییە بکا یان بیری لێ کردبێتەوە. (ست ساماڵ و ڤیان) دیارترین نموونەن. بیرکردنەوە لە ژن بەرهەمی مەعریفەیە، واتە ئەوە مەعریفەیە ئەو ڕۆڵە دەگێڕێ کە ژن وەکو کێشە سەیر بکرێ. ژن وەکو کێشە لە بەردەم ئاراستەکردنە ناڕەواکانی پیاودا هاتووە. دەقەکە پێمان دەڵێ: بە هۆی بوونی ناکۆکییە فکری و جیاوازییە میتۆدییەکانی نێوان

ژن و پیاو، کارەکتەری ژن لە لای بەشێکی گەورەی پیاوانی دنیا، خەسڵەتی عیشقە، مۆدێل و خودی پێ دراوە و زۆرجاریش لەو ڕوانگەیەوە پەراوێز خراوە. تاقیکردنەوە و تەفسیرکردنی ڕەوتی ئایدیاکانی ژن، لە ڕێگەی دنیابینی و مەرام و نیازی لۆژیکناسە پیاوەکانەوە، زوڵمێکە بەرانبەر ژن ئەنجام دەدرێ. پیاو قەت لە ژن و چلۆنایەتیی ناخ و کێشە و مەعریفەی ژن تێناگا، ئەگەر لەو بازنە کۆنەی هەیەتی دەرنەچێت و بڕیارەکانی باکگراوندێکی ژنانە لە خۆ نەگرن. لە کۆمەڵگەی پیاوسالاری، فلتەرێک نییە بەشێک لە حەقیقەتی ژنبوونی لە خۆ گرتبێت، بۆیە بۆچوونە دروستەکان دەبنە دۆگما. لەو وڵاتانەی نەتەوە جیاوازەکان تێکەڵبوونە و وڵات بەرەو پلورالیزمێکی کۆمەڵایەتی چووە، مەودای نێوان ژن و پیاوی هاونەژادی و هاونیشتیمانی لە کشاندایە. هۆی تر، کە ڕۆڵیان هەبووە لە دروستبوونی ئەو مەودایە، لاوازبوونی ئینتیمایە بۆ ڕابردوو و تڕادسیۆن و هۆشیاری مێژوویی.

بە گشتی لە دیدی تاکەکانەوە، جیاوازییەکی زۆر هەیە لە نێوان ئەو ژنانەی بوونە بە دایک، لەگەڵ ئەو ژنانەی هێشتا نەبوونەتە دایک، ئەو جیاوازییە لە چیرۆکەکەدا هاوار دەکا. زۆرن ئەو شاعیر و نووسەرانەی ئافرەتیان بە شەیتان داناوە و باسی دایکی خۆیانیان وەکو فریشتەیەک کردووە) کە هیچ وزەیەکی ئەهریمەنی تێدا نییە. ئەمە لە وتاری (دایکانێکم هەن، میهرەبانترن لە گەڵای درەخت...)ی (ڕێبوار سیوەیلی) لە پەرتووکی (نەتەوە و حیکایەتدا) بە ڕوونی دەردەکەوێ.

٧-حەقیقەت: چیرۆکەکە فەزا و زەمینەی ئازاد و فرەڕەنگ لە ناخی بونیاد و ستراکچەرەکان ڕەنگرێژ دەکا و ڕووگە فینۆمینۆیەکان کەشف دەکا، لە خەیاڵگە و ژێرخانی ئەدەبیدا. گەرەکیەتی دیدگا و ڕوانینێکی ترمان پێ ببەخشێ بۆ چیرۆک. دەقەکە بووەتە ئەو فەزا ڕوونەی تێیدا حەقیقەت بۆ نێو بیری وەهم شۆڕ دەبێتەوە، تاوەکو حەقیقەتی گەورە لە گۆشەیەکدا بەرجەستە ببێت. زۆربەی کەناڵەکانی گەرەکیانە خۆیان بە جیاوازگەری و ئیستاتیکا و زەخرەفە و سیحر بارگاوی و لێوڕێژ بکەن. دواجار هەموو ئەمانە دەبنە پاشکۆی شتێکی گرنگ، کە داهێنانە. دەقەکە سێ قاچی هەیە، قاچی یەکەمی لە ڕێگەی ئاشکراکردنی بچمی ڕاستەقینەی حەقیقەتەوە بەردەوامی بە خۆی دەدا، واقیع بە ژێرییەوە ڕاڤە دەکاتەوە، ئەو قاچە دەکەوێتە نێو فەزایەکی یۆتۆپی و وەهمییەوە. قاچی دووەمی لە عەقڵدا ڕەگی خۆی داکوتاوە و پەردە لەسەر واتا ئابڕووبەرەکان و کۆد و مەرجە کۆنکرێتییەکان و مۆراڵییەت و ئاکاری خەسێنەر و سکێچە تەماوییەکان و ئەو بیمارستانەی تێیدا نامرین، لا دەدا. نەمردن جیایە لە ژیان، نەمردن جۆرێکە لە ژیانکردنی خاڵی لە جوانی. قاچی سێیەمی نادیارە و نازانرێ دەکەوێتە کوێ؟ بەڵام ئاماژەکان پێمان دەڵێن بوونی هەیە.

زۆربەی ڕۆشنبیرانی کورد هەر کە گوێیان لە ناوی (سادق هیدایەت) دەبێت، وێنەی کەسێکی ڕەشبین لە ژیانیان دێتە بەرچاو، کە خۆی و کارەکتەری سەرەکیی نێو یەکێک لە چیرۆکەکانی بە غاز دەخنکێنێ، بەڵام من پێچەوانەی ڕەخنەگرە فەرەنسییەکان پێم وایە چیرۆکی (زندە بگور) و ڕۆمانی (بوف کور) گوزارشت لە فکری (هیدایەت) ناکەن، بەڵگەش سەرەتای چیرۆکی (زندە بگور)ە و پێشم وانییە کارەکتەرەکە گوزارشت

له (هیدایەت) بکا. (هیدایەت) ڕەخنەگرانی له گومانێکدا جێ هێشتووه که لەگەڵ خۆیدا باوەڕی هەڵگرتووه. (زێرەڤان) نه دەتوانرێ بخرێته نێو بازنەی خۆشبەختیی ڕاستەقینەوه، نه له دەرەوەی دابنرێ. ئەمه خاڵی هاوبەشی نێوان چیرۆکی منارەی ئاوەدانی و کاتیاشه. له چیرۆکی کاتیای (سادق هیدایەت)دا حەقیقەت له زۆر شوێن شووم و نادیاره، نادیاری جیایه له شاردنەوه. لەو چیرۆکەی (کاروان)دا حەقەیقەت تا ئەو شوێنه بڕ دەکا که درۆکان دەست پێ دەکەن، ئەمەش ئەوه دەگەیەنێ له مامەڵەکردن لەگەڵ چەمکی حەقیقەتدا، (کاروان) سەرکەوتنی زیاتری به دەست هێناوه به بەراورد لەگەڵ (هیدایەت)دا.

٨-ئەفسانه (fable): جیاوازی له نێوان ئەفسانه (fable) و حەقیقەت (datum)دا ئەوەیه، ئەمیان حەقیقەت دەبینێ و ئەویان ئەفسانه. ئەفسانه جیاوازه له درۆ (churlish)، چلۆنایەتیی حەقیقەت ڕێژەی ئەو جیاوازییه دیاری دەکات. یۆتۆپیا نزیکتره له ئەفسانەوه وەک له درۆ، بەڵام یەکسان نییه پێی. ئەفسانەکان هۆکار بوون بۆ مانەوەی حەقیقەتەکان له ناویشیان حەقیقەتی جەنگەڵستان (خورانی بێهێز لەلایەن بەهێزەکانەوه). ڕاستەقینەکان ئەفسانەکانیان داهێناوه نەک به پێچەوانەوه، مرۆڤ (human) وەکو ڕاستەقینەیەک له ئەفسانەوه نەخوڵقاوه. (کەمبڵ) پێناسەی ئەفسانەی گۆڕی له گەڕان به دوای مانا بۆ ئەزموونکردنی مانا. (کەمبڵ) داوا دەکا ئەفسانەی گەلانی دنیا بخوێنینەوه نەک ئەفسانەی ئایینەکانی خۆمان، گوایه فێرمان دەکەن چۆن بۆ ناخ بگەڕێینەوه. چیرۆکی (مەسیح) له ئینجیلدا داوای قەبوڵکردنی مەرگمان لێ دەکا، مەرگی مەسیحی کوڕی خودا. (جۆزیف کەمبڵ) له چاوپێکەوتنێکیدا لەگەڵ (بیڵ مویز)، مەرگی (مەسیح) به سەرەتای گەیشتن به ئازادی ناوزەند دەکا، بەڵام ئەو مەرگه سەرەتای سەفەری ئازادییه به کەشتیی ژیان بۆ وڵاتی ونبوون. دابەشکردنی ئایین (religion) بەسەر جومگەکانی (بیروڕا و ڕیچوەڵ و ئەفسانه) یەکانگیر نییه لەگەڵ بۆچوونی من. ئەفسانەکان بچووکترین پنتیان له ناو هەر ئایینێکدا هەبێت خۆی زاڵ دەکا بەسەر بیروڕا و ڕیچوەڵ و کۆی هەیکەلییەتی ئایین، دواجار ئایین دەبێته هاوواتای ئەفسانه. ئەگەر له دیدێکی ئەدەبیی سادەوه ئەفسانه پۆلێن بکەین، ئاوای لێ دێت:

١-ئەفسانەی نێو دەقەکان (چیرۆک، شیعر، ڕۆمان،... هتد)، بۆ نموونه له ڕۆمانی (دۆن کیشۆت)ی (سێرڤانتس)دا ئەفسانەیەک هاتووه:

خودا لەسەرەخۆ وازی له عەرشەکەی هێنا و بووه فەرمانڕەوای گەردوون، خێر و شەڕی جیا کردەوه، شتەکانی مانادار کرد. (دۆن کیشۆت) لەماڵەکەی هاته دەرەوه و جیهانێکی بینی که نەیدەتوانی بیناسێتەوه. جیهان له ونیی دەسەڵاتی باڵادا، سەرلەنوێ دەستی پێ کردەوه. تاقه حەقیقەتی ڕەها تەقییەوه بۆ چەندین حەقیقەتی ڕێژەیی و خەڵکی له نێوان خۆیاندا دەستیان به دابەشکردنی کرد. لێرەوه جیهانی نوێ و لەگەڵیشیدا ڕۆمان پەیدا بوو، که وێنەی ئەو جیهانەیه.

ڕەخنەگران وەکو ئەفسانەی دەرەوەی دەق، که جۆری دووەمی ئەفسانەیه و دواتر قسەی لێوه دەکەین، مامەڵەیان لەگەڵ ئەو ئەفسانەیه کردووه. هەندێکیان به ڕەخنەیەکی عەقڵانی له ئایدیالیزمه شێواوەکەی (دۆن کیشۆت)ی دادەنێن، کەچی

هەندێکی تر بە ستایشکردنی ئەو ئایدیالیزمە ناوی دەبەن. هەردوو بۆچوونەکە هەڵەن، چونکە وەکو شتێکی ئاکاری مامەڵەیان لەگەڵ ئەفسانەکەدا کردووە نەک لە چوارچێوەی ڕۆماندا. بۆچوونەکانی (ئەدمۆند هۆسرل) گرنگیی خۆیان هەیە، کە فەیلەسووفێکی ئەڵمانیی سەدەی بیستەمە و دامەزرێنەری فینۆمینۆلۆجیایە و دوای ئەوەی (هایدگەر) دەبێتە سەرۆکی زانکۆی فرایبۆرگ، لەژێر ترسی نازییەکان، ناوی (هۆسرل) لە لیستی مامۆستایانی زانکۆکە لا دەدا.

٢-ئەفسانەی دەرەوەی دەق، ئەمیشیان دوو لقی لێ دەبێتەوە: (ئەو ئەفسانانەی لە دەرەوەی دەقن، بەڵام لە ڕێگەیەکەوە دەچنەوە سەری) و (ئەو ئەفسانانەی سەر بە سەدەیەکی تر و گەلێکی تر و دنیایەکی ترن).

لە ناو دەقی (منارەی ئاوەدانی)دا ئەفسانە ڕووە و حەقیقەت مل دەنێ و هێندەی نەماوە بگاتە لای، لە دەرەوەشی ئەفسانە کۆنە کوردییەکان بە تایبەتی ئەوانەی مۆرکی شەڕ و ئاوارەبوونیان پێوەیە خۆیان لێی نزیک دەکەنەوە و گەرەکیانە دەستی تەوقەی بۆ درێژ بکەن.

٩-حاڵەتەکان (circumstance): لە فەزای چیرۆکەکەدا حاڵەتە هەستییەکان (consciousness)، حاڵەتە نەستییەکان، سەلماندنی ترسناک (alarming proof) و جدییەتی ڕێساکان و شتی تریش لەسەر خوانی ئەدەبدا کۆ بوونەتەوە. دژەکان بە یەکەوە لکاون و وەکو تەواوکەر و ئاسایی دەبینرێن. نووسەر خودی خۆی پیرۆز و ئەوی تری کافر نەکردووە، لە هەندێ شوێنی دەقەکە خود و بەرانبەرەکەیت بۆ جیا ناکرێتەوە. نووسەر لە دنیای چیرۆکەکەدا کە جیایە لە دنیای ڕاستەقیەنە، خودێکە باوەڕی بە بەیەکەوە ژیان و ڕای بەرانبەر هەیە، بە پێچەوانەی (تۆماس هۆبز)ی فەیلەسووفی ئینگلیزی، کە ململانێ گرێ دەدا بە چاکسازیی خود و باوەڕی وایە ژیان بریتییە لە ململانێ بۆ بەدەستهێنانی زۆرترین دەسەڵات و ئەوە مردنە کۆتایی بەو ململانێیە دەهێنێ. قسەکردن لە بارەی بەیەکەوە ژیانەوە بۆ خۆی فەلسەفەیەکی فرەڕەهەندە. (دۆن کیشۆت) توانای دروستکردنی پێوەندیی نەبوو لەگەڵ خەڵکیدا، بۆیە تەنها لە خەیاڵی خۆیدا پاڵەوان بوو. (دۆن کیشۆت دالامچا) هەڵناکا لەگەڵ بۆچوونی جیاواز و ئەو دنیا قازانجخواز و بێڕەحمە مۆدێرنەدا. (فۆکۆ) پێی وایە (دۆن کیشۆت) دابڕانێکی ئەپسمۆلۆژیی تازەیە.

من تا ئەندازەیەک باوەڕم بە ڕێساگەلی ڕێککەوتن هەیە، کە لە زمانناسی (سۆسێر)دا باسی کراوە. بۆ نموونە: ئێوە لەودیو دەرگای ژوورەکەم دانیشتون و خەریکی قاوە خواردنەوەن. یەکێک لە ئێوە بانگم دەکا: خەریکی چی؟ لە وەڵامدا دەڵێم: چای دەخۆمەوە. بەبێ ئەوەی منتان لێ دیار بێت و پەرداخە چایەکەمتان بینیبێت، هەر یەکەتان وێنەیەکی لا دروست دەبێت. یەکێکتان چایەکە لە نێو ئیستیکانێک دەبینێت، دووەمتان لە نێو ژێرپیاڵە، سێیەمتان لە نێو قۆریی چا، ئیتر بەو جۆرانە. پێوەندیی چایەتی و لۆژیکی نییە لە نێوان چاییەی بەردەمی من و ئەوەی نێو خەیاڵدانی ئێوە.

لە بازنەی ئەو ڕێساگەلانە و دەقەکەی (کاروان)دا بە ڕەوای دەبینم ئەگەر لەسەر هەندێک شت ڕێک بکەوین، کە پێشتر هەمووومان نەمانبینیبین تەنها یەک دوانێکمان بینیبێتیان.

١٠-زمان (language): لە کتێبی (ویستی هێز- The will to power)دا کە ڕاڤە لە پاڵ میتافۆرە، (نیتشە) نووسیویەتی: تاقە شوێنی بیرکردنەوە فۆرمی زمانە، ئەگەر ڕازی نەبین، چیتر بیر ناکەینەوە.

زمان کاتێک ئەو ڕۆڵە دەبینێ کە پێوەندییەکی سازگار تەرخان بکرێت لە نێوان تێکست و ڕاڤەکاردا. (گادامێر) چەمکی پێکەوەبوونی بۆ مانیفێستکردنی هەمبەرێتیی نێوان ڕاڤەکار و دەق بە کار هێنا. (ریکۆر) ئەو زاراوەیەی بە شێوەیەکی بەرفراوانتر دەربڕی، لە ڕێگەی تەرخانکردنەوە. زمانی چیرۆکەکە سەرکەوتوو بووە و بووەتە شوێنی بیرکردنەوە بە هۆی ئەو پەیوەستبوونە زۆرە بە ڕووداوەکانەوە. لە کتێبی (حەقیقەت و میتۆد)ی (گادامێر)دا هاتووە، کە باسەکەی (شلایر ماخێر) لەمەڕ هێرمێنۆتیک و هونەری ڕاڤەناسینی تێگەیشتنی باش و خراپ، ڕاڤەکردنی دەق بەرەوە باشتر تێگەیشتنمان دەبات. (کاروان) خولیایەکی زۆری هەیە و زمانی دەقەکەی نەکردووە بە سیمبولێکی خەیاڵپەروەری. (فرۆید) لە (ڕاڤەی خولیاکان)دا جیاوازی کردووە لە نێوان زمانی خولیا و زمانی سیمبولێکی خەیاڵپەروەری، پێی وایە ئەوەی دووەمیان زمانێکی ناکارایە.

(لامارتین) بە پێچەوانەی (نیتشە) لەوە نارەحەت بوو، کە زمان لە توانایدا نییە گوزارشت لە هەڵچوونەکانی بکا.

دەقی ئەدەبی لە یەکە زمانییەکان پێک هاتووە. ڕاستە شیکردنەوەی هونەری بەرهەمە ئەدەبییەکان لەسەر بنەمای تیۆر و میتۆدەکانی زمانناسی ڕێگەیەکی ئاسانە، وەلێ جوان نییە. فۆرمالیستەکان و پێکهاتەگەرایەکان شیکاری دەقە ئەدەبییەکانیان متمانەی تێدا نەبوو، مامەڵەیەکی ڕەمزییان لەگەڵ هونەرەکانی دیکەدا دەکرد، ئەوەی لە بوارەکانی (سینەما و وێنە و مۆسیقا و بیناسازی و کایە جیاوازەکانی تر) بۆمان ماوەتەوە، شتێکی ڕەمزییە. من نەگەڕاومەتەوە بۆ ئەو بیردۆز و میتۆدانە لە کاتی قسەکردن لە بارەی ئەو دەقەوە، کە پەنجەمان لەسەر شل کردووە. ماف و فەلسەفە و دین بارگاوین بە میتافیزیک، لێکۆڵینەوە بە گەڕان، دەبێ چیرۆک بارگاوی بکرێ بە گێڕانەوە.

پۆلێنکردنی ئەدەبیات لە ئامانجەکانی نووسەری شارە. نها ئەگەر ئێمە ئەدەبیاتی کوردی پۆلێن بکەین بەم جۆرەی لێ دێ:

١/ ئەو ئەدەبانەی مرۆڤێک لە خۆیاندا هەڵدەگرن، لە کۆتاییشدا دەیخنکێنن. مرۆڤەکە تەکنیکە.

٢/ ئەو ئەدەبانەی سیحربازێک لە خۆیان هەڵدەگرن، سەرەنجام دەیسووتێنن. سیحربازەکە زمانە.

٣/ ئەو ئەدەبانەی پڵنگێک لە خۆ دەگرن، دواجار کەوڵی دەکەن. پڵنگێک ناوی ڕۆشنبیرییە.

کەم دەقی ئەدەبی هەیە (زمان و تەکنیک و ڕۆشنبیریی ئەدەبی) بە یەکەوە گرێ بدا. زاراوەی ئەدەب بە کردار پێناسە نەکراوە. ئەدیبەکانمان بە ئەدەبێک دەڵێن داهێنان کە هێشتا باڵق نەبووە (خۆی نەناسیوە). (کاروان) لەو دەقەدا کاری بۆ ئەو گرێدانە کردووە.

١١- کورتبڕی: درێژدادری ئەنفلۆنزای ئەدەبە. وشەڕیزکردن بە مەبەستی دروستکردنی ڕستە، ڕستەڕیزکردن بە مەبەستی دروستکردنی بابەت، لایەنی خراپی نووسین پێشان دەدەن. (خوان ڕۆڵفۆ)ی نووسەری بەناوبانگی مەکسیکی، بە ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ) کە لە ١٥٠ لاپەڕە زیاتر

نەبوو، بوو بە یەکێک لە گەورەترین ڕۆماننووسەکانی دنیا و دوای ئەو ڕۆمانەش بۆ ئەبەد دەستی لە نووسین هەڵگرت. ڕۆمانەکە لە جەوهەردا (٣٠٠) لاپەڕە بووە و لە (١٥٠) لاپەڕەدا چڕ کراوەتەوە. (ئۆکتاڤیۆ پاز) کە نزیکترین هاوڕێی (رۆڵفۆ)یە وەها باسی دەکا: بۆ (ڕۆڵفۆ) بێدەنگی کوشندە بوو، هاوڕێکانی داوای ڕۆمانی تازەیان لێ دەکرد، بەڵام ئەو وا هەستی دەکرد هەموو شتێکی لە (پیدرۆ پارامۆ)دا گوتووە. (مالارمێ) نەیگوتووە ئەدەب ماندووکردنی پیتەکانە، بەڵکو ئەو دەیگوت «ئەدەب پەرەپێدانی پیتەکانە».. ئەو کاتەشی (بلانشۆ) دەڵێ «گرنگ نییە چی دەنووسی؟ دووبارەکردنەوە گرنگە وەک ئەوەی یەکەمین جار بێت نووسیبێتت»، پرینسیپێکی دیاریکراو هەیە تەواو جیاوازە لەو پرینسیپەی درێژدادڕەکان ئیشیان لەسەر کردووە. درێژدادڕی جیایە لە زۆرنووسین. زۆر جار باسی زۆرنووسینی (نیتشە) دەکرێ. نووسین بۆ ئەو گوزارشت نەبووە لە فەلسەفەیەکی ئەبستراکت، ئیشی لەسەر دامەزراندن نەکردووە، بەڵکو کاری ئەو سەرەولێژکردنەوەی ماناکان بوو، بۆیە وەکو شاعیرێک یان داهێنەری میتۆلۆجی چاوی لێ دەکرا، تا ئەو کاتەی (هایدگەر) هات و وەکو دوا فەیلەسووفی ڕۆژئاوا خستییە نێو خێزانی میتافیزیکی.

**نموونە لەسەر کورتبڕیی نێو چیرۆکەکە:**

-دایکت وەک بڵێی مار پێوەی دابێت......

-هیچ لەوە تێنەدەگەیشتی ئەوانە چۆن و کەی و لەکوێ بە یەکتر گەیشتوون...

– ئەگەرچی سوور دەزانی (ڤیان) ناتوانێت قسەت لەگەڵ بکات، چونکە ماوەکەی تەواو بووە.....

– بێگومان تۆ لە دەرفەتێکدا هەموو ئەمانەی لێ دەپرسی...

١٢-یاخیبوون: یاخیبوون لای (کامۆ) بۆ یاخیبوونی میتافیزیکی و یاخیبوونی مێژوویی دابەش دەبێ. یەکەمیان سێ لقی لێ دەبێتەوە: ١- (ڕەتکردنەوەی ڕەها – مارکیز دیساد)

٢- (ڕەتکردنەوەی نەجاتبوون – ئیڤان کارامازۆف)

٣- (شیکاری ڕەها –نیتشە).

یاخیبوونی نێو چیرۆکەکە تێکەڵەیەکە لە هەردوو جۆری یاخیبوون، فیزیکییە، چونکە دێڕەکان بە ئاشکرا ناڕازین لەو بارودۆخە مرۆییەی نووسەر هەیەتی. مێژووییە، چونکە پەیوەستە بە شۆڕشی کوردییەوە. یاخیبوونی (کاروان) نیشانەیەکی کە ناوی سادەییە دەچێتەوە سەر (کامۆ). (کامۆ) دوای وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ، لە ساڵی ١٩٥٧دا، لە لایەن ئەکادیمیای سویدی، نامەیەک بە سادەییەوە بۆ خێزانی (نیکۆس کازانتزاکیس) دەنووسێت و تێیدا دەڵێ: (کازانتزاکیس) شایستەتر بوو لە من بۆ ئەو خەڵاتە. سادەیی (کامۆ) ئاوێتەی سادەیی (کازانتزاکیس) دەبێت و درێژ دەبێتەوە تا دەگاتە (نیتشە)، لەوێدا (کازانتزاکیس) بە ئاشکرا و بە سادەییەوە پێیەوە دیارە چۆن سوودی لە (نیتشە) وەرگرتووە و هەر ئەویش دیدی (کازانتزاکیس)ی بۆ هونەر گۆڕی و پێی وابوو هونەر هەرچەند ڕەق بێت واتای ژیان دەگەیەنێ. ئەو سوودوەرگرتنە ئاساییە، (ئەفلاتون) کە زۆر جار بە باوکی فەلسەفە دادەنرێ لە سەرەتادا لەژێر کاریگەریی (هیراکلیتس/ ٥٤٤-٤٨٣ پ ن) و (فیساگۆرس/ ٥٨٠ – ٥٠٠ پ. ن) و (سوقراتدا) بوو. لە ناو هەندێ لە دێرەکانی

چیرۆکەکەکدا هەستم بە سادەیی نووسەرەکەی کرد، وێنەی نووسەر لەناو فەزای بیرکردنەوەی کارەکتەرەکانیدا وێنەیەکی تەماوییە، ئەوە فەزای گشتیی چیرۆکەکەیە وێنەی نووسەرمان پێشان دەدا. لە چیرۆکەکەدا هاتووە:

-بۆنی عەترەکانی تەفرەیان دەدای.

-وات دەزانی کەنارییەک لەناو قورگیدایە.

-ئەگەرچی ئەوان وایان دەزانی تۆ لە داخی ئەو نازناوەت وازت هێنا.....

-کەواتە ئەو چەند جارەی یەکتریتان دەبینی، ئەو مردبوو لە گۆڕستان گەڕابۆوە.

- هیچ لەوە تێنەدەگەیشتی ئەوانە چۆن و کەی و لە کوێ بە یەکتر گەیشتوون؟.....

١٣- داهێنان و پاسۆلۆژی: لای دەروونناسی نەمساوی (سیگمۆن فرۆید) دامەزرێنەری قوتابخانەی دەروونشیکاری، داهێنان (innovation) پەیوەست نییە بە حەدسەوە (intuition) و حاڵەتێکی پاسۆلۆژییە. (فرۆید) لە ڕێگەی بیردۆزی دەروونشیکارییەوە، شیکردنەوەی بۆ هونەری (داڤینشی) و (دۆستۆیڤسکی) و (شێکسپیر) دەکرد، پێی وابوو هونەر (art) هیچ نییە جگە لە فاکتەرێک بۆ پڕکردنەوەی کەلێنە سێکسییەکانی مرۆڤ و حاڵەتێکی سێکسیی پاسۆلۆژییە. دابونەریتی کۆنی کۆمەڵایەتی کە مامەڵەیەکی لاواز لەگەڵ سێکساندندا دەکا، هۆکارە لە پشت هونەرەوە. بە بۆچوونی من ئەو بۆچوونەی (فرۆید) بەرهەمی نەخوێندنەوەی داهاتووی ئەورووپا و پێگەی سێکس (sex) لە داهاتووی ڕۆژئاوایە، ئەوکاتەی سێکس زۆربەی سنوورەکان دەبەزێنێ. بۆی هەیە جوانترین هونەر هونەری ئەو هونەرمەندە بێت، کە بۆشایی سێکسیی نییە، ئەمە بۆ جڤاتی ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژئاوایی دروستە. داهێنانی چیرۆکەکەمان، بەرهەمی فکرێکی نزیک لە منارە و دار و بەرد و چەک و سێکسێکی تەماوی و خوێنە، نەک نزیک لە مەمک و باسک و پشت و بنهەنگڵ و داوێنی ژنی ئەورووپی.

(فیلیپ ڕۆس) لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ (میلان کۆندێرا) ویستی بۆچوونی ئەو بزانێ بۆ سێکس وەکو ڕۆماننووسێک. (کۆندێرا) وەها وەڵامی دایەوە: باسی سێکس چیتر قەدەغە نییە. ڕاوەستان بە وێناکردنی گشتی یان ددانپێدانانی سێکسەوە، سەرنجڕاکێش نییە، بەڵکە وەڕسکەرە.

لەو دەقەدا کار بۆ جیاکاری و تێکشاندنی فۆڕمە دووبارەکان و بەخشینی مانایەکی تازە بە دێرەکان کراوە. (بلۆم) سوور بوو لەسەر ئەوەی شاعیر بەر لە هەر شت لە خۆی دەپرسێ: چۆن ئەدەبێکی جیاواز بنووسم؟ شیعرێک بە خەیاڵی کەسدا نەهاتبێت... چۆن چۆنی جیاکاری دروست بکەم؟ لە باسی (فۆڕمشکاندن)دا ئەم باسە زیاتر کەوتە سەر پای خۆی و پۆلێن کرا لە تیۆرییەک لەمەڕ (میتۆدی خوێندنەوە یان هەڵوەشاندنەوەی دەق). (بلۆم) نووسی: ئەدەب فێرمان دەکا لەپێناوی داهێنان و واتای تازەدا، فۆڕم تێک بشکێنین.

(دێریدا) بە پێچەوانەی (ئەفلاتون)ەوە پێی وابوو هەموو وشە و نیشانەیەک پەیوەستە بە جیاکارییەکی واتادار. هەر سێ ئاراستەی فیکری (هیومانیزم _ humanism) و (فەلسەفەی ئەفلاتون) و (فەلسەفەی ئەرستۆیی) کە زۆر جار فکری فەلسەفیی ئیتاڵیی سەردەمی ڕۆشنگەری دیاری دەکەن، سەرەڕای جیاوازیی پرەنسیپەکانی نێوانیان، باوەڕیان بە تاکگەرایی (individualism)

هەبوو، لە چیرۆکەکەشدا جیاوازیی فکریی کارەکتەرەکان ڕێگر نەبووە لە بەردەم کۆکبوون لەسەر مەسەلەگەلێک، کە تەنها لە ساتی خوێندنەوەی چیرۆکەکەدا هەستیان پێ دەکەین، نەک لە کاتی قسەکردن لەبارەیەوە. جیاوازییەکان ڕێگر نین لە بەردەم گەیشتن بە هاوبەشەکان، جیاوازیی بزوێنەری هاوبەشی و هاوبەشی فەزای بە زیندوو هێشتنەوەی جیاوازییە. قەشە (ئۆگەستین ٣٥٤-٤٣٠ ز) کە بیرۆکەکانی ڕەنگدانەوەی ململانێی نێوان بیری مەسیحی و یۆنانی کۆن بوون، لە باسی کۆمەڵگەدا کەمتر باسی جیاوازییەکان دەکا تا هاوبەشەکان، لای ئەو کۆمەڵگە بریتییە لە کۆمەڵێک خەڵک کە بیروباوەڕی هاوبەش کۆیان دەکاتەوە.

١٤- فەلسەفە: ڕەنگە کاری چیرۆک ورووژاندنی پرسیاری فەلسەفی بێت. یەکێک لەو پرسیارانەی ورووژاندنی لە چیرۆکدا بە ئاسایی دەبینم:

«بناغەی دروستبوونی گەردون چییە؟»

ئەو پرسیارە گرفتێکی بنەڕەتی بووە لە بەردەمی فەلسەفە و فەلسەفەکار و فەزای فەلسەفی لە ڕۆژئاوا و ڕاڤەی کۆسمۆلۆژی بۆ کراوە. کێشەیەکی بنەڕەتیی هەر سێ قۆناغەکەی فەلسەفەی یۆنانی بوو، کە هۆکاری ڕاستەقینەی بوونیان بۆ هۆکاری ماددی دەگەڕاندەوە. مەبەستم لە:

١- قۆناغی فەلسەفەی بەر لە (سوکرات).

٢- قۆناغی (سوکرات) تاوەکو (ئەرستۆ).

٣- قۆناغی دوای (ئەفلاتون) (ئەو قۆناغە تاوەکو سەرەتای چەرخەکانی ناوەڕاست درێژەی کێشا).

**هەر بۆ نموونە:**

_تالێن (٦٢٠-٥٤٨ پ.ز) بناغەی دروستبوونی بوونی بۆ ئاو دەگەڕاندەوە.

_ئەنکسمندریس (٦١٠ — ٥٤٥پ.ز) بۆ هەوای گەڕاندۆتەوە

_هیراکلیس بۆ ئاگر و پارمەندیس بۆ هەبوونی دەگەڕێنێتەوە.

_ئەنبادوکلیس دەیگەڕێنێتەوە بۆ پێنج توخمی (ئاگر، هەوا، ئاو، خۆڵ و کاریگەری). ئەو توخمانەش وەکو خودای ئەفسانەیی باسیان کراوە.

فکر لەو چیرۆکەدا بۆ چەند بەشی جیاواز دابەش دەبێتەوە. دابەشبوون بە مانای پەرتەوازەبوون و شەقبوون نایەت، بەڵکە گەڕانەوەی فکرە بۆ بەشەکانی. ئەو دابەشبوونەی خەیاڵی خوێنەر پێوەندییەکی ڕاستەوانە و دانەبڕاوی لەگەڵ کۆبونەوەی فکری نووسەر و یەکگرتنەوەی پارچەکانی خەیاڵی هەیە، بۆ ئەوەی بکێشن بە یەکتردا و وەکو برووسکە بگرمێنن و دەقێکی ئەدەبی بەرهەم بهێنن. بەرهەمەکە وەکو شتێکی دەستەمۆ لەسەر لاپەڕەکان خۆی ئاشکرا دەکا، خوێنەر پێویستی بەوە نییە بگەڕێتەوە بۆ خەیاڵدانی (کاروان) و شرۆڤەی فکری و مەعریفی و دینی بۆ بکا. خوێندنەوەی چیرۆکەکە ڕێگەکەمان بۆ کورت دەکاتەوە، وشەکان دەبنە ماسی و کۆی دەقەکەش دەبێتە دەریا نەک کۆمەڵە ماسی، چونکە وشەکان لە خەیاڵدا نوقم بوونە و مامەڵەی ئێمە بە تەنها لەگەڵ وشەکاندا نییە، بەڵکو لەگەڵ ئەو خەیاڵەشە کە لە پشتی وشەکاندا خۆی مەڵاس داوە و وشەکان لە ناویدا مەلە دەکەن. لە یادمان نەچێت خەیاڵی پشت وشەکان یەکسان نییە بە خەیاڵی نێو خەیاڵدانی چیرۆکنووس. وشەکان گرنگ نین، ماناکان گرنگن. زۆربەی ئەو وشانەی لە چیرۆکەکەدا هاتوون لە ژیانی ڕۆژانەماندا بە کاریان

دەهێنین، بەڵام ئەوە ماناکانن جیاوازییەکان دروست دەکەن.

دەق بەردەوام فکر بەرهەم دێنێ و کاڵی دەکاتەوە.

دەکرێ دەقی ئەدەبی ببێتە مەڵبەندی بەرهەمهێنانی بیرۆکەی فەلسەفی و پرۆسەی بەرهەمهێنانی ئایدیا و جیهانبینییەکان. (فۆکۆ) لە کتێبێکی ئەدەبی سەدەی شازدەهەمەوە چەندین تێزی فەلسەفی هەڵهێنا، کە (دۆنکیشۆت)ی (سێرڤانتس) بوو. دەقی ئەدەبی بە تەنها گوزارشت نییە لە ئەدیببوونی نووسەر، زۆر جار هەوڵێکە بۆ بەرهەمهێنانی فکری فەلسەفی، هەندێجار بارودۆخەکە دەگۆڕێ. فکری فەلسەفی و ژیانی فەیلەسووفەکان ئاراستەمان دەکەن بۆ نووسینی دەقی ئەدەبی. بەردبارانکردنی (ژان ژاک ڕۆسۆ)، دادگایکردنی (سوقرات)، خۆکوشتنی (نیتشە)، دەکرێ ببنە بیرۆکەی نووسینی چەندین ڕۆمان و چیرۆک و شیعر و بابەتی ئەدەبیی تر. خۆکوشتنی (گۆگۆل) و ژیانی (ئەکاکی ئەکاکیفیجی) نێو (پاڵتۆ)، زیندانیکردنی (مۆرسۆ) ی نێو (نامۆ)ی (ئەلبێر کامۆ)، (راسکۆڵنیکۆف)ی (دۆستۆیڤسکی)، ئەمانە تێزی فەلسەفی بە دوای خۆیاندا دەهێنن. (ماکیاڤلی ١٨٥٢-١٩٠٩) کەسێکی شارەزا بوو لە شیکاری ڕیالیستییانەی ئەخلاقیاتی هاونیشتمانیانی، کاریگەری زۆری (فلۆبیر) و (بەلزاک)ی لەسەر بوو. ئەدیبێکی وەکو (پیرز گالدوی ١٨٤٥-١٩١٠) لە ڕۆمانەکانیدا باسی ژیانی خەڵکی مەدرید دەکا و هاوکات هەوڵی سەلماندنی ئایدۆلۆژیا و تیۆرییەکی دیاریکراو دەدا. لێرەوە دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە ئەدەب و فەلسەفە دەستەخوشکن.

گرنگترین ئەو پرسیارە فەلسەفییانەی چیرۆکەکە دروستیان دەکا:

-مردووەکان لە کوێی زیندووەکاندان؟

-

-خۆکوشتن سەرەتای ئەبەدیەتە یان ئەبەدیەت سەرەتای خۆکوشتنە؟

-

- دایکانمان چیی ئێمە بوونە لە سەرەتادا؟ (بەر لە بوونی ئێمە).

- منداڵی یانی چی؟

**سەرچاوەکان:**


١- منارەی ئاوەدانی، کاروان کاکەسوور، گۆڤاری ئاینده، ژمارە نەوەد و یەک.

٢-corto. maria.. siete void dal medio o dal vicino oriente ?.. Roma.. ١٩٩٩.

٣- corto. maria.. grazie.... Roma... ٢٠٠٠

٤ – informa zione sulv aggio?.. anna guanti ... Roma ...١٩٦٥

٥-مدرنیته و اندیشەی انتقادی... بابک احمدی... چاپ چهارم اسفند، ١٣٨٠

٦-مدرنیته و مدرنیسم.. مجموعه مقالاتی در سیاست، فرهنگ و نڤریه های اجتماعی.. ترجمه و تدوین: حسین علی، تهران ١٣٧٨

٧-ازدواجیه العقل.. دراسه تحلیلیه نفسیه.. کتابات حسن حنفی.. جورج گرابیشی.

٨-سۆران ئازاد، کاردانەوەی هزر (فکر) لە ڕۆمانی کوردیدا، دەنگەکان، ٢٠١٢

٩-کۆمەڵێک سەرچاوەی تریش کە بۆچوونی کۆمەڵێک نووسەرم تیادا بینین بۆ ئەدەب.



# ئۆدیب پاشا، ڕەچەڵەکی تێکستەکان

داستان بەرزان

### سەرەتای درامای کلاسیک

لە ژێر ڕووناکیی وتەکەی گۆتەی مەزندا، دەربارەی کلاسیک، دەگەینە ئەو دەرەنجامەی مەبەست لە کلاسیک هەر تێکستێکی بە بایەخ و گرنگە، ئەم گوزارشتە لە ئێستای دونیای نوێشدا هەر وەهایە، هەمیشە بەو شتانە دەگوترێت کلاسیک، کە گرنگ و تۆکمە و بە بایەخن و خاوەنی قوڵایین و خوێندنەوەی جیاواز هەڵدەگرن.

## له پێش کلاسیکدا ئەوەی هەبووە لە ئەدەب و هونەر و..هتد لە سادەترین شێوەدا بووە و زیاتر بەشێك بووە لە ژیانی مرۆڤی ئەو قۆناغە

کلاسیک بەرەبەیانی سەرهەڵدانی مێژووی ئەدەب و هونەر، هاوکات دەسپێکی گەشەکردنی مرڤایەتییشە. لە پێش کلاسیکدا ئەوەی هەبووە لە ئەدەب و هونەر و...هتد لە سادەترین شێوەدا بووە و زیاتر بەشێک بووە لە ژیانی مرۆڤی ئەو قۆناغە و کەمتر وەک چالاکییەکی سەربەخۆ خۆی بەیانکردووە، بەڵام لە سەرهەڵدانی ئەو قۆناغەی، کە دواتر ناوی لێ نراوە کلاسیک، گرنگی و بایەخی ئەدەب و هونەر و فەلسەفە... زانراوە و وەک چالاکییەکی ژیاری سەیر کراوە، کەڵە هونەرمەند و فەیلەسووفی گەورە دەرکەوتوون و خەڵکیان لە ڕێگەی هونەر و فەلسەفەوە هۆشیار کردووەتەوە و کردەی (زانین) بووەتە خولیا.

ئەوەی ئێمە مەبەستمانە باسی بکەین، مێژووی درامای کلاسیک و شانۆنامەنوسە گرنگەکانی ئەو دەمە و بەتایبەت لە نێو هەموویاندا (سۆفۆکلیس) و شانۆنامە بەناوبانگەکەی (ئۆدیب پاشا) و قورسایی ئەو شانۆنامەیەیە لە مێژووی ئەدەبیاتی شانۆنامەدا، کە یەکێکە لەو شانۆنامانەی تاکو ئەمڕۆش جیهانی شانۆ پێی ڕووناکە و بە نەمریی ماوەتەوە. یۆنان وەک یەکەمین زێدی سەرهەڵدانی دراما لە جیهاندا، خاوەنی نووسەری گرنگ و درامانووسی گەورەیە، کە هەر یەکێکیان بە شێواز و تایبەتمەندی خۆیانەوە، لە مەیدانی مێژووی درامای جیهانیدا ئامادەییان هەیە و ناکرێت باس لە درامای جیهانی بکرێت و باس لەوان نەکرێت، چونکە بە بازدان بەسەر مێژووی یۆناندا کەلێنێکی گەورە دەکەوێتە هەر باسێکی مێژووییەوە دەربارەی دراما و لە ئەنجامدا قۆناغێک دەکەین بە ژێرەوە، کە پڕیەتی لە تێکستی گرنگ و پڕبایەخی وەها، کە قۆناغەکانی پاش کلاسیک و ئێستاشی لەسەر بێت، نەیانتوانیوە خۆیان لە بیر و دیدگا و ڕوانینەکانیان دەرباز بکەن.

کەواتە یۆنان لانکەی سەرهەڵدانی درامایە، لە سەرەتاشدا دراما تەنیا تراژیدیا بووە، ئەگەرچی بۆ خواوەند (دیۆنسیوس) گریان و پێکەنینیش پێشکەش کراوە، بەڵام پێش کۆمیدیا، تراژیدیا فۆڕمی هونەر وەردەگرێت و بایەخ و گرنگیی تراژیدیا دەگاتە ئاستێک، فەیلەسووفی گەورەی یۆنان ئەرستۆ تالیس، لە کتێبی (هونەری شیعر)دا، بە زۆریی باس لە تراژیدیا دەکات. بە خوێندنەوەی کۆی کتێبەکە تێدەگەیت، ئەرستۆ پێی وایە درامای ڕەسەن تراژیدیایە، هەر لە پاڵ تراژیدیادا باس لە شیعری (هەجوو) یان (سەرزەنشت) دەکات، کە سەرەتایەک بووە بۆ سەرهەڵدانی کۆمیدیا، دواتر لەسەر دەستی (ئەرستۆ فانیس) مێژووی کۆمیدیا بە شێوەیەکی کۆکراوەتر و پێگەیشتووتر دەست پێدەکات، کۆمیدیا لە پێکەنینی پەتی و گاڵتە و گەپی ڕووت دادەماڵێت، کە ئەوکات لە یۆنانی کۆندا پێیان وابوو پیشەی کۆیلە و کاسبکاری ئاساییە و دەوڵەت پێی وابوو هاونیشتمانی سەرفراز نابێت، ئەگەر بێت و نیشانەی پاڵەوانیەتیی تێدا دەرنەکەوێت، ئەویش بە دوورکەوتنەوە لە پێکەنین و گاڵتەبازی.

یەکێک لە کۆمیدیا بەناوبانگەکانی ئەو قۆناغەش درامای (بۆقەکان)ە، کە (ئەرستۆ فانیس) لە ڕێگەیەوە ڕەخنە دەگرێت و گاڵتە بە بەرهەمەکانی (یۆربیدس و ئەسخیلۆس و سۆفۆکلیس) دەکات، بە شێوەیەکی کۆمیدی دید و ڕوانینەکانی بەیان دەکات.

یۆنان لانکەی سەرهەڵدانی درامایە، لە سەرەتاشدا دراما تەنیا تراژیدیا بووە، ئەگەرچی بۆ خواوەند (دیۆنسیوس) گریان و پێکەنینیش پێشکەش کراوە، بەڵام پێش کۆمیدیا، تراژیدیا فۆڕمی هونەر وەردەگرێت و بایەخ و گرنگیی تراژیدیا دەگاتە ئاستێک

ئەرستۆ لە هەمان سەرچاوەدا، واتە کتێبی (هونەری شیعر) باس لە پەیدابوونی هونەری شیعر دەکات، کە ئەوکات لەگەڵ (دراما)دا دوانەیەکی لێک جیانەکراوە بوون. ئەو پێی وایە سەرهەڵدانی شیعر دوو هۆکاری هەیە، کە هەردووکیان هۆکاری سروشتین، یەکەمیان: لاساییکردنەوە، کە بۆ خۆی شتێکی زگماکییە لە مرۆڤدا، دووەمیان: ئەو خۆشییەیە، کە لاساییکردنەوە بە مرۆڤی دەبەخشێت.

ئەوەشی پێم گرنگە و ناکرێت باسی نەکەین، ڕۆڵی (ئەسخیلۆس) و درامانووسانی پاش ئەوە، کە هەریەکەیان بە جۆری خۆیان ڕۆڵیان هەبووە لە بە شانۆکردنی شیعردا، وەک لە کتێبی (هونەری شیعر)دا هاتووە، ئەسخیلۆس یەکەم کەس بووە ژمارەی ئەکتەری لە یەکەوە کردووە بە دوو، هەروەها ڕۆڵ و بەشداریی کۆرسی کەم کردووەتەوە، دیالۆگیشی کردووە بە شتێکی سەرەکی، دواتریش (سۆفۆکلیس) ئەکتەری سێیەم و وێنە و دیمەنی شانۆیی زیاد کردووە.

دراما لەو سەرەتا پرشنگدارەی یۆنانەوە تاکو ئەمڕۆ درێژەی هەیە، پاش ئەو سەرەتایەی یۆنان، یاخود هاومێژوو لە ڕۆما و دواتر وڵاتانی دیکەی دونیادا دێتە ئاراوە. هەردوو جۆرەکەی (تراژیدیا، کۆمیدیا) ڕۆڵ و کاریگەریی خۆیان هەیە لە بەرەوپێشبردنی مێژووی مرۆڤایەتیدا.

## سۆفۆکلیس کێیە؟

یەک لە درامانووسە گرنگەکانی یۆنانی کۆنە، لە ساڵەکانی (٤٩٧- ٤٩٥)پ.ز لە شاری (کۆلۆن) لەدایکبووە، باوکی خاوەنی کارگەی دروستکردنی چەک بووە و یەکێک بووە لە بازرگانە دیارەکانی (ئەسینا).

سۆفۆکلیس هەر لە تەمەنی لاوییەوە شەیدای ئاوازی خۆش و موزیک بووە، بۆیە هەوڵی فێربوونی موزیک دەدات و دەبێتە کەسێکی سەرکەتوو لەو بوارەدا، هەروەها حەزی بە وەرزش بووە، جگە لە بەهرەی موزیک و وەرزشیش جەنگاوەرێکی کارامە بووە.

ساڵی (٤٨٠) کە گریگەکان لە جەنگە گەورەکەی (سالامینا)دا بەسەر سوپای (پارسەکان)دا سەردەکەون، بەو بۆنەیەوە کەژاوەی سەرکەوتن سازدەکەن و (سۆفۆکلیس) هەڵدەبژێرن بۆ ئەوەی پێشڕەویی کۆرسی نمایشەکە بکات، ئەویش زۆر بە سەرکەوتوویی پێشڕەوییەکەی ئەنجام دەدات و دەبێتە جێگەی ڕەزامەندیی خەڵک و دەبێتە سەرەتای هەڵاتنی پاشەڕۆژێکی ڕووناک و لە پاشدا دوو جار هەڵبژێردرێت بۆ ئەندامیەتیی سەرکردەی باڵای جەنگ، کە ئەوکات وا باو بووە سەرکردەکانی جەنگ لە (ئەسینا)دا (١٢) ئەندام بن، دوای ئەو شکستە گەورەیەی بەسەر (ئەسینا)دا هات، لە پەلاماری (ئیسپارتە)دا، (١٠) سەرکردە هەڵبژێرن بۆ ئەوەی سەرکردایەتیی (ئەسینا) بکەن، یەکێکیان (سۆفۆکلیس) بووە.

حەز و ئارەزووی بۆ سەما و گیتارژەنین وای کردووە، لە دوو دراما ئەو ڕۆڵانە بگێڕێت و سەرکەوتنیشیان تێدا بە دەست بێنێت، ئارەزووی بۆ نووسینی دراما وای لێدەکات بۆی بخوێنێت و خەیاڵ و ئەندێشەی بۆ ئەفسانە و وردبوونەوە لە چیرۆک و پەندە ئایینییەکان تەرخان بکات، هەموو ئەمانەش وادەکەن لە تەمەنی بیست و هەشت ساڵیدا بۆ یەکەمجار بچێتە گۆڕەپانی درامانووسانەوە و هەر

لەو ساڵەدا بەسەر بلیمەتێکی وەکو (ئەسخیلۆس)دا سەرکەوێت و خەڵاتی یەکەمی لە دەست بسەنێت. پێش ئەوەی کۆچی دوایی بکات، جلی ماتەمینی و پرسەی بە هۆی مردنی (یۆربیدس)ەوە لەبەر کردووە، لە پاش ئەوەش بە چەند مانگێک لە ساڵی (٤٠٦) و لە تەمەنی نەوەد ساڵیدا دەمرێت.

## پوختەی چیرۆکی درامای ئۆدیپ پاشا

ڕشانەوە و تاعون شاری (تیبا)دەتەنن و بە هۆیەوە خەڵکێکی زۆر دەمرن، ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە خوداکان توڕەبوون. (ئۆدیبی پاشا) بەڵێن دەدات کە بە هەرجۆرێک بووە خەڵکی ڕزگار بکات، بۆیە (کریۆن)ی برای خێزانەکەی دەنێرێتە پەرستگەی (دلف) تاکو بزانێت فەرمانی خوداکان بە چییە، لە ئەنجامدا دەردەکەوێت خوداکان گلەییان هەیە، چونکە (لایۆس)ی پاشای پێشوو، کەسێک کوشتوویەتی ئیستا لەو شارەدایە، ئەو تاعونەش تەنیا بە کوشتن یان شاربەدەرکردنی ئەو کەسە کۆتایی دێت.

ئەم هەواڵە (ئۆدیب) نیگەران دەکات و دەست بە هەڕەشەکردن دەکات لەو کەسەی وەها تاوانێکی ئەنجام داوە، لەسەر داوای (کریۆن) داوا لە (ترسیاس)ی نهێنیزان دەکات، تاکو ئەو نهێنییەی بۆ ئاشکرا بکات، لە ئەنجامی چەند گفتوگۆیەکدا (ترسیاس) خۆی بۆ ناگیرێت و دەڵێت: ئەوەی ئەم شارەی بەر نەفرەت خستووە ناوی (ئۆدیب)ە.

لە ئەنجامدا (ئۆدیب) توڕە دەبێت و (ترسیاس) بە درۆزن لە قەڵەم دەدات، چونکە ئەو درکاندنە ئازارێکی گەورە لە دڵی (ئۆدیب)دا دروست دەکات، لەم کاتەدا (جۆکاستا)ی شاژن بۆ (ئۆدیب)ی ڕوون دەکاتەوە کە وەختی خۆی (لایوس)ی پاشای پێشوو بە فەرمانی خوداکان، منداڵێکی سێ ڕۆژەی دەنێرێتە شاخێکی سەختی وەها، کە کەس دەستی پێی نەگات، چونکە خوداکان پێیان وابووە ئەو منداڵەی باوکی دەکوژێت و دایکی مارە دەکاتەوە، (جۆکاستا) باسی چۆنێتیی کوشتنی (لایوس)ی بۆ دەکات، کە گوایە بە دەستی چەند بیانییەک کوژراوە، بەڵام چۆنێتیی کوشتنی (لایوس) هەمان ئەو کوشتنەیە کە (ئۆدیب) بەرلەوەی بگاتە شاری (تیبا) لە ئەنجامی دەمەقاڵێدا پیاوێک دەکوژێت، بەم گێڕانەوەیەی (جۆکاستا) ئەوەندەی تر (ئۆدیب) وێران دەبێت و بە ناخی خۆیدا دەچێتەوە و ئازارێکی زیاتر لە ناویدا برووسکە دەدات.

لە ئەنجامی هاتنی پەیامبەرێک کە هەواڵی مردنی پاشا (یولیپۆس) دەگەیەنێت، دەردەکەوێت کە (ئۆدیب) باوکی خۆی کوشتووە و ئەوەشی ئێستا ژنێتی لە ڕاستیدا دایکێتی، تراژیدیای (ئۆدیب) لێرەدا دەگاتە ترۆپک، ڕووداوەکان دەچن بەناو یەکدا، کەشی دراماکە گرژ دەبێت، لەم کاتەدا (جۆکاستا) خۆی دەگەیەنێتە ناو کۆشک، تاکو خۆی بخنکێنێت، (ئۆدیب)یش بە چۆکا دێت و دەڕووخێت، بە دەرزییەکانی سەری (جۆکاستا) چاوەکانی خۆی هەڵدەکۆڵێت، (ئۆدیب) لە کۆشک دێتە دەرەوە، خوێن بە چاوەکانیدا دێتە خوارەوە، داوا لە (کریۆن) دەکات کە یارمەتیی بدات تاکو لە شار بچێتە دەرەوە، داواشی لێدەکات کە ئاگاداری منداڵەکانی بێت.

## ئۆدیب پاشا ڕەسەنی تێکستەکان

تێکستی (ئۆدیب) لە جۆری ئەو تێکستانەیە

پاش خویندنەوەی بە درێژایی ژیانت ناتوانیت دەستبەرداری دونیا تایبەت و قوڵاییە بێ وێنەکەی ببیت، ئەو لە یەکەمین خویندنەوەیەوە بە کێشت دەکات بەرەو جیهانێک کە پێشتر پەیت پێ نەبردووە، لە تێکستی (ئۆدیب)دا بۆ یەکەمینجار بەر بابەتێکی هەستیار و سامناکی وەها دەکەویت کە ڕات دەگرێت و ترس و گومان و نەفرەت لە قوڵاییتەوە بەخەبەر دێنێت، ئەوەی پێشتر نەتبیستووە (ئۆدیب) پێت دەڵێت، ئەوەی پێشر تەنانەت بە خەیاڵیشتدا نەهاتووە و یەکجاریش بیرت لێ نەکردووەتەوە، ئەم تێکستە دەیخاتە بەردەمت و تۆش بە پێی ئەزموون و دونیابینی و تێگەیشتنت لە بەردەمیدا ڕادەمێنیت. (خەونی کوشتنی باوک و سێکسکردن لەگەڵ دایک)دا، ئەو کۆنسێپتەیە کە (سۆفۆکلیس) لە شانۆنامەی (ئۆدیب پاشا)دا کاری لە سەر کردووە، کە لە تەواوی مۆڕاڵە کۆمەڵایەتی و ئاینی و مرۆییەکاندا ڕێگە پێنەدراوە، خودی (سۆفۆکلیس)یش نایەوێت شەرعیەت بداتە جۆرە ڕەفتارێکی وەها، بەڵکو دەیەوێت لە میانەی بەیانکردنی تراژیدیای (ئۆدیب پاشا) و هەردوو شانۆنامەی (ئۆدیب لە کۆلۆن، ئەنتیگۆنا)وە، چارەنووسی خێزانێک نیشان بدات، کە هەریەک بە شێوازی جیاواز تووشی بەدبەختی و مەینەت و کۆتاییەکی خەمهێنەر دەبنەوە، هەر لەوێشەوە کردەی (پاکژبوونەوە) کە یەکێکە لە ئامانجەکانی درامای کلاسیک بە ئەنجام بگەیەنێت. کاریگەری و قورسایی هەریەک لەو سێ تێکستەی کە پێشتر ناومان بردن واتە (ئۆدیب، ئۆدیب لە کۆلۆن، ئەنتیگۆنا) کە دەتوانین بە سیانەی (ئۆدیب) بیان ناسێنین، لە جیهانی ئەدەبی دونیادا بە جۆرێک دیار و بەرچاوە، چەندین خوێندنەوە و شرۆڤەی جیاوازیان بۆ کراوە، ئەوەتا (فرۆید)ی گەورە دەروونناسی جیهان، لە دوای چەندین ساڵ لە نوسینی (ئۆدیب)ەوە، لە یەکێک لە تێزەکانی خۆیدا (گرێی ئۆدیب) وەردەگرێت و شیکاری دەکات، قسە لەسەر کۆنسێپتی سێکسی کوڕ و دایک دەکات، لە ڕێگەیەوە غەریزەی نێوان کوڕ و دایک شی دەکاتەوە، کە بە پێی خوێندنەوەکانی (فرۆید) غەریزەیەکی سێکسییە.

دونیای ئەدەبی جیهان هەتاکو ئەمڕۆش بە قووڵی کەوتووەتە ژێر کاریگەریی بیر و دیدگای ئەم تێکستانەوە. هەر بۆ وێنە (ئەلبێر کامۆ) لە شانۆنامەی (خراپ تێگەیشتن)دا کار لەسەر هەمان بابەتی ئۆدیب دەکات، بەڵام لەوێدا لە جیاتی کوڕ باوکی بکوژێت، دایک نازانێت و کوڕەکەی خۆی دەکوژێت، یان نووسەری سوێدی (لاش نۆرێن) ئەگەر بێت و بەرهەمەکانی بەراورد بکەین بە (ئۆدیب پاشا) لە چەندین شانۆنامەیدا کاری لە هەمان بابەتی (ئۆدیب)دا کردووەتەوە بە شێوەی جیاواز، دەبینین لە شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن) دا هەمان تێمای کوشتنی باوک لە لایەن کوڕەوە بوونی هەیە، پاش ئەوەی کوڕێک، کچەکەی خۆشەویستی شەوێک دێنێتەوەماڵەوە، درەنگانێک باوکەکە ئارەزووی سێکسی بۆ خۆشەویستی کوڕەکەی دەجووڵێت و نزیکە سێکسی لەگەڵدا بکات، کوڕەکە بەم ڕەفتارەی باوکی دەزانێت و توڕە دەبێت، پێی دەڵێت: من دەمێک بوو ئەم بیرۆکەیەم هەبوو، مەبەستی بیرۆکەی کوشتنی باوکێتی، بۆیە هەڵدەستێت بە کوشتنی باوکی، یاخود لە شانۆنامەی (شەڕ)ی هەمان نووسەردا،

پاش ئەوەی باوکێک بە هۆی جەنگەوە ماوەی چەند ساڵێکە ژنەکەی و کچەکانی جێهێشتووە، دەگەڕێتەوە بۆ لایان، ئەمە لە کاتێکدایە کچەکەی بووەتە لەشفرۆش، ژنەکەشی ئامادە نییە سێکسی لەگەڵدا بکات، لە ساتێکدا بەها مۆراڵییەکان تێکدەشکێن و باوکەکە پێی وایە چیتر گرنگ نییە هەرکەس لەگەڵ کچەکەیدا سێکس بکات، دەیەوێت لە کچەکەی نزیک بێتەوە و سێکسی لەگەڵ بکات، ئەم کارکردنەوانە لە ناو (ئۆدیب)دا لای زۆر شانۆنامەنووسی دیکەش هەیە، واتە دەکرێت بڵێین تێکستی (ئۆدیب پاشا) لە توانایدا هەیە سەدان تێکست لە هەناوییەوە بێنە بوون.

(ئۆدیب) کانگایەکە بەردەوام شتی نوێ و ڕەهەندی نوێی تێدا دەدۆزرێتەوە، ئەوەی ژوولیا کریستیڤا پێی وایە (تێکست ئاوێنەی تێکستە) تەواو بە سەر (ئۆدیب پاشا)دا پراکتیزە دەبێت، چونکە (ئۆدیب) ئاوێنەی سەدان تێکستە و بێگۆتا دەکرێت تێکستی نوێێ لێ بەرهەم بێت. (ئۆدیب) یان هەر تێستێکی دیکەی کلاسیک بواری تێدایە بخرێتە فۆڕمی نوێوە و لە ڕێگەی کردەی (بەهاوچەرخکردن)ەوە بکرێتە خەمی مرۆڤی نوێ، ئەمەش بە هۆی ئەو بابەتە ئەنتۆلۆژییە قووڵ و گەورانەی هەریەکێکیان لە هەناوی خۆیاندا هەڵیان گرتووە.

### سەرچاوەکان:


-ئەرستۆ تالیس، هونەری شیعر(پۆیتیکا)، وەرگێڕانی لە ئەڵمانییەوە: د.حەمید عەزیز، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.


-ویلیام جیمز دۆرانت، مێژووی شانۆ، وەرگێڕانی: (پێشڕەو حسەین) لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان.

-لاش نۆرێن، شانۆنامەی (جورئەتی کوشتن)، وەرگێڕانی (هیوا قادر)

-لاش نۆرێن شانۆنامەی (شەڕ)، وەرگێڕانی: (دلاوەر قەرەداغی)، زنجیر(٩)ی شانۆی بیانی، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.

-درامای کوردی لە ناو درامای جیهانیدا، حەمە کەریم هەورامی، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئاراس.






# هەوڵێک بۆ خوێندنەوەی

## ڕۆمانی (ئەودیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا)ی ئیسماعیل حەمەئەمین

**ئاراس وەهاب**



(ئیسماعیل حەمەئەمین) لە ڕۆمانی (ئەودیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا)دا هەوڵ دەدات ئەتمۆسفێرێکی جیاواز بخوڵقێنێت و تێیدا کارەکتەرەکانی بە ئاڕاستەی جۆراوجۆردا بجووڵێنێت،

# مرۆڤی ئەمڕۆ بوونەوەرێکی زمانەوانیی بێجەستەیە

بۆیە پێوەندییەکی گریمانەیی لە نێوان واقیع و خەیاڵدا دادەمەزرێنێت. واقیعێک دروست دەکات وەک ئەوەی زمان دەیخوازێت، نەوەک وەک ئەوەی مێژوو دەیسەپێنێت. ئەگەر مێژوو هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەوە کار دەکات تاکەکان لەژێر یەک ئەدرێسدا کۆ بکاتەوە و یەک شوناسی گشتگیریان بداتێ، ئەوا ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە جیاوازیی نێوان هەر تاکێک لەگەڵ ئەوەی دیکەدا دروست دەکات. ڕۆمانیش زەمینەیەکی فراوانی هەیە بۆ پێشاندانی ئەو جیاوازییانە. هەوڵی ڕۆمانی (ئەو دیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا)یش بۆ ئەوەیە ئەو دەسەڵاتە لە مێژوو بستێنێتەوە و کارەکتەرەکانی لەناو ئەتمۆسفێرێکی ئازاددا هەڵبسووڕێنێت تاکو چ خۆیان و چ شتەکانیان بەپێی یاساکانی زمان بجووڵێنەوە، کە خەیاڵ وەک دیوەکەی دیکەی ئەو زمانە تێیدا بەشدارە. لێرەدا گێڕانەوە لەوە دەردەچێت ببێتە پرۆسێسێک بۆ سەلماندن و بەڵگەهێنانەوە، بەڵکو هەر لە سەرەتاوە ئەو قاڵبە تێکدەشکێنێت، کە لەسەر بنەمای (دەستپێک، پێشکەشکردنی بابەت، هێنانەوەی ئارگۆمێنت و کۆتایی) وەستاوە. لەمەوە گێڕانەوە پابەند نابێت بە سیستەمی کات و شوێنی دیاریکراوەوە، بەڵکو لە ڕێگای هەردوو تەکنیکی فلاشباک و فلاشفۆوەرد (Flashback and Flashforward)ەوە ڕووداوەکان جێگۆڕکێیان پێ دەکرێت و لە ڕەهەندە واقیعییەکەیان دادەماڵرێن. دەکرێت بڵێین دیالۆگێکی نەبیستراو لە نێوان حیکایەتبێژ و خوێنەردا دروست دەکات، بێ ئەوەی نە نووسەر و نە کارەکتەر ببنە بەربەست لە نێوان ئەو دووانەدا. ئەمەیش پێوەندیی بەو سەردەمەوە

هەیە، کە دەیەوێت تەعبیری لێوە بکات. ئەوەی سەردەمی مۆدێرنتە لە سەردەمەکانی پێش خۆی جیا دەکاتەوە ئەوەیە، کە ئیتر زمان بواری ئەوەی نییە بە شێوەی ڕاستەوخۆ باس لە ئازارەکانی مرۆڤ بکات، چونکە ئازارەکانی مرۆڤی سەردەمی شارستانی لە دەرەوە نین، بەڵکو لە ناوەوەن و لە شێوەی سیمبۆڵدا دەردەکەون. بە مانایەکی تر ئەگەر ئازارەکانی مرۆڤی دوێنێ لە برینی سەر جەستەوە هەڵدەقوڵان و جەستە خۆی شایەتیی بۆ بوونی ئەو ئازارانە دەدا، ئەوا ئازارەکانی مرۆڤی ئەمڕۆ لە ناوەوەن و لە شێوەی نیگەرانی، ترس، دڵەڕاوکێ و نامۆییدا دەردەکەون، کە جەستە ناتوانێت شایەتی بۆ بوونی ئەوانە بدات، بۆیە لێرەدا زمان جێگەی جەستە دەگرێتەوە. مرۆڤی ئەمڕۆ نە بۆ ئەوە باسی ئازارەکانی دەکات تاکو ئەوەی دیکە گوێی لێ بگرێت و نە دەتوانێت بەڵگە بهێنێتەوە، کە ئازاری هەیە. دەتوانین بڵێین مرۆڤی ئەمڕۆ بوونەوەرێکی زمانەوانیی بێجەستەیە. ئەمە لە ئەدەب و هونەردا ڕەنگی داوەتەوە و چیتر مرۆڤی تەواو، مرۆڤێک خاوەنی هاوڕێکیی نێوان جەستە و هۆشیاری بێت، بەرچاو ناکەوێت، بەڵکو خودێکی تێکشکاو شوێنی ئەو مرۆڤە دەگرێتەوە وەک لە بەرهەمەکانی (مارسێل پرۆست)، (ئیلیۆت)، (جەیمس جۆیس)، (تۆماس مان)، (فرانز کافکا)، (ولیەم فۆکنەر) و زۆری تردا دەبینرێت. بەم شێوەیە کارەکتەری ئەدەبی بۆ خۆی، نەوەک بۆ یەکێکی تر دەدوێت و زمانەکەی ناڕۆشنە. ئیتر زمان بۆ ئەوە نییە کار لە دەوروبەر بکات، بەڵکو ئەرکی دۆزینەوەی ڕێگەی نوێی تەعبیرکردنە لە تەنیایی و نامۆییەکانی خود. لێرەدا دەبینین هەوڵی

ئەگەر مێژوو هەر لە بنەڕەتەوە لەسەر ئەوە کار دەکات تاکەکان لەژێر یەک ئەدرێسدا کۆ بکاتەوە و یەک شوناسی گشتگیریان بداتێ، ئەوا ئەدەب لە ڕێگەی زمانەوە جیاوازیی نێوان هەر تاکێک لەگەڵ ئەوەی دیکەدا دروست دەکات

## رانانی کتێب

ئەدەبی سەردەمی پۆستمۆدێرن ڕزگاربوونە لە کۆتی ئایدۆلۆجیا و دۆگماتیزم، کە عەقڵانییەتی مۆدێرنتە سەپاندوویەتی، بۆ ئەوەی ڕێگە لە بەردەم کرانەوەی فکر بکاتەوە و زمان وەک ئۆرگانێکی سەربەخۆ هەڵسووڕێت. بە مانایەکی تر ئەنتۆلۆجیا شوێنی ئایدۆلۆجیا دەگرێتەوە. واتە بوون خۆی تەعبیر لە خۆی دەکات بێ ئەوەی پەنا بۆ کەناڵەکانی دەرەوە ببات. کۆبوونەوەی ئێڵەمێنتەکانی وەک شیعر، مۆسیقا، هونەری شێوەکاری، شانۆ و زۆری تر لەناو یەک تێکستدا بەرهەمی ئەو ڕزگاربوون و کرانەوەیەیە. تاقیکردنەوەی ڕێبازە جیاوازەکانی وەک دادایزم، سوریالیزم و زۆری تر گەڕانە بە دوای کەناڵی دیکەی دەربڕیندا. هەوڵی ڕۆمانی (ئەو دیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا) ڕزگاربوونە لەو کۆتوبەندانەی واقیع سەپاندوونی. گوتمان ئەو بنەمایەی تێکشکاندووە کە لەسەر (دەستپێک، پێشکەشکردنی بابەت، هێنانەوەی ئارگۆمێنت و کۆتایی) وەستاوە و کارەکتەرەکان ڕاستەوخۆ بۆ خۆیان دەدوێن، بەڵام دیالۆگێکی ناڕاستەوخۆ لەگەڵ خوێنەردا دەهێننە کایەوە. کۆچ، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی مرۆڤی سەردەمی شارستانی (شارستانی بە مانا فرۆیدییەکەی)، کە تەکنەلۆجیای گواستنەوە قورساییەکەی زیاتر کردووە. ئەگەر کۆچ لە سەردەمی پێش مۆدێرنەتەدا پێوەندیی یەکەمی بە شوێن و پێوەندیی دووەمی بە زەمەنەوە هەبوو، ئەوا لە سەردەمی فرۆکە، کەشتی، شەمەندەفەر و ئەوانی تردا پێوەندیی یەکەمی بە زەمەنەوە هەیە. ئەوەی لای کارەکتەر دەبێتە پرسیار و مەتەڵ ئەو خێراییەی زەمەنە، کە دەتوانێت لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکەی بگوازێتەوە و بیخاتە بەردەم واقعێک کە تەواو لەوەی پێشووی جیاوازە. کۆچ، لە ڕۆمانی (ئەو دیوو سنوور، باڵەفڕە بەنێو دارستانەکانی مانگدا) دا تیمەی سەرەکییە و دەمانخاتە بەردەم پرسیاری زەمەنەوە. کۆچ، کارەکتەرەکان نەک هەر لە شوێنێکەوە دەگەیەنێتە شوێنێکی ترەوە، بەڵکو لە زەمەنی کۆمەڵایەتییشیان دادەبڕێت. مەبەست لە زەمەنی کۆمەڵایەتی ئەو زەمەنەیە، کە سەرجەم کۆمەڵگە لەسەر یەک ڕێتم ڕێک دەخات. بەم شێوەیە کارەکتەرەکانی ئەو ڕۆمانە گۆشەگیر دەبن و بەپێی زەمەنی ناوەوەی خۆیان دەجووڵێن، کە ئەمە لە هەڵسوکەوتیاندا ڕەنگ دەداتەوە و هەست بە نامۆییەکی قووڵ دەکەن، با ڕاستەوخۆیش ئەو هەستەی خۆیان دەرنەبڕن. ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەریاندا دێن بە پلەی یەکەم ئەنجامی گۆڕانی زەمەنە، نەوەک شوێن. یان دەکرێت بڵێین ئەوە دەسەڵاتی زەمەنە کارەکتەر ناچار دەکات چۆن لە شوێن بڕوانێت و چ کارادانەوەیەکی لە ئاستیدا هەبێت. بەم شێوەیە شوێن لە ئاستی فیزیکییەوە بۆ ئاستی میتافیزیکی دەگۆڕێت. لەوە دەردەچێت لە ڕێگەی هەستەکانەوە پێوەندیی پێوە بکرێت، بەڵکو دەبێتە گوتراو (Verbal) و خەیاڵکراو (Imaginary). دەکرێت بڵێین شوێن لە سەردەمی مۆدێرنتەدا ئەو پانتاییە نییە کە مرۆڤی تێدا هەڵدەسووڕێت، بەڵکو ئەو سەرابەیە کە مرۆڤ پێی ناگات. مرۆڤی سەردەمی شارستانی پێچەوانەی مرۆڤی سەردەمەکانی پێش خۆی لە شوێن دابڕاوە و وەک تارمایی دەیبینێت و بیری لێ دەکاتەوە، کە لەم ڕۆمانەی (ئیسماعیل حەمەئەمین)دا هەستی پێ دەکەین. دەرکەوتنی

# هۆشیاری دەتوانێت کارەکتەر وەك تاك لە کۆمەڵ جیابکاتەوە و ئاڕاستەی جیاوازی بیرکردنەوە و دەربڕینی لا بخوڵقێنێت

کۆمەڵێک ڕەگەزی وەک قاچاغچی، سەرخۆش، تریاککێش، سۆزانی، مەیخانە، دیسکۆ و زۆری تر لەم ڕۆمانەدا، ئەگەرچی ئەنجامی گۆڕانی شوێنن، واتە ئەنجامی کۆچی کارەکتەرەکانن لە ڕۆژهەڵاتەوە بۆ ڕۆژئاوا، بەڵام ڕاستییەکەی بەرهەمی ئەو گۆڕانکارییانەی زەمەنن، کە مۆدێرنتە سەپاندوویەتی و پێشتر لە ئەدەبی ئێمەدا کەم باس کراون. ئەمانە نەک هەر ئەتمۆسفێرێکی ترسناکیان خوڵقاندووە، بەڵکو کۆمەڵێک دەنگی جیاوازیشیان خستووەتە ناو ئەو ئەتمۆسفێرەوە و ڕەهەندی ئیستاتیکییان بە تێکستەکە داوە.

کارەکتەرەکان لە ئاستێکی بەرزی هۆشیاریدان، بۆیە واقیع بە تەواوی بە لاوە نانێن، بەڵکو دەیانەوێت بچنە ناو وردەکارییەکانیەوە و لە نهێنییەکانی تێبگەن، کە ئەمە وای کردووە زمانی هەموویان تا ڕادەیەک لە یەکتر بچن. بە مانایەکی تر هۆشیاریی نووسەر لێرەدا بەسەر هۆشیاریی ئەواندا زاڵ دەبێت. هەندێجار ئاسان نییە کارەکتەرێک لە کارەکتەرێکی تر جیا بکەیتەوە. ڕاستە وەکو زۆربەی ئەوانەی لەبارەی تیۆری گێڕانەوەوە نووسیویانە دەڵێن زمانی حیکایەتبێژ و زمانی نووسەر یەک سەرچاوەن، بەڵام مەودای ئەو ئازادییەی نووسەر بە کارەکتەری دەبەخشێت ئەوە دیاری دەکات تا چ ئەندازەیەک ئەو دوو زمانە دەتوانن جیاواز بن. بە لاکەی تردا ئەو هۆشیارییە وای کردووە قووڵایی ڕووداوەکان دەربخرێن و وا پێویست بکات لە کۆمەڵێک گۆشەنیگای جیاوازەوە لێیان بڕوانرێت، لە کاتێکدا گرفتی بەشێکی زۆری ڕۆمانی کوردی نەبوونی هۆشیارییە، کە ڕۆماننووسی ئێمە هێشتا نەبووەتە خاوەنی ئەزموونی مەعریفی.

ئەگەر ئەم ڕۆمانەی (ئیسماعیل حەمەئەمین) لەگەڵ هەندێک لەو ڕۆمانانەی لەم چەند ساڵەدا چاپ کراون، بەراورد بکەین، ئەوسا بە وردی لەوە تێدەگەین چۆن ڕۆمانی کوردی بە دەست نەبوونی ڕەگەزی هۆشیارییەوە دەناڵێنێت. هۆکارەکەیشی ئەوەیە ڕۆماننووسی کوردی ئەزموونی کەمە و لە گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆجییەکان قووڵ نەبووەتەوە. ئەو ڕۆماننووسە پێوەندییەکی وجوودییانەی لەگەڵ دەوروبەر دانەمەزراندووە. کاتێکیش ئەو پێوەندییە دروست نەبووبێت، ڕۆماننووس بۆ قووڵکردنەوەی تێڕوانینەکانی پێویستی بە بوارە جیاوازەکانی مەعریفە نابێت. هۆشیاری دەتوانێت کارەکتەر وەک تاک لە کۆمەڵ جیا بکاتەوە و ئاڕاستەی جیاوازی بیرکردنەوە و دەربڕینی لا بخوڵقێنێت. بە مانایەکی تر دەتوانێت لەو ڕەهەندە مێژووییانەی دابڕێت، کە دەوروبەرەکەی پێ دەناسرێنەوە. هۆشیاری بەرهەمی گومان و بیرکردنەوەی جیاوازە، کە ئەدەب وەک یەکێک لە کەناڵەکانی ئیستاتیکا توانای دەرخستنی ئەو جیاوازییانەی هەیە. گرفتی بەشێکی زۆری ئەدەبی ئێمە بە گشتی و ڕۆمانمان بە تایبەتی مانەوەی کارەکتەرە بەو شێوەیەی کۆمەڵگە پێی گەیاندووە، بۆیە نە دەتوانێت جیاوازی پێشان بدات و نە کاریگەرییش جێ دەهێڵێت. تاکو ئێستا ڕۆمان نەبووەتە پرۆسێسی گۆڕینی تاکی ئاسایی بۆ تاکی بیرکەرەوەی سەربەخۆ، کە بتوانێت لەوێ مامەڵە لەگەڵ دنیایەکی دیکەی جیاواز لەوەی لە واقیعدا تێیدا ژیاوە، بکات. لێرەدا بەرهەمەکانی (بەختیار عەلی) و (کاروان کاکەسوور) جێگەی تێڕامانن، کە لە ئاستی هۆشیاریی بەرزدان و لە ڕێگەی گێڕانەوەوە ئەو هۆشیارییە بە شێوەی ئیستاتیکی پراکتیزە


گرفتی بەشێکی زۆری ئەدەبی ئێمە بە گشتی و ڕۆمانمان بە تایبەتی مانەوەی کارەکتەرە بەو شێوەیەی کۆمەڵگە پێی گەیاندووە، بۆیە نە دەتوانێت جیاوازی پێشان بدات و نە کاریگەرییش جێ دەهێڵێت




کراوە. ڕۆمانی (ئەو دیوو سنوور، باڵەفرە بەنێو دارستانەکانی مانگدا)یش لەم ڕووەوە هەوڵێکی ترە بۆ بەکارهێنانی هۆشیاری وەک ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمان لە دروستکردنی کارەکتەری جیاواز جیاواز و جووڵاندنیان لەناو کایە جیاوازەکانی ژیاندا، دواجار بۆ بەرهەمهێنانی مانایەک، کە ڕەهەندێکی فەلسەفیی هەبێت. هەر ئەو هۆشیارییە ئەوەمان بە دەستەوە دەدات هەست بکەین هەر کارەکتەرێک لە قەیرانێکی گەورەی ڕۆحی و سایکۆلۆجیدا دەژیی، کە پرۆسێسی گێڕانەوە هەموو ئەو قەیرانانە بە یەکتر دەگەیەنێتەوە، بۆ ئەوەی هەم لەیەکچوون و هەم جیاوازییەکانیان ببینین. زمانی گێڕانەوە لەم تێکستەدا بەسەر وەسفدا زاڵە. بە مانایەکی تر وەک تێکستە تەقلیدییەکان وەسف شتێکی سەربەخۆ نییە، بەڵکو بەشێکە لە پرۆسێسی گێڕانەوە. بە گشتی زمان ڕێتمێکی خێرای هەیە، بە چاوپۆشین لە هەڵەی داڕشتن، ڕێنووس و خاڵبەندی، کە بە تێسکتەکەوە دیارن، تەنانەت ناونیشانی ڕۆمانەکەیش (ئەو دیوو سنوور، باڵەفرە بەنێو دارستانەکانی مانگدا) لە هەڵە بە دەر نییە. وشەی (ئەودیو) پێکەوە دەنووسرێت و تەنیا یەک (واو)ی دەوێت، ئەگینا ماناکەی دەگۆڕێت. بەم شێوەیەی ئەو نووسیویەتی دەبێتە (ئەودیو) و (سنوور)، لە کاتێکدا مەبەستی تەنیا (ئەودیو)ە، واتە (ئەودیو سنوور). دیارە ئەو هەڵانە تایبەت نین بە (ئیسماعیل حەمەئەمین)ەوە، بەڵکو لە زۆربەی نووسینی ئەمڕۆی ئێمەدا بەرچاو دەکەون.

## دۆسیەی ئەزموونی ڕۆماننووسیی

# بەختیار عەلی





دۆسیەی ژمارەی داهاتوو

# وەرگێڕان




دۆسیەی ژمارەی دواتر

ئەزموونی شیعریی

# کەریم دەشتی



# من شەهرەزادی حیکایەتم، شەهریار!



بوشرا کەسنەزانی

ڕەخنەی فێمێنستی یەکێکە لەو لقانەی ڕەخنەی ئەدەبی، کە لە شیکاری دەقەکاندا پشت بە باسەکانی دەرەوەی دەق دەبەستێت و خۆی لە ناو چوارچێوەی دەقدا قەتیس ناکات. ئەم ڕەخنەیە بە دیدێکی ترەوە و لە پێناوی نیشاندانی جیاوازیکردن لە نێوان ڕەگەزەکاندا کار لە ناو دەقی ئەدەبیدا دەکات. پەیڕەوانی ئەم جۆرە رەخنەیە لایان وایە، دەقە ئەدەبییەکانیش، بە تایبەت ئەوانەی لە لایەن پیاوانەوە



نووسراون، وەک هەر بابەتێکی تری ئەم جیهانە لە دروستکردنی جیاکاریی ڕەگەزی و پێشێلکردنی مافی ژندا پشکیان هەیە. ئەم شێوازە لە ڕەخنەی ئەدەبی جگە لەوەی لە ناو دەقی پیاواندا بە دوای وێنەی دروستکراوی ژندا دەگەڕێت، لەتەکیشیدا کار لە ناو ئەو دەقانەدا دەکات، کە نووسەرەکانیان ژنن و بەهۆی شیکاریی دەقەکانەوە گەرەکێتی پێگەی ژن لە ناو ئەدەبدا تۆختر بکاتەوە. لە لایەکی ترەوە ئەم جۆرە رەخنەیە بە دوای دەرخستنی شێوە و شکڵی ئەو ئەدەبەدایە، کە بە دیدی تر و لە ناواخنێکی ترەوە دێتە بوون و هەڵگری ئەدگاری جیهانی مێینەیە!

یەکێک لە پێشەنگەکانی رەخنەی فێمینیستی ڤێرجینیا وۆڵف بوو، بە تایبەت ئەو دەمەی لە باسێکیدا بە ناوی (ژن و ئەدەبی چیرۆک) ئاماژە بەو هۆکارگەلە دەکات، کە بۆچی ئەدەبی ژن پشتگوێ خراوە. لەم باسەدا وۆڵف دەگەڕێتەوە بۆ مێژووی نووسینی ژنان و ئاماژە بە چەند ژنەنووسەرێکی دیار دەدات، کە لە بواری چیرۆک و ڕۆماندا قەڵەم بە بڕشت بوون، کەچی لە ناو بازنە ئەدەبی و ئەکادیمییەکاندا بە هەند وەرنەگیراون.

ڕەخنەی فێمێنیستی لە ناو ئەدەبیاتدا بە دوای ڕەگی قووڵ و دێرینی پیاوسالاریدا دەگەڕێت. بە درێژایی مێژوو زۆربەی نووسەران پیاو بوون، هەر بۆیە پاڵەوان و شاکەس و کارەکتەری تیشکلەسەر پیاو بوون و ڕۆڵێکی پەراوێزیش بە ژن دراوە. لێرەدا دەتوانین ئاماژە بە نموونە جیهانییەکانی وەک ئۆدیب، ئودیسیوس، هاملێت، تۆم جۆنز، هۆک فین و چەندانی تر بکەین. ئامانجی رەخنەی فێمێنیستی ئەوەیە کە مادەم ژن ڕەگەزێکی دیار و نیوەی کۆمەڵە، بۆیە دەبێت لە ئەدەبیاتیشدا پڕڕەنگ بکرێتەوە و مافی خۆی وەک کارەکتەری دیار و وەک پاڵەوان پێبدرێت.

ئەوەی گرنگە لەم لێکۆڵینەوەیەدا، ئەوەیە کە ئێمە بتوانین لە ڕێگەی ئەم ڕەخنەیەوە کار لە سەر چەند دەقێک بکەین. بۆ ئەم کورتەباسە ئێمە دەقی نووسەرانی پیاومان هەڵبژاردووە، ئەو دەمەی پاڵەوان و وەگێڕیان (حیکایەتەخوان) ژنە و لە ناو دەقەوە کار لە سەر ئەو کۆد و ئاماژانە دەکەین، کە نیشاندەری وێنەی کارەکتەرەکانن و پێگە و ئەرکی هەر یەکەیان وەک کارەکتەری ناو چیرۆک و وەک بوونەوەری کۆمەڵگە دیاری دەکەین!

## کێ خەریکە قسە دەکات؟

بەر لە هەر شتێک ئەو دەمەی ڕۆمانێک دەخوێنینەوە، کە دەست دەکەین بە یەکەم دێڕ ئەم پرسیارە لە مێشکماندا دەنگ دەداتەوە: کێ ئەم حیکایەتەمان بۆ دەگێڕێتەوە؟ وەگێڕی حیکایەت لە یەکەم بەرهەمی دێرینی جیهانیدا بێگومان شەهرەزادە، شەهرەزاد دەسەڵاتی تەواوی بە سەر تێکستدا هەیە، بە زاری خۆی ڕووداوەکان باس دەکات، حیکایەتەکان دەگێڕێتەوە و تاسە و مەیل و چاوەڕوانی لە ناخی گوێگردا دەچەسپێنێت. لە تێکستی نوێشدا کاتێک ڕووبەڕووی ڕووداو دەبینەوە، هەمان پرسیار لە نائاگاییەوە دێتەوە زەینمان، کێ ئەمانەمان بۆ باس دەکات؟ ئەودەم مەرج نییە شەهرەزاد بێت، دەشێت شەهریار بێت و بیەوێت لەوێوە درێژە بدات بە کوشتنی ژنان، خۆ دەشێت ڕزگارکەریش بێت. ئەم بڕیارەش دەکەوێتە سەر دەقەکە و شرۆڤە و شیتەڵکردنی گشت لایەنەکانی!




لە ئەدەبی چیرۆکناسیدا کەسی وەگێڕ بەهای تایبەتی خۆی هەیە و نووسەر بەوپەڕی وردیی سەرنجەوە حیکایەتخوان هەڵدەبژێرێت و لە نیگای ئەوەوە ڕووداوەکانمان نیشان دەدات. وەگێڕ بە چەندان شێوە دەردەکەوێت، دەشێت خۆی لە ناو چیرۆکەکەدا بێت و هەڵسوڕاوی ڕووداوەکان بێت یانیش لە دەرەوەی چیرۆک بێت. وەگێڕی ناو چیرۆکیش بۆ خۆی دابەش دەبێت بەسەر دوو جۆردا: دەشێت وەگێڕ خۆی پاڵەوان بێت و باسی خۆی بکات، یانیش کەسی دووەم و سێیەم بێت و ژیانی کەسێکی دیکە بگێڕێتەوە، (بۆ نموونە کۆشکی باڵندە غەمگینەکان). وەگێڕی دەرەوەی چیرۆک دەتوانێت وەک حیکایەتخوانی هەمووشتزان (پێزانی گشتی) دەرکەوێت، کە چەشنی خودای چیرۆک لەو سەرەوە ئاگاداری هەموو ڕەوت و ڕووداو و جووڵە و سرتەیەکە و بۆی هەیە بخزێتە ناخی کارەکتەرەکانیشەوە. بەهای وەگێڕ لەناو ئەدەبیاتی چیرۆکیدا، بە تایبەت وەک گۆشەنیگای گێڕانەوە، لەوەدایە کە نووسەر هەوڵ دەدات باشترین و گونجاوترین کارەکتەر بۆ ئەم مەبەستە تەرخان بکات و دیدی ئەو، ئەو گۆشەنیگا گرنگە بێت، کە شایستەی ئەوەیە خوێنەر شتەکانی لێوە ببینێت. ئەم گۆشەنیگایە مەرج نییە هەمیشە نووسەر بێت، بەڵکو دەشێت کەسی ناو چیرۆکەکە بێت. فرەجار نووسەران بە مەبەستی ئێستاتیکای گێڕانەوە و ناباوکردن لە گێڕانەوەدا، کەڵک لە گۆشەنیگای کەسانی منداڵ یان نەخۆش یان زەین گەشەنەکردوو وەردەگرن، نموونەی دیاری ئەمە لە (تووڕەیی و هەراوهۆریا)ی ویلیام فۆکنەردایە، کە یەکەم وەگێڕ پیاوێکی سی ساڵەی زەین ناکامڵە، یان سالینجەر لە ڕۆمانی (پاسەوانی دەشت)دا کە گۆشەنیگای گێڕانەوە لە چاوی مێردمنداڵێکی دەروون نەخۆشەوەیە. زۆر ڕۆمانیش هەن لە چاوی کەسانی ئاساییەوەن، بەڵام ئەم ئاساییە دەبێت بە نائاسایی و لە باوەوە بۆ چوارچێوەی ناباو دەترازێت، ئەو دەمەی نووسەرەکە پیاو بێت و گۆشەنیگاکەش ژن. دیارە خودی ئەم کارە لادانە لە یاسای باوی ڕۆماننووسین و چیرۆکنووسین و سەرلەنوێ ڕوانینەوەیە بە دیدێکی ترەوە لە پرۆسەی گێڕانەوەی حیکایەت وەک هونەرێکی تایبەت بە سەردەمی نوێ (بە تایبەت ڕۆمانی نوێ). لێرەدا دەشێت پرسیارێک بێتە ئاراوە: جیاوازیی وەگێڕ لە چیدایە ئەگەر هەر ڕەگەزێک بێت؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە دەتوانین لە ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ی بەختیار عەلی بڕوانین. خودی نووسەر لە دەرەوەی دەقدا پیاوە. بەو پێیەش کە کەسی وەگێڕ ناوەکییە و بەشداری ڕووداوەکانە، خوێنەر وا چاوەڕوان دەکات دەنگێکی پیاوانە حیکایەتی بۆ بکات، بەڵام بە پێچەوانەی ئەم وێنایەوە، دەنگێگی دی قسەکەرە، کە کچە. بۆ ناسینەوەی ئەم دەنگەش ڕۆمانەکە بە ناساندنی کارەکتەرەکە دەست پێدەکات و دەڵێت: (من خەندانی چکۆلە چەندین ساڵ هەموو ئەو ڕووداوە سەیرانە ژیام کە دوواجار ئەستەم بوو تا کەمێک گەورە نەبم نەتوانم لە هەموو ماناکانیان تێبگەم و بیاننووسمەوە..) لەبەر ئەوەی ناتوانرێت خودی دەنگەکە وەک ئاوازە بناسرێتەوە، وەگێڕ خۆی دەناسێنێت، بە ناویشیدا دەزانین کە خانمە و خودی نووسەر نییە!

ئەم دەنگە ژنانەیە، کە دواتر لە هەندێک جێی ڕۆمانەکەدا وەک ئاوازە و ترپە و شێوەی دەربڕینی

لە ئەدەبی چیرۆکناسیدا کەسی وەگێڕ بەهای تایبەتی خۆی هەیە و نووسەر بەوپەڕی وردیی سەرنجەوە حیکایەتخوان هەڵدەبژێرێت و لە نیگای ئەوەوە ڕووداوەکانمان نیشان دەدات. وەگێڕ بە چەندان شێوە دەردەکەوێت، دەشێت خۆی لە ناو چیرۆکەکەدا بێت و هەڵسوڕاوی ڕووداوەکان بێت یانیش لە دەرەوەی چیرۆک بێت.



ژنانە دەناسرێتەوە، خودی خۆی بەشداری ناو ڕەوتی ڕووداوەکانە. هونەرکاری لەوەدایە، کە نە تەنها خودی خۆی پاڵەوانە و باسی خۆی دەکات، نە تەنها وەگێڕی بەسەرهاتی پاڵەوانیشە، بەڵکو ئاوێتەسازی هەردوو تەکنیکەکەیە و توانەوەی دوو وەگێڕە لەیەک وەگێڕدا: لە لایەکەوە خەندان بە باسی خۆی دەست پێدەکات و بەسەرهاتەکانی خۆی باس دەکات، لە لایەکی ترەوە بەهای تەواوەتی دەدات بە چیرۆکی ژیانی پەروانە، کە وەک پاڵەوان دەردەکەوێت. بەم شێوەیەش ئاوێتەسازیی دوو شێوەکە بەرجەستە دەبێت، کە هەمیشە ڕەوتی گێڕانەوە لە نوێبوونەوە و لە ناو یاریکردنی بەردەوامدایە، بەبێ ئەوەی خوێنەر بە ژیانی تاقە کەسێکەوە جاڕس بکات!

وەک لایەنی هونەری، کەسی وەگێڕ خەندانە، بەڵام بە بەردەوامی دەیەوێت بڵێت: ئەوەی من دەیگێڕمەوە ژیانی خۆم نییە، بەڵکو بەسەرهاتی پەروانەیە، کە وەک پاڵەوان لە ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت. لێرەدا مادەم دەم لە باسی پاڵەوان دەدرێت، بەوپێیەش کە ڕووداوەکان بەسەر ژنگەلێک و دواتر بەسەر پیاواندا هاتوون، ئەوا دەبێت هەڵوێستە لەسەر ناوی پاڵەوان یان قارەمان بکەین. بەدرێژایی مێژووی ئەدەبیاتی گێڕانەوە، ئەو دەمەی باس لە پاڵەوان کراوە، مەبەست لێی کەسی تایبەت و ئازا و لێهاتوو و بزوێنەری ناو ڕووداوەکان بووە، کە دواجار وەک ڕزگارکەر و فریادڕەس سەیر کراوە. دیارە ئەم پاڵەوانەش بە دڵنیاییەوە، کارەکتەری پیاوە نەک ژن، بەڵام لە ڕۆمانی نوێدا ناوی پاڵەوان گۆڕاوە بۆ کارەکتەری سەرەکی یان شاکەس، لە فۆڕمێکی تریشدا هەر بە پاڵەوان ماوەتەوە، وەلێ لەبەرئەوەی تایبەتمەندیی پاڵەوانی کلاسیکی تێدا نییە، بە دژەپاڵەوان ناسراوە!

ئەگەر بمانەوێت لەم ڕۆمانەدا پاڵەوان دیاری بکەین، ئەوا لە نێوان خەندان و پەروانەدا ون دەبین. هەروەها دەبێت دڵنیا بینەوە لەوەی ئاخۆ وشەی (پاڵەوان) لێرەدا گونجاوە یان نا، بەو مانایەی ئایا دەشێت دواجار بەکەسیان بوترێت پاڵەوان یان تەنها وەک کەسی سەرەکی و شاکەس لێیان بڕوانرێت؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین کە ڕووناکیی سەر تەختی شانۆکە لەسەر ئەوانە و تا بەرەو کۆتاییش دەچێت، ئەوانی تر لە تاریکیدا ون دەبن و شانۆکە بۆ خەندان، کە وەگێڕ و شایەتحاڵی تەواوی ڕووداوەکانە، چۆڵ دەبێت، تا ئەو ئاستەی هەست بە چۆڵییەکی سامناک دەکرێت، کە دواجار لە ماڵێکی تاریک و چۆڵ و تەنهادا دادەنیشێت و بەسەرهاتەکانی ساڵانێک لەوەوبەر بۆ ئێمە باس دەکات.

بۆ دیاریکردنی پاڵەوانێتیی ئەم کارەکتەرە حیکایەتخوانە، پێویستە ئاماژە بە ڕای (زیگرید واگڵ) بدەین. لە باسێکی فرە وردیدا واگڵ جەخت لەوە دەکاتەوە، کە خودی زاراوەی پاڵەوان تایبەتە بە ڕەگەزی نێرو هەڵگری خەسڵەتە نێرایەتییەکانە، ئەمەش جێگەی گومان و مشتومڕ نییە، چونکە کەسی پاڵەوان دەبێت ئازا و فریاڕەس بێت. بەپێی دەقە دێرینەکانیش ئەوە لە کێشی ڕەگەزی مێدا نییە. لەبەرامبەر ئەم خەسڵەتە نێرینانەشدا هەندێک هاوواتای دیکە هەن، کە هەرچەند ناتوانن ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە، بەڵام لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا بەکار دەبرێن، ئەویش خەسڵەتی (نەجابەتە) کە لە زمانی کوردیشدا هەمان وشەی بۆ بەکار دێت،

تا ئەو ئاستەی لە تێکستە فۆلکلۆرییەکانیشدا هەیە، (یاری من نەجیبە)، جگە لە زاراوەگەلی (بەئابڕوو، بەحەیا، بەشەرم، هتد) کە هەموو ئەم سیفاتانە بەرامبەر بە ئازایی و دلێری و چاونەترسی و لێهاتوویی و مەردایەتی دێنەوە، بە تایبەت لە زمانی کوردیدا. واگڵ تیشک دەخاتە سەر ئەوەی وشەی پاڵەوان، واتای مەردایەتیشی تێدایە، تا ئەو ئاستەی دەڵێت: مەرد بە، یان نامەرد. لێرەدا پێشگری (نا) باشییەکان خاڵی دەکاتەوە و وشەکە وەردەگێڕێتەوە سەر دژە کردەکانی.

لە نووسینێکیدا بە ناوی (پاڵەوانی بەقوربانیبوو و قوربانی پاڵەوان) زیگرید واگڵ دەڵێت بە پێچەوانەی زاراوەی پاڵەوانەوە، کە تەواو هەڵگری خەسڵەتی پیاوانەیە، قوربانی هەڵگری خەسەڵەتی ژنانە و بۆ ئەوان بەکار دێت، بە تایبەت لە فەرهەنگی پیاوسالاریدا. وشەکانی قوربانی و پاڵەوان وەک زۆر جووتە وشەی دیکە وەهان، کە بۆ ژن و پیاو بەکار دێن، (بکەر و بەرکار، بەهێز و لاواز، جەستە و هۆش، هەست و ڕێکخەری، بێشیرازەیی و دیاریکراوی) کە هەریەک لەمانە نیشاندەری ناتەبایی نێوان ژن و پیاوە.

بوونە قوربانی دەشێت بە شێوەگەلی جودا بێت، بۆ نموونە لە ڕووی دەروونی و هزری و سۆزدارییەوە بێت، یاخود لە ڕووی جەستەیی و کۆتاییهێنانی تەواوەوە بێت بە ژیانی کەسێک، ئەو دەمەی لە ناو ڕۆماندا دووچاری کێشە و نەهامەتییە جۆراوجۆرەکان دەبێت و لە ناو کێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە بۆ کێشەی تر دەچێت.

ئەم دوو چەمکە، واتە پاڵەوان و قوربانی، لە ڕۆمان و دەقی گێڕانەوەییدا تەواو بەرامبەر یەک نین، چونکە دەشێت هەندێکجار کەسی قوربانی ببێتە کەسێکی پاڵەوان و بەهۆی ڕووداوەکانەوە پێگەیەکی تری پێبدرێت. هەر ئەمەشە زۆرجار وادەکات کەسی نەهامەتدیدە، لە ئەدەبدا بە جوانی و بە ئازایی تەماشا بکرێت.

لە ئێوارەی پەروانەدا دوو قوربانی هەن، کە دواجار هەردووکیان پاڵەوانی دەمێکی ناو بەسەرهاتەکانن. لە سەردەمی یەکەمدا پەروانە، ئەو کیژە سەربەهەوا و جیاوازەیە، ڕۆحێکی سەرکەشی هەیە و ڕازی نابێت بەو شێوە ژیانەی کە تێیدایە و لە خەونی ڕزگاریدایە لەگەڵ پیاوی خەونەکانیدا. هەمیشەش قوربانی دەستی خۆشەویستەکانێتی لە ڕووی سۆزدارییەوە و تەنانەت لە ڕووی سەرجێییکردنی هەندێکیشیانەوە کە دواجار جێی دەهێڵن. ئەمەش بەردەوام دەبێت تا دەمی عاشقبوونی و ڕۆیشتنی بۆ جەنگەڵی عاشقان! ئەم کارەکتەرە وەک کچ، قوربانی دەستی کۆمەڵگە و دەستی عاشقەکانی و یار و دواجار دەستی کولتووری پیاوسالارییە، کە قوربانیبوون لە ڕووی سۆزداری و دەروونییەوە دەبێتە قوربانی جەستەیی و لە کۆتاییدا لەناوی دەبەن. بە درێژایی گێڕانەوەی ڕووداوەکان (کە لە یادمان بێت لە زاری خەندانەوەیە، خەندانیش خوشک و خۆشەویستی ئەوە، ئەو کەسەیە کە لەبری ئەو دەبێتە قوربانی دووەم)، ئەوەی کە خەندان خوشک و نزیکی پەروانە و وەگێڕە، وا دەکات ئێمە بەچاوی هاوخەمییەوە بۆ پەروانە بڕوانین. ئەمە ئەسڵی بابەتەکەیە. نووسەر دەبێت وریا بێت لە نیشانکردنی وەگێڕی خۆیدا، چونکە ئەگەر وەگێڕ پیاو بوایە، بۆ نموونە باوکی پەروانە بوایە، ئایا ئێمە هەمان هاوسۆزی و خەممان بۆی دەبوو؟


موکری



ياخود ئەگەر ژن بوایە و زەینەبی کوێستانی بوایە، به چ شێوەیەک وێنەی پەروانەی بۆ دەکردین؟ بۆیە ئەم هەڵبژاردنە بە بەهایە، گرنگە کە ئێمە لە دیدی خەندانەوە پەروانە دەبینین، ئەو چۆن بیبینێت ئێمەش هەر بەو چاوە تەماشای دەکەین و دەبینە هاوکاری بۆ ئەوەی حیکایەتەکەی لە ناو نەچێت!

لە قۆناغی دووهەمدا خەندان خۆی دەبێتە قوربانی، بەڵام بە ڕەچاوکردنی هاوتەریبیی ڕووداوەکان، لە دەمی قوربانیبوونی پەروانەوە ئەمیش دەبێتە قوربانی. ئەمەش لەبەرئەوەی کە خەندان دەبێت لە ڕووی فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگەوە باجی ئەو هەڵەیە بدات، کە پەروانە کردوویەتی. خەندانی بچکۆلە لەم قۆناغەدا هەموو ئازادییەکی لێ زەوت دەکرێت و دەست بەسەر هەموو ژیانیدا دەگیرێت، تاکو مێژووی خوشکەکەی دووبارە نەکاتەوە!

دەمی گۆڕانی خەندانیش لە قوربانییەوە بۆ پاڵەوان هەر لەم قۆناغەدایە، هەڵبەت لە یادمان بێت پاڵەوان بە مانا نێرانەکەی نا، بەڵکو بە مانای کارەکتەرێکی سەرەکی، کە دەبێتە جێگەی سەرنجی خوێنەر و خوێنەر بە بڕوای تەواوە گوێ بۆ قسەکانی دەگرێت. بەشی زۆری ڕووداوەکان لە دەمی خەندانەوە دەگێڕدرێتەوە، کە خۆی شایەتحاڵە، ئەو دەمانەشی کە ڕووداو لە چاوی ئەو شاردراوەیە و چینێک دیوار بە ڕوویدایە، بەهۆی دەفتەر و یادنووسەکانی فەتانەی غەمگین و گێڕانەوەکانی نەسرەدینی بۆنخۆشەوە، چین بەچینی گێڕانەوەکە تەواو دەبێت.

بە پاڵەوانبوونی خەندان لەم ڕۆمانەدا گرنگی خۆی هەیە، تا ئەو ئاستەی دەتوانین بەوپەڕی بوێرییەوە لە هەموو ئەو ڕۆمانە کوردییانەی دی جودای بکەینەوە، کە نووسەرانیان پیاون و وەگێڕەکانیان ژنن، چونکە لەم ڕۆمانەدا بە تێپەڕینی ڕووداو و لە ناو تەکنیک و هونەری نووسین و پلۆتسازیدا، هەست بە تێمای ئەم ڕۆمانە دەکەین و دیدی بەختیار عەلی دەبینین، سەبارەت بە ژن، وەک بوونەوەری ناو ڕۆمانەکانی، دواجار ژن وەک بوونەوەری کۆمەڵایەتیش.

ڕەنگە بەختیار عەلی یەکێک بێت لەو ڕۆماننووسە دەگمەنانەی کورد، کە لە ئێوارەی پەروانەدا ژن وەک ڕەگەزێکی لاواز و نەخۆش و قوربانی گەمژەیی خۆی نیشان نادات، وەک بوونەوەرێکی ئاڵۆشاوی و سێکسییش نایبینێت و قورساییەکەی لە پانتایی ڕۆماندا وەک مرۆڤە. بەدەر لەوەش کە ژن تەنها وەک مرۆڤێکی ئاسایی وێنا بکات، ئەگەر پەروانە و کچەکانی تر سیمبولی مێینەیی بن لە هەست و سۆز و عەشق و ئومێد و هەڵوەدانبوون بۆ بوون بە مەعشووق و ژن و دایک، ئەوا لێرەدا خەندانی بچکۆلە دەکات بە بونەوەرێکی کامڵ و خاوەن مەعریفە، کە لە تەواوی ڕۆمانەکەدا بێهاوتایە و ئەم بێهاوتاییەش دەیکاتە پاڵەوان.

دیارە کارکردن لەسەر وەها کارەکتەرێک هەندێکجار نووسەر ڕووبەڕووی ڕەخنە دەکاتەوە، بەوەی ئایا بە پێی ئەو هەلومەرجە دواکەوتووەی لە ناو فەزای ڕۆمانەکەدا هەیە، ئایا دەشێت کەسی قسەکەر بەختیار عەلی نەبێت و خەندان بێت؟ ئایا ئەوە ڕاستەوخۆ بەختیار عەلییە قسە دەکات و خۆی ناو ناوە خەندانی بچکۆلە؟ یان تەواو هێنانەگۆی کارەکتەرێکی کچە لە ناو کولتووری کوردیدا، بە هەمان خەسڵەت و تایبەتمەندێتییەوە؟ دیارە بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش خودی گێڕانەوەکانی



**جەبار جەمال غەریب**



ڕووداوەکە بەسن. ئەو دەمەی خەندان دوای بڕینی تەمەنی منداڵی و دوای چەشنی ناخۆشییەکان و درووستبوونەوەی لە ناو قوتابخانە ئایینییەکەدا بە تێڕامان و لێوردبوونەوەکانی، دەست دەکات بە نووسینەوە و داڕشتنی ڕووداوەکان بە جۆرێک کە تەواو هەست بە سروشتیبوونی گوتەکانی دەکەین. بێ زۆرلەخۆکردن و زیادەڕەوی، ئەوە خەندان خۆیەتی، کە گەشە دەکات و چیرۆک دەگێڕێتەوە. خەندان وەک پیاوانی ئاینی دین وەرناگرێت. ئەو بە چاوێکی ترەوە سەر لە نوێ خودا و ئاین و مرۆڤ و عەشق دەبینێت و بەردەوام ئەو تێڕوانینە نوێیەی وا دەکات جوانی لە شتەکاندا ببینێت، لە خودا و لە ئاینیشدا کە وەختانێک ئازاری دونیایان پێداوە! ئەم بینینەی نووسەر بۆ ژن بە باڵابینی ژنە و تەنها تەماشاکردنی نییە وەک قوربانییەکی دەستەپاچە، بەڵکو لەو قوربانییەوە دەبێتە پاڵەوانێک کە فریادڕەسی خودی خۆی و هەستەکانی بە چەشنێک کە وێنەیەکی دەگمەنی پێدەبەخشێت.
لە کارەکانی دیکەی بەختیار عەلیشدا هەمیشە نموونەی ئەو چەشنە ژنانە هەیە. نووسەر لە لایەکەوە ئەم کارەکتەرانە بەکار دێنێت بۆ ئەوەی بڵێت کۆمەڵگەکەم دەشێت خانمی وەهای تێدابێت، کە من وەک مرۆڤ دەیانبینم و هاوتایان دەکەمەوە، لە لایەکی تریشەوە، لە ڕووی مەعریفی و جیهانبینییەوە، لەڕێی نیشاندانی ئەوانەوە نووسەر خۆی دەبێتە ڕەخنەگرێک بۆ چەشنە ژنێکی دی، کە بەندی خۆیانن و لە ناو ڕووکەشگەرایی شتە ئاساییەکاندا خەریکی تێپەڕاندنی ژیانن. لە ڕۆمانی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان)دا (سەوسەنی فیکرەت گوڵدانچی) خاتوونێکە دەیەوێت لە ڕێگەی دونیای کتێبەوە دونیای ڕاستەقینە بناسێت. ئەم خانمە بە هۆی ئەو جادووەی فرەزانی زانستەوە، کچانی دیکە خۆشیان لێنایەت، کچانێک کە وەک نووسەر لە ڕۆمانەکەیدا دەڵێت: (هەرچەند مکیاژیان دەکرد و دەیانویست شاریانە دەرکەون، بەس سیمایان هەر گوندەکییانە دەینواند)، ئەم تێڕوانینە لە لایەک ڕەخنەییە و لە لایەکی دییەوە ستایش و دەرخستنی ئەو چەشنە خانمانەیە، کە بوونیان هەیە و گرنگن (نموونەیەکی تر دەشێت کارەکتەری تریفە یابەحری بێت لە ڕۆمانی غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵدا، کە هەمان تایبەتمەندیی هەیە). ئەمەش دەبێتە ناسنامەیەک بۆ بەختیار عەلی، کە ئەو دەتوانێت ڕەگەزی مێ بە مانای ورد و تەواو وەک مرۆڤ ببینێت، چۆن کارەکتەرە پیاوەکانی وەک محەمەدی دڵشوشە یان غەزەلنووس یان جەلادەتی کۆتر کەسانی بەئاگان، ئاوهاش خانمەکان بەئاگان.
لە ناو ئەدەبی کوریدا نووسەرانی دیکە هەن، کە وەگێڕەکانیان ژنن و لە خۆیان و خواستەکانیان دەدوێن (کە ئێمە پێشتر ئاماژەمان پێداوە) وەک لە چیرۆکی «پیاوی مەرمەڕ یان ئەفسونی شین»ی جەبار جەمال غەریبدا دەبینرێت. پلۆتی ئەم چیرۆکە لە ڕووی هونەرییەوە گێڕانەوەی فلاشباگی نییە وەک ئێوارەی پەروانە، بەڵکو بە شێوەی شەپۆلی هۆش نووسراوە. کەسی وەگێڕ ڕووداوەکان بۆ خۆی باس دەکات و بە شێوەی مۆنۆلۆگ دەدوێت. ئەم حکایەتخوانە ناوەکەییە بەهەمان شێوەی ئێوارەی پەروانە ژنە، بەڵام بە جیاوازیی ئەوەی ئەمە چیرۆکێکی درێژە و لەتەکیشیدا گێڕانەوە وەک مۆنۆلۆگی ڕاستەوخۆی کەسی یەکەمە، واتە ئەو



دەمەی نووسەر دەگێڕێتەوە (جەباری پیاو نییە) بەڵکو ژنێکە و باسی خەون و خولیای خۆی دەکات. کورتکردنەوەی گێڕانەوەی چیرۆکەکە لە پیاوی مەڕمەڕدا بەم شێوەیە دەست پێدەکات: (من هەر ئەوەم لە بیرە کابرایەکی چاوڕژاوی ڕیش سپی، ئەسپێکی ڕەشی باغەی بە دەستەوە بوو لە دەرگاوە سەری هێنابووە ژووریّ و دەیگوت: ئەو ئەسپۆکەیە هی منداڵەکەی ئێوەیە. من لە هەموو تەمەنما پیاوم پێ جوان بووە، بەڵام نە بازن بووە لە دەستی بکەم و نە گوارە لە گوێی کەم و نە سوتیان لە مەمک). بەم شێوەیە لەو دەمە ئاساییەی ڕووداو دەدوێت، کە پیاوێک بە ئەسپێکی باغەی یاریی منداڵانەوە هاتووەتە بەرماڵیان و ئەویش ئەسپەکەی لێدەبێتە ڕاستی و ڕووداو برەو دەسەنێت: (من بێ پەروا دەستم بۆ ئەسپە باغەکە درێژ کردوو پەتە چکۆلەکەم هاتە دەست، پەتێک کە کرابووەوە ملی ئەسپەکە، وەختێکم زانی لە پڕ هەنکەی ئەسپەکەم لە دووە، من ئەو ڕۆژە ماکسییەکی سووری سنگ پڕ نەخشم لەبەردا بوو، ئەوانەی بەلامدا تێدەپەڕین و دەیان ڕوانیە ئەو ئەسپەی ئەوسارەکەیم بە دەستەوە بوو، چەند کەسێک لەسەر سەکۆیەک دانیشتبوون.) ڕووداو دەبێت بە شتێک وا هەست دەکەین ئەمە ڕاستەقینەیە. لە پارچەی یەکەمدا کچەکە بە ماکسییەکی سوورەوە، بەسەر ئەسپێکی ڕەسەنەوە، بەرەو کۆشکی ڕەونەقدار دەچێت، لە دەروازەیەکەوە دەچێتە ژووریّ، دەنگێک پێیدەڵێت: (شازادەخانم گەیشت). خەیاڵات و گێڕانەوە لە ناو کەشێکی پڕ لە پیاودایە. نووسەر بە زاری قەیرەکچێکەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە، بەڵام گێڕانەوەکان بەچەشنێک توندن هەست دەکەین ئەمە پیاوێکە لەپشت دێڕەکانەوە، نەک خودی ژنێک و هەست بە ناسرووشتییەتی (تەسەنوعی) گێڕانەوە دەکرێت: (لە ناکاو دەرگایەک کرایەوە و هالاوی کۆمەڵە پیاوێک تێکەڵ هەوابوو، پیاوانی گەورە هەستابوونە پێ و یەکە یەکە لە باوەشیان دەکردم، من زۆر بە ناز و ناسکی، بەڵام بە ئیشتیاوە دەچوومە باوەشیان و بە ئاستەم ماچیان دەکردم). پاش نیشاندانی وێنەی ئەو کۆڕە پیاوانەیە، کە ئەم بە شەهوەتەوە تێیدایە، پارچەیەکی تری گێڕانەوە دەست پێدەکات، تیایدا باسی ڕابردوویەکی دی دەکات، کە چەندە تامەزرۆی کەسێک بووە جارێک نامەیەکی بۆ ناردووە شەش ساڵ نەیخوێندووەتەوە. ئەوەی لەم بەشەدا دەبینرێت ئەو دژیەکییەیە کە نووسەر تێیدەکەوێت، چونکە لە زاری کچێکەوە دەدوێت و هاوتا بیر و تێڕوانینی بۆ ژن پیاوانەیە. پێشتر دەڵێت: (من تا تەمەنی سی و پێنج ساڵی تاقە کەسێکم بە پیاو زانیبوو ئەو کەسەش تەنیا و تاکەجارێک نامەیەکی بۆ ناردم). پاش دوو پەرەگراف دەڵێت: (پەلەم بوو ماچین بڕوات و نامەکە بکەمەوە، هەر کە ڕۆشت خیرا بەرەو نامەکە چووم، پشتییەکەم وەک دڵێکی لە بن بێ دەجولا، شەرم گرتمی و سورهەڵگەڕام کە بچمە نێو نوێنی پیاوێکەوە، ئاخر من هێندە تامەزرۆی پیاوم لە ڕاست وشەیەکیان شاگەشکە دەبم و نازانم چم بەسەر دێ). ئەمە بەپێچەوانەی قسەی پێشوویەوەیە، ئەو پێشتر تا تەمەنی سیوپێنج ساڵی یەک کەسی بە پیاو زانیوە، لە گەنجیدا نامەی بۆ ناردووە، کەچی کاتێک دەیەوێت نامەکە بیخوێنێتەوە، باسی تامەزرۆیی بۆ پیاو بە گشتی دەکات، نەک پیاوە تایبەتییەکەی ئەم وێنای دەکات. بێگومان ئەمە

هەڵەی ئەو ڕووانینەیە کاتێک نووسەرانی پیاو بە زاری کچەوە دەنووسن، بێ ئەوەی مێیەتی و خواستە سێکسییەکانی وەک مرۆڤ دەرک بکەن، هەر بۆیە بە هەستی نێرانەوە ژن دەخەنە قسە. ئەم دیدەی جەبار جەمال بۆ ژن لە دیدە باوەکەی نووسەرانی تری کورد تێناپەڕێت، کە تەنها لایەنێکی ژنبوون و قەیرەبوون دەگرن، ئەویش لایەنی سۆز و خواستە سێکسییەکانیانە.

لە ڕۆمانی (ئەژدیها)ی محەمەد موکریدا هەمان تێڕوانین بەرهەم دەهێنێتەوە. بە سووک تەماشاکردنی ژن لە ناو دەقی ئەم ڕۆمانە ( ریالیزم_ ئەفسانەیی)ەدا بە هۆی ئاوێتەکردنی ئەفسانە و بابەتە ڕیالییەکانەوە قووڵتر دەبێتەوە. لەم دەقەدا زۆربەی ژنی کورد و تورکمانی دانیشتوی کوردستان بە ژنی سێکسخواز و ئاڵۆشاوی وێنا دەکرێن، تا ڕادەیەک کە کچە قەیرە و بێوەژنەکان سێکس لەگەڵ ئەسپدا دەکەن. نووسەر لێرەدا زاراوەیەک بۆ ئەم پرۆسەیە بەکار دێنێت کە لە ناو کومەڵگەدا بۆ سوکایەتیکردن بە ژن بەکار دێت ئەویش زاراوەی (ئەسپ لە خۆنان، یان پیاو لە خۆنان)ە. ئەمەش چڕبوونەوەی دیدی پیاوسالاری و کوردانەی موکرییە و داڕشتنەوەیەتی لە ناو دەقی ڕۆمانەکەیدا. سەیر لەوەدایە پێدەچێت ئەم نووسەرانە پێیان وابێت، کە نیشاندانی ژن بەم شێوەیە لە چیرۆک و ئەدەبیاتی گێڕانەوەدا خزمەت بێت پێیان. ئەوان بێئاگان لەوەی، کە لە دەمی خوێندنەوەدا، هەر خوێنەرێکی وریا، بە تایبەت خوێنەری ژن، هەست بە نادروستی گێڕانەوەی ئەم بگۆیە دەکات، کە ژن نییە، بەڵکو پیاوە و لە بەرگی ژندا قسە دەکات.

جگە لەم چیرۆکە لە چەند چیرۆکێکی تریشدا ئەم دیدە بۆ لە مێ ڕوانین بەرچاو دەکەوێت. بۆ نموونە لە چیرۆکی نووسەران (هەورامان وریا قانع و نەجات نووری و ئاکۆ کەریم) و چەند نووسەرێکی دیکەدا هەستی پێدەکرێت، کە وەگێڕ کچە و نووسەر پیاوە. لە ئەدەبیاتی گێڕانەوەگەرییدا کاتێک نووسەر مێیە و بە زاری نێرەوە، یان نێرە و بە زاری مێینەوە، حیکایەتخوانی دەکات، دەبێت خودی خۆی لە یادبکات و ببێت بەو کەسەی کە حیکایەتخوانی چیرۆکەکەیەتی، بەڵام لە ناو ئەم دەستەیەدا ئەمە بەسەریاندا تێدەپەڕێت و هەر قسەی پیاوانە و وێنای خۆیان بۆ بیرکردنەوەی ژنان دادەنێن، بەبێ ئەوەی لە ڕاستیی ئەوە بگەن. بۆ نموونە هەمیشە کارەکتەرەکانیان دەکەنە ژنێکی ئاڵۆشاوی شەهوەتباز، بە ناوی قەیرەییەوە دەیدوێنن، وەک چۆن لای (جەبار جەمال غەریب) لە چیرۆکی (پیاوی مەڕمەڕ)دا بینرا. هەورامان وریا قانع لە چیرۆکی (سەرزەمینێکی تر)دا هەمان دیدی هەیە. چیرۆکەکە لە زاری کارەکتەری سەرەکییەوە دەگێڕدرێتەوە، کە باس لە دیداری خۆی لەگەڵ پیاوێکدا دەکات. قەیرەکچەکە لە بەیەکگەشتندا لەگەڵ پیاوەکە بەسەرهاتی خۆی باس دەکات، جگە لەوەی مەودای بە پاڵەوانبوون لێرەدا لاوازە و تەنانەت قوربانیبوونەکەشی هاوسۆزی خوێنەر بۆ خوی ڕاناکێشێت، هاوکات جۆرێک لە گومان لای خوێنەر دروست دەکات کە ئایا دەشێ شتێکی وەها روو بدات؟ ئەم کچە کە لە ماڵە بابێکی پڕ لە زوڵم و ستەمەوە هەڵاتووە، بە ڕێکەوت پیاوێک دەبینێت و پێکەوە دەچنە شوێنی ئەو پیاوە، کە زێدەتر لە کەلاوە دەچێت نەک ماڵ. لەوێ کچە لە ناکاو داوا دەکات ئەو پیاوە نەدیو و نەناسە ببێتە هاوجێگەی


شێرزاد حەسەن



و سێکسی لەگەڵ بکات، بەڵام پیاوەکە باسی ترس و دووری خۆی لەمێینە دەکات، کە ناتوانێت وەها هاوجێگەیی بکات. ئەم گێڕانەوەیە کچێکی قوربانی لە زاری خودی کچەوە نیشان دەدات، بەڵام ئێمە هەست دەکەین پیاوێک لە پشت ئەم دێڕانەوە وەستاوە، پیاوێک کە ناتوانێت و توانای دەرککردنی مێینەی وڵاتەکەی و ژنانی نییە و لە وێنای خۆیەوە دەڕوانێتە شتەکان، نەک لە کرۆکی خودی شتەکان و خواستەکانی ژنانەوە.

ئەم دیتنە بە چەشنێکی تر لای شێرزاد حەسەن دەردەکەوێت، کە هەمیشە لە ئەدەبدا بە داکۆکیکەر و نووسەری ژنان ناسراوە. لە دواڕۆمانیدا (ژنێک بەسەر منارەوە) کەسی وەگێڕ نووسەرە و بەشێوەی مۆنۆلۆگی ناڕاستەوخۆ زمانحاڵی کارەکتەرێکی ژنە، کە قوربانیی دەستی سەرجەم کولتوور و دین و کۆمەڵگە و خۆیشیەتی. ئەم ژنە لە دوابەشی ڕۆمانەکەدا، لە دیالۆگێکی درێژدا باسی خۆی و چۆنێتیی ڕەنج و عەزابەکانی دەبێتە مۆنۆلۆگ و تەواو نموونەی مێ نیشان دەدات. ئەمە ئەو مێیە نییە بە دیدەکەی بەختیار عەلی لە ئێوارەی پەروانەدا، کە دیدی ژنێکی تێگەشتوو بوو وەک مرۆڤ، بەڵکو ئەمەی (شێرزاد حەسەن) ژنێکە کە لەتەک هۆشیاری و جیاوازبوونیدا لە کچانی تر، هێشتاش بە مانا باوەکەی هەر ژنێکە و لە ئاستی ئاسایی نەگوازراوەتەوە بۆ ئاستێکی باڵا، کە هەڵگری مەعریفەیەکی قووڵ بێت بۆ ژیان و بۆ دەوروبەر!

کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە نەیتوانیوە لە ڕووداوێک تێپەڕێت کە بەسەر ژیانیدا هاتووە، ئەگەرچی ئەو ڕووداوە بە پێی فەزای ناو ڕۆمانەکە و زەمینەسازیی کارەکتەرەکە دەبوایە ئاسایی بوایە، چونکە دواجار ژنەکە بڕوای بە جیاوازبوون و مێگەلنەبوونی خۆی هەیە. ئەو بەسەرهاتەش لە دەستدانی کچێنیەتی بە خواستی خۆی لە لایەن خۆشەویستەکەیەوە. پاش ئەوەی کوڕەکە دەڕوات و ئەم لەناو نامیهرەبانییەکانی کۆمەڵگەدا و لە ناو ژیانی خۆیدا، کە وەک پاسەوانی منارەیەک دەمێنێتەوە، بەردەوام ئەو ڕووداوە وەک خاڵێکی ڕەش بەسەر ژیانی خۆیەوە دەبینێت. ئەمەش لە کاتێکدا کە کۆمەڵگە لەمە بێخەبەرن، ئەوە تەنها ڕازی نێوان خۆی و خۆشەویستەکەیەتی و دواجار بەو پیاوەش دەڵێت کە دەبێتە هاوسەری!

کارەکتەر لەبەر خۆیەوە (کە نووسەر بە ناوی دیالۆگەوە نیشانی دەدات، بەڵام لە ڕاستیدا مۆنۆلۆگە) دەدوێت و باسی ئەم بارە دەکات، پاش چەندەها ساڵ: (کچێک کە کەس نەیدەزانی بۆتە ژن دەبێت چی بکات؟ چی بکات دوای سەفەری خامۆشی و بێ گەڕانەوەی دڵدارە بێوەفاکەی لەودیو کێوەکان و زەریاکانەوە؟ چی بکات کە پیاوەکان جگە لە کچی جوانکیلە و منداڵکار و سەربەمۆر ئامادە نەبن قەیرە کچێکی وەک من بێ بنە بخوازن؟ کێ لێرە کچێکی دۆڕاو و کەوتوو هەڵدەگرێتەوە؟).

یاخود: (من وەک کچێکی بێ بن تەنها یەک نهێنیم بۆ ئەو پیاوە درکاند، کەچی ئەو نهێنییە هەموو ژیانی ڕشتە بەردەمم). ئەم بەشەی لەبەرخۆەوە خۆدوواندن، جگە لەوەی ئاوازەی دەنگەکە و ترپەکەی ژنانەیە، بەڵام ناتوانێت ئەو بڕوایە لای منی خوێنەر بچەسپێنێت کە ئەمە دەنگی ئەو ژنە خۆیەتی. خۆ ئەگەریش بڕوا بکەین خۆیەتی ئەوە بانگەشەی ئازایی و بوێری و جیاوازبوونی پووچ

دەکەینەوە و تەنها وەک کارەکتەرێکی قوربانی، نەک پاڵەوان تەماشای دەکەین، کە بەڕای من قوربانی بیرکردنەوەی خۆیەتی!

جیاوازیی دیدی شێرزاد حەسەن بۆ مێ، وەک کەسی گێڕەرەوەی ڕووداوەکان، لەتەک بەختیار عەلیدا لەوەدایە، کە ژن لە نووسراوەکانیدا ناڕازییەکی دەستەپاچەیە. ئەم بوونەوەرە چەندە سەرکەش بێت و بیەوێت خۆی ڕاپسکێنێت لە زنجیر و کۆت و بەندی کۆمەڵگەی دواکەوتوو، دواجار وەک خۆیەتی و ناتوانێت ئازاد بێت، بە چەندان باڵیشەوە هێشتا توانای فرینی نییە و لە سنووری ژنبوون بە دیدە باوەکەی ناو کولتووری کوردی نەگوزەراوە. لە کاتێکدا لە نووسراوی بەختیار عەلیدا، ژن لە قۆناغێکدا دەگاتە هۆشیاری و لەوێشەوە بەرەو کامڵبوون و ئاستی باڵای مرۆڤبوون هەڵدەکشێت. ئەو تەنها وەک ژنێک نامێنێتەوە کە هەڵگری دیدە باوەکە بێت بۆ خۆی و خۆی وەک بوونەوەرێکی غەدرلێکراو و پەراوێزخراو ببینێت، بەڵکو دەبێتە چاوێکی ئاگا و شرۆڤەکار بۆ هەموو ئەو دەمانەی لە ناو نائاگاییدا بووە و سەرلەنوێ بە شتەکاندا دەچێتەوە. کەسێتییەکی وەک خەندانی بچکۆلە لە دەمی باسکردنی ڕووداوەکاندا تەنها کەسی حیکایەتخوانی بێ هەڵوێست نییە، بەڵکو کچێکی پێگەشتووە و دەتوانێ خوێندنەوەی خۆی هەبێت بۆ ئەو شتانەی کە دیونی، دەرکی تری بۆ ڕووداوەکان هەبێت. لە جێیەکدا کە نەسرەدین باسی نائومێدییەکانی پەروانە دەکات، ئەو خوێندنەوەی خۆی بۆ هەیە و تەنها ڕووداو ناگوێزێتەوە لە زاری ئەوەوە: (ئەمڕۆ من دڵنیام کە نائومێدی پەروانە تەنها لە سرووشتە نازک و لاوازەکییەوە نەهاتووە، بەڵکو لەو دەستخەڕۆبوونەوە هەڵقووڵیوە کە لەگەڵ ئەو لێرەوارە و دارستان و چۆمەدا تووشی هاتووە). لە جێیەکی تردا بەسەر ڕووداوەکانی تر و تەنانەت دیدی نەسرەدینی بۆ نخۆ شیشد ا دەچێتەوە: (من ئەمڕۆ وای دەبینم




کە نەسرەدینی بۆنخۆش بە شێوەیەکی زۆر یەکلایەنە و سادە سەیری حەقیقەتی کردووە، ئەو هەموو فەلسەفەی خۆی بۆ عەشق و مرۆڤ لەسەر ویساڵ و بەیەکگەیشتنی ئەڤینداران پێکەوە نابوو.. گرفتی گەورەشی ئەوە بوو کە نەیدەتوانی تێبگات چۆن عەشق لە ناوەوە دەمرێت، چۆن عەشق لە ناوەوە دەکەوێتە ناکۆکی لەگەڵ خۆیدا).

ئەم وتانە وەک دەنگ، ئاوازەیەکی دڵنیا و پشت بەخۆبەستووە، هاوکات هەست بە پێگەشتوویی کەسی قسەکەر دەکرێت. ئەو کەسێکە کە توانای تەفسیر و چوونەوەی هەیە بە شت و کەسەکاندا و دەستەپاچەیەکی تەنها وەرگر نییە، بەڵکو وەرگری وریای هەموو شت وەرنەگرە، کە دەسەڵاتی حوکمدان و گێڕانەوە و ڕوونکردنەوەی هەیە!

جیاوازیی ئەم دوو دیدە و دروستبوونی وەها ڕوانینک، لە کارەکتەرسازیی هەردوو نووسەرەوە دێت، ئەو دەمەی کارەکتەرەکان دەئافرێنن و ڕۆڵی پێدەدەن.



تایبەتمەندیی کارەکتەر لەڕێی پێگە و فەزا و کەشی ناو ڕووداوەکانەوە دەردەکەوێت. لەم بارەیەوە (ڕۆبەرت مەک کی) لە باسی کارەکتەرسازیی نێو گێڕانەوەگەریدا باس لەوە دەکات، کە تەنها لە بارێکدا دەتوانرێت پەی بە کەسێتی ببرێت، ئایا ڕاستگۆیە، درۆزنە، بەهەڵوێستە، ئازا یان ترسنوکە، ئەویش لەو کاتەدایە، کە کارەکتەر بخرێتە ناو تەنگەژەی ڕووداوەوە. دیارە هەردوو کارەکتەرە مێیەکەی ناو ئەم دوو ڕۆمانەش، لە ناو ڕووداوەکاندا و بەهۆی تەنگەژەکانەوە کەسێتییانمان بۆ دەردەکەوێت.
گەرچی هەردووی ئەم ڕۆمانانە بەجۆرێک لە جۆرەکان ڕەخنە لە دەسەڵاتی پیاوسالاری دەگرن، بەڵام لە ڕووی بیرۆکە و دانان و بە تەنانەت جۆری بیرکردنەوەی پشتی دەقەکانەوە جودان. دواجار دوو جۆر کارەکتەری ژن دێنە بەرهەم، کە لە دیدی نووسەرەکانیانەوە، دەزانین ژن لەم دەمەدا چۆن تەماشا دەکرێت. لای بەختیار عەلی ژن دەتوانێت بوونەوەرێکی دانا و خۆدروستکەر بێت، لای شێرزاد حەسەنیش یاخییەکی لە ناوەوە ترساو و نائومێد.
لە (ژنێک بەسەر منارەوە)دا دەنگی کارەکتەری ژن پڕە لە خۆبەکەمزانین و خۆبەنەگبەتزانین، هاوتا دروستکردنی جۆرێک لە شانازییەک بۆ ئەو کلۆڵییە، کە خودی کلۆڵییەکە دەیکاتە پاڵەوانی ناپاڵەوان، پاڵەوانێک کە وەک ژنانی تر بە زاری خوی دەڵێت ئابڕووم تکاوە، دەڵێت بێبن کراوم: (دەزانم تاساویت و لە دڵی خوتدا لێکی دەدەیتەوە کە بۆ وا بێ پەردە قسە دەکەم و داخدارم، قسە لەسەر خەمی پەردە و بەفیڕۆچوونی نیوەی ژیانم نا، دەکرێ بڵێم هەموو ژیانم). ئەم دەنگە پڕە لە نائومێدی و ئێستاش لە ترس، ئەگەرچی چرکەساتی گێڕانەوە باسی ڕابردوو دەکات، بەڵام لە دەمی ئێستای گێڕانەوەشدا نەیتوانیوە ئەو دەمانە تێپەڕێنێت و جۆرێک لە ئاسایش و ئارامی پێگەشتوویی بۆ خوی بئافرێنێ. ئەگەرچی هەندێک لە دیالۆگەکان هەوڵ دەدەن وەهای نیشان بدەن بەڵام ئەمە ناتوانێت خوێنەر بخاتە سەر ئەو بڕوایەی کە دیسانەوە لەگەڵی بێت و هاوسۆزی بێت!
بەشێوەیەکی گشتی دەشێت بوترێت لە دەقی ئەو نووسینانەی شەهرەزاد حیکایەتخوانە، دیدی نووسەرانی شەهریار دەردەکەوێت، کە ئایا دیدێکی فرەبین و ئاسۆدوورە، یان هەمان دیدی باوکسالارییە و نووسەران نەیانتوانیوە لە جوغزی باوکیان بۆ بیرکردنەوە لە ژن تێپەڕن. دیارە ئەمە بە پێی نووسەرەکان دەگۆڕێت و بەشێوەیەکی گشتیش کەم نووسەری پیاوی کورد هەن، کە بە پێی شیکاری ڕەخنەی فێمێنیزمی، نووسینەکانیان لە دیدی پیاوسالاری و دووبارە خوڵقاندنەوەی توندوتیژی بەرامبەر بە ژن و بەکەمڕوانین لێی ترازابن.
لەم وتارەدا جەختمان لەسەر ئەوە کردووەتەوە کە بەختیار عەلی لەم بوارەدا قوڵبینە، بەڵام زۆرێک لە نووسەرانی تر لەگەڵ کارە باشەکانیاندا هێشتاش نەیانتوانیوە لە دەقە ئەدەبییەکانیاندا بە دیدێکی ترەوە بۆ ژن بڕوانن و بەم هۆیەشەوە جارێکی تر بوونەتە بەرهەمهێنەری وێنای باوی ژن، بەو شێوەیەی لە کۆمەڵگەی پیاوسالاریدا هەیە.




# قاڵبی هونەریی توخمی ڕووداو

## لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مام کە هەمشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد)ی بەختیار عەلیدا

**حەمە مەنتک**

توخمی ڕووداو، وەکو توخمێکی سەرەکیی بونیادی هونەریی ڕۆمان، ڕۆڵی بەرچاوی لە بەهونەریکردنی ڕۆماندا هەیە. بێگومان هەموو ڕۆماننووسێک دەبێ لە هەوڵی ئەوەدا بێت واقیعێکی دیکەی هونەریی جودا لە ژیان بئافرێنێ، چونکوو لەوێوە هونەرییبوونی ڕۆمانەکە بەدیار دەکەوێ. بۆ ئافراندنی ئەم واقیعە ئەدەبی و هونەرییە، ڕۆماننووس سەرچاوەی جوداوازی لەبەر دەستدان وەکو: واقیعی ژیان، فەنتازیا، مێژوو (بە هەموو ڕووداو و کەسایەتییەکانییەوە). توخمی ڕووداو زۆر گرنگە، گرنگییەکەی لەوەدایە هیچ ڕۆمانێک



بەبێ ڕووداو نابێ. بۆ ئەم توخمە لە زووەوە وەکوو تیۆری باسی کراوە. ئەرستۆ لە کتێبی (هونەری شیعر)دا لە باسی تراژیدیادا دەڵێت: (تراجیدیا بریتییە لە لاسایی کردنەوەی کردەوەیەکی سەنگین و لەخۆیەوە تەواو پێگەیشتوو کە درێژییەکی دیاری هەیە.))١ لێرەدا ئەرستۆ داوای یەکێتیی ڕووداو دەکا، ڕووداوەکەیش دەبێ لاسایی کردەوەی مرۆڤ بێ، کردەوەکەیش دەبێ کردەوەیەکی جوان و سەنگین بێ، نەک کردەوەی خەراپ، دەبێ سەرەتا و کۆتایی و ناوەڕاستی هەبێ، کۆتاییەکەی دیار و ئاشکرا بێ. ئەم هەموو مەرجانە بۆ توخمی ڕووداو لە سەردەمی یۆنانییەکان زیاتر بۆ شانۆگەرییەکانیان تەرخان کراوە، بەڵام (هۆمیرۆس) یەکەم کەسێک بوو ئەم زنجیرەییبوونەی ڕووداوی لە (ئەلیادە و ئۆدێسە)دا تێکشکاند و ڕووداوەکانی لە ناوەڕاستەوە گێڕایەوە. بۆ باسکردنی توخمی ڕووداو بە شێوەیەکی تیۆری هەویرێکە ئاو زۆر دەکێشێ، چونکوو بە پێی ژمارەی تیۆرناسان پێناسە و ڕاڤەمان بۆ توخمی ڕووداو هەیە، بۆیەیش لەم نووسینەدا بواری ئەوە نییە بە شێوەیەکی تیۆری توخمی ڕووداو باس بکەین، یان بنیاتەکانی ڕوودا وەکوو (بنیاتی شوێنکەوتە، بنیاتی تێهەڵکێش، بنیاتی هاوسەنگ، بنیاتی بازنەیی) و شێوازەکانی گێڕانەوەی ڕووداو لە ڕۆمان باس بکەین. بەڵکە ئامانجی ئێمە لەم نووسینە ئەوەیە، بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوە لە هونەریبوونی توخمی ڕووداو لە ڕۆمانی (جەمشید خانی مامم....) بکەین. ئایا بەختیار عەلی چۆن ڕووداوەکانی وەرگرتووە؟ ئایا ڕۆماننووس توانیوتی واقیعێکی دیکە لە نێو ڕۆمانەکە بئافرێنێ؟ هونەریبوونی ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانە لە کوێدایە؟ هەوڵ دەدەین لە ڕێی وەرامدانەوەی ئەم پرسیارانەوە بچینە نێو دەقەکە، مێتۆدی بونیادگەری بۆ ئەم نووسینە پێڕەو دەکەین و لە چوارچێوەی ڕۆمانەکە ناچینە دەرەوە.

پێشتر باسمان لە سەرچاوەکانی وەرگرتنی ڕووداو کرد. بە بۆچوونی (عەتا نەهایی) وەرگرتنی ڕووداو بە دوو شێوە دەبێ:

١.ڕووداوی واقیعی: ئەو ڕووداوانەی لە نێو ژیانی ڕۆژانە و واقیعدا بوونیان هەیە.


٢.ڕووداوی فەنتازی: ئەو ڕووداوانەی لە واقیعدا بەرجەستە نین.٢

کەواتە ڕۆماننووس لە بەردەم دوو ئەگەردایە، یان ئەوەتا کەرەسەی ڕووداوەکان لە واقیع وەردەگرێ، ئەو ڕووداوەی لێرەدا وەری دەگرێ ڕەنگە لە ڕابردوو ڕووی دابێ، یان لە ئێستادا هەیە، ڕەنگە لە داهاتوودا ڕووبدات، یان ئەوەتا ڕووداوێکی فەنتازییە و خەیاڵی دەیئافرێنێ، بە سوودوەرگرتن لە ئەفسانە و حەکایەتە فۆلکلۆرییەکان. نموونەی ئەو ڕووداوە لە واقیعدا بوونی نییە، بەرجەستە نییە. (غەمگین بۆڵی) لە نووسینێکی کورتیدا باس لەوە دەکا: دوو شێوازی گێڕانەوەمان لە نێو چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا هەیە، یەکیان شێوازی گێڕانەوەکان زۆر واقیعین، دووەمیان شێوازی گێڕانەوەکان زۆر خەیاڵین.٣ بەڵام هەڵەی (بۆڵی) لێرەدا ئەوەیە، وەرگرتنی ڕووداو و شێوازی گێڕانەوەی تێکەڵ کردوون. وەرگرتنی ڕووداو بەو دوو شێوەیەی سەرەوە دەبێ، کە باسمان کرد، بەڵام دوو جۆر شێوازی گێڕانەوەمان هەن، ئەوانیش شێوازی گێرانەوەی بابەتی و خودین. لە شێوازی گێڕانەوەی بابەتیدا، وەگێڕ (الراوی) وەگێڕێکی هەمووشتزانە، دەسەڵاتی

تەواوی بەسەر کارەکتەرەکان، ڕووداوەکان، کات و شوێن و تەنانەت لەبری کارەکتەرەکان بیریش دەکاتەوە، لێرەدا گێڕانەوەیەکی تاکدەنگمان هەیە. هەرچی شێوازی گێڕانەوەی خودییە، ئەم جۆرەیان لە نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەوە پەیدا بوو، کاتێک (گۆستاف فلۆبێر) داوای لە ڕۆماننووسان کرد ڕێ بە کارەکتەرەکان بدەن خۆیان هەست و تێڕوانینی خۆیان دەرببڕن. لێرەدا وەگێڕ خۆی بەشداره لە نێو ڕووداوەکان، جا ئەم گێڕانەوەیە یان خۆدواندنە، یان لە ڕێی دیالۆگەوە دەبێ، یان لە ڕێی کارەکتەرێکەوە. کەواتە ئەوەی وا دەکا ڕۆمانێک زۆر واقیعی بێ، ناهونەرییە لە وەرگرتنی ڕووداوەکان، نەک شێوازی گێڕانەوە، چونکە ڕۆماننووس دەبێ ئەدەب بئافرێنێ، توانای قەناعەتپێکردنی خوێنەری هەبێ.

لە ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم...)دا، وەرگرتن و لە قاڵبدانی ڕووداوەکان ئەو ئێستاتیکایەیان نییە، کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانی دیکە ئافراندوونی. لەم ڕۆمانەدا سەرچاوەی وەرگرتنی ڕووداوەکان واقیعی ژیانن، زۆربەی ڕووداوەکانیش ڕابردوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر شوێن پەنای وەبەر ڕووداوی فەنتازی بردووە. ئەم ڕۆمانە کارەسات و ڕووداوی نزیک بە (٢٥) ساڵ دەگێڕێتەوە. هەر لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە تاکو سەرەتای ساڵی (٢٠٠٠). کارەسات و ڕووداوەکانی: جەنگی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، ڕاپەڕینی ١٩٩١ی کورد، شەڕی براکوژی، گرانی و ئابڵوقەی ئابووریی نەوەدەکان، بڵاوبوونەوەی بیری ئیسلامی سیاسی لە نێو گەنجان، کۆچی گەنجی کورد بۆ ئەورووپا. ئەم ڕووداوانە هێندە واقیعییانە کاریان لەسەر کراوە کاریگەریی ناهونەریی بۆ سەر بونیادی ڕۆمانەکە هەبووە، چونکوو هێندە بە گشتی ئەو ڕووداوانە گێڕدراونەتەوە فەزای هونەریی ڕۆمانەکەی کوشتووە. هەریەک لەم کارەسات و ڕووداوانە لە سەدان وردە چیرۆک و ڕووداو پێکهاتوون، یەکێک لە کێشەی وەرگرتنی ڕووداو، وەکو توخمێک لە واقیع بۆ نێو ڕۆمان ئەوەیە، بە شێوەیەکی گشتی ڕووداوەکە وەردەگیرێ، بەڵام ئەگەر بنۆڕین هەریەک لەو ڕووداوانە وردە ڕووداو و چیرۆکی جوانی تێدا هەن، کە ساناتر دەتوانرێ ئێستاتیکا و واقیعێکی دیکەیان لێ بئافرێنرێ. (چیرۆک و ڕۆمان لە ناخ و جەوهەری خۆیدا داهاتەیەکی ستاتیکی و جوانکارانەیە، لە کاتێکدا کارەسات واقیعێکی تاڵ و دژە مرۆڤانەیە، کە هیچ جوانییەکی تێدا نییە.)٤ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی شەڕی هەشت ساڵەی عێراق و ئێران، ڕووداوەکانی بە شێوەیەکە زۆر وشک دەخوێندرێنەوە. لە نێو ئەو شەڕەدا وردە چیرۆک و ڕووداوی زۆر کاریگەرمان هەن. وردەکاری بە شێوەیەکی هونەری لە چنینی ڕووداوەکانی ئەو جەنگە نابینرێت، بەڵام ئەگەر تەماشای ڕۆمانەکانی دیکەی ڕۆماننووس بکەین، ئەو وردەکارییە لە چنینی ڕووداوەکان بەرچاو دەکەون.

(ئەو شەوە لە دەمەوبەیانەوە و بە درێژایی ڕۆژیش تۆپخانەکانی عێراق و فڕۆکە جەنگییەکانی سوپا ئەو شوێنە نهێنانەیان کوتا کە مامە جەمشدیم دەستنیشانیکردبوون.)٥ ئەگەر سەیری ئەم وێنەیە بکەین زۆر ڕووت و واقیعیی دێتەبەرچاو، چونکە هەر خوێنەرێک لە هەشتایەکان ژیابێت ئەوە دەزانێت ئەم شەڕە چۆن بووە، یان ئەو خوێنەرانەی لە باوکیان، یان برایان بیستووە لەبارەی ئەم




لە ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم...) دا، وەرگرتن و لە قاڵبدانی ڕووداوەکان ئەو ئێستاتیکایەیان نییە، کە ڕۆماننووس لە ڕۆمانەکانی دیکە ئافراندوونی. لەم ڕۆمانەدا سەرچاوەی وەرگرتنی ڕووداوەکان واقیعی ژیانن، زۆربەی ڕووداوەکانیش ڕابردوون، لەگەڵ ئەوەشدا لە زۆر شوێن پەنای وەبەر ڕووداوی فەنتازی بردووە



جەنگەوە. قاڵبی هونەری بۆ وەرگرتنی ڕووداو، دەبێ بە شێوەیەک بێ (ئەگەر ڕووداوەکە لە واقیعەوە وەرگیرابێ)، وا لە خوێنەر بکا، ئەو بیرە بخاتە مێشکی خوێنەرەوە، کە بەڵێ ئەو ڕووداوەی لە شوێنێک بیستووە، بەڵام بەو شێوە ئێستاتیکییە نا، یان وای لێ بکا دەشێ ڕووداوێکی وا ڕووب دا. کاتێک ڕۆمانی (دەمێ مەرگ دەمێ خشەویستی) ی (ئیریش مارییا ریمارک) دەخوێنینەوە، ئەویش ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی دەگێڕێتەوە، بەڵام لە کۆی ڕووداوە گشتییەکانی شەڕەکە، دیمەنێکی بچووک، کە خۆشەویستیی نێوان سەربازێک و کچێکە دەگێڕێتەوە، لەوێ چنینی ڕووداوەکان وردەکاریی تێدایە، بەڵام لە جەمشید خاندا لە هێندێک شوێن ئەگەر خوێنەر پەرەگرافێک لاببات، کێماسی لە گێڕانەوەکە دروست نابێ. ئەویش بە هۆی درێژی کاتی گێڕانەوەوەیە، لەو ماوەیەشدا ڕووداوەکان زۆرن، ناچار بە زۆر لە پاڵ یەکدی پەستێنراون، ناچار وەگێڕی ڕۆمان زوو زوو کاتی ڕۆمانەکە دەباتە پێش و بەسەر ڕووداوەکان بازدەدا. زوو زوو خوێنەر بەر دەستەواژەی (دوای سێ هەفتە، دوای شەش مانگ، چەند ساڵێک دواتر، لە هەفتە و مانگەکانی داهاتوودا، لەو چەند ساڵەی جەنگدا...تاد) دەکەوێ. ئەمەیش بازادانی وەگێڕە بۆ گەیشتن بە ڕووداوەکانی دواتر، لە هەر یەکێک ڕووداوێک بە شێوە گشتییەکەی گێڕدراوەتەوە.

لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانی کۆچی گەنجانی کورد بۆ ئەورووپا، بەهەمان شێوە، گێڕانەوەی ڕووداوەکان زۆر کرێت و ڕووتن، هەست دەکەی خەیاڵی هونەریان تێدا لاوازە، چونکە ئەو ڕێیە قاچاغەی خەڵک پێیدا بۆ ئەرووپا دەڕۆیشت، هێندە باس کراوە لەلایەن ئەو کەسانەی سنوورداش دەکرانەوە، ئەوەی سەفەریشی نەکردووە شارەزا بووە. ئەگەر نموونەی ئەو ڕووداوەی دەیگێڕدرێتەوە لە واقیعیشدا هەبێ، کارکردنی ڕۆماننووس لەسەر ئەو پانتاییانە هونەریترە کە فەرامۆش کراون، چونکە لەوێدا خەیاڵی ڕۆماننووس دەتوانی ساناتر گەمەکانی خۆی بکا. (مێژوو ڕووداوە گەورەکان، دەسکەوت و شکستەکان دەنووسێتەوە – دیارە زۆرجار بە درۆ و شێوێندراوی. ئەوە کاری چیرۆکنووس و ڕۆماننووسە بگەڕێنەوە سەر ئەو ڕووبەرە فەرامۆشکراوانە و کاری تێدا بکەن)٦ بەو واتایەی مێژوو زێتر کار لە ڕووبەرە گشتییەکان بۆ گێڕانەوە دەکا، بەڵام ڕۆمان بە هۆی خەیاڵەوە کار لەسەر ئەو ڕووبەرانە دەکا، کە نادیارن، فەرامۆشکراون، هەموو خەڵک پەی پێ نەبردووە. بۆ نموونە لەم ڕۆمانەدا زۆر بە گشتی ڕووداوی قاچاغچی و ژیانی ئەو گەنجانەی بۆ ئەورووپا دەڕۆن گێڕدراوەتەوە.

(شەوێکی هاوین بە هەموو نەفەرەکانمانەوە بەرەو سنوور کەوتینە ڕێ، پەتی تەواومان کرپیبوو، ڕێنمایی تەواومان دابوو بە نەفەرەکان. لەسەر سنووری یۆنان دابەزین و لە شاخ و جەنگەڵستانێکی گەورەدا لە خاڵێکەوە کە زۆر دوور نەبوو لە سنووری بولگارستان دابەزین لەسەر سنوور هەموو نەفەرەکانمان لە ترسا دەلەرزین و منیش دەلەرزیم....)ل١٠٥ گێڕانەوەی ڕووداوی برینی سنووری نێوان دوو وڵات پڕ لە زەحمەتی و ناخۆشییە، بەڵام وەگێڕ هێندە بە ئارامی و سانایی باسی دەکا، خوێنەر چ ململانێیەک هەست پێ ناکا. ململانێی ڕووبەڕووبوونەوەی سەختیی ئەو ڕێیە، بەڕاستی زۆر لەو کەسانەی


بەوێدا ڕۆیشتوون بە شێوەیەکی سەیر باس لە زەحمەتییەکانی ئەو ڕێیە دەکەن. لە گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانە ئەوەی فۆڕمالیستەکان ناویان نابوو (ناباوکردن) بەرچاوناکەوێ. (دۆزینەوە و باوەڕی فۆڕمالیستەکان لەمەڕ دیاردەی نامۆکردن یارمەتیدەری تێگەیشتنە لە پێکهاتەی ئەدەب بە گشتی و ڕۆمان بە تایبەتی و شێوەی ئافراندنی ئەدەبی لەسەر بنەمای بە لاڕێبردنی خوێنەر لەلایەن نووسەرەوە بەهۆی تێکەڵکردنی واقیعی بەرهەست و نابەرهەست و گێڕانەوەی ڕووداوگەلی ڕابردوو یاخۆ ڕووداوگەلی شیاوی وەدیهاتن لە ئێستا و داهاتوو.)٧ سوودوەرگرتن لە ڕووداوەکانی واقیع و ژیانی تاکەکەسی، کارێکی بەجێیە، بەڵام گێڕانەوە و گواستنەوەی ئەو ڕووداوانە بۆ نێو کارێکی ئەدەبی لە چەشنی ڕۆمان، یان چیرۆک، دەبێ ناباو بکرێ. واتە خوێنەر کاتێک ئەو ڕووداوانە دەخوێنێتەوە هەست بە چێژی ئەدەبی بکا. گێڕانەوەی ئەو ڕووداوانەی گەنجی کورد لە ڕێی قاچاغی تورکیا و یۆنان بۆ کەسێکی وەکوو من کە نەمدیوە، چێژی خۆی هەیە، بەڵام بۆ کەسێک کە بەو ڕێیەدا ڕۆیشتبێ هیچ چێژێکی نییە، چونکوو لە واقیعدا ئەو کەسە دیویەتی.

کەواتە یەکێک لە کێشەکانی وەرگرتنی ڕووداو وەکوو توخمێک بۆ ڕۆمان لە ڕۆمانی کوردی بە گشتی (تاک و تەرا نەبێ) و ئەم ڕۆمانە بە تایبەتی زۆر واقیعییانە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. بەبێ ئەوەی هەوڵی دابێ واقیعێکی دیکەی لێ بخولقێنێ، یان ئەو هەستە لە کن خوێنەر دروست بکا، ڕەنگە ڕووداگەلی لەم چەشنە لە ئێستا و داهاتوودا ڕوو بدا.

کێشەیەکی دیکە وەرگرتنی ڕووداو لە ڕۆمانی کوردی بە گشتی و ئەم ڕۆمانە بە تایبەتی، بێ سنوور فەنتازیبوونی ڕووداوە. بێگومان لە ڕۆماندا فڕینی مرۆڤ، خواردنی ئاسن، زیندووبوونەوەی مردوو، قسەکردنی مردوو...تاد، هەمووی ڕەوایە. بەڵام ڕۆماننووس چۆن ئەو قەناعەتە لە لای خوێنەر دروست دەکا، کە ئەم ڕووداوانە ئاساییین. لە ڕۆمانی (نهێنی یاری کاغەز)ی (یۆستاین گاردەر)، لەوێدا کاغەزەکانی یاری قومار وەکوو مرۆڤ قسە دەکەن، دەجوڵێنەوە، کارگەی شووشەیان هەیە. ڕۆمانی (پیدرۆ پارامۆ)ی (خوان ڕۆڵفۆ) کاتێک وەگێڕ بە دوای باوکی دەچێتە گوندەکەیان، لەوێدا هیچ گوندێک بوونی نییە، خەڵکەکەیشی هەموو مردوون، بەڵام هەموویان قسە دەکەن، جووڵەی ژیان هەیە، ململانێ هەیە، تەنانەت وەگێڕیش دەمرێ، بەڵام قسەیش دەکا. هونەرمەندی ڕۆماننووس لەوێدایە قەناعەت بە خوێنەر بکا. ئەم ناباوکردنە لەم ڕۆمانەدا زۆر لاوازە، شتەکان بە شێوەیەک فەنتازی دەکرێن، گومان لە لای خوێنەر دروست دەکەن. وەکوو پێشتر ئاماژەم دا (بەختیار عەلی) زۆر هونەرمەندانە لە ڕۆمانەکانی دیکەی کاری لەسەر دیاردەی ناباوکردن کردووە، خوێنەر سەرسام دەکا، بە تایبەت لە (دواهەمی هەناری دونیا، غەزلنووس و باخەکانی خەیاڵ)دا. یەکێک لە کێشەکانی ئەم ڕۆمانە هەڵتۆقینی ڕووداوە لەناکاو، بەبێ ئەوەی زەمینەی بۆ خۆش کرابێ. لە ناکاو ڕووداوێک دەوستێ و یەکێکی دیکە دەست پێدەکا، بەبێ ئەوەی پێشتر هیچ ئاماژەیەک، هێمایەک بۆ بوونی ئەو ڕووداوە هەبێ. ڕایەڵ پەیوەندی لە نێوان بەشەکانی ئەم ڕۆمانەدا زۆر لاوازە، تەنیا ڕایەڵێک

یەکێک لە کێشەکانی وەرگرتنی ڕووداو وەکوو توخمێک بۆ ڕۆمان لە ڕۆمانی کوردی بە گشتی (تاک و تەرا نەبێ) و ئەم ڕۆمانە بە تایبەتی زۆر واقیعییانە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە. بەبێ ئەوەی هەوڵی دابێ واقیعێکی دیکەی لێ بخولقێنێ، یان ئەو هەستە لە کن خوێنەر دروست بکا، ڕەنگە ڕووداگەلی لەم چەشنە لە ئێستا و داهاتوودا ڕوو بدا






بزربوون و دیارنەمانی جەمشیدخانە لە کاتی فڕیندا، جارێک دەکەوێتە ئێران، جارێک پەکەکە هەڵی دەگرنەوە. (ئەو شەوە کە ژەندرمەکان گەمارۆیان داین و خان لە هەوادا بەربوو، با چەندین ڕۆژ هەر بە ئاسماندا دەیبات و دایدەنێت، بەسەر هەموو یۆناندا دەیگێڕێت، بەرەو دوور دەیبات و دەیهێنێتەوە، بەرەو دەریا دەیڕفێنێت و دەیخاتەوە سەرخاک، ئەو لە هەوادا دەبوورێتەوە و دێتەوە هۆش خۆی، دەخەوێت و هەڵدەستێت، خۆر دەبینێت هەڵدێت و خۆر دەبینێت ئاوا دەبێت کەشتییە گەورەکان دەبینێت تێدەپەڕن و کەشتییە بچووکەکان دەبینێت ڕاوەدەکەن... هەمیشەش بادەیبات و با دەیبات، لە ئاسمانەوە ڕۆخە دوورەکانی باکووری ئەفریقا دەبینێت، وەردەگەڕێ و دێتەوە بۆ باکوور لەنگەرێک نادۆزێتەوە. دوای شەوان و ڕۆژانێکی زۆر، کە نەکەس ژماردونی و نە بەکەسیش دەژمێردرێن، شەوێک لەناکاو هەوا دەگاتە وادەی پشووی خۆی خان لە ئاسمانەوە بۆ ناوەڕاستی دەریا بەردەبێتەوە.)ل١١٢- ١١٣

ئەم ڕووداوە بە شێوەیەک فەنتازییە، کە خوێنەر گومان لە بوونی دەکا، ئەوەی کە قەناعەت لە لای خوێنەر دروست دەکا و جێی باوەڕ بێ، هونەری و ئەدەبیبوونی دەقە، بەڵام ڕووداوێکی لەم شێوەیە ئەم دوو خاڵەی تێدا لاوازە. دەبێ خوێنەریش ئەوەی لە بیر بێ، ئێمە تەنێ لایەنی وەرگرتنی توخمی ڕووداو لە ڕۆمان بەر باس دەدەین، کارمان بەسەر دنیابینی و تێمەی گشتی و فیکری ڕۆمانەکەوە نییە. فەنتازیبوونی ڕووداو دەبێ لەگەڵ واقیع ڕایەڵەیەک بەیەکیانەوە ببەستێتەوە، چونکە لێرەدا دەبێ واقیع و خەیاڵ یەکتری تەواو بکەن. (نموونە واقیعییەکان و خەیاڵ و خەون لەگەڵ یەکتردا تێکەڵ دەبن و ئاوێتەی یەکتری دەبن.)٨ کەواتە کاتێک ڕۆماننووس ڕووداوێکی فەنتازی بە هاوکاری سوودوەرگرتن لە: ئەفسانە، حەکایەتی فۆلکلۆری، پەند...تاد، وەردەگرێ، دەبێ لەگەڵ واقیعی بگونجێنێ، هەموو گێڕانەوەکانی نێو ئەدەبیاتی ئەمریکای لاتینی، کە بە ڕیالیزمی جادوویی ناسراوە، لەسەر ئەم بنەمایە بەندە. ئامانجی ئەوەیش نیشاندانی ڕووداوی فەنتازییە لە بەرگی واقیع، واتا خوێنەر وای دێتە بەرچاو، ئەو ڕووداوە فەنتازییە واقیعە. ڕووداوە فەنتازییەکانی نێو ڕۆمانی جەمشیدخان تووشی سەرسووڕمانمان ناکەن، بەڵکوو تۆوی گومان لە کن خوێنەر دروست دەکەن، بە کورتی هێندە فەنتازییە تەواو لە واقیع دادەبڕێ، هیچ ڕایەڵێک بە واقیعی نابەستێتەوە. هەروەها سەرچاوەی ڕووداوە فەنتازییەکە دیار نییە.

لە کۆتاییدا قاڵبی هونەری توخمی ڕووداو لەم ڕۆمانەدا لە ڕووی هونەرییەوە لاوازە، بە بەراورد لەگەڵ ڕۆمانەکانی دیکەی ڕۆماننووس. قاڵبی ڕووداوەکانیش لە لایەک هێندە واقیعییە، ئەو هەستە لە لای خوێنەر دروست دەکا، کە ئەو ڕووداوانەی دیتووە، یان بیستووە. لە لایەکی دیکە لە زۆر شوێن بە ڕووداوی هێندە فەنتازی دەکەوین، کە هیچ ڕایەڵەیەک بە واقیعی نابەستێتەوە و زۆر دووردەکەوێتەوە لە واقیع، ئەمەیش توانای قەناعەتپێکردن لە لای خوێنەر لاواز دەکا.

## پەراویز و سەرچاوەکان:

١.هونەری شیعر، ئەرستۆ، و: عەزیز گەردی، خانەی چاپ و پەخشی ڕێنما، سلێمانی،٢٠٠٤،ل٣٣.

٢.ئەم بۆچوونەی (عەتا نەهایی) لە کۆڕێک لە کتێبخانەی زەیتوونە لە شاری هەولێر لە ڕێکەوتی (٢٠١٢/٥/١٥) بۆی سازکرابوو، گوێمان لێی بووە.

٣.بۆ بەرچاوڕوونی بنۆڕە: سۆفیا لۆرین بە هەوێداری، غەمگین بۆڵی، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژمارە:٥٦-٥٧، ل٢٨٢.

٤.تەوەرەی چیرۆکی کوردی، گێڕانەوەی کارەساتەکان، ئا: ئیدریس عەلی، گۆڤاری ئاینده ژمارە :٧٤، ٢٠٠٧، ل٨٢.

٥.جەمشید خانی مام کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، بەختیار عەلی، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٣٢.

٦.چاوپێکەوتن لەگەڵ عەتا محەمەد، ئا: هەرێم عوسمان، گۆڤاری گەلاوێژی نوێ، ژ:٥٦-٥٧، ئەیلول ٢٠١٢، ل٢٣٩.

٧.زمان، ئەدەب و ناسنامە، د.هاشم ئەحمەدزادە، دەزگای ئاراس، هەولیر، ٢٠١٢، ل١١.

٨.عناصر داستان، جمال میرصادقی، انتشارات سخن، چاپ پنجم، تهران، ١٣٨٥، ص٣٦٦.



# مانا مەجازییەکانی شوێن و مەرگی ئەشرەف

## لە مەرگی تاقانەی دووەمدا



نیهاد جامی

ئامادەبوونی شوێن لە تێکستی کوردیدا، ڕووبەرێکی نەخوێنراوەی بونیادێکی پێکهاتەی دەقە، بەهۆی ئەوەی کارەکتەرەکان لە نادیارەوە دێن، نووسەر کاریگەریی شوێن لەسەریان دەگۆڕێت بۆ کاریگەریی دەنگی خۆی. شوێن ڕووبەرێکی جوگرافیی خەمناکی زیندەگیی مرۆڤ نییە وەک پۆل ئیلوار ئاماژەی بۆ دەکات، بەڵکو شوێن ئامادەبوونی منی نووسەرە لەناو کارەکتەردا، ئەوە وا دەکات تێکست لەناو یەکڕەهەند زیندەگیی خۆی بژییێت، ئەو تاکڕەهەندییە دەنگی کارەکتەر دەتوێنێتەوە لەناو دەنگی نووسەردا.


کەچی لە ڕۆمانی «مەرگی تاقانەی دووەم»ی بەختیار عەلیدا دەنگی کارەکتەر و شوێن ئەو هاوکێشەیەی سەرەوە هاودژ دەکەنەوە، بەوەی کارەکتەرەکان دێنە دەنگ تا ئەوان بێنە دەنگ. پرۆسەی نووسین دەنگی نووسەر کزترو لاوازتر دەکات، دەنگەکان لەناو شوێندا دەبنەوە لەدایکبوونی فەزا و دنیایەک کە ئێمە نایناسین تەنیا دەنگەکانن لە ڕێگەی گێڕانەوە بە دنیایەکمان دەناسێنن، دنیایەک ئامادەبوونی دەنگ.. ونبوونی سیماکانی کارەکتەرە، بوونی کارەکتەریش تەنیا لەناو گێڕانەوەکاندا دەیبینین.

لێرەوە ئەوەندە بەس نییە دەنگەکان بگەیەنینەوە یەکتری، بۆ ئەوەی لە چیرۆکێکی فرەدەنگی تێبگەین، هەوڵدان بۆ ناسینی دەنگەکان هیچ نییە جگە لە گەمەیەکی پووچگەرایانە، چونکە ئەوەی سیماکانی دەردەکەوێت خاوەنی دەنگەکان نین، بەڵکو سیماکان لەناو بونیادی دەنگدان، نهێنییەکە لەودیو دەنگەوەیە، هەر لەبەر ئەوەش دەبێ لە کوشتنی ئەشرەف پەیوەندیی منی خوێنەر بە زەمەنی ڕووداوی تێکست بوەستێنین، ئەو وەستانە گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەری بە ئەرشیفکراو و زەمەنی بەجێماو. ئەو نهێنییەی تا کاتی تاوانەکە هەوڵمان نەداوە کەشفی بکەین، بەڵام کوشتنی ئەشرەف هەموو نهێنییەکانمان پێ ئاشکرا دەکات، ئاشکراکردنیش میکانیزمێکی ناو پرۆسەی گێڕانەوەیە، ئەوەش پرسیارکردنی دەنگە لەناو زمان، ئەو دەمەی یەکێک لە کەنیزەکانی کۆشک لە ساتی گێڕانەوەی ڕووداو سەرزەنشتی داپیرە دەکات، کە لەو کاتەی ئەشرەف کوژرا ئەو لە کوێ بوو «لەنزیک مەیدانی دارە سووتاوەکان یان لە ژووری سەرهەنگی دۆستتدا» لا٨٧

تاوانی کوشتن ئەو بەهایەی نامێنێ، بەقەد ئەوەی پێش کوڕەکانی داپیرە، دەمانەوێ داپیرە خۆی بناسین، ئەو ناسینە هەرگیز پەیوەندیی بە سەپاندنی تاوانباریی سەعیدەوە نییە، هێندەی گەڕانەوەی ئێمەیە بۆ قسەی ئەو کەنیزەیەی کۆشک و پرسیار لە داپیرە دەکات، داپیرەیەک لەناو ئەو حەشاماتی دەنگەدا هەریەکە و بە جۆرێک قسەی بۆ دەکات و چیرۆکەکە دەگێڕێتەوە، ئەوێکی جەرگسووتاو نەبێت بۆ تاکە جارێکیش دەم ناکاتەوە شتێک بڵێت، ئەوێک کە بەخەمی کووشتنی تاقانەی دووەمەوە هیچ نەڵێت چۆن لەو پرسیارەی ئێمە دێتە دەنگ گەر لەگەڵ کەنیزەکان دابنیشین و پێی بڵێین: داپیرە سەرهەنگ کێیە؟ تۆ چۆن سەرهەنگت ناسی؟

ئەو پرسیارە تووشی وەستانێکمان دەکات، بەوەی قسەنەکردنی داپیرە، پەیوەندیی بە منی خوێنەر و دەنگی کارەکتەرەکانەوە هەیە، بەوەی گێڕانەوە ئاشنابوونمانە بە داپیرەوە، ئێمە لە ڕێگەی دەنگی کارەکتەرەکانەوە ئاشنابوون بەو پەیدا دەکەین، ئەوانن چیرۆکی ڕاکردنی داپیرە بە ئێمە دەگەیەنن، وەک چۆن پرسیاری ناسینی ئەشرەف نهێنییەک نییە تا لێیەوە ڕابمێنین، چونکە لەدایکبوونی ئەشرەف بەندە بە پەیوەندیی داپیرە بە دۆستەکانییەوە: «خەوتنی ڕاگوزەر لەگەڵ عاشقە هەمە جۆرەکانا ئەم منداڵەی خوڵقاند کە شار بە لاقرتی و بە مەحەبەتیشەوە پێیان دەگووت: تاقانەی دووەم»لا٤٧

ئەگەر لەدایکبوون ئاسۆیەکی نوێ بێت بۆ ژیان، ئەوا لەدایکبوونی ئەشرەف یەکەم ڕۆژی دەستپێکردنی



شەڕێکە بۆ سەعید، چونکە ئەو بەرهەمی زەمەنێکە کە دایک بە تاوان تۆماری کردووە، زەمەنێک ئەبێتە کولتوورێک بۆ ئەو، بوونی برایەکی بێ باوکە، برایەک کە بەهۆی پەیوەندیی عاشقەکان بە دایکەوە درووست بووە وای کردووە ڕووبەرووی قەدەری ئابڕووهێنەرانەی لەدایکبوونی براکەی خۆی ببێتەوە: «سەعید بە دووچاوی پڕ لە فرمێسکەوە لەناو دالان و ڕارەو و ژوورەکاندا دەگریا و سەری دەدا بە دیوارەکاندا»ل٨٢

لەدایکبوون سەرەتای مێژوویەکی تاریکە، خود ناتوانێ لێی دەرباز ببێت، تەنیا لە ڕێگەی کوشتنەوە دەتوانێ ئەو کارە بە ئەنجام بگەیەنێت، کوشتن دەبێ بە تاکە چارەسەر بۆ ڕزگاربوون: «وای چەند ئەو شەوی مردنە لەو ڕۆژی لەدایکبوونە دەچوو»ل٨٣.

بە واتای ژیان و مەرگی یەک وێنە بنیات دەنێن، وێنەیەک کە کۆی بوونی ئەو دروست دەکات، بۆیە هاتنەبوونی و کۆتایی هێنانیش بەبوونی هەردووکیان وەک شەرمەزاریی تاوان وێنا دەکرێت، هەر بۆیە ئەگەر سەعید کوشتن بە سڕینەوەی بەرهەمی پەیوەندیی ناسروشتی داپیرە تێبگات، بەو هۆیەوە ئەشرەف دەکوژێت، ئەوا بۆ گەڕانەوەی گومانەکردن لە ناشەرعیبوونی براکان بە ڕێگەی ئەو دوو پارچە دەستەسڕەیە کە لە بنەماوە یەک دەستەسڕن، ئەوەش بۆ خۆی ئاماژەیەکی ڕوونی پەیوەندیی براکانە بە یەکترییەوە، سەعیدی سوڵتان بەگ لە شەوی نووستنی لەگەڵ یەک لەو کچانەی لەگەڵیدا خەوتووە، پارچەیەکی ئەو دەستەسڕەی پێداوە: «هەندێک خۆی پێسڕی ودەستەسڕەکەی بەردایە سەر سینگم»ل٤٤

ئێمە لە ئاماژەی دەستەسڕەکە بۆ پەیوەندیی براکان دەتوانین ڕووی دووەمی مانامان بۆ دەربکەوێت، بەوەی لەدایکبوونی ئەشرەفیش هەر هەمان وێنەی دەستەسڕەکەی ئەشرەفە، کە دەلالەتی ئەو ئاماژەیەش سووڕانەوەی پەیوەندییەکانە بە دەوری یەکترییەوە، کە لە سەرهەنگ و داپیرەوە دەپەڕێتەوە بۆ سەعیدی سوڵتان بەگ و کەنیزەیەک.

هەڵگرتنی پارچەکەی تری دەستەسڕەکەش لەلایەن داپیرەوە، بۆخۆی گەڕانەوەیەک تری زەمینە، بەوەی سەعید لەناو لەشی خوێناوی ئەشرەف جێی دێڵێت، ئەو جێهێشتنە ئامادەبوونی سەعید لە نێوان سێکس و کوشتندا کۆ دەکاتەوە، بەوەی هەمیشە لە ئامادەبوونی خۆی دەستەسڕ بەکار دێنێت، لێرەوە هێزی ئەو وابەستەبوونە بە خوێن و شەهوەت.

مانەوەی ئەو دەستەسڕە بە پارچەکراوی، مانەوەی مێژووی کوشتنی براکانە، مێژوویەک کە ناسڕدرێتەوە و کەچی زەمەنی خوێنێش ڕێگە نادات بە یەکەوە بلکێنرێتەوە «ئەو دەستە سڕەی لە شەوێکی کارەساتدا دابەش بووبێت، هەرگیز لە ڕۆژێکی ئاسوودەدا نادروێتەوە»ل٤٥

لەگەڵ ئەوەشدا بە تاکە پەیوەندیی ئێمە دەمێنێتەوە، پەیوەندییەک لە ڕێگەی کچ و داپیرە دەیدۆزینەوە، ئەوەش نهێنییەکی ناو شوێنە، کە داپیرە ئەو شوێنەی کردوویەتی بە هەتیوخانە و ئەو منداڵانەی وەک ئەشرەف بێباوکن، لە خۆیان کۆدەکاتەوە، دواجار هەر ئەوانیش لەناو کۆشکەکەدا تاوانی کوشتنی ئەشرەف بۆ داپیرە دەگێڕنەوە، بۆیە پەیوەندیی داپیرە بە شوێنەوە پەیوەندیی بە نهێنیی زمانەوە هەیە، بەوەی ترس لەو پیاوانەی بێ ژن هەڵناکەن بووەتە هۆی ئەوەی پەنجەرەکان



دابخات، ئەوە گومانە لە هاتنە ژوورەوەی پیاوەکان لە ڕێگەی پەنجەرەوە، کە هاتنیان زەوتکردنی لەشی ئەو هەموو مێینەیە کە ئەو بەڕێوەی دەبات، پارێزگاریکردن لەو دەسەڵاتەی کۆشک بە تەنیا پارێزگاریکردن نییە لە دەسەڵاتی خۆی، بەڵکو پارێزگاریکردنە لە هەڕەمی پێکهاتەی دەسەڵاتێک کە وەک پەیوەندییەکی ئۆرگانی دەرکەوتووە، جۆرێک ڕایەڵەکردنە بۆ پێکهاتەکانی دەسەڵات، ئامادەیی سەعیدی سوڵتان بەگ، ئامادەبوونی دەسەڵات و ژێرخانی ئابووریی کۆشکە، هێزێکە خەون زەوت دەکات، ئیرادەی مرۆڤەکان لەژێر کۆنترۆڵی ئەودایە.

ئەو دەمەی ئەشرەف بە ئەحمەدی ناڵ گەورەی وتووە «تۆ هێناتن» ئەوە گەڕانەوەیە بەرەو ڕابردوو، ئیدراککردنە بەقەدەری خیانەت، پێشبینییەکە لە هاوڕێیەکی گیانی کە یاریکردن و نانخواردن و یەک جۆر خواردن و جگەرە دەکێشن، تاوانی کوشتنیش دەدرێتە پاڵ یەکێکی تر، چونکە گرفتی دەسەڵات ئەوە نییە پیاوکوژان بدۆزێتەوە، بەڵکو گرفتی دەسەڵات ئەوەیە بۆ خەڵکی بسەلمێنێ دەسەڵاتەکەی پتەوە، بۆ ئەوەش دەبێت بێگوناهێک بە تاوانبار ناو ببردرێت، تەنانەت ئەگەر ئەو کەسە بێ گوناهیش بێت، گرنگ ئەوەیە دەسەڵات توانای سزادانی هەیە. وەک لە کەرنەڤاڵی جینۆسایدکردنی ئەشرەفدا دەیبینین، دوای تاوانەکە مناڵە بیبسی فرۆشەکە دەبێتە تاوانبار، ڕەنگە تاکە گوناهی مناڵەکە هەر ئەوە بێت: «گوناهی من چیە، ئەگەر قەدەر منی بۆ بارکردن و داگرتن فرێدابێتە ئەو حەوشە تاریکەوە»لا٦٧

ئەو وێنە کاریکاتێرییەی دەسەڵات وێنەیەکی بەردەوامە کە هەمیشە لە دەرەوەی زەمەن دەژیێت، ئەویش وێنەی گەڕانەوەی حورمەتە لەڕێگەی سۆزانییەکانەوە، بە واتایەکی تر یەکێک لە هۆکاری درووستبوونی ماڵ و خانووە تایبەتییەکانی لەشفرۆشی، هێز و سەرمایەیەکە بۆ ساتەوەختی شکستی دەسەڵات، بۆیە کاتێ نەتوانن مناڵێکیش بێننە ژێر بار، ئەوا دەیانەوێ سۆزانییەکان شەرەفیان بکڕنەوە، مونیرەی تورکی ئەو ئافرەتەی جەستەی کچەکانی لە بەرامبەر کاڵاکان دەگۆڕێتەوە: «کچە بەستەزمانەکانی بەکۆگاکاندا دەگێڕا، جەنابی دوکاندار ئەم شاڵە دەبەم و ئەم کچە عاقڵەت بۆ سەعاتێک لەلا بەجێدەهێڵم، زۆر ئەزیەتینەدەیت»لا٧٢

مونیرەی تورکی بەشێکە لەو دەسەڵاتە و سەرمایە ڕەمزییەکەشی لەشی کچەکانییەتی، ئەو درک بەو ڕاستییە دەکات، کە کەناڵەکانی دەسەڵات دەبێت سەرمایەیەکی ڕەمزییان هەبێت بۆ بەڕێوەبردن، پێکهاتەکانی کەناڵەکانی دەسەڵات بۆ یەک ناڕۆشن نین، بەڵکو کەناڵی ئاشکران، هێندە هەیە میکانیزمەکانی ئەم بەڕێوەبردنە حاڵەتی تایبەت و نهێنیی تایبەتمەندیی خۆی دەبێت، کە وابەستەیە بە کۆی دەسەڵاتی بەڕێوەبردن، هەر لەبەر ئەوەش توانای ئەوەی هەیە تاوانی کوشتن داپۆشێت، ئابڕوویەک کە لە پێکهاتەی دەسەڵات ڕووشا، دەبێت سۆزانییەکان ئەو ئابڕووە هەڵبگرنەوە، سەرهەنگ بەدریش باش لەوە تێدەگات بوونی سۆزانییەکان کاری دەزگە ئایدیۆلۆژییەکانی دەوڵەتە.

بونیادەکانی ناوەوەی دەسەڵات بەردەوام لە پەیوەندییەکی دابەزیوە، ئەوەی پارێزگاری لەو پەیوەندییە دەکات زەبروزەنگی دەسەڵاتە، ئەوەش



وا دەكات بەهاكان بە ئاراستەیەک لە کۆمەڵگە بوونیان نەمێنێت، کە دەبێتە مایەی بێزاری، هاوار لە مناڵە بیبسی فرۆشەکە بکەن، ئەو مناڵەی زۆر لەتەک سەرهەنگ بەدری دەمێنێتەوە و دادەنیشێت، دەبێتە شوێنی گومانی کۆمەڵگە، بەوەی دەیخەنە دووڕریانێکەوە، یا سەرهەنگ بەدری لە مۆزەکەی خۆی دەرخوارد دەدات، یا لە کچەکانی بەشی ئەدات، چونکە کچەکانی شێوەیەکن لە جۆری کچەکانی مونیرەی تورکی، تاوەکو غەریزەی مێینەیی خۆیانی پێ دابمرکێننەوە.


ئەوەش ئاشکراکردنی دەمامکی درۆزنەیی پەیوەندییە ئەخلاقییەکانە، تێگەیشتنە لەو ڕاستییەی کە تەنها بەدرەوشتی و پەیوەندیی داڕزیو و دەسەڵاتی ڕاگرتووە، دەسەڵاتێک کوشتن و پەیوەندیی ناسروشتی لەسەر وێنا دەکرێت، پەیوەندییەک کە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان نایانەوێت تێکەڵی ببن، وەک چۆن بەوە لەو سێ بەدمەستە ڕازین، کە تێکەڵی کار و پارەکانیان نەبن، ئەو سیانەی کە بەشێوازی خۆیان چیرۆکی کوشتنی ئەشرەف بۆ داپیرە دەگێڕنەوە، ئەوەش بۆ ناسینی کەسایەتیی خۆیانە، نەک بۆ گێڕانەوەی تاوانەکە، لەوەی ئەوان لە خواردنەوە بەرەو فەردانییەتی خۆیان دەچن: «دەستی ئێمە ئەوەندەی بۆ ئەوە کراوە کاغەزی یاری و پیاڵەی شەراب و قاپی عارەق بگرێت، بۆ ئەوە نەکراوە بە پارە و زێڕ و لەشی ئافرەت یاری بکات»ل١٣٠

ئەوەش بەهادابەزینی ئەوانە کە دەسەڵات تەنیا وەک سێ کیسە خۆڵ و خاشاکی ناو بەرمیلەکان دەیانبینێت، ئەوانەش ئەو بونیادانەی دەرەوەی شوێنن، بۆ گێڕانەوە دێنە ناو شوێن و دواجار




پەشیمان دەبنەوە لەوەی ئیدی نابێ لە بەردەم یاساکان ڕاستی بڵێن، چونکە لە بنەماوە ئەوان پێویستیان پێیان نییە، هەر بۆیە حەیدەر باوکی قومارچی و مەستەکان بۆ سەلماندنی ئەو فەلسەفە مناڵکارانەیەی خۆی دەست بە قورئان دانادا بۆ سوێندخواردن، ئەوەش لادانە لە دەستووری ڕیاکاری دەوڵەت: «مەرجنیە حەقیقەت لەبەردەم خوداوە بگەڕێتەوە بەردەمی دادگا»ل٣٤

هاتنی گەردەلوول بۆ ناو کۆشک هاتنی ئەشرەفە لە شێوەی گەردەلوولێک. ئەمجارەیان پەیوەندیی خۆی بەشتە نەجووڵاوەکانی شوێن دەبەستێتەوە، ئەوانەی ئەو پەیوەندییان پێوە دەبەستێ، دەیەوێت



لەگەڵیاندا هێرش بکەنە سەر کۆشکی داپیرە، بۆ تۆڵەکردنەوەی تاوانی کوشتن، ئەوەش گەڕانەوەی ئەشرەفە لەگەڵ پارچە کاغەز و نایلۆنی دڕاو و زەرفی بەتاڵ و گەڵای زەرد، هەریەک لەو ماتریالانە دەلالەتی فەنابوون دەبەخشێت و لە دەرەوەی پەراوێزی ژیاندان، ئەوە ئەشرەفە (گەردەلوول) لەگەڵ خۆی دەیانهێنێتە نێو کۆشک، ئەو گەڕانەوەیەی بەر لە مەرگی ویستی دوا پەیوەندیی بەو شوێنە ڕابگەیەنێت، بەوەی داپیرە لە دواجار فریای بکەوێت و لەناو کۆشک کۆتایی پێ نەیەت، ئەوەش ئینتیمای یادەوەریی ئەوە بۆ شوێن بۆ ئەو کچانەی لەناو کۆشکەکەی داپیرە خۆشیان دەوێت:

«داپیرە.. داپیرە.. مەهێڵە بمکوژن»لا١٩٧


بەفریانەکەوتنی داپیرە وا دەکات ئەمجارە لە ڕێگەی گەردەلوولەوە بێتەوە نێو کۆشک، لەڕێگەی تاقە پەنجەرەی کراوەی داپیرەوە لە ڕێگەی گەڵای زەردەوە کە ئامێزی پێ دەکاتەوە، ئەوەش گەڕانەوەیە بەرەو دایک، بە دوای تاوانی کوشتن کە گەڵای زەرد ئاماژەیە بۆ هەڵوەرینی بوونی لە پایزدا، کە حاڵەتێکی دۆنادۆنی نێوان پایز و ئەشرەفە، کە ئاوێتە بوونی نێوان مرۆڤ و سروشتە، ئاوێتەبوونێک گەڕانەوەیە بۆ ناو سروشت.

شوێن پەیوەندیی کارەکتەرە بە یەکتری، پەیوەندییەک شاردنەوەی نهێنیی ڕووداو وابەستەیە بە کۆشکەوە، بەوەی ئەو پەیوەندییە لە نێوان کوشتن و سێکسکردندا دوالیزمی خۆی دادەمەزرێنێت، ئەوەش وابەستەبوونە بە دەسەڵاتی کۆشک و کارەکتەرەکانییەوە، پەیوەندیی نێوان مرۆڤەکانی کۆشک و دەرەوەی کۆشکە، بۆیە کیژە پاکیزەکان لە گێڕانەوەدا توانای گێڕانەوەی کۆی زەمەنی ڕووداوەکانیان هەیە، چونکە شوێن ڕووبەری ناسینی مرۆڤەکانە، ئەوەش گەڕانەوەیە بەرەو یادەوەریی کەسێتی، ئەوەش ئینتیماکردنی شوێنە وا دەکات هەریەکە لە قوربانی و جەللاد گیرۆدەی یادەوەری بن، ئەوان نەک خاڵی نین لە یادەوەری، بەڵکو هێزی یادەوەری فرمانیان پێ دەکات.

هەڵبەت لەو کوشتنەشدا دەنگی کیژەکان بە تەنیا نهێنیی تاوانێک ناخەنە ڕوو، هێندەی گەڕانەوەی دەنگ لە ڕێگەی گێڕانەوە ئاماژەیە بۆ کوشتنی هێزێک نەک کوشتنی تاکە کەسێک: «داپیرە.. مەهێڵە بمانکوژن.. داپیرە.. فریامانبکەوە»لا٨٦

لێرەدا ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە دەبینەوە: ئەوانەی بە مەرگی ئەشرەف دەمرن کێن؟ هەڵبەت لێرەدا مردن چەمکێکی مەجازیی هەیە زیاد لەوەی جەستەیی بێت، مردنی ئەشرەف، مردنی خەونی کیژە پاکیزەکانە، مردنی ئەو ئارەزووە ژیاندۆستەی ناو کۆشکە، کە تەواوی کۆشک خەمبار دەکات، هەر یەکەی لە ساتی هەواڵەکە بە شێوەیەک ئازاری پێ دەگات، چونکە لە بنەڕەتدا پێیان وایە ئەشرەف لەناو بنەماکانی شوێن بوونی هەیە، تەنانەت بوونی ئەو لە بوونی ئاویشدا دەبیننەوە، مردنیشی لە لای یەکێک لە کیژەکان دەبێتە مردنی ئاو، بۆیە مردنی ئەشرەف مەرگێکی مەجازییانەی ژیانی کیژەکانی کۆشکە، هاواری ئەشرەفیش بۆ داپیرە بانگەوازێکە بۆ فریاکەوتنی کۆشک تاوەکو ژیانی ناو کۆشک نەمرێت، بە مردنیشی مانای مەجازیی ژیان لە کۆشک کۆتایی دێت.





# شۆڕش و میتاشۆڕش

## لە رۆمانی (کەشتیی فریشەکان)ی بەختیار عەلی-دا

ئارام سدیق


### سەرەتا

هونەری گێڕانەوەیە یەکێکە لە هونەرە دێرینەکان و ئەفلاتون دیالۆگی (ئایۆن- Ion)ی تەرخان کردووە بۆ باسکردنی ئەم هونەرە. هاوکات بە پێی قۆناغەکانی ژیانی مرۆڤیش ئەم هونەرە ئاست و شێوازی جۆراوجۆری بەخۆوە بینیوە و گەشەسەندووترین فۆڕمی ئەم هونەرەش رۆمانە. بەپێی رای (د. جەمیل حەمداوی) رۆمان ئامرازێک بووە بۆ ململانێی کۆمەڵایەتی دژی دەستەی دەرەبەگەکان و فریودەران

و رقهەڵگران. هەروەها چەکێکی میللی بووە بۆ تێکۆشان لە دژی چەوساندنەوە و پرۆتستۆکردنی ئەو واقیعەی کە ئامادەیی هەبووە. واتە لە رۆماندا بە تەنها خود قسە ناکات، بەڵکو کەسانی تریش دێنەگۆ و خودیش لەنێو ئەو دەنگانەی تردا دەنگی خۆی بەیان دەکات. لەبارەی پێگەی رۆمانیشەوە (باختین) رای وایە رۆمان وەکو جۆرێکی ئەدەبیی فۆرم تەواو دەمێنێتەوە و خاوەنی کەماڵێکی تەواوە. رۆمان هونەری گوزارشتکردنی خود و کۆمەڵگەکانی ئەمرۆیە و لەم سەردەمە نوێیەدا بە یەکێک لە باڵاترین ژانرە ئەدەبییەکان دادەنرێت و زۆرترین خوێنەریش لە دەوری خۆی کۆکردووەتەوە. (محەمەد رەفیع محمودیان)، سەردەمی نوێ بە سەردەمی خوێنەرانی رۆمان ناو دەبات و پێی وایە لە ئێستادا گەشەکردنەکانی رۆمان لە چاو سەدەیەک پێشووتردا زۆر جیاوازە و گۆڕانکاریی زۆر لە هونەری گێڕانەوەدا رووی داوە و پرسیارەکانی مرۆڤیش لە نێو رۆماندا فراوانتربوون.

ئەگەر رۆمان لە دنیادا بەردەوام لە گەشەکردندا بێت، ئەی رۆمانی کوردی لە کوێی ئەو هاوکێشەی گەشەکردنەدایە. بێگومان لەم ساڵانەی دواییدا هونەری گێڕانەوە بە گشتی و رۆمانی کوردی بەتایبەتی، گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و لە ئێستادا ساڵانە چەندین رۆمانی نوێی کوردی چاپ دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، وەک پێویست خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ لایەنە جیاوازەکانی ئەم تێکستانە ناکرێت، کە ئەمە تاڕادەیەک پێگەی رۆمانی کوردی بە لێڵی هێشتووەتەوە. (بێگومان ئەمە باسێکی درێژە و ئێمە لێرەدا دەرفەتی لەسەر وەستانیمان نییە).

ئەوەی ئەم نووسینە دەخوازێت لەسەری بوەستێت رۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)ی بەختیار عەلییە. ئەم رۆمانە تا هەنووکە تەنها بەشێکی بڵاوبووەتەوە و من لەم نووسینەدا دەمەوێت توێکاریی چەند چەمکێکی نێو ئەم رۆمانە بکەم، بەتایبەتیش چەمکی شۆڕش، کە وەکو تێمای سەرەکیی تێکستەکە خۆی بەیان دەکات.




لەم ساڵانەی دواییدا هونەری گێڕانەوە بە گشتی و رۆمانی کوردی بەتایبەتی، گەشەی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە و لە ئێستادا ساڵانە چەندین رۆمانی نوێی کوردی چاپ دەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە ئەوەیە، وەک پێویست خوێندنەوە و شیکردنەوە بۆ لایەنە جیاوازەکانی ئەم تێکستانە ناکرێت، کە ئەمە تاڕادەیەک پێگەی رۆمانی کوردی بە لێڵی هێشتووەتەوە

## لە بارەی (کەشتیی فریشتەکان)ەوە

کەشتیی فریشتەکان رۆمانێکی قەبارە گەورەی (بەختیار عەلی)یە و لە دووتوێی ٩٠٢ لاپەڕەدا لە چاپ دراوە. رۆمانەکە لە رووی فەزای ئیشکردن و هاوکات گێڕانەوەوە لە کارەکانی پێشووتری رۆماننووس جیاوازە. رۆمانەکە یەک گێڕەرەوەی سەرەکیی هەیە، کە ناوی (وەفای رەفعەت بەگ)ە، کە خۆی پاڵەوانی سەرەکیی رۆمانەکەشە. خاڵی جیاوازی ئەم رۆمانە لەگەڵ رۆمانی (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا ئەوەیە، کە ئەم رۆمانە تاکگێڕەرەوەیە، بەڵام لە (غەزەلنووس و باغەکانی خەیاڵ)دا زیاد لە گێڕەرەوەیەک ئامادەیی هەیە. بە گشتی تەواوی رووداوەکانی رۆمانی (کەشتیی فریشتەکان) لە دیدی کەسێکەوە دەگێڕدرێنەوە، کە لە ساڵی ١٩٧٤وە دەچێتە ریزی شۆڕشەوە و سەرەتای دەستبەکاربوونی لە زیندانێکەوە دەست پێدەکات بەناوی (پسمانان).

پاڵەوانی سەرەکیی ئەم رۆمانە (وەفای رەفعەت بەگ) وەکو کەسێک دەردەکەوێت، کە هەموو تروسکەیەکی رزگاریی نەتەوە لە شۆڕشدا دەبینێت و هەموو خەون و خەیاڵێک لەسەر شۆڕش بونیاد دەنێت، زیاتر لە شۆڕشگێڕێکی دۆگماتیک دەچێت



تا شۆڕشگێڕێکی پرسیارکەر.

خاڵێکی تری جیاواز لەم ڕۆمانەدا ئەوەیە، کە تەواوی ڕۆمانەکە لەنێو ئایدیای شۆڕشدا بە مانا جیاوازەکانییەوە تواوەتەوە، بە جۆرێک کۆی ڕۆمانەکە گەشتێکە بەنێو مێژووی ٣٥ ساڵی ڕابردووی شۆڕشی نوێی کوردیدا و هەوڵدانە بۆ خستنەڕووی دیوە پەنهان و نەبینراوەکەی شۆڕشی کوردی، ئەو دیوەی تا ئێستا لە چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا نائامادەیە. دیوێک کە چیتر شۆڕشگێڕەکان وەکو سۆپەرمان پیشان نادات و ڕووی ڕاستەقینەی ئەوان دەخاتە ڕوو. بە گشتی خاڵی جەوهەری ئەم ڕۆمانە لێدانە لە دیوە سۆپەرمانئاساکەی شۆڕشگێڕی کورد و ئەو ئامادەییە سیحرئامێز و سۆپەرمانئاسایەی بە درێژایی هەردوو دەیەی حەفتاکان و هەشتاکان لەنێو چیرۆک و ڕۆمانی کوردیدا هەیبووە. ڕۆمانەکە سودێکی زۆری لە تەکنیکی فلاشباک وەرگرتووە و پێیەکی ڕووداوەکان لە دونیای پێش ڕاپەڕین و پێیەکەی تری لە دونیای پاش ڕاپەڕیندایە.

## ڕۆمانی مێژوویی، یان لە یادەوەرییەوە بۆ ئەدەب

بە پێی ڕای لێکۆڵەران ڕۆمانی مێژوویی، هەوڵدانە بۆ نووسینەوە و گێڕانەوەی ئەو لایەن و پنتانەی مێژوو، کە مێژوونووسان پەییان پێ نەبردووە، یان بە ئەنقەست فەرامۆشیان کردووە. زۆرجار ڕۆمانە مێژووییەکان ئەوەندەی حەقیقەتی نێو مێژوو دەنووسنەوە ئەوەندە خەیاڵ نانووسنەوە. ئەگەرچی خەیاڵ ئامادەبوونێکی تەواوی لەنێو ڕۆمانی مێژووییدا هەیە و شوێنبزر نییە، بەڵام ڕۆماننووس لە ڕۆمانی مێژووییدا زۆرجار لە مێژوونووسەکان ڕاستگۆترە بۆ خستنەڕووی دیوە تاریکەکانی نێو مێژوو.

یەکێکی تر لەو خاڵانەی زۆرجار دەبەسترێتەوە بە ڕۆمانی مێژووییەوە یادەوەرییە، کە زۆرجار ئەو پرسیارە سەرهەڵدەدات ئایا لە ڕۆمانی مێژووییدا ڕۆماننووس یادەوەریی خۆی دەگێڕێتەوە یان نا؟ ئەگەر ئەوەی دەیگێڕێتەوە یادەوەری نییە چییە؟ بەو پێیەی هەر ڕۆماننووسە بە شێوازێکی تایبەت بە خۆی کار دەکات، هاوکات ڕەنگە هەر ڕۆمانە و بەشێوەیەکی تایبەتیش کاری لەسەر کرابێت. بەڵام «لێکۆڵینەوەکانی سەبارەت بە بنجوبنەوانی ڕۆمان سەلمێنەری ئەو ڕاستییەن، کە ڕۆمان وەکو جۆرێکی ئەدەبیی نوێ پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ نووسینەوەی ژیاننامە و بیرەوەریدا هەیە. بە واتایەکی تر ڕۆمان ئەوەندەی بریتییە لە خەیاڵ، ئەوەندەش جێپێی بەسەرهات و سەربووردە و گەشتی ژیانی تێدا دەبینرێت». بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جیاوازییەکی زۆر لە نێوان نووسینەوەی ژیاننامە و ڕۆماندا هەیە. لە ڕۆماندا نووسەر هەرگیز پابەندی سەد لە سەدی واقیع نابێت و ڕەنگە لە زۆر شوێندا جڵەوی خەیاڵ تا ئاستی خولقاندنی ئەفسانەش بەربدات، بەڵام لە نووسینەوەی ژیاننامەدا نووسەر پەیوەستییەکی تەواوی بە واقیعەوە هەیە. ئەگەرچی ڕەنگە بەشێک لەو واقیعە بە جۆرێک لە جۆرەکان فەرامۆش بکرێت بەهۆی ئەوەی ڕەنگە (نووسەر/گێڕەرەوە)کەی حەز بە وەبیرهێنانەوەی نەکات، بەڵام بە گشتی ژیاننامە پەیوەستییەکی تەواوی بە واقیعەوە هەیە. هاوکات جۆرێک لە ژیاننامە هەیە، کە ئەگەرچی واقیعیانە گێڕدراوەتەوە و خەیاڵ ئامادەیی نییە، بەڵام بە سوودوەرگرتن لە تەکنیکەکانی ڕۆمان و هونەری گێڕانەوە فۆڕمی ڕۆمانی وەرگرتووە، کە دەتوانین


وەکو د. هاشم ئەحمەدزادە ئاماژە بە ڕۆمانی هەیئەی (سەلام عەبدوڵڵا) بدەین، کە لەم شێوەیەیە، بەڵام لێرەدا پرسیارێکی تر سەرهەڵدەدات کە ئایا تەوزیفکردنی واقیع لەنێو ڕۆماندا تێکستێک دەکاتە ڕۆمانێکی مێژوویی؟ بەو پێیەی هەر تێکستێک خاوەنی یەکەیەکی سەربەخۆیە و ناکرێت کۆمەڵێک پێوەر و قاڵبی نەگۆڕ دابنێین و تێکستەکان لە نێویاندا جێ بکەینەوە، یان بە زۆر بیانخەینە نێو ئەو پێوەرانەوە، بەڵام بە رای بەشێک لە لێکۆڵەران «ڕۆمان هونەرێکە تایبەت بە سەردەمی نوێ و واقیعگەرایی یەکێکە لە هۆگرییەکانی ئەم چاخە نوێیەی ڕۆمان». ئێستا کاتی ئەوە هاتووە بزانین (کەشتی فریشتەکان) سەر بە کام نەسلی ڕۆمانە؟ ئایا ڕۆمانێکی مێژووییە؟ یان توانەوەی یادەوەرییە لە ئەدەبدا، یان بەختیار هەوڵی نووسینەوەی ژیاننامەی کەسێکی دیاریکراوی داوە؟


کەشتیی فریشتەکان لەو ڕۆمانانەیە، کە زیادەڕەوی نییە بڵێین ئاوی لە هەموو سەرچاوەکان خواردووەتەوە بۆ ئەوەی پێکهاتەی خۆی بونیاد بنێت. هاوکات دەتوانین وەکو ڕۆمانێکی مێژوویی لێی بڕوانین، یان بە ڕۆمانێکی واقیعگەرایی سەیری بکەین، بەڵام ئەوەی هێڵی مێژوویی ئەم ڕۆمانە کاڵ دەکاتەوە، ئەو جڵەوبەردانەی خەیاڵە تا دواسنوور. بەجۆرێک واقیع و خەیاڵ تا دوائاست تێکەڵ دەبن، بەڵام بە شێوەیەک کە هەردووکیان خزمەت بە بونیادی تێکستەکە دەکەن. واتە ئەگەرچی (کەشتی فریشتەکان) وەکو ڕۆمانێکی مێژوویی دێتە بەرچاو، هاوکات ڕۆمانێکە وەکو جۆرێک لە یادەوەرییش دەخوێنرێتەوە، یادەوەرییەک کە بە فۆرمێکی بەرزی هونەری نووسرابێتەوە.

**شۆڕش چییە؟**

چەمکی (شۆڕش) لەو چەمکانەیە کە تەفسیر و لێکدانەوەی زۆر هەڵدەگرێت و لە ریزی ئەو چەمکانەدایە، کە خاوەنی ئاڵۆزییەکی زۆرە. کارل پۆپەر لای وایە وشەی (شۆڕش) دەشێ بە مانای گۆڕانێکی ئاشتیخوازانە بێت و هەروەها دەشێ بە مانای گۆڕانێکی توندوتیژانە بێت و پێیوایە مارکسیزم هەردوو ماناکەی بە کراوەیی هێشتووەتەوە. هەروەها (پۆپەر) ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە گۆڕانی توندوتیژانە بە زۆری ئەنجامەکەی بە دیکتاتۆری دەشکێتەوە و نموونەی شۆڕشی سەدەی حەڤدەیەم لە بەریتانیا دەهێنێتەوە، کە دیکتاتۆرییەتی (کرۆموێل)ی لێکەوتەوە و هەروەها شۆڕشی فەرەنسی، کە دیکتاتۆری ڕۆبسپێر و ناپلیۆنی لێ کەوتەوە و شۆڕشی رووسیاش، کە دیکتاتۆرییەتی ستالینی بەرهەم هێنا.

هاوکات عەزمی بەشارە لە پێناسەی شۆڕشدا دەنووسێت: مەبەست لە شۆڕش بریتییە لە جووڵانەوەیەکی جەماوەریی بەرفراوان لە دەرەوەی ئەو بونیادە دەستوورییەی کە هەیە، یاخود لە دەرەوەی ڕەوایەتی، کە ئامانجی خۆی لە گۆڕینی سیستمی حوکمداریی لە دەوڵەتدا دەبینێتەوە. بەم مانایە شۆڕش بریتییە لە جوڵانەوەیەک بۆ گۆڕان لە ڕەوایەتیی سیاسی، کە ددانی پێدا نانێت و دەیگۆڕێت بە ڕەوایەتییەکی نوێ. هەمان نووسەر ئەوەش دەخاتە ڕوو، کە شۆڕش بەم مانا دیار و بەرجەستەیەیەوە دیاردەیەکی رادیکاڵی هاوچەرخە، کە لەسەر نوێکردنەوە و نوێخوازی ڕاوەستاوە، هەروەها بە دوای نوێخوازیدا وێڵە و خۆیشی وەک نوێکارێک لە قەڵەم دەدات. ئەوەش بە پێچەوانەی





ئەوەی فەیلەسووفە یۆنانییەکان ناویان نابوو شۆڕشەکان. لای ئەوان شۆڕشەکان بەرجەستەی خولێکی چەندبارەبووەوەی گۆڕینی سیستمەکانە، تەنانەت ئەوکاتەشی شۆڕشەکان دەبنە هۆی گۆڕینی سیستم، ئەوا لەم دۆخەدا جوڵانەوەیەکی بازنەیی لە هەڵکشانی سیستمێک و دواتر داکشانی پێک دەهێنێت، بێ ئەوەی هیچ شتێکی نوێ لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بێنێتە کایەوە.

ئەوەی پرسیاری سەرەکییە لێرەدا ئەوەیە، کە جۆرەکانی شۆڕش کامانەن؟ ئایا مرۆڤ پێویستی تەنها بەو شۆڕشانەیە کە لە پێناو (ئەوانی تر)دا دەیکات، یان پێویستە بەر لەوەی بیر لە شۆڕش بۆ ئەوانی تر بکاتەوە، شۆڕشێکی خودیشی پێویستە. ئەوەی لە سەرەوە خرایە ڕوو، تەنها ئەوەیە کە مرۆڤ بیر لە گۆڕینی سیستمێک بە سیستمێکی تر دەکاتەوە. واتە لێرەدا شۆڕش وەکو کردەیەکی دەستەجەمعی خۆی دەنوێنێت، بەڵام چەمکی شۆڕش تەنها لەمەدا کورت نابێتەوە. بە دیوە فەلسەفیەکەیدا مرۆڤ بەرلەوەی بیر لەوە بکاتەوە دونیا بگۆڕێت پێویستە هەوڵی گۆڕینی خۆی بدات و شۆڕشێک بەسەر دیوە تاریکەکەی خۆیدا بکات.

بەختیار عەلی لەم ڕۆمانەدا لە چەند شوێنێکدا ئاماژەی بەوە داوە، کە ئینسان پێویستی بەوەیە شۆڕش بەسەر خۆیدا بکات، دواتر لە بیری ئازادکردنی ئەوانی تردا بێت. لە لاپەڕە ٧٢٠دا دەڵێت: «هیچ شۆڕشێکی ڕەوا لەسەر زەوی نییە، ئەو شۆڕشە نەبێت، کە سەرەتا مرۆڤ بەسەر خۆیدا دەیکات». بەختیار لە لاپەڕەی دواتردا دەڵێت: شۆڕش یاخیبوونی دیوە باشەکەی ئینسانە بەسەر دیوە چەپەڵ و زۆردارەکەیدا. هاوکات لە شوێنێکی




تردا دەنووسێت: تەنیا شۆڕشی ڕاستەقینە لە دونیادا ئەو شۆڕشەیە ئینسان دژی ئازار دەیکات. لێرەدا پرسیاری ئەوە سەرهەڵدەدات مرۆڤ شۆڕش لە پێناو چیدا دەکات؟ ئایا بۆ ئەوەیە بەسەر لاشەی ئەوانی تردا بڕوات، بۆ ئەوەی بەختەوەری چنگ بخات، یان شۆڕش بۆ ئەوەیە ئازاری مرۆڤەکان کەمتر و کەمتر بێتەوە؟ بێگومان ئەزموونەکانی پێشووتر ئەوەیان سەلماندووە، کە هیچ کام لەو شۆڕشانەی


خوێن دەڕێژن و ئازار بەرهەمدێنن، ناتوانن شۆڕشێک بن بۆ حەسانەوەی مرۆڤ، بەڵکو دووبارەکردنەوەی هەمان ئەزموونە تاریکەکانی دەسەڵاتی پێشووترە بە دیوێکی دیکەدا. هەر بۆیە بەختیار لەم ڕۆمانەدا بڕوای وایە کە کەسی شۆڕشگێر دەبێت کەسێک بێت ئازار کەم بکاتەوە، نەک ئازاری تر بخولقێنێت. هاوکات چەمکی شۆڕش لەم ڕۆمانەدا چەمکێکی خودییە، ئەمەش بەو مانایەی شۆڕشەکان دەبێت سەرەتا مرۆڤ بەسەر خۆیدا بیکات، تا مرۆڤێکی لیبراڵ بەرهەم نەیەت خەونیش بە کۆمەڵگە و سیستمی لیبراڵەوە نابینرێت. بە گشتی (کەشتیی فریشتەکان) هەوڵێکە بۆ ڕاگرتنی مرۆڤی کورد لە بەردەم چەمکی شۆڕشدا و ڕووبەڕووکردنەوەی پرسیاری شۆڕش بۆچی و لە پێناو چیدایە؟ شۆڕشەکانی سەدەی ڕابردووی ئینسانی کورد، لە پێناوی چیدا بوون و بۆچی بوون؟ لەم پرسیارانەوە ڕۆماننووس خوێنەر ئاوێتەی نێو کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە دەکات.

### توێکاریی شۆڕشگێڕ


لەگەڵ ئەوەی هەموو شۆڕشێک جۆرێکە لە وشیاربوونەوە بەرامبەر سیستمێک، کە ڕەنگە دیکتاتۆری بێت، یان سیستمێک بێت دژی زۆرینەی کۆمەڵگەیەک بێت. بۆیە لە ڕێی سەرهەڵدانی تاکی وشیارەوە شۆڕشەکان دروست دەبن، بەڵام ئایا هەموو کەسەکانی نێو شۆڕشەکان کەسانی وشیارن؟ بێگومان چۆن کۆمەڵگە لە هەموو چین و توێژە جۆربەجۆرەکان پێکهاتووە و کەسانی هێمن و مرۆڤدۆستی تێدایە، تا دەگاتە کەسانی پیاوکوژ، بەهەمان شێوەش شۆڕش پێکهاتەیەکی بچووک کراوەی کۆمەڵگەیە، بۆیە لە هەموو جۆرە مرۆڤێکی تێدا جێبووەتەوە، بەڵام دەکرێت بپرسین پەیامی شۆڕش چییە؟ ئایا پەیامەکەی بۆ خوێنڕێژییە و ئەوەی وەکو (شۆڕشگێڕان) بیری نەکردەوە، بۆ کوشتنە یان چی تر. بێگومان هەموو شۆڕشەکان بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرهەمهێنەری توندوتیژین، بەڵام کاتێک خوێنڕێژی دەبێتە پەیامی سەرەکیی شۆڕشێک و هەموو ئاسۆیەکی ئازادی و ڕزگاربوون لەوێوە دەبینێت، ئیتر لێرەدا بەربەرییەت دروست دەبێت و شۆڕشگێڕ جگە لە کەسێکی بەربەری هیچی تر نییە.

بەختیار لە لاپەڕە ٥٢ی ڕۆمانەکەدا بە ڕستەیەکی ترسناک تەفسیری کەسی شۆڕشگێڕ دەکات و دەنووسێت: «شۆڕشگێڕی ڕاستەقینە ئەوەیە، کە دەکوژێت بۆ ئەوەی بمێنێتەوە، بۆ ئەوەی ئازار نەچێژێت، بۆ ئەوەی لە ڕیزی بەهێزەکاندا بێت، لە بەری براوەکاندا..»

ئایا بۆ ئەوەی مرۆڤ براوەبێت دەبێت بکوژبێت؟ بێگومان نەخێر، بەڵام ئەمە توێکاریکردنی فیکری شۆڕشگێڕە کوردەکانە، کە ساڵانێک مرۆڤی کورد خەونی لەسەر بوونی ئەوان هەڵدەچنی و چاوەڕوان بوون مێژوویان لە دیکتاتۆرییەتەوە بۆ بگۆڕێت بە دیموکراسی، بەڵام ئایا ئەو (شۆڕشگێڕ)انە ئەو ڕۆڵەیان بینی؟ بەختیار لە شوێنێکی تردا لەبارەی وەزیفەی شۆڕشگێڕەوە دەنووسێت: «شۆڕشگێڕ ئەوە نییە، کە مێژوو دەگۆڕێت، بەڵکو ئەوەیە کە کۆمەک بە مرۆڤ دەکات نەبێتە جانەوەر، لەوە زیاتر هیچی تر نییە. گرنگ ئەوەیە کاتێک مرۆڤ بۆ ئازادی شەڕ دەکات نەبێتە جانەوەر، ئەوە تەنیا پرسیاری گرنگی مێژووە.»



لە کەشتیی فریشتەکاندا فۆڕمێکی شۆڕشگێڕ پیشان دەدرێت، کە فۆڕمێکە تاڕادەیەک لە هەموو شۆڕشەکاندا و لە هەموو سوچێکی دنیادا دەبینرێنەوە، ئەویش ئەو فۆڕمەی شۆڕشگێڕە، کە لە پێناو شتە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەجەنگن و شۆڕش دەکەنە پردێک بۆ گەیشتن بەو شتە تایبەتییانە



ئەگەر شۆڕشگێڕەکان خەونی گۆڕینی مێژوویان نەبووە، ئەوان خەونی بە جانەوەرنەبوونی ئینسانی کوردیان هەبووە. واتە شۆڕش بە جۆرێک لە جۆرەکان رزگارکردنی مرۆڤی کورد بووە لە دەعەجانبوون. شۆڕشگێڕەکان ئەو زاهیدانە بوون مرۆڤی کوردیان لە لێواری دەعەجانبووندا گێڕایەوە بۆ مرۆڤبوون، یان بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین شۆڕش فریادڕەسێکە لەو دۆخەی کە جۆرج ئۆروێل لە رۆمانی ١٩٨٤دا ئاماژەی بۆ دەکات، کە دۆخێکی پۆلیسییە و مرۆڤ لە سیستەمی تۆتالیتاریدا بوونی بە تەواوی کۆنترۆڵ دەکرێت و خاوەنی هیچ جووڵەیەکی خۆی نابێت.

لە کەشتیی فریشتەکاندا فۆرمێکی شۆڕشگێڕ پیشان دەدرێت، کە فۆرمێکە تاڕادەیەک لە هەموو شۆڕشەکاندا و لە هەموو سوچێکی دنیادا دەبینرێنەوە، ئەویش ئەو فۆرمەی شۆڕشگێڕە، کە لە پێناو شتە تایبەتییەکانی خۆیاندا دەجەنگن و شۆڕش دەکەنە پردێک بۆ گەیشتن بەو شتە تایبەتییانە. بەختیار ئەم جۆرە لە شۆڕشگێڕی لەم چەند رستەیەدا کورت کردووەتەوە: «خەڵکان ناچنە شۆڕشەوە بۆ ئەوەی هیچ چاک بکەن، بەڵکو بۆ ئەوەی ئەو شتانە حەڵاڵ بکەن کە لەکاتی تردا حەڵاڵ نین»، یان لە شوێنێکی تردا دەنووسێت: «لە شۆڕشدا دەتوانیت هەموو ئەو یاسا ئەخلاقیانە بشکێنێت، کە دەیەوێت. شۆڕش هیچ نییە جگە لە گۆڕستانێکی گەورەی ئەخلاق».

بۆ ئەوەی شۆڕش بەرەو بەربەرییەت هەنگاو نەنێت، پێویستی بە رەچاوکردنی عەدالەت و هاوکات ئەوەیە سیستەمێکی رێکخستنی نێوخۆیی هەبێت. لە کەشتیی فریشتەکاندا جۆرێک لە فەوزای نێو شۆڕش خراوەتەڕوو، کە زیاتر پیشاندانی دیوە بەربەرییەکەی شۆڕشە بە جۆرێک خودی شۆڕش لە هەندێ کاتدا بووەتە هۆی ئەوەی سووکایەتی بە شۆڕشگێڕەکان بکات و گرتووخانەیان بۆ دابمەزرێنێت، هەر بۆیە بەختیار لە زاری یەکێک لە کاراکتەرەکانەوە دەڵێت: «شۆڕشێک سووکایەتی بە شۆڕشگێڕکانی بکات، کە خۆی گرتووخانەی ترسناک دابمەزرێنێت، کە رەچاوی عەدالەت نەکات، شۆڕشێکە ناگاتە ئامانج».

ئەگەرچی هەموو شۆڕشەکان لە درووشمدا هەڵگری هەستی ئینساندۆستی و پاراستنی بەرژەوەندیی سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگەن، بەڵام بەشی هەرە زۆری شۆڕشەکان ئەزموونکردنی جۆرێک لە بەربەرییەتن، بە حەڵاڵکردنی خوێنی سەرجەم مرۆڤەکانی تر، کە وەک ئەوان بیر ناکەنەوەو لە دەرەوەی ئەوان دەیانەوێت بژین.

## شۆڕش و جێندەر


لەم بەشەدا دەمەوێت ئەو تێڕوانینە جیایە بخەمە ڕوو، کە لە نێوان هەردوو رەگەزدا لەمەڕ چەمکی شۆڕشەوە هەیە، بەجۆرێک لای بەختیار رووبەڕووی دوو ڕوانینی جیاواز دەبینەوە بۆ شۆڕش. روانینێک شۆڕشگێڕە نێرەکان شۆڕش بۆ رزگاری هەموان دەکەن، لە لایەکی ترەوە، رەگەزەکەی تر بە شێوەیەک لە شێوەکان کۆیلەی نەریتەکانی ئەو کۆمەڵگەیەیە، یان دەستی نێرەکانیەتی و دەیەوێت لە پێناو خۆیدا و بۆ ئازادکردنی خودی خۆی (مەبەست رەگەزی مێینەیە) شۆڕشێکی تر بکات.

لە سەرەتای ئەم نووسینەدا ئەو تێڕوانینەمان خستە ڕوو، کە مرۆڤ بەرلەوەی پێویستی بەوە

بێت شۆڕش بۆ ئەوانی تر بکات، پێویستی بەوەیە شۆڕشێکی ناوەکی لەگەڵ خودی خۆیدا بکات. واتە لێرەدا دوو جۆر شۆڕش سەرهەڵدەدەن. جۆری یەکەم شۆڕشێکە لە پێناو کۆمەڵگەدا و پەیامێکی دەستەجەمعی بەسەریدا زاڵە. جۆری دووەمیش ئەو شۆڕشەیە ئینسان لە پێناو ئازادکردنی عەقڵی خۆیدا دەیکات و خودی خۆی رزگار دەکات و شۆڕشێکی ناوەکییە و تاکەکان لەگەڵ خودی خۆیاندا دەیکەن. بەڵام لێرەدا جۆرێکی تری شۆڕش سەرهەڵدەدات، کە من بە جۆری سێیەمی شۆڕش و بە شۆڕش جێندەری ناوی دەبەم، کە بەشی هەرە زۆری کۆمەڵگە رۆژهەڵاتییەکان پێویستیان بەم شۆڕشەیە، کە تاکی مێینە بۆ ئازادکردنی جەستە و عەقڵی پێویستی بە شۆڕشێک هەیە. فیگۆری (نەغەدەی ماردینی) کە وەکو دەنگێکی مێینەی نێو رۆمانەکە کاریگەریی لەسەر رووداوەکان هەیە، لای وایە شۆڕش هیچ نییە جگە لە تەعبیرێکی دەستەجەمعی پیاوان لە پیاوەتیی خۆیان.


ئەم رستەیەی نەغەدە بۆنی ئەوەی لێدێت کە هیچ کام لە شۆڕشەکان لە پێناو هەردوو رەگەزەکەدا نەبوون و تەنها رەگەزێک سودمەندی سەرەتا و کۆتایی بووە و رەگەزەکەی تر، کە مێینەیە لە دەرەوەی ئەو بازنەیەدا بووە. ئەگەرچی زۆر جاران ئەم رەگەزە لەنێو شۆڕشدا بەشداری کردووە و ئامادەیی فیزیکی و عەقڵی هەبووە، بەڵام لە بەرهەمەکەی سوودمەند نەبووە. هەر لە زمانی (نەغەدە)وە بەختیار عەلی لە لاپەڕە ٥٦٤دا دەڵێت: «شۆڕش بۆ ژن مانایەکی تری هەیە. شۆڕش لای ئێوە (مەبەست لە پیاوانە) ئەوەیە ببن بە خاوەنی دونیا، بەڵام لای من ئەوەیە ببم بە خاوەنی جەستەی خۆم».

ئەگەرچی بەختیار لەم رۆمانەدا هەوڵی نووسینەوەی مێژووی شۆڕشی نوێی کوردی دەدات، بەڵام لەم رستەیەوە ئەو ئاماژەیە فرێدەدات، کە ئێمە لەگەڵ ئەم شۆڕشەدا شۆڕشێکی ترمان پێویستە، کە بۆ رزگارکردنی رەگەزی مێینەیە لە نێو کۆمەڵگەی کوردیدا، لەو کۆتوبەندانەی کولتووری کوردی لەبەردەمیاندا دروستی کردووە و هاوکات بوونەتە رەگەزێک، کە خاوەنی جەستەی خۆی نەبێت. لێرەوە خاڵێکی لاواز و پڕکەموکوڕی شۆڕشی کوردی دەردەکەوێت، کە پەراوێزخستنی رەگەزی مێینەیە، کە ئەمەش زیاتر لە (میتاشۆڕش)ی نزیک دەخاتەوە.




## لە نێوان شۆڕش و میتاشۆڕشدا

سەرەتا پێویستە بزانین ئەوەی شۆڕش لە میتاشۆڕش جیادەکاتەوە، زۆریی بەشداربوونی هاووڵاتییانە، یان بوونی بنەمای فیکری و فرەڕەهەندیی شۆڕشەکەیە؟ ئەگەر نموونەی شۆڕش فەرەنسی وەربگرین دەبینین ئەم شۆڕشە بەر لە هەر شتێک بنەمایەکی فیکری هەبووە و نوسەرێکی وەکو جان جاک رۆسۆ بە نووسینەکانی هەوێنی دروستکردنی شۆڕشەکە بوو و یەکێک بووە لە ئیلهامبەخشەکانی شۆڕشی فەرەنسی و لە وتارە بەناوبانگەکەیدا دەربارەی سەرچاوەی زوڵم و نایەکسانی لە نێوان مرۆڤەکاندا، تەواوی ئەو بۆچوونە کۆنانە لەبەریەکهەڵوەشاندەوە، کە پاساو بۆ دەستکەوت و جیاوازیی چینایەتی دەهێننەوە و رەوایەتییان پێدەبەخشن. ئەم وتارەی رۆسۆ بە راگەیاندنی شۆڕش دەچوو لە دژی رژێمی



دەسەڵاتدار و دەستکەوتە تایبەتییەکانی چینە دەستڕۆیشتووەکان. ئەمەش سی ساڵێک بەر لە بەرپابوونی شۆڕشی فەڕەنسی بوو، بۆیە خاوەن بەرژەوەندییەکان دژی رۆسۆ وەستانەوە.
کەواتە ئەوە فەیلەسووفەکان بوون زەمینەسازییان کرد بە بەرهەمە فیکرییەکانیان و توانیان شۆڕش بەرپا بکەن. ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ شۆڕش لە عەدەمەوە دروست نەبووە. ئەگەر فەیلەسووفانی رۆشنگەر نەبوونایە، سستمی کۆن هەرەسی نەدەهێنا و دنیای تازە دروست نەدەبوو، کە گرنگترین شتی مافەکانی مرۆڤ و هاووڵاتیبوونە.
بە پێی رای لێکۆڵەران چەمکی شۆڕش لە بەرامبەر جوڵانەوەی کرۆموێلدا (١٥٩٩-١٦٥٨) بەکار نەهێنرا، کە لە ساڵی ١٦٤٩ بووە مایەی هەڵواسینی (شارلی یەکەم). بەم مانایە چەمکی شۆڕش بە مانای گێڕانەوە، یاخود بەدەستخستنەوە دێت، بۆ خاوەنە پێشینەکانی، یان سروشتییەکانی. هاوکات هەندێک لە لێکۆڵەرانی نوێش لایانوایە شۆڕش لەم سەردەمە نوێیەدا بە نوێبوونەوە و دابڕان لە رەوتی گەشەکردنە مێژوویەکەیەوە پەیوەستە. ئەمە ئەو دابڕانەیە، کە مژدەی هێنانی شتێکی نوێی پێیە.
لینین لە وتارێکدا بەناوی (داڕووخانی ئینتەرناسیۆنالی دووەم) دەڵێت: شۆڕش بێ بوونی حاڵەتی شۆڕشگێڕی مومکین نییە، بەڵام هەموو حاڵەتێکی شۆڕشگێڕی نابێتە مایەی شۆڕش.
بە گشتی دەتوانین بڵێین چەمکی شۆڕش بەو شۆڕشانە دەوترێت کە بنەمای فیکرییان هەیە و لینین گوتەنی هەموو جوڵانەوە و ناڕەزایەتییەک بە شۆڕش ئەژمار ناکرێت. هاوکات شۆڕش تەنها هەڵچوونی کۆمەڵێک مرۆڤ نین دژی ناعەدالەتیی سیاسی و دەسەڵاتێکی دیاریکراوە، بەڵام هەموو ئەو شۆڕشانەی بنەمای فیکرییان نییە، یان لاوازە و فرە رەهەند نییە و هەڵچوونی کۆمەڵێک ئینسانە دژی سیستمێک و دەسەڵاتێکی سیاسی و هەمەلایەن نییە، دەکرێت بەم جۆرە لە شۆڕش بوترێت (میتاشۆڕش)، کەواتە دەتوانین بڵێین میتاشۆڕش چەند پلەیەک لە خوار شۆڕشەوەیە و فۆرمێکی شۆڕشە، کە بێ ئاراستە و بێ فیکر و بێ دیاریکردنی ئایندەیە. واتە فۆڕمی سەرەتایی شۆڕش میتاشۆڕشە.
دەکرێت لێرەدا ئەو پرسیارە بکەین، شۆڕشی کوردی هەڵگری کام سیفەتەیە؟ ئایا شۆڕشێکە لە چەشنی شۆڕش فەڕەنسی، یان شۆڕشێکە لە هەڵچوونی ئینسانەکانەوە بەرجەستە بووە؟ بێگومان بە پێی ئەو ئاماژانەی لە رۆمانەکەی بەختیاردا هەیە زیاتر چەمکی (میتاشۆڕش) لە شۆڕشی کوردیدا رەنگدانەوەی هەبووە. بەو پێیەی شۆڕشێک نەبووە فرەڕەهەند و بنەمایەکی تۆکمەی فیکریشی نەبووە و هاوکات رەگەزی مێینەی بەتەواوی خستبووە پەراوێزەوە، بۆیە ئەم خاڵانە وەکو نەنگیی شۆڕشی کوردی دەبینرێن. لە خوێندنەوەی رۆمانی (کەشتیی فریشتەکان)یشدا بە تەواوی چەمکی (میتاشۆڕش) لای خوێنەر گەڵاڵە دەبێت. بۆیە دەکرێت بە کورتی بڵێین ئێمە خاوەنی شۆڕش نەبووین، ئەوەی بە ناوی شۆڕشەوە سەدەیەکە کورد سەرقاڵیەتی، بێجگە لە (میتاشۆڕش) هیچی تر نییە، هەر بۆیە تا ئێستاش ئایندەی بە نادیاری ماوەتەوە. هەروەها هەموو ئەو شۆڕشانەی، کە قۆناغی بونیادنانی کۆمەڵایەتی و دانانی بناغەیەکی تۆکمەی سیاسی و ئابووری و کولتووری لە پشتەوە نییە، بە نیوەناچڵ

ئەژمار دەکرێن و دەکرێت هاوشێوەی ئەم جۆرە لە فۆڕمی شۆڕشەکانی کوردا ببینینەوە و لە فۆرمە تیۆرییەکەیدا زاراوەی (میتاشۆڕش) بە سەریان دەبڕدرێت، چونکە هیچ شۆڕشێک بە تەنها بە جووڵانەوەی چەکداری ناگاتە کەماڵ.

## بەر لە کۆتایی

بەرلەوەی دواخاڵێک بۆ ئەم نووسینە دابنێم، دەمەوێت لە چەند خاڵێکدا کۆی سەرنجەکانم لەسەر ئەم ڕۆمانە کۆ بکەمەوە و وەکو ئەنجامگیرییەک بۆ ئەم نووسینە بیخەمە ڕوو و کۆی ئەو خاڵانەش ئەمانەن:


١-ئەگەرچی کەشتیی فریشتەکان بە تەواوی وەک ڕۆمانێکی مێژوویی ئەژمار ناکرێت، بەڵام لە ریزی ئەو ڕۆمانانەیە کە زیاتر گوزارشتە لە ڕۆحی دەستەجەمعیی کۆمەڵگەی ئێمە، هەر ئەم خاڵەشە لە ڕۆمانی مێژوویی نزیکی دەخاتەوە.

٢-خاڵێکی تر کە ئەم ڕۆمانە بونیادی دەنێتەوە، ئەو تێکچوونەی پەیوەندیی ئەدەب و مێژووە لە نێو ئەدەبی کوردیدا. ئەم ڕۆمانە دەکرێت وەکو یەکێک لە هەوڵە جوان و سەرکەوتووەکان وێنا بکەین، بەو پێیەی نووسەر توانیویەتی هاوسەنگیی نێوان فەنتازیا و واقیع رابگرێت و خوێنەر هەست بەوە نەکات ڕووداوەکان لە دەرەوەی مێژوو ڕوودەدەن.

٣-تێکشکاندنی پاڵەوانی سوپەرمانئاسا، کە لەم ڕۆمانەدا بە شێوەیەکی جوان کاری لەسەر کراوە و ئەو وێنە دووبارە و باوەی شۆڕشگێڕی سوپەرمانئاسای لە نێو دەقی گێڕانەوەیی کوردیدا تێکشکاند و وێنەیەکی ڕاستەقینە و نوێی بونیاد نا.

٤-بەرنەشتەرخستنی شۆڕشی نوێی کوردی لەم ڕۆمانەدا خاڵێکی جەوهەری بوو، کە لە ڕۆمانەکانی پێش ئەم ڕۆمانەدا بەم شێوە فرەڕەهەندە و بەم بێپەردەییە شۆڕش نەخراوەتە بەر ڕەخنەی هەمەلایەنە.

٥-خاڵی هەرە لاوازی ئەم تێکستە درێژنووسی و درێژکردنەوەی هەندێک بەشی ڕۆمانەکەیە، کە لە پێویستی تێکستەکە زیاتر درێژکراوەتەوە و بەتایبەت خودی ئەو بەشەی ناوی (کەشتیی فریشتەکان)ە. زۆرجار ئەم درێژکردنەوەیە بە زیانی بونیادی گشتیی ڕۆمانەکە شکاوەتەوە.




**سەرچاوەکان:**

-بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ڕۆمان، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠١٢.

-محەمەد ڕەفیع محمودیان، نضریە رمان، نشر فرزان، چاپ اول ١٣٨٢.

-ناسر ایرانی، هنر رمان، نشر ابنگاه، چاپ اول بهار ١٣٨٠

-د. هاشم ئەحمەدزادە، زمان، ئەدەب و ناسنامە، لە بڵاوکراوەکانی کتێبی ئەرزان، چاپی یەکەم سوید ٢٠١١.

-عزمی بشارە، شۆڕشناسی، وەرگێڕانی: د. یاسین سەردەشتی و بەرزانی مەلا تەها، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان ٢٠١٢.

-هاشم ساڵح، لە شۆڕشی فەرەنسییەوە بۆ شۆڕشی عەرەبی، وەرگێڕانی شوان ئەحمەد، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان ٢٠١٢.

-مارکۆز و پۆپەر، شۆڕش یان ریفۆرم، وەرگێڕانی: ئازاد بەرزنجی، چاپخانەی شڤان ٢٠٠٣.



# جەمشید خان

## دیرۆکی مەملەکەتێکی فوێناوی دەگێڕێتەوە

**ئەردەڵان عەبدوڵڵا**

«جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد»، ناونیشانی رۆمانی بەختیار عەلییە. ئەم رۆمانە کە لە قاڵبی کارێکی «مینیمالیستیدا» دەردەکەوێت، یەکێکە لە کارە نایابەکانی نووسەر، هەروەک چۆن کاتێک بینەر سەیری فیلمێک دەکات، گەر لە ٥ دەقیقەی یەکەمدا، نەچێتە ناو دونیای فیلمەکەوە، ئەوا تاقەتی بینینی ئەو فیلمەی نابێت، رۆمانیش بە هەمان شێوە، گەر لە ٥ لاپەرەی یەکەمدا، نەتوانێت خوێنەر بخاتە ناو رۆمانەکەوە، ئەوا خوێنەر لە خۆی دوور دەخاتەوە و تاقەتی خوێندنەوەی ئەو رۆمانەی نابێت. رۆمانەکەی بەختیار عەلی، هەر لە سەرەتاوە ماگنێتێکی گەورەی  هەیە و دەتوانێت خوێنەر بۆ ناو رۆمانەکەی ڕابکێشێت.

# رۆمانی جەمشید خانی مامم، لە ڕێگەی فەنتازیاوە بە تایبەت «فڕینی جەمشید خانەوە»، هەوڵی داوە مێژووی گەلەکەمان بگێڕێتەوە

## رۆمانی فەنتازیی

یەکێک لەو گۆڕانکارییە گەورانەی کە ئەمرۆ ئەدەبی جیهانی گرتووەتەوە، زاڵبوونی ئەدەبی فەنتازی و ئەفسانەییە. لەم چەند ساڵەی دواییدا ئەو رۆمانانەی کە ناوبانگێکی باشیان پەیداکرد و فرۆشیان زۆر بوو، هەموو دەچنە قاڵبی ئەدەبی فەنتازیاوە. لەوانە (هاری پۆتەر، داڤینشی کۆد). بەداخەوە ئێمەی کورد، زۆر درەنگ ئاگاداری ئەم ژانرە گرینگەی ئەدەب بووین، هەرچەندە لەم چەند ساڵەی دواییدا چەند هەوڵێک دراون، بەڵام بە پێی پێویست نەبووە، یان دەتوانم بڵێم کە زۆر کەم بووە.

رۆمانی جەمشید خانی مامم، لە ڕێگەی فەنتازیاوە بە تایبەت «فڕینی جەمشید خانەوە»، هەوڵی داوە مێژووی گەلەکەمان بگێڕێتەوە.

جەمشید خان کوڕێکی خوێنگەرمی شیوعییە، ساڵی ١٩٧٩ لە تەمەنی حەڤدە ساڵییەوە دەگیرێت. پاش لێدان و ئەشکەنجەدانێکی زۆر، ئەم کوڕە کێشێکی زۆر لەدەست دەدات و وای لێدێت کە «با» لەگەڵ خۆیدا بیبات. کاتێک لە حەوشی زیندانی ئەمنی کەرکووکدا، بایەک هەڵدەکات و بۆ یەکەمجار جەمشیدخان دەفڕێت، لێرەشەوە رۆمانەکە دەست بە هۆنینەوەی رووداوەکانی تر دەکات.

## گێڕانەوەی مێژوو بەشێوەیەکی فەنتازی

دیارە نووسینەوەی مێژوو کارێکی ئاسایی نییە، لەبەر ئەوە هەموو کاتێک نووسینی رۆمانێکی مێژوویی، کارێکی زۆر زەحمەت و ئاڵۆزە. بە تایبەت مێژووی گەلێکی چەوساوەی وەکو کورد. ئەم رۆمانە هەوڵی داوە باسی چەند قۆناغێکی گرینگی گەلەکەمان بۆ بکات. لە هەمان کاتیشدا چەند وێنەیەکی ژیانی کۆن پیشانی نەوەی نوێ داوە، کە نەیدیوە و ئاگای لێیان نییە.


بەڕاستی زۆرم بەلاوە سەیرە، کە چۆن بەختیار توانیویەتی ئەو هەموو شتە گرینگ و پڕ بایەخانە بخاتە ناو رۆمانێکی ١٥٠ لاپەڕەییەوە. بەڕاستی دەستڕەنگینی و شارەزاییەکی ئێجگار باشی نواندووە، لە نووسینەوەی ئەم رۆمانەدا.

جەمشیدخان باسی چەند قۆناغێکی گرینگی کردووە. لەگەڵ هەر فڕین و دابەزینەوەیەکی بۆ سەر زەوی، باسی قۆناغێکی مێژووی گەلەکەمان دەکات. لەساڵی ١٩٧٩وە دەست پێدەکات تا ئەمرۆ.


لە هەمان کاتیشدا بۆ هەر قۆناغە و کەسایەتییەکی هەڵبژاردووە، کە گوزارشت لە قۆناغێکی مێژوویی دەکات. جەمشید خان وەکو (شیوعییەک، جەنگاوەرێکی ناو شەڕ، سەربازێکی هەڵهاتوو لە بارانۆک، خەباتگێڕێکی کورد دژ بە رژێمی فاشیستی تورکی، مەلایەکی ساختەچی، قاچاخچییەک لە ئەستەنبووڵ کە خەڵکی دەبات بۆ یۆنان، پاشان رۆژنامەنووسێکی ساختەچی، لە کۆتاییشدا وەکو ئاژەڵێکی ناو قەفەز، باسی ژیانی مەسئوولە گەندەڵەکان دەکات.)

دیارە جەمشیدخان لەگەڵ فڕین و دابەزیندا، کەسایەتییە کۆنەکەی ژبیر دەکات و کەسایەتییەکی نوێ هەڵدەگرێت. بەم شێوەیەش نووسەر توانیویەتی گوزارشت لە چەند کەسایەتییەکی جیاوازی ناو کۆمەڵگەی کوردەواریمان بکات.

سەرەتا باسی چیرۆکە تۆقێنەرەکانی زیندانی بەعسییەکان دەکات. زیندانییەکانی بەعس یەکێکە لە زیندانییە تۆقێنەرەکانی جیهان. مەگەر زیندانی




زۆرم بەلاوە سەیرە، کە چۆن بەختیار توانیویەتی ئەو هەموو شتە گرینگ و پڕ بایەخانە بخاتە ناو رۆمانێکی ١٥٠ لاپەڕەییەوە. بەڕاستی دەستڕەنگینی و شارەزاییەکی ئێجگار باشی نواندووە، لە نووسینەوەی ئەم رۆمانەدا



توركی هێندەی زیندانی بەعس، تۆقێنەر و نامرۆڤانە بووبێت. هەروەک رۆماننووسی گەورەی ئەمریکی Billy Hayes بیلی هایس لە رۆمانی نیوەشەو ١٢ Uhr nachts – Midnight Express باسی وەحشیگەریی و کردارە نامرۆڤاییەکانی ناو زیندانی توركی دەکات. بەختیار عەلیش هەوڵی داوە، لە رێگەی جەمشید خانی شیوعییەوە تشیکێک بخاتە ناو ژیانی زیندانی سیاسی لە سەردەمی بەعسدا.

لە پاش ئەوەی بۆ یەکەمجار جەمشید خان لەزیندان دەفرێت، قۆناغی زیندانی کۆتایی دێت و سەرەتای قۆناغێکی نوێ دەست پێدەکات، کە ئەویش قۆناغی جەنگی نێوان عێراق و ئێرانە. هەرچەندە بە بڕوای من ئەمە جەنگی گەلی عێراقی و ئێرانی نەبوو، بەڵکە زیاتر جەنگی سەدام و خومەینی بوو. لەبەر ئەوە من لەگەڵ ناوە رەسمییەکەی ئەم جەنگەدام (قادسیەی سەدام). لە پەنادا پێویستە ناوی خومەینیشی بۆ دابنێین، واتە (قادسیەی سەدام و خومەینی). چونکە ئەم دوو وڵاتە لەلایەن دوو ملهوڕ و دیکتاتۆرەوە حکوم دەکران. هیچ کاتێک خەڵکی ئەم دوو وڵاتە بڕیاری شەڕیان لەگەڵ یەکتری نەداوە.

جەمشیدخان لە دووەمین فڕینیدا مەرگەساتی ئەو جەنگەمان بۆ دەگێڕێتەوە. یەکەمجار لە سەنگەری عێراقدا کار دەکات، لێ پاش فرینێکی تری، دەکەوێتە بەرەی ئێرانەوە، ئەمەش وا دەکات، کە خوێنەر ئاگاداری هەردوو بەرەی جەنگەکە بێت. هەروەها ئاگاداری ئەو ئەتمۆسفێرە (جەوی) بێت، کە باڵی بەسەر هەردوو بەرەی شەڕکەردا کێشاوە، چۆن هەردوولا هەوڵی بەشەیتانیکردنی ئەوی تر دەدات.

لە سێهەم فڕینیدا، جارێکی تر جەمشید خان دەگەڕێتەوە بۆ نیشتمان، لە گوندی بارانۆکدا، سەرهەڵدەنێتەوە. گەڕانەوەی بۆ سەر زەوی، رێگە خۆش دەکات تا نووسەر باسی کاولکاری و گوند چۆڵکردن و سیاسەتی (زەوی سووتاندنی) بەعس بکات. لێرەدا جەمشید لەگەڵ سالاری برازایدا، ماوەیەکی زۆر دەمێنێتەوە، هەتاوەکو ڕاپەڕین. لێرەشەوە باسی قۆناغێکی تری مێژوویی گەلەکەکان دەکات، قۆناغی دوای ڕاپەڕین.

جەمشید کاتێک دەگاتەوە ناو شار، کەسایەتییەکی تری دەبێت، کەسایەتییەک کە حەزی بە خۆشیی ژیانە و بە تەواوەتی ناخۆشیی ژیان بێزاریکردووە. پاش ماوەیەک سافیناز خان دەخوازێت، لێ ئەم ژنە دەتوانێت فێڵی لێبکات و جارێکی تر بۆ ئاسمان بیفڕێنێت و دەست بەسەر سامانەکەیدا بگرێت.

لەم فڕینەشیدا، دەکەوینە ناو جیهانێکی تری ئەم مەملەکەتەوە، کە ئەویش بریتییە لە خەباتی کوردی باکوور و شەڕی گەریلا لە دژی رژێمی فاشیستی تورکی. لێرەدا جەمشیدخان دەبێتە پێشمەرگەیەکی لەشکری خەباتگێرانەی باکوور، لێ پاشان دەفرێت و دیسانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ناوشار.

کاتێک دەگاتەوە ناو شار، جارێکی تر کەسایەتییەکی تر وەردەگرێت، کە خۆی لە کەسێکی ئاییندا دەبینێتەوە. لێرەشەوە نووسەر باسی مەسەلەی بەهێزبوونی رۆڵی ئایین لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا دەکات. لە هەمان کاتیشدا باسی ڕەوتە ئیسلامییەکان دەکات، کە لە پاش ڕاپەڕینەوە بەهێزبوون و هەوڵی ئەوە دەدەن، کە هەژموونی خۆیان بەسەر کۆمەڵگەدا بسەپێنن.

ئەمجارەشیان دیسانەوە جەمشید خان دەفرێت و



پاش ماوەیەک دەنیشێتەوەو کەسایەتیی پێشووی ژبیر دەکات و خۆی لە ناو کەسایەتییەکی نوێدا دەبینێتەوە.

لە پاش ڕاپەرین، بە هۆی شەڕی ناوخۆ و ئابلۆقەی ئابووری و جێگیرنەبوونی باری سیاسی کوردستان، «کۆچ» بەهێزترین دیاردەی ئەم قۆناغەیە. کۆچی بە کۆمەڵی گەنجان و لاوانی ئەم گەلە، پانتاییەکی گەورەی ئەم قۆناغە لەخۆدەگرێت. باندە قاچاخچییەکان، ئەوانەی خەڵکیان وەکوو مەڕ دەکردە قورگی «جەندرمە وەحشییەکانی تورکیاوە، یان نەهەنگەکانی ناو دەریای ئیجەوە». جەمشیدخان لەگەڵ سالاری برازای دەچێتە ئەستەنبووڵ و دەبێتە قاچاخچییەکی گەورە. زۆر لێزانانە نووسەر باسی جیهانی قاچاخچێتی و گوزەرانی خەڵکی ئاوارەی کورد لە تورکیا دەکات. لە هەمان کاتیشدا زۆر شارەزایانە باسی ئەو قاچاخچیە بێ ویژدانانە دەکات، کە چۆن لەسەر ژیانی خەڵکی ئاوارەوە، فیرعەون ئاسا لە ئەستەنبووڵ دەژیان.

لێ دیسانەوە جەمشیدخان بە دەستی سالارەوە گوم دەبێت و ماوەیەکی زۆر لە نێوان کیشوەری ئاسیا و ئورووپادا دەگەڕێت، بەڵام پاش ماوەیەکی زۆر دیسانەوە دەگاتەوە نیشتمان. بەمەش باسی قۆناغێکی تر دەکات، کە دەتوانین بڵێین قۆناغی پاش داگیرکردنی عێراقە لەلایەن ئەمریکاوە.

لەم قۆناغەدا دوو شتی گرینگ باس دەکات، یەکەمیان بوونی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە و گۆڤار. ئەم زۆرییەش وای کردووە کە بۆر بێت. دووەمیان: مەسەلەی گەندەڵبوونی سیستەمی سیاسی و بوونی مەسئوولی گەندەڵ.

ئەمجارەیان جەمشید ئاژانسێک دادەنێت، کە زیاتر وەکو ئاژانسێکی سیخوورییە، هەڵبەت لە قاڵبی ڕۆژنامەگەریدا دەردەکەوێت، بەڵام دیسانەوە جەمشید دەکەوێتە هەڵەوەو، تاچار جارێکی تر بۆ ئاسمان دەفڕێتەوە.

لە دواهەمین نیشتنەوەیدا ناخۆشترین قۆناغی



ژیانی جەمشید دەست پێدەکات، کاتێک لە ماڵی مەسئوولێکدا، وەکو مەیموونێک دەیخەنە قەفەزێکەوە و دەبێتە جێگەی گاڵتە و مەسخەرەی شەوانی ئەم مەسئوولە. لێ دیسانەوە سالاری برازای بە هانایەوە دەچێت و لەو قەفەزە رزگاری دەکات. لە پاش رزگارکردنی بۆ دواجار سالار دەیباتەوە بۆ ئاسمان و لەم وڵاتە دووری دەخاتەوە، چونکە چیتر ناتوانێت وەکو مرۆڤێکی ئاسایی بژی. لە پاش ماوەیەکی زۆر، جەمشیدخان لە وڵاتێکی دووری ئاسیاویدا، دەنیشتێتەوە و باری ژیانی دەگۆڕێت و چیتریش ترسی لە «با» نابێت بیفڕێنێت.

## چەند سەرنجێک

دیارە من زیاتر وەکو خوێنەرێکی ئەکتیف قسە لە سەر ئەم رۆمانە دەکەم، بە دڵنیاییەوە کەسێکی تر جۆرە خوێندنەوەی تایبەت بە خۆی دەبێت بۆ ئەم رۆمانە. ئەوەی جێگەی سەرنجە نووسەر لەم رۆمانەدا، لە هەندێک شوێندا دەزووی بۆ جەمشید خان درێژکردووەتەوە و لە هەندێک شوێنیشدا بەپەلە فڕێی دەداتەوە سەر زەوی.

بۆ نموونە کاتێک لە مەیدانەکانی جەنگەوە لە باشووری عێراقەوە، فڕێی دەداتە لای شاری ئەسفەهان. لە پڕێکیشدا سواری کەرێکی دەکات و دەیکات بە گوندی بارانۆکدا. یان بۆ ماوەیەکی زۆر لە ئاسمانی هەردوو کیشوەری ئاسیا و ئەورووپادا، دەزووی بۆ شل دەکات و بەو ناوچانەدا دەیفڕێنێت. بەبێ ئەوەی خوێنەر بزانێت، کە ئاخۆ لەو ماوە زۆرەدا جەمشید خان چیی کردووە. بەیەک دوو دێڕ، باسەکە لە کۆڵ خۆی دەکاتەوە و دەیخاتە ناو جیهانێکی ترەوە.

خاڵێکی تر کە جێگەی سەرنجە، ئەوەیە نووسەر لەم رۆمانەیدا بە شێوازێکی خراپ باسی «ژن و خێزان» دەکات، لە کاتی گێڕانەوەی چیرۆکی ئادەم و حەودا، لە زاری جەمشیدەوە دەڵێت:

(خودا وەک باوکێکی خۆرهەڵاتی سزای دەدات، بەوەی ژنی بۆ دەهێنێت. ل١٠٣)

لە شوێنێکی تردا دەڵێت:

(پێم نەگووتی پیاو یەک جەهەنەمی هەیە، ئەویش ژنە. ل١١٠)

زۆر جار هەست دەکەم بەختیار کەوتووەتە ژێر کاریگەریی نووسینەکانی نووسەری میسری «ئەنیس مەنسور»ەوە، کە بە یەکێک لە دوژمنانی ژن دادەنرێت. زۆرجاریش لە شێوەی ساتیردا، ئەم بۆچوونە خراپانەی دەرخستووە. هەروەها تا ڕادەیەکیش کاریگەریی بۆچوونە خراپەکانی فەیلەسووفی ئەڵمانی «نیتچە»ی پێوە دیارە.

خاڵێکی تریش کە جێگەی سەرنجم بوو، لە هەندێک شوێندا بەختیار حوکمێکی گشتگیرانە بۆ هەندێک رووداو دەردەکات. بۆ نموونە کاتێک باسی کێشەی زۆربوونیی رۆژنامە و گۆڤار و سایتی کوردی دەکات، زۆر گشتگیرانە حوکم لەسەر ئەم دیاردەیە دەدات.

دیارە راستە زۆربوونی ئەو هەموو سایت و رۆژنامانە، زۆر شتێکی باش نییە، بە تایبەت سایتە ئەلکترۆنییەکان، بە حکومی ئەوەی هیچ سانسۆرێکی حکومیان لەسەر نییە، زۆر جار لادانێکی زۆری پێوە دیارە، کە زۆر دوورە لە یاسا و نەریت و مۆڕاڵی نووسین و رۆژنامەگەرییەوە. لە هەندێک سایتەوە زۆر ناشرین و بە شێوازێکی نزم، هێرش دەکرێتە سەر خەڵکی، بە تایبەت خەڵکی سیاسی و ناسراوی گەلەکەمان. دیارە بەختیار عەلیش زۆرجار


بووەتە تیری ئەم سایتانە.
«لای ئێمە کەوچکێک لە نووسەری خراپ تێکەڵ بە کەوچکێک لە سیاسی خراپ بکە و جوان ڕایانوەشێنە و چەند کەوچکێک لە گیراوەی مەلای خراپیان تێکەڵاو بکە و تۆزێک لەگەڵ ئاودا بیانخەرە سەر ئاگر و بیانکوڵێنە، ئەوە ڕۆژنامەنووسی عەیارە بیستووچواری وڵاتی ئێمەی لێدەردەچێت.ل١٢١»
لە سەدەی پێشوودا میرغەزەبەکانی تورک، حکومێکی گشتگیریان بۆ لەناوبردنی کورد و ئەرمەنی دەرکرد و کەوتنە قەتلوعامکردنی خەڵکی، ئەڵمانەکانیش پاش ئەوەی بە زۆرینەی دەنگ، دەنگیان بە هیتلەر دا، ئینجا هیتلەریش فەرمانێکی خوێناوی دەرکرد، بە کۆمەڵکوژی جوولەکە لە جیهاندا.
لە پاش جەنگی دووەمی جیهانییەوە، مرۆڤایەتی لە پاش ئەم جەنگە وێرانەیەدا، ڕاستە فێری ئەوە نەبوو کە چیتر بریاری گشتگیرانە لەسەر بابەتێک یان ڕووداوێک یان گەلێک نەدات، لێ مرۆڤایەتی فێری ئەوە بوو کە دژی ئەم جۆرە بڕیارانە بوەستێتەوە، چونکە زەرەری بۆ مرۆڤایەتی هەیە، دوورە لە بڕیاری عەقڵانییەوە.
نووسەر کە دەسەڵاتی بەسەر قەڵەمدا هەیە، نابێت حوکمێکی گشتگیری بۆ دیاردەیەک یان ڕووداوێک دەربکات. ناکرێت گەر کەمێک زەرەرمان لە ئازادیی ڕۆژنامەگەری کرد، یان گەمژەیەک شێتانە بەردی تێگرتین، ئیتر یەکسەر نەفیری عام بۆ هەموو ڕۆژنامەنووسێک دەربکەین.

## تەکنیکی نووسین

دیارە لەم ڕۆمانەیدا بەختیار عەلی زۆر شارەزاییانە




تەکنیکی ڕۆمانی بەکارهێناوە، هەر ئەم تەکنیکی ڕۆمانەش وای کردووە، کە خوێنەر زیاتر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت. نووسەر زۆر بە باشی تەکنیکی «فلاش باگ»ی بەکارهێناوە، توانیویەتی لەم ڕێگەیەوە، چیرۆکەکان بگێڕێتەوە. هەروەها زۆر بە باشیش سوودی لە بەکارهێنانی «گرێ»ی ناو ڕۆمان بینیوە، بەتایبەت لە کاتی باسکردنی «ئاژانسەکەی جەمشید خان»دا، هێدی هێدی «گرێ» کە دەکاتەوە و خوێنەریش بێتاقەت نابێت، لە دواکەوتنی چیرۆکەکە، بەڵام بەداخەوە لەم ڕۆمانەدا ڕەگەزی «کتوپڕ»ی زۆر کەم تێدایە، گەر تێشیدا بێت خوێنەر هەستی پێ ناکات.





دیاره ڕەگەزی «کتوپڕ» چێژێکی زیاتر بە ڕۆمان دەدات. جێگەی ئاماژەیە نووسەری مەزنی ڕووسی «دۆستۆیڤسکی»، بە ئوستادی ئەم ڕەگەزە دادەنرێت.

بەڵام لە ڕووی زمانەوە، نووسەر هەوڵی داوە بە زمانێکی زۆر ساکار و ئاسان بنووسێت، بە شێوەیەک کە هەموو کەس دەتوانێت لێی تێبگات و بتوانێت مامەڵە لەگەڵ دەقەکاندا بکات. بە بڕوای من بەکارهێنانی ئەو جۆرە زمانە، وایکردووە کە خوێنەرێکی زۆر بۆ ڕۆمانەکە ڕابکێشرێت. لێرەدا نووسەر «زمان»ی وەکو ئامرازێک بەکارهێناوە، تا لە ڕێگەیەوە بتوانێت چیرۆکەکەی خۆی بۆ خوێنەران بگێڕێتەوە و هەر لە ڕێگەی زمانیشەوە، بتوانێت پەیوەندی بە خوێنەرەوە بکات.

**دواقسە**

بە بڕوای من ئەمە یەکێکە لە ڕۆمانە باشەکانی ئەم چەند ساڵەی دواییمان، بە ڕاستی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە، بەتایبەتی بۆ نەوەی نوێ زۆر گرینگە، چونکە لە ڕێگەی ئەم ڕۆمانەوە، نەوەی نوێ دەتوانێت شارەزایی و ئاگادارییەکی زۆری، لە چیرۆکە ناخۆشەکانی نەوەی پێشوو هەبێت.
جارێکی تر دەستخۆشی لە نووسەر بەختیار عەلی دەکەین و هیواداریین بە دڵێکی فراوانیشەوە سەرنج و بۆچوونەکانمی وەرگرتبێت.

**سەرچاوە:**


بەختیار عەلی، جەمشید خانی مام کە هەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد، چاپی یەکەم، چاپخانەی ئەندێشە، ساڵی٢٠١٠.




# فریشتەکانی دوێنێ کوان؟
# ئامێرە دڕندەکانی ئەمڕۆ ئەوەتان

هەرێم عوسمان

**«شۆڕش لەسەروو ژیانی ئەو کەسانەوەیە کە دەیەوێت ڕزگاریان بکات»(۱)**
**ئەلبێر کامۆ لە مرۆڤی یاخیدا.**

**«شۆڕش فەرمانی دا من مرۆڤ بکوژم دەبێت بیکوژم»(۲)**
**بەختیار عەلی لە کەشتیی فریشتەکاندا**



هەندێک وشە هەن مرۆڤ نازانێت گوزارشت لە چاکە یان خراپە دەکەن، بۆچی ئەو دالانە مەدلوولەکەیان هێند سرک و پڕ جووڵەن، نازانرێت خۆیان خیانەتکارن یان ئێمە خیانەت دەکەین و وشەکان بۆمان دەپۆشن، ئەو وشانە تاوانی خۆیانە یان تاوانی ئێمەی مرۆڤە، کە ماناگەلێکی دژبەیەکی لە خۆیدا هەڵگرتووە، ئەوان نوێنەری مانان یان خۆیان مانان یان ئێمە ڕێککەوتوین ئەو مانایەیان هەبێت کە خۆمان دەمانەوێت، ئەوان وامان لێدەکەن هەندێکات ناشرینیمان بە جوانی لێبگۆڕێ، تاوان بە ئەرک بزانین، خیانەت بە جوانی پەسن کەین. وشەکان کارێک دەکەن ژیان بە جۆرێکی تر ببینین، ئەوە سیحری وشە و زمانە یان دەسەڵاتی مرۆڤە، زمانیشی بەندکردووەو کردوویەتییە ئامێرێک؟ دواجار ئەوە ئەوانن هێمان بۆ کردە و جووڵەکانمان بۆ لێکتێگەیشتنەکانمان، لەبەر ئەوە ئەوانیش سووچێکیان بەردەکەوێت. ئەو وشانە تەنیا لەخۆیاندا گوماناوی نانوێنن، بەڵکو بۆ ئێمەش جێی گومانن، زۆر کات گرفتمان بۆ سازدەکەن. شەیتانیی مرۆڤە وا دەکات وشەکان وابنوێنن یان شەیتانیی وشەکان خۆیانە؟ ئەم دەروازەیە هیچ نییە جگە لە بیانوویەک بۆ قسەکردن لە بارەی ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکانەوە.

زۆر دەق هەن گرانە نووسین لە بارەیانەوە، لەبەر ئەوە نازانی لە کوێوە دەستپێبکەیت، لەناوەڕۆکەوە یان روخسارەوە، لەبەر ئەوە ئەم نووسینە زۆر گرانە لە سەرم، چونکە ڕۆمانێکی قەبارە گەورە، کە لێوانلێو بێت لە ڕووداو و ڕوانین و ڕامان و گومان خستنە سەر بوونی مرۆڤ و کردەکانی و کەسێتیی مرۆڤە دوالیزمەکان... بەڵام بۆ ئەوەی لەم گرفتە کەمێ خۆم قوتار بکەم، هەوڵ دەدەم زیاتر لە چەند تەوەرێک کاربکەم.


## شۆڕش لە نێوان ئارەزوو و پێویستیدا

سەرەتا گرنگە ئاماژە بە شتێک بدەم، کە ڕەنگە پێویست بێت، چەند ڕۆژێ پێش خوێندنەوەی ڕۆمانی کەشتیی فریشتەکان، کتێبی مرۆڤی یاخی، کامۆم خوێندەوە، هەستم کرد پەیوەندییەکی توند لە نێوان ڕوانینەکانی ئەلبێر کامۆ و بەختیار عەلی هەیە بۆ شۆڕش، تەنانەت بەدەر لە مانا، هەستم بە لێکچوونی ئاماژە و دەربڕینەکان دەکرد، لەبەرئەوەی خوێنەر بە هەڵە نەچێت و تێکستێکی ئەدەبیو فەلسەفی لێک جودابکاتەوە، دەبێ بڵێم زیاتر مەبەستم ئەو لایەنەیە کە تایبەتە بە شۆڕش و شۆڕشگێڕ.

ڕۆمانەکە زۆر گرنگیی داوە بە شۆڕشەکانی کورد لە ماوەی ساڵانی حەفتاکان تا ڕاپەڕین و قسەکردن لەسەر پاش ڕاپەڕینو ئێستای کوردستان، بەڵام بە شێوەیەکی سەرەکی ناراستەخۆ لەسەر ئێستا وەستاوە، جگە لە چەند ئاماژەکردنێک، چونکە سنوری قسەکردن لەسەر ئێستا کەمتر دەرەوەی گرتووەتەوە بەڵکو زیاتر لە دەوری زیندانبوونی «وەفا ڕەفعەت بەگ»ەوە ئاڵاوە، لەبەر ئەوە زیاتر باسکردن بووە لەو شۆڕشانە. هاوکاتی باسکردنی ئەو شۆڕشانە، باسی ئاوابوون و وێرانبوون و مردنی بەشێکی مرۆڤ دەکات، کە هەتاوەکو شۆڕش تیژتر بێت، ئەو بەشەی مرۆڤی کورد زێدەتر لەنێو دەچێت، ئەو بەشەش ناتوانین بەتەنیا یەک ناوی بنێین (لێرەش زمان تووشی ئەم ئیحراجیەمان دەکات)، کە ئایا ئەوە وێرانبوون

و نغرۆبوونی رۆحمانە یان ویژدانمان یان ئەو بەشەی بوونمان کە هاندەرە بۆ کرداری باشە و چاکە و رێگری دەکات لەخراپبوونمان..، خۆ دەشێ هەموویان بێت. هاوشانی سەرکەوتن و بەرەو پێشچوونەکانی شۆڕش و کۆتاییەکانی شۆڕش، ئەو بەشەی بوونمان ماڵئاوایی دەکات، لەگەڵ سەرەتای ساڵانی نەوەدەکان و راپەرینەکە و نزیکبوونەوە لە دەسەڵاتی کوردی، ئیدی لانەی فریشتەکان نامێنن، رۆحی مرۆڤی کورد لانەی لێدەشێوێت و ئارامی لێ دەبڕێت. لەبەر ئەوە پێم وایە ئاوابوونی رۆحیش دەلالەتێک بێ لە ئازادیو ویستی ئازادبوون، چونکە مرۆڤی پاش راپەرین رەنگە لە هەندێ باردا بە جەستە ئازاد بێ، وەلێ رۆحی ئازاد نییە، ئازادیی رۆحیش زیندوویەتییە، مردنی رۆحی مرۆڤی کوردیش لەم رۆمانەدا، بەیانکەری مردنی ئازادییە بە مانا وجودییەکەی، کە ئازادی قەتیس ناکات لە ئازادی جەستەدا.

بیرمەندان ئازادی و بوون پێکەوە ئەبەستنەوە، بەهای بوون بە بەهای ئازادییەوەیە، هەر کات بوونمان بوونێکی نائازاد بوو، ئەوا بوونیش بەهای خۆی لە دەست دەدات، کاتێ بوون مانای هەیە کە ئازادی هەبێت، بێگومان ئازادییش پەیوەستە بە بوونەوە، چونکە «ئازادی بنەمای بوونی حەقیقەتە» (٣) هەموو کۆششەکان بۆ گەڕانەوەی بەهای مرۆڤ لە کۆششکردنەوەیە بۆ ئازادبوون، ئازادبوونیش هیچ نیە جگە لە مرۆڤبوون، مرۆڤ تەنیا لە دۆخی مرۆڤبووندا ئازادە، نە سەرداریو نەکۆیلەیەتی ئازادی تێدانییە، ئەو سەردارەی کە خۆی بە ئازاد دادەنێت هیچ نییە جگە لە کۆیلەی کۆیلە، بەڵام ئایا ئەو بەهایەی کە بەئازادی دەدەین و دۆستانە بە بوونی مرۆڤەوە دەیبەستینەوە، نابێ ئازادییەک بێ سنوورناس بێت؟ واتە ئایا ئازادی زۆر کات نەکراوەتە بیانووی بەرهەمهێنانی تاوان و کوشتن و تیرۆر و بەرهەمهێنانی کۆیلایەتی و ئاغایەتی؟ ئازادی نەکراوەتە بیانویەک بۆ کوشتن بەوەی هەموو شتێک شیاوە تەنانەت کوشتنیش؟ ئەوەی لە ئازادی راستەقینە تێبگات لەوەش تێدەگات ئازادی دوورە لە تیرۆر.




لەم رۆمانەدا شۆڕش دەکرێت بەناوی رزگاربوون و ئازادبوونی مرۆڤ، بەڵام ئاکامەکەی شتێکی دییە، کە مرۆڤ بێزدەکاتەوە لەو ئاکامە، گەر سەرەتا ئەم ئامانجە دیاربووایە، یان ئەو ئایندەیە رۆشن بووایە، کە چی دەبێت شۆڕش بەوجۆرە بازاڕی نەدەبوو(خۆ رەنگە واش نەبێت مرۆڤ شۆڕش بکاتە بیانوی حەزە شەڕەنگێزییەکەی خۆی)، چی وادەکات کوشتن ببێتە شتێکی ئاسایی، کۆیلایەتی ببێتە پێویستیی رۆژ؟ ئەوە حەزی مرۆڤە هانیدەدا لەوپەڕی بێ بیانوییدا بیانویەک بۆ جەنگ بدۆزێتەوە (٤). یان مرۆڤ لە بێئاگاییدایە، باشە گەر مرۆڤ دژی کوشتن دەبێتەوە ئەی بۆ دەکوژێت؟ بۆ کۆیلە دەکات لەکاتێکدا کۆیلایەتیی لا قێزەونە؟ ئەم گرێیە چییە کە لە سەرەتای بوونی مرۆڤەوە بەردەوامە؟ ئایا ئەو بۆشاییە کەی پڕدەبێتەوە، ئەو حەزە کەی تێردەبێت؟ لەم رۆمانەدا لەوە تێدەگەین کە کۆیلەگەلێک لەجیاتی ئازادی بکەنە ئامانجی شۆڕش بە پێچەوانەوە شۆڕشیان کردبووە ئامانج، لەبەر ئەوەی شۆڕش هەموو شتێکی بەرهەمهێنا ئازادی نەبێ، زۆر شتی ساز دا، زۆر شتی تیا دروستکردین، زۆر خواستی تیا چاندین، بەڵام خواستی ئازادی نا، بە



پێچەوانەوە خواستی ئازادیی تیا کوشتین، مردنی بەلێشاوی فریشتەکان هیچ نییە جگە لە خواستی مەرگی ئازادبوون، خواستی مرۆڤبوون. لەبەر ئەوە گومانی ئەوە دەبەم کە شۆڕشیش بەهانەیە نەبێ بۆ کردنی ئەو توندوتیژییە. سەیر نییە لەم رۆمانەدا زۆرێک لە کەسێتییەکان چونکە کۆیلەن- ئامێری شۆڕشن، هەر کە یەکدی دەبینن، وەک مرۆڤ یەکدی نابینن، بەڵکو وەک کەرەسە، ئامێر، کۆیلەیەک لە یەکدی دەڕوانن یان وەک سەروەر و سەردار و سەرۆک، لەبەر ئەوەی وەک مرۆڤ ناژین، نازانن چۆن مامەڵەی مرۆیی لەگەڵ یەکدی بکەن، هەمیشە لە بۆسەدان بۆ یەکدی، تا ئەم ئەو داگیر بکات یان ئەم ببێتە داردەستی ئەو، هەمیشە رقێک لە ناخی هەریەکەیان دەبینرێت، بۆ بەهانە ناگەڕێن تا بیر لە داگیرکردن و تەسلیمبوون بکەنەوە. ئەم مرۆڤانە کە وەک ئامێر ماهییەتێکی نەگۆڕیان نییە دەتوانن بگۆڕێن، بەڵام زۆر بە زەحمەت دەگۆڕێن، چونکە چیتر مرۆڤ نین، ئەوەش مایەی سەرسامی نییە، چونکە بەردەوام دۆخ بۆ یەکتری سازدەکەن تا لەنێوان کۆیلایەتی و سەرداریێتیدا بمێننەوە، زۆر بەدەگمەن تیایاندایە بگۆڕێت، گۆڕان بەو مانایەی لە کۆیلایەتییەوە بۆ مرۆڤبوون، نەک لە شۆڕشگێڕەوە بۆ خائینبوون و لە بەعسیبوونەوە بۆ کوردبوون (بە مانا شۆڕشگێڕییەکە)، ئەمانە هیچ نین جگە لە گۆڕینی رووخساری کۆیلایەتییەکە، مرۆڤبوون بۆیان بووبووە ئەو قەڵایەی هەرگیز پێی نەدەگەیشتن، بەڵکو ئەوان مەترسیی یەکەم بوون لە مرۆڤبوون، بۆ ئەو گۆڕانە مرۆڤ پێویستە ئازادی لەیاد نەکات، نەک نامرۆڤبوونی خۆی بەمرۆڤبوون لێ بگۆڕێ، واتە کە نامرۆڤە هەستنەکات نامرۆڤە یان نامرۆڤ کراوە، چونکە مرۆڤ گەر لە دۆخی مرۆڤبوون دەرچوو، ئومێد هەیە تا ئەو کاتەی هۆشیارە بەنامرۆڤبوونی.

کاتێ بوون و ئازادی بەهایان نامێنێ ئیدی ئاساییە، کە خۆت بکەیتە هۆکارێک بۆ ئەوەی شۆڕش بتکاتە هی خۆی، بتکاتە چەکێک بۆ کوشتنی ئەویدی، مرۆڤ بەهای خۆی نەزانی ئاساییە خۆی بکاتە قوربانی، بەها دانەنان بۆ خۆ، بەهادانەنانە بۆ ئازادی، هەرکاتێ بەها سەنرایەوە لە بوون و ئازادی، ئیدی مەترسی دەست پێدەکات، کاتێ وەفا رەفعەت بەهای خۆی نەزانێ ئیدی چۆن بەهای ئازادی دەزانێ، لەبەر ئەوەی وەفا بەهایەکی بەرزتر لەخۆی دانابوو، بووبووە کۆیلەی ئەو بەهایە، کە ئەویش شۆڕشە، شۆڕشیش خودایەکە و پێویستە سوجدەی بۆ ببرێت، وەفا شۆڕشی بەپیرۆزترین دەزانی، سەرۆکیش وەک خوا یان نوێنەری خوایە، لە لاپەڕە ١٣١دا باسی پەشیمانبوونەوەی و بڕیاردان لەسەر نووسینەوەی یادەوەرییەکانی وەفا دەکات لەو رابردووەی لەنێو شۆڕشدا تیا ژیاوە، گفتوگۆیەک دروست دەبێت لەنێوان نەغەدە و وەفا، نەغەدە بە وەفا دەڵێ: «بەڵام بزانە یادەوەریت موڵکی خۆت نییە» (٥) ئەم دێڕە شرۆڤەی زۆر لەخۆ دەگرێت، گەر لە سیاق دەریکەین وەک من کردوومە وەک هەواڵێک وایە، گەر لە کۆنتێکسدا بیخوێنیتەوە هەست بە هەڕەشە دەکەیت. گەر لە واتای رووخساری و سیمانتیکی دەربڕاوەکە بڕوانین، ماناکەی ئەوەیە کە شتێک هەیە ناوی یادەوەرییە ئەم یادەوەرییە راستە هی تۆیە بەڵام هی تۆش نییە، چونکە دەڵێت یادەوەریت، یادەوەریی تۆ، یادەوەریی خۆت هی خۆت نییە.

بەڵام گەر پراگماتیکییانە بیخوێنینەوە ماناگەلێکی زۆر هەڵدەهێنجین، مەبەست ئەوەیە بڵێت تۆ هی خۆت نیت، کاتێ تایبەتترین و ناوەکیترین و نهێنیترین شتی مرۆڤ هی خۆی نەبێ مانای وایە ئەو مرۆڤە لە قوڵاییدا کۆیلە کراوە، وەفا تەنیا ئامێرێکی کۆیلە نییە، بەڵکو وەک مرۆڤێکی تەواو کۆیلەیە، مرۆڤێک کە نەیتوانیوە بژی، مرۆڤێک کە ژیانی خۆی نەژیاوە، ژیانێک ژیاوە هی ئەوانی دی و بۆ ئەوانی دی، چونکە مرۆڤ گەر بژی ئەزموون کۆدەکاتەوە و یادەوەریی دەبێت، چونکە ئەزموون و یادەوەری تەواوکەر و کار بۆ یەککەری یەکدین، ئەم دێڕە ئەوەش دەڵێت مادام یادەوەریت هی خۆت نییەو خۆشت هی خۆت نیت، ئەوا هەر کردەیەکی خۆییانەو خۆبوون دەبێتە هۆی مەترسیی گەورە بۆت، چونکە تۆ ژیانی خۆت نەژیاویت ئێستا گەر خەیاڵێکی لەم چەشنەت هەبێ دەبێ مەترسییەکانی بزانیت، ئەوەی بۆ شۆڕشت کردووە شۆڕش بە خۆتی دەکاتەوە، واتە شۆڕش کردەی کوشتن و تیرۆری بە وەفا ئەنجام داوە، ئێستا وەفا لەبەر ئەوەی خیانەت لە شۆڕش دەکات و یادەوەرییەکانی کە هی شۆڕش و سەرۆکە نەک هی خۆی ئەوا هەمان کردار بەخۆی ئەنجام دەدرێ، ئەوەی دوێکە تیرۆری دەکرد، ئێستا خۆی تیرۆر دەکرێ، چونکە هەر هەڵگەڕانەوە و پەشیمانبوونەوەیەک قوربانیی دەوێت.

وەفا لە ڕێگەی شەرعییەت وەرگرتن لە شۆڕشەوە تاوانی ئەنجام دەدا، شۆڕشیش شەرعییەتی لە ئەو و لە ئەوانی ترەوە وەرگرتبوو، واتە سیستمێکی توند بە یەکیەوە گرێداون، شۆڕشگێڕان شەرعییەت دەدەنە شۆڕش، شۆڕشیش شەرعییەت دەداتەوە بە شۆڕشگێڕان، لە شۆڕشیشدا هەمیشە پاساوێکی باڵا دەدۆزرێتەوە بۆ کردنی شۆڕش کە ئازادییە، بەڵام بەناوی ئازادییەوە کۆیلەیەتی بەرهەمدێت، ئازادی تەنیا پاساوێکە بۆ هێنانە ئاراوەی داهاتوویەکی ڕەشتر، پڕ تاوانتر. وەفا و نزار و لیڤیتانت، شێرخان... شۆڕشیان کردبووە پاساوێک بۆ تێرکردنی ئەو حەزە بەدەی لە ئازاردان و کوشتنی ئەویدیدا هەیانبوو.


لەم ڕۆمانەدا تانەدان و ناشیرینکردنی شۆڕش گەیشتۆتە ترۆپک، بەڵام ئەبێ بپرسین شۆڕش کە جۆرێک لە جوانی و چاکی و تەنانەت پیرۆزیشی لای مرۆڤ هەیە، ئەتوانرێ هێندە ناشرینکرێت؟ ئایا شۆڕش خۆی لەخۆیدا هێندە ناشرین و بزێوە؟ ئەم وشەیە خۆی لەخۆیدا هەڵگری ئەم ناکۆکییە یان ئەو ئێمەین ئەم ناکۆکییەمان بەخشیوە پێی؟ شۆڕش گرنگی و بەهای خۆی هەیە، بەڵام کام شۆڕشە؟ ئایا شۆڕشێک کە لەپێناو ئازادکردن و دەرکردنی مرۆڤ بێت لە نەهامەتی، ئێمە پێویستیمان بە شۆڕشە بەسەر خودی خۆماندا، بەسەر دەرکردنی ئەو بوونەوەرە بەدەی لە ناوەوە جێ خۆشدەکات، شۆڕشێک کە بەها مرۆییە بەرزەکان لەخۆیدا هەڵگرێت، دەشێ بەپێچەوانەکەی ڕازیبین، بەواتایەکی تر ئێمە کە شۆڕشمان گەرەکە بۆ ئەوەیە چاکە زاڵکەین بەسەر خراپەدا، بەڵام ئایا دەبێ هۆکاری زاڵکردنی چاکە بەسەر خراپەدا لە ڕێگەی خراپەوە بکرێت؟ ڕوونتر بڵێین کاتێک شۆڕش بۆ ئازادکردن بێت، ئیدی چۆن دەبێت بەکۆیلەیەتی ڕازیبین، کۆیلەکردنی ئەوان بکەینە ئامانج، کوشتن و تۆقاندنی ئەوان بکەینە هۆکاری ڕزگارکردنی خۆمان. شۆڕشی ڕاستەقینە شۆڕشێکە



له یاخیبوون بەمانا کامۆییەکەی سەرچاوە دەگرێ نەک لە تیرۆرەوە. هەر شۆڕشێک لەسەر کوشتن و تیرۆر بنیادنرابێت بێگومان ئاکامەکەی بەد دەبێت. لەم رۆمانەدا ئەوە دەخوێنینەوە کە بۆچی ئێستامان بەمجۆرەیە، بۆچی ئازادیمان نییە، بۆ ژیانمان رۆژبەرۆژ خراپترە، بۆ ویژدانمان دەمرێ و هەستی پێ ناکەین؟ لەبەر ئەوەی کە شۆڕشەکان، لە رێگەی شەرعییەت وەرگرتن لە تاوان و کوشتن و هێرشکردنە سەر ژیانی ئەوانی تر دەستی پێکرد، هەرکات شۆڕش بێباکانە کوشتنی ئەنجام دا، دەبێ بترسین لە کۆتاییەکەی، نەوەیەک پەروەردەکەی بە کوشتن و چەک دەبێ، شۆڕش بریتییە لە چاوەڕوانی یان وەک مێشیلییە ناوی نا بەرزەخ (٦) لەبەر ئەوەی قۆناغێکە تێیدا شۆڕش لە ئێستادا دەکرێت بۆ ئایندەیەکی رۆشن، هەموو کەسێک چاوەڕوانی لە شۆڕش هەیە، وەک بڵێیت شۆڕش ئەو فریادرەسە بێت هەمووان رزگاردەکات، دەشێ سەرەتا شۆڕش ئەو مژدەیە بدات، بەڵام پاشان زۆر ئەگەرێکی زیندووە کە پەشیمانییەکی قوڵ دروستبێت، وەک چۆن وەفا تووشی ئەو پەشیمانیە بوو، لە ئێستای خۆشماندا مۆرڤگەلێکی هێجگار زۆر هەن، کە پەشیمانن لەو رابردووەی کە شۆڕشگێڕبوون. ئەوەی گرنگە ئەوەیە کە نابێت شۆڕشگێڕان بە کەسانی فریشتە و رزگارکەر بزانین، بەڵکو ئەوان زۆرکات بوونەتە شەیتان بۆ خۆشیان نەک بۆ ئەوانی دی، لەم رۆمانەدا زۆر جوان باس لەوە کراوە کە مەلەکبینەکان و فریشتەکان ئەوانەن شتێک لەناخیاندایە دژی شۆڕشە، بەڵام شۆڕگێڕان ئەوانەن فریشتەکانی ناویان هەر زوو دەمرێت، تەنانەت وەفا کە مەلەکبین بوو هۆکەی ئەوەبوو لەناخیدا شتێ تروسکەیەک هەبوو، کە هەر تاوانێکی بکردایە هەستی بە تاوان دەکرد، بەواتا گوناهەکردن نەبووە بەشێک لە بوونی، زۆرێک لە شۆڕشگێڕان تاوانکردن تێکەڵ بە خوێنیان ببوو، لەکردنی تاوان هیچ سڵێکیان نەدەکردەوە هیچ دەنگێک بۆ نەکردنی ئەو تاوانە لەناخیان دەرنەدەچوو، واتە بە تەواوی کەڕببوون، خاڵێکی گرنگ لێرەدا باسی بکەین ئەوەیە لەنێوان کۆیلایەتییەک کە کۆیلە کەڕبووە یان دەبیستێ جیاوازیی جەوهەری هەیە، وەفا هەمیشە ئومێدێکی تیا دەبینرا، کە پەشیمانبێتەوە لە شۆڕش و لەو تاوانانەی ئەنجامی دەدا، بەڵام بۆ کەسێک کە کەڕ بووە، ئومێدی پەشیمانبوونەوەی کەمە، بەپێچەوانەی بەختیارەوە پێم وایە دیل بە زمانی گۆرانی شاعیر بووە کوڕ بۆ ئاغا، ئاغاش بووە باوک بۆ کۆیلە، ئیدی ئومێد کەمە بۆ رزگاربوون، چونکە کۆیلە هەستی کۆیلەیەتی تیا مردووە خۆشحاڵە بە کۆیلایەتی، چونکە هەست ناکات کۆیلە بێت، مردنی ئەو هەستە لە کۆیلایەتییەکە گرانترە، چونکە جوڵانی مێژوو بەندە بەم هەست و هۆشیارییەوە (٧)، بەڵام شۆڕشگێڕانی تر جگە لە وەفا ئەو شۆڕشگێڕانە بوون کە کامۆ باسیان دەکات «شۆڕشگێڕ مرۆڤێکە پێشوەخت بەکۆمەڵێ شت مەحکومە. نابێ هیچ پەیوەندییەکی عاتفیی هەبێ، نابێ هیچ کەسێکی خۆشبووێ، تەنانەت دەبێ لەناوی خۆیشی داماڵرێ، دەبێ هەموو بەشەکانی بوونی بۆ تاقە عیشقێک بێت: شۆڕش» (٨) واتە شۆڕش کوێر و کەڕی بکات، هیچ شتێ دی نەبینێ. هەروەک وەفاش نموونەیەکی بەرزی ئەم دوالیزمییە کە لەنێوان وازهێنانی شۆڕش و پەرستنی شۆڕشدا گیری خواردبوو، لەبەر ئەوەیە فریشتەکە گران ترازا

لێی، نەبوونی ئیرادە هۆکارێکی جەوهەرییە کە وەفا بەمجۆرە دەهێڵێتەوە، واتە وەفا لەنێوان زانین و ئیرادەدا بوو، ئەیزانی کارێکی بەد دەکات، بەڵام ئیرادەی بڕیاردانی نەبوو بۆ دەرچوون لەو کارە. لە ڕۆمانەکەدا هاتووە کە هیچ کات هاوڕێیەتی و عیشق لای شۆڕشگێڕان نەبووە، چونکە مرۆڤبوون نییە، نموونەی بەبابەتکردنی نەغەدە ماردینی بەئاشکرا ئەوەمان پێ دەڵێت شۆڕشگێڕان بەدوای هۆکاردا دەگەڕێن، تا تۆڵەی خۆیان لەیەکدی بکەنەوە، بۆشاییە بەدەکەیان پڕ بکەنەوە، تەنانەت بەناوی خۆشەویستیشەوە ئەوە دەکەن، ئەو دژایەتییەی لەنێوان نزار و لیڤیتانتدا هەبوو، بێ هێزی لیڤیتانت و شکانی لە بەرامبەر نزاردا و خیانەتکردنی، دەبوو بەشتێگەلێک تۆڵە بکاتەوە، تەنانەت شۆڕشی کردە هۆکارێک بۆ ئەوە، پاشان نەغەدەی کردە هۆکار بۆ تۆڵەسەندنەوە لە نزار، شەیدابوونی بۆ دەسەڵات و تۆڵەسەندنەوە هەرجارەو خولیای شتێکی دەبوو، جگە لە بیانوی شۆڕش و نەغەدە و کوشتنی لەخۆوە..، هەوڵی دا پارەش وەک دەسەڵاتێک بکاتە هۆکار، شۆڕش زۆرکات چەکێک بووە، بەڵام لیڤیتانت کردییە هۆکارێک تا ویستە نەگریسەکەی خۆی پێ ئەنجام بدات. نەغەدە هیچ نەبوو جگە لەکۆکردنەوەی دژەکان لەیەکدی، وەک شانەیەکی هەنگ وابوو، هەموویان لێی کۆبوونەوە، هەریەکەیان بەمەبەستێکی بەد، بەڵام ئەوەی بێ مەبەست نەغەدەی ویست نەیتوانی نەغەدەی بۆ ببێت.

شۆڕش لەم ڕۆمانەدا نموونەی شکاندنی سنوورەکانی مرۆڤ و ژیان و ئەخلاق و بەهاکانە، گرفتی شۆڕشەکان لەوەدایە کە شۆڕش وەک بەهای باڵا وێنا دەکەن، شۆڕگێڕان شۆڕشیان وەک شا بەها تەماشا دەکرد، کە هەموو بەهایەکی تر دەبێت ببێتە قوربانی ئەم بەهایە،» زۆربەی شۆڕشەکان شێوە و ڕەسەنایەتیی خۆیان لە تاوان و کوشتنەوە وەردەگرن، هەمووشیان یان زۆربەی زۆریان توندوتیژ و مرۆکوژبوون» (٩) لەبەر ئەوە شۆڕشەکان دەبێ هەمیشە جێگەی گومانبن، بەڵام کێن ئەوانەی گومان دەکەن؟ شۆڕش مرۆڤ تووشی






گومان و دوودڵی دەکات کە شەرعییەتی هەیە شۆڕشکردن یان نا؟ گەر شۆڕش نەکەین ئەی چی بکەین؟ گرنگە بپرسین شۆڕش چۆن بکەین؟ پێم وایە بە لەبەرچاوگرتنی دیدی کامۆ بۆ جیاکردنەوەی شۆڕش لە یاخیبوون و شۆڕگێڕان لە یاخبووان دەتوانین کەمێ ئەم ناڕوونییە بڕەوێنینەوە، کە یاخیبوون شتێکی خودییە و پاشان دەبێتە گشتی (من یاخیدەبم کەواتە ئێمە هەین/ئێمە تەنیاین) (١٠).، وەلێ شۆڕش بە فیکەی ئەوان سازدەبێت. هاوکات لەنێو شۆڕشدا ڕەهایی بەهای خۆی هەیە، بەڵام مرۆڤی یاخی بڕوای بەڕەهای نییە. شۆڕش مرۆڤ دەکاتە ئامێر و داشێک، بەڵام یاخیبوون خود هۆشیارییە، بەرامبەر بە ئامێربوون و بوون بە چەک بۆ ئەویتر، نە خۆی دەبێتە ئامێر نە بڕوای بەوەیە بکاتە ئامێر، ئامانج دەرچوونە لە ئامێربوون. ئامانجی یاخیبوون یەکێتییە، بەڵام ئامانجی شۆڕش سەرتاپاگیری و بەدەستهێنانی تەواوەتییە، شۆڕش «هەموو جۆرە کۆیلایەتییەک قەبوڵ دەکات تا «بەڵێ»یەک بەدەستبهێنێت، کە لە کۆتایی مێژوودا دێتەدی» (١١)، بەڵام یاخیبوون پێویستی بە بەڵێی کەسی نائازاد نییە.


شۆڕش حەقیقەتە، چونکە وەک تاکە بەها لێی دەڕوانرێ لەلایەن شۆڕگێڕانەوە. لەئێستادا چیرۆکی ئیبراهیم پێغەمبەرم دێتەوە یاد کە ئەیویست کوڕەکەی بکاتە قوربانی، لەسەر داوای خوا. شۆڕشگێڕان بۆ ڕەزامەندیی شۆڕش زۆر تاوان و مرۆڤیان کوشت، ئیبراهیم پێغەمبەریش کوڕەکەی خۆی دەکوژێت بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، وەک چۆن وەفا و هاوەڵەکانی بۆ دانپیانانیان تاوانگەلێک دەکەن، بوونی وێژدان لەو نێوەندەدا چ ڕۆڵێکی هەیە، بوونی بەرپرسیارییەت کە یەکێک لە تەفسیرەکانی کیرکەگارد بەرپرسیاربوون بەرامبەر بە گشت (خوا)یە، بۆیە ئیبراهیم ئەوکارە دەکات، بەرپرسیارییەتی شۆڕشگێڕ بەرامبەر بە شۆڕش، بەرپرسیارییەتە بەرامبەر بە گشت؟ بەڵام کوشتن بەهەر بیانویەکەوە بێت کوشتنە، لەو ڕۆمانەدا شۆڕش بووەتە جێژوانی پیاوکوژان، لەبەر ئەوە شۆڕش لە مێژووی مرۆڤایەتیدا گەلێ تاوانی قەبەی پێکردووین، قەرەبووکردنەوەی مەحاڵە، ئاسەواری شۆڕشەکان لە شۆڕشەکان خراپترن، چونکە نەوەیەکی بەرهەمهێناوە کە توانای کوشتن و بەزاندنی سنووری ژیانی هەبێت، توانای داهێنانی لە خراپەکاری و ڕاوەدوونانی ڕۆحی هەبێت، لەپاش ئەو شۆڕشانە ڕۆحی میللەتی کورد دەکەوێتە قەیرانێکی سەختەوە، ئێستا زۆر بەئاسانی ئەوە دەبینین کە ڕۆژانە کوشتن و خۆکوشتن ڕوئەدات، بیانووەکانی کوشتن و خۆکوشتن هێند لاوازن لە ئێستادا مرۆڤ نازانێ چۆن تەفسیری بکات، لەسەر پارچە زەوییەک یەکتری دەکوژین ئەمە هیچ نییە جگە لە دۆزینەوەی بیانویەک بۆ کوشتن و تێرکردنی ئەو ئارەزووە بەدە، لەم ڕۆمانە پێشبینیی ئەوە دەکات کە چیتر شوێنێک نامێنێ بایەخ بە ڕۆحی مرۆڤ بدات، چیتر کەشتییەک نییە ڕۆحە ترازاوە بیمارەکان لەخۆی کۆکاتەوە، کەشتییەک نابێ ڕۆحە ئاوارەکان هەڵگرێتەوە، ڕۆژێک دێت باڵەخانەکان هێند بەرزبن مرۆڤ بەسەیرکردنی سەری گێژبێت، ڕۆحی ئاوارە بێ، ئیدی ڕۆژێک هاتووەتە پێش کە ئێستا ئەزموونی دەکەین، هەموومان برینداریین، هەمووان تاوانبارین بەڵام هەستی تاوانباریمان نییە، هەمووان غەدر دەکەین، خراپە دەکەین

بەڵام لە بەرگێکی جوان خۆمان حەشارداوە، ئەمرۆ کە دەژین بێ ئەوەی تامی ژیان بکەین، هێندەی ڕۆژەکان بەڕێدەکەین هێندە ناژین (١٢) ئەمرۆ نمونەی هۆشەنگ بولبولیار هێجگار کەمە. هەمیشە شۆڕش پێویستی بە مرۆڤی نامرۆڤ هەیە، گەرەکیەتی کۆمەڵێ ئامێرە مرۆڤ کۆبکاتەوە، بێ ئەوەی بپرسێت بکوژێت. سەیرە شۆڕش هەمیشە پەلکێشمان دەکات بۆ خۆیمان دەبات، دڵنیان دەکوژرێین، دەکوژین، بەڵام بەردەوام سۆزێکمان بۆ شۆڕش هەبووە، جگە لەم سیحرە شۆڕش ئەو سیحرەشی هەیە، کە وەفا ئەندامێکی باش بوو یان نا، لەوکاتەدا کە دەیەوێ لە شۆڕش هەڵبێ، بەڕوکەش شۆڕشگێڕە بەڵام هەر دەکرێ کاری خەتەرناک و مرۆڤکوشتنی پێ ئەنجام بدرێت، کوشتنی ئەو چوار ژنە، بەدەستی وەفا نیشانەی ئەوەیە کە شۆڕش چ سیحرێکی هەیە، هاوکات وەفا لە هاواری ناخی خۆی کەڵک وەرناگرێ، واتە گەر ململانێیەک لەنێوان هاواری دەرەکی/ ئەوان ببینین لەگەڵ هاواری ناخەکی/ فریشتەکە، بەڵام وەفا دۆڕا، وەفا گوێڕایەڵی ئەوانبوو نەک گوێڕایەڵی هاواری ناخی، گومانم بۆ دروستبوو مرۆڤ هێند ئیرادەی نەبێ گوێ لە ناخی خۆی بگرێ. لەبەر ئەوەیە کامۆ دەڵێت «شۆڕش هەم مرۆڤ و هەم پرەنسیپەکانیش لەناو دەبات» (١٣). وەفا پاش کوشتنی ئەو چوار ژنە دانپیانانێکی کوشندە و خەتەرناک دەردەبڕێ، کە دەڵێ بە کوشتنی ئەو چوار ژنە بێخەتایە دەرگام لەسەر ڕۆژگارێکی تازە کردەوە. ئەم دانپیادانانە بەبڕوای من قورساییەکی زۆری لەخۆیدا هەڵگرتووە، کە خوێندنەوەی زۆر هەڵدەگرێت، چونکە ڕۆژگارێک باسدەکات کە دێت و مەترسیدارە، کە کوشتنی بێخەتا زاڵدەبێت بەسەر ئەو ڕۆژگارەدا، کە مەبەست ئەم ڕۆژگارەیە. کارەساتە بە کوشتن دەرگا لەسەر ڕۆژگارێکی نوێ بکەینەوە!

**دوالیزم و ناکۆکی، لە نێوان زمان و ڕاستیدا**

کاتێ ئەوەیە لە بابەتێکی گرنگ بدوێین، دوالیزمی کەسێتیەکان و کردەکان و زمان...، دڵنیام خوێنەری ئەم بابەتە هەست بەم دوالیزمییە دەکات، کاتێ باسی وەفا دەکەم بەئاسانی ئەوەی بۆ دەردەکەوێت، بەڵام گرنگە بپرسین ئەم دوالیزمییە چییە وا لە کەسێتییەکانی نێو ئەم ڕۆمانە دەکات، کە بەردەوام خوێنەر تووشی قەلەقی و دۆخێکی نائاسایی ببێت لە نێوان ئەرێنی کرداری کەسێتییەکان یان شەرعیەتدان بە هەندێ کردار، کە ئەو کەسێتییە خۆی شایەنی ئەوە نییە شەرعییەتی پێ بدرێت، واتە کەسێک مرۆڤێکی باش نییە، بەڵام کردارێک دەکات نازانی ئایا ئەو کردارەی ڕەنگدانەوەی کەسێتیی خۆیەتی خراپە یان چاکە، ئەم ڕۆمانە ڕۆمانی ڕووپۆشکردنە، ڕووپۆشکردنی کردارەکان بە زمانێک کە توانای تاوانبارکردنی بکەرەکە گراندەکات لەسەر خوێنەر، نزار کردەکانی ترسناکن، بەڵام بیرکردنەوەیەکی قوڵ و ورد دەبینرێت کە پاساو بۆ کردەکانی بهێنێتەوە، من لەگەڵ نزار کۆکم لە تابووکان بدرێت، بەڵام ڕێگەی ڕەخنەکە چییە، ئا لێرەدا لەگەڵ نزار تووشی گرفت دەبم. وەفا بریتییە لەم دوالیزمییە، وەفا تاوانبارێکی گەورەیە کە نووسەری ڕۆمانەکەشە، بە واتا ڕەخنەگرێکی گەورەشە لە تاوانەکانی خۆی، خۆی خراپە دەکات و دژی





خراپەش دەجەنگێت، نازانیت ئایا ئەم تاوانبارە گەورەیە دەستخۆشیی لێ بکەیت لەوەی ئەگەر ئەو نەبوایەتە جاسووس نەیدەتوانی ئەو هەموو نهێنییە ئاشکرابکات، نەیدەتوانی ئەم ڕۆمانە بنووسێت، یان گەر تاوانبارێکی ڕاستەقینەیە بۆ تواناى دیدتنی فریشتەکەی خۆی هەیە؟ وەفا لە نەغەدە و نزار ئاڵۆزترە، چونکە لە یەکەم کردەیەوە ویژدانە زیندووە بیمارەکەی لە نێوان بوێری و پەشیمانیدا کە ئەسپەکانی کوشت دەرکەوت.

نەغەدە کە خیانەت لە دکتۆر شوکاکی مێردی دەکات، تا چەند شەرعییەتی بدرێتێ، ئایا نەغەدە مافی خۆی نییە کە ئەو هەستانەی خۆی بژی و ئەزموون بکات، مافی خۆی نییە ئازادبێت؟ بەڵام ئایا بێباکی و ئازادی برای یەکترین، یان دژی یەکترین؟، ئەم دوالیزمییە چییە لە نەغەدەدا، بۆچی دەبێت حەزی بەهەشت و دۆزەخ بە یەکەوە بێن؟ بێباکی لێدانە لە ئازادی، نەغەدە تێگەیشتبوو ئازادیش وەک دیلی چەندین ڕووی هەیە (١٤). بۆ دەبێت لە نێوان تێرکردنی ویستی جەستە و ڕۆحدا گرفت هەبێ، گەر مرۆڤ یەک بێ، ئەم جیاوازییە چییە؟ ئەمە گرنگە هەم وەک ڕەخنە لە بەختیار عەلی بگرین، هەم دەشێ وەک سەرکەوتووی ئەو تەماشاکرێت. زۆر کات تاوان دەکرێ، بەڵام بە زمان و کۆمەڵێ کەرەسە رووپۆش دەکرێ، خوێنەر تووشی حاڵەتێکی نائاسایی دەبێت لە بڕیاردان.


پەیوەندیی شۆڕش و ویژدان، خوێندنەوەی کتێب و بەکارهێنانی کتێب و بۆ ئەوەی نزار تاوانەکانی جوانتر بکات، کۆکردنەوەی خوێن و کتێب، واتە کردەی تیرۆری عەقڵانی، لە مێژوودا وەک کامۆ دەڵێت چەشنی ئەمجۆرە تیرۆرە زۆرە، هەروەک مارکس و نیچە لای کامۆ ڕوویەکی ئەو جۆرە لە تیرۆرن، کە درێژەپێدەری جۆرە تاوانێک بوون بە پاساوی عەقڵ. لەلایەکی ترەوە نموونەی دکتۆر شوکاک و دکتۆر شێرخان لەم ڕۆمانە دوو جۆر مرۆڤی زۆر دژ، دکتۆر شێرخان، پسپۆری بواری کوشتنە، دکتۆر شوکاک پسپۆری بواری ڕۆحە، نوێنەری چاکە و خراپەن لە بواری تەندوستیی ڕۆمانەکەدا.

ئەو زمانەی کە نزار قسەی پێدەکات وا لە خوێنەر دەکات، گومان بکات، چونکە ئەو کارەی نزار پێویستە، ڕۆشنبیران کاریان هەر ئەم کارە بووە، بە کەمێ جیاوازییەوە، نیچە بخوێنیتەوە لە زۆر شوێندا نزار دەبینیت، بەڵام دەشێ جیاوازیی جەوهەرییان هەبێت، هەرچەند ئەم بڕیارە گرانە، بەڵام وەک دەربڕینێک کە خوێنەری ڕۆمانەکە بووم ئەم هەستەم لا دروستبوو، هاوکات جگە لەوەی کە ئەو جۆرە پەسنەی نەغەدە بۆ مناڵی دەکات بە زمانێک و بە چەشنێک دەیکات خوێنەر نازانێت قینی لە نەغەدە بێت، کە دایکێکی دڵڕەقە یان بەزەیی پێدا بێتەوە و شەرعییەتی بداتێ، کە بەو چەشنە مامەڵەی مناڵەکەی خۆی دەکات. هەروەک فریشتەکان مرۆڤپارێزن یان مرۆڤەکان فریشتەپارێزن، بە پێی مێژووی ئاینەکان ئەوە فریشتەیە مرۆڤ دەپارێزێ، بەڵام لەم ڕۆمانەدا بە پێچەوانەوە ڕاستە، ئەمە تا رادەیە شکستدێنێ، هەم سەریش دەکەوێ، چونکە ڕاستە دەڵێت فریشتەکان، لە سێ جۆر مرۆڤدا دەمرن، ئەوانەی دەرهەق بە دڕندەیی بێباکن، ئەوانەی بوونەتە ئامێر، ئەوانەی لە مەزنیی مرۆڤ تێناگەن و بۆی ناژین (١٥). ئەوەش گرنگە ڕاستە کە فریشتە پاسەوانی مرۆڤە، چونکە لە ڕۆمانەکە

زۆر بەرونی دەرکەوت کە پارێزەری مرۆڤبوونی مرۆڤ فریشتەکانن، ئەوەی بولبولیاری جوان و خۆشەویست کردووە، مانەوەی فریشتە و رۆحە زیندووەکەیەتی، مردنی فریشتەکان وەک مردنی رۆحی مرۆڤەکان وایە، زۆر هەن هەست دەکەن کە رۆحیان هێدی هێدی دەمرێ وەک وەفا، بەڵام هەیە بە پێچەوانەوە تا مردنیش هەست بەوە ناکات کە رۆحی هەیە، واتە لە مەستییەکی تەواودایە، لەبەر ئەوە بوونی فریشتە وەک بوونی ویژدان وایە. بۆیە فریشتە یاریدەدەریی مانەوەی مرۆڤە لە دۆخی مرۆڤبوون و هۆشیاربوون بە نامرۆڤبوونی.

لە لاپەڕە ٧٤٠دا بە جۆرێک باسی خیانەت کراوە، کە وادەکات حەز لە خیانەت بکەیت، سیحری زمان زۆر خەتەرە، لەم دیمەنە بڕوانین هەست دەکەین چ جوان باسی خیانەت دەکات «ژنی عاشق هەرکات خیانەت دەکات، خیانەتی جوانتر و پاکتر و ئینسانی ترە لە دڵسۆزیی ئەو ژنە بێهەست و درۆزنانەی بەسەر رۆژە مردووەکانی خۆیان و لە پاڵ جەستەی ساردی مێردەکانیان دەخەون» (١٦)، ئەمە ئەو قسەیەی کامۆم بیردەخاتەوە کە دەڵێ «تاوان بەرگی بەرائەت دەپۆشێ» (١٧) هەرچەند ئەو خیانەتەی باسکراوە تووشی دوودڵیت دەکات، بەڵام لەبەر ئەوەی بەراوردێکی هێناوە جۆرێک لە شەرعییەتی دەدەیتێ، وشەی خیانەت وشەیەکی نەرێیە، بەڵام بەوجۆرە مکیاجکراوە نەغەدەت خۆشبووێ، کە راستگۆیانە خیانەت دەکات، درۆ ناکات. گەر مرۆڤێکی عاشقی ئازادیت کردەکەی نەغەدەت لاپەسەندە لە هەندێ باردا، بەڵام بە پێچەوانەشەوە راستە کە ئازادی تا ئەو رادەیە بڕوات سنوورناس نەبێت، هۆکار بێت بۆ ئەزیەتدانی ئەویتر. لە رۆمانەکانی بەختیاردا بەردەوام کەسێتی دەبینیت، پڕە لە دوالیزمی، زۆر بەهێزە، بەڵام دژە مرۆڤە، زۆر رۆشنبیرە، بەڵام مرۆڤکوژە، دەنگی خۆش و ئارامبەخشە، بەڵام تاوانکار، جوانییەک لە رووخساردا و ناشیرینییەک لە ناخدا، جەمشید توانای فڕینی هەیە، بەڵام کێشەی بیرچوونەوەی هەیە، وەک لە رۆمانەکەدا هاتووە «هەموو مەخلوقە جوانەکان جۆرێک لە بێهێزییان تێدایە، کە هەرگیز جوانییان لە بێهێزییان جیانابێتەوە» (١٨).

کوبوونەوەی رق و خۆشەویستی، یان خۆشەویستی و رەحم... وەک بڵێیت لە نێو مرۆڤدا ئەم جیاوازی و دژانە هەبن، فریشتە و شەیتان هەبن، وەک چۆن لە رۆمانەکەدا هاتووە خاڵی لاوازی مرۆڤ جەستەیە نەک رۆح (١٩). لە رۆمانەکانی بەختیار هەست بە کەسێتیی سەیر دەکرێت، توانای سەرسوڕهێنەر هەیە لە کەسێتییەکاندا، بەڵام شتێ هەیە ئەو کەسانە دەستیان پێی ناگات، یان شتێ هەیە وەک ڕێگری، کەسێتییەکانی پەریسا و نەغەدە و شاعیرییەکەی و بولبولیار... بوونی هێز پێویستییە، هێز لە نێوان باشە و خراپەدایە، دەتوانرێت هێز هەبێت بۆ ئامانجی مرۆڤبوون بەکارهێنرێت، دەشێ بەپێچەوانەوە، ئەو هێزەی نزار و لیڤیتانت لە کام جۆر هێزەیە، ئەو هێزەن کە مرۆڤ خۆزگە دەخوازێت هەرچی هێزی وا هەیە تەفروتونا بێت، چونکە جگە لە خراپە هیچی دیی لێ بەرهەم نایەت، ئەو هێزەیە کە بە هێز شەرعییەت بە خۆی دەدات هەموو کارێ بکات، واتە هێزێکە بۆ مافبەخۆدان، هێزە بۆ ئەوەی ئەوانی دی بکەیتە داردەست، هێزە بۆ ئەوەی ئەوانی دی کۆنترۆڵ بکەیت نەک خۆ کۆنترۆڵ بکەیت، نزار هێزی هەیە





بۆ شکاندنی حەرامەکان، ئەمە کارێکی جوانە، بەڵام هێزیشی هەیە بۆ کوشتنی مرۆڤەکان کە ئەم کارەش حەرامە، هێزیان نییە بۆ دەرکردنی مرۆڤ لە نەهامەتی و کۆیلایەتی.

وشەی شۆڕش و شۆڕشگێڕ لەو وشانەن کە زیاد لە چەند شوێنی رۆمانەکە تانەی لێ دراوە و سەرزەنشتکراوە، بەڵام لە هەندێ دۆخدا بە پێچەوانەوە شۆڕش و شۆڕشگێڕ دەبنە پێویستی و دەبنە وشەی جوان، بۆ نموونە بولبولیار وەک شۆڕشگێڕ. دەششێ رۆماننووس بە مەبەست و هۆشیارانە ئەم دژانە کۆبکاتەوە، چونکە مرۆڤیش هیچ نییە جگە لەم دژێتییە، پڕیەتی لە ناکۆکی و دوالیزمی، کە هەرجارەو دەمامکێک دەپۆشێ جارێ وەک فریشتە و جارێ وەک ئەهریمەن، جارێ وەک شۆڕشگێڕ جارێ وەک خائین، توانای رۆڵبینینی مرۆڤ لەنێو هونەر و شانۆدا بینینی چەندین دەوری جیاواز و نمایشکردن و پۆشینی چەندین بەرگی جودا تەنیا لە مرۆڤ دەوەشێتەوە، چونکە بەڕاستی مرۆڤ خۆی بەو جۆرەیە، مرۆڤ دەتوانێ بەپێی شوێنەکان دۆخ وەرگرێت، کاتێ لەگەڵ رۆشنبیراندا دەدوێ وەک رۆشنبیر دەدوێت، کاتێ لەگەڵ سەوزەفرۆشێکدایە وەک ئەو قسە دەکات، لەبەر ئەوە کۆبوونەوەی دژەکان رەنگدانەوەی خودی مرۆڤەکان خۆیانە، هاوکات لەم رۆمانە و زۆرێک لە رۆمانەکانی تری بەختیاردا شتێکی گرنگ هەیە ئەویش فرەناویی کەسێتییەکانە، هەر کەسێتییەک چەندین ناوی هەیە، بەپێی شوێن و رۆڵەکانی ناوی پێ دەبەخشرێت، ئەم فرە ناسنامەییە وا دەکات لێکدانەوەمان بۆ کەسێتییەکان سادە نەبێت، چونکە فرەناوی جارێکی تر دوالیزمی کەسێتییەکان دەردەخات، هاوکات پێشمان دەڵێت ئەم کەسێتییە کەسێتییەکی ئاڵۆزە، وەک چۆن خودا چەندین ناوی هەیە و مرۆڤ ناتوانێ بڵێ ئەمە خودایە، ئاواش مرۆڤەکان بەهۆی فرەناوی و فرەناسنامەییەوە ئاڵۆزن، هەرجارە و بە ناسنامەیەکەوە دادەبەزن، ناسنامەکانیش جۆرێک لە ڕووپۆشن بۆ کردەکان، چونکە لەنێو ئەو فرە ناسنامەییەدا جارێ وەک شۆڕشگێڕ و مرۆڤدۆست، جارێ وەک بازرگان، خائین و جاسوس... واتە ناتوانین بڵێین نەغەدە شاعیرە و بەس، ناشتوانین بڵێین وەفا شۆڕشگێڕە، ئەمە بۆ هەموو کەسێتییەکان راستە، هەروەک لەنێو واقعی کوردیشدا ئەم فرەناسنامەییە باش دەبینرێت، کاتێ یادی کەسێتییەک دەکرێتەوە.

### شۆڕش وەک بەهانەیەک بۆ مردن


مردن سیحری خۆی هەیە، لەبەر ئەوەی مردن دەتوانرێ لەتلەت بکرێت و بەشبەش بکرێ، دەشێ بەشێکمان زیندوو و بەشێکمان مردووبێت، بە رۆح زیندوو بە جەستە مردوو یان بە پێچەوانەوە، یان وەک لەم رۆمانەدا هاتووە فریشتەکانمان دەمرن بێ ئەوەی هەستیان پێ بکەین، زۆرێک لە ئێستادا ویژدانی مردووە، بەڵام تا ئێستا نازانێ ویژدان هەیە یان نا. دەتوانرێ مردن بخوازرێ، لەوەی کە خۆت رزگاربکەیت لەم ژیانە خۆت بکەیتە قوربانی، یان خۆت بکوژی، وەک چۆن زۆر کەس لەژێر ئازاردا مردن دەخوازن، بەرگەی ئازارەکە ناگرن.

مردن دەتوانرێ بدرێ و ببەخشرێ، وەک چۆن بەعسییەکان مردنیان بە کورد دەدا (٢٠) ئەوهاش کوردەکان لەم رۆمانەدا بە نێوی شۆڕشەوە مردن دەدەنە ئەم و ئەو، شۆڕشگێڕەکان مردن دەدەنە

کەسانێک کە خۆیان داوایان نەکردووە، ئەوان لە ترسی ئەوەی نەمرن مردن دەبەخشن، مردن ناتوانرێ ببەزێنرێت، بەڵام زۆر کەس بە حسابی خۆیان لە مردن هەڵدێن و خۆیان دەکوژن، وەلێ مردن شتێ نییە لێی هەڵبێیت، ناتوانین مردن ببەزێنین، مردن دەتوانێ هۆکارێ بێت بۆ بەدەستهێنان، دەشێ هۆکاربێت بۆ دۆڕاندن، ئەوەی من دەترسم دەدۆڕێم، ئەوەی ناترسم دەبەمەوە. هاوکات تێڕوانینەکان بۆ مردن فرەن، بۆ نموونە مردن شتێ خودییە یان نا، دنیابینیی مرۆڤ بۆ مردن دنیابینیی بۆ ژیان دەردەخات، هۆشیاریی تاک دەردەخات کە تا چەند هۆشیارە بەوەی مردن خودییە و تەنیا یەکێکە لە ئەزموونەکان کە تاک بە تەنیا خۆی ئەزموونی دەکات، ئەم دنیابینییە دەری دەخات کە خاوەنی دنیابینییەکە کەسێکی ئازادە. مردن هێمای زۆرە، زۆر شت وامان لێ دەکات مردوو لە زیندوو جیاکەینەوە، لە ڕەنگ و دەنگی مرۆڤەوە دەتوانین ڕادەی ژیاندۆستی یان مەرگدۆستیی بزانین، هاوکات دەزانین، مردن چ کاریگەرییەک لەسەر ڕووخسار و ناخی مرۆڤ دادەنێت. لەم ڕۆمانەدا، مرۆڤەکان زۆر شت بە بەها دەکەن بۆ ئەوەی بۆی بمرن، هەندێ شت نرخی زیاترە لە بوونیان، ئەمەش لە نێوان مەرگدۆستی و موقەدەسکردنی شتگەلێک زیاتر لە ژیان و بوونی مرۆڤەوەیە، لە ڕۆمانەکەدا هاتووە «مردنم پێ باشترە وەک لەوەی دایکی منداڵێک بم نەچۆتە بەر مەدرەسە» (٢١). مردن زۆرجار دەبێتە پەیامێک، گەر ژیان پەیامێک بێت بۆ خۆمان ئەوا مردن پەیامێکە بۆ ئەوان. لەلایەکی ترەوە کوشتن هێرشکردنە سەر ژیانێکە، کە ئێمە خاوەنی نین، هەڵکوتانە سەر بوونێکە، کە ئێمە نەمانبەخشیوە.
تەنانەت خۆکوشتنیش تاوانێکە لە ژیان دەکرێت، ئێمە کە خۆمان دەکوژین یان دەکوژێین، پێمان وایە بەوە شتەکان بەکۆتا دەگەن، بەڵام بە پێچەوانەوە لە پاش ئەوە گرفتەکان و برینەکان قوڵتر دەبن.

مردن و یادەوەری دوانەیەکی لێکدانەبڕاون، لەم ڕۆمانەدا باسی ئەو نزیکییە کراوە، «ئەوەی لە مردووەکاندا ڕقم لێیەتی ئەوەیە هەندێکیان زۆر بە یادەوەرییەوە دەنووسێن» (٢٢) بەو پێیەی مردن تاکە ڕووداوێکە یەکجار بە ڕاستی لە ژیانی هەموو مرۆڤێکدا ڕوودەدات، ئەوا کاریگەریی خۆی هەیە، وەک چۆن جیابوونەوەی ڕۆح لە جەستە گرانە، بەهەمانشێوە جیابوونەوەی ئەو مرۆڤە لە هاوڵەکانی گرانە، لە ئاینیشدا هاتووە کە ڕۆح ئاسان لە جەستە جیانابێتەوە، چونکە سەردەمێک پێکەوە بوون، مرۆڤەکانیش بە ئاسانی لە یەکدی جودانابنەوە، بەتایبەت کە وێنە لە یادگەی ئێمە خەزن دەبێت، هەر مرۆڤێکیش بێ ئەندازە وێنەی هەیە، هەر کردەیەکی ژیان وێنەیە، ئەم وێنانە هەمووی لای دۆستانی خەزنە، کاتێ بەجێمان دێڵێ ئەم وێنانە زیندوون لە یادگەماندا، خۆیان مردوون بەڵام یادەوەرییەکان لەگەڵمان دەژین، تەنانەت دیتنی یەکجار بەسە بۆ ئەوەی ئەو مرۆڤەت بیرنەچێتەوە، کاتێ مرۆڤێک دەکوژرێت بکوژ گەر ڕانەهاتبێ بە کوشتن، ئەوا ئەستەمە تا کۆتایی ژیانی کوژراوەکەی بیربچێتەوە.

یادەوەری بۆ ژیانەوەی مردووەکەیە، ئیدی ئەم ژیاندنەوەیە دەشێ مردووەکە بکرێتە کاڵایەک یان بە پێچەوانەوە، بۆیە مەبەستی ژیاندنەوەی مردووەکە بەپێی کەسە زیندووەکان دەگۆڕێت، کە چیی لە مردووەکە دەوێت. لە کۆندا یادەوەری بووبووە شتێ وەک مانەوە و نەمری و پیرۆزی






بەخشین بە مردووەکە، کە خەونیان بە کەسەکەوە دەبینی هەستیان نەدەکرد مردووە. بەختیار عەلی خۆی زۆر ورد لە کتێبی چێژی مەرگدۆستی (٢٣) باسی ئەم بابەتەی کردووە.

لە شوێنێکی تری رۆمانەکەدا هاتووە «هەرچییەکم کردووە دەبوو نەهێڵم بمرێت، چەندین شتی گرنگ و گەورە بەوەوە گرێدرابوون... ئەوکات نەمدەزانی کە مانەوەی بولبولیار هەتا لەوەش گرنگترە کە من دەرکیدەکەم». مردن کۆتایی هاتنە بە بوونی مرۆڤ لەم ژیانە، ئەوەی لەگەڵی دەژیاین چیتر ناتوانین لەگەڵی بژین، مەگەر لە خەوندا یان یادکردنەوەی. لێرە بە جۆرێ باسی بولبولیار کراوە وەک ئەوەی بچێت بۆ شوێنێک و رێی لێ بگیرێت، مردن تاکە شتێکە ناتوانین بەری پێ بگرین، وەک چۆن مرۆڤ دەسەڵاتی نییە نەخۆش نەبێ، دەسەڵاتی مردن وەک دەسەڵاتی خوایە، دێت و خۆی دەسەپێنێت، هاوکات ئەوەش درکدەکەین وەک ئەوەی بولبولیار کاڵایەک بێت و پێویست بێت مانەوەی، بەڵام شتێکی گرنگتر هەیە، مرۆڤ کە دەمرێت بە تەنیا خۆی ناڕوات زۆر شتی دی دەبات لەگەڵ خۆی، زۆر نهێنیی تر، مردن کە خۆی نهێنییە هاوکات نهێنیپارێزەو نهێنیبەریشە. بولبولیار نهێنییەکی لابوو بۆیە وەفا دەیویست زیندوو بێت.

بایەخی مردن کەمتر نییە لە بایەخی ژیان، بگرە هەردووکیان توند لێکئاڵاون، چونکە تا نەژین، نامرین، ئەوەی دەژی، دەمرێت، بوونی ژیان پێشمەرجە بۆ مردن، ئەم بایەخ بەخشینە بە یەکتر لێرەدا خۆی دەردەخات، کە مرۆڤ دەزانێت بۆچی دەژی؟ بۆچی دەمرێت؟ لە پێناوی چیدا دەمرێت و بمرێت؟ پرسیاری بۆچی لەکردەیەکەوە دروستدەبێت کە یان رابردووە یان داهاتووە، بۆچی دەڕۆیت؟ بۆچی وادەکەیت؟ بۆچی دەژیت، وەڵامەکەی پێیەکی لە نێوان رابردووە پێیەکی لە داهاتوودایە، هاوکات پرسی بۆچی دەمریت تەواو پەیوەستە بە داهاتووەوە، بەڵام ئەمە لەو شوێنەدا نامێنێ کاتێ وا لەو پرسە تێدەگەین کە مردن بۆ هەیە، واتە پرسیارەکە بکەینە پرسیارێکی جەوهەری، ئایا شیاوە مردن هەبێ، ئێمە بمرین؟ لێرەدا پرسیار و وەڵامەکەش جیاوازە، چونکە پرسیارەکە هەم فیزیکییە هەم میتاییە، چونکە ئەژین ئەوا دەبێ بمرین، بەڵام کێ وای کردووە ژیان پەیوەست بێ بە مردنەوە، بۆ بە ژیانکردن مردن شیاو دەبێت؟ هاوکات ویستێک هەیە، ئامانجێک هەیە، بەهایەک هەیە، هۆشیارییەک هەیە، ناتەوێت بمریت و بەڵام نەزانی بۆچی دەمریت و لە پێناو چیدا دەمریت. لە رۆمانەکەدا هاتووە کە لە نیگای بولبویار دیاربوو کە «دەزانێت بۆچی دەمرێت» (٢٤) مرۆڤ هەمیشە شەیدای زانین بووە، زانین بۆی غەریزە بووە، زۆر مرۆڤ هەن نایانەوێت شتەکان لە ژیانیان رووبدات گەر رووشی دا بێ ئەوەی بزانن بۆ روویان دا، یان رۆڵیان نەبێ لە روودانی لە پێناو چیدا بمریت و ئەو شتەی بۆی دەمریت لێرەدا ئامادەیی هەیە.

مرۆڤ بەردەوام بیری لەوە کردووەتەوە مردنیشی بەهای هەبێ، مردنێکی سەربەرزانە بمرێ، خزم و کەسوکاری لە روویان بێت بڵێن بە چی مرد، بۆچی مرد، لە لاپەڕە ٥٢دا هاتووە «شۆڕشگێڕە گەمژەکان کە دێن بۆ ئەوەی بمرن» (٢٥)، بەواتا شۆڕش دەکەنە بیانوو بۆ ئەوەی بۆی بمرن، واتە بەهای شۆڕش هێندە بەرزە، کە بۆی بمریت، خۆت فیداکەیت، شۆڕش وا وێناکراوە کە نەمری

دەبەخشێ، بیرم دێ کاتی خۆی کتێبی ئەزموونی شێرکۆ بێکەسم خوێندەوە، باسی ئەوە دەکات، پێشمەرگە هەبووە ئاواتی خواستووە بمرێ تا شێرکۆ شیعری بۆ بنووسێ، ئاواتێکی سەیرە! شیعر بێبەها ناکەم، بەڵام ئەمەش بێبەهایی ژیانە.
نزار دەڵێ شۆڕشگێڕ دەبێ بکوژێت بۆ ئەوەی دواهەمین کەس بێت بمرێت. ئەم ویستە لە نزاردا زۆر مەترسیدارە، ئەم خود ئەڤینییە وا لە نزار دەکات هیچ پرەنسیپ و ئەخلاقێک بەجدی نەگرێ تەنانەت خودی ژیانیش، هەر شتێ مەترسی بێ بۆ بوونی ئەوە شایەنی لەناوبردن بێ، ئەم روانینە رەنگە لای زۆر مرۆڤ هەبێ، بەڵام دەربڕینی رەنگە ئاسان نەبێت، دەنا لە نیهانی زۆر مرۆڤدا هەیە.
لە رۆمانەکە هاتووە، هەموو مرۆڤێک کە بڕیاری کوشتنی دەدرێ، تا ئەوساتەی دواهەناسە دەدات چاوەڕوانی موعجیزەیەکە رزگاری بکات، کاتێ دەیانەوێت بولبولیار و هاوڕێکەی بکوژن، لە چاوی هۆشەنگ ئەم چاوەڕوانییە نابینرێ، هۆکەی دەگەڕێنێتەوە کە زۆر بە ژیانەوە نەبەستراوەتەوە.. بەڵام دەشێ هۆکەی ئەوەبێت لە قوڵایی مرۆڤدا ئاگادارکەرەوەیەک هەبێ بەتایبەت لەو مرۆڤانەی وەک بولبولیارن و مەلەکبینن، لەوەی کە کاتی مردنیان هاتووە یان نا، مردنیش لەنێو کاتدا رووئەدات، وەک چۆن هاوڕێکەی گوێی لە دەنگی مردن دەبێت. لەوەش تێدەگەین کە مردن دەنگی هەیە.
«یەکێک لە باشییەکانی مردن ئەوەیە، ئیتر کەس دەرگات لەسەر داناخات» (٢٦)، لە ژیاندابوون بەرکەوتنە لەگەڵ ئەوانی دی و کاریگەری و هێزی ئەوانە لەسەر تۆ، ئەوان دەتوانن زۆر شت بەرامبەر بە تۆ بکەن، تۆش بۆ ئەوان بەوجۆرەی، بەڵام ئەوان بەردەوام هێزێکی توندیان هەیە بۆ داگیرکردنی تاک. لە مردندا ئەوە نامێنێ، ئیدی ئەوان دەسەڵاتیان بەسەرتدا نامێنێ، باشیی مردن ئەوەیە لە کۆیلایەتی و زیندان رزگارت دەکات، زۆر کات ئاواتخواستن بۆ مردن دێتە ئاراوە لەبەر ئەوە مرۆڤ لە دۆخێکدایە کە مردنی باشترە لە ژیانی، ژیانی هەموو دەقەیەک مردنێکە بۆی، بەڵام مردنەکە یەکجارە و نەجاتی دەبێت، لەم دەربڕاوەدا ئەوە هاتووە کە مردی ئیدی کەس نییە دەستخاتە ژیانتەوە و داگیرت بکات، مردن ئازادبوونە، بەڵام ئایا ئازادی لە مردندا بەهای هەیە؟ ئێمە کە ئازاد نین مردن رەتکەینەوە، بەڵام کە مردین ئیدی ئازادی چ بەهایەکی هەیە بۆ ئەوانەی کە پێیان وایە تەنیا ئەم ژیانە هەیە؟ ئایا بۆ ئەوەی ئازادبین دەبێ بمرین؟.
لە شوێنێکی رۆمانەکە هاتووە کە مردووەکان هەرگیز بە تەنیا نامرن، بەڵکو هەموو مردوویەک بە جۆرێک هەمووومان لەگەڵ خۆی دەکوژێت، یان مردن وەک تۆپێک وایە هێڵی گۆڵەکە دەبڕێت، بەڵام ئەوەی هەست بە گۆڵەکە دەکات تۆپەکەیە یان ئێمە؟ واتە ئەو کەسەی دەمرێت خۆی هەست بە هیچ ناکات، بەڵکو لەگەڵ خۆیدا ئێمەش دەکوژێ (٢٧).
مردن شتێکی خودییە ئەوەی بەختیار باسی دەکات هەستەکانە، بەڵام ئایا ئەزموونە راستەقینەکەی مەرگ هی کێیە؟ بێگومان هی کەسە مردووەکەیە، مردن تاکە شتێکە وەک ئەو پەپوولەیە وایە کە لە ئەفسانەیەکی هیندیدا هاتووە، پەپوولەکە بۆ ئەوەی حەقیقەتی مردنی بۆ دەرکەوێت هێند لێی نزیک دەبێتەوە تا دەسوتێت، ئەو کاتەی دەسوتێت




چیتر توانای گێڕانەوەی حەقیقەتەکەی نییە، بەڵام ئەوەی لە مردنیش تێگەیشتووە خۆیەتی نەک ئێمە، ئێمە لە دەرەوەی یارییەکەین، وەک ئەوەی بینەری یارییەکەبین لە دەرەوە بزانین چی ڕوودەدات، بەڵام نازانین لە ناوەوە چی دەگوزەرێ، ئێمەی بینەری مردووەکان زۆرکات بینینەکە وەک بەختیار دەڵێت ئەوەمان بیردەخاتەوە کە ئێمەش دەمرین و بۆشاییەک جێدەهێڵین، چونکە مرۆڤەکان کە دەژین بۆشاییەک پڕدەکەنەوە لە شوێندا، کە دەمرن ئیدی ئەو شوێنە بۆش دەبێت، هاوکات مردن وەک ئەوەیە کە هەمووومان مردبین، لەگەڵ خۆی هەمووومان ببات یان ئەمە تەنیا سیمبوولێکە بۆ ئەو هەستەی کە لەو دۆخەدا تێی دەکەوین؟ لەلایەکی ترەوە ئەوە ئێمەین هەست بە مردووەکە دەکەین، نەک خۆی، ئەوە ئێمەین داخلەدڵین بۆ مردنی ئەو، ئەو چیتر بێخەبەرە لەمانە، لای ئەو وەک ئەوەیە ئێمەش هەموو مردبین، چون ئیدی هەستمان پێ ناکات، ئەوەی وادەکات کەسێک زیندووبێت لامان ئەوەیە هەستی پێ بکەین، بەڵام کەسی مردوو هەست بە ئێمە ناکات، بەڵام ئێمە هەست بە مردووەکە و وێنە و یادەوەرییە بەجێماوەکانی دەکەین. (لە دیدی ئاینیدا ئەمە جیاوازە). ڕەنگە پەیوەست بە مردووەکەوە ئەوە ئێمەین مردووین نەک ئەو، هاوکات پاش مردنی کەسەکە زۆرکات ئێمەی بەحساب زیندوو (چونکە هەندێ ڕوانین هەیە مردوو بە زیندوو دادەنێ، بە پێچەوانەوە) خەون بە مردووەکەوە دەبینین، قسەی لەگەڵ دەکەین، ئێمە هەواڵی ئێرەی دەدەینێ و بە پێچەوانەوە، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدایە ئێمە نەمانتوانیوە بە چاوی سەر پاش مردن ببینین، واتە بزانین ئایا دەژین لە پاش مردن؟ بەڵام کەسی مردوو ژیانی سەر زەوی ژیاوە، بەواتا کاتێ ئێمە لە خەوندا دەیبینین، گەر ئەو زیندوو بێ بۆ ئەو ئاسانە لە ژیانی ئێمە حاڵیبێ، بەڵام بۆ ئێمە سەختە لە ژیانی پاش مردنی ئەو تێبگەین، ئەمە لەکاتێکدا گەر پاش مردن ژیان هەبێ. بەڵام مردوو زۆرکات بۆ ئەوەی زیندوویەتیی خۆی بپارێزێ (لەم ژیانەدا) کۆمەڵێ ڕێگە دەگرێتە بەر، تەنانەت زیندووەکانیش بۆ زیندووهێشتنەوە کۆمەڵێ ڕێوشوێن دەگرن، لەوانە نووسینی وەسیەت و چلەی ماتەمینی... هاوکات مردن هەمیشە مامۆستا بووە بۆ وانە وەرگرتنی زیندووەکان. بەڵام لێرە ئەو پرسیارەش بکەین، ئایا گەر پاش مردن ژیانێکی دی نەبێ چۆن مرۆڤەکان ئەم هەموو شتە لە پاش خۆیان بەجێدێڵن بۆ ئەوەی پاش مردنیان بە باشە باسکرێن، دەچین بۆ پرسە بۆ لای نەخۆش، بۆ گۆڕستان بۆ ئەوەی کە ئێمەش مردین پرسەکەمان چۆڵ نەبێ، گۆڕەکەمان سەردانی بکرێت...؟ گەر بەپێی بەختیار بێ کە بە مردنمان هەمووان دەکوژین، ئەی بۆ وەسیەت دەکەین؟ بۆ دەمانەوێ پاش مردن بژین؟ من پێم وایە کە دەشمرین ئومێدی ژیان بوونی هەیە، ئیدی ژیانی سەر زەوی بێ یان ژیانێکی دی.

«هەر کەسێک ئامادەنەبێت بۆ مردن و کوشتن لای من پێشمەرگە نییە» (٢٨) ئامادەبوون بۆ مردن، گرنگە مرۆڤ وەک مۆتەکە سەیری مردن نەکات، ئەوەندە لە مردن نەترسێ نەتوانێ بژی، هاوکات ئەوەش مەترسیدارە کە بەهای ژیانی لا نەبێت و مردن بە شتێکی ئاسان بزانێت، مردن بردنی ژیانمانە، ئەو ژیانەی لە سەرەتاوە کۆششدەکەین خۆشی بکەین، مردن لە ماوەیەکی کەمدا دەیبات، ئەو ماڵەی ژیان

پێمانی بنیاد دەنێ مردن دەیڕوخێنێ. ڕەنجی چەند ساڵە بەساتێ دەڕوات، لەبەر ئەوە ئامادەیی بۆ مردن هەم پێویستە و هەم مەترسیدارە گەر لەسەر بێنرخکردنی ژیان وەستابێت. لەم دێڕەدا هەست بەو بێنرخییە دەکەین، هەست دەکەین شتێک هەیە نرخی زیاترە لە ژیان، بەڵام پێشمەرگە ناوی خۆی بەخۆیەوەیەتی کە پێش مەرگ کەوتووە، بگرە وەک ڕێنمایکەری مەرگ وایە، مادام شۆڕش داوا لە پێشمەرگە دەکات بمرێت و بکوژێت دەبێت بیکات، دەنا پێشمەرگە نییە. بوون بە پێشمەرگەش هەڵوێستێک و کارێکە، ئامانجێک لەپشتیەوەیەتی، بەڵام پێشمەرگە لەم ڕۆمانەدا، چونکە دیلی شۆڕشە و شۆڕشیش لەسەر ئامادەیی بۆ کوشتن و مردن وەستاوە ئەوە دیدێکی خراپ بەرامبەری هەیە، بێ نرخ سەیرکردنی ژیانی خۆت بێ نرخ سەیرکردنی ژیانی ئەوانە، ئامادەیی بۆ مردن و کوشتن، بریتییە لەوەی کە ژیانی خۆت و ژیانی ئەویتر بەدەستی تۆ بن، سەیرە مرۆڤ چۆن ئەو مافە بەخۆی دەدات دەست لە ژیانێکەوە بدات کە هی خۆی نییە. مرۆڤ چونکە بەتەنیا ناژی لەبەر ئەوە خودکوژیش سنوربەزاندنی ئەویدیی تیایە، چونکە هەرهیچ نەبێ سنوری ژیان و ماناکانی دەبەزێنیت (٢٩).

کاتێک بەشێک لە مرۆڤ دەمرێت ئیدی زیانی گەورە لە تەواوی بوونی مرۆڤ دەدات، بۆ نموونە کەسێک کە پێی دەگوترێت دەم مردوو، شتێک لەناو ئەو مرۆڤەدا مردووە کە کەلێنێکە، بەڵام کاتێ مرۆڤێک ویژدانی دەمرێت، ئیدی ئەو مرۆڤە زۆر شتی لێ دەمرێت. لەم ڕۆمانەدا باسی مردنی فریشتەکان کراوە، کە هەوڵێکی زۆر دەدرا پارێزگاری لە فریشتەکان بکرێت، ئێستا هەست دەکەین فریشتەکان مردون، چونکە ڕاهاتووین بێ فریشتە بژین، لەبەر ئەوەشە ژیانی ئەمرۆمان بەو هەموو خزمەت و بوونی ئەو هەموو شتانە ڕۆژانێ نەمانبوون ئێستا هەمانن، بەڵام هەر هەست بە کەلێن و ناخۆشیو بێزاری دەکەین، بێتاقەتین نازانین بۆ، هەر دادوبێدادمانە و توڕەین، کاتێ لەیەک دەپرسین شتی زۆر کەمبەها دەکەینە بیانوی بێتاقەتی و توڕەییەکەمان، یەکدی کوشتن و خۆکوشتن و ئاسانی مردن زۆر زیادی کردووە، تەنانەت مردن بووەتە ژمارە هۆکارگەلێک دەهێنینەوە کە بۆ پەردەپۆشکردنی هۆکارە بنەڕەتییەکەیە، ئەویش ئاوابوون و برینداربوون و مردنی فریشتەکانمانە. «ڕزگارکردنی مرۆڤ بەرزگارکردنی فریشتەکەی ناخییەوە بەندە... تا فریشتەیەک ڕۆژێک درەنگتر بمرێت، کارەساتە گەورەکان ڕۆژێک درەنگتر دێنە پێشێ... هەر فریشتەیەک کە دەمرێت، مردنی مانایەکی تایبەتی هەیە، مردنی نیشانەیە بۆ هەڵەیەکی گەورە لە ڕۆحی ئێمەی بەنیئادەمدا» (٣٠) مردنی فریشتەیەک مانای هەیە، بەڵێ چونکە مردنی ئەوان زەنگن بۆ مردنی خۆمان، مردن بەمانا ڕەمزییەکەی و وەک خۆییەکەی، چونکە مردنی فریشتەکان مردنی بەهاکان و مردنی ئازادی و ئەخلاق و ژیانمانە، هەرکات ژیانیش بەهای نەما ئیدی کوشتن و خۆکوشتن زیادەدەبێت (وەک لە ئێستادا دەبینرێت).

لە ڕۆمانەکەدا نووسراوە فریشتەکان مرۆڤن، ئەمە ڕاستە، چونکە ئەوەی مرۆڤبوونی مرۆڤ دەپارێزێ، ژیان جوان دەکات ئەوانن، هەتا بوونی فریشتەکان لاواز بێ، جوانی لاواز دەبێ، مردنی فریشتەکان پڕ مانان، چونکە مردنی هەریەکەیان گەر پەیامێکی





گەورە و گشتی پێ نەبێت بۆ گشت مرۆڤایەتی ئەوا پەیامێکی تایبەتی پێیە، مردنی فریشتەکان و ئەو بارە خراپەی بەسەر لانەی فریشتەکان و کەشتی فریشتەکاندا هات لە کۆتایی رۆمانەکەدا نیشانەیەکی زەق و پەیامێکی روونە بۆ کورد، کە کەلێن لە رۆحماندا دروستبووە و قوڵتریش دەبێتەوە، بەو بێباکییەی بۆ مردنی فریشتەکان هەمانە دۆزەخی ژیانمان لەسەر خۆمان داگیرسان. مردنی فریشتەکان لەناو مرۆڤدا رێگە بۆ داگیرسانی جەلادەکەی ناومان دەکاتەوە، ئیدی بوونە جەلاد بۆ یەکتری، لەنێوان بکوژ و کوژراو، لەنێوان جەلاد و قوربانیدا دێین و دەژین، مرۆڤی ئێستا لەو دۆخەدا دەژی، کاتێ سوکانی ئوتۆمبێلەکەی بەدەستەوەیە وەک ئەوەیە چەقۆیەکی پێ بێ، چونکە هەمیشە ئەگەری بوونە جەلاد نزیکە، ئەو رووداوانەی هەنوکە روودەدەن هیچ نین جگە لە ئاماژە بۆ ژیانکردن لە رۆژگارێکدا کە فریشتەکان مردوون، فریشتەکانمان ناژین.

ئەو کەسەی خۆی دەکوژێت ئایا مردنەکەی خۆی هەڵیبژاردووە؟ ئایا ئێمە دەتوانین مردنێکی خۆویستانە بمرین، مردن دەکرێت بە ویستی خۆمان بێت؟ ئایا جیاوازیی مردنی ئێمە و فریشتەکان چییە؟ لە رۆماکەدا باس لەوە کراوە «مردنت نابێت مردنێکی خۆویست بێت... نابێت مردنی هیچ فریشتەیەک مردنێکی ئازاد بێت... فریشتە کاتێ فریشتەیە کە بکوژرێت نەک خودکوژی بکات» (٣١) مردنی خۆویستانە لە راستیدا بوونی نییە، ئەوەی هەیە چۆنیەتیی مردنەکەیە گەر ئەمیش کەسانی تایبەت بتوانن ئەوە هەڵبژێرن، دەنا مردن شتێ ناچارییە، دەتوانیت خۆکوژی بکەیت، بەڵام ناتوانیت لە مردن راکەیت، دەتوانیت مردن پێشخەیت، بەڵام ناتوانیت لێی یاخی بیت. مردن چ بۆ مرۆڤ چ بۆ فریشتە یەکێکە لەو رووداوانەی کە ئازادیمان نییە بەرامبەری، بەڵام دەتوانین ئازاد بین لەوەی نەبینە شۆڕشگێڕ. جیاوازیی مردنی مرۆڤ لەگەڵ مردنی فریشتە بە ریشەیی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە مردنێکە یەکتری تەواو دەکەن، بەڵام ئەوەی توانای کوشتنی هەیە مرۆڤەکانن، مرۆڤەکان دەتوانن فریشتەکانیان بکوژن، دەشتوانن پارێزگاریی لێ بکەن، بەڵام کوشتنی فریشتەکان مرۆڤ دەکاتە جەلاد، جەلادێک یەکەم کردەی بە کوشتنی فریشتەکەی دەست پێدەکات. مردنی مرۆڤ تا رادەیەک کەمتر لەژێر دەسەڵاتی فریشتەدایە، فریشتە تەنیا دەبێتە هۆ. فریشتەکان دەکوژرێن لەلایەن مرۆڤەکانەوە، بەڵام مرۆڤ مەرج نییە بکوژرێت دەشێ بمرێ، چونکە کوشتن دەبێ کەسێ بتکوژێ بکەرێکی دیار هەبێ، هەرچەند زۆرکات ئەو بکەرە مرۆڤ نییە دەشێ ئامێر یان نەخۆشی و دووریی ئازیزێک بێت، بەڵام مردن راستەوخۆ دەسەڵاتی مردن خۆیەتی دەردەکەوێت.


«جەهەنەم ئەو جێگایەیە کە مردنی تێدا نییە» ئەمە وەفا دەیڵێت، مەبەستی جەهەنەم شتێکی میتافیزیکی نییە، بەڵکو مەبەستی ئەم ژیانەیە کاتێ دەبێتە جەهەنەم، ئیدی مردن پێویستییە، بەڵام وەک بڵێی دۆستایەتییەک و رێککەوتنێ هەبێ لە نێوان جەهەنەم و مردندا بۆ ئازاردانی مرۆڤ، ئەوکاتەی کە خواخوامانە (ویستی مردن زاڵە) مردن بێ نایەت، یان ئێمە کاتێ لە ئازاردا دەژین، لەبەر ئەوەی کەم خۆگرین دەمانەوێ بەهەر نرخێ بووە رزگارمان بێت، چونکە ساتەکانی ئازار

درێژدەبنەوەو نارۆن، هاوکات دەشێ مەبەست ئەوەبێ کە جەهەنەم خۆی مردنە، یان جەهەنەم ئەو شوێنە خۆشەییە کە مردنی لێ نییە، واتە پەسنەکە دەشێ ئەرێنی بێ دەشێ نەرێنی. ئەمەوێ بڵێم مردن هێند ئازاری نییە، بۆیە زۆر مرۆڤ لە ژیاندا داوای مردن دەکەن، بەڵام ئەم داواکردنەش زۆرکات لە دڵەوە نییە، بەڵکو بۆ رزگاربوونە لە شتێ نەک ئەوەی خودی ژیان وای کردبێ ئەم داوایە بکەیت، بۆیە هەست دەکەم مردن دەزانێ کە ئێمە لەژێر ئازارێکدا داوای دەکەین بۆیە نایەت، وەک چۆن لە رۆمانی دەریاوانە خنکاوەکەی مارکیز، کەسێتییەکە گیر دەخوات لە نێوڕاستی دەریاکە و داوای مەرگ دەکات، بیر لەوە دەکاتەوە چۆن خۆی مردنی خۆی هەڵبژێرێ چونکە چارەی نییە، لەو بیرو داڵغەیەدایە لەنێو دەریاوە هێرشی دەکرێتە سەر لەلایەن یەکێ گیانەوەرانی دەریاوە، رادەچڵەکێ و هەڵدێ، ئەو بیری دەکردەوە چۆن کۆتایی بەخۆی بێنێ ئەویش لەدەریاوە هات کۆتایی پێ بێنێ، بەڵام هەڵهات، بۆ؟ چونکە لە قوڵایدا خواستی ژیان هەیە، ناچاری وای لێدەکات حەز بە مەرگ بکات، یان ئەوەیە دەیەوێ بەو جۆرە بمرێ کە خۆی دەیەوێ، وەک چۆن رەگەزێکی مێ لە کۆمەڵگەی کوردی خیانەتێ بکات و پێی بزانرێ، چەندین خانم بەوجۆرە کۆتاییان بە خۆیان هێناوە و خۆیان سوتاندووە، چونکە هەستیان کردووە مانەوەیان ئازاری زیاترە، خۆیان وتەنی هەموو دەقەیەکیان مردنە، بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەوان رقیان لە ژیان بێتەوە، یاخود دەشێ واش لەو دێرە تێبگەین کە هەرکات خواستی مردنمان هەبوو هۆکارگەلێ هەن بۆ مانەوەمان لەو عەزابە، چون مرۆڤەکان جێژ لەو ساتە وەردەگرن کە تۆ لە عەزابدایت، وەک لە رۆمانەکەدا هاتووە جەلاد حەزدەکات نێچیرەکەی چەندین جار بمرێت، تا حەزی لە کوشتن تێربێت، یان بۆشاییەکە پڕبێتەوە، بەڵام ئەو شوێنەی پێویستە مردنی لێ بێت لێی نییە.

## لە نێوان سەرنج و هەڵەدا

لە لاپەڕە ٧٨٧دا باس لەوە کراوە کە وەفا زیندانە لەو شوێنەی کە ئاوات دەخوازێت بمرێت، چونکە زیندانە لای هاوەڵانی شۆڕشی، لای شۆڕشگێڕان، زیندانە لەو باڵەخانەیەی کە چەندین شتی سەرسوڕهێنەری تیایە. شوێنێکی ئەو باڵەخانەیە کە وەفای بۆ دەبەن، ژوورێکە پڕاوپڕ رابردووی دەهێنێتەوە یاد، سەردەمانی خەباتی دەهێنێتەوە یاد. مرۆڤ بیری ئەوکاتانە دەکاتەوە، بەڵام پەشیمانە لێی نەک ئاخی بۆ هەڵکێشێ، بە تێگەیشتنی ئەوکاتەی پێویست بووە، بەڵام تێگەیشتنی ئێستا پێچەوانەکەیەتی، راستە بیری دەخاتەوە کە چۆن کردیان، بەڵام بە درێژایی رۆمانەکە تانەدانە لە شۆڕش و خەباتی شۆڕشگێڕان، بەڵام بەمجۆرە نووسراوە «راچڵەکیم و گریام. ئەم بۆنە دێرینە... بۆنی پاکی شۆڕش... بۆنی ئەو پێشمەرگە بچوکو بێنیازو غەمخۆر و سادانەی لەسەر شانی خۆیان دڕندەیەکی ترسناکیان گەورە کرد» (٣٤) لە رۆمانەکە بە دەگمەن بەر ئەوە دەکەوین کە شۆڕش جوان و پاک بێت، پێشمەرگە بەو وەسفەی ئێستای بێت، ئاشکرایە کە کەسانێکی دڵسۆز هەبوون بەو جۆرە سەیری شۆڕشیان کردووە، بەڵام ئەو کەسانە لەنێو رۆمانەکە بوونیان نیە.

لەلایەکی ترەوە ئەوەی رۆمانەکە بخوێنێتەوە





تێدەگات بولبولیار هەژارترینیە، لە چەندین شوێندا باسی ئەوە کراوە، پلەی باڵای بۆ دانراوە لە هەژاریدا «هەژارترین»، هاوکات بولبولیار پێویستی بەم هەژارییە بووە، واتە هەژاری بووەتە پێویستییەک بۆ مانەوەی بەو پاکییە، پێویستییەک بۆ پاراستنی فریشتەکەی توانای دیتنی فریشتە و بوون بە مەلەکبین. بولبولیار لەو ڕۆمانەدا لە چەندین شوێندا باسکراوە کە هەرگیز نایەوێت لە هەژاری دەرچێت، بەڵام لە لاپەڕە ١٦٥دا نووسراو «فریشتە دەتوانێت چیم بۆ بکات.... دەتوانێت یارمەتیم بدات دەوڵەمەندبم» (٣٥) ئەوە سەیرە لەلام کە داوای دەوڵەمەندی دەکات، جگە لەوەی بە چاوێکی بەرژەوەندی سەیری مەهدائیل دەکات، کە ئەمە کەمتر لەگەڵ سروشتی بولبولیار دێتەوە، هاوکات ئەو داوایەش لە دەرەوەی کەسێتی و خواستی ئەوە. هەروەک پێشتر نەهاتووە کە باسی ئەوە کرابێت بولبولیار توانای دیتنی فریشتەی هەیە و فریشتەی بینیوە، بینی مەهدائیل یەکەم فریشتەیە کە دەیبینێت، ئیتر بۆچی پێشتر فریشتەی وای نەبینیوە، چونکە ئەسڵەن ئەوە یەکەمجارە کەشتێ بەناوی فریشتەوە دەبینێ، هەرچەند دەشێ ئەوەش بگوترێت کە وێناکردن هەیە بۆ فریشتەکان. لەبەر ئەوە پێم وایە ئەو داوایەی بولبولیار نالۆژیکییە لەگەڵ کەسێتیی ئەو.

زمانی نووسین زۆر گرنگە، پێویستە وردکارانە بنووسین، ئەو وشانەی هەڵیان دەبژێرین دەبێ ئاگاداری بین، چونکە وشە وەک فیشەک وایە، دەشێ وەک ماچ وابێ، لە ڕێگەی زمانەوە بوونی خۆمان دەردەبڕین دەبێ زۆر وریابین، تەنانەت زمانی تەنزیش زمانێکی تایبەتە و نابێت بریندارکەر بێ، بەڵام لە ڕۆمانەکەدا بە وشەگەلێکی زۆر بازاڕی و ناشیرین باسی نوح پێغەمبەر بکرێت، کە لە لاپەڕە ٦٩٤دا باسکراوە. من خۆم نامەوێ جارێکی تر بینووسمەوە، چونکە ئەو جۆرە زمانە هەر جوان نییە، ئیدی بۆ هەرکەسێ بێت، من وەک خوێنەرێ پێی نائاسودە بووم، گەر دیندار و موسڵمانێ ئەو دەقە بخوێنێتەوە هەست بەچی دەکات؟ لەم ماوەیەدا ڕۆمانی نەوەکانی مادایيم خوێندەوە شتێکی جوانم بەدی کرد، ڕۆماننوس ڕێنمایی خوێنەری دەکرد، کە گەر کەسێکی هەستیارە با ئەم لاپەڕەیە یان ئەم بەشە نەخوێنێتەوە. ئەمە شتێ جوان و گرنگ و پێویستە کە نووسەر ئاگای لە هەستی بەرامبەر بێت و تەنانەت تۆی نووسەر کە وەک خوێنەر دەکەویت بەسەر ئەو دێڕەدا ئەو هەستەت لا دروست نابێ؟


لەلایەکی ترەوە بە بڕوای من دەکرا ڕۆمانەکە کورتتر بکرایەتەوە، لە هەندێ شوێندا من وەک خوێنەرێک تووشی مەلەل دەبووم، بە دروستی بڵێم مەبەست درێژدادڕییە، ڕاستە ڕۆمانەکە پڕ ڕووداوە، بەڵام دەشکرا ئەو ڕووداوانە بە کورتتر بنووسرێن، بێ بۆشایی بن و ڕووداوەکان تێربکرێن. لە زۆر شوێنی ڕۆمانەکە هەست بە نووسینی وتار دەکرێت لەسەر بابەتگەلی جودا، پەسنی درێژ زۆر تێدایە.

### تەکنیکی ڕۆمانەکە

لەم بەشەی نووسینەکەدا باسی تەکنیکی گێڕانەوە و هەندێ هونەری دی دەکەین کە لە ڕۆمانەکەدا هاتووە. ڕۆمانەکە کرانەوەیەکی تێدایە بە ڕووی خوێنەردا، لە چەند شوێنێکدا قسە لەگەڵ خوێنەر دەکرێت و پرسیاری لێ دەکرێت، وەک بڵێی خوێنەر

بەشداریی پێ بکات، چاوەڕوانییەکانی خوێنەر زیاد دەکات، خوێنەر لە کەسێکی خوێنەرەوە دەبێتە بڕیاردەر و بەشدارییپێکەر، ڕۆڵی دەبێت ئیدی ناتوانێ بێدەنگ بێ و تەنیا خوێنەرێکی دووری ڕووداوەکان بێ، دیارە ئەمەش گوزارشت لە بایەخدان بە خوێنەر و گرنگی خوێنەر دەکات، هاوکات لەکاتێکدا کە مەرگی ڕۆمان ڕاگەیەنرا، زۆر شێوازی نوێ داهێنرا تا ئەوەی ناوی مەرگی ڕۆمانە تێپەڕێنرێ، یەکێ لەو کارانە ئەمەبوو کە خوێنەر بەشداریی پێ بکرێ (٣٦) لە ڕۆمانەکەدا هاتووە «گەر بتوانن ئەم چیرۆکە تا کۆتایی بخوێننەوە، ڕەنگە ڕوونتر بزانن باس لەچی دەکەم» (٣٧) یان «کتێبتان لە قەسابخانەدا بنینوە؟...ڕۆژێکی سەیربوو کە تەواوی وردەکارییەکانیم لای خۆم پاراستووە، بەڵام ئێوە چ کارێکتان بە وردەکاریی ڕۆژی وەها هەیە» (٣٨). داوا لە خوێنەر دەکات تا کۆتایی لەگەڵی بڕوات تا نارونییەکان ڕوونبێتەوە بۆی، واتە گێڕەرەوە کە نووسەر خۆی دەگرێتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر ناچارکات لەتەکیدا بڕوات، بەڵام ڕۆشتنی گێڕانەوە نەک حەکایەت، حەکایەتەکە ڕابردووە، بەڵام گێڕانەوەکە ئێستایە بە کاتی نووسینەکە. لە شوێنێکی تردا چیرۆکی نووسینی کتێبەکە و مانەوەی هەندێ شت بە نهێنی. هاوکات هاندانێکی زۆری تێدایە کە گێڕانەوەکە خوێنەر ناچار دەکات بەدوای ڕووداوەکان بکەوێت، وەک چۆن کەسێ شتێکی لێ وندەبێت دەیەوێ بیدۆزێتەوە، هەر دەڕوات، بە هۆی گەڕان بەدوای ئەو شتەی مەبەستییەتی چەندین شتی تر دەبینێ، خوێنەری ڕۆمانەکەش بەمجۆرەیە، یان لە هەندێ شوێندا بە خوێنەر دەڵێت گەر تا کۆتایی ئەم چیرۆکە بڕۆیت

ئەوە دەبێ یان لە ڕۆمانەکەدا هاتووە «لە ڕۆژان و ساڵانی داهاتوودا زۆر سەروکارم لەگەڵ ئەم دوو کەسە دەبێت» (٣٩).. ئەمە هەم تامەزرۆیی دروستدەکات هەم تەکنیکی پێشکەوتن و گەڕانەوەی تێدایە، کە لایەنی هونەری و چێژی خوێنەر زیاد دەکات، وەک بڵێیت ئەو کەسەی بەدوای شتە ونبووەکەی دەگەڕێت زانیاریی پێدرابێت، کە شتەکە لەوێیە، یان لە دوورەوە بریسەکەی شتێک ببینێ وابزانێ شتە ونبووەکەی خۆیەتی. مرۆڤ حەزی زانینی هەیە، هەروەک چۆن حەزدەکات نهێنییەکان ئاشکرابکات یان ئاشکرابکرێت بۆی نایەوێ کە نهێنی بوو بە نهێنی بمێنێتەوە، چونکە مانەوەی ئەو نهێنییە بێ ئاشکرابوون وەک دۆڕاندن وایە، ئەم ڕۆمانەش نهێنیسازکەرێکی گەورە دەیبات بەڕێوە، مرۆڤ لە سەرەتاوە تووشی نهێنیگەلێک دەبێت، سەرەداوێکی دەدرێتێ و ئیدی ونی دەکات تا خۆی بدۆزێتەوە، خۆدۆزینەوەکەش بە خوێندنەوەی تەواوی دەقەکە دەبێت، چونکە نهێنیی نزار و هەستی وەفا لەکاتی کوشتنی ئەسپەکان و پەیوەندیی نزار و لیڤیتانت، بینینی بولبولیار و ئەو نهێنییە بولبولیار درکی دەکات و وەفا لێی تێناگات، هەر ئەو نهێنییەش بولبولیار فریاد دەکات، چەندین نهێنیی تر کە لە نهێنیی کەشتییەکە و نەغەدە و... لەبەرئەوە ئێستا هەوڵ دەدەین باسی تەکنیکی گێڕانەوە کە بکەین. تەکنیکی گێڕانەوەی ئەم دەقە، تەکنیکێکی ئاڵۆز و چڕ و تێکەڵە و جۆرێک لە تەمومژیی تێدایە، گەر ورد نەبین، ئاسان دەکەوینە هەڵەوە، وەک چۆن لە ڕۆمانی جەمشید خانیش هەست بەوە دەکرێت، وەک بڵێیت فێڵێک هەبێت نووسەر بیکات، چونکە جەمشید خان بە تەکنیکی سادە و کلاسیک



دەگێڕدرێتەوە، ئەوەی کە چیرۆکی هەبوو نەبووی پێ دەگێڕدرێتەوە، واتە تەکنیکی شوێنکەوتە (٤٠)، هاوکات تەکنیکی بازنەییشە لەوەی کە سەرەتای ڕۆمانەکە کۆتاییەکەیەتی.

ئەم ڕۆمانەش لەمە بەدەر نییە، بۆیە ئاسان نییە بڕیاردان لەسەر ئەوەی کە سەر بە کام تەکنیکە، چونکە خەسڵەتەکانی چەند تەکنیکێک هەن لەم ڕۆمانەدا، خەسڵەتی تەکنیکی هاوسەنگ، تێهەڵکێش، هاوکات هەمان حاڵەت لەم ڕۆمانەشدا دەبینرێت، کە وادەکات بڵێین لە تەکنیکی بازنەی کراوە بێبەش نییە، بۆیە بنیادێکی ئاوێتەو ئاڵۆزی هەیە. دەبێ بشڵێین کە کاتی گێڕانەوە لەگەڵ کاتی حەکایەتەکە جیاوازە، بەڵام پەیوەندییەکی توندیشیان بەیەکەوە هەیە، کاتی گێڕانەوە ئەوکاتەیە کە گێڕانەوە تیایدا ڕوودەدات، بەڵام کاتی حیکایەت ئەو کاتەیە کە ڕووداوەکانی تێدا ڕوودەدات، ڕووداوێک ئێستا ڕووی داوە، بەڵام من ساڵێکی دی دەیکەمە دەقێک و دەیگێڕمەوە واتە کاتی گێڕانەوەکە دابڕاوە و داشنەبڕاوە لەکاتی حەکایەت، چونکە گێڕانەوەی حەکایەتەکەیە، بەڵام بە کاتی ئێستا کە دەقەکەی تیا نووسراوە، کە ساڵێک تێپەڕیوە بەسەر ڕووداوەکەدا. هاوکات پەیوەندیەیکی توند هەیە لە هەندێ شوێندا کات خێرا دەڕوات و لە هەندێ شوێنی دی کات خاو دەڕوات، یان کات لای کەسێتییەک بۆ کەسێتییەکی تر جیاوازە، بۆ نموونە کاتەکانی نێو زیندانی وەفا نارۆن، بەڵام ئەو سێ ڕۆژەی سەرەتای ڕاپەڕین کە وەفاو نزار و دکتۆر شێرخان لەگەڵ ٤ ئافرەتەکە خەریکن، کات بۆ نزار و شێرخان زوو دەڕۆیشت، بەڵام وەک خوێنەرێک هەستم بەخاوبوونەوەی کات دەکرد بۆ وەفا، هەروەک کاتی ناوەکی و دەرەکیش هەیە، کە ئەمە زیاتر کاتێکی ناوەکییە بۆ وەفا. لەلایەکی ترەوە کاتی گێڕانەوە سەربەخۆیی تێدایە لەوەی، کە بە چەندین شێوە گێڕانەوە هەیە، لەبەر ئەوە ڕۆماننووس دەتوانێت کارامەیی خۆی لە گێڕانەوەدا دەربخات بەوەی کامە شێواز شیاوترینیانە، گرنگە جیاوازی بکەین لەنێوان کاتی گێڕانەوە و حەکایەت، جگە لەوەی کاتی خوێندنەوەش جیاوازە لەهەردووکیان، خوێنەری دەقەکە لە کاتێکی جیاواز دەیخوێنێتەوە، دیالۆگەکانی ئەفلاتون کەی کراون، کەی ئەفلاتون نووسیونی، تۆیش کەی دەیخوێنیتەوە.


## تەکنیکەکانی گێڕانەوە و تەکنیکی هاوسەنگ لەم ڕۆمانەدا

تەکنیکی هاوسەنگ بریتییە لە «گێڕانەوەی دوو چیرۆک یان زیاترە، کە ڕووداوەکانیان لە هەمان کات یاخود دوو کاتی یەکساندا ڕوودەدەن، گێڕەرەوە بەنۆرە بەشێک لە چیرۆکی یەکەم دەگێڕێتەوە، دواتر لە گێڕانەوەی ئەو دەوەستێت و دەست دەکات بە گێڕانەوەی چیرۆکی دووەم، پاشان لە گێڕانەوەی ئەویش دەوەستێت و بەشێک لە چیرۆکی سێیەم دەگێڕێتەوە تا دەگات بە کۆتایی، واتە ڕۆماننووس لە کاتی گێڕانەوەی ڕووداوەکاندا، بەشێوەیەکی نۆرەیی و بە چەند تەوەرێک تیشک دەخاتە سەر چیرۆکەکانی نێو ڕۆمانەکەی، بەجۆرێک؛ لە چوارچێوەی چەند پارێکدا ڕووداوەکان دابەشدەکات و بەشێوەیەکی نۆرەیی لە خاڵی سەرەتاوە دەیانگەیەنێت بە خاڵی کۆتایی، چونکە ئەو ڕووداوانەی کە دەیانگێڕێتەوە؛ لەیەک

کاتدا یاخود لە دووکاتی هاوسەنگ و نزیک لەیەکدا ڕوویانداوە، ئەمەش ناچاری دەکات ڕێگەیەکی نۆرەیی بگرێتەبەر بۆ ئاماژەپێدانیان» (٤١)، بڕوانن دەبینن ئەم تەکنیکە پەیڕەو کراوە لە ڕۆمانەکە، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە کە یەکێک لە چیرۆکەکان هاوکات یان نزیک نییە لە کاتی ئەو دوو چیرۆکەی تر کە ڕوویان داوە، واتە ڕۆمانەکە بەشێوەیەکی گشتی بەسەر سێ چیرۆکی سەرەکیدا دابەشبووە، ئەو سێ چیرۆکە لە چەندین پاردا نەخشکراون..

١.چیرۆکی نزار و لیڤیتانت... پەیوەست بە شۆڕشەوە. دەستپێکی ڕۆمانەکە باسی زیندان و چونی وەفا بۆ ناو شۆڕش، ناسینی لیڤیتانت، بینینی وەفا بۆ بولبولیار و تێهەڵکێشکردنی چیرۆکی یەکەم بۆ دووەم بە نزیکەی لێرەوە دەست پێدەکات، هەرچەند پێشتر ئاماژەی زۆر تیایە، بەڵام وەک دابەشکردنی پارەکان. هەڵهاتنی نزار لە دەست لیڤیتانت، بوونی وەفا بە چاودێر و جاسووس، گرتنەوەی نزار و دواتر ئازادکردنی لەلایەن دەسەڵاتی سەرەوە، شکانی هەستی دەسەڵات لای لیڤیتانت و بوونی بە بەعسی، بینینی باڵەکانی وەفا و ناسینی نزار و نەغەدە.. ئەمانە هەموویان هۆکاری بەیەکەوە بەستنی چیرۆکەکانی (١-٢)ن. وردە چیرۆکەکانی ئەم بەشە زۆرن، ئەمانە درێژەی هەیە تا ئەوەی نەغەدە چیی لێدێ بەدەست شۆڕشگێڕان، لە دکتۆر شوکاک بۆ نزار پاشان بۆ شیرخان و لەو بۆ لیڤیتانت.. چۆن شۆڕشگێڕان لەم کایەیەدا گەمەی خۆیان دەکەن، گەمەی دەسەڵات بۆ دانپیانان بەیەکدیدا. لیڤیتانت و نزار لەبوون بەشۆڕشگێڕ بۆ بوون بە بەعسی و دواتر بوونەوە بە شۆڕشگێڕو لە ڕاپەڕینەکەشدا بە تەواوی چیرۆکی (١-٢) دەگاتە ترۆپک بەوەی، کە وەفا بولبولیار دەبینێت.

٢.چیرۆکی بولبولیار و فریشتە و کەشتیی فریشتەکان و خانمی مەلەکبین.... لەم چیرۆکەدا باسی بولبولیار و هاوڕێکانی و هەڵکردن و تەبابوون لەگەڵ هەژاری، دیتنی فریشتە لەلایەن بولبولیارەوە کە ڕووداوێکی گرنگی ئەم گێڕانەوانەی چیرۆکی دووە. پاش بینینی مەهدائیلی فریشتە و ئاشنابوونی بە نەغەدە و شیعرەکانی، دووبارە بینینەوەی مەهدائیل و نووسینی «باڵەکانت دەبینم» بە خەتێکی گەورە سەرەتای پەیوەندیی دروستکردنە لەگەڵ چیرۆکی یەکەم، هەروەها دەرکەوتنەوەی مەهدائیل لە ساتە سەختەکانی ژیانی بولبولیار کە ساڵانی شەڕی ئێران و عێراق بوو، دانیشتنی لەگەڵ دکتۆر شوکاک و مەهدائیل بۆ زامنکردنی ئازارەکانی شوکاک لەدەست خیانەتی نەغەدە، چونکە شوکاک لەلایەن لیڤیتانت دەگیرێ لەماوەی گیرانیدا کە شەش مانگ دەبێ چەندین ڕووداو بەسەر نەغەدە دێت، کە دکتۆر تووشی شۆک دەکات، دیارە یەکەم بینینی فریشتەش بۆ شوکاک پاش ئەو دیلبونەیە، کە فریشتەی جەنەراڵیکی زامدار دەبینێ. پاشان ئالودەبوونی بولبولیار بە کەشتی و بە فریشتەکانی، دانیشتن لەگەڵ ڕێزانی مەلەکبین و چیرۆکی فریشتە و گۆڕستان و نەخۆشخانەی فریشتەکان، چیرۆکی خودی کەشتی فریشتەکان و گەڕانەوە بۆ زۆر ڕابردوو، پەیوەندیی بولبولیار بە نەغەدە و هەوڵدان بۆ هێشتنەوەی شاعیرێتی نەغەدە و پەیوەندییەکانی بولبولیار و نەغەدە و وەفا، پاشان ترازانی فریشتەکەی نەغەدە (ماردینیا) گێڕانەوەی ئومێد






بۆ فریشتەکانی دی بە سەماکانی، دوای ماچەکەی نەوای خوشکی نەغەدە و دکتۆر شوکاک نەمانی ئومێد لەنێو کەشتیی فریشتەکان، پەیوەستبوونی بە خیانەتەکانەوە، خیانەتی شۆڕش و مرۆڤەکان لەیەکتری، فریشتەکان بەلێشاو دەمردن، وای لێهات ماردینیا مرد ئیدی دکتۆر شوکاک دابڕ لە کەشتیی فریشتەکان ئومێد و ژیانی دایە کزی، چونکە لە دوای ساڵی ١٩٩٠ەوە ژیان لە کەشتیی فریشتەکان ئەستم بوو (٤٢)، لەبەر ئەوە بولبولیار لە راپەڕیندا تەنیا ئێواران دەهاتەوە لای فریشتەکان، بۆیە پەیوەندیی چیرۆکی یەکەم و دووەم بە چڕی لێرەدا دەردەکەوێت، کە ساتی راپەڕینە و فریشتەی وەفا ناترازێ و بەدوای بولبولیار شەیدایە تا لەو دەردە دەری بێنێت، بینینی فریشتە لەلایەن وەفاوە وەک پردی پەیوەندیی نێوان چیرۆکی (١-٢)ە، کە لە سەرەتاو کۆتایی رۆمانەکە باسکراوە.

٣.چیرۆکی تایبەتی وەفا خۆیەتی لەهەوڵدان بۆ نووسینی یادەوەرییەکانی و زیندان بوونییەکەی، کات ئێستایە، دووری و دابڕانێک هەیە لەنێوان کاتی ئەم چیرۆکە لەگەڵ چیرۆکەکانی (١-٢). ئەم چیرۆکە باسی ئەوە دەکات چۆن هەوڵدرا وەفا پەشیمان بێتەوە، چۆن ئەم رۆمانە نووسرا، باسی ئازارەکانی وەفاو بێوەفایی دۆستانی دەکات، لەبەر ئەوەی وەفا کەسێتییەکی سەرەکی و هاوکات نووسەرەکەشە، واتە کەسێکی خاوەن رۆڵە، نەک ئەوەی لە دەرەوە بێت، بەڵکو خۆی پشکی شێری بەردەکەوێت لە رووداوەکانی رۆمانەکە، وەفا لە سەرەتاوە دەستی کرد بە نووسینەوەی یادەوەرییەکانی، یادەوەری و کارەکانی وەفا بەدرێژایی ژیانی شۆڕشی هۆکارێکە زۆرترین رووداوەکان لە دەوری خۆی بخولێتەوە، بۆیە وەفا لەم چیرۆکە باسی چۆنیەتیی دەستبەسەرداگرتنی دەفتەری یادەوەرییەکانی و ئاشکرابوونی ڕێکخراوەکەی و کوشتنی چیرۆکنووسە دیارەکە (سەعید یۆنان)ی دەکات. ئەم بەشە تایبەتە بە گێڕانەوەی چیرۆکەکانی کە بۆ یەکەمجار وەفا بەنددەکرێ و ئازارەکانی نێو زیندانی لە بورجەکەدا.

ئەم سێ چیرۆکە توند بەیەکەوە بەستراونەتەوە، لەبەر ئەوە دەتوانین بەمجۆرە بڵێین تەکنیکی هاوسەنگە، بەڵام نابێ خێرا بڕیار بدەین، گرنگە ئاماژە بەوە بکەین کە تەکنیکەکە لە تێهەڵکێشیشەوە نزیکە، ئەم تەکنیکە بریتییە لە «تێهەڵکێشکردنی چەند ڕووداوێکی جیاوازە لەهەمان ڕۆماندا، بەبێ ڕەچاوکردنی زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی ڕاستەقینەیی ڕووداوەکان لە ڕووی کاتەوە» (٤٣). لە کەشتیی فریشتەکانیشدا ئەمە دەبینرێت، کاتێ چەندین رووداو تێهەڵکێش دەکرێت، چیرۆکی کەشتیی فریشتەکان، پەیوەست بە وەفا، یان چیرۆکی نەغەدە و دکتۆر شوکاک و نزار و لیڤیتانت پەیوەست بە کەشتیی فریشتەکان و بولبویار، بەو مانایەی کە دکتۆر شوکاک و بولبولیار مەلەکبین بوون، هاوکات پەیوەندییەکی توندیان لەگەڵ شۆڕشگێڕاندا هەبوو، لەم تەکنیکەدا رۆماننووس «زنجیرەی بەدوای یەکداهاتنی کاتی ڕووداو تێکدەشکێت، ئەمەش بەهۆی گرنگیدانە بە چۆنیەتیی ڕوودانی ڕووداوەکان نەک زنجیرەیی ڕوودانیان» (٤٤). لە لاپەڕە ٣٩ی رۆمانەکەدا هاتووە کە باسی سزای شۆڕش دەکات بۆ بولبولیار و حەسیب، «لە سەردەمی ئێستاماندا کردنەوەی کۆمپانیایەکی ساختە چەند ئاسانە، لە ساڵانی

هەشتاشدا دەرکردنی بڕیاری کوشتن بۆ کەسێک وا ئاسان بوو» گەر ورد بڕوانین تێکشکاندنی زەمەن دەبینین، پێشخستن هەیە، دۆزینەوەی پەیوەندیی ئێستا هەیە، ئەم پێشخستنە کە لە ڕووداوەکانی سالآنی هەشتا بەپێی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دەبێ باسی کاتی ئێستا بکرێت، بەواتایەکی تر بەپێی ڕەوتی گێڕانەوەی ڕۆمانەکە دابڕان و پێشخستن گەڕانەوە هەیە، بەواتا لەوپەڕی پێشخستندا گەڕانەوە هەیە، چونکە کاتی گێڕانەوە ئێستایە، بەڵام کاتی حیکایەت رابردووە، گێڕەرەوە کە باسی سالآنی هەشتاکان دەکات لە ئێستادا، بەڵام لە پڕ باسی ئێستا دەکات پێشخستنە بەپێی کاتەکە، بەڵام لە ڕاستیدا خۆی گەڕانەوەیە، چونکە کۆی گێڕانەوەکە گەڕانەوەیە بۆ ڕابردوو، لە لاپەڕە ٢٠١دا باسی ساڵی ٢٠٠٩ دەکرێت کە وەفا بەڕێوەبەری ئاسایش بووە، واتە پێش ئەوەی بگیرێت. لەبەر ئەوە کاتی ڕۆمانەکە کاتێکی بزۆک و سرکە، تەنانەت کۆتایی ڕۆمانەکەش لەنێوان ڕابردوو و ئێستا و ئایندەدایە، کە کۆتاییەکی کراوەیە، کات ڕەگەزێکی گرنگی ڕۆمانە لەبەر ئەوەی چەند ڕۆڵی هەیە لە تێگەیشتنی دەقەکە هێندەش ڕۆڵی دەبێت لە ئاڵۆزکردنی، زۆرکات ڕاستیی ڕۆمان و ناڕاستی پەیوەست دەکرێت بە کاتی ڕۆمانەوە (٤٦)

تەکنیکی هاوسەنگ بەکارهێنراوە و دەشێ سوود لە هەندێ خەسڵەتی تەکنیکی تێهەڵکێش بینرابێت، بڕوامان وایە گێڕانەوە شتێ نییە کە بیبەستینەوە کە دەبێ لەم تەکنیکە لانەدەین، واتە وەک کراسێک بێت پڕ بە بەری گێڕانەوە ببێت. گەلێک ڕۆماننووس هیچ لەبارەی تەکنیکەوە نازانن بەو جۆرەی کە زانستییە، بەڵام چەندین هونەریش لە بەرهەمەکەیدا بەدیدەکرێت، لەبەرئەوە ئەم ڕۆمانە سێ چیرۆکی هەیە بەشێوەیەکی نۆرەی دەگێڕدرێتەوە، ئەم بنیاتەش لە هونەری سینەماییەوە نزیکە، وەک چۆن لە سینەما ڕووداوێک نیشاندەدرێت، پاشان دەگوازرێتەوە بۆ پنت و شوێن و ڕووداوێکی دی، لەوێشەوە بۆ شوێنێ دی، واتە نمایشکردنی دیمەنەکان و مونتاژکردنییەتی بەشێوەیەک بینەری زیاتر لە خۆی کۆکاتەوە (٤٧) چونکە ئەمە شکاندنی گێڕانەوەی کلاسیکییە و لە ڕۆمانیشدا خوێنەر چێژ لەم شێوازە زۆر دەبینێت. گەر وردبینەوە لە ڕۆمانەکە، ئەمە باش بەدیدەکەین، پاش ئەو سەرەتاییە کە ڕێگە بۆ ئەم هونەرە خۆشدەکات، پارەکان بەم جۆرە دابەشدەبن بەسەر ئەو سێ ڕووداوەی باسمان کردن (بەشێوەیەکی ڕێژەیی). لە لاپەڕە ١٢١دا باس لە پەیوەندیی نزار و نەغەدە دەکات، لە لاپەڕە ١٢٢دا لە پارێکی دیدا باسی کاتی ئێستا دەکات کە وەفا تێیدا دەژی، واتە دوو کاتی جیاواز دوو ڕووداوی جیاواز، دوو چیرۆکی جیاواز. چونکە بەپێی پارەکان ڕووداوەکان دابەشکراو بەسەر ئەو سێ چیرۆکەدا. لە لاپەڕە ٢٤٣ باسی ڕزگارکردنی نزار دەکات لەلایەن دکتۆر شوکاک، لەهەمان لاپەڕە لە پاری «کوشتن لە سەردەمێکی دی»دا باسی وەفا دەکات، کە دەفتەری یادەوەرییەکانیان دزیوە و دەیگرن. لەو ڕۆمانەدا مۆنتاژی شوێنی و کاتیش بوونی هەیە، وەفا لە شوێنێکە، بەڵام زەینی لە زەمەندا دەسوڕێتەوە، کاتێ لە زیندانەوە لەو ژوورەی کە شۆڕشی بیر دەخاتەوە. مۆنتاژی شوێنیش بۆ نموونە بیرکەوتنەوە ئەو شەوەی جادەی غەمپاشا. یان وەفا کە لەیەک کاتدایە لە زیندان، بەڵام ئەو





شوێنانەی بیری دەکەوێتەوە فرەن.
ئەم ڕۆمانە لە رووی کاتەوە تەنیا کاتی رابردوو نییە، بەواتا لەوپەڕی رابردووەوە باسی ئایندە دەکات، ئایندەیەک رووی داوە، بەڵام بۆ خوێنەر رووی نەداوە، هاوکات دەستپێکی ڕۆمانەکە بەلێشاو زانیاریی ناڕوونت دەداتێ، کە ژیانی دەوێت لەگەڵ رووداوەکان تا تێدەگەیت چ باسە، لە یەکەم لاپەڕەدا هاتووە «چیرۆکی یەکتر ناسینی «نزار ئیدریس» لەگەڵ «لیڤیتانت هۆمەر بۆتانی» مێژوویەکی درێژی هەیە. یەکەم یەکتر بینینیان دەگەڕێتەوە بۆ چەند ساڵێک بەر لەدەرکەوتنی «نەغەدە ماردینی» لە ژیانی هەردووکیاندا» ئەم دەستپێکە پڕیەتی لە ناڕوونی، چونکە چەندین زانیاریی نیوە روونت دەداتێ، چەند سەرەداوێکت دەداتێ، مێژوویەکی درێژ، نازانی کەی، ئایا کەی نەغەدە دەرکەوتووە لە ژیانیاندا؟ نەغەدە کێیە هەروەک گێڕەرەوە کێیە؟ یەکتر ناسینەکەیان چیی لێدەکەوێتەوە بە دۆستایەتی یان چی...چەندین پرسیاری تر.
وەک سەرەتا گوتم ئەم ڕۆمانە فرە بونیادی گێڕانەوەی تێدا رەچاوکراوە.
لەم کۆتاییەدا باسی ئەوە دەکەم، کە چۆن و بە چ بەڵگەیە ئەم ڕۆمانە دەشێ بونیادی بازنەیی تێدابێت.
بونیادی بازنەیی «دەستپێکردنی ڕووداوەکانە لە خاڵێکی دیاریکراودا و دواتر گەڕانەوەیانە بۆ هەمان خاڵ» (٤٨). واتە کۆتایی رووداوی ڕۆمانەکە لە سەرەتا باسکراوە، پاشان دەگەڕێتەوە بۆی.
لە لاپەڕە ٣٢ی ڕۆمانەکەدا هاتووە «لە چادرێکی شیندا ڕێکەوتی «هۆشەنگی بولبویار»م کرد»، هەمان نووسین و هەم بینین و هەمان رووداو، واتە کاتی راپەڕینەکە لە لاپەڕە٩٠٠دا هاتووە.
کە سەرەتای ڕۆمانەکە کۆتاییە و کۆتاییەکەش سەرەتایە. بەڵام ئەمەش نەبووەتە هۆی ئەوەی خوێنەر لە سەرەتاوە ئاگاداری کۆتایی ڕۆمانەکە بێت، بۆ ئەمە هەم ناڕوونیی هێناوەتە ئاراوە کە پێویستە، هەم تەکنیکی بازنەی کراوەی بەکارهێناوە. هاوکات ئایا دەتوانین بە بازنەیی دایبنێین لەکاتێکدا ئەمە کتێبی یەکەمە (واتە ڕۆمانەکە بەرگی یەکەمییەتی و هێشتا درێژەی هەیە)، لەوەش گرنگتر بپرسین ئایا چیرۆکی سەردەمی ئێستا و گرتنی وەفا تێپەڕکردنی ئەو چیرۆکە نییە کە تەنیا لە دەوری بازنەکە دەخولێتەوە، یان ئەمە بەشێکە لە تەکنیکی بازنەی کراوە، کە توانیویەتی لە دوو لاوە کراوە بێت لەوەی ئەو چیرۆکە تێپەڕێنێت، کە تا سەردەمی راپەڕینە، لەوەش کە بەشێوەیەکی کراوە کۆتاییەکی نوێی هێناوەتە ئاراوە؟
لە کۆتایی ئەم بەشە نووسینەدا لەسەر تەکنیکی ڕۆمانەکە دەڵێین بونیادی گێڕانەوەی ئەم ڕۆمانە بونیادێکی ئاوێتەیە. چەند بەڵگە بێنینەوە بۆ ئەوەی بازنەییە، هێندەش بەڵگە هەیە بۆ تێهەڵکێش، بۆ هاوسەنگیش بەهەمانجۆر، لەبەرئەوە (گێڕەرەوە... سەرەڕای بەکارهێنانی بنیاتی بازنەیی، پەنای برووەتە بەر بنیاتەکانی تریش، ئەمە لە ڕۆمانی ئێوارەی پەروانەشدا هەستی پێدەکەین (٤٩).

**سەرچاوەکان:**

١.ئالبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، و.ئازاد بەرزنجی، کتێبخانەی ئەندێشە-سلێمانی، ساڵی ٢٠١٢. ل.٢٤٤
٢.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان- کتێبی یەکەم،

چاپخانەی رۆژهەڵات، لە بڵاوکراوەکانی ئەندێشە، ساڵی ٢٠١٢. ل. ٨٩.
٣.دکتۆر عیرفان مستەفا، بوونی مرۆڤ و دەرکەوتەکانی، چاپخانەی منارە-هەولێر، ساڵی٢٠١٠، ل. ١٤١.
٤.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل. ٧.
٥.سەرچاوەی پێشوو، ل.١٣١.
٦.ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، ل.١٨٨.
٧.دکتۆر محەمەد کەمال، فەلسەفەی هیگڵ، دەزگای سەردەم- سلێمانی. ل. ١٨.
٨.ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، ل. ٢٤٤.
٩.سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٧٠
١٠.سەرچاوەی پێشوو، ل. ١٧٠
١١.سەرچاوەی پێشوو، ل ٣٦٧
١٢.بەختیار عەلی، جەمشید خانی مامم کە هەمیشە با لەگەڵ خۆی دەیبرد، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، ساڵی ٢٠١١.
١٣.ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، ل. ١٦٧.
١٤.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان.ل. ٥٨٤.
١٥.سەرچاوەی پێشوو، ل. ٥٨٤.
١٦.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤٠.
١٧.ئەلبێر کامۆ، مرۆڤی یاخی، ل.٢٦.
١٨.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل. ٧٢٨.
١٩.سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٩.
٢٠.ئازاد حەمە، فەلسەفەی فینۆمینۆلۆژی یان پاتۆچکە، چاپی یەکەم، چاپخانەی چوارچرا-سلێمانی، چاپی یەکەم، ساڵی، ٢٠١٠.ل.١٣٢.
٢١.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل. ٢١.
٢٢.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٣
٢٣.بەختیار عەلی، چێژی مەرگدۆستی، چاپی یەکەم، بەرگی یەکەم، کتێبخانەی ئەندێشە چاپی کردووە-سلێمانی، ساڵی ٢٠١١.
٢٤.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل ٤٢
٢٥.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل ٥٢
٢٦.سەرچاوەی پێشوو، ل ٤٧.
٢٧.سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٣٠.
٢٨.سەرچاوەی پێشوو، ل ٥٢٧.
٢٩.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧١٧.
٣٠.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦٠.
٣١.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦٢.
٣٢.سەرچاوەی پێشوو، ل١٦.
٣٣.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٠.
٣٤.سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٨٧.
٣٥.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٥.
٣٦.سابیر رەشید، ڕۆمانی کوردی، بەشی یەکەم، چاپخانەی دەزگای ئاراس.. هەولێر.٢٠٠٧.
٣٧.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل ١٤.
٣٨.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٦٢.
٣٩.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣.
٤٠.میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا، مەڵبەندی کوردۆلۆجی-سلێمانی، ساڵی ٢٠٠٩- ٦٦.
٤١.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٧.
٤٢.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل ٨٧٩.
٤٣.میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا ل. ٨٦.
٤٤.سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.
٤٥.بەختیار عەلی، کەشتیی فریشتەکان، ل ٣٩.
٤٦.میران جەلال محەمەد، بنیاتی رووداو لە رۆمانی کوردیدا ل ٤٥.
٤٧.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٠٨.
٤٨.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٤.
٤٩.سەرچاوەی پێشوو، ل ١٢٩.



# بەختیار عەلی:
## گەر لەو دونیا مرۆڤ دەرفەتی هەبوو، دەمەوێت لەوێش ببمەوە بە ڕۆماننووس!

**سازدانی: دانا فایەق**

**هەر قسەکردنێک دەربارەی ڕۆمانی کوردی، بەبێ قوڵبوونەوە و وەستانی جددی لەسەر تێکستەکانی (بەختیار عەلی)، کارێکی ناتەواو و پڕ کەموکورتی دەردەچێت و زەحمەتە بتوانرێ وەک قسەکردنێکی زانستی و ویژدانی سەیری بکرێ. قورسایی ئەم ڕۆماننووسە لەناو ئەدەبیاتی ئەمڕۆی کوردیدا بە جۆرێکە، کە رەنگە زێدەڕۆیی نەبێ ئەگەر بڵێین مێژووی نووسینی ڕۆمانی لە ئەدەبیاتی کوردیدا کرد بە دوو قۆناغەوە، پێش بەختیار عەلی و دوای بەختیار عەلی، هەر ئەمەیە وای کرد لە گۆڤاری (گەلاوێژی نوێ)دا دۆسیەیەک تایبەت بکەین بە ڕۆمانەکانی ئەم ڕۆماننووسە و ئەم گفتوگۆیەش بەشێکە لەو دۆسیەیە..**

# لە منداڵییەوە تێگەیشتم جوانیی چیرۆك پابەندی حیکایەت نییە، بەڵکو گرێدراوی حیکایەتخوانەوە

***بەر لە هەرشتێک با بگەڕێینەوە بۆ سەرەتا ڕۆماننووسینت و باسی ئەو سەرەتایە بکەین، کە چۆن بوو بڕیارت دا ڕۆمان بنووسیت؟ ئایا ئەوکاتەش ڕۆمانت باش دەناسی و باش ئاگاداری ئەو ژانرە سەختە بوویت، یان تەنیا حەزێک بوو و ئەتویست ببی بە ڕۆماننووس؟**

-حیکایەتەکانی نەنکم سەرەتابوون، دواتریش باوکم شەوان کۆمەڵێک چیرۆکی سەردەمی جەنگی جیهانیی دووەمی بۆ دەگێڕاینەوە، ڕۆمانێک ئەو زۆر قەشەنگ و جوان دەیگێڕایەوە و زۆر پێمان دووبارە دەکردەوە، ڕۆمانی «چارەنووسی مرۆڤێک»ی شۆلۆخۆف بوو. بە کاریگەریی ئەو چیرۆکانە، مەیلێکی زۆرم لە خۆمدا بۆ گێڕانەوەی چیرۆک و بوون بە چیرۆکنووس هەست پێ دەکرد. یەکەمین هەوڵی چیرۆکنووسینم ڕەنگە ریشەکەی بگەڕێتەوە بۆ تەمەنی دوازدەساڵی، ئەوکات دەفتەرێکی تایبەتیی بچوکم درووست کرد و چیرۆکم تێدا دەنووسییەوە. لەزەتی گێڕانەوە لە لەزەتی بیستنەوە هەڵدەقوڵێت. ماڵی ئێمە سێ حیکایەتبێژی باشی تێدابوو، نەنکم، باوکم، ئامۆژنم. هەر یەکەیان چیرۆکی تایبەتی خۆی و ستایلی تایبەتی خۆی لە گێڕانەوەدا هەبوو. من لە منداڵییەوە تێگەیشتم جوانیی چیرۆک پابەندی حیکایەت نییە، بەڵکو گرێدراوی حیکایەتخوانەوە. سەرەتا بۆ من چیرۆک شتێک بوو لە بری یاری، وەک چۆن منداڵ یارییەکی تۆپێن دەبینێت حەز دەکات خۆشی ببێتە یاریزان، بۆ منیش هەمان شێوە بوو، کاتێک چیرۆکێکی جوانم دەبیست، دەمویست لە فۆرمێکی تر و بە شێوەیەکی تر دایبڕێژمەوە. شتێک لەو سەرەتایەوە زوو تێیگەیشتم ئەوەبوو، هیچ حیکایەتخوانێک ناتوانێت حیکایەتی یەکێکی تر جوانتر لە حیکایەتی خۆی بگێڕێتەوە... ئەو حیکایەتانەی نەنکم بە شێوازی خۆی دەیگێڕانەوە، حیکایەتی باوکم نەبوون، ئەو ئەسڵەن نەیدەتوانی لەوجۆرە چیرۆکانە بگێڕێتەوە. هەر چیرۆکبێژە و چیرۆکی خۆی هەیە، یان هەر مرۆڤە و چیرۆکی خۆی هەیە. بۆیە سەرەتای ڕۆماننووسین لای من پابەندی ئەو هەستە بوو، کە بتوانم بگێڕمەوە و ببینم ئەوانی تر چۆن دەگێڕنەوە. گێڕانەوە هونەرێکە مرۆڤ دەبێت فێری بێت. هەڵبەت دواتر کە گەورە بووم و ڕۆمانم وەک هونەرێکی قورس ناسی، تێگەیشتم کە گێڕانەوە تەنیا هونەر نییە، تەنیا سەنعەتێک نییە فێری ببین، تۆ کە لەسەر کورسییەکی جوان دادەنیشیت، لە خۆت ناپرسیت ئەمە کێ دروستی کردووە، کە سوار ماشێنێک دەبیت، ناپرسیت ناوی ئەو کرێکارانە چین کە لە خولقاندنی ئەم ئامێرەدا بەشداربوون، ئەوە سەنعەتە، سەنعەت ئەو هونەرە گشتییەیە، کە دەشێت هەر کەس فێری بێت، ئەو بەشەی هونەری نووسینە، کە دووبارەکردنەوەی زۆر گرنگ نییە، ئەو بەشەی ئیشەکەیە مرۆڤ دەبێت بیزانیت، بێ ئەوەی ئەوە ئەسڵی کارەکە بێت. بە کورتی ڕۆماننووسینیش وەک هەموو ئیشێکی تر، مرۆڤ دەبێت سەرەتا بەشە سادە و گشتییەکەی فێربێت کە سەنعەتی گێڕانەوەیە. ئەو بەشەی کە مرۆڤ بێ ئەو ناتوانێت ڕۆماننووس بێت، بەڵام فێربوونی سەنعەتی گێڕانەوە بەشی ئەوە ناکات کەسێک بکاتە ڕۆماننووس. کەس وەک ڕۆماننووس نایەتە دونیاوە، هیچ نووسەرێک لە جەوهەردا نابێتە نووسەر، ئەگەر لاسایی نووسەری تر نەکاتەوە، هەمیشە وابووە و

ڕۆماننووسینیش وەک هەموو ئیشێکی تر، مرۆڤ دەبێت سەرەتا بەشە سادە و گشتییەکەی فێربێت کە سەنعەتی گێڕانەوەیە. ئەو بەشەی کە مرۆڤ بێ ئەو ناتوانێت ڕۆماننووس بێت، بەڵام فێربوونی سەنعەتی گێڕانەوە بەشی ئەوە ناکات کەسێک بکاتە ڕۆماننووس





**یەکەمین کۆڕی بەختیار عەلی ١٩٩٢. بەختیار عەلی و مەریوان وریا قانع**

واش دەمێنێتەوە، هەموو هەوڵدانێک بۆ نووسین لە ژێر کاریگەریی نووسینێکی تردایە، بۆ نموونە کاتێک دەبیتە شاعیر، شاعیرێکی تر کاری تێ کردوویت. کاتێک دەبیتە چیرۆکنووس، لە ژێر کاریگەریی چیرۆکنووسێکی تردایت. بۆ منیش لە سەرەتادا زیاتر کاریگەریی چیرۆکنووسانی تربوو، سەرەتا هەمیشە لای ئەوانی دییەوە دێت، هەمیشە تێکستێک هەیە بڕیاری ئەوەت پێ دەدا ببیتە نووسەر. سەرسامیی من بە (مارکیز) وای کرد حەزبکەم ببمە ڕۆماننووس، پێش خوێندنەوەی مارکیز خەونەکەم هەبوو، بەڵام هەموو خەونێک پێویستی بەوە هەیە نموونەیەکی پێشینی وەک خۆی لەبەردەستدا بێت، تا دڵنیابێت خەونێکی مەحاڵ نییە. یەکەمین ڕۆمانم (مەرگی تاقانەی دووەم) هەوڵێک بوو بۆ گێڕانەوەی چیرۆکێک لە فۆڕمی (پاییزی پەتریاک)ی (مارکیز)دا، ئەو هەوڵە بریتی بوو لەوەی ئایا منیش دەتوانم لەسەر هەمان تەکنیک، بە هەمان سەنعەتسازی چیرۆکێکی نوێ بگێڕمەوە؟ ئایا دەتوانم تەکنیکێک بەکار بێنم، کە لە بنەڕەتدا بۆ ڕۆمانێکی دی بەکارهاتووە؟. ئێستا بیردەکەمەوە کە (مەرگی تاقانەی دووەم) ئەستەمە بە هیچ فۆرمێک بنووسرێت، ئەو فۆرمە «پۆلیفۆنییە ـ کەرنەفالی»یە نەبێت، فۆرمێک لە مۆسیقاوە نزیکترە تا هونەری گێڕانەوە. سەرەتا هەوڵەکە بۆ من وەک تاقیکردنەوەی دەرمانی نەخۆشییەک بوو لەسەر نەخۆشییەکی دی، پێشتر جۆرە واقعییەتێکی سیحراویم لای یەشار کەمال و سەلمان رووشدی و ئەستوریاس بینی بوو، بەڵام واقعییەتە سیحرییەکەی مارکیز هەم واقعی تر و هەم سیحراوی تر بوو. لە سەرەتاوە دەمزانی وەک ڕۆماننووس تەنیا یەک شانسم هەیە بۆ ئەوەی ئەم تەکنیکە تاقی بکەمەوە، گەمژەییە نووسەر بەردەوام

# دروستکردنی کتێبێك وەك دروستکردنی منداڵێك ئەکتێکی ئیرۆتیکییە

بە یەک تەکنیک بنووسێت، ئەوە توانای گێڕانەوەی دەکوژێت، تەکنیک نابێت پێش حیکایەت بکەوێت، لێرەوە لە سەرەتاوە ئەو راستییەم دەزانی، کە ئەمە یارییەکە یەکجار دەتوانم بیکەم، بەڵام بۆ ئەو سەرەتایە گەمەی وا حەڵاڵە، هیچ نووسەرێک کە دەنووسێت سەرەتا بیر لە بڵاوبوونەوە ناکاتەوە، من کە (مەرگی تاقانە)م دەنووسی، یاریم دەکرد، یارییەکی شەخسی و نهێنی و تایبەتی، کە بەتەما نەبووم جگە لە خۆم کەسی تر بیبینێت. بیرت نەچێت کە دەمێک من یەکەم ڕۆمانم نووسی، نووسین چ لە ڕووی سیاسییەوە، چ لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە، چ لە رووی خێزان و شەخسیشەوە، شتێکی زۆر لە حەرام و قەدەغەی لەسەر بوو. نووسین لە خەیاڵی دەستەجەمعیی ئێمەدا زۆر لە تابۆوە نزیکە، شتێکە لە چەشنی سێکس، بەڵام بە قەڵەم. ئەوەی سێکس و نووسین پێکەوە کۆدەکاتەوە ئەوەیە هەردووکیان نهێنین، هەردووکیان زۆر بە بێدەنگ دەکرێن، هەردووکیان سەرەتا بۆ ئەوە نین دونیا پێی بزانێت، واتە تەعبیرن لە بوونی خسوسییەتێکی مرۆڤانەی قووڵ، تەعبیرن لەوەی ئێمە وەک مرۆڤ جیهانی خۆمان و نهێنیی خۆمان و فەزای ڕۆحی و جەستەیی خۆمان هەیە، هەردووکیان گێڕانەوەی ئینسانن بەرەو ئەو فەزا تایبەت و پریڤاتە، هەردووکیشیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دواتر دەرەنجامەکانیان دەردەکەوێت و ئاشکرا دەبێت، هەردووکیشیان دوو ئیشن، کە هەم بە لەش و هەم بە ڕۆح دەکرێن. بە کورتی دروستکردنی کتێبێک وەک دروستکردنی منداڵێک ئەکتێکی ئیرۆتیکییە. ڕۆمان تێکەڵبوونێکی ئیرۆتیکییە لە نێوان حەز و هوشیاریدا، حەزێکی هۆشیارە و هۆشیارییەکی بارکراویشە بە حەز، بەڵام خۆشبەختانە ڕۆماننووس بێئاگا هەردوو دۆخەکە دەژی... دەبێت چەندین ساڵ بەسەر هەموو تێکستێکدا تێبپەڕێت تا نووسەر خۆی بە تەواوەتی تێدەگات بۆچی نووسیوێتی.

***پرسیارەکەی من ئەوە بوو، ئەوکاتەی بڕیارت دا ڕۆمان بنووسیت، هەستت بە قورسیی نووسینی ڕۆمان دەکرد؟ هەستت ئەکرد ئەوە بوارێکە ئازایەتیی دەوێ ئینسان خۆی لێ بدات، ئەگەر بییەوێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێ؟ هەستت دەکرد ئەو بوارە مەعریفە و ژێرخانێکی زۆر قوڵی ڕۆشنبیریی پێویستە، بۆ ئەوەی ببیت بە ڕۆماننووس، وەک چۆن قسەیەک هەیە دەڵێت ڕۆماننووس فەیلەسوفە! ئەوکات هەستت بەو هەموو قورسییەی ئەو بوارە دەکرد؟**

-زۆر هەستم پێی دەکرد، من گەورەبووم کە دەستم بە ڕۆماننووسین کرد، واتە مێژوویەکم لەگەڵ خوێندنەوە و کتێبدا هەبوو، بەڵام لە هەر دۆخێکدا بێت نووسەر دەبێت دەست بکات بە نووسین و دواتر بپرسێت «ئایا دەتوانم بنووسم؟». کە دەستنووسی ڕۆمانی (مەرگی تاقانەی دووەم)م تەواو بوو، باوەڕم بەوە نەبوو وەکو ڕۆمانێکی کامڵ تەماشای بکەم. تا ئەو تێکستەم نەدا بە مامۆستا شێرزاد حەسەن و ئازاد عەبدولواحید و هەندێک برادەری تر و خوێندیانەوە، قەناعەتم وا نەبوو ئەمە ئەو تێکستە بێت، کە دەمەوێت بینووسم. مرۆڤ وەک نووسەرێکی گەنج خەیاڵی گەورەتری هەیە لە توانای خۆی، نەک هەر ئەوە، بەڵکو بۆ تێکستێک دەگەڕێت بەرزتر بێت لە تێکستی شکسپیر و دۆستۆیڤسکی و فۆکنەر... ئەو تەماحە وای دەکرد لە (مەرگی تاقانە) ڕازی نەبم، وەک

ئەوەی سێکس و نووسین پێکەوە کۆدەکاتەوە ئەوەیە هەردووکیان نهێنین، هەردووکیان زۆر بە بێدەنگ دەکرێن، هەردووکیان سەرەتا بۆ ئەوە نین دونیا پێی بزانێت، واتە تەعبیرن لە بوونی خسوسیەتێکی مرۆڤانەی قووڵ، تەعبیرن لەوەی ئێمە وەک مرۆڤ جیهانی خۆمان و نهێنیی خۆمان و فەزای ڕۆحی و جەستەیی خۆمان هەیە




زۆربەی نووسەران، سەرەتا بەدوای نووسینی کتێبێکی جوانەوە نەبووم، بەدوای موعجیزەیەکەوە بووم. مرۆڤ زۆری دەوێت تا قەناعەت بە خۆی دەهێنێت دەبێت کتێب بنووسێت نەوەک موعجیزە بنوێنێت. لە بنەڕەتدا فیکرەی (مەرگی تاقانەی دووەم) لەوە گەورەتر بوو، کە ئێستا ئێوە دەیبینن، واتە من ئەمەم تەنیا وەک فەسڵی یەکەم و دووەمی ڕۆمانێکی گەورە تەماشا دەکرد، بەڵام دواتر بینیم ئەو دوو فەسڵە بۆ خۆیان چیرۆکی سەربەخۆن و جیهانێکی تایبەتییان هەیە، چیرۆکێکە هەموو تایبەتمەندییەکی ڕۆمانێکی بچوکی تێدایە، لێرەوە وەک تێکستێکی سەربەخۆ وەرم گرت و بوو بە تێکستێکی تایبەتی. دوای ئەوەی (مەرگی تاقانەی دووەم)م نووسی، نزیکەی دە ساڵ ڕۆمانی ترم نەنووسی، جگە لە پرۆژەیەکی تری ڕۆماننووسینم لەو بەینەدا، کە وەکو دەستنووس تا ئێستاش ماوەتەوە و چاپ نەبووە و ناشزانم ئاخۆ قەت چاپ دەبێت یان نا، بەڵام تا دەگەینە (ئێوارەی پەروانە) لە ساڵی ١٩٩٨دا، نزیکەی دە ساڵ بوو ڕۆمانێکم تەواو نەکردبوو. لە ناکاو ئێوارەیەکی ساڵی ١٩٩٧ بڕیارم دا چیتر بەدوای موعجیزەدا نەگەڕێم، بە خۆمم گوت کاتی ئەوە هاتووە کتێبێک بنووسم، کتێبێک دونیا سەرەوژێر نەکات، بەڵکو کتێبێک بخوێنرێتەوە و بمێنێتەوە. ئەوە بوو دانیشتم و (ئێوارەی پەروانە)م نووسی. (ئێوارەی پەروانە) نیشانەیەک بوو بۆ ڕزگاربوونی من لە خەون و غروری نووسەرێکی گەنج. پێش ئەوە شیعرم دەنووسی، لێکۆڵینەوەم دەنووسی، کۆڕم سازدەکرد، بەڵام ڕۆمان هەمیشە وەک خەوێکی مەحاڵ دەهاتە پێش چاوم، لە هەموو جێگەیەک خۆمم وەک ڕۆماننووس ناودەنا، بێ ئەوەی شتێکی وەهام کردبێت، ڕۆمانم وەک شتێک سەیردەکرد، کە دەبێت موعجیزەی پێ بسازێنم، لە ڕێگەیەوە بلیمەتییەکی بێ وێنە بنوێنم. ئەم خەونە بێمانایە مایەی ئەوە بوو، ئەوەی لەو دە ساڵەدا نووسیبوم دەری نەخەم، ئەوە بۆخۆی نیشانەی ئەوەیە پرۆسەکە لای من چەند قورس بووە.


***ئەوکاتەی (مەرگی تاقانەی دووەم)ت دا بەو نووسەر و هاوڕێیانەت، چاوەڕێی چ وەڵامێکت لێ دەکردن؟ نەدەترسای وەڵامێکی وات بدەنەوە، کە هەرگیز جارێکی تر بەلای نووسینی ڕۆماندا نەچیتەوە؟**

-لە ڕاستیدا چاوەڕێی ئەو ئیعجابە زۆرە نەبووم، بەتایبەتی لەلایان مامۆستایان شێرزاد حەسەن و ئازاد عەبدولواحیدەوە، کاک ئازاد عەبدولواحید زۆر کەم بە تێکستێکی دەوت باش، ڕەخنەگرێکی سەختگیر بوو، دیدگاهێکی ئەدەبیی ڕوون و تا ئەندازەیەک فۆرمالیستیی هەبوو، هەروەها مامۆستا شێرزادیش ڕۆمانناسێکی باش بوو، ڕۆمانی زۆری خوێندبووەوە، ئەزموونی زۆری لەگەڵ ئەدەبی ئینگلیزیدا هەبوو و لەو ئەدەبەوە کاری وەرگێڕانی دەکرد، ئەویش سەخت بوو ددانی بە کارێکدا بنایە... بە گشتی ئێمە «من و هاوڕێکانیشم» وەک کۆمەڵە گەنجێکی خوێندەوار خۆمان زەحمەت بوو ددانمان بە کارێکدا بنایە، زاڵمانە بە هەق و ناهەق گاڵتەمان بە هەموو ئەدەبیاتی پێش خۆمان دەکرد. لە هەلومەرجی وادا ئاسان نییە غروری خۆت بخەیتە بەر تاقیکردنەوەیەکی قورس و ترسناکەوە، من لەو ماوەیەدا لای هەندێک هاوڕێم گوتبووم کە ڕۆمانێکم نووسیوە... گەرچی مەرگی تاقانەی دووەمم وەک

# مەرگی تاقانەی دووەم نیشانەی عەشق و کینەی منە بۆ شار




کارێکی ناتەواو تەماشا دەکرد، بەڵام نەدەوەستام لەوەی بڵێم «بەڵێ ڕۆمانێکم تەواوکردووە». هەواڵی ئەوەی من ڕۆمانێکم نووسیوە یان دەینووسم، بە جۆرێک لەناو هاوڕێ و ناسیاوانمدا بڵاوبووبووەوە، کە ئیتر نەدەکرا گوێی خۆمی لێ بخەوێنم و خۆمی لێ کەڕبکەم... وابوو ئیتر ڕۆمانەکەم جارێکی تر لەسەر دەفتەرێکی نوێ نووسییەوە و دامە برادەرانم، لە ئەسڵدا مەرگی تاقانە دووەمم لەسەر سنووری ئێران لە گوندێک بە ناوی سیاگوێز نووسی، هەڵبەت گوند نەبوو، هیچ نەبوو، تەواو خاپوور بووبوو، تەنیا دوو ماڵی تێدابوو، من و گۆران باباعەلی و ئاکۆ غەریب و دارا ئارامی نیگارکێش لەوێ لە خانوویەکی کۆندا دەژیاین، پێشتریش لەو خانووەدا لەگەڵ فاروق ڕەفیق ژیابووم، کابرایەکی دوژمنداری گوندەکی ئەو ماڵەی بە قەد بەرزاییەکی سەختەوە دروستکردبوو، گوندەکە تەنیا چارەکێک لە گوندی چەمپاراوی ئێرانەوە دوورە، من (مەرگی تاقانەی دووەم)م لەوێ نووسی... ئێستا هیچ بیرم نییە، چ دەرد و بەدبەختییەک پاڵی بە منەوە ناوە، لەو فەزا ترسناکەی جەنگی عێراق و ئێراندا و لەو شوێنە چۆڵ و ترسناکەی سنوور، کاری وا بنووسم، بەڵام دواجار کە مەرگی تاقانەم خوێندەوە، هەستم بە نۆستالژیایەکی نهێنی کرد، نۆستالژیایەکی ژێرەوانکێ بۆ ژیانی شار، من ئادەمیزادێکی شاریم، فەزای چۆڵەوانی و گوند تەنیا بۆ ماوەیەک دەمبەن، مەرگی تاقانە نیشانەی عەشق و کینەی منە بۆ شار... شوێن لە مەرگی تاقانەدا لە هەر شتێکی تر گرنگترە، ناکرێت لەسەر کاری خۆم زۆر قسە بکەم، بەڵام دەکرێت بڵێم مەرگی تاقانەی دووەم دۆکیۆمێنتە لەسەر کەسێک، کە پەیوەندیی بە شوێنەوە تێکچووە. بەڵام بە گشتی زۆر کەم چاوەڕێی ئەوەم دەکرد ڕۆمانەکەیان بە دڵ بێت، دواتر کە وەڵامەکەیانم وەرگرتەوە، سەیربوو بەلامەوە، بەتایبەت مامۆستا شیرزاد، کە زۆر زۆر سەرسام بوو پێی. مامۆستا لەگەڵ تێکستەکەدا زۆر گریابوو، لە هەندێک چاوپێکەوتنی خۆیدا باسی «مەرگی تاقانەی دووەم»ی کرد... لەوێوە ئیتر شتەکان دەستیان پێ کرد. ڕۆمانی مەرگی تاقانەی دووەم ڕەنگە یەکێک بێت لەو ڕۆمانە کەمانەی دونیا، کە پێش ئەوەی بڵاوبێتەوە، هەم ناوبانگ و هەم نەفرەت بۆ خاوەنەکەی بهێنێت. ئەو سەرەتایە بێ ئاگایی من، بێ ویستی من، بێ ئەوەی من دەستێکم تێیدا هەبێت، هەم دوژمنی بێڕەحم و هەم



سەرەتا بەدوای نووسینی کتێبێکی جوانەوە نەبووم، بەدوای موعجیزەیەکەوە بووم. مرۆڤ زۆری دەوێت تا قەناعەت بە خۆی دەهێنێت دەبێت کتێب بنووسێت نەوەک موعجیزە بنوێنێت



هەواداری دڵسۆزی بۆ دروست کردم.

***وتت پاش یەکەم ئەزموونت، دە ساڵ دوای ئەوە دووەمین ئەزموونی ڕۆماننووسیت تاقیکردەوە و بڵاوت کردەوە، واتە پاش ئەوەی بە باشی لە قورسی و هونەری نووسینی ڕۆمان تێگەیشتیت، ئینجا دەستت دایە دووەمین کار. پاش ئەوەی بەو جۆرە ڕۆمانت ناسی و شتەکان چوونە قۆناغێکی ترەوە، خۆت چۆن سەیری ئەزموونەکەی یەکەمت کرد؟**

- (مەرگی تاقانەی دووەم) بۆ من هەتا ئێستاش یەکێکە لە باشترین کارەکانم لە رووی بونیادەوە، ڕەنگە وەکو شێوازی گێڕانەوە، فراوانکردنی سنووری حیکایەت، کۆنترۆڵکردنی ڕووداو لە ئاستی زەمان و جێگەدا، بیناکرن، کاراکتەر، پلۆت و ئەو شتانەوە، شێوازی من لەو کاتەوە زۆر گەشەی کردبێت یان توانا و نەفەسی ڕۆماننووسینم باشتر بووبێت، دەسەڵاتم بەسەر ئیشکردندا لەسەر زیاد لە خەتێکی گێڕانەوە گەشەی کردبێت، بەڵام وەکو بونیاد و ساختار (مەرگی تاقانەی دووەم) تا ئێستا تۆکمەترین تێکستمە. ئەوەی بتوانیت کۆمەڵێک دەنگی زۆر بێنیت، کە سەر بە ژینگەی جیاواز بن و ئازار و خەمی جیاوازیان هەبێت، بەڵام تێکڕا بەشداربن لە گێڕانەوەی یەک چیرۆکدا، خودی ئەمە تا ئەندازەیەکی زۆر کارێکی سەختە. بۆ من گرنگ بوو دەنگی زۆر بهێنم، کە هەم شتێک لە خسوسییەتی خۆیان دەرخەن و هەم چیرۆکەکەش بە ئەندازەی بەشداریی خۆیان بگێڕنەوە... ئەوە قەت کارێکی ئاسان نەبوو. ئێستاش تا ئەندازەیەکی زۆر، کە سەیری ساختاریی (مەرگی تاقانەی دووەم) دەکەمەوە، پێم سەیرە لەو تەمەنەدا کارێکی وام کردبێت، لە غەزەلنووسدا نەبێت، کە بونیادێکی سەختتر و فرەلۆچتر و بەیەکداچووتری لە «مەرگی تاقانەی دووەم» هەیە. پێکهات و بونیادی ڕۆمانەکانی ترم لە «مەرگی تاقانە» ئاسانترن. تا ئێستا کە زۆربەی خوێنەران لە مەرگی تاقانە تێناگەن، لەبەر ئەوەیە شتێک لە سەر تەکنیک و بونیادی ڕۆمان حاڵی نابن... ئاسانە هەموو خوێنەرێک لەزەت لە دواهەمین هەناری دونیا ببینێت، بەڵام تەنیا ڕۆمانناس و خوێندەواری باش دەتوانێت لەزەت لە مەرگی تاقانەی دووەم ببینێت.



**دایک و باوکی بەختیار عەلی**

***باسی ئەوەت کرد پاش دە ساڵ لە نووسینی (مەرگی تاقانەی دووەم) ئینجا ڕۆمانی (ئێوارەی پەروانە)ت نووسی، ئێستا پازدە ساڵ بەسەر نووسینی (ئێوارەی پەروانە)شدا تێپەڕیوە. لە نێوان ماوەی مەرگی تاقانەی دووەم بۆ ئێوارەی پەروانە، تێڕوانین و بیرکردنەوەت بۆ ڕۆمان زۆر گۆڕا و بە جۆرێکی تر ڕۆمانت دەبینی. ئەی لە نێوان (ئێوارەی پەروانە) و (کەشتیی فریشتەکان)**

# سەرەتا بە دوای نووسینی کتێبێکی جوانەوە نەبووم، بە دوای موعجیزەیەکەوە بووم

**دا، کە تازەترین ڕۆمانتە، چ گۆڕانێک لە تێڕوانینتدا دروست بووە و گەڕانەوەت بۆ (ئێوارەی پەروانە) چۆنە؟**

-لە سەردەمی (مەرگی تاقانەی دووەم)دا زۆر حەزم لە تاقیکردنەوەی فۆرم و ستایلی نوێی ڕۆماننووسین بوو، بەڵام ئێستا و دوای ئەو چەند ساڵە، ئەوەندەی خولیامە جۆرێک لە میعماریی گەورە و فرەدیو و فرەدەنگ دروست بکەم، شتێک لە فۆرمدا خاڵی نەبێت لە شکۆداریی فۆرمی کلاسیک، مەبەستم ئەزموونی فۆرم نییە. لە ڕاستیدا جاران ئەزموونگەراتر بووم لە ئێستا، ئێستا هێندەی دەمەوێت چیرۆکەکان فۆرمی تایبەتی خۆیان دروست بکەن، بەدوای ئەوەوە نیم تەکنیکێکی ئامادە یان سیفاتی زاڵی ڕێبازێکی ئەدەبی لە کاری خۆمدا تاقی بکەمەوە. جاران دەمگوت دەبێت من ڕێبازێک بگرم، دەبێت بە وردی سەر بە قوتابخانەیەکی ئەدەبی بم، بەڵام ئێستا نا، ئێستا خولیای وا بە شێتی دەزانم. لە (مەرگی تاقانە) دا تەکنیک پێش تەواوی ڕەگەزەکانی تر کەوتبوو، بەڵام قسەی وا بۆ «دواهەمین هەناری دونیا» یان «کۆشکی باڵندە غەمگینەکان» دروست نییە... لەماندا تەکنیک گرێدراوی تەواوی چیرۆکەکەیە، لە تەکنیکی تێکستێکی ترەوە وەرنەگیراوە. تەکنیک شتێکە دەکرێت لە مەزهەبێکی ئەدەبییەوە بیخوازین، دەشکرێت تایبەت و خسوسی بێت و تەنیا لە یەک چیرۆکدا بەکاری بهێنین و دواتر هەرگیز دووبارەی نەکەینەوە. ئەگەر ڕاستت بوێت لە (کەشتیی فریشتەکان)دا ڕەنگە نیوکلاسیک نووسیبێتم و کارم کردبێ، ئەمڕۆ بەشی هەرە زۆری ئەدەبی دونیا نیوکلاسیکە. لە نیوکلاسیکدا هەندێک ڕەگەزی کلاسیک بە خسوسییەت و شێوازی خۆمان بەکاردەهێنینەوە. لە ڕۆمانێکی وەک (کەشتیی فریشتەکان)دا بەدوای ئەو ستایلە معمارییەدا وێڵبووم کە دەچێتەوە سەر میعماری کلاسیکە گەورەکان، وەک تۆلستۆی، تۆماس مان، یەشار کەمال. لام وایە یەشاریش لە ڕیزی کلاسیکییە گەورەکاندایە، بەڵام لای من ئەو ستایلە هاوشانی هەوا و نەفەسی واقعییەتی سیحرییە. ئەوەی بتوانین سیحراوی بین، سوریالی بین، فەنتازی بین، بێ ئەوەی دەستبەرداری فەخامەتی کلاسیک بین، ئەوە خەونێکی گەورەی منە. لە نێوانی ئەم چواردە پازدە ساڵەی کۆتاییدا، تێڕوانینە بنچینەییەکانم بۆ ڕۆمان نەگۆڕاون، ئەوەی گۆڕاوە تایبەت بە کۆمەڵێک پرسی دیکەیە: ئایا دەتوانم بە ڕۆمان چی بکەم و چی بگێڕمەوە و لەو ڕێگەیەوە تا چەند دەتوانم بچمە ناو ڕووداوە مێژووییەکان و دەروونی مرۆڤەکانەوە؟ ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارانە گۆڕابێتن، بابەتەکان و غایەتم گۆڕابن ... ئایا چ بابەتێک تێمەی سەرەکیم بێت؟ چ جۆرە مرۆڤێک پاڵەوانم بن؟ ئەمانە گۆڕاون، بەڵام تێڕوانینم بۆ ڕۆمان وەک هونەر نەگۆڕاوە.

***لە کۆی ڕۆمانەکانی تۆدا دوو جۆر تێڕوانین هەیە بۆ ژیان، کە دوو جۆری زۆر دژ بە یەکن و بەردەوام لە ململانێدان، بەشێکیان ئەوانەن دنیا بەرەو کرانەوە و خۆشبەختی و ئازادیی شەخسی دەبەن، بەشەکەی تریان کەسانێکن ڕێک پێچەوانەی ئەوە بیردەکەنەوە و کار دەکەن، واتا لایەنێکیان ئەوانەن هەوڵ بۆ جوانکردنی ژیان و ژیاندۆستی ئەدەن، لایەنەکەی تر پەیامی مەرگ و تاریکییان پێیە.. لە کۆی ڕۆمانەکاندا ئەو لایەنە سەردەکەوێ کە ژیان**



تا ئێستا کە زۆربەی خوێنەران لە مەرگی تاقانە تێناگەن، لەبەر ئەوەیە شتێک لە سەر تەکنیک و بونیادی ڕۆمان حاڵی نابن... ئاسانە هەموو خوێنەرێک لەزەت لە دواهەمین هەناری دونیا ببینێت، بەڵام تەنیا ڕۆماناناس و خوێندەواری باش دەتوانێت لەزەت لە مەرگی تاقانەی دووەم ببینێت



**بەرەو وێرانە دەبات و ژیاندۆستەکان شکست دێنن. ئەمە جۆرێکە لە ڕەشبینیی خۆت بەرامبەر ژیان، یان تەنیا تێڕوانینی کاراکتەرەکانە و لە دەسەڵاتی تۆدا نییە؟**

-من هەرگیز گەشبین نەبووم، لەگەڵ ئەوەشدا ڕەشبینی لای من یەکسان نییە بە مردن و کارنەکردن و بێهیوایی، ڕەشبینین شتێکە و بێهیوایی شتێکی دیکەیە، بێهیوایی بە ئاقاری ئیفلیجیدا دەڕوات، جۆرە لاوازی و بێهێزییەکی شەخسی دروست




دەکات، دۆخێکی دەروونی و سایکۆلۆژییە، بەڵام ڕەشبینین جۆرە تێڕوانینێکی فەلسەفییە بۆ هەموو وجود. ڕەشبینی لای من مۆتیڤێکە بۆ ئەوەی بە قوڵی بیر لە ژیان بکەمەوە، نرخێکی نێگەتیڤی نییە. ڕەشبینی ناتوانێت پاڵەوانەکانم یاخود خودی خۆم وا لێ بکات بکشێمەوە و خاڵی کۆتایی دابنێم. ڕەشبینی لای من خاڵی سەرەتایە، ژیان لە زۆربەی تێکستەکانی مندا بە ڕەشبینی دەست پێ دەکات و تا ئەندازەیەکی زۆر بە ڕەشبینیش کۆتایی دێت. بە گشتی لە ڕۆمانەکانی مندا گەشبینی گەورە بوونی نییە. پێشتریش لە چاوپێکەوتنێکدا باسم کردووە، کاراکتەرەکانم دەزانن لە جەهەننەمدا دەژین، بەڵام هەوڵ دەدەن فێربن چۆن لە جەهەننەمدا بژین.

***مەبەستم ئەوە نییە کاراکتەرەکان گەشبینن، مەبەستم ئەوەیە هەوڵ بۆ ژیانێکی باشتر ئەدەن و ئەیانەوێ دەرچن لەم ژیانە خراپە، بەڵام هەوڵەکەیان شکست دێنێ و ناتوانن ئەو کارە بکەن.**

-ڕاستە.. لەبەر ئەوەی پرۆژەی مرۆڤ و هەوڵی بۆ باشکردنی ژیان بە گشتی شکستی هێناوە. ئەگەر سەیر بکەیت لە ئادەم و حەواوە تا ئەمڕۆ مرۆڤ بە گشتی هەوڵ ئەدات ژیان باشتر و جوانتر بکات و خۆی بەختەوەرتر بکات، بەڵام بەردەوام ئەم پرۆژانە شکست دەهێنن. بەردەوام لە ئادەم و حەواوە تا ئەمڕۆ حوزنێک و شکستێک هاوشانی مرۆڤە و تا ئەم لەحزەیەش لەگەڵ خۆیدا ئەو حوزن و شکستە دەگێڕێت. هیچ مۆدیلێکی سیاسی و شارستانی و هیچ ئایدیایەکی فەلسەفی نەیانتوانیوە مرۆڤ بخەنە سەر شەقامی ئەو بەختیاری و بەهەشتە ونەی ئادەم یادگاری و یادەوەرییەکەی لەگەڵ خۆیدا هێناوەتە ئێرە و بە ئێرس بۆی جێهێشتووین، ئەم دۆخە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە ڕۆمانەکاندا ڕەنگی داوەتەوە.

***ئەم وەڵامەی تۆ دەمانگەیەنێتە ئەوەی، لە کۆی ڕۆمانەکانی تریشتدا، کە دواتر دەیاننووسیت هەمان تێڕوانین و دونیابینی دووبارە ببنەوە و چاوەڕێی**

# ئەو مرۆڤەی بەختەوەریی خۆی بکات بە پێوەر بۆ بەخۆش ناساندنی ژیان، بوونەوەرێکی بیمارە

**هەمان شت بکەین، قەت چاوەڕێی خۆشبەختی و ژیانێکی باشتر نەکەین لە ڕۆمانەکانی تۆدا؟**

-ڕەنگە گۆڕانکاری بەسەر تێڕوانینە بنەڕەتییەکاندا نەیەت، ناکرێت لە دۆزەخێکی وەک ژیاندا مرۆڤێکی تەواو بەختەوەر و خۆشبین بدۆزینەوە. خۆشبەختی پابەندی دۆخی شەخسیی خۆمان نییە. ئەو مرۆڤەی بەختەوەریی خۆی بکات بە پێوەر بۆ بەخۆش ناساندنی ژیان، بوونەوەرێکی بیمارە. جیاوازیی سەرەکیی نێوان مرۆڤەکان لە نێوان پلەی خۆشبەختی و بەدبەختیاندا نییە... ئەوەی مرۆڤ لە مرۆڤ جیادەکاتەوە، شێوەی بەدبەختییەکەیانە... بەدبەختترینیشمان ئەوانەن کە خۆشبەختن، چونکە لە ئێستادا مرۆڤ تەنیا لەسەر فەرامۆشکردنی تراژیدیای گەورەی ژیان دەتوانێت خۆی وەک بەختەوەر پێناسە بکات. ئەگەر پاڵەوانەکانی داهاتووشم لەسەر هەمان هێڵ بڕۆن، گەر تراژیدی و غەمگین بن، ئەوا تاوانێکیان ئەنجام نەداوە، بەڵکو وەکو پاڵەوانی زۆربەی ڕۆمانەکانی دیکەی دونیا، کە زۆربەیان لەسەر هەمان هێڵ ڕۆشتوون، هەقیقەتی بوون و ژیان نیشان دەدەنەوە. بە بڕوای من زۆربەی تێکستە گەورەکانی دونیا تێکستی شکستن... چ شەرمێک لەوەدایە پاڵەوانەکانی من وەک ئۆدیبۆس و هاملێت و کارامازۆفەکان بن... ئەدەب چییە جگە لە مەیدانێک بۆ دەرخستنی جەوهەری تراژیدیی ژیان؟.

***زۆر کەس هەن ڕەخنەی ئەوە لە ئیشی تۆ دەگرن، کە زمانی کاراکتەرەکانت یەک زمانە و زۆربەیان وەک یەک قسەدەکەن و بیرکردنە و مەعریفەیان نزیکە لە یەکەوە، ئەمەش دەکاتە مەعریفە و بیرکردنەوە و**




**زمانی خۆت. واتا لە پشتی هەر کاراکتەرێکتەوە خۆت ئامادەیت و تۆیت قسە ئەکەیت و بیر ئەکەیتەوە و ڕۆڵ ئەبینی نەک کاراکتەرەکان.. ئەم قسەیە تا چەند لەجێی خۆیەتی؟**

-موبالەغەیەکی بێمانایە بڵێن هەموو پاڵەوانەکان وەک یەک قسە دەکەن یان هەموویان ڕۆشنبیرییان وەک یەکە، یان هەموویان بە زمانی نووسەر قسە دەکەن، بەتایبەت زۆرجار بێ هیچ دەلیلێک ئەم قسەیە دەکرێت. گەر بە ئینسافەوە تەماشا بکەن لە (مەرگی تاقانەی دووەم)ـەوە بۆ (کەشتیی فریشتەکان) سەدان پاڵەوانی جیاواز و دەنگی جیاواز قسە دەکەن، گەر هەموویان وەک من بیریان بکردایەوە، نەدەکرا وەفای ڕەفعەت بەگ لە موزەفەری

بە بڕوای من زۆربەی تێکستە گەورەکانی دونیا تێکستی شکستن... چ شەرمێک لەوەدایە پاڵەوانەکانی من وەک ئۆدیبۆس و هاملێت و کارامازۆفەکان بن... ئەدەب چییە جگە لە مەیدانێک بۆ دەرخستنی جەوهەری تراژیدیی ژیان؟




سوبحەدەم، خەندان لە نەغەدە ماردینی، سەوسەن فیکرەت لە ڕێزانی مەلەکبین، جەمشید خان لە مەنگوڕی بابە گەورە یان شێرخان جیابکەینەوە... گەر ئەمانە کۆپی منن، چۆن دەکرێت لە یەکیان جیابکەینەوە، ئەی جیاوازییەکانیان لە کوێوە دێت؟. لە ڕاستیدا هۆی ئەم هەستە ناگەڕێتەوە بۆ ڕۆمانەکانی من، بەڵکو دەگەڕێتەوە بۆ ئەو دونیایەی ئێمە، کە بیرکردنەوەی تێدا نییە، لە دونیای ئێمەدا بیرکردنەوە غائبە، ئەوانەی پێیان دەڵێن ڕۆشنبیران لە هەموو توێژەکانی تر دوورترن لە بیرکردنەوە. لێرەوە هەموو ئەوانەی بیردەکەنەوە هەتا گەر جیاوازیش بیربکەنەوە، هەتا گەر دژ بە یەک بیربکەنەوە، بەرامبەر بەوانەی کە ئەسڵەن بیرناکەنەوە، فەلسەفەیەکی ژیانیان نییە، زمانی قسەیان نییە، لە یەک دەچن. دوو زماندار لە ناو خێڵێکی لاڵ و بێزماندا قسەشیان جیاوازبێت و دوژمنیش بن، هەر لە یەک دەچن. پاڵەوانەکانم لە یەک ناچن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە خەڵکی تر ناچن، مەخلوقاتی بێعەقڵ و بێزمان نین، توانای قسەکردنیان لەسەر خۆیان و دەوروبەریان هەیە، شتێکی هاوبەشیان هەیە، کە لەوانی دی جیایان دەکاتەوە... ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە دەکەن لە نێوان فەلسەفە و ڕوئیادا جیاکارییان بۆ ناکرێت. ئەوانە خەڵکانێکن ناتوانن جیاوازی بکەن لە نێوان گەڕان لە کۆڵانەکانی تێکست و گەڕان لە کۆڵانەکانی گەڕەکی خۆیاندا، بە جۆرێک تووشی بیماریی واقعییەت بوون، بە جۆرێک لە بیمارستانی واقعییەتدا نەخۆشن و کەوتوون، لەوە تێناگەن پاڵەوانی ئەدەب مەحکومە بەوەی ڕوئیای هەبێت، جیهانبینیی هەبێت، دەبێت توانای هەبێت قسە لەسەر ژیانی خۆی بکات. ئەگەر تۆ تەماشا بکەیت ڕوئیای پەروانە لە کوێ و ڕوئیای سەوسەن فکرەت لە کوێ؟ هەردووکیان دوو ئافرەتن لەناو کێشمەکێشی ژیاندان، هەردووکیان دوو ڕوئیای فەلسەفییان هەیە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە فەلسەفییەیان بۆ ژیان زۆر جیاوازە و دوورە لە یەک. سەوسەن فکرەت لە ماڵی خۆی ناچێتە دەرەوە، بەڵام پەروانە لە دەستپێکردنییەوە نیازی تەنیا هەڵاتن و ڕاکردنە لە ماڵ. سەوسەن دەیەوێت جیهان بێنێتە ناو ماڵەکەی خۆیەوە، پەروانە بە پێچەوانەوە دەیەوێت خۆی بەرەو دونیا ڕابکات. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر ئەم جۆرە بەراوردکارانە بکەین لە نێوان پاڵەوانەکاندا، زۆرێک لەو قسانە بە درۆ دەخرێنەوە. پەروانە فەیلەسوف نییە، بەڵام دەزانێت چیی لە ژیان دەوێت. پاڵەوانەکانی من هیچیان نە ڕۆشنبیرن نە فەیلەسوف، بەڵکو بوونەوەری وریان، بوونەوەری بینەرن... بوونەوەرگەلێکن دەتوانن قسە بکەن، ئەوەش لە کولتوورێکدا کە قسەی کوشتووە، قسەی کورتکردووەتەوە بۆ هەندێک کلێشەی ڕووت. دیارە لە جەهلستانێکی وەک واقعی ئێمەدا، ئەمە دەبێتە شتێکی عەجایەب، لە دونیایەکدا زمان تێیدا بەکار نایەت، عاجباتییە پاڵەوانەکانی ئەدەبیش بتوانن زمان بەکاربهێنن. مرۆڤی واقعی لە ئەدەبیشدا دەیەوێت هەمان ئەو جەهل و بێدەنگییە ببینێتەوە، کە لە واقعدا هەیە. پاڵەوانەکانی دۆستۆیڤسکی زۆربەیان ڕوئیای فەلسەفییان بۆ ژیان هەیە و زۆربەشیان بە هەمان زمان قسە دەکەن، ئەوە حاڵی پاڵەوانەکانی شکسپیریشە، بەڵام پاڵەوان تەنیا لە هەڵوێستێک و ڕوئیایەک بۆ ژیان دروست نەبووە، مرۆڤ کورت ناکرێتەوە

# پاڵەوانەکانی من هیچیان نە ڕۆشنبیرن نە فەیلەسوف، بەڵکو بوونەوەری وریان، بوونەوەری بینەرن

بۆ ڕوئیایەک یان جیهانبینییەک، یان هەڵوێستێکی فەلسەفی. ئیشی ڕۆماننووسە خسوسییەت و تایبەتمەندیی مرۆڤەکان بەرجەستە بکات. کێشەکە هیچ کات ئەوە نییە پاڵەوانەکە فەلسەفەی هەیە یاخود نا، بەڵکو ئەوەیە ئاخۆ بوونێکی جیاوازی ئەوتۆی هەیە بکرێت تێکەڵی نەکەین و چیرۆکەکەی لەگەڵ چیرۆکی کەسانی تردا نەئاڵۆزکێنین؟ ئەوەی گرنگە ئەوەیە، ئایا من وەکو نووسەر توانیومە ئەم کاراکتەرە جیابکەمەوە لە کاراکتەرێکی تر؟ کاتێک ئەو قسەیە ڕاستە، کە پاڵەوانەکانی من لە یەک جیانەکرێنەوە، هەموویان فۆتۆکۆپیی نووسخەیەکی یەکەم بن، کە خودی نووسەرە. ئایا مەنگوڕی بابە گەورە، یەکسانە بە ماجیدی گوڵ سۆڵاڤ؟ ئایا محەمەدی دڵشووشە یەکسانە بە هۆشەنگی بولبولیار؟ بێگومان یەکسان نین، چونکە پاڵەوان تەنیا لە جیهانبینییە فەلسەفییەکەی دروست نابێت، بەڵکو لە کۆمەڵێک موفرەداتی تری ژیان و کۆمەڵێک سیفاتی تری کاراکتەر دروست بووە و ئەم سیفاتە گشتییانە پێکڕا دێن وێنەی ئەم بوونەوەرە درووست دەکەن. من نووسەرێک نیم سێ چوار کاراکتەرم درووست کردبێت تا نوسخەیەکی یەکەم و ئۆرگیناڵ هەبێت لەبەری شۆرابێتنەوە. من دەیان کاراکتەری جیاواز لە ڕۆمانەکانمدا هەن، کە هەریەکەیان ژیان و خسوسییەت و فەلسەفەی خۆیان هەیە.

خاڵی دووهەم و هۆی دووهەم، کە ئەم وەهمە هەڵەیەی دروست کردووە، دەگەڕێتەوە بۆ جیابوونەوەی زمانی نووسین لە زمانی قسەکردن. جارێک لە مارکیز دەپرسن بۆچی ڕۆمانەکانی تۆ دیالۆگیان تێدا نییە؟ دەڵێت بەوەدا لە ئیسپانیدا





پاڵەوانەکانم لە یەک ناچن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە خەڵکی تر ناچن، مەخلوقاتی بێعەقڵ و بێزمان نین، توانای قسەکردنیان لەسەر خۆیان و دەوروبەریان هەیە، شتێکی هاوبەشیان هەیە، کە لەوانی دی جیایان دەکاتەوە



زمانی نووسین جیایە لەگەڵ زمانی قسەکردندا، وەختێک پاڵەوانەکان بە زمانی نووسین قسەدەکەن. ئەو زمانە تۆنێکی هاوبەش بەسەریاندا دەسەپێنێت و وادەکات وا دەربکەون وەک لە یەکتری بچن. ئەم کێشەیە ئێستا لە زمانی کوردیشدا سەری هەڵداوە، زمانی نووسین و قسەکردن جیاوازە. لەم چەند ساڵەدا ڕستەسازی و وشە و پێکهاتی تەعبیر لە نێوان نووسین و قسەکردندا تەواو جیابووەتەوە، پاڵەوانەکان کە بە زمانی نووسین قسەدەکەن، تۆنێکی ڕۆشنبیرانە وەردەگرن، کە جیاوازە لەگەڵ زمانی عەوامدا. گەر پاڵەوانەکان بە زمانی قسەکردن بدوێن، تێکستەکە زۆر لە جوانیی خۆی لەدەست دەدات... بۆ هەندێک کاراکتەر و بۆ هەندێک حاڵەت ئەوە پێویستە و من کردوومە، بەڵام من نووسەرێک نیم بمەوێت هەموو پاڵەوانەکانم وەک خەڵکی ناو بازاڕ قسە بکەن، من تەنیا چیرۆک ناگێڕمەوە، ئیشی نووسەرە نەخشەیەک بۆ ڕوئیاکان لە سەردەمی خۆیدا بکێشێت، ئەوەش تەنیا بە زمانی سادە و سواو و بێرۆحی قسەکردنی ڕۆژانە ناکرێت.




ڕۆمانەکانی من بۆیە دەخوێنرێنەوە چونکە ئەو بەرزبوونەوەیەی تێدایە بەسەر ژیانی ڕۆژانەدا، ئەو ڕەهەندەی تێدایە، کە ئەگەر ڕووداوەکانیش سەرەنجمان ڕانەکێشن، دیالۆگ و هەڵوێستە وجودییەکان ڕامان دەگرن. من هەوڵم نەدا وەک مارکیز خۆم لە کێشەکە بدزمەوە بەوەی دیالۆگ لە ئەدەبی خۆم بکەمە دەرێ، پێم وایە دیالۆگ ڕەگەزێکی گەورەی ژیان و ڕۆمانە، دەبوو لەو ڕێگەیەوە بڕۆم، دەبوو لە پێناوی توانای پاڵەوانەکاندا لەسەر بیرکردنەوە و تەعبیر کارێک نەکەم گەمژە و سادە بنوێنن. زمانی نووسین بۆ دیالۆگ کەمێک ئەرستۆکراتی و ڕۆشنفیکرانە دەنوێنێت، وا نیشان دەدات وەک ئەوەی خاوەنەکانیان یەک ڕیشە و یەک تەباریان هەبێت، بەڵام ئەوە ئیفکتێکی کاتییە، بەتایبەت نەخۆشیی واقعییەت وای کردووە هەندێک زمانی سەرجادە بە زمانێکی گونجاو و بەرز بۆ ئەدەبیات لەقەڵەم بدەن... لەو ڕووەوە جۆرێکی تر بیردەکەمەوە، ئەوەی بە کەڵکی بیرکردنەوە نایەت ئەو زمانە جلف و سادە و سواوەیە، ڕەنگە ڕۆمان


# من نووسەرێك نیم بمەوێت هەموو پاڵەوانەكانم وەك خەڵكی ناو بازاڕ قسە بكەن

رۆڵێکی گەورە لەوەدا ببینێت، کە زمانی نووسین باشتر و قایمتر بچەسپێت.. ڕەنگە ماوەیەکی تر ئەو نامۆییە نەمێنێت، بەڵام لە ئێستادا پاڵەوانەکان تەنیا ئەو جۆرە زمانە شک دەبەن کۆمەکیان بکات تەعبیر لە خۆیان بکەن.


***جارێ با هەر لای کاراکتەر بمێنینەوە و دوور نەکەوینەوە لێیان. زۆر جار کە قسە لەسەر کاراکتەرەکانی تۆ دەکرێت، لەبەر ئەوەی هەندێک لەو شوێنانەی لە ڕۆمانەکانتا باسیان دەکەیت، خەڵکانێک پێیان ئاشنان، جاری وا هەیە ئەم ئاشناییە ڕێک دەگوازرێتەوە بۆ کاراکتەرەکانیشت، هەندێک لەو کاراکتەرانە دەشوبهێنرێن بە کاراکتەری واقعی و سیاسیی خۆمان. ئەم بەراورد و لێکدانەوەیە تا چەند لەجێی خۆیەتی و خوێنەر تا چەند پێکاویەتی؟**

-بە دڵنیاییەوە بەشێکە لە فانتازیای خوێنەر، دژی ئەوە نیم خوێنەر فانتازیا بکات و پاڵەوانی ڕۆمانێک بشوبهێنێت بە کاراکتەرێکی واقعی، بەڵام ئەوەی پێت وابێت نووسەر بە ئەنقەست ئەوەی کردووە یاخود من ویستوومە کاراکتەرێک دروست بکەم لە کەسێکی دیاریکراو بچێت، دڵنیابە ئەمە بۆچوونێکی هەڵەیە. هەموو پاڵەوانەکانی من پاڵەوانی فانتازین و هیچیان لە هیچ بوونەوەرێکی واقیعییەوە وەرنەگیراون، ڕەنگە بە شێوەیەکی کەم سیفەتێکی تایبەتییان لە کەسێکدا هەبووبێت و من گواستبێتمەوە بۆ کاراکتەرێک، بەڵام هەرگیز نەمویستووە تەواوی کاراکتەرەکە وەک ئەو کەسە درووست بکەمەوە... شتی وا لە ئەدەبی مندا نییە. هەموو کاراکتەرەکانی من کاراکتەری خەیاڵین و وەزیفەیان لەناو تێکستەکەدا پەیوەندیی بە بوونیانەوە هەیە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو حیکایەتەکەدا. بەڵام خوێنەری ئێمە ئەو ساتانە زیاتر لەزەت لە تێکست دەبینیت، کە مەرجەعێکی لە واقعدا بۆ بدۆزێتەوە، کە بڵێت فڵانە کەس لە فڵانە کاراکتەر دەچێت. بە گشتی رەنگە ئەم رەبتە ئۆتۆماتیکییە بۆ خوێنەری ئەمڕۆ کۆمەکێک بێت، بەڵام خوێنەری سەردەمانێکی تر، کە ئەو کاراکتەرانە ناناسن، یاخود خوێنەری شوێنەکانی تر کاری وەهایان بۆ ناکرێت، بۆ نموونە خەڵکی شارەکانی وەک سنە و دیاربەکر و شوێنە جیاوازەکانی دی، کاتێک ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان) و (ئێوارەی پەروانە) دەخوێننەوە، بە یادەوەرییەکی جیاوازترەوە لە خوێنەرێکی سلێمانی یان کوردستانی باشوور دەیخوێننەوە. ئەو خوێنەرانەی نزیکن لە ژینگەی ژیانی منەوە لە شاری سلێمانی، هەندێک ئاماژە لە ڕۆمانەکاندا دەدۆزنەوە، کە پەیوەندیی بە مێژوو و یادەوەریی شاری سلێمانییەوە هەیە. بەڵام لە بنەڕەتدا من بۆ خوێنەری سلێمانی نانووسم، بەڵکو بۆ ئەوانەش دەنووسم کە سەد ساڵێکی تر لەدایک دەبن و هیچ یەکێک لەم کاراکتەرانە ناناسن، کە لە ئێستادا هەن... نووسەری باش بۆ خوێنەرێکی یونفرسال دەنووسێت، خوێنەرێک سەر بە هیچ زەمەن و هیچ جێگەیەک نەبێت. بە کورتی ئیشی ڕۆماننووس دروستکردنی کاراکتەری خەیاڵییە، نەوەک کاراکتەری واقعی، کاراکتەرێک لە هەموو زەمەنێک و هەموو شوێنێکدا هاوشێوەیەکی هەبێت... هەر وێناکردنێکی دیش بۆ پاڵەوانەکان، جگە لەوە وێناکردنێکی هەڵەیە.

***وتت کە کاراکتەری ڕۆمانەکانت واقیعی نین و دروستکراون، بەڵام هەندێک لە ڕووداوی ناو**



هەموو کاراکتەرەکانی من کاراکتەری خەیاڵین و وەزیفەیان لەناو تێکستەکەدا پەیوەندیی بە بوونیانەوە هەیە لە ڕەوتی ڕووداوەکانی ناو حیکایەتەکەدا. بەڵام خوێنەری ئێمە ئەو ساتانە زیاتر لەزەت لە تێکست دەبینیت، کە مەرجەعێکی لە واقعدا بۆ بدۆزێتەوە، کە بڵێت فڵانە کەس لە فڵانە کاراکتەر دەچێت



**رۆمانەکانت هەن بەشێکن لە مێژووی ئەم چەند ساڵەی خۆمان و دەناسرێنەوە. ئەم لێکدانەوەیەی خوێنەر هۆکارەکەی بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە، کە تۆ لەم مێژووەوە واقعەدا کار دەکەیت؟**

–ئەگەر تەماشای مێژووی ئیشکردنی من بکەیت لەناو ئەدەبدا، دەبینیت مێژووی هاچەرخە. من یەکێکم لەو نووسەرە کەمانەی لەسەر مێژووی هاوچەرخ ئیش دەکەم. زۆر بە کەمی نووسەر دەبینی لەسەر مێژووی سەردەمی ژیانی خۆی بنووسێت، جونکە ئەمە لە زۆر رووەوە کارێکی سەختە، لەبەر ئەوەی تووشی کێشەی گەورەت دەکات. یەکێک لەو کێشانەی لە باسکردنی سەردەمی خۆتدا دێتە رێت ئەوەیە، کە پانتایی فانتازیاکردن کەمە، واتا ئەگەر حیکایەتەکەم بگەڕێتەوە بۆ دووسەد ساڵ لەمەوبەر، توانام لەسەر خەیاڵ و فانتازیا ئازادتر دەبێت، بەڵام چونکە زۆربەی رووداوەکانی رۆمانی من لە ساڵانی شەستەوە تا ئەم ساڵانەی دواییە، ئەوە بوار بە هەموو جۆرێکی فەنتازیا نادات. لێرەدا مەحکومم بە پاراستنی چوارچێوەیەکی تەسەوریی تایبەت لای خوێنەر. من واقعی نیم، بەڵام فەنتازیاکانم ڕیشەی مێژوویی و هەقیقییان هەیە، واقعی نەبوون مانای ئەوە نییە، کە بوونەوەرێک لە دەرەوەی مێژوو و لە دەرەوەی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی دروست بکەم. واقعی نەبوون مانای ئەوە نییە پەیوەندیی تێکست و واقع بپچڕێت، بەڵکو ئەوەیە ئەو پەیوەندییە بچێتە ئاستێکی میتافۆریی ناڕاستەوخۆوە، زمانێکی ڕەمزی و تەعبیری جێگەی ئەمانەتی دەقاودەق بۆ واقع بگرێتەوە. واقع لێرەدا ئەو ژینگە دەرەکییە، ڕۆژانە، مەترپالییە نییە، کە وەک قەڵغانێکی ئاسنین و کوشندە دەوری داوین، بەڵکو ژینگەیەکی سەمبولی، تەجریبی، میتافۆرییە، بە کورتی کایەیەکی مەجازییە بۆ پاڵەوانەکان تا بتوانن خۆیان ببینن، واقع لێرەدا ئاوێنەیەکە بۆ ئەوە دانەنراوە، واقعی تێدا تەماشا بکەین، ئاوێنەیەکە کە دەچینە بەردەمی تەماشای خودی ئاوێنەکە ناکەین، بەڵکو تەماشای خودی خۆمان لە ئاوێنەکەدا دەکەین... واتە واقع بۆیە لێرەیە تا پاڵەوانەکان خۆیان ببینن. ئەنفال لە پێناوی ئەنفالدا لەوێکانە نییە، بەڵکو لە پێناوی جەلادەتی کۆتردا لەوێیە، مەبەست ئەوەیە بزانم لە فەزایەکی وا تراژیدی و سەمبولیکدا جەلادەت چۆن ڕەفتار دەکات. کۆڕەوەکە لە پێناوی وێناکردنی تراژیدیای نەتەوەیی ئێمە لە دواهەمین هەناردا ناخزێتە سەر سەحنە، بەڵکو لە پێناوی بینینی هەرچی وردتری سەریاسەکان و پاڵەوانەکانی دیدا دێتە سەر تەختی نمایش. مێژوو لە پێناوی مانا مێژووییەکەی خۆیدا بۆ من بایەخێکی نییە، بەڵکو لە پێناوی تێگەیشتن لە پاڵەوانەکاندا دەردەکەوێتەوە، مێژوو ئەو حەوزی مەلەیەیە کە ماسییەکانی تێدایە، ڕۆمانیش چیرۆکی ماسییەکانە، نەوەک چیرۆکی حەوزی مەللەکە بێت. هەموو پاڵەوانێک پێویستی بە ژینگەیەکی کۆمەڵایەتیی سیاسیی مێژوویی دیاریکراو هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو واقیعەم تیکەڵ بە فانتازیا و دەستکاریکردنێکی زۆر کردووە. مێژوو حەتمییە لە ناو رۆماندا، جا ئەگەر واقیعی رەخنەیی یان سۆسیالستی یان سیحری بێت، تەنانەت ئەو ئەدەبانەی زۆر لەسەر مەنەلۆگ و ناوەوەی ئینسان کار دەکەن، ئاماژەیان تێدایە بۆ ژینگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی، بەڵام ئەو ئاماژەیە کاتێک نرخی هەیە، کە قووڵ بە ژینگەی ناوەوەی پاڵەوانەکەوە بنووسێت،

# مێژوو کاتێک لەناو تێکستدا مانای هەیە، کە بەشێک بێت لە مێژووی شەخسیی پاڵەوانەکە

بۆ نموونە ئەگەر لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا تەماشای ئەو دیمەنە بکەیت، کە سەوسەن دەچێتە ناو ئەمنە سوورەکەوە و شەوێک تێیدا دەخەوێت، ئەمە وێستگەیەکی گرنگە لە ژیانی سەوسەندا، ئەم دیمەنە بۆ باسی ڕاپەڕین نەهاتووە، بەڵکو بۆ باسی سەوسەن هاتووە. بە بڕوای من مێژوو کاتێک لەناو تێکستدا مانای هەیە، کە بەشێک بێت لە مێژووی شەخسیی پاڵەوانەکە، ئەگەر مێژوویەک بێت گرێنەدرێتەوە بە ژیانی پاڵەوانەکەوە، دەبێتە کارێکی دۆکیۆمێنتاریی بێبەها... بە کارێکی واقعیی قێزەوەن، بە دەقێک کە لە نەخۆشخانەی واقعییەتەوە هاتووەتە دەرێ.

***بۆچی کارکردنەکان تەنها لە مێژووی هاوچەرخدان و مێژووی کۆن نەبووەتە بەشێک لە ئەزموونی کارکردنی تۆ؟ ئەمە بڕیارە یان حەزە؟**

-نازانم لەوانەیە تەنیا لەو دونیایەدا بتوانم وەڵامی ئەم پرسیارەت بە ڕوونی بدەمەوە، ئەوە گەر لەوێ یەکمان بینی.

من کەسێکی زۆر نامۆم بە زۆربەی شتەکان، بە زۆربەی کەسەکان، ڕەنگە بمەوێت لە ڕێگەی ئیشکردنی بەردەوامەوە لەسەر واقعی هەنوکەیی، بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو نامۆییە بشکێنم، بۆ خۆمی بسەلمێنم بەشێکم لە سەردەمێک، بەشێکم لە خەڵکانێک... بەڵام بڕیاری کۆتاییم نەداوە، مەرج نییە تا مردن هەر لەسەر ئەم شوێنە و ئەم کاتە بنووسم. شوێنکاتێک چ لای خۆم و چ لای پاڵەوانەکان وەک قەفەزێکی ئاسنین و سەختە. هەموو ئەو تێکستانەی تا ئێستا لە خەیاڵمدا بوون و نووسیومن هەم پەیوەندییان بە مێژووی ئێرەوە بووە و هەم بە ژینگەی ئێرەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان شەڕی



بەختیار عەلی

شەخسیی خۆم بوون لەگەڵ مێژوویەکی ڕەشدا. ئەوەی لە بەرنامەمدا بێت تا کۆتایی بەم جۆرە بنووسم، شتی وانییە. هەندێک بیرۆکەی ڕۆمانی مێژوویی لە مێشکدایە، کە ڕەنگە پاڵەوانەکانی ئەسڵەن کوردیش نەبن و ژینگەی ڕووداوەکانیش کوردستان نەبێت، دوورنییە ژینگەی کۆمەڵایەتیی تر بێت، ڕەنگە بەشەکانی تری کوردستان بێت. زۆر تێکستم لە خەیاڵدان، کە لە داهاتوودا لەوانەیە بییان نووسم، نازانم لەوانەیە قەت فریاش نەکەوم، کێ چوزانێت... سەرەتا دەمگوت تا تەمەنی پەنجا ساڵی دوو ڕۆمانم هەبێت بەوە بەختێکی باشم بووە. من لەو نووسەرانە نیم کە چاوەڕوانیی زۆریان لە خۆیان هەیە، ئومێدم بە نووسین نییە، بۆیە

هەموو ئەو تێکستانەی تا ئێستا لە خەیاڵمدا بوون و نووسیومن هەم پەیوەندییان بە مێژووی ئێرەوە بووە و هەم بە ژینگەی ئێرەوە، بە جۆرێک لە جۆرەکان شەڕی شەخسیی خۆم بوون لەگەڵ مێژوویەکی ڕەشدا.



دەتوانم زۆر ورد و بێباک و پڕ تاقەت بنووسم. وەک منداڵێک یاریی بە لم بکات و هیچ کات وەڕز نەبێت. ڕۆماننووسین تاکە گەمەیەکی جوانە مرۆڤ بۆ پیریی خۆی هەڵی بژێرێت.. من پڕۆژەم لەوە زۆرترە بشێت لە یەک ژیاندا هەموویان تەواوبکەم، گەر لەو دونیا مرۆڤ دەرفەتی هەبوو، دەمەوێت لەوێش ببمەوە بە ڕۆماننووس. لەوێ مرۆڤ کاتێکی زۆری دەبێت... ئەبەدییەت بەسەرماندا دەسەپێنێت هەموو ببینە رۆماننووس... هیچ شتێک وەک کاتی زۆر بۆ رۆماننووس پێویست نییە... کاتێکی زۆر بە بەرتەقای ئەبەدییەت.

***دەمەوێت لەسەر شیعرییەتی زمانی رۆمانەکانت قسە بکەین، تۆ هەست ناکەیت ئەم شیعرییەتە زیانی لە رۆمانەکانت دابێت، بە تایبەت لە بواری وەرگێراندا، هەروەها ئەو جۆرە لە شیعرییەت نووسەر ناچار دەکات تا ڕاددەیەک درێژتر بنووسێت و جاری واهەیە وەسفی زیاد بڵێ، کە ئەو جۆرە کارکردنە لە ئەدەبیاتی ئێستای دونیادا زۆر مەرغوب نییە.. ئەمە خراپ نین بۆ کارکانت؟**

-هەڵبەت تا زمانی تێکست لە زمانی ئەسڵیدا سەخت بێت وەرگێڕانیشی سەختترە، بەڵام زمانی شیعری لە هەندێک تێکستی مندا بەشێکی گرنگی بونیادی تێکستەکەیە، هۆی سەرەکی کە رۆمانەکانی من باش دەخوێنرێنەوە، تەنها ئەوە نییە ئاماژە بە رووداوی واقیعی دەکەن یان کاراکتەری تایبەتیان تێدایە، بەشێکیشی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی زمانێکی شیعرییان هەیە. پێم وایە لابردنی ئەم زمانە زیانێکی گەورە لە پێکهاتەی رۆمانەکە یان لە سروشتی گەیاندن و شێوەی ئەو پردە دەدات، کە من لە بنەڕەتدا لەگەڵ خوێنەردا دروستم کردووە. زمانی شیعری لە ئێوارەی پەروانەوە تا ئێستا زۆر لە ئایدیا و ئەفکارەکانی منی ڕۆشنتر و جوانتر پەڕاندووەتەوە بۆ خوێنەر، ئاسان نییە دەستبەرداری بم. شاعیرییەتی زمان لە نووسیندا بەشێکی تەواوکارە بۆ شاعیرییەتی بیرکردنەوە و شاعیرییەتی تێڕوانین.

***ئەوەی تۆ باسی دەکەیت بۆ خوێنەری کوردە، من زیاتر مەبەستم وەرگێڕان و خوێنەری بیانی بوو.. مەبەستم ئەوەیە ئەگەر رۆمانەکانت وەربگێڕدرێن، حەتمەن ئەم زمانە وەک خۆی ناتوانرێ بگوێزرێتەوە، ئەمە زیان لە رۆمانەکانت نادات و ئەو کات خوێنەری غەیرە کورد ئەتوانێ هەمان چێژ لە کارەکان ببینێ؟**


-من لە سەرەتادا هەرگیز بیرم لە وەرگێڕان نەدەکردەوە، تەنها رۆمانێک کەمێک بیرم لە وەرگێڕانی کردبێتەوە (جەمشید خانی مامم) بوو. ئەو رۆمانە تێکستێکی کورتە، زمانێکی سادەی هەیە، ئەوەش وا دەکات بۆ وەرگێڕان ئاسان بێت، جەمشید خان خاڵییە لەو نەفەسە شیعرییەی لە غەزەلنووسدا هەیە و خاڵییە لەو قورسایی و بارگە فکرییەش کە رۆمانەکانی تریان داگیرکردووە. ئەوە یەکەم رۆمانێکی منە کە رەنگە کارئاسانییەکی زۆری بۆ وەرگێڕەکان تێدا کرابێت، بەڵام بە گشتی من ئەو شتانە بە دەستی ئەنقەست ناکەم، هەموو نووسەرێک تێکستی هەیە ڕەنگە ساناتر لە تێکستەکانی دیکەی وەربگێڕدرێت. هەست دەکەم ئەگەر بیر لەوە بکەمەوە رۆمانەکانم جۆرێک بنووسم بۆ وەرگێران ئاسانبن، زۆر لە جوانیی تێکستەکە دەمرێت. خۆت دەزانیت بەشێکی زۆری نووسین ئەو لەزەتەیە کە لە کاتی نووسیندا هەستی پێدەکەیت.

## ئەوەی دەبێت خەونی پێوە ببینین، وەرگێڕی باشە نەك وا لە تێکستەکە بکەین بە کەڵکی وەرگێڕی خراپ بێت

زۆر گرنگە خۆت چێژ لە نووسینی خۆت ببینی و هەست بکەیت شتێک هەیە ناتوەستێنێت، هەست بکەیت ئازادیت لە هەڵڕشتنی خەیاڵ و خۆدانە دەست زماندا، دەبێت لێگەڕێی تێکستەکە بەو جۆرە ئاراستە وەرگرێت، کە خۆی دەیەوێت. ئەگەر زۆر جار بیر لەوە بکەمەوە و بڵێم ئەم زمانە شیعرییەی لێرەدا هەیە ئایا وەرگێڕ دەرەقەتی دێت یان نا؟ جۆرە تێڕوانینی وەها زۆر زیانی گەورە بە نووسین دەگەیەنێت. ئەوەی دەبێت خەونی پێوە ببینین، وەرگێڕی باشە نەک وا لە تێکستەکە بکەین بە کەڵکی وەرگێڕی خراپ بێت.

***مەبەستم ئەوەیە ئەم حاڵەتە زیانی داوە لە شتێکی تر، بۆ نموونە ئەگەر میوانێک رووبکاتە ئەم وڵاتە و باس لە رۆمان بکەین، یەکسەر دەڵێین رۆمانەکانی (بەختیار عەلی)، بەڵام کە تۆ بەو شێوەیە بنووسیت و نەتوانرێت ئەو هێزی زمان و لەززەتە بۆ خوێنەری بیانی بگوێزرێتەوە، ناتوانین قسەکەی خۆمان وەک ئەوەی هەیە بیگەیەنین و بەس تەنها بۆ ئێمەی خوێنەری کورد رۆمانەکان ئەو هێز و چێژەیان دەبێ.**

-کێشەکە لە وەرگێرانەوەیە نەوەک لە نووسین، لە دنیادا زۆر نووسەر هەن بوونە قوربانیی وەرگێڕان. مالارمێ نووسەرێکی گەورەبوو، بەڵام من یەکێکم لەوانەی شیعری مالارمێم کەم خوێندووەتەوە، چونکە وەرنەگێڕدراوە بۆ ئەو زمانانەی دەیانزانم. هەندێک تەرجەمەی زۆر لاوازی بۆ عەرەبی هەیە، بە ئەڵمانیش گەیاندنی ناوەرۆکی تێکست و مۆسیقای شیعریی تێکستەکان زەحمەتە، لە عەرەبەکانیشدا سەلیم بەرەکات نووسەرێکی گەورەیە، بەڵام چونکە خاوەنی ئەو زمانە قورسەیە، بووەتە هۆی ئەوەی بۆ زمانەکانی تر تەرجەمە نەکرێت، کاتێک تەرجەمەش دەکرێت ئەو جوانکارییە نادۆزرێتەوە کە لە تێکستە ئەسڵییەکەدا هەیە، لەبەر ئەوە بە درێژایی مێژووی ئەدەب کۆمەڵێک نووسەر هەن دەبن بە قوربانیی ئەو زمانەی پێی دەنووسن. وەک چۆن هەندێک نووسەری سادەش زۆر سوود لە ئاسانیی زمانەکەیان دەبینن بۆ وەدەستخستنی ناوبانگێکی زۆر، کە زۆرجار شایستەی نین، بە بڕوای من پاولۆ کولیۆ یەکێکە لەوانە. لە ئەدەبیاتی ئەڵمانیا پۆڵ سیلان شاعیرێکی زۆر گەورەترە لە برێخت، بەڵام وەرگێڕانی شیعری ئەم شاعیرە بۆ زمانەکانی تر نامومکینە و تەرجومە ناکرێت، لەکاتێکدا شیعری برێخت سادە و سووکەدەستە... بە کورتی ئەم دیاردەیە دیاردەیەکی جیهانییە، تا




به درێژایی مێژووی ئەدەب کۆمەڵێک نووسەر هەن دەبن بە قوربانیی ئەو زمانەی پێی دەنووسن. وەک چۆن هەندێک نووسەری سادەش زۆر سوود لە ئاسانیی زمانەکەیان دەبینن بۆ وەدەستخستنی ناوبانگێکی زۆر، کە زۆرجار شایستەی نین، بە بڕوای من پاولۆ کولیۆ یەکێکە لەوانە



مرۆڤەکانیش زیاتر روو لە ئەدەبیاتی سادە بکەن گرفتەکە قووڵتر دەبێتەوە. بە گشتی خوێنەری ئەم سەردەمە حەزی لە ئەدەبێکی سادەیە بە هەندێک هەوا و نەفەسی شاعیری و سیحرییەوە، ئەوە کاری ئەدەبیاتی جیدی زۆر قورستر دەکات.

***تۆ قبوڵتە و لات ئاساییە هەر بەو زمانە شیعرییە بنووسیت و لە ئەنجامدا ببیتە یەکێک لە قوربانییەکان؟**

–وەک وتم زۆر بە کەمی بیر لە پرۆسەی وەرگێڕان دەکەمەوە، بەڵام راشم وایە دیوێک هەیە لە تێکستی مندا قابیلی وەرگێڕانە، ئەویش هەم دیوە فکری و هەم ڕەهەندە حیکایەت ئامێزەکەیەتی، کە تەژییە بە کاراکتەر و رووداو. ئەم دیوە قابیلی وەرگێڕانە، رەنگە تەرجەمەی شیعرەکانم سەخت بێت، بەڵام رۆمانەکانم سەرباری ئەوەی قورسن، بەڵام ئەستەم نین. تەرجەمە کردنی سەلیم بەرەکات بۆ هەر زمانێکی تر بە سەخت دەزانم، بەڵام تیکستەکانی من لەو ئاستە سەختەدا نین کە گەیاندن و وەرگێڕانی مەحاڵ بێت. ئەگەر لە تێکستەکانمدا رەهەندێکی ئاسان نەبوایە زۆر زەحمەت بوو لەناو خەڵکی سادەدا بخوێنرابایەتەوە. بۆیە کێشەکە لە بنەڕەتدا ئەوەیە کە کورد وەرگێڕی کەمە.

***هەندێک لە کارەکانت وەرگێڕدراونەتە سەر چەند زمانێک، خۆت تا چەند لەو وەرگێڕانانە رازییت و تا چەند توانراوە بە شێوەیەکی باش و سەرکەوتوو بگەنە ئەو زمانەی بۆیان وەرگێڕدراوە؟**

–ئەوەی کە تائێستا چاپ بووە وەرگێڕانی رۆمانەکانە بۆ فارسی. من وەرگێڕانەکانم نەخوێندووەتەوە، خۆم رای جیاواز لەسەریان دەبیستم، هەندێک پێیان باشە و هەندێک خراپ. شاری مۆسیقارە سپییەکان کە کراوە بە فارسی، هەر وەک کتێب نەمدیوە، دواهەمین هەناری دونیاش هەروەها. واتە هەتا وەک کتێبیش نەمگرتوون بەدەستمەوە. زۆر لە وەرگێڕەکان پرسیان پێ نەکردووم کە بڵاویان کردووەتەوە تاکو بتوانم هەڵسەنگاندنیان بۆ بکەم و بزانم چۆن کراون.

***لە شوێنێک ئاماژەت بۆ خوێنەر کرد و باست لەوە کرد کە رۆمانەکانت لە هەموو ئاستەکاندا خوێنەریان هەیە، بەڵام لەناو خودی خوێنەرەکانتا بۆچوون و خوێندنەوەی جیاواز و دوور لە یەک هەیە، هەندێکیان پێیان وایە کارەکانت لە ئاستی رۆمانە گەورەکانی دنیادایە و جاری وا هەیە دەگوترێ بەختیار عەلی شایستەی خەڵاتی نۆبڵە، هەندێکی تر پێیان وایە رۆمانەکانت تەنانەت شایەنی خوێندنەوەش نین و ئەوە ناهێنن خوێنەر کاتی خۆیان پێوە بکوژێ!. تۆ خۆت لە نێوان ئەم دوو بۆچوونەدا رات چییە و چی دەڵێیت؟**

–هەموو تێکستێک جۆرێک خۆشەویستی و نەیاریش درووست دەکات. بە رای من هەق نییە بە هیچ تێکستێک بوترێت شایەنی خوێندنەوە نییە، تەنیا ڕەخنەگری زۆر ئەحمەق ئەو مافە بەخۆی دەدات بۆ هەمووان بڕیاربدات. تێکستی بێبایەخ یان مرۆڤ باسی ناکات یان بە خوێنەر دەڵێت برۆ بیخوێنەوە و زانیاری و زەوقی خۆت بکەرە پێوەر، لەوە دەرچوو مرۆڤ دەبێت قسەی زۆر جیدیی هەبێت بۆ رەتکردنەوە و قەبووڵکردنی تێکستێک. پرسیارەکە لای من ئەوە نییە ئەگەر تەرجومە بکرێم بۆ رۆژئاوا چەند ناوبانگ پەیدا دەکەم و چەند خەڵات وەردەگرم، یان لەمرۆدا ژمارەی دۆست و نەیارەکانم چەندن. خەڵکێک هەیە شکسپیر و دۆستۆیڤسکی بە نووسەر


# کتێب هێزێك و سیحرێکی هەیە هەم لە دیوارەکانی جەهل و هەم لە بەربەستەکانی شەڕانگێزی بەهێزترە

نازانن. خۆت دەزانیت من چەندە رۆماننووسم، هێندەش باسکار و ڕامێنی ئەدەبیاتم، چەندەم تێکستی ئەدەبی نووسی بێت، هێندەش تێڕامانی تیۆریم بۆ ئەدەبیات بووە، بە کورتی من خۆم خوێنەرم بەر لەوەی نووسەر بم. هیچ نووسەرێک لە سات و سەردەمی خۆیدا بە دروستی هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت، هەڵبەت ناوبانگ لە سەردەمی خۆتدا گرنگە، بەڵام ناوبانگ شەهادەیەکی ئەدەبی نییە. ئێمە ئەمرۆ نووسەرمان هەیە زۆر بەناوبانگە، بەڵام ئەدەبیاتەکەی شتێکی بێمانا و سەتحی و هوتاڤییە. شەڕی گەورەی تێکست لەگەڵ یار و نەیارانی ئێستادا نییە، بەڵکو بە دیوێک لەگەڵ مێژووی ئەو جنسەدایە کە تیایدا دەنووسین، بە دیوێکی تریشدا لەگەڵ داهاتوودایە.

من کوڕی کۆمەڵگەیەکی دواکەوتووم، لە شارێکدا لەدایکبووم لە بێبایەخترین و پەراوێزترین شارەکانی دونیا، لە نەتەوەیەکدا کە تیراژی کتێب زۆربەی کات لە پێنجسەد نوسخە تێناپەڕێت، لەو پێنجسەد نوسخەیە سەدی ناخوێندرێتەوە، لەو سەدە پەنجای خوێنەر تێی ناگات، لەو پەنجایە دەی تەنها توانای دروستکردنی ڕای خۆی هەیە، لەو دەیەش رەنگە هیچیان نەتوانن بە نووسین بۆچوونی خۆیان دابڕێژن، ئێمە لە فەزایەکی وەهادا ئیشدەکەین، بۆیە لە جێگەیەکی وەهادا چاوەڕوانی ئەوە نیم کە هەمووان تێم بگەن، هەمووان ستاتیکا و مانا و دەلالاتی پشت تێکستەکانم بخوێننەوە. نووسەر بەر لە هەر شت دەبێت بزانێت لە کوێدا دەنووسێت، لە چ کۆمەڵگەیەکدا. جگە لەوە کۆمەڵگەی ئێمە لە پاڵ نەخوێندەواریدا، کۆمەڵگەیەکی شەڕانگێزە، نیوسەدە جەنگی بەردەوام، مۆراڵی ئینسانی ئێمەی وێرانکردووە، نیو سەدەیە ئایدۆلۆژیا دینی و ناسیونالی و مارکسییەکان شەڕانگێزییەتی ئایدیۆلۆژی و ئەخلاقی دروست دەکەن، عەقڵییەتی میکانیکی و تەسک دروست دەکەن، مرۆڤێک دروست دەکەن پڕە لە حوکمی پێشوەخت، ئینسانێک تەنیا بە هەڵچوونە عاتیفییە خێراکانی بڕیار دەدات.




من بە موعجیزەی دەزانم کە کتێبێکم دەبینم لە ماوەی پێنج شەش ساڵدا بیست هەزار نووسخەی لێ دەخوێنرێتەوە. چۆن هەندێک کتێب دزە دەکەنە ناو ئەو قەڵا ترسناکەی شەڕانگێزی و جەهلەوە، ئەوە بۆ خۆی شتێکی گەلەک سەرنجڕاکێش و سەرسوڕهێنە. کتێب هێزێک و سیحرێکی هەیە هەم لە دیوارەکانی جەهل و هەم لە بەربەستەکانی




هیچ نووسەرێک لە سات و سەردەمی خۆیدا بە دروستی هەڵسەنگاندنی بۆ ناکرێت، هەڵبەت ناوبانگ لە سەردەمی خۆتدا گرنگە، بەڵام ناوبانگ شەهادەیەکی ئەدەبی نییە. ئێمە ئەمرۆ نووسەرمان هەیە زۆر بەناوبانگە، بەڵام ئەدەبیاتەکەی شتێکی بێمانا و سەتحی و هوتاڤییە



شەڕانگێزی بەهێزترە. کتێب ئەو هێزە لە کوێوە دەهێنێت؟ نازانم! هێندە هەیە دەزانم موعجیزەیەکی بێوێنەیە کە دەبینم کتێبی باش دەتوانێت بە ئەندازەی هێزی جەهل بەهێزبێت و بیشکێنێت و بڕوات و بژی و بمێنێتەوە. هیچ موعجیزەیەک لەوە گەورەتر نییە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و شەڕانگێزی وەک ئێمەدا کتێبێک بتوانێت بژی... ئەوە لای من هەمیشە موعجیزەی موعجیزەکان، شای موعجیزەکان بووە. لەوە بترازێت زەمەن حاکمی مەتڵەقە بەسەر مان و نەمانی ئەدەبیاتەوە. زەمەن، کتێب لە پیاهەڵدانی درۆزنان و شێواندنی بوغزنان دەپارێزێت. زەمەن، بڕیار لەسەر نەمری دەدات، نەک من و تۆ. جەلالەدینی ڕۆمی لە سەردەمی خۆیدا ڕەنگە ژمارەیەکی زۆر کەم خەڵک ناسیبێتیان، بەڵام دوای سەدان ساڵ دەبێتە یەکێک لە شاعیرە زۆر خوێنراوەکانی دونیا، بەتایبەت لەسەر ئاستی زمانی ئینگلیزی. ئەوەی لای من گرنگە و دەمەوێت پێی بگەم، ئەوەیە تێکستەکانم لە پاشەڕۆژدا بخوێنرێنەوە، ئەو نەوەیەی لە دوای ئێمەوە دێن بیانخوێننەوە و مانایان تێدا بدۆزنەوە، کتێبێک بن بۆ پاشەڕۆژیش. کتێب کاتێک دەبێتە نەمر، کە شتێکی تێدا بێت سەردەمەکانی تر نەتوانن بازی بەسەردا بدەن، بۆ نموونە هاملێت بۆ من هاوچەرخە، لە زۆربەی پاڵەوانەکانی ئەدەبی کوردی هاوچەرخترە. ئارەزووی گەورەی من ئیشکردنە بۆ پاشەڕۆژ، نەک بۆ شورەتی ئەمڕۆ. ئەوەش پرسیارێکە من لە تەمەنی خۆمدا وەڵامەکەی نابینمەوە. تراژیدیای نووسین ئەوەیە، وەختێک دەسکەوتە گەورەکانی دێنە پێشەوە، ئەو کات تۆ لەوێ نیت. نە هۆمیرۆس، نە سۆفۆکلیس، نە سێرڤانتس، نە شکسپیر... خۆیان نەیانزانیوە چەند نەمرن، بەڵام ئەمڕۆ ئێمە دەزانین. هەم نەفرەتی زۆر و هەم ستایش و چەپڵەی بێ ئەساس نووسەر دروست ناکەن، بۆیە کەم تا زۆر ئەو جۆرە دابەشبوونەم زۆر بۆ گرنگ نییە، کە یەکێک دەبینم قسە لەسەر تێکستێکم دەکات، بەر لەوەی بیر لەوە بکەمەوە چی لەسەر من یان تێکستە دەڵێت، سەیری ڕۆشنبیریی دەکەم، لەو پاشخانە فەرهەنگییە دەڕوانم، کە لە پشت قسەکانەوەیە... ئەوە گرنگ نییە چی دەڵێت، ئەوە گرنگە لەسەر چ خەزینێکی مەعریفی و ستاتیکی ئەم بۆچوونەی دروست کردووە. کتێب وەک خواردن و خواردنەوە نییە بتوانێت لەسەر خوان دابنیشیت و بڵێیت بە دڵم بوو یان بە دڵم نەبوو. بۆ ئەوەی کتێبێکت بە دڵ بێت یان بە دڵت نەبێت، پێویستت بە ئەزموونێکی فیکری و ڕۆشنبیریی زۆر هەیە. من تا ئێستا زۆر بە زەحمەت دەوێرم بە ڕەهایی بڵێم کتێبێکم بە دڵە یان نا... دەخوێنمەوە و هەوڵ دەدەم لێوەی فێربم، بەڵام ئەوەی بخوێنمەوە بۆ ئەوەی حوکم دەربکەم، ئەوە نا.. ئەوە ڕەنگە ئەزموونێکی گەورەتری لە ئەزموونی من پێویست بێت. زۆرجار هەست دەکەم ئێمە خوێنەرمان نییە، بەڵکو حاکم و قازی و دادوەری تەفتیشمان هەیە، داوەرێکی نەخۆش، کە زۆربەی گرێ دەروونی و نەخۆشییە شەخسییەکانی خۆی دەخاتە ناو خوێندنەوەوە، خوێندنەوەی کردووە بە جێگەی بەتاڵکردنەوەی کینەی خۆی بەسەر ژیان و نووسین و زمان و ئینساندا... من بۆ خۆم هیچ کات لەوانە نەترساوم، تێیان گەیشتووم و بەلایاندا ڕابوردووم و هیچم نەوتووە، چونکە دەزانم مان و نەمانی من

# تراژیدیای نووسین ئەوەیە، وەختێك دەسکەوتە گەورەکانی دێنە پێشەوە، ئەو کات تۆ لەوێ نیت


وەک نووسەر لە جێگەیەکی تردایە... ئەوەی ئەو جۆرە خوێنەرانە ئەناتۆمی «تشریح»ی دەکەن، دەروونی خۆیانە، نەوەک کتێبەکان.

***وتت ئەوەی بەلاتەوە گرنگە ئیشکردنە بۆ ئەوەی لە سەردەمێکی تردا بخوێنرێیتەوە و تێکستەکانت بە زیندوویی بمێننەوە لای خوێنەر، واتە زیندوویی کارەکانت لای خوێنەری سەردەمانێکی تر گرنگە بەلاتەوە نەک خەڵات و ناوبانگی ئێستا، بەڵام هەر خۆت لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێیت کاتی نووسین ئەوەی بیری لێ ناکەمەوە لە کاتی نووسیندا و بەلامەوە گرنگ نییە (خوێنەرە)!. ئەم قسەیەی ئێستات پێچەوانەی ئەوە نییە، کە پێشتر وتووتە و ئەمە دوو رای دژ بە یەک نیین؟**

–هەمیشە خەیاڵم لای خوێنەرێکی ئیدیالە، چونکە خوێنەرێکە رەنگە هیچ خوێنەرێکی واقیعی ئەم سیفەتانەی تێدا نەبێت، خوێنەرێکی زیرەک کە لە تێکستەکە تێدەگات و بە پڕکردنەوەی بۆشاییەکانی ناو تێکستەکە هاوکاریی نووسەر دەکات، لەبەر ئەوە لە خەیاڵی هەموو نووسەرێکدا ئەم خوێنەرە نموونەییە هەیە. خوێنەرێکی دەرەکات و دەرەشوێنە. خوێنەرێکە دەشێت ئێستا و لێرە لەسەر هەر شەقامێکدا رێکەوتی بکەین، یان لەوانەیە لە سەردەمێکی تردا بژی. ئەو خوێنەرەی من بۆی دەنووسم خەڵکی ئێرە و ئەم ساتە نییە، بەڵکو خەڵکی هەموو شوێنەکان و سەردەمەکانە، بوونەوەرێکی لۆکاڵ و شارنشین و ئێستەگەرا نییە، بەڵکو بوونەوەرێکی یونفرسال و گەڕۆک و زەمەننەناسە. خوێنەر لای من بوونەوەرێکی ئیفترازییە نەوەک واقعی، ئەوەی بیری لێ ناکەمەوە ئەو خوێنەرە واقعییەیە کە مەحکومە بە سەدان کۆت و پێوەند و کاتێک کتێبێک دەگرێت بە دەستییەوە، بە هەموو ئەو پاشخانە گرێدار و دەروونییەوە دەیخوێنێتەوە، کە دەبن بە دیوار لە نێوان ئەو و تێکستدا. من دڵنیاشم سێبەری ئەو خوێنەرە یونفرسال و هەمیشەییە بە کاڵی لە ناو زۆر خوێنەری ئاساییدا هەیە، کە هێشتا سیاسەت و کینە و غەریزەی تێکشکاندنی تێکست نەیشێواندوون.

***ژن لەناو رۆمانەکانی تۆدا شوێنی زۆر گەورەی هەیە و رۆڵیان هەیە لەناو گۆڕانکارییەکانی ژیاندا، هەندێک لەو ژنانە لەناو کوردستاندا گەورە نەبوون و پەروەردەی دەرەوەی کوردستانن، بۆ نموونە (دالیای سیراجەدین و سەوسەن)، کە پەروەردەی شاری بەغدان. پرسیارەکە ئەوەیە، شوێن چ کاریگەرییەکی هەیە لەسەر دروستبوونی ئەو کاراکتەرە ژنانە؟ ئەگەر ئەو کاراکتەرانە لەناو کوردستاندا بوونایە نەیاندەتوانی ئەو رۆڵە گەورەیان هەبێتە و ئەو کاریگەرییە قورسە دابنێن، کە ئێستا هەیانە؟**

–زۆربەی کاراکتەرەکانم فاسیلەیەکیان لە ژینگەی خۆیان پێویستە، تەنانەت کاراکتەرە پیاوەکانیشم، کە لە کۆشکی باڵندە غەمگینەکاندا دەڕۆن و سەفەر دەکەن بە دوای ئەو فاسیلەیەدا لە واقیعی خۆیان دەگەڕێن. سەوسەن کە عاشقەکانی دەنێرێت بۆ دوور، لە خۆیان دووریناخاتەوە، بەڵکو لەو جیهان و دونیا سنورداره دووریان دەخاتەوە کە ژیان و بیرکردنەوەی لەقاڵبداون. ژنی کورد لە پیاو زیاتر پێویستی بە فاسیلە لە واقع هەیە، نە بۆ ئەوەی ئازاد بێت، بەڵکو بۆ ئەوەی رۆشنتر لە خۆی تێبگات. ببینە، ئەگەر دالیا لە دەرەوەی کوردستان نەبایە،



هیچ موعجیزەیەک لەوە گەورەتر نییە لە کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوو و شەڕانگێزی وەک ئێمەدا کتێبێک بتوانێت بژی... ئەوە لای من هەمیشە موعجیزەی موعجیزەکان، شای موعجیزەکان بووە. لەوە بترازێت زەمەن حاکمی مەتڵەقە بەسەر مان و نەمانی ئەدەبیاتەوە. زەمەن، کتێب لە پیاهەڵدانی درۆزنان و شێواندنی بوغزنان دەپارێزێت. زەمەن، بڕیار لەسەر نەمری دەدات، نەک من و تۆ



زەحمەت دەبوو ئەو جوانییە رۆحی و جەستەیی و ئینسانییە دەربخات، بەڵام گەر بە گشتی بڕوانیت، زۆربەی پاڵەوانەکانی من پێویستیان بە شوێنێکی تر هەیە. پەروانە، فەرەیدونی مەلەک، سەریاسەکان، جەلادەت، ماجیدی گوڵ سۆلاڤ، جەمشید خان... هەموو پێکڕا بەردەوام بۆ جێگەیەکی تر دەگەڕێن. هەموو لە ناو خودی واقعدا و لە جێگەی خۆیانەوە بە چنگ سەردابێک هەڵدەکەنن بۆ ئەوەی جیهانێک دروستبکەن لە دونیای واقعی نەچێت. دالیا گەر لە ماڵی براکانیدا بمایایەتەوە، دەبوو لەناو ئەو بیرەدا بخنکایە کە خستیانە ناوی، بۆیە رزگارکردنی ژنی کورد لە ژینگەی ئێمەدا و دروستکردنەوەی کارەکتەری لە دەرەوەی ئەو ژینگەیە، جۆرێکە لە پەیامی ناڕازیبوون و تووڕەیی دەرهەق بەو واقیعەی لە کوردستاندا بۆ هەموومان و بەتایبەت بۆ ژن دروست بووە. سەوسەنیش راستە لە ماڵی خۆی نایەتە دەرەوە، بەڵام ئەویش لەناو کتێبدا ژینگەیەکی تایبەتی دەسازێنێت. کتێبخانەکەی سەوسەن جێگەیەک نییە ئاوێنەی ژینگەی واقیعی ژنی کوردی بێت، بەڵکو ئەویش سەمبولێکی راکردنە. لە کەشتیی فریشتەکانیشدا رێزانی مەلەکبین دوو ژیانی هەیە، ژیانێکی ئاسایی سادە، کە مامۆستایە لەگەڵ ژیانێکی دی لە کەشتیی فریشتەکاندا، کە تەواو جیاوازە لە ژیانی یەکەمی لە واقعدا. کەرتبوونی ئافرەتی کورد لە نێوان دوو ژیان و دوو ژینگەدا بۆ ئەوەیە تا پیشانی بدەینەوە ئەم مرۆڤە لە دەرەوەی ئەو ژینگە کۆمەڵایەتییە سەرکوتکەرەدا دەتوانێت مەخلوقێکی تر بێت.


***باسی ئەوەمان کرد، کە ژن رۆڵێکی گەورە و کاریگەری لەناو کارەکانی تۆدا هەیە، بەڵام زۆر جار ژنان قسەیەک دەکەن و پێیان وایە پیاو ناتوانێت رۆئیا و دونیابینی و خەونەکانی ژن بگوێزێتەوە و ئەوەشی دەیگوێزێتەوە تەنها تێڕوانین و دونیابینییەکی پیاوانەیە و ئەوەی حوکم دەکات و بیر دەکاتەوە پیاوە نەک ژن. ئەم قسەیە تا چەند بە هەق و رەوا دەزانیت؟**

-من ئەدەبی ژن و پیاویشم خوێندووەتەوە، هەست ناکەم تا ئێستا هیچ ژنێک توانیبێتی هێندەی تۆلستۆی (ئانا کارینا)یەک دروست بکات و بە هەمان دیقەت و وەسفی وردەکارەوە دنیای رۆحی و فیکری و عەقڵی و ئەخلاقیی ئافرەت بگوازێتەوە. بە بێ ئەوەی لە نرخی هیچ ژنێک کەم بکەمەوە، تا ئێستا هیچ ژنێکم نەبینیوە وەک فلۆبێر (مادام بۆڤاری)یەک دروستبکات. کەم پیاویش هەیە وەک ئەمیلی برۆنتی بتوانێت کاراکتەرێکی شاعیری و زیندووی وەک هاثکلیڤ بخولقێنێت. خودی بۆچوونەکە بۆچوونێکی زۆر هەڵەیە. ژن دەتوانێت کاراکتەری پیاوی هەبێت جوانتر لە هەر نووسەرێکی پیاو و بە پێچەوانەشەوە، بۆ نموونە (ڤێرجینا وۆڵف) نووسەرێکی گەورەیە، بەڵام ئیشی ئەو وەک ئافرەت ئەوە نەبووە نهێنیی رۆحی ژن و سیفاتی کاراکتەری ژنمان بۆ بگوازێتەوە، مەرج نییە ئەدەبێک کە ژن نووسیی ئیتر بتوانێت هەقیقەتی ژن و عەواتیفی ژنمان بۆ بگوازێتەوە، ئەوەشی پیاو نووسیی دونیای پیاومان بۆ بگوازێتەوە. ئەوە تێگەیشتنێکی میکانیکی و پێکەنیناوییە. ئەگەر وا بوایە دەبوا ژنەکان هیچ کاراکتەرێکی جوانی پیاویان نەبایە، لەکاتێکدا لای رۆماننووسانی وەک مارگرێت میتشل، جین ئۆستن، ئەمیلی برۆنتی کەسایەتیی پیاوەکانیان بە هەمان

ئەندازەی کەسایەتیی ژنەکانیان جوانن.

***کە (جەمشید خانی مامم)ت نووسی باسی ئەوەت کرد، ئەم ئەزموونە وەکو تەحەدایەکی خۆت بووە بۆ ئیشکردن لە کاری بچوکتردا و تاقیکردنەوەیەکی خۆت بووە لەو بوارەدا، کەچی دوای ئەو ئەزموون و تاقیکردنەوەیە، بەر گەورەترین رۆمانی تۆ کەوتین، کە تەنها بەشی یەکەمی ٩٠٠ لاپەڕەیە، ئایا پێت وایە لە ئەزموونە بچوکەکەدا شکستت هێنا و ناتوانی تێکستی بچووک بنووسی، بۆیە (کەشتیی فریشتەکان) بەدوای ئەودا هات؟**

-پرۆژەی نووسینی (کەشتیی فریشتەکان) دەگەڕێتەوە بۆ پێش (جەمشید خان). من لە کاتی نووسیندا بۆ ساتێک بیرم لەوە کردەوە ئاخۆ دەتوانم نۆڤلێتێکی جوان بنووسم وەکو ئەوەی مارکیز لە یاداشتی سۆزانییە غەمبارەکەمدا نووسیویەتی یان شتاینبک لە مراوریدا یان تۆماس مان لە مردن لە ڤینیسیا یان دۆستۆیڤسکی لە شەوە سپییەکاندا؟ حەزم لەوە بوو تێکستێکی کورت بنووسم، هەڵگری ئەو سیفەتە جوانکارییانە بێت. ئایا وەکو نووسەر قودرەتم تەنها ئەوەیە لە ڕووبەری گەورەدا ئیش بکەم؟ ئایا کاری میناتۆریم لەدەست نایەت؟ ئایا دەکرێت لە ڕووبەرێکی کورتیشدا بە کەمترین بڕ لە وشە و رستە و کەمترین بڕ رووداو و کاراکتەر و دیالۆگ رۆمانێک بنووسم؟ جەمشید خان بەرهەمی ئەو هەوڵە بوو. مەسەلەکە ئەوە نییە شکستم هێنابێت لە جەمشید خاندا بۆیە ڕۆمانی درێژ دەنووسم، بە پێچەوانەوە بۆ من جەمشید خان ئەزموونێکی هەم سەرکەوتوو و هەم خۆشیش بوو. ئەوەی بمەوێت ستایلی خۆم وا لێ بکەم تا ئەبەد وەک جەمشید خان بنووسم، نا ... رەنگە زەحمەت بێت. دیارە دەمەوێت تێکستی کورت بنووسم، رەنگە لە داهاتوودا ئەزموونێکی لەو شێوە دووبارە بکەمەوە، چونکە پێم وایە رۆمانی کورت جۆرە ئیستاتیکایەکی تایبەتی هەیە، جیاوازە لە رۆمانی درێژ، تەنانەت هەندێک جار







**بەختیار عەلی و گۆران بابەعەلی، گوندی سیاگوێز**

وەک دوو جنسی ئەدەبیی جیاواز دێنە بەرچاوم. هەست ناکەم دژی یەک بن، بەڵام هەستیش ناکەم تەواوکەری یەکتر بن. جەمشید خان کورتکراوەی رۆمانەکانی ترم نییە، بەڵکو ئەزموونێکی ترە.

***پێشتر باسی ئەوەت کردووە کە زۆر سەرسامیت بە کورتە چیرۆکنووسە جوانەکان و هونەری نووسینی کورتە چیرۆکت لا کەمتر نییە لە هونەری نووسینی رۆمان، باسی ئەوەشت کرد، کە خۆت تاقی نەکردووەتەوە ئایا ئەتوانیت چیرۆکی کورت بنووسیت یان نا.. بۆچی تاقیت نەکردووەتەوە؟**

-هەرچەند بیر لە ئایدیایەک دەکەمەوە بیکەمە کورتە چیرۆک، دواجار تەماشادەکەم لە رۆماندا تەواو دەبێت، رەنگە تاکە هۆکارێکی ئەوە بێت کە بە قورسی دەتوانم جڵەوی خەیاڵی خۆم بکەم. هەرچۆنێک بیگرم خۆی بەرەو ئەوە دەڕوات پەڕوباڵی تر و چیرۆکی تر لە خۆی بکاتەوە. لای من هەرگیز چیرۆکێک بە تەنیا نایەت، ئەوە موسیبەتی گەورەی رۆماننووسەکانە، کە چیرۆکەکان بە تەنیا روویان تێناکەن. ئەوە فەزڵێکە نووسەرانی کورتە چیرۆک بەسەر رۆماننووساندا هەیانە.

***سەرەتای نووسینی کارێکی نوێ لە نووسەرێکەوە بۆ یەکێکی تر جیاوازە و هەریەکەیان بە جۆرێک دەست پێدەکات و بڕیاری نووسین دەدەن، واتا هەر نووسەرەی تایبەتمەندیی خۆیی هەیە بۆ سەرەتای کارێکی نوێ. ئەم حاڵەتە لای تۆ چۆنە و سەرەتا و بڕیاردان بۆ دەستکردن بۆ نووسینی کاری نوێ بە چ جۆرێکە؟**

-هەندێجار سەرەتا تەنیا وێنەیەکە، بەڵام هەندێجاری

# پرۆسەی بەواقعیکردنی خەیاڵ لە نووسیندا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، کە ئەستەمە تێیدا خەیاڵ وەك خۆی بمێنێتەوە

دیش دوای ئەزموونێکی درێژی نووسین و چاککردن و دەستپێکردن و فرێدان دەگەمە ئەو سەرەتایەی دەمەوێت. سەرەتا هەمیشە ئەزموونە، زۆرجار دەست پێدەکەیت و نازانیت ئاخۆ ئەوە سەرەتا ڕاستەکەیە یاخود نا. من لێتی ناشارمەوە هەندێجار سەرەتا لە کۆتاییدا دەنووسم، ئەمە بەو مانایە نییە کە سەرەتایەکم نییە، هەمیشە سەرەتاییەکی یەکەمین هەیە، بەڵام هەندێجار وای لێدێت دەکەوێتە ناوەڕاست یان کۆتاییەوە. مێژووی بیرۆکەی ڕۆمان جیاوازە لە مێژووی نووسینی، ئەوەشی دواجار وەک تێکست دەکەوێتە بەر دەستی خوێنەر، شتێکە جیاواز لەو دوا فۆرمەی لە خەیاڵی نووسەردا بووە. گۆڕینی خەیاڵ بۆ تێکست، یان فیکرەی ئەدەبی بۆ تێکست، هەمیشە کارێکی نیوەناچڵە، چونکە هیچ کات تێکست یان زمان ناتوانن تەواو بکەونە خزمەتی بیرۆکەی یەکەم یان خەیاڵی سەرەتایی تێکستەوە... پرۆسەی بەواقعیکردنی خەیاڵ لە نووسیندا پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، کە ئەستەمە تێیدا خەیاڵ وەک خۆی بمێنێتەوە.

***مەبەستی پرسیارەکەی من ئەوە نەبوو، مەبەستم ئەوەیە کە بیرۆکەی کارێک لە مێشکتدا دروست دەبێت یەکسەر دەست ئەکەی بە کارکردن، یان تەواوی کارەکە دروست دەکەیت لە مێشکتدا و کۆتایی پێ دێنی، ئەوسا دەست دەکەی بە نووسینی؟**

-دەبێت کۆی ڕۆمانەکە لە سەرەتاوە تا کۆتایی لە خەیاڵمدا بێت، واتە داڕشتنێکی سەرەتاییم هەبێت، وەک چۆن مامۆستایەک وانەیەک دەڵێتەوە و لە سەرەتای ساڵەوە سەری بابەتەکانی لایە و دەزانێت دەبێت لەسەر چ تەوەرێک ئیشبکات، گەر وانەبێت ناتوانم دەست پێ بکەم. ئەگەر هەموو بیرۆکەکە لە مێشکمدا نەبێت، ناتوانم ئیشبکەم، بەڵام لە کاتی ئیشکردندا شتەکان حەتمەن ڕەوتێکی تر وەردەگرن. ڕۆماننووسین لە سەفەرێک ناچێت بە فڕۆکە لە خاڵێکی دیاریکراوەوە دەست پێبکەیت و بگەیتە خاڵێکی دیکە، بێ ئەوەی بە جێگەیەکی تردا بڕۆیت. ڕۆماننووسین سەفەرێکی درێژە بە خاکێکی پڕ مەترسیدا و بە پێ، لێرەوە مرۆڤ ناچاردەبێت بەردەوام ڕێگەی خۆی بگۆڕێت، لە زۆر جێگە زیاتر بمێنێتەوە لەوەی پلانی بۆ کێشاوە، هەندێ کەس دێنە ڕێگەی لە نەخشەی یەکەم و بەرنامەی سەرەکیدا نەبوون، کە بیانبینێت، هەندێک ڕووداوی تووش دێن، کە چاوەڕوانی نەکردوون. ئەوە وادەکات فۆرمی ئەو نەخشە سەرەتاییە بەردەوام بگۆڕێت، گەرچی سەرەتا و کۆتایی لای من زۆرجار وەک خۆیان دەمێننەوە. بەشی هەرەزۆری گۆڕانکارییەکان لە ناوەوەن، لە ناوەڕاستی تێکستدان. لە هونەری ڕۆماننووسیندا گرنگ ئەوەیە لە سەرەتاوە کۆتایی بزانیت چییە. ڕۆمانی خراپ ئەو ڕۆمانەیە نووسەرەکەی لە سەرەتاوە کۆتاییەکەی نەزانێت، چونکە ئەوە تووشی شپرزەیی و بێپلانی و پەرتبوونی دەکات. گرنگترین شت لای من زانینی کۆتاییە، گەر ئەوەت زانی ئیتر ئازاد دەبیت چ ڕێگەیەک هەڵدەبژێریت بۆ ئەوەی بگەیتە ئەو کۆتاییە، دوای ئەوە ئیتر گەڕیدەیەکی ئازادیت، ترست لەوە نییە لە جێگەیەکدا بچەقیت و نەجوڵێیت.

***وتت کە دەمەوێ ڕۆمانێکی نوێ بنووسم، ئەبێ تەواوی ڕۆمانەکە لە مێشکمدا دابڕێژم، ئەوسا دەست ئەکەم بە نووسین و ئیشکردن لەسەری،**




ڕۆماننووسین سەفەرێکی درێژە بە خاکێکی پڕ مەترسیدا و بە پێ، لێرەوە مرۆڤ ناچاردەبێت بەردەوام ڕێگەی خۆی بگۆڕێت، لە زۆر جێگە زیاتر بمێنێتەوە لەوەی پلانی بۆ کێشاوە، هەندێ کەس دێنە ڕێگەی لە نەخشەی یەکەم و بەرنامەی سەرەکیدا نەبوون، کە بیانبینێت، هەندێک ڕووداوی تووش دێن، کە چاوەڕوانی نەکردوون



**بەڵام ئەوەندەی من بزانم جاری وا هەیە لە یەک کاتدا ئیش لە دوو ڕۆمان و زیاتریشدا دەکەیت، بیرۆکە و ڕووداو و کاراکتەری ئەو کارانە چۆن تێکەڵ نابن و ناپەڕنەوە بۆ ناو یەکتری؟**

-من پێم وایە ئەمە ئەزموونێکی باشە، جاری وا هەیە پاڵەوانێک لە تێکستێکەوە دەپەڕێتە ناو تێکستێکی تر و لە ماڵێکی تردا جێگەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. دکتۆر مستەفا شکاک لە کەشتیی فریشتەکاندا پاڵەوانی تێکستێکی تر بوو، بەڵام لەم ڕۆمانەدا ڕۆڵێکی ئۆرگانیی هەیە. نووسەر دەبێت کارخانەیەکی دروستکردنی کاراکتەری هەبێت. ئەو تێکستانەی دەیاننووسم بەشێکن لە ئیشکردنی من لەو کارخانەیەدا، کارخانەیەکی سەرەتایی کە پاڵەوان و قارەمان دروست دەکات. واتە بەر لەوەی چیرۆک دروست بکەیت، دەبێت کاراکتەر دروست بکەیت. ئەو تێکستە تەریب و هاوشانانە وەک کانگا وان بۆ وەرگرتنی مەتریاڵی خاو، بۆ مەشقکردن بە خەیاڵ، بۆ زیادکردنی توانای گێڕانەوە و دروستکردنی چیرۆک و سازدانی فەزای نوێ. ڕۆماننووسین وەک هەر یارییەکی تر پێویستی بە مەشقە، مەشقی درێژ.

***لە شوێنێک (مارکیز) باس لە کاراکتەری ڕۆمانێکی دەکات، دەڵێ حەزم نەدەکرد بمرێ، بەڵام هەر دەبوو بمرێ و مرد. لە ئیشی تۆدا حاڵەتی وا ڕووی داوە؟ حەز نەکەیت کاراکتەرێکت بمرێت، بەڵام مردبێ؟**

- (غەزەلنووس). ساتەوەختی کوژرانی (غەزەلنووس) بۆ خۆم بڕیارێکی سەختبوو، چونکە تا ئەو ساتەی دەکوژرێت، بیرم لێی نەکردبووەوە کە دەبێت ئێستا و لێرەدا غەزەلنووس بمرێت، بەڵام ساتێک دێت هەست دەکەیت ئەم کاراکتەرە وەزیفەی خۆی تەواوکردووە. خۆت دەزانیت مردنەکە مەجازییە، مردنەکە دەلالەتی ئەوەیە، کە پاڵەوانەکە کەم تا زۆر تەواوی ئەو پەیامەی هەیبووە گەیاندوویەتی و ئێستا تەنیا لە ڕێگەی مردنەوە دەتوانێت درێژە بەو پەیامە بدات. غەزەلنووس ئەگەر لەوێدا نەمرێت، زەحمەتە مانا و ڕۆحی ئەو پەیامەی لە سەرەتای تێکستەکەوە هێناویەتی بیگەیەنێت. غەزەلنووسێکی زیندوو هەمان ئەو هێزەی نییە کە ئیدی غەزەلنووسی مردوو هەیەتی. بۆ ڕۆماننووس زۆر گرنگە لەو ساتە تێبگات و بزانێت کام کاراکتەر بە مردوویی نرخی زیاترە لە زیندوویێتی. مردن بۆ خوێنەر مەسەلەیەکی عاتیفی و ڕۆحییە، بەڵام بۆ نووسەر مەسەلەیەکی تەکنیکی و هونەرییە. مارکیز لەوێدا باس لەو یاسا تەکنیکییانە دەکات کە ڕۆماننووس مەحکوم دەکەن کەسێک بکوژێت، ئەو یاسانەی کە زۆرجار جیاوازن لە یاسا عاتیفی و ئەخلاقییەکان.

***یەکێک لەو کاراکتەرانەی تۆ، کە من پێم ناخۆشبوو دەکوژرێت (سامیری بابلی)یە، ئەگەر من لە جێی تۆ بوومایە سامیری بابلیم نەدەکوشت... بۆچی کوشتت؟**

-ئەوە یەکێک بوو لە بڕیارە هەرە قورسەکانی ناو ڕۆمانی (شاری مۆسیقارە سپییەکان)، ئەو ڕۆمانە زۆر وێستگەی تێدایە کە ئینسان پرسیار دەکات، پاڵەوانەکان دەبێت بە چ ڕێگەیەکدا بڕۆن؟ لە دوای ئەمە دەبێت چی بکەن و چی ڕووبدات؟ کوشتنی (سامیری بابلی) لە هەموو بڕیارەکان قورستر بوو، چونکە ڕۆحی تێکستەکە بەند بوو بە مان و نەمانی بابلییەوە. ئەگەر بابلی بمایایەتەوە مانای ئەوە


# بۆ ڕۆماننووس زۆر گرنگە لەو ساتە تێبگات و بزانێت کام کاراکتەر بە مردوویی نرخی زیاترە لە زیندوویێتی

بوو ئێمە کۆمەڵگەیەکین ئەم هەموو توندوتیژییەی لەناوماندایە بەو تۆخییە دەرناکەوێت. تەواوی تێکستەکە لەسەر ڕیسواکردن و مەحکومکردنی ئەو توندوتیژییەی لە هەناوی کۆمەڵگەی ئێمەدا هەیە ڕاوەستاوە، بەڵام لە پڕێکدا تاوانبارێکی ناو تێکستەکە هەروا ئازادانە بەربێت، ڕاستە لە ڕووی ئەخلاقی و ویژدانییەوە جوانە، بەڵام لە ڕووی فەلسەفەی گشتیی تێکستەکەوە، کە ئێمە کۆمەڵگەیەکین تا ئێستا تۆڵە و نەبوونی تۆلێرانس جڵەومان دەکات، زیانی کوشندەی دەبوو. من دەڵێم قوربانی مەرج نییە بەڕەحمتر بێت لە جەللاد. لە ڕێگەی کوشتنی سامیرەوە ویستم بڵێم توندوتیژی بەردەوامە و قوربانی دەتوانێ شوێنی جەللاد بگرێتەوە. بەداخەوە ئەو پێشبینییە دواتر بە جۆرێکی زۆر زۆر ترسناک لە عیراقدا هاتە دی.

***با بەشی دووەمی قسەی (مارکێز) تەواو بکەین، کە دەڵێ حەزم نەدەکرد فلان کاراکتەرم بمرێ، بەڵام مرد. دوای ئەوە دەڵێ: دوای مردنەکەی گریام... تۆ بۆ مردنی هیچ کاراکتەرێکت گریاوی؟**

-نا.. لە کاتی نووسیندا نەگریاوم، بەڵام مردنی (غەزەلنووس)م پێ ناخۆش بوو، پێشم وایە ئەگەر بە وردی بچیتەوە سەر ئەو چەند لاپەڕەیەی باسی کوشتنی غەزەلنووس دەکات و بەرخودی بارۆنی خەیاڵ لەگەڵ ساتەوەختەکەدا بخوێنیتەوە، هەست بەو ترس و غەمە دەکەیت. غەزەلنووس لای خۆم لە کاراکتەرە زۆر خۆشەویستەکانم نییە، بۆ نموونە من تەحەمولی جەلادەتی کۆتر یان سەوسەن فیکرەت یان جەمشید خان یان ماجیدی گوڵ سۆلاف زیاتر دەکەم، واتە ئەوانە ئەگەر کاراکتەر و مرۆڤی زیندوو بوونایە، ڕەنگبوو نەتوانم هاوڕێی غەزەلنووس بم، بەڵام هاوڕێی مەنگوڕ یان نزار ئیدریس بم. غەزەلنووس ئایدیالیسترین کاراکتەری منە، زۆر ئایدیالیستە، زۆر زیاتر لە پێویست شاعیری و ئینسانییە، ئەوە وای لێ دەکات پتر لە پێغەمبەران بچێت، بەڵام جەلادەت بۆ نموونە وانییە. جەلادەت درۆزنێکی ڕۆحسووکە، دەتوانێت زیانبەخش و ئەنانیش بێت، یان سەوسەن زۆر توانایەکی گەورەی تێدایە ئەوانی تر بخاتە ئەزێت و ئەشکەنجە و ئازارەوە، یان وەفای ڕەفعەت بەگ لە کەشتیی فریشتەکاندا، شۆڕشگێڕێکی تاکڕەهەندی دۆگمایییە، بێ ئەوەی توانیبێتی لە سەنگی ئینسانییەتی خۆی ئازاد بێت، بەڵام غەزەلنووس قارەمانێکی تاقانەیە لە ئەدەبی مندا، مردنی بۆ من وەک مردنی جوانی و خۆنەویستی و ئایدیالگەرایی بوو لە دونیادا... تەواوی تێکستەکە لای من وەک پرسیارێک بوو، بڵێم «جەناب، ئاغای غەزەلنووس، ئێوە چی دەکەن لەم دونیا پیسەدا؟ لە دوای چیین؟ زوڵم چۆن دەپێورێت؟ مێژووی ستەم و مردن و ناهەقی چۆن دەنووسرێتەوە؟». بۆیە کوشتنی غەزەلنووس ساتێکی وجودی و شەخسی و ڕۆحی بوو. بەر لە هەر شت لە ڕێگەی مردنی غەزەلنووسەوە پرسیارم لە مانای بوونی خۆم کرد؟ غەزەلنووس دەزانێت دەکوژرێت و بە پێی خۆی دەڕوات، ئەوە تراژیدیای گەورەی مردنەکەیەتی... بەڵام گریان.. نا... گەر ڕاستگۆ بم هیچ کات لە کاتی نووسیندا نەگریاوم، هەندێجار پێدەکەنم، ئەویش کەم، بەڵام بۆ گریان نەگریاوم. جیا لەوەی هەر جارێک ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) بخوێنمەوە، لە کۆتاییدا زۆر دەگریم.

***لە چاوپێکەوتێکی پشووتدا دەڵێیت: (گەر بمرم**




من دەڵێم قوربانی مەرج نییە بەڕەحمتر بێت لە جەللاد. لە ڕێگەی کوشتنی سامیرەوە ویستم بڵێم توندوتیژی بەردەوامە و قوربانی دەتوانێ شوێنی جەللاد بگرێتەوە. بەداخەوە ئەو پێشبینییە دواتر بە جۆرێکی زۆر زۆر ترسناک لە عیراقدا هاتە دی





بەختیار عەلی ١٩٨٤، ئێران

**و بهێڵن تەنها یەک کتێبی خۆم ببەم بۆ ئەو دونیا، لەناو هەموویاندا ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) دەبەم.. ئێستاش دەڵێیت هەموو جارێک لە دوای خوێندنەوەی ئەو ڕۆمانە، دەگریم. تایبەتمەندیی ئەم ڕۆمانە چییە کە وا جیای دەکەیتەوە لە ڕۆمانەکانی ترت، بۆ ئەم ڕۆمانە؟**

-لە سەرەتای نووسینمەوە زۆر حەزم لە تێکستێک بووە کە دنیای منداڵ و گەنجانی بێدەرەتان و ئەوانەی لە خواری کۆمەڵگەوە دەژین، بنووسم. لە سەرەتاوە کە دەمنووسی دەمویست بڵێم «تەماشا بکەن، ئێمەی خەڵکانی مەحروم، بەدشانس، پەراوێزی، دامێننشین دەشێت چ ژیانێکی ماناداریشمان هەبێت». لە سەرەتاوە تا ئەمڕۆ دەمەوێت بڵێم سەیر بکەن ببینن خەڵکانی بنی کۆمەڵگە چ جوانن. هەست دەکەم بەشێکی گرنگی وەزیفەی ڕۆماننووسین ئەوە بێت ئاوڕ لە ژیانی ئەوانە بداتەوە. لەم ڕۆمانەدا تا ئەندازەیەکی زۆر ئاوڕم لە دنیای ئەوانە داوەتەوە. کەم لە تێکستەکانی تردا بەو شێوە ڕوونی و تراژیدییە باسم لە چارەنووسی ئەو نەوەیە کردووە کە لە سەردەمی بەعس و ڕۆژگاری شەڕی ناوخۆدا ژیان، ئەو نەوەیەی کە بەشێکی سەردەمی ژیانیان کەوتە ناو بەعس و بەشەکەی دی کەوتە ناو شەڕی ناوخۆوە. ئەو نەوەیە نەوەیەکی زۆر بریندارە، خۆشم لەو نەوەیەم، لە ناو جەرگەی ئازاری ئەو نەوەیەوە هاتوومەتە دەر، بڕێکی زۆر لە ئازار و برینەکانی خۆم لەو ڕۆمانەدا ئامادەیە، دەتوانم بڵێم شەخسیترین ڕۆمانی من (دواهەمین هەناری دونیا)یە... نا ناڵێم کاراکتەرەکان منن، بەڵام کۆی ڕۆمانەکە، بە هەموو ڕەهەندە واقعی و سەمبولی و خورافییەکانییەوە ئاماژەیە بۆ پاشەگەردانیی دەروونی خۆم. من هەمیشە نابینایەک کە بۆ بینایی دەگەڕێت لە ناخمدا بووە، باوکێک کە بۆ منداڵەکەی دەگەڕێت لە ناخمدا بووە، منداڵێک کە بۆ ڕابوردووی دەگەڕێت لە ناخمدا بووە، هەمیشەش بۆ ژێر درەختێک ڕوانیوومە لە بنیدا هەمووومان پەیمانێکی ئەبەدی مۆربکەین، دواجار دەشپرسم، من خۆم چیم جگە لە گەڕیدەیەکی نائومێد، کە لە دەریایەکی گەورە و بێکاراندا ونبووم و نازانم بۆ کوێ دەچم؟ هەموو ئەو شتانە وادەکەن (دواهەمین هەناری دونیا) لای من زۆر تایبەت بێت، وەک ژیاننامەی تایبەتی خۆم، بە جۆرێک لە بایۆگرافیای

# ئەو پەیوەندییە عاتفییەی لەگەڵ دواهەمین هەناردا هەمە، لەگەڵ ڕۆمانەکانی ترمدا نیمە



**بەختیار عەلی لە پاڵ پەیکەری کارڵ مارکس**

ڕەمزی سەیری بکەم.

***کاتێک نووسەرێک بەرهەمێکی یان تێکستێکی جیادەکاتەوە لەوانی تر، هەست ناکەیت بەوە زیان ئەدات لە کارەکانی تری خۆی، چونکە بە جۆرێک لە جۆرەکان خوێنەر دەکەوێتە ژێر کاریگەریی بۆچوونی ئەو قسەیەی نووسەرەکەوە؟**


-من لەگەڵ (دواهەمین هەناری دونیا)دا پەیوەندییەکی عاتفیترم هەیە. ئەگەر وەکو خوینەرێکی بێلایەن بخوێنمەوە، ڕەنگە (کۆشکی باڵندەکان)م پێ خۆشتر بێت، ڕەنگە وەکو چیرۆک جوانتر بێت لە دواهەمین هەناری دونیا و زیاتر سیفاتی ڕۆمانی تێدا بێت. ئەو پەیوەندییە عاتفییەی من لەگەڵ دواهەمین هەناردا هەمە، لەگەڵ ڕۆمانەکانی تردا نیمە. تێکستەکانی من ڕەنگە ئاوێنەی فیکری خۆم بن، نزیک بن لە بۆچوونە عەقڵی و تێگەیشتنە فەلسەفییەکانمەوە بۆ ژیان. ئەوانی تر لە ئاستی سەنعەتی ڕۆماندا دەشێت لەو باڵاتر بن، لە ئاستی تەکنیک و دەوڵەمەندیدا غەزەلنووس لە کوێ و دواهەمین هەنار لە کوێ؟ هەڵبەت غەزەلنووس تێکستی کەسێکە ئەزموون و سەنعەتی ئیشەکە کەمێک باشتر فێربووە، بەڵام من قسەم لە پەیوەندییەکی عاتیفییە بە تێکستەکەوە. دواهەمین هەناری دونیا شکایەتی شەخسیی منە لە دونیا! ئەو تێکستەیە گەر لەگەڵ خۆمدا ببیەم بۆ ئەو دونیا، ڕەنگە لەوێ ڕوونتر و باشتر لە حاڵی ئینسان لەسەر ئەم زەوییە تێبگەن.

***منیش پێم وایە (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) زیاتر تایبەتمەندیی ڕۆمانی تێدایە، وا ئەزانم (ئێوارەی پەروانە) هەنگاوێکی گەورەیە لەناو ڕۆمانی کوردیدا، هەمان کات لە نێوان کۆشکی باڵندە غەمگینەکان و ڕۆمانەکانی ترتدا هەنگاو و بازێکی گەورە دەبینم، کە نووسەر بە قورسی دەتوانێ ئەو هەنگاوە بنێ.. هەست ئەکەم ئەزموونی (کۆشکی باڵندەکان) قورستر بووبێت لەوانی تر بۆ تۆی نووسەر.. نازانم ئەو هەستەم لەجێی خۆیەتی یان نا؟ ئەگەر بشێ ئەو پرسیارە بکەین، بۆ کاری لەمەودوا دەتەوێ بە کام جۆریان بنووسی؟**

-بێگومان ئەزموونێکی قورس بوو. لە کۆشکدا هەم شێوازی گێڕانەوە، هەم شێوازی مامەڵەکردنم لەگەڵ کاراکتەردا تا ئەندازەیەک بەراورد بە ڕۆمانی



دواهەمین هەناری دونیا شکایەتی شەخسیی منە لە دونیا! ئەو تێکستەیە گەر لەگەڵ خۆمدا ببیەم بۆ ئەو دونیا، ڕەنگە لەوێ ڕوونتر و باشتر لە حاڵی ئینسان لەسەر ئەم زەوییە تێبگەن




دواهەمین هەنار جیاوازە. لە کۆشکدا کامڵبوونی زیاتر هەیە، وێناکردنی کاراکتەر باشترە، بەڵام ئایا قودرەتی ئەوەم هەیە باشتریم؟ نازانم. بە وردی نازانم بەیانی چی دەنووسم، بۆ نووسەریش تەنیا و تەنیا ئەوە گرنگە کە بەیانی دەینووسێت. ئەو شتانەی نووسراون و جێمهێشتوون، ئەو بایەخە گرنگەیان لای من نەماوە، ڕاستییەکەی پتر خوێنەران ئەو تێکستانەم بیردەخەنەوە. بۆ نووسەر هەمیشە ئەوە گرنگە کە بەیانی دەینووسێت.

بۆ من زەحمەتە بتوانم جارێکی تر تێکستێکی وەکو (دواهەمین هەناری دونیا) بەو شێوە عاتفییە بنووسمەوە، لە قەسیدەکانیشمدا رەنگە بتوانم قەسیدەیەکی تری وەک دەرگاکان بنووسمەوە، بەڵام زەحمەتە بتوانم (نیشتمان) بنووسمەوە، چونکە پەیوەندیی بە جۆرێک هەڵچوونی عاتفتی و ئینسانی و شەخسییەوە هەیە، کە تەنیا لە ساتێکی تایبەتیدا تێیدا دەژیت. ئەو شتانەی پەیوەندییان بە سەنعەتی ئەدەب و هونەرەوە هەیە، رەنگە بتوانین دووبارەیان بکەینەوە، بەڵام ئەوەی پەیوەندیی بە پێکهاتی عاتفیمانەوە هەیە، دووبارەکردنەوەیان زۆر سەختە. قەسیدەی (نیشتمان) بۆ من کە گەنجێکم لە وڵاتێکی پڕ ناشیرینیدا، بریندار، پەراوێزخراو، ساتێکی تایبەتی و شەخسیی منە، بۆیە زەحمەتە لە پەنجا ساڵیدا ئەو ئەزموونە دووبارە بکەمەوە. رەنگە بۆ من عەقڵانی تر و باشتر بێت بە شێوازی (کۆشکی باڵندە غەمگینەکان) بنووسم، دوای ئەزموونێک نەکەوم کە ناتوانم دووبارەی بکەمەوە، بەڵام ئەو شتانە بڕیار نین، پیریش دۆخی دەروونی و عاتیفیی خۆی هەیە. زۆر لە نووسەران لەزەتێکی زۆریان لەوە بینیوە وەک پیر بنووسن، ئاخۆ من دەتوانم ئەوە بکەم؟ بە هەرحاڵ گرنگ ئەوەیە وەک زۆر کەس لە مردن و پیری ناترسم، بۆیە دوور نییە بتوانم ساتە عاتیفییەکانی بگوازمەوە. بە گشتی من لە منداڵی و گەنجیمەوە پێشتر پیربوونی ڕۆحیم تاقیکردووەتەوە، ڕەنگە ئەوە هۆکارێکی باش بێت بمکرێت فەزا تاریک و تەڵغەکانی بگوازمەوە...

**تێبینی:**

**هەندێک لە فۆتۆکانی ئەم دۆسیەیە بە کامێرای «خەسرەو حەمەکەریم» گیراون.**





# حەقیقەت بوو...
# (سێبەرەکەت)ی لە گۆرانیوتن خست

خەلیل عەبدوڵڵا

بکوژی من و ئەو
ئازیزترین هاوڕێ
تازە ئیمڕۆ..... نا
بەڵام سبەی... دەشێ خۆرهەڵبێت!
کە هەڵهات



خەنجەرەکەت لە کێلان ڕابکێشە و
لە سەر دڵی غەدداریی ڕۆشنایی بچەقێنە
کە ئێوارەش خۆر بە بریندارییەوە ئاوابوو
وەرە..
دەستەکانی خۆمت بدەمێ
تا ئەرشیفی شەو کە لێوانڕێژکراوە بە نەفرەتکردن بسڕیتەوە
نیوەشەویش (ئاوەدانی) دڵی خۆی بۆ من و ئەو دەکاتەوە
ئەوکات دووبارە..
وەرەوە و
سفرەیەك پڕ لە شەونمی خۆمت بدەمێ
کە ڕۆشتیشی.. بە ئەسپایی... زۆر بە ئەسپایی.... بڕۆ
بڕۆ لەگەڵ دوو منداڵی خەوتووی سەر شەقامەکان
کۆڵانە و کۆڵان بگەڕێن و
لە کوێدا... کە تاریکی تۆخ تۆخە
ئا لەوێدا...
سەتڵە پڕ لە ئاوە ڕیزکراوەکانی حەوشە ببەن و
جام جام تاریکیی (شەو)ی پێ ئاوڕشێن بکەن
دواتر
وەك دڵی فەرامۆشکراوی ئاشقێ...
خاڵیبەوە.. خاڵی
خاڵیبەوە.. لەو حیکمەتە دەستکردانەی ئەوان
کە ڕۆژگارێ بێوچان دەیاندامێ و..
من ڕەتم دەکردنەوە
دەیاندامێ و
من ڕەتم دەکردنەوە.....
×××
تۆ ئەی هاوڕێی پیلانگێڕیی (من و ئەو)
ئەوکاتەی هەردووکمان...
(من و ئەو)پێکەوە
هاتینە سەرخوانی تۆ
لەبری ڕاخەرێك لە ئاوریشم

٢
ڕاخەرێکت لە ئاو
بە چواردەوری سفرەکەدا...... ڕاخست
سفرەیەك ڕازاوە بە (سینیی پڕ لە کەفی سوورهەڵگەڕاو) و
پڕ لە دڕکی کێوان
کە جێشمانهێشتی (من و ئەو)
هەر پێکەوە هاتینەوە لات
بەڵام هەیهات.. هەیهات
تۆ پیر... پیربووبوویت
ئەو کتوپڕ لە پیربوونی من ترسا
دوور... دوور ڕایکرد و
لە چاوانم ونبوو!
×××
تۆ کە دووردوور منت جێهێشت و
لە نیگاکانم دووردوور کەوتیتەوە و مەحفبوویت
ئیدی نەمزانی..
بە چ عەجەب ئومێدێکەوە....... دێیتەوە لام!
بە چ عەجەب سیمایەکەوە......... دێیتەوە لام!
بە چ عەجەب ئیدراکێکەوە....... دێیتەوە لام!
بە چ عەجەب ئیمانێکەوە............ دێیتەوە لام!
بە چ عەجەب بەهانەیەکی (دووڕوو)وەوە دێیتەوە لام!
بە چ عەجەب دڵێکەوە...................... دێیتەوە لام
کە دەزانم هەموو دڵەکان دەمێکە بوونەتە ئیسفنج..!
بە چ عەجەب برینێکەوە................................... دێیتەوە لام
کە دەزانم هەموو برینەکان لە جەستەی من و تۆدا ئاوسن.. ئاوس!
بە چ عەجەب زەمبیلەیەکەوە.................................. دێیتەوە لام
کە دەزانم لێوانلێوە لە نارنجۆك!
بە چ عەجەب سەبەتەیەکەوە.................................. دێیتەوە لام
کە پڕاوپڕە لە بەردی چکۆلەی تیرۆرکراو!
بە چ عەجەب......
بە چ عەجەب.......




## دەق



بە چ عەجەب.........
×××
ئەو
کە لە چاوانم....
وەك خۆری هەموو بەیانیانی من ئاوابوو
تۆ عەجەب هەنگاوت نا
عەجەب بە تەنیشتما ڕەتبوویت و
کەوتیتە کۆکردنەوەی دەنکەشقارتەکان
لەوکاتەدا
کە بینیم خۆت و
ڕەشەبا و
دەنکەشقارتەکان...... پێکەوەن
تۆ تەنیا و... ڕەشەبا تەنیا و..... خودا تەنیا
تۆ کتوپڕ
کەوتیتە پێکردنی دەنکەشقارتەکان و
٣
ئاورینگەکانی بەیانیانی سەرگیات پێسووتان.
ئەو ئاورینگانەشی نووقمبوونە دەریاوە و
تێکەڵ نەبوون
باران بەسەریاندا دایکرد و.... نەبوونە ئاو
خۆر بەسەریاندا کەوتە خوارێ و.... بە هەڵم نەبوون
ئەفسووس
باخەوانەکەی باخچەی گشتی
دووبارە هەموویانی لەسەر پەڕەی گوڵەکان کۆکردەوە و
بە غرورەوە تك تك خستییە نێو بوتڵە پڕ لە ژەهرەکانی مامۆستای کیمییا و
من کەوتمەوە میقاتکردنی سەعاتەکەم
×××
هەر لە کاتی پێکردنی دەنکەشقارتەکانی ئەودا
زوو زوو لەبەرخۆمەوە دەمگووت
بەشمبە دووبارە تەمەن.... بەشمبە
بەشمبە حەوت سەبەتەی پڕاوپڕ

لە پەپوولەی سەدەیەك بەر لە ئێستا
بەشمبە...
بەشمبە وڵاتێك پڕ
لە جانتای فڕێدراوی سەرسنوورەکان کە لێوانلێون لە دەفتەری قەدکراوی یادەوەری
بەشمبە...... بەشمبە
بەشمبە لەو تابووتانەی تەمەنیان سەدەیەکە و
سواخدراون بە قاووقیژی منداڵی
بەشمبە لە بۆنی ئەو جلکانەی نیشتمان، کە بە هەنسکەوە هەناسەیان دەدا و
تۆپەڵ تۆپەڵ
توڕدرانە ژێر لمە گەرمەکانی بیابان...
بەشمبە لەو کلۆ خەڵوزانەی کە کوڕی جەلادێ... لە نێو ئینجانەکان ڕواندنی
بەشمبە...
بەشمبە باخچەیەك پڕ لە کیسەڵی قوڕمیشکراو
بەشمبە سەبەتەیەك پڕ لە گوڵی ئاوسبووی بەجێماوی سەر دیوارەکان
بەشمبە لەو ئاوێنانەی کە پڕن لە سێبەری بەجێماوی
ئەو کەسانەی کە ئێستا
لە بیابان نیشتەجێن
بەشمبە کوپەیەك هەناسەی بەر لە میلاد
بەشمبە ئاسمانێك پڕ لە پەڕەسێلکەی بەردەم هەتاو
بەشمبە کۆڵانێك پڕ لە خەتخەتێنی خانە بە تاڵ
بەشمبە لەو پۆلە ڕیشۆڵانەی لەناو ئاسمانی سەحراکاندا دووگیان بوون
بەشمبە ئەشقی نادیار و...... نیشتمانی نادیار و
زمانی نادیار و.................. فڕینی نادیار
حوکمی نادیار و................. عەدالەتی نادیار
لەدایکبوونی نادیار و........... مردنی نادیار
گەشتی دوورودرێژی نادیار
نادیار بەرەو ئەو ئۆقیانووسانەی
کە سەربازە هەڵهاتووەکانی هەموو جەنگەکانی سەرزەمینی تیا نیشتەجێن
بەشمبە غیرەتی دوورکەوتنەوە لە نیشتمانێکی ڕاونراو
بەشمبە غیرەتی وردوخاشکردن
لەو پەنجەرانەی کە ئەستێرەم تیا ڕواندن و چ ڕۆژێك نەمدی بدرەوشێنەوە و



## دەق

٤
بەشمبە غیرەتی ترۆکردن
لەو شاعیرانەی دانیشتووی پرسگەی دیکتاتۆرە چکۆلەکانن
بەشمبە مشتێك هەناسەی شەو
بەشمبە دەرفەتێکی دی بۆ ناسینەوەی ئەو
بەشمبە...
بەشمبە وەهمی دیار و...... حەقیقەتی نادیار
تاریکیی دیار و....... ڕۆشنایی نادیار
دوژمنی دیار و......... دۆستی نادیار
ئەشقی دیار و......... جەنگی نادیار
بەشمبە شەیتانێکی نادیار و
خودایەکی نادیار
ترۆیکە هەموو حەرف... و.... ژمارە... و... دروشمەکان
×××
چما لەوەی کە ژیانی من و ئەوت
بێباکانە.... فرێدایە سەر بۆردی ئەو یارییە شەترەنجانەی.. بێ بوونی مەلیك
لەسەر چوار لا دیواری تێکڕای ژوورەکانتا هەڵتواسیون و
لەبەر خۆتەوە نیشتنەوەی کۆترە ئاشوبگێڕ و
کرۆزانەوەی سەگە زۆربلێکانی تیا دەژمێریت
تۆ کە بە ناوی سەرکردەی یۆتۆبیاخوازەکانەوە هاتوویت
چ شوورەییەك نییە بۆ من ...
دیسانەوە خۆم لە عەزابی تەنیایی هەڵکێشمەوە و
دوور.. دوور بڕۆم
بڕۆم و وەك جاران
دروشمی سەر لافیتەکانی قوتابخانە و
نەخۆشخانە.. و
باخچە..... و
شەقام... و
سەرسنورەکان بسڕمەوە و
لە بری هەر دروشمێکیان بنووسم..... هیچ
×××



دڵڕەقترین هاوڕێی ئازاربەخشی من و ئەو
کە لە ئەزەلەوە تا ئێستا کەس لە کەسی بەرامبەر حاڵی نەبووبێ
ئیدی.. با شەکاوە بێت دروشمەکانی...... هیچ
×××
ئای چکۆلەترین دیکتاتۆری هاوڕێم
خاڵیبەوە......... خاڵی
لەمەودوا
تکایە بۆ هیچ لەزەتێکی پوچی دونیا.... مەمبەرە لاوە
چونکە سەعاتێ بەر لە ئێستا
بۆ تاقیکردنەوەی سروشت
کە بزانم لە من وەڕزە یان (نا)
چوومە قەراغ دەریا..... ڕشامەوە
چوومە باخچەی گشتی.... وەك قیروزفتی سەر مەچەکی پەیکەرەکانی
ڕەش ڕەش هەڵگەڕام
٥
چوومە شەقام لەمبەر بۆ ئەوبەر و
لەوبەریش بۆ ئەمبەر..
کتوپڕ......
لەناو وێنەیەکی ئەرشیفی مۆزەخانەدا.... دیل دیل کرام
چوومە پەنا درەختێکی بەساڵاچووی سەر کێوێك
بۆ دووبارە خوێندنەوەی مێژووی دڵڕەقبوونی سروشت
دەساودەس
گەمارۆدرام و
پاش هەفتەیەك بێئاگا کردنم...
غافڵگیر کرام
بردیانمە سەحرا و
بەقەدی کۆمەڵێك درەختی سەر (کێوێك)ەوە بەسترامەوە و لەخاچدرام
وای... وای
کە بەسەرهات و ڕووداوەکان
ئاوهان ئاوها
نە بە دڵی من و






نە بە دڵی تۆن... تكایە خاڵیبەوە... خاڵی
چ غرورێكی وانەبوو لە منەوە
كە وتم.... من بووم
لە هەموو دەرگاكانی ئێرە و ئەوێم نووسی....
با ئاوێنەكان
خۆیان لە من بێننە پێشێ
تا بزانن.....
چەند باڵندەی دەربەدەر
لە ناو یەك بە یەكی ئاوێنەكانا بوونەتە بەرد
چەند ئەسپی ڕەشوڕووت
چوونەتە سەر بەرزترین لوتكەی شاخەكان و دەگرین
چەند شۆڕشگێڕی بێلانە
بۆ دۆڵەكان هەڵهاتوون و
لە ناو ئومێدبوونیاندا سەری یەكتر دەپەڕێنن
چەند ئاشق....
دەستیان بە ئەستێرەكانەوە گرتووە و
هەموو بەیانییەك هێمن.. هێمن..
دڵیان بەسەر كێڵگە سووتاوەكاندا دێنە خوار
ئەو ئاشقانەی كە ڕۆژگارێ...
لەگەڵ منا
لەسەر بەرزترین پرد كۆبوونەوە
دوو دوو قاچیان بە قاچی یەكتر بەستەوە و
خۆیان فڕێدایە دەریاوە و
تەنها لە دەفتەرەكانی مندا نەبێ نەمدیونەتەوە
گەر گوناهم ئەوە بووبێ
لە تێكڕای دەرگاكان.. نووسیبێتم
با ئاوێنەكان
خۆیان لە من بێننە پێشێ بۆ بینینی خۆیان
چ نییە.. جگە لەوەی
كە بزانن چەند تابووتی خاڵی
لە كەنار دەریاكان ڕیزكراون و

چاوەڕێی تەرمی خنکاوی ئەو ئاشقانەن
٦
کە تەنها وێنەکانیان
لە ناو ئەلبومەکانی مندا ماون و
دوو سەدە بەر لە ئێستا
بە بەتاڵی ناردمن.. بۆ دەریا
لم گفتی دابوومێ
ئەو تەرمانە لە دەستی شەپۆل
وەرگرێت و
بۆم بهێنێتە کەنار دەریا...... بە لام....
بەلام......
بەلام.........
×××
برادەر
کە ئاوێنەکان
هەمیشە شێوەی پیاوکوژان
بگۆڕنە سەر شێوەی من و ئەو
پێویست بە هیچ دەرفەتێ ناکات
بۆ بینینی خۆم لە ئاوێنەدا
بۆیە...
دووبارە...
با ئاوێنەکان
خۆیان لە من بێننە پێشێ و
هەر لە مندا
بە دووی وێنەی خۆیاندا بگەڕێن
چونکە ئاشکرایە
کە تەنها ئاوێنەکانبوون
هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا
سیمای هەمووومانیان کردبووە
یەک سیما.. یەک سیمای زەردهەڵگەڕاو
یەک سیما.. زەردهەڵگەڕاو



## دەق

یەك سیمای زەرد....... زەرد
×××
لێبووکترین کاریکاتۆری هاوڕێم
کە پێت ناکرێ تیژیی (با)کان
بە یەك (نیگا) بخوێنیتەوە
پێم بڵێ
بۆ هاتیت ئەسپەکانی من و ئەوت
لە خەونی سەرجادەکان بێدارکردەوە و
لەگەڵ کیسەڵە بەساڵاچووەکانی خۆتا پێشبڕکێت پێکردن
پێشبڕکێی حەوت جار (ڕاکردن) و
حەوت جار (خولانە)وە بە چواردەوری زەویدا
بە چواردەوری زەویدا
حەوت جار ڕاکردن و
حەوت جار خولانەوە.....
زەبەلاحترین هاوڕێ
فیتنەساز لە نێوان من و ئەودا
٧
ئەو گوڵانەی بۆ من و ئەوت کڕیبوو
هەر زوو.. هەموویان لە بەردەم یەکتردا... بەبۆنکەوتن
بۆیە لەمەودوا
بۆ کردنەوەی هیچ دەرگایەکی باخچە
کەس مەنێرە بەدومدا
کەس
کەس
کەس بەدومدا مەنێرە
کەس
کەس
تازە..... من
دەستی ڕاستمم لە وێنەیەکی خۆرنشینی ئێوارەیەکی زستاندا نوقم کرد و
دەستی چەپیشم
لەگەڵ دەستی (ڕەشەبا) تێکەڵ کرد



ئەی کە دەزانیت
هەموو بەیانییەك خۆر بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە هەڵدێت
بۆ خاڵی نابیتەوە.... بۆ؟
ئەی خائینترین... خائننشینی هاوڕێم
هێندە نابات
کەمێکی تر دەبیستی
کە من بەقەد پێوانەی ئەم زەوییە دووردەستە
(سێو)م لەسەر جەستەی خۆم... شاردووەتەوە و
یەك یەك توڕیان دەدەمە دەریاوە
ئێستا بۆ تۆ..
ڕەخساوترین (هەل) ئەوەیە
کە بێیت بۆ لام
تۆ لەودیوو پەنجەرەوە دانیشیت و
من لەمدیوی هەمان پەنجەرەوە دانیشم
دەفتەری بەتاڵی یادەوەرییەکانی خۆمت بۆ هەڵبدەمەوە و
لە دووتوێی هەر پەڕەیەکیدا
ئەو کەسانەت بۆ سەرژمێربکەم
کە (ئەو)یان بە هەموو جۆرەکانی ئەشکەنجە (سزا) دابوو
بەڵام نەمزانی ئەوانە کێ بوون... بۆ خاتری دۆزینەوەی من
هەموو ئەو بەردە چکۆلانەیان
بە ڕەنگی خوێنی ئەو ڕەنگکرد
کە دانە دانە خرابوونە شوێن پێکانی منەوە
ئەو بەرلەوەی بە یەکجارەکی بێت
بۆ سڕینەوەی بوونی تۆ
بۆنی هەموو ئەو درەختانەی لە سینەدا هەڵگرتبوو
کە لە ڕووبارەکاندا خنکابوون
ئەو کە بۆنی هەموو درەختە خنکاوەکانی
لە سیبەکانیدا پاشەکەوت کرد
ئیدی جێی کەسەر و حەسرەتە
کە تۆ
بە ناوی منەوە ڕۆشتیتە قوڵایی بیابان...



# دەق



لەوێ
هەردوو دەستی ئەوت
لەسەر سندانێکی بریقەدار دانا و
٨
ئاسنگەرانی زیندانەکانت لێ هاندان
ئەو ئاسنگەرانەی هەموو تەمەنیان
لە پێناو.....
دروستکردنی تەلبەندەکانی سەر (سنوور) و
تەلبەندەکانی ناو (باخچە)
بردبوونە سەر
ئاسنگەرانێك شەو و ڕۆژ
کاریان..... تەنها و تەنها
دروستکردنی شیشەکانی (زیندان) و
(خەستەخانە) و (قەفەزەکان) بوون
×××
ئەی ئەوەی زۆربەی ڕۆژەکانی خۆتت
بۆ دابەشکردنی جامە پڕ خوێنەکان و
دۆلکە پڕ لە گوولەکانی سەرسنوور..... تەرخان کرد
بمبەخشە.....
هیچ سزایەکی تۆ
لەسەر
هیچ شوێنێکی جەستەم تۆمارنەبوو
چونکە...
بەرلەوەی هەردوو قاچم
لە بەردەم یەکەمین تەختەڕەشی یەکەمین قوتابخانە
دابنێت و
دارتاشە تابووتسازەکان بکەیت بە گژما و
دوو دارشەقم بدەیتە دەست
من......
تامی یەکەمین لەتەوردانی درەخت و
تامی یەکەمین ئەشکەنجەی ئادەمی و





تامی یەکەمین لەپاچدانی (زەوی)م کردبوو
ئەو کاتەشی
وێنەی یەکەمین دۆڕانی (قا مچی)م
لە سەردەرگای یەکەمین مۆزەخانە کێشا
کاتێ بەر یەکەمین جەستە دەکەوت
چ گەمژانە
چاوەڕێی لەتوپەتبوونی منیان دەکرد
تا ئێسقانەکانم بکەنە شمشاڵ بۆ جوانکردنی مۆزەخانە
×××
سەیرمکە............. برۆ
بەو (ژەنەڕاڵە) کاریکاتۆرییانەی چواردەوریشت بڵێ
کە من یەکەمین سەربازی (مێژوو) بووم
بێ ئەوەی لە هیچ جەنگێکدا بەشداربم
قاچی چەپم... لە داتەپینی یەکەمین سەنگەردا جێهێشت
وای زەبەلاحترین هاوڕێ
هەرگیز دەستەکانم
وەك دەستەکانی تۆ خاڵی نەبوون
زۆر جار هەوام گرتووە و
داومە بە وێنەی ئەو کەسە خنکاوانەی
لە ناو ئەلبوومی دەریادا... ئەرشیفکراون
٩
ئەو ئەلبوومەی ڕۆژگارێ
لە ناو تابووتێکی بەتاڵدا
بۆ دەریام ڕەوانەکرد
×××
نازانم....... نا!
لەمبەری شەقامەوە بۆ ئەوبەری شەقام و
لەوبەری شەقامیشەوە بۆ ئەمبەری شەقام
بۆ دەبێ باخەوانەکان
هەریەك
بە دوو سەتڵی سووری پڕ لە گوڵاڵە سوورەوە



## دەق

دەرکەون و
لە کاتی پەڕینەوەی تۆدا
لە ناو
شوێنپێکانتا...... ڕۆی بکەن
بۆ دەبێ.... بۆ..... بۆ....... بۆ؟
من و ئەو
کە ڕۆژی سەدان جار.... (مەرگ)
بە خۆی و
دەیان سەبەتەی پڕ لە دەسکێشی بەردینەوە
بە سەر جەستەماندا هەڵبگەڕێن
هەقمانە
سڵ لە هیچ شمشێرێکی کولی دەستی تۆ نەکەینەوە
کە سیخوڕەکانت
لە پێناو چنگکەوتنی
(مشتێ هەناسە)ی
بەسەرچووی ناو (چەکمەجە) ژەنگاوییەکانت
لە کێلان بەرزی دەکەنەوە
بەرامبەر بە ئێمە.....
خاڵیبەوە... خاڵی
من نازانم
لە گەمژەیی خۆتە یان ئەوان
کە خۆت
بە پاڵەوانی ئێرە و ئەوێ دەزانی
کەچی سەرانسەری ڕۆحیشت پڕپڕە لە پەشیمانی
×××
دۆڕاوترین پاڵەوانی هاوڕێم
وا باشترە
بە ستایشکردنی ئەوان حوکم نەکەیت
باشترە هیچ نەڵێیت.... هیچ
ئێواران..... دوور دوور
نیشتمان جێبهێڵە و

لەسەرخۆ.. زۆر لەسەرخۆ
پشت لە ئاوەدانی بکە و
سەیری خۆڵە تەڕوبڕەکەی بەردەمت بکە
بزانە
سێبەرە خواروخێچە سوورهەڵگەڕاوەکەت
١٠
چ.. جۆرێ ڕاکشاوە
چ.. جۆرێ بانگی یار دەکات
چ جۆرێ باس لە خەونەکانی خۆی دەکات بۆ ئاوێنە
چ جۆرێ ماچت دەکات
چ جۆرێ دەگری
چ جۆرێ پێدەکەنێ
کە تینووی دەبێت
چۆن بانگت دەکا و
قووم قووم ئاوەکەی دەستت دەخواتەوە
چ جۆرێ باس لە نەمریی (من) بۆ (خودا) دەکات
چ ڕاکردنێك ڕادەکات
بەسەر سێبەری بە پەیکەربووی ئەواندا
کە بەیانیش هات
بە بەیانی باشەوە
بگەڕێوە گەڕەك و
وریاتر سەیرکە...
بزانە....
ئەمجارەیان (سێبەرەکەت)
لەسەر دیواری بەرماڵەکەتا
چ سپی... سپی هەڵگەڕاوە و
چ باڵایەك تەمەننا دەکات
چ گۆرانییەك دەخوازێ
لە کاتی فەنابوونی حەقیقەت و مردنی خۆتا بیچڕێت
چ جۆرە بەردێکی دەوێت
لە کاتی دەرکەوتنی



## دەق

مانگ و
خۆر و
ئەستێراندا......... بیهاوێژێت
×××
فاشیلترین جواننانسی هاوڕێم
وا چاکترە
دەست نەبەیت بۆ یەخەی یاخیخوازەکان
چونکە ئەم زەوییە
کە تۆ...
پێ بە پێ و
لەپ بە لەپ و
لێو بە لێو
برینی تیا دەچێنیت
دەمێکە لە ژوورێکی ئەواندا ڕاکشاوە و
برینپێچیی بۆ دەکەن
تکایە... تکا
دەست مەبە بۆ (یەخەی)یان
چونکە ئەوان هەموو جارێ
لە کاتی کوێربوونی خۆر... ڕووناکی و
لە کاتی سوتانی شەو......... تاریکی و
لە کاتی خنکانی دەریا......... هەناسە و
لە کاتی سەرشکانی مانگ........ تریفە و
١١
لە کاتی سوتانی گەرما................ ئاگر و
لە کاتی ڕەقبوونەوەی باران............. ئاو و
لە کاتی قفڵلێدانی هەوا..................... ژیان و
لە کاتی گوولەبارانکردنی گوڵەگەنم..... مەرگ و
لە کاتی شکانی کاتژمێری سەدەکان.......... زەمەن و
لە کاتی نووقمبوونی خاك....
وشکانیی بۆ قەرز دەکردین
×××



خاڵیبەوە لەو وەفا بەسەرچووانەی خۆت
کە بۆنی کوشتنی لێدێت
ئەی ئەوەی لە ژێر فشاری نە رجسییەتی خۆت و ڕییاسازیی ئەواندا
لە ناو گشت وێنەکانی ڕابردوودا
جێی خۆت کردووەتەوە
وادەزانی ڕابردوو
ئەو پەنجەرە قەموورە برینداره‌یە
کە دەیکەیتەوە ژوورەکەت پڕدەبێ
لە سێبەری بەهەیبەتی ئەسپەکان و
سێبەری بەلاداکەوتووی دارچنارەکانا
نازانم..
بە چ پێوەرێك من و ئەوت
بەراودی
پاڵەوانە دەستکرد و مقەبابییەکانی ڕابردوو کرد
لە کاتێکدا.... ئەو ڕابردووە
شووشە شیرێکی پڕ لە ژەهربوو
کاتێ کە هەمووان هاتینە دونیاوە...... درایە دەستمان
درایە دەستمان
درایە دەستی.... هەموو هەموومان..... هەموو هەمووومان....



# کاتژمێری تەمەن و ئەفسانەی تەنیاییم

ناڵە حەسەن

١

کاتژمێری تەنیایی من
لەنێو بێهودەییم ئاوس بووە
تك تك
بێشکەی نیگەرانیەکانم ڕادەژەنێ و
تەمەنم ناخوێنێتەوە

٢
من هەموو دوای نیوەڕۆیەك
تەنیایی خۆم لە باخچە جێدەهێڵم
جارجارەش لە پەنجەرەوە سەیری دەكەم
بە تایبەت ئەو دەمانەی
لەگەڵ پەپوولە مێیەكان سەما دەكات

٣
من حەز دەكەم
تەنیاییم بە جۆرێك ڕابێنم
نە وەك خۆم شەرمن بێت
نە وەك جەلادێكیش
لە هیچ شتێك نەسلەمێتەوە

٤
من باكم بەوە نیە كە ناچمە بەهەشت
بەڵام زۆر حەزدەكەم
تەنیاییم لە بەهەشتدا
تا ئەبەد بمێنێتەوە

٥
من شەوانان
لەگەڵ تەنیاییم ناخەوم
نەوەك
خەونە ئیرۆسییەكانم لێم بتۆرێن

٦
من كە دەڕۆمە دەرەوە
تەنیاییم لەگەڵ خۆمدا نابەم
نەوەك
فریشتە پرشنگییەكانی خۆرەتاو

دەق


شەرم لە نیگاکانم بکەن

٧
من هەمیشە
دەفتەری یادەوەریی تەنیایی خۆم
لە ژنەکەم دەشارمەوە
نەوەك
گومان لە کۆدەکانی نێو شیعرەکانم بکات

٨
من کە دەگەڕێمەوە نیشتمان
تەنیایی خۆم
لە غوربەتدا
لە کەنار دەریایەك جێدەهێڵم
نەوەك
کچۆڵە ڕۆح شەبەنگییەکانی لای خۆمان
لەنێو گۆشە تاریکەکانی تەنیایی
پرچی سپی بهۆننەوە

٩
من کە بیر لە تەنیایی دایکم دەکەمەوە
ڕقم لە تەنیایی خۆم و
لە هەموو شتێکی تەنیا دەبێتەوە

١٠
من هەندێکجار
جلەکانی تەنیایی مانگ لەبەردەکەم
تا تەنیایی خۆم نەمناسێتەوە
یا دەبم بە میوانی تەنیایی خودا
تا تەنیایی خۆم نەمدۆزێتەوە



١١
گەر جارێکیتر
برووسکەی عەشق
لە نێو خەونەکانی من
پەیدا بێتەوە
بەر لە هەرشتێك
ئاگر لە تەنیایی خۆم و
لە تەنیایی
هەموو مرۆڤەکانی تر بەردەدەم

١٢
چەند وەرزێکە
لە سەر ڕووی گەڵایە هەڵوەریوە تەنیاکان
وێنەی تەنیایی خۆم دەکێشم
تا زیاتر لە تەنیایی مێیینەی درەخت
نزیك ببمەوە

١٣
هەرکاتێك باس لە خۆکوشتنم دەکەم
ئەوە کەسێکی تەنیایە لە نێو مندا
نەك خۆم

١٤
ئەگەر تەنیاییم
لە شێوەی شەشپالوێك خۆی بنوێنێ
ئەوا مردن تەنها دیوێکیەتی

١٥
هەرشەوێك
تریفەی مانگی تەنیایی تۆ دەربکەوێ
تەنیاییم لە هەر جێگەیەك بێت



بەبێ شەرم خۆی ڕووت دەكاتەوە
خۆی لە جوانیی تەنیایی تۆ دەئاڵێنێ

١٦
شووشەی دڵی تەنیایی من
كە هەتا ئێستاكە نەشكاوە
ئەوە لە چاوەڕوانی
مەریەمێكی تەنیای
لە خۆم تەنیاترە

١٧
لەو ڕۆژەوەی
تۆ كاتژمێری تەنیایی منت كردۆتە دەست
لەو ڕۆژەوە من نازانم
لە نێو كام وەرزی دۆزەخم

١٨
حەیف ...
تۆ ئەو مرۆڤە تەنیایە نەبوویت
كە نهێنیی تەنیاییەكەی خۆتت
لە نێولەپی تەنیایی من دەنووسییەوە
تۆ ئەو شەهرەزادە عاشقە نەبوویت
كە تەمەنی هەزار و یەك شەوەی تەنیایی خۆت
بە نووری تەنیایی من ڕووناك بكەیتەوە



١٩
من دەمەوێت
لە نێو تەنیایی تۆدا بمێنمەوە
بەڵام، لەنێو تۆ نا
من ئێستاكەش
ئیرەیی بە جوانیی تەنیایی تۆ دەبەم

بەڵام، جوانی تۆ نا

٢٠
هۆ کچە تەنیاکە
من هەمیشە حەزدەکەم
تەنها تۆ تەنیا بیت
هیچ کەسی تر نا
من هەمیشە حەزدەکەم
تەنیایی خۆم لە خاچ بدەم
بەڵام، تەنیایی تۆ نا

٢١
لەو ڕۆژەوەی
تۆ منت خستە نێو دڵی خۆتەوە
ئەوە تەنیاییت بوو
نەك حەزی خۆت
لەو ڕۆژەوەی
منیش تۆم لەنێو دڵی خۆم تووڕهەڵداوە
ئەوە حەزی خۆم بوو
نەك تەنیاییم ..!

٢٢
من گەورەترین هەڵەم کرد
کە ڕێگەم دا
بارانی تەنیایی خۆم
بەسەر کێلگە تێنووەکەی
تەنیایی تۆ و
بەسەر ملوانکەکەی
نێو مەمکۆڵەکانت ببارێت
کە ڕێگەم دا
تەنیاییم



کڕنووش بۆ تەنیایی تۆ ببات
عاقیبەت
تەنیایی تۆ بوو بە جەلاد و
تەنیایی منیش
بوو بە کۆیلەیەکی ئەبەدی ..!

٢٣
هۆ کچە تەنیاکە
دەتوانیت بگەڕێیتەوە
من خۆم نا
تەنیاییم بیری تەنیایی تۆ دەکات
دەتوانیت بگەڕێیتەوە
من و تۆ نا
با تەنیاییمان
لەگەڵ یەکدا جووت ببنەوە
وەکو تاڤگە
بڕژێنە نێو جەستەی خاکەوە
وەکو ماسییە کۆچەرییەکان
لەنێو دڵی ئاو
ڕەشماڵێك بۆ خۆیان هەڵبدەن
وەك پەیامبەرێکی عاشقیش
کتێبە پیرۆزەکانی عەشق بنووسنەوە
ئەوکات،
با کاتژمێری تەنیاییمان
هەر مردنمان بخوێنێتەوە...!





# مانیڤێستی عەشق
# یان
# بۆنی سەفەر

**عەبدوڵڵا سلێمان- مەشخەڵ**

ئەترسم نەتوانم دوا شیعری مانیڤێستی عەشقم بنووسم
نەتوانم داوای لێبووردن لەو جگەرەیە بکەم
کە بڕیار بوو بەدەم ڕێکردن بەنێو لالەزارەکانی خەما بیکێشم و نەمکێشا!
چەند لە سەفەرە کتوپڕەکان ئەترسم چەند
کتوپڕ وەك کۆچی دوایی فانۆسێکی وڵێبووی نێوان ڕێگەکانی خۆشەویستی و ماڵئاوایی
کتوپڕ وەك هەڵوەرینی قژی دار و چاوی گەڵا
وەکو کۆچی پایزێکی پڕ لەزەردبوون و لەوەرین
خۆ بڕیار بوو باران دەستی لەدەستما بێ
پەنجەکانی بەنێو خەونەکانمدا بگێڕێ و بڕۆی گەڵایەك هەڵبگرێ
چاویلکەیەك بداتە دەست پەڵەهەورێکی چاوکز و
نینۆکی وێنەیەك بکات


# دەق

خۆ بڕیار بوو پەیکەرێك لە پێکەنین بێ و
مۆمیکی پشت کۆم بکا بە کەفیلی خۆی تا لە ڕۆژانی کۆتایی هەفتەکانا
بڕوا خۆی تەواو مەست بکا و بۆ کچە نیمچە ڕووتەکان
ئەو بەسەرهاتانە بگێڕێتەوە کە کەس ناوێرێ باسیان کات
بەسەرهاتی هەڵقرچاندنی هەور و باڵکردنی گۆرانی و چاوبڕکێکردن لەگەڵ نائومێدی
بڕیار بوو بەو ڕۆژنامانە گوزەر بکەم کە بەسەر پردەکانی
وشەوە بەرەو سێبەرە وشکبووەکان دەپەڕنەوە
پەرستارێك لە بۆن بێت و مێینەیی باران ببا بۆ حونجەکردنی ڕەنگ و
ئایەتولکورسی سەرکێشی و تەزویرکردنی مردن و سەرسامکردنی بێدەنگی.
×××
لە تەمومژترین بەیانی بنار کێوە سپییەکانی نائومێدیم
دوو حیکایەت دەبنە باڵ و سەرم ئەبێ بە گۆی زەوی و
چاوەکانم بە پەنجەرە
هەتا ئەچم تەنیاییەك ئەدۆزمەوە هەر کتومت لە خۆم بچێ
هەتا بۆنێك ئەدۆزمەوە هەر لە بۆنی سەفەر بچێ
هەر لە بۆنی شیعر و فڕینی تۆ بچێ
بۆنی سەفەر، تەنها و تەنها وێنەکانی ناو ئەلبوومە بێنازەکان ئەکا بە نیشتمانی خۆی
بۆنی سەفەر لە بۆنی باڵندە ئەچێ، لەو بۆنانەی دایکم ئەچێ
کەباوکم لە زویربوونی وەرزەکانا بۆی هێنابوو
بۆنی سەفەر کێڵگەکانی خەونی کردم بە دارستانی تەنیایی
قژی داری ئاڵۆسکاندم و
نیشتمانی بردم دایە دەستی پۆلێك مەلی ڕەنگاوڕەنگی ئاسمانەکانی خەیاڵم
دایکم هەتا مرد هەر دەیوت «ئای لە بۆنی ماڵئاوایی. وەی لە بۆنی جیابوونەوە»
×××
دایکم مرد و دڵی نەهات بۆنی سەفەر هەڵبمژێ
دایکم مرد و نەیهێشت باوکم لە نهێنیی خۆی و بۆنی سەفەر بگات.
دایکم بۆنی لەنێو ئەنگوچکی کراسەکەی ئەشاردەوە
چەندجار ئارابخا بینیبووی لەژێر درەختە قژ پژنەکە بۆنی
زەرد و بۆنی سەوز و بۆنی سووری شاردۆتەوە
چەندجار بە فێڵی ئاوهێنان بە تەنەکە بۆنی حەوشە و
هۆدەکانی بردۆتە لای مەشخەڵەکەی باوەگوڕگوڕ

دایکم بۆنناسێکی سەیر و کچێك بوو پڕ لە تریفە و
زمانی گوڵ دەزانی.
×××
خەونێکی بۆنکردوو بە بۆنی تەڕایی سپێدەکان
ڕۆژێك تەمی بۆن ئەیپۆشێ
کۆڵانەکان پڕ ئەبن لە فریشتەی بۆن
سەرتاپای خەون ئەبن بە چۆلەکە و ئەفڕن
سێبەر ئەبێ بە باڵندە و دار هەنارەکان لە دەوری ماڵی گومان ڕیز ئەبەستن
کانییەکان بە پرتاو هەڵدێن، تووڵەڕێگە ئەبێ بە مار
شاخەکان ڕەنگ و بۆی بیابان ئەگرن و ئاسمانیش ئەبێ بە قەقنەس
ئا ئەو ڕۆژە زریکەیەك بایەقووش زارەترەك ئەکا و هەتاوێك دێ و بۆ هەمیشە خەون ئەبارێ
×××
سترانێکی ڕەنگاوڕەنگ دێ و کلافەیەك پەلکەزێڕینەی لەگەڵە
چاوی شیعرێك ماچ ئەکات و
کراسێکی لە تەمی بۆن لەبەر دایە و نامەیەکی لە بۆن پێیە
«لەنێوان تۆ و شەنگەبیترین گوڵە جوانەکانی باخچەی خەیاڵ
لەنێوان تۆ و شەرابیترین سەرمەستی عەشق
لەنێوان تۆ و نەرمترین لەرینەوەی مۆسیقای ڕۆح
لەنێوان تۆ و خۆم، تۆم هەڵبژاردووە، ئەی درەوشاوەترین ئەستێرەی شەوە کاڵەکانی ئومێدم
ئەی ئاوازی سەفەر و بێکۆتایترین ڕێگەم
وەرە.. وەرە با ختووکەی «با» بدەین
با کێڵگەکانی ژیان پڕ بێ لە زاقوزیقی سەرخۆشیمان
با لە درزی ڕووناکییەوە بچینە نێو نووری خوا
با لە دەلاقەی باوێشکی ڕووبارەوە پەی بە کونوکەلەبەری ڕازەکانی ماسی بەرین
با بە سواری کەشتیی دوودڵییەوە زەریاکان بەرین بۆ میوانی دەریاچە تاك و تەنیاکان.
ئەی گوڵە بەیبوون با بڕۆین لەسەر پشتی هەورێك زەماوەند ساز بکەین».
×××
لە بێدەنگیی بۆن و شیعرا هەر بەتەنها عەشق هەیە
ژووان لەگەڵ ڕووناکی بگرێ و بۆنیش بکات بە دەزگیران
پێکەنینی باخچە ببا بۆ سەر گردی پەشیمانی
لە پەنجەرەی گومانەوە پاساریی خەم لەسەر دەستی بچکۆلانەی بفڕێنێ

شمشێری خۆر بەدەستەوە و بچێتە شەڕی شەوەکان
سێبەرەکان بنێرێ بۆ ئاواییەکانی ئیمان و باوەڕە مەچەك زبرەکان
×××
وا لەنێوان شیعر و بۆن و تاراوگەیا
لەنێوان خەون و سەفەرا خەریکە نیشتمان ئەکا بە خۆشەویست
بۆن خەریکە قەسیدەیەك لەسەر تەنافی عەشق هەڵئەخا
مانیفێستی خۆشەویستی ئەنووسێت و
لەو بەرزاییە کاکی بەکاکییەی خەیاڵا، بێدەنگی ئەینووسێتەوە
هەموو ڕۆژێ ئەبێ بە وشەی بێدەنگ و
ئەڕژێ بەسەر شان و ملی چیرۆکێکی فەرامۆشکراو
لەژێر چرپەی ئەو نهێنییە ونبووانەی ڕۆژگارەکان
ئەبێت بە شووشەی هەورێکی سپی چەشنی خەونە سادەکانی مناڵ
ئەبێ بە شەوە تریفەییەکانی غەریبی و بە جریوەی چۆلەکەکان
بە ترپەی پێی ڕەوەندەکانی سەرشەختە و ماڵئاوایی نەورەسەکان
ئەبێ بە هاییا هاییای نەیتیقەکانی خۆرئاوا
ئەبێ بە خۆی، بەڵام تەنها لەخۆی ناچێ.
×××
لە چاوی بۆنەوە سەفەر کەشتییەکە بێ سەرنشین
مانگ ژنێکە سوێند بەسەری بۆن ئەخوات و زووش زووش ئەچێ بۆ پرسەی ئەو بەرانپیلەی
گرێکانی خۆی بەخشییە خەنجەرێکی خاڵی لە سوێند و لە گرەو
خاڵی لە گۆرانی و مراز
فرمێسکێکیش بەر لەوەی چاوی خۆشەویستی جێبێڵێ
پێش ئەوەی سەفەر بۆنی کات
لەبۆنی نیشتمان ترسا و هەڵاتە باوەشی خەیاڵ
فرمێسکێك پاشماوەی تەمی سەر ڕوومەتی بۆنە خەونێك
فرمێسکێك هەر لەسەر باڵی «با»دا هەیە و هەر لە ئاوێنەی خەمەوە جوان ئەبینرێ
فرمێسکێك غەرق لە خۆشەویستی و ترس و شەرم
بە چاوانی ڕۆژگارەوە ورد ورد بەسەر لاشەی عەشقمەوە هاتە بارین
هاتە بارین و تا ئێستاش هەر بە لێزمە دێتە خوارێ.

ڤانکۆڤەر / کەنەدا
٢٠١٠-٠٩-١٦



# شیعری جیهانی

**لە ئینگلیزییەوە: ئازاد ئەحمەد**

**شاعیرو چیرۆكنووسی ئەرجەنتینی**
**خۆرخێ لویس بۆرخیس**
Jorge Luis Borges (١٨٩٩-١٩٨٦)

## من و بۆرخیس

ڕووداوەكان بەسەر ئەویدی دا دێن، كە ناوی بۆرخیسە. من لە شەقامەكانی بۆینس ئایرسدا پیاسە ئەكەم و بۆ ساتێك ئەوەستم، ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ كە ڕاهاتووم، ئەڕوانمە تاقی

هـۆڵ و شیـشـەکـانـی دەروازەیـــەك. مـن لە ڕێـی نـامـەوە بۆرخیس ئـەناسم، نـاوەکـەی لە لیستی پـڕۆفیسـۆرەکـان یـاخـود فـەرهـەنـگـی بایـۆگـرافیدا ئەبینم. من حەزم لە کـاتژمێری لم و نەخشە و چاپەمەنیی سەدەی هەژدەهەم و تامی قاوە و پەخشانەکانی ستیڤنسنە. ئەویش هەمان شت، بەڵام بێهودە، وەکو ئەکتەرێك تەمسیل بکات وایە. ڕەنگە زیادەڕۆیی بکەم گەر بڵێم پەیوەندیمان دوژمنکارانەیە؛ من ئـەژیـم، بـەر بـۆ ژیـان بـەرەڵا ئـەکـەم، تاکو بۆرخیس بـەدەوام بێ لە ئـەدەب، ئەدەبەکەی پاساوی منە. بۆ من ئەستەم نییە ددانـی پیا بنێم کە ئـەو هـەنـدێ لاپـەڕەی گـرنـگـی ئەنجامداوە، بەڵام ئەم لاپەڕانەی ئەو ڕزگارم ناکەن. ڕەنگە لەبەر ئەوە بێ کە شتی باش موڵکی کەس نییە، تەنانەت موڵکی ئەویش نییە، بەڵکو موڵکی زمـان و کـەلـەپـوورە. سەرباری ئەوەش، من مەحکومی نەمانم بۆ هەتایە، تەنیا ساتێکی من لەودا ئەمێنێتەوە. من هێدی هێدی هەموو شتێك بەو ئەسپێرم، گەرچی تەواو ئاگاداری بەدڕەوشتیی ئەوم لە کاری ساختەکاری و قەبەکردنی شتەکان. سپینۆزا ئەیزانی هەموو شتەکان تامەزرۆی ئەوەن ببن بە خۆیان، بەرد ئەیەوێ بۆ هەتایە ببێتە بەرد، پڵینگ بە پڵینگ. منیش هەر لە بۆرخیسدا ئەمێنمەوە، نەك لە خۆمدا (گەر ڕاست بێ من کەسێك بم)، بەڵام من لە کتێبەکانی ئەودا کەمتر خۆم ئەناسمەوە وەك لە کتێبی کەسانی دی، یان لە یاریکردن بە ژێیەکانی گیتارێك. ساڵانێك لەمەوبەر، هەوڵم دا خۆمی لێ ڕزگار بکەم، لە ئەفسانەی گەڕەکەکانی قەراغ شارەوە ڕۆیشتم بۆ گەمەکردن لەگەڵ زەمەن و ئەبەدییەت، بەڵام ئێستا ئەم گەمانە موڵکی بۆرخیسن، من ئەبێ بیر لە شتی دی بکەمەوە. بەم جۆرە، ژیانم بۆتە هەڵاتن، هەموو شتێکم لەدەست چووە، هەموو شتێك هی بیرچوونەوەیە، یان هی ئەوە.

من نازانم کاممان ئەم لاپەڕەیەی نووسیوە.

**شاعیری چێکی: میرۆسلاڤ هۆلۆب**
**Miroslav Holub** (١٩٢٣ - ١٩٩٨)

# وێستگەی تونێل

ئەم ئێوارەیە، مستەر هاوەرد. تی. لویس-ی بێ ئەدرێس، خەمبار و شەکەت، بە پاڵتۆیەکی کەوە و شەپقەیەکی قاوەیی، لەکاتێکدا بڕیاری دا هێڵی شەمەندەفەری «برووکلاین



میرۆسلاڤ هۆلوب

- مانهاتن کەنارسی لاین» بگرێتەبەر، لە دواوێستگەی هێڵی «٨ ئەڤینیوو»دا، تووشی پیاوێکی پاڵتۆ کەوە و شەپقە قاوەیی هات. روخساری خەمبار و شەکەتی هەمان روخساری مستەر هاوەرد. تی. لویس بوو. لەهەمان کاتدا، لای بەربەستی ئەوسەری پلاتفۆرمە چۆڵەکەدا، پیاوێکی پاڵتۆ کەوە و شەپقە قاوەیی، بە ڕوویەکی خەمناکەوە وەستابوو. روخساری هەمان روخساری مستەر هاوەرد. تی. لویس، دەبەنگانە ئەیڕوانییە خوار ئەو پەیژە پیسوپۆخڵەی، پیاوێکی شەپقە قاوەیی لێ وەستابوو، خەمبار و شەکەت، روخساری وەك روخساری مستەر هاوەرد. تی. لویس.

پاشان، لە توێی تەختە رزیوەکانی دەرگایەکی بازنەییدا ژنێك دەرکەوت، شەکەت و خەمناك، بێ ئەدرێس، بە جانتایەکی دەستی و شەپقەیەکی قاوەیی، روخساری وەکو روخساری هەموو پیاوان، بێگومان بە مستەر هاوەرد. تی. لویسیشەوە. هەروەها ترپەی پێی دوور و ترپەی پێی نزیك، دڕدۆنگ و خنکاو، ترپەی پێی ئەو تارماییانەی چەماونەتەوە لەبەر خەم، رەنگهەڵبزرکاو لەبەر تیشك، ترپەی پێی مستەر هاوەرد. تی. لویس بوون. ترپەی پێ، لە ئەدرەسێکی نادیارەوە بۆ ئەدرەسێکی نادیار. جاروباریش، دەرگا بازنەییەکە دیسان، بە جوولەیەکی خێرا، ئەسووڕایەوە، وەك ئەوەی سەرێك بکەوێتە ناو سەبەتەیەك. یاخود لەودیو بەربەستەکەوە تارماییەکی بێ جێندەر و بێ ئەدرێس دەرئەکەوێ. بەڵام، وەکی دی، کوتومت لە مستەر هاوەرد. تێ. لویس ئەچوو. ترپەی پێ ئەبیسترا، سەر، تەختەداری دەرگا بازنەییەکە، مەودا، تیشك، تونێل؛ بە دەنگێکی بەرزەوە بووی وەڕس، هەموو لووش کرانە ناو تابلۆی «٨ ئەڤینیو»، «٨ ئەڤینیو»، «٨ ئەڤینیو».

کاتێ شەمەندەفەر رۆی، بایەکی گەڕۆك لاپەڕەکانی رۆژنامەیەکی پەرتوبلاو کردەوە، کە تیایدا راپۆرتێك لەسەر پیاوێکی بێ ئەدرێس، بێ چارەنووس، بێ ناسنامەی، پاڵتۆ کەوە و شەپقە قاوەیی، خەمبار و شەکەت، بڵاوکرابووەوە.



**شاعیری سکۆتی: ئایڤۆر کەتلەر**
**Ivor Cutler** (١٩٢٣ - ٢٠٠٦)

# واشەری سپرینگ

حەز ئەکەم ببم بە هەڵۆ، بەڵام نەک مشکی
نەکوڵاو، باڵندەی بچووکی بە دەنووک
هەلا بووی ژێر چڕنووکەکانم بخۆم،
ئەو دەنووکەی بە بوڕغی و نەت و واشەری
سپرینگ بە روومەتمەوە بەستراوە.



**شاعیری بەریتانی: ئیەن ماکمیلن**
**Ian McMillan** (١٩٥٦-)

# ١٠ شت لە گیرفانی جادووگەرێکدا دۆزرایەوە

شەوێکی دەیجوور
هەندێ وشە، کە کەس بۆی حینجە ناکرێ
پەرداخێکی پڕ لە ئاو
فیلێکی زەبەلاح
یەلەگێکی چنراو بە داوی جاڵجاڵۆکە
دەستەسڕێك بەقەد پارکێکی ئۆتۆمۆبیل
لیستەی حیسابی دوکانی کەلوپەلی جادووگەری
سەتڵێکی پڕ لە ئەستێرە و هەسارە
تا لەگەڵ شەوی دەیجووردا تێکەڵ بکرێ
کیسەیەکی پڕ لە نەعنای تەلیسماوی کە بۆ هەتایە بیمژی
کەروێشکێك ئەپرخێنێ.

**سەرچاوەکان:**


شیعرەکەی بۆرخیس:
The ECCO Anthology of International Poetry – Edited by Ilya Kaminsky and Susan Harris of Words Without Borders – New York ٢٠١٠

شیعرەکەی میرۆسلاڤ هۆلوب:
Miroslav Holub – Although –Translated into English by Ian and Jarmila Milner – London ١٩٧١

شیعرەکەی ئایڤۆر کەتلەر:
Ivor Cutler – Is That Your Flap, Jack? – Arc Publications - Lancashire ٢٠٠٠

شیعرەکەی ماکمیلن:
The Works – Chosen by Paul Cookson – London ٢٠٠٠

**تێبینی: وەرگێڕانە ئینگلیزییەکەی شیعرەکەی بۆرخیسم لەگەڵ وەرگێڕانە عەرەبی و تورکییەکەیدا بەراورد کردووە.**



# خۆزگە درەخت بوومایە!

## چەند پارچە شیعرێکی شەهاب موقەربین لە کتێبی فیکەلێدان لە تاریکیدا

**لە فارسییەوە: مەریوان هەڵەبجەیی**

خۆزگە درەخت بوومایە
زمانی زمانی بێدەنگی دەبوو
تا لە بێدەنگیی تۆ تێدەگەیشتم



## وەرە با دیسان فریو بخۆین...

وەرە با دیسان فریو بخۆین
تۆ فریوی قسەکانی من و
منیش فریوی نیگای تۆ
مەگەر ژیان دەیەوێ چیمان بداتێ
تا تۆ چاو لەسەر من هەڵگریت و
من
نەڵێم
خۆشم دەوێیت

## بتەوێت یا نەتەوێ...

بتەوێت یا نەتەوێ
لەناو دڵمایت
ئێستا هەڵبژێرە
دەتەوێت ترپەی ژیان بیت یان گوللەیەک



## کاتێك بیر لە مەرگ دەکەمەوە...

کاتێك بیر لە مەرگ دەکەمەوە
دەزانم
دەبێت بیر لە ژیان بکەمەوە
کاتێك بیر لە ژیان دەکەمەوە
دەزانم
دەبێت بیر لە تۆ بکەمەوە
نازانم
چی بکەم

## وەرە پێکەوە ماڵێك دروستبکەین...

وەرە پێکەوە ماڵێك دروستبکەین
بێ ئەوەی دەرگایەکی بۆ دەرەوە هەبێت
تەنیا دەلاقەیەك بەسە
تا لێیەوە بڕوانینە شەقام و پێبکەنین
بەم بەندکراوە سەرگەردانانە



# من، خەون بە جیهانێکەوە دەبینم

بژاردەیەك لە شیعرەكانی (لانگستۆن هیوز) شاعیری قوولەڕەشی ئەمریكایی

**لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان**

من، خەون بە جیهانێكەوە دەبینم
لەوێدا مرۆڤ بە چاوی سووك تەماشای مرۆڤێكی دی ناكا
لەوێدا خۆشەویستی شكۆ دەبەخشێتە زەوی و
ئاشتی ڕێیەكانی دەنەخشێنێ
من، خەون بە جیهانێكەوە دەبینم
لەوێدا هەمووان شیرینیی ڕێی ئازادی دەناسن،
لەوێدا چاوچنۆكی چی دیكە هێز لەبەر ڕۆح نابڕێ

چاوبرسێتییش ڕۆژەکانمان تووشی وەیشومە ناکا.
جیهانێك من خەونی پێوە دەبینم تیایدا ڕەش یا سپی،
هەچ ڕەگەزێك ببیت،
پشکی دڵئاوەدانییەکانی زەوینت بەردەکەوێ
و گشت مرۆڤ ئازادە،
لەوێدا کڵۆڵیی سەری خۆی هەڵدەواسێ
و خۆشبەختیی، مینا مرواریییەك،
لەتەك پێویستییەکانی گشت ڕەگەزەکانی مرۆڤدا دەبێ
بەم چەشنەیە خەونی پێوە دەبینم، جیهانی من!



## بێدەنگی

من لە شێوازی بێدەنگیت تێدەگەم
بەر لەوەی بئاخفێ.

پێویستییم بەوە نییە
وشەیەك ببیستم.

لە بێدەنگیتدا
هەر تۆنێك، کە بەدوایدا دەگەڕێم
دەبیسترێ.

## گۆرانییەکان

لەوێندەر دانیشتم، گۆرانیم بۆ دەگوت
گۆرانییەکان لە تاریکیدا.

ئەو گوتی:
‹لە وشەکان حاڵی نابم.›

من گوتم:
‹ئەوانە وشە نین.›

## خەڵکانی من
شەو دڵگرە،
هەروەها ڕووخساری خەڵکانی منیش.

ئەستێرەکان قەشەنگن،
هەروەها چاوانی خەڵکانی منیش.

جوانە، هەم، خۆر
جوانن، هەم، ڕۆحی خەڵکانی من.

## وەختێك من پیر دەبم
کاتێکی دوور و درێژی لەمەوبەر بوو.
خەریکبوو خەونەکەمم لەیاد دەچووەوە.
لێ ئەوەبوو دواتر،
لەپێشچاومدا
-درەوشایەوە چون خۆرێك
خەونەکەم.
و پاشان دیوارێك بڵندبووەوە،
بڵندبووەوە بەهێواشی،
بەکاوەخۆیی،
لەنێوان من و خەونەکەمدا،
-بەرزبووەوە تا دەستی لە ئاسمان گیرکرد
دیوارەکە.
تارمایی.
من، قوولەڕەشم.
لەناو تارمايييەکەدا هەڵاژیام.
چی دیکە ڕۆشنایی خەونەکەم لەپێشچاومدا نەما
لە ژوور سەرمدا نەما.
تەنیا دیوارە ئەستوورەکە.
تەنیا تارماییەکە.



## دەق

دەستەکانم!
دەستە ڕەشەکانم!
دیوارەکە سەراپا پارچە پارچە بکەن!
خەونەکەم بدۆزنەوە!
کۆمەکمکەن ئەم تاریکییە هەپرون بە هەپرون بکەم،
ئەم شەوە وردوخاش بکەم،
ئەم تارمایییە تێکبشکێنم
بەرەو هەزاران پرشنگی خۆر،
بەرەو هەزاران سوڕی خەونەکانی هەتاو!

### قایلبوون

خودا لە ژیریی بێئەندازەی خۆی
-منی زۆر ژیر نەخولْقاند،
کەوایە وەختێك ڕەفتارەکانم گەمژانەن
بەزەحمەت خودا تووشی سەرسوڕمان دەکەن.

### گۆرانی بارانی نیسان

با باران ماچتکا
با باران بە دڵۆپە تەڕە زیوییینەکانییەوە بدا لە تەوقی سەرت
لێگەڕێ باران لایلایەیەکت بۆ بڵێ
باران، چاڵاوە مەنگەکانی لەسەر شۆستەکە دروستکردووە
باران، چاڵاوە ڕەوانەکانی لە زێرابەکەدا دروستکردووە
باران، لە شەودا گۆرانییەکی کەمێك خەواڵوو لەناو ساپیتەکەماندا دەچڕێ
و من خۆشییم لە باران دێ.

### هەروەها، منیش

منیش گۆرانی بۆ ئەمریکا دەچڕم
من، برایەکی ڕەشترم.
وەختێ هاوەڵان دێن،
من دەنێرنە موبەق بۆ نانخواردن



لێ من، دەخەنم
و بەباشی دەخۆم
و بەهێز دەبم.

سبەینێ،
وەختێ هاوەڵان دێن
من لەسەر مێزەکە دەبم.
کەس بوێریی ناکا
بە من بڵێ:
«لە ناندێن نان بخۆ،»
لەو کاتەدا.

لەپاڵ ئەوەشدا،
ئەوان دەبینن چەند دڵگرم و
-شەرم دایاندەگرێ

منیش، ئەمریکاییم.

**سەرچاوە:**
/ttp://www.poemhunter.com/Langston-hughes

**جەیمس لانگستۆن هیوز (١٩٠٢-١٩٦٧)**

لە ‹جۆپلن›ی ویلایەتی ‹میسۆری› لەدایک بووە. ئەندامی خێزانێکی پاڵپشتیکەری لابردنی بەندایەتیی قوولەڕەشەکان لە ئەمریکا بووە. ‹هیوز› دەچێتە قوتابخانەی سێنترالّی دواناوەندی لە کلێڤیلاند›ی ویلایەتی ‹ئۆهیۆ›، لێ لە پۆلی هەشتەمدا دەبێ، کە دەست دەکا بە شیعرنووسین، و وەک شاعیری پۆل دیاریدەکرێ. و سەروەختی چوونە زانکۆی، باوکی پارەی خوێندنی ‹زانکۆی کۆلۆمبیا›ی بۆ دەدا، تا بچێت ئەندازیاریی بخوێنێ، بەڵام سەرکەوتوو نابێ و دواتر دەست بە شیعرنووسین دەکاتەوە. یەکەمین شیعری بڵاوکراوەی، کە یەکێکە لە شیعرە بەنێوبانگەکانیشی، ئەم شیعرەیە —قوولەڕەش قسە بۆ ڕووبارەکان دەکا- .

هیوز، بەتەنیا شاعیر نەبووە، بەڵکو چیرۆکنووس، شانۆنامەنووس و وتارنووسێکی باشیش بووە، زۆرێک لە کارەکانی لە گۆڤارەکانی NAACP, Crisis Magazine, Opportunity Magazine و زۆر گۆڤاری دیکەدا بڵاوکردۆتەوە.

دەق

هیوز، لەژیانی خۆیدا گەڕیدەیەکی باش بووە زۆر وڵاتان گەڕاوە؛ لە ساڵی ١٩٢٣ دا چووە سێنیگال، نێجیریا، کامیرۆن، کۆنگۆ، ئەنگۆلا و گینیا لە ئەفریکا، و پاشان بۆ ئیتالیا، فرەنسا، رووسیا و ئیسپانیا.
ئەسپێکتێکی دیکەی ژیانی ‹هیوز› موزیک بووە و لە ‹واشینتۆن دی.سی› بەردەوام دەچووە یانەکانی موزیکی ‹جاز-jazz› و ‹بلوز-blues› و هەر لەوێندەریش زۆر جاران هەبووە شیعری نووسیوە!
لانگستۆن هیوز، نووسەرێکی پڕبەرهەم بووە و لەماوەی بڵاوبوونەوەی یەکەمین کتێبیدا لە ساڵی ١٩٢٦، تا مەرگی لە ساڵی ١٩٦٧، تەواوی ژیانی خۆی بۆ نووسین و وانەوتنەوە تەرخان کردوە و لەو نێوەندەیشدا؛ شازدە کتێبی شیعر، دوو ڕۆمان، سێ کۆمەڵە کورتە چیرۆک، چوار بەرگ لە ‹ئامادەکردن› و ‹دۆکۆمێنتاری›، بیست شانۆنامە، شیعری منداڵان، میوزیکی و ئۆپێرایی، سێ کتێبی ئۆتۆبایۆگرافی-ژیاننامەیی، یەک دەرزەن ڕێنووسی ڕادیۆ و تێلیفزیۆنی و دەرزەنێک وتاری ناو گۆڤارەکان! لەمەیش زیاتر، هیوز، حەفت ‹ئەنتۆلۆجیا-anthology›ی ئامادە کردووە.

**کرۆنۆلۆژیای کارەکانی؛**

- بلووە ماندووەکان، ١٩٢٦
- نەک بەبێ پێکەنین، ١٩٣٠
- دایکە قوولەڕەش و خوێندنەوە دراماتیکییەکانی دیکە. ١٩٣١
- خەونپارێز، ١٩٣٢
- زەریای گەورە، ١٩٤٠
- شەیکسپییەر لە هارلێم، ١٩٤٢
- مەودای سەرسوڕمانەکان، ١٩٤٧
- بلیتی یەک ڕێ، ١٩٤٧
- یەکەمین کتێبی جاز، ١٩٥٥
- سەرم لە گەڕانی خۆم سوڕماوە، ١٩٥٦
- تەمبوورەکان بەرەو شکۆ، ١٩٥٨
- شیعرە هەڵبژێردراوەکان، ١٩٥٩
- خەزێنەیەکی ئەفریکایی، ١٩٦٠
- باشترین بەبنەچە هەژار و پلەوپایە نزمەکان، ١٩٦١
- شیعری ئەفریکاییە قوولەکان، ١٩٦٣
- شاعیرە نوێیە قوولەکان؛ لە ئەمریکا، ١٩٦٤
- باشترین کورتە چیرۆکەکانی نووسەرە قوولەکان، ١٩٦٧

ئەمانە و چەند بەرهەمێکی دیکەیشی هەن، کە پاش مەرگی خۆی بڵاوبوونەتەوە.
لانگستۆن هیوز، لە ڕۆژی ٢٢ی مەی-ی ساڵی ١٩٦٧ بەهۆی شێرپەنجەوە ماڵئاوایی لە دونیای قوولە ڕەشەکان کرد!



# پەیکەری ست ڕافۆن

**کاروان عومەر کاکەسوور**

**(هیچ شتێك لە ڕێگەی خەیاڵەوە ناکرێت، بەڵکو هەموو شتێك لە خەیاڵ دەکرێت).**
**جیل دۆلۆز، کتێبی ئیمپیریسیزم و سەبگێکتیڤیتی: گوتارێك لەبارەی هیۆم لەمەڕ سرووشتی مرۆڤەوە.**

ئەگەر بڵێم ڕۆژێک لە ڕۆژان ویستوومە شتێک لەبارەی (دیدار شێرکۆ)وە بزانم، ئەوا بێگومان ڕاست ناکەم، بەڵام هەمیشە ئەوەم لا ڕوون بووە تەنیا لە ڕێگەی ئەو کوڕەوە دەتوانم بگەمە هەندێک لە نهێنییەکانی (ست ڕافیدە) و لە بەشێکی ئەو ژیانە سەیروسەمەرەیەی تێبگەم، کە لەو دەوروبەرەی خۆیان بە (ست ڕافۆن) ناسراوە... کەواتە با نەیشارمەوە من بۆیە هەوڵم داوە پێوەندی لەگەڵ ئەو کوڕە دابمەزرێنم، تاکو

به هۆی ئەمەوە لەو نزیک بکەومەوە... دەزانم تۆ ئەگەر ئەو ژنەت نەدیبێت، نەخێر، باشتر وایە بڵێم ئەگەر تۆ ئەو مرۆڤەت نەناسیبێت، (هەرچەند تاکو ئەم ساتەیش ناسینی زۆر زەحمەتە)، ئەوا هەست دەکەیت وشەی (ڕافۆن) دەنگدانەوەیەکی نێرانەی هەیە و بۆ ئەو ناشێت، بەڵام من خۆم چونکە لە نزیکەوە دیومە، بەوەی بەردەوام هاتووەتە سالۆنەکەم و بەم دەستانەم قژیم بڕیوە، ئەوا دەزانم نازناوێکی ئاوا، با نەڵێم ناتۆرەیەکی لەم شێوەیە، پڕ بە پێستیەتی... بە مانایەکی تر هەردوو وشەی (ست)ی مێ و (ڕافۆن)ی نێر پێکەوە دەتوانن سیمای ئەو پێشان بدەن... ڕاستییەکەی من هەر کاتێ دەمویست وەک ژنێک بیهێنمە بەرچاوم، ئەوا هەندێک هەڵسوکەوتی نێرانەی دەبوونە بەربەست و ئەو وێنەیەیان لێ دەگۆڕیم، بێ ئەوەی ڕێگەیان دابم وەک پیاو سەرنجی لێ بدەم... ڕەنگە ئەمە هۆکاری سەرەکی بێت لەوەی من ویستوومە بە هەر شێوەیەک بێت لە نهێنیی ئەو مرۆڤە سەیرە تێبگەم... دەزانم ئەوەیش وای دەکرد هەر لە سەرەتاوە هێندە شەرمی لێ بکەم، ئەگەرچی هەمیشە هەوڵم دەدا بەسەر ئەو شەرمەمدا زاڵ ببم و لە ماوەی ئەو سەعاتەی سەری خۆیی پێ دەسپاردم، بەو مەبەستەی بیڕازێنمەوە، ئەوا کۆمەڵێک پرسیاری لێ بکەم، کە دوورونزیک پێوەندییان بە قژبڕین و ئارایشتەوە نەبوو، بەڵکو دەمویست بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بچمە ناو ژیانە تایبەتەکەی و کەمێک زانیاریی لێ بە دەست بهێنم... هەوڵم دەدا بزانم ئاخۆ ئارەزووی هاوبەشمان هەیە، تاکو لەو ڕێگەیەوە خۆمی لێ نزیک بکەمەوە و لە دەرەوەی ئەو پێوەندییەوە، پێوەندیی دیکەی لەگەڵ دابمەزرێنم، بەڵام هەرگیز سەرکەوتوو نەبووم، چونکە هەموو ئەو ئارەزووانەی من هەمن، لای ئەو شتی پووچ بوون... ئەگەرچی ڕاستەوخۆ وای پێ نەدەگوتم، بەڵام کاتێ لە بۆچوونەکانی ورد دەبوومەوە، ئەوەم بۆ دەردەکەوت... بۆ نموونە باسی شیعر، شانۆ، چیرۆک و ڕۆمانم دەهێنایە گۆڕێ، بەوەی خۆم پێوەندیم پێیانەوە هەیە و جار جار چیرۆکی کورت کورت دەنووسم... ئەو دەیگوت ئەوانە لەسەر سۆز دادەمەزرێن و سۆزیش ئەو شتەیە، کە من دەمەوێت خۆمی لێ بە دوور بگرم... ئیتر من هیچم بۆ نەدەمایەوە، ئەوە نەبێت لە ڕێگەی دیکەوە هەوڵ بدەم شتی هاوبەشی تری نێوانمان بدۆزمەوە... هەرچەند زیاتر لەم ڕووەوە هەستم بە نائومێدی دەکرد، پتر شەیدای دەبووم و هێندەی دیکە ئەو دوورییە دڵی هەڵدەقرچاندم... دواجار بۆم دەرکەوت ئێمە بێجگە لەو سالۆنە هیچ شتێکی تر کۆمان ناکاتەوە، کەچی هێشتا کۆڵم نەدەدا... ڕەنگە نەچێتە ئەقڵەوە کاتێ دەڵێم لەبەر خاتری ئەو حەمامێکی بچووکم لەو سووچە دروست کرد، تاکو بیبەمە ئەوێ و بە بیانووی شووشتنی، سەرجەم جلەکانی لە بەر دابکەنم، کە نایشارمەوە مەراقی هەرە گەورەم ئەوە بوو بە ڕووتی بیبینم... باوەڕم پێ بکەن لە سەردەمی هەرزەکاریمدا هێندە پەرۆشی بینینی کوڕی ڕووت نەبووم وەک ئەوەی بەردەوام ئاواتم دەخواست (ست ڕافۆن) بەبێ جل خۆیم پێشان بدات... بەڵام ئایا یەک جاریش ڕازی بوو...؟ نەخێر، هەرچەندی هەوڵم لەگەڵی دەدا و بە درۆ پێیم دەگوت لە گۆڤارێکی ئەمریکیدا خوێندوومەتەوە، کە پێویستە دوای بڕینی قژ یەکسەر هەموو جەستە بشۆرێت، یان وام دەردەخست هەندێک شامپۆی نایابم لە فرەنساوە

بۆ هاتووە و دەمەوێت کۆستمە تایبەتەکانمیان پێ بشۆم، بەڵام ئەو هەر شانێکی هەڵدەتەکاند و بەو دەنگە سەیرەی، کە نە لە هیی ژن دەچوو و نە لە هیی پیاو؛ دەیگوت:

ــ ناتوانم لە بەرچاوی مێینەدا خۆم ڕووت بکەمەوە.

جارێکیان ڕێگەم بە خۆم دا و بە ناوی گاڵتەوە لێیم پرسی:

ــ دیارە دەتوانیت لە بەرچاوی نێرینەدا خۆت ڕووت بکەیتەوە...؟!

ماوەیەک بەو گلێنە گەورانەی لێم ڕاما و بزەیەکی سەیری کرد، کە ئاسان نەبوو لەوە تێبگەم، ئاخۆ مانای ناڕەزایی دەگەیەنێت، یان وەڵامێکی دۆستانەی ئەو گاڵتەیەی منە... ڕاستییەکەی من هێندە پێم لەسەر ئەوە دادەگرت، کە دەمەوێت جارێک لەم شوێنەی خۆم ڕووتی بکەمەوە و بیشۆم، تاکو گەیشتە ئەوەی گومانم لێ بکات، بەڵام لەو سنوورە مایەوە و بڕیاری نەدا ئیتر نەیەتەوە لام... ڕەنگە هۆکاری وازنەهێنانەکەیشی ئەوە بووبێت هیچ کەسێکی تر وەک من نەیدەتوانی قژی بەو ستایلە بۆ ببڕێت... پێشەوی کورت و زوڵفەکانی کورتتر، بەڵام دواوەیم کەمێک بۆ درێژ دەکرد، بێ ئەوەی بهێڵم سنووری ملی تێبپەڕێنێت... بەڵێ، لە شێوەی ماسی پێشانیم دەدا... ئاوێنەیەکی خڕم لە پشتی سەری ڕادەگرت، تاکو لەو ئاوێنە لاکێشەییەی بەردەمی ئەو گۆڕانکارییانەی ئەودیوی خۆی بە چاکی ببینێت... ئەوسا بە حاڵ لێوە باریکەکانی دەجووڵاند و دەیگوت:

ــ ڕێک ئەو ستایلەیە من ویستوومە و هەر ئەمەیشم لێ دێت، سۆزان خان.

ئەوە وای لێ دەکرد هێندەی دیکە وەک بوونەوەرێکی سەیر دەربکەوێت، کە نە لە ژن بچێت و نە لە پیاو، بەڵام هەرگیز نەبێتە کەسێکی نێرەمووکیش... ڕەنگی قژی وەک تەمەرایند خۆی دەنواند، کە لەگەڵ ئەو پێستە سپییەیدا زۆر جوان ڕێک دەکەوت و تا بڵێی سەرنجڕاکێش دەیخستە بەرچاوان... هەمیشە ڕەشی دەپۆشی، بە ڕادەیەک مرۆڤ وای دەزانی تەنیا یەک دەست جلی هەیە... پانتەڵۆنێک و کراسێک لە وەرزەکانی بەهار، پاییز و هاویندا، بەڵام زستانان چاکەتێکیشی لە هەمان قوماش لەبەر دەکرد، کە ئەمە هێندەی دیکە ئەو سیمایەی لە سیما باوەکانی شار جیاواز دەردەخست، بە تایبەتی ئەو باڵای لە هیی منیش بەرزتر بوو، بەڵام هەمیشە پێڵاوی فلاتی هەڵدەبژارد... بێگومان هیی ڕەش، نەوەک ڕەنگێکی دیکە... زستانان بووتی درێژ و وەرزەکانی دیکە سەندەڵی چەرم... دەکرا بڵێم ئەمەیش جۆرێکە لەو فێڵانەی پەنای بۆ دەبات، تاکو ڕێگە لە هەر چاوێک بگرێت، کە مەبەستیەتی شتێکی لێ تێبگات... دەمزانی بە خۆڕایی نییە بەو ڕەنگە خەڵووزییە خۆی دادەپۆشێت، ئەو ڕەنگەی دەتوانێت وەک پاسەوان لە سەرنجەکان بیپارێزێت... ڕوونتر بڵێم، ڕەنگی ڕەش خەسڵەتی فریودەرانەی هەیە و پاڵ بە بینەرەوە دەنێت کۆمەڵێک لێکدانەوەی جیاوازی بۆ بکات، بێ ئەوەی بهێڵێت لەسەر یەکێکیان جێگیر ببێت... تاکە ڕەنگە نەک هەر دەتوانێت تەعبیر لە خۆشی و ناخۆشی بکات، بەڵکو پێی دەکرێت لەنێوان هەردووکیشیاندا خۆی بنوێنێت... دوای ئەوەی زانیم ئارەزووی نیگارکێشانی هەیە، ئەوا زیاتر ئەوەم لە دڵ چەسپی، کە ئەو بە خۆڕایی نییە ئاوا ئەو ڕەنگە تۆکمەیەی وەک پاسەوان لە

## دەق

بەردەمی جەستەی داناوە... ماوەیەک هەوڵم دا لە ڕێگەی دراوسێکانییەوە هەندێک زانیاری لەبارەیەوە کۆ بکەمەوە، بەڵام ئەوەی دەستم کەوت مایەی نائومێدی بوو، بەوەی بۆم دەرکەوت ئەو نەک هەر پێوەندیی لەگەڵ هیچ یەکێ لە دانیشتووانی گەڕەک نییە، بەڵکو کاتێ بە لای ئەوانەیشدا تێدەپەڕێت، کە تەنیا دیوارێک ماڵەکانیان جیا دەکاتەوە، سەری هەڵنابڕێت، نەوەکا چاوی بە چاویان بکەوێت و دوور لە خواستی خۆی بزەیەک لەسەر لێوی بڕوێت... نابێت لێرەدا ئاماژە بە خاڵێکی تر نەدەم، ئەویش ئەوەیە، ئەوان سەرەڕای ئەوەی خەفەتیان لەو هەڵسوکەوتانەی دەخوارد، کەچی هێشتا بە کەسێکی مرومۆچیان نەدەزانی، بەڵکو تێیاندا هەبوو وەک من ئاواتی دەخواست ڕۆژێک بتوانێت بانگی بکات و لە باخەکەیان چایەک پێکەوە بخۆنەوە... هەندێکیان ئێرەییان بە من دەبرد، کە لەو ساڵۆنە دەمبینی و قژیم بۆ دەبڕی... هەر زوو بۆم دەرکەوت من لە هەموویان زیاتر لەبارەی ئەو ژنەوە دەزانم، بۆیە ئەوان دەیانویست لە ڕێگەی منەوە لەو بوونەوەرە سەیرەی گەڕەکیان تێبگەن... کاتێکم زانی وا بەشێکی زۆریان هامشۆی ساڵۆنەکەم دەکەن و زوو زوو بە مەبەستی بڕینی قژ و ئارایشت دێنە لام... سەرەتا لەو نهێنییە تێنەدەگەیشتم، بەڵام دوایی بۆم دەرکەوت دەیانەوێت هیچ نەبێت جارێک لەوێی ببینن و گوێ لە قسەکانی بگرن... خوێندکارەکانی سوێندیان دەخوارد لە دەرەوەی پۆل یەک وشە چییە لەگەڵیاندا ناڵێت... کاتێ دەمگوت بەم گوێچکانەی خۆم لە دەمیم بیستووە گوتوویەتی حەز لە ئەدەب ناکەم، چونکە لەسەر سۆز دامەزراوە و سۆزیش ئەو شتەیە من دەمەوێت خۆمی لێ بە دوور بگرم، ئەوان باوەڕیان نەدەکرد، نەخێر، باوەڕیان نەدەکرد ئەوەندە قسەیەی بەسەر یەکەوە کردبێت، یان باوەڕیان دەکرد و وەک ڕووداوێکی سەیر لێکیان دەدایەوە... (ست ڕێزان)ی دەستەخوشکی منداڵیم، کە دراوسێی لای چەپی بوو و لە هەمان قوتابخانەی ئەویشدا وانەی کیمیای دەگوتەوە، پێی گوتم لە ژووری مامۆستایان لە تەنیشتی دادەنیشێت، بەڵام تاکو ئێستا چوار قسەیان پێکەوە نەکردووە... بێگومان تاقە جارێکیشی بیر نەدەکەوتەوە لەو کۆڵانە وشەیەکی پێ گوتبێت... دیواری نێوانیان هێندە نزم بوو، دەیانتوانی سەری یەکتر بە چاکی ببینن، بەڵام ئەوە بە کەڵکی هیچ نەدەهات، مادام ئەو هەر لە بنەڕەتەوە بڕیاری دابوو چاو نەبڕێتە چاویەوە... ویستم بزانم گلەیی لێی هەیە، کەچی بە پێچەوانەوە دەیگوت ئەوە هونەرێکی گەورەیە مرۆڤ لە ڕێگەی بێدەنگییەوە شارێک بە خۆیەوە سەرسام بکات... نایشارمەوە بێ ئەوەی مەبەستی بێت بەو گوتەیەی هەندێک ئازاری دام، بەوەی نەمدەویست هیچ کەسێکی تر بێجگە لە خۆم پێی سەرسام بێت و بیخاتە ژێر چاودێرییەوە... گوتی ئەو ناوی ناوە (ست ڕافۆن)، نەک بۆ ئەوەی بیشکێنێت، بەڵکو تەنیا وەک گەمەیەکی زمانەوانیی چێژبەخش، بەڵام مامۆستای ئینگلیزیی قوتابخانەکەیان بەوەیشەوە نەوەستاوە و بۆ (ست ڕاپۆن)ی گۆڕیوە... کاتێ پرسیم:

ـــ ئەمەیان بۆ...؟!

ئەو بزەیەکی کرد و ماوەیەک سەری داخست... نەمزانی ئەو وشەیە مانای چییە، بەڵام بۆم دەرکەوت نایەوێت پێمی بڵێت، بۆیە لەسەری

نەڕۆیشتم... هەر (ست ڕێزان) جارێکیان پێی گوتم ئەوەی وای لە (ست ڕافۆن) کردووە شوو بە پیاوێکی دەرەوەی شارەکەی بکات، دیسان دەچێتە خانەی ئەو شێوازی بیرکردنەوە تایبەتەیەوە، بەوەی نایەوێت لەگەڵ هیچ کەسێکی نزیکی خۆی پێوەندیی هەبێت... ئەگەرچی (ست ڕێزان) و من کچی یەک کۆڵان بووین و تاکو قۆناغی ئامادەییش لە تەنیشت یەکتر دادەنیشتین، بگرە هەموو وایان دەزانی خوشکین، بەوەی ئەویش ناوی باوکی (جەمال) بوو، بەڵام دوای ئەوە لە یەکتر دابڕاین، چونکە ئەو لە زانکۆی بەغدا وەرگیرا و من ئەم ساڵۆنەم دانا... ساڵی جارێ یان دوو جار دەهاتە لام، تاکو قژی بۆ ببڕم... بە هۆی ئەو مەسەلەیەوە جارێکی تر یەکمان گرتەوە... ئیتر من بیانووم بە دەستەوە بوو سەردانی بکەم و لە نزیکەوە هەوڵ بدەم لە ژیانە تایبەتەکەی (ست ڕافۆن) تێبگەم... کاتێ مێردەکەیم بینی، هێندەی دیکە مەراقم بۆ نزیکبوونەوە لەو ژنە زیادی کرد، چونکە زانیم ئەویش بە دەوری خۆی بوونەوەرێکی سەیرە... شێوەی زیاتر لە ژن دەچێت وەک لە پیاو، تەنانەت ناوەکەیشی سیمایەکی ژنانەی هەیە... نەدەکرا باز بەسەر ئەم پرسیارەدا هەڵبدەم: ((بۆچی ئەو کەسەی هەڵبژاردووە...؟!))... ((بەڵێ، بۆچی ئەوە و یەکێکی تر نا...؟!))... هەر زوو لە زمانی (ست ڕێزان)ەوە زانیم (نیهال) ئەگەرچی کوردە، بەڵام لە بەغدا گەورە بووە و کوردی نازانێت... نەوەی یەکێ لەو خێزانانەیە، کە ساڵی (١٨٦٩) ڕوویان لەو شارە کردووە... باپیری باوکی ڕاوێژکاری (مەدحەت پاشا) بووە، ئەو والییەی ویستوویەتی چاکسازی لە دامودەستگاکانی دەوڵەتی داڕووخاوی عوسمانیدا بکات... (نیهال) یەک سەدەی ڕێک دوای ئەوە، واتە ساڵی (١٩٦٩) و لە تەمەنی بیستساڵیدا بۆ ئەم شارە گەڕاوەتەوە، تاکو لەگەڵ (ست ڕافۆن)دا ماڵ پێکەوە بنێت... هەر (ست ڕێزان)یش پێی دەگوتم ئەو بە پێچەوانەی هاوسەرەکەیەوە کەسێکی کۆمەڵایەتییە و زۆر تێکەڵی خەڵک دەبێت، بەڵام هەرگیز بە لای پێوەندیی خۆی و ئەودا ناچێت، بگرە هەر ناویشی ناهێنێت... خۆ کاتێ یەکێ لەبارەی ئەوەوە پرسیاری لێ بکات، وای پیشان دەدات گوێی لێ نەبووە، یان دەڵێت وا چاکترە ئەو پرسیارە لە خۆی بکەن، هەتا ئەگەر پرسیارەکە شتێکی زۆر ئاساییش بێت... کاتێکیش یەکێک بڵێت:

_ ئینجا خۆ ئەو قسە لەگەڵ کەس ناکات.

ئەم سەری با دەدات و دەڵێت:

_ وا نییە، دە ئاخر وا نییە، بەڵام ئێوە نازانن بیدوێنن.

دوای ئەوە دەمی دادەخات و یەک وشەی دیکە لەبارەیەوە نادرکێنێت... دەبێت ئەوەیش بگوترێت، (نیهال) کاتێ لەگەڵی بە ڕێگەدا دەڕوات، وەک ئەو لە کەس ناڕوانێت و وەڵامی سەڵاوەکانیشیان ناداتەوە... ئەو گوتانەی (ست ڕێزان) تەفرەیان دام... بۆ ئەوە پاڵیان پێوە نام بە هەر شێوەیەک بێت پێشنیاز بکەم خانووەکەمان بگۆڕینەوە، تاکو من زیاتر لە (ست ڕافۆن) نزیک ببمەوە، ئەگەرچی دەمزانی ئەو دەستەخوشکەی منداڵیم گومانی نامێنێت من مەبەستێکی زۆر گەورەترم لەوە هەیە، کە تاکو ئێستا هێناویەتییە بەرچاو... بەڵێ، سوور دەمزانی ئیتر وای بۆ دەچێت لە خەیاڵی خۆمدا پلانێکی ئیبلیسانەم بۆ ئەو دراوسێیەی داڕشتووە

و دەمەوێت بە هەر شێوەیەک بێت جێبەجێی بکەم، بەڵام پێم لە جەرگی خۆم نا و ئەو پێشنیازەم خستە بەردەمی... ئینجا بەو مەبەستەی تەفرەی بدەم، خێرا پێیم گوت:

ــ تاکو هەستیش نەکەیت لەو ئاڵوگۆڕەدا زیانت کردووە، ئەوا ئامادەم چی پارەم هەیە بیخەمە ناو دەستت.

ئێستایش لە بیرمە کەی و لە کوێ ئەو باسەم هێنایە گۆڕێ... ئێوارە بوو... جلە شۆراوەکانی سەر تەنافی حەوشەی دەبردە ژوورێ، کە هێشتا بۆنی هەتاوی ئەو بەهارەیان لێ دەهات... بەرگی لە سەرینەکە هەڵدەکێشا و چەرچەفەکەی لەسەر ئەو دۆشەگە ئەستوورە دادەخست، لە کاتێکدا پشیلە ڕەشە تووکنەکەی لەژێر تەختی نووستنەکە سەری دەردەهێنا و یاریی بە پووزە سپییە ڕووتەکانی دەکرد... ماوەیەک دەستی بە چاویەوە گرت و متەقی لە خۆی بڕی، کە ئەمە منی لە شەرمێکی گەورەدا هەڵکێشا، بەوەی دەمزانی ڕێک لە مەبەستەکەم تێگەیشتووە و وەکو ئابڕووچوونێک لەسەرمی حیساب دەکات... دوایی پشیلەکەی هەڵگرت و وێنەی منداڵی ساوا بە سنگییەوە نا... بێ ئەوەی لە چاوم بڕوانێت، گوتی:

ــ ئێمە هەردووکمان بێ مێرد ماوینەتەوە و بە تەنیا دەژین، هەردووکیشمان بڕیارمان داوە جارێکی تر نەچینە باوەشی هیچ پیاوێکەوە، بۆیە من وای بە چاک دەزانم تۆ خانووەکەی خۆت بفرۆشیت، یان بە کرێی بدەیت و بێیت لەم ماڵە لەگەڵ من بژییت.

ئەگەرچی بە دڵم نەبوو، چونکە نەمدەویست لە پێناوی ئەو دەستەخوشکەمدا دەست لەو تەنیاییەی خۆم هەڵبگرم، کە لە ماوەی ئەو چەند ساڵەدا هەندێک سەربەستیی پێ دەبەخشیم، لە کاتێکدا وام هەست دەکرد لەو تەنیاییەدا چانسم بۆ گەیشتن بە (ست ڕافۆن) زیاترە، بەڵام نەدەکرا ڕازی نەبم، چونکە هیچ ڕێگەیەکی تر نەبوو بمهێنێتە نزیکی... نازانم بۆچی وای بۆ چووم (ست ڕێزان) زۆری لە ژیاندا نەماوە و دوور نییە بەم زووانە ڕووداوێکی چاوەڕواننەکراو کۆتایی بە تەمەنی بهێنێت... ئەمە لە کوێوە هات...؟! نازانم، کە نایشارمەوە لە لایەک ئازاری دام و لە لایەکی تر......، (نا، ئاسان نەبوو لەو لایەیان تێبگەم، ئاخۆ خۆشییە، یان چی...!! چونکە هاوکات لە مەرگی خۆیشم ترسام، بەوەی ئێمە ژیانمان لە یەکتر دەچوو... گوتم کێ دەڵێت هەر ئەو ڕووداوە نابێتە هۆی تێداچوونی ژیانی خۆیشم...!! ترسام، بەڵێ، زۆر ترسام... پێشتر هەرگیز هێندە نەشڵەژا بووم... دەتگوت دەستم لە قوڕگی ناوە و دەمەوێت بیخنکێنم)... ڕاستییەکەیشی من تاکو دەهات زیاتر بۆ (ست ڕافۆن) دەسووتام و هەستم دەکرد بەرگەی دوورییەکەی ناگرم، بێ ئەوەی لەوە تێبگەم بۆچی هێندە بەو ژنە بێدەنگە سەرسامم، لە کاتێکدا یەک خاڵی هاوبەشمان نییە و سووریش دەزانم ئەو نایەوێت لە دەرەوەی ساڵۆن پێوەندیی دیکەمان هەبێت، ئەگەر نەک ببمە دراوسێی، بەڵکو ببمە کرێچیی و لەناو ماڵەکەیشیدا بژیم... دەبێت ددان بەوەیشدا بنێم، لە کاتی ئەو ئاڵوگۆڕەدا، خۆمم هێندە بچووک و بێمانا هاتە بەرچاو، قێزم لە هەموو شتێک بووەوە... بۆ یەکەمجار ئاخم بۆ ئەوە هەڵکێشا، کە ئاوا بە ئاسانی چارەنووسی خۆمم بە خووێکی هێندە پووچەوە گرێ داوە... ویستم بچمە دەرێ و تێر تێر بگریم، بەڵام دەمزانی ئەو گریانە

زیاتر وام لێ دەکات هەست بە چۆڵیی ناخم و پووچیی دنیا بکەم... هەرگیز بیریشم نەدەکەوتەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەگەڵ (ست ڕێزان) بڕیاری ئەوەمان دابێت ئیتر بیر لە شووکردن نەکەینەوە، بەڵام کاتێ وای پێ گوتم، نەمتوانی هیچ بڵێم... مەبەستم ئەوەیە ئەو باسەمان نەکردبووەوە، ئەگینا من نکووڵی ناکەم، کە بڕیارێکی ئاوام دابوو... لەمەوە تێگەیشتم ئەوە بڕیاری ئەویشە... بە منداڵی هەستێکی سەیرم لە ئاستیدا هەبوو، کە وام دەزانی ئێمە هەردووکمان یەکێکین و لە شێوەی دوو کەسدا دەردەکەوین... دوای ئەوەی ئەو قسەیەی پێ گوتم، ئەو هەستەی منداڵی لە ناخمدا سەری هەڵدایەوە و گەیشتمە ئەو باوەڕەی ئێمە ئەگەر یەک کەسیش نەبین، ئەوا پێوەندییەکی ڕۆحیی سەیرمان پێکەوە هەیە، بۆیە مێژووی ژیانیشمان لە هیی یەکتر دەچێت... هەندێجار دەمگوت ئەمە تەنیا ڕێککەوتە، بەڵام هاوکات دەمپرسی ئایا ئەوەیش ڕێککەوتە، کە مێردی هەردووکمان ئەفسەرن...؟! جیاوازییەکە ئەوەیە، (ست ڕێزان) بە ئارەزووی خۆی شووی پێ کرد و من بە هۆی گەمژەیی، یان لەبەر خۆپەرستیی (سیامەند)ی خاڵم پێیەوە بەند کرام... هەندێجار بە خۆم دەڵێم ئەو خاڵەم هەرگیز مەبەستی ئازاردانی من نەبوو، بەڵکو وەک من خووی بە شتی پووچەوە دەگرت، بۆیە دەمەوێت بیبەخشم... ئێستا بیبەخشم و نەیبەخشم، ئەو دەمێکە لەم دنیایە نەماوە... ئەگەر ڕۆژگارێ چیرۆکێک لەبارەیەوە بنووسم، ئەوا بێگومان دەبێت باسی پیاوێک بکەم شێتی سینەمایە و هەموو ئاواتی ئەوەیە بگاتە میسر، بە مەرجێ تاقە خوشکەزاکەیشی لەگەڵ خۆی ببات... پێش ئەوەی بچێتە ئەوێیش، دەبێت ئەو کچە لەسەر هەموو ئەو هونەرانە ڕابهێنێت، کە بۆ ئەکتەرێکی لێهاتوو پێویستن... ڕاستییەکەی ئەو لە میسر زیاتر شێتی ئەمریکایە، بەڵام لە لایەک زمانی ئینگلیزی بە چاکی نازانێت و لە لایەکی تر گەیشتن بەوێ زۆر سەختترە، بۆیە ئەو وڵاتەی ئەوپەڕی باکووری ڕۆژهەڵاتی ئەفریکا و ئەوپەڕی باشووری ڕۆژئاوای ئاسیای خستووەتە خەیاڵی خۆی و بەردەوام خەونی پێوە دەبینێت... باوەڕی وایە لەسەر ئەم زەمینە دوو جۆر مرۆڤ هەن، مرۆڤی جێگیر و مرۆڤی بزۆک... مرۆڤی جێگیر، ئەوەیە لەو شوێنە گەورە دەبێت، کە تێیدا لە دایک بووە... کەسێکی شەرمنە و هەمیشە گوێ بە دەوروبەر دەدات... لە پێناوی ڕازیکردنی ئەوانی تردا دەست لە هەموو ئارەزووەکانی هەڵدەگرێت، بگرە هەر لە بنەڕەتەوە نایەوێت ئارەزووی هەبێت، بەڵام مرۆڤی بزۆک، یان مرۆڤی جووڵاو، ئەو شوێنە جێ دەهێڵێت، کە تێیدا لە دایک بووە، تاکو پشت لە شەرم و پارێزەکانی بکات و گوێ بە هیچ کۆنترۆڵێک نەدات... دەڵێت مرۆڤی جێگیر هەرگیز نابێتە هونەرمەند، بەڵکو ئەوە مرۆڤی بزۆکە ئەو توانایەی هەیە... (سیامەند) خۆی لە شارۆچکەیەکی شاخاوی لە دایک دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی باوکی بە دەستی مامی دەکوژرێت، داوا لە (سینەم)ی دایکی و (لەرزان)ی خوشکی دەکات بۆ ئەو شارە تەختە بگوێزنەوە... ئەوان گوێ لە داواکەی ناگرن و نایانەوێت چارەنووسی خۆیان بدەنە دەست منداڵێک، کە تەمەنی ناگاتە دە ساڵ... مان دەگرێت... یەک دوو ڕۆژ دەم لە نان و ئاو نادات... کاتێ ئەمەیش سوودی نابێت، سەر هەڵدەگرێت...

دوای چەند مانگ لەو شارە دەیدۆزنەوە، بەڵام ناتوانن بیبەنەوە، بۆیە ناچار دەبن ئەوان ماڵیان بۆ ئەوێ بگوێزنەوە، کە (سینەم) خۆیشی سی ساڵ پێشتر لەوێ لە دایک بووە... کاتێ تەمەنی گەیشتووەتە چواردە ڕەدوو پۆلیسێکی قومارچی کەوتووە و لەو شارۆچکەیە گیرساوەتەوە... ئەو کچ و کوڕەی لێی بووە، کە ژنێکی جوو ناوی لە هەردووکیان ناوە... (لەرزان) هەر لەو شارە تەختە شوو بە پیاوێکی دەوڵەمەند دەکات، کە چل ساڵ لە خۆی گەورەترە... (جەمال سیکارد) بازرگانێکی ناسراوە، بەڵام چوار ژنی تەڵاق داوە، چونکە منداڵیان نەبووە... هەر چۆنێ بێت لەو ژنە منداڵکارەی، کە تەمەنی تەنیا پانزدە زستانە، کچێکی دەبێت و ناوی (سۆزان)ی لێ دەنێت... ڕۆژێکیان بۆ ماڵ دەگەڕێتەوە و دەبینێت وا لەگەڵ گەنجێکی دراوسێیان ڕادەبوێرێت... هەردووکیان بە چەقۆ دەکوژێت... ناگاتە ئێوارە و کەسوکاری کوڕەکە تۆڵەی لێ دەکەنەوە... لە خوێندا دەیگەوزێنن... هێشتا چوار بەهاریان لەوێ تەواو نەکردووە و دیسان (سیامەند) دایکی هەڵدەپێچێت، تاوەکو ئەو شارەیش جێ بهێڵن و بچن لە شارێکی گەرمەسێر دابنیشن... لەوێ ئەرکی بەخێوکردنی (سۆزان) لە ئەستۆ دەگرن، بەڵام کاتێ تەمەنی دەبێتە شەش ساڵ، ئارەزووی کۆچ دووبارە تەنگ بە (سیامەند)ی لاو هەڵدەچنێت... ئەمجارەیان ڕوو لە شارێکی کۆێستانی دەکەن... لەوێ (سۆزان)ی خوشکەزای دەخرێتە قوتابخانە... (سینەم)ی دایکی دەنگخۆشییەکەی بە هەل دەزانێت و دەبێتە گۆرانیبێژ، لە کاتێکدا (سیامەند) خۆی عودی بۆ لێ دەدات... لەسەر دەستی عودژەنێکی زۆر گەورەی جوو فێری ژەنینی بووە... (سینەم) لە ماوەیەکی کەمدا لە سەرتاپێی شاردا دەناسرێت، کە بە هەرسێ زمانی کوردی، عەرەبی و تورکی گۆرانی دەچڕێت... یەکەم ژنە لەو دەوروبەرە لە بەردەمی پیاواندا سەما بکات و وەک سەماکەرێکی زۆر لێهاتوو هەموو جەستەی بجووڵێنێت، لە کاتێکدا جلی سوور دەپۆشێت و قژی ڕەشی لەملا و لەولاوە بەسەر سنگی پانیدا دەهێنێتە خوارێ... دەتوانێت بەو پارەیەی لە ئاهەنگ و زەماوەندەکاندا دەستی دەکەوێت، کرێی خانوو بدات و پێداویستییەکانی ڕۆژانەیش بکڕێت... ڕۆژێکیان دوو ئامۆزای دێنە ئەو شارە و لەناو بازاڕ دەیدەنە بەر چەقۆ، تاکو گیانی دەردەچێت... دوای ئەوە (سیامەند) بڕیار دەدات (سۆزان)ی هەشتساڵان بهێنێتە ئەم شارە دێرینە و وەک هونەرمەندێکی لێهاتوو پەروەردەی بکات، بەو مەبەستەی کاتێ دەگاتە میسر بە ئاسانی وەربگیرێت... ئیتر واز لە سەفەری کورت کورت دەهێنێت و خۆی بۆ ئەو سەفەرە چارەنووسسازە هەڵدەگرێت، بەڵام لە پێناوی پێگەیاندنی خوشکەزاکەیدا جار جار دەچێتە بەغدا و شارەکانی خوارووی عێراق، بە تایبەتی پشووی هاوینان، تاکو لەوێ فێری هونەری سەما ببێت و شەرمی بشکێت، تەنانەت ماوەیەک دەیباتە ناو کێوەلییەکان و لەژێر ئەو ڕەشماڵانەیش بە زۆر هونەری دیکەی ئاشنا دەکات، وەک بزواندنی سەر، لەراندنەوەی مەمک، هەڵتەکاندنی سمت، بەرزکردنەوەی ڕان، ڕاوەشاندنی قژ بە شێوەی بازنەیی و دواجار هەڵبەزاندنەوەی سەرتاپێی جەستە لە چەشنی سپرینگ... لە هەموو سەفەرێکیشدا یەک دوو دەمانچە و چەند دانەیەک

له گۆڤاری (Beauty Parade)ی ئەمریکی لەگەڵ خۆی دەبات و لەوێ دەیانفرۆشێتەوە، کە لە شوفێرێکی تورکیان دەکڕێت و بە مەبەستی دەربازکردنیان لەو هەموو کۆنترۆڵە، لەژێر جلەکانی (سۆزان)دا دەیانشارێتەوە، چونکە ئەفسەرەکان کاتێ بە دەم خواردنەوەی مەی و سەیرکردنی سەمای ئەو شۆخانەوە مەست دەبن، ئامادەن بە هەر نرخێک بێت بیانکڕن... بەم شێوەیە خەرجیی سەفەرەکەیان دەردەکات، بە تایبەتی هیی هۆتێل و ئەو بلیتانەی سینەمایش، کە ڕۆژی چەند جار بۆ خۆی و خوشکەزاکەیانیان دەبڕێت... لە یەکێ لە ئاهەنگەکانی بەغدادا ئەفسەرێک زۆر بە (سۆزان)ی چواردەساڵان سەرسام دەبێت، لە کاتێکدا لەسەر ئاوازێکی خێرای عودەکەی خاڵیدا سەرتاپێی جەستەی وەک سپرینگ دەلەرێنێتەوە و ئاگای لە دەوروبەر بڕاوە: (بين الدوالي والكرم العالي ....... يامحلا السهرة والبدر يلالي)... ئەو چوارشانە ڕەشتاڵەیە هەڵدەستێتەوە و بە دەم سەماوە باسکە ئەستوورەکانی لە ناوقەدی باریکی دەئاڵێنێت... دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکەیش بەری نادات و بەردەوام بە خۆیەوە دەنووسێنێت... ڕاستییەکەی دەیەوێت دەستی بەسەر دابگرێت... ناهێڵێت لەگەڵ خاڵی بۆ شاری خۆی بگەڕێتەوە، بەڵکو دەرگای ماڵەکەی لەسەر دادەخات و ڕێی نادات مانگێک دەرەوە ببینێت... (سۆزان) بۆی دەردەکەوێت ئەو ئەفسەرە بە ڕاستی مەبەستیەتی بیکاتە ژنی خۆی و منداڵیشی لێ بەرهەم بهێنێت... (سیامەند) ڕۆژانە دەچێتە ئەو بەردەرگایە و لێی دەپاڕێتەوە، کە دەست لە خوشکەزاکەی هەڵبگرێت، بەڵام سوودی نابێت... دواجار هیچی بۆ نامێنێتەوە ئەوە نەبێت داوای لێ بکات بهێڵێت لە قوتابخانە بەردەوام بێت، چونکە هێشتا هیوای هەیە ڕۆژێک بیگەیەنێتە میسر و لەوێ بەشی نواندن و شانۆ لە هونەرە جوانەکان بخوێنێت، ئەنجام ببێتە ئەکتەرێکی داهێنەر... بەردەوام ئەو گۆڤارانە دەخوێنێتەوە، کە هەواڵی هونەریی ئەو وڵاتەیان تێدا بڵاو دەکرێتەوە... ناوی هەموو شوێنەکانی قاهیرە و ئەسکەندەرییەی لە بەر کردووە... هەر دەڵێی بە درێژایی تەمەنی لەو شارانە ژیاوە... (سۆزان)یش کاتێ دەزانێت لەگەڵ ئەو پیاوە کەللەڕەقەی مێردیدا ململانێ سوودی نییە، داوای لێ دەکات ماڵیان بۆ ئەم شارە بگوێزنەوە، کە زۆرترین ماوەی تەمەنی خۆی تێدا بەسەر بردووە... ئەو بەوە ڕازی دەبێت، بەڵام ڕێگەی نادات ئیتر بە لای هونەردا بچێت، بگرە هەڕەشەی لێ دەکات ئەگەر واز نەهێنێت، ئەوا بە گوللەیەک گیانی لە کونی لووتیەوە دەردەهێنێت... سەیر ئەوەیە هەر زوو زوو هاوپیشەکانی کۆ دەکاتەوە، تاکو ژنەکەی لە بەرچاویاندا بە جلی تەنکەوە سووڕیان بۆ بخوات و گۆرانییان بۆ بڵێت، بگرە کاتێ تەواو مەست دەبێت، بە قژ ڕایدەکێشێت و دەیخاتە باوەشیانەوە... سەرەتا (سۆزان) وا دەزانێت ئەمە لەپێناوی پارەدا دەکات، یان ڕەنگە بیەوێت گەورەکانی لە سوپا پلەی بەرزتر بکەنەوە، بەڵام دوایی بۆی دەردەکەوێت تەنیا ئەوەیە چێژ لەوە دەبینێت، کاتێ لە بەرچاویدا لەگەڵی ڕادەبوێرن... ئەمە بە دڵی (سیامەند) نابێت ئەم ئاوا ڕێگەی هونەر لە خوشکەزاکەی بگرێت، بەڵکو دەیەوێت وەک جاران لەسەر هونەرەکانی نواندن و سەما ڕایبهێنێت... ڕۆژێکیان دەبێتە شەڕیان و ئەفسەر لەناو حەوشە چوار

گوللەی لێ دەدات... بەم شێوەیە لە بەردەمی خوشکەزاکەیدا گیانی دەردەچێت... ئەویش خۆی سێ مانگ پێش بەیاننامەی یانزدەی ئادار بەر پلانی ئەو هێرشە دەکەوێت، کە پێشمەرگە بۆ کوشتنی ئەفسەرەکانی سوپایان داناوە... لە ماوەی ئەو چوار ساڵەی پێکەوەن، (سۆزان) چەند جار سکی پڕ دەبێت، بەڵام هەموویان لە بار دەچن...... ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەگەر بوارم بۆ بڕەخسێت ئەم شتانە دەهێنمەوە بەرچاوم و چیرۆکێک لەبارەی ئەو خاڵەمەوە دەنووسم، کە تاکو ئێستایش دوا دیمەنیم دێتەوە بەرچاو چۆن لە حەوشەکەمان لەناو خوێنی خۆیدا مەلەی دەکرد... ئەوسا هەر بە ڕاستی لە منداڵ دەچوو... دەکرێت بڵێم ئەویش وەک من بووە قوربانیی خووە پووچەکانی... لە بیرمە لەو ژوورە مەمکەکانی (سینەم)ی نەنکمی لە یاخەی کراسی دەردەهێنا و وەک منداڵی ساوا ملّچ ملّچ مژی لێ دەدان... من ئەگەرچی تەمەنم نەدەگەیشتە نۆ ساڵ، بەڵام ئەو دیمەنەم زۆر سەیر دەهاتە بەرچاو... پیاوێک لە باوەشی ژنێک پاڵ کەوتووە و هەر جارێ گۆی یەکێ لە مەمکەکانی دەخاتە نێوان لێوەکانیەوە، تاکو لەگەڵ مژی قووڵ قووڵدا بیانلەرێنێتەوە... دەمزانی نایەوێت من ئاوا ببینم، بەڵکو نەیدەویست هیچ کەس بزانێت ئەوێکی گەنج مەمکی دایکی دەمژێت، بەڵام دەچووم لە درزی دەرگا شەقوشڕەکەوە لێیم دەڕوانی... هەستم دەکرد ئەو دیمەنە بە هەموو مانایەک سەیرە... نەمدەزانی پێم خۆشە، یان ناخۆش دەیبینم... ئەوەندەم لا ڕوون بوو نەدەکرا ڕوومی لێ وەرگێڕم، بگرە دەبووایە بە وردی سەرنجی بدەمێ... ڕۆژێکیان لە ڕێگەی بەغدا لێیم پرسی ئاخۆ بۆچی ئاوای دەکرد... سەرەتا بە شێوەیەکی زۆر سەیر چاوی لە چاوم بڕی، وەک بڵێی باوەڕی نەکردبێت من دوای ئەو هەموو ساڵە ئەو ڕووداوانەی منداڵیم لە بیر مابێت، بەڵام هێندەی نەبرد ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا و گوتی:

ـــ خۆیشم نازانم بۆچی ئاوام دەکرد... ئەوەندەم لا ڕوونە من تاکو ئەم ساتەیش هەستێکی سەیرم لە ئاستی دایکمدا هەیە... هێشتا لە خۆم ڕانەبینیوە بە وردی بیر لە ڕووداوی کوشتنەکەی بکەمەوە، بەڵام بە هیوام ڕۆژگارێک بتوانم... زوو زوو خەونی پێوە دەبینم... خەونی سەیر سەیر، کە نامەوێت لێکیان بدەمەوە و ماناکانیان بدۆزمەوە، چونکە دەزانم بەرگەی ئەوە ناگرم.

پێی دەگوتم من لە (سینەم)ی نەنکم دەچم، وەک ئەو زوو هەڵدەچم، زوویش هێور دەبمەوە... هەندێجاریش خەسڵەتی خۆپەرستیم تێدا دەبینرێت، بەڵام شت لە دڵ ناگرم و حەزم لە کەشوهەوای هێمنە، تەنانەت شێوەیشم لەو دەچێت، بە تایبەتی ڕەنگی پێست و چەناگە خڕەکەم... دەسا قژم وەک قژی ئەو خاوە و دەبریسکێتەوە... خۆ دەنگم هەر لەگەڵ هیی ئەو جیا ناکرێتەوە، بە تایبەتی کاتێ گۆرانیی خاو دەچڕم، بەڵام چ شێوەی ڕۆیشتن و چ پێکەنینەکەیشم (لەرزان)ی دایکمی بە بیر دەهێننەوە... کاتێ باسی دایکم و نەنکمی بکردایە، هەرگیز بە لای ڕووداوی کوشتنەکانیاندا نەدەچوو، بەڵکو تەنیا ئەو شتە سەیرانەی بۆ دەگێڕامەوە، کە پێکەنیناوی بوون... ڕاستییەکەی بە شێوەیەک باسی دەکردن وەک بڵێی هێشتا لە ژیاندا بن... زۆر جار دەمویست بپرسم ئەرێ ئەوان نەمردوون، بەڵام دەترسام ئەو دۆخە پێکەنیناوییە بۆ یەکێکی

خەمناک بگۆڕم... لەمەوە هەستم دەکرد ئێمە هەردووکمان ئەو خەسڵەتی خۆپەرستییەمان تێدا هەیە و نامانەوێت باوەڕ بکەین کەسە نزیکەکانمان مردوون، کە پێشتریش نەنکم چ لەو شارە گەرمەسێرە و چ لەو کوێستانییە ڕووداوی کوشتنی (لەرزان)ی دایکمی لە خەڵک شاردووەتەوە، نەوەکا بیری بخەنەوە و خەفەتی لێ بخوات، بگرە هەر نکووڵیی لەوە کردووە لە پێش (سیامەند)ەوە کچێکی بووبێت... منی وەک کیژی بچووکی خۆی بە خەڵک ناساندووە... خۆیشم ئەمەم چاک لە بیرە... هەر بە دایەیش بانگیم دەکرد... نەخێر، ئەو ژنە دڵتەڕە هیچ گوێی بە دنیا نەداوە و خەریکی گۆرانی و سەمای خۆی بووە... کاتێ بەو پەنجە باریکانەی تەپڵی لێ دەدا، فەقیانەی کراسە تەنکەکەی بەسەر لوولەی ئەو ئامێرە پەرکاشنەدا شۆڕ دەبووەوە و لەگەڵ لەرینەوەدا پوولەکەکانی زیاتر هاڕەیان دەهات و چاکتر دەبریسکانەوە... دیمەنێکی زۆر سەرنجڕاکێشی دەنواند، بەڵام نازانم بۆچی ئەوسا بەزەییم بە خۆماندا دەهاتەوە و دەمویست بگریم، کەچی ئەو لە زەوقی خۆی نەدەکەوت و هێندەی تر ئاهەنگەکەی جۆش دەدا... جار جار قژی درێژی وەک قوماشی ئاوریشم لە هەوا دەخولاندەوە و پڕ بە دەنگی هەلهەلەی دەکێشا... ئەمە ئەو جووڵەیە بوو، کە چ گەنج و چ هەرزەکار، بگرە پیرەکانیش زیاتر لە هەموو جووڵەکانی تری پێی سەرسام بوون... هەموو کاتێ دەمتوانی بڵێم خاڵم لەوەیاندا چووەتەوە سەر ئەو... جارێکیان لە شەقامی سەعدوونی بەغدا لێیم پرسی ئاخۆ هیچ پێوەندییەک لەنێوان خۆشەویستیی ئەو بۆ سینەما و ناوی نەکمدا هەیە... ماوەیەک بێدەنگ بوو، ئەو بێدەنگییەی لەگەڵ هەر پرسیارێکدا لە سیمایدا دەمبینی... دوایی سەری هەڵبڕی و گوتی:

_ دوور نییە.

ئینجا کەمێکی تر بیری لێ کردەوە و بە دەم قاقایەکەوە گوتی:

_ ئەلفێک ناوی دایکم و سینەما لە یەکتر جیا دەکاتەوە، تەنیا ئەلفێک...!! ئەلفەکەیش لە ناوی مندا هەیە.

هاوکات هەردوو پەنجەی دۆشاومژەی ڕەق دەکرد و دەیویست وێنەی (ئەلف)ەکە لە هەوادا بکێشێت... ئێستا دەتوانم بڵێم خاڵم لەوەدا تا ڕادەیەک لە (ست ڕافۆن) دەچوو، کە لەگەڵ خەڵکی دەوروبەری خۆی پێوەندیی نەبوو... نەیدەویست کەس بە نهێنییەکانی بزانێت، بەڵام کاتێ دەچووینە دەرەوەی ئەم شارە، بۆ مرۆڤێکی تەواو جیاواز دەگۆڕا... دەیویست چێژ لە هەموو شتێک ببینێت... لە ماڵیشەوە لەگەڵ من، ئەوە هەر باسی ناکرێت چەند بە ئاسانی ناو دڵی خۆی هەڵدەڕشت... زۆر کەم شتی لێ دەشاردمەوە... بە هۆی ئەوەی خۆی بە خێوی دەکردم، هەم دایکم بوو و هەم باوکم... هەرگیز بیرم نایەت شەرمم لێی کردبێت، لە کاتێکدا خۆی نەیدەویست، نەخێر، بە هیچ شێوەیەک نەیدەویست من شەرم بکەم، چونکە شەرمی بە دوژمنی ئەکتەری لێهاتوو دەزانی... هەتا ئەو ئەفسەرەی مێردیشم دەستی بەسەردا گرتم، هەر خۆی لەو حەمامە جلەکانی لە بەر دادەکەندم و دەیشووشتم... منیش نهێنییەکانی خۆمم لای دەدرکاند... خۆ ئەگەر ماوەیەکیش لێم بشاردنایەتەوە، ئەوا دواتر هەر پێیم دەگوتن... ئێوارەیەکیان لە ڕێگەی ماڵەوە بۆم گێڕایەوە، کە

بەردەوام پارەم لێی دزیوە، بەڵام ددانم بەوەدا نا هەر جارێ دەستم بردبێتە ناو گیرفانی پانتەڵۆنە پەڕپووتەکەیەوە، کە هەمیشە دوای داکەندنی لەسەر ئەو سەندووقەی کتێبان دایناوە، بەزەییم پێیدا هاتووەتەوە و بۆی گریاوم، بێ ئەوەی ئەو بەزەییە لەو کارەی دوور خستبێتمەوە... هەر ئەو هەڵسوکەوتەم پاڵی پێوە ناوم زیاتر لێی نزیک ببمەوە و پتر خۆشم بوێت، چونکە لە کاتی ئاساییدا هەرگیز ئاوا بەو شێوەیە وردەکارییەکانی جەستەیم نەدیوە، بەوەی وەک قاپێکی چینی هاتووەتە بەرچاوم و توانیومە بە جارێ سەرنج لە هەموو نەخشەکانی سەری بدەم... قاقایەکی لێ دا و گوتی:

_ من ئیبلیسم، ئیبلیس، سۆزان...!! هەتا زیاتر خراپە بکەیت، پتر لێم نزیک دەبیتەوە.

کاتێ پێوەندیی خۆم و ئەوم دەهێنایەوە بەرچاوم، وای بۆ دەچووم (ست ڕافۆن)یش هەمان پێوەندیی لەگەڵ (دیدار شێرکۆ)دا هەیە، کە بە منداڵی کردییە کوڕی خۆی، بۆیە دەمویست لە ڕێگەی ئەوەوە لە نهێنییەکانی تێبگەم، ئەو نهێنییانەی بەشێکی زۆری ژیانمم بۆ بەدەستهێنانیان تەرخان کرد و بە هیچ ئەنجامێکیش نەگەیشتم... سێ هاوین دوای ئەوەی (نیهال)ی هاوسەری بە دەستی چەند چەکدارێکی نەناسراو کوژرا، گوایە بە هەڵە بەر کەوتووە، ئەو کوڕەی گرتە خۆی، کە ئەوسا تەمەنی نەدەگەیشتە دە ساڵ... دەکرا بڵێم ئەویش لە خێزانێکی سەیرە... بەڵێ، هەموو کەسوکارەکەی لە ساڵی شەستوچوارەوە تاکو ساڵی حەفتاوچوار لە شێوەی یاری خۆیان کوشت... باوکی دەمانچەیەک دەداتە دەست کوڕە گەورەکەی، کە تەمەنی حەوت ساڵە، گوایە ئاو لە لوولەکەی دەردەچێت... پێی دەڵێت:

_ بیخەرە دەممەوە و بیتەقێنە.

منداڵ بە دەم پێکەنینەوە پەنجەی دادەگرێت و باوک دەستبەجێ گیانی دەردەچێت... کوڕ چوار ساڵ دوای ئەوە ڕیکۆردەرێک بە سنگییەوە دەنێت و داوا لە خوشکی دەکات پەنجە بەو پلاکەی قەد دیوارەوە بنێ، بۆ ئەوەی دایبگیرسێنێت و ئەو کاسێتەی ناوی بخاتە ئیش، گوایە گۆرانییەکی خۆشی گوێ لێ دەبێت، بەڵام ڕاستییەکەی لەژێرەوە ئەم جەمسەر و ئەو جەمسەری وایەرە ڕووتەکەی بە دەستەوە گرتووە، بۆیە لە چاوترووکانێکدا گیانی دەردەچێت... سێ ساڵ تێدەپەڕێت و خوشک ژەهرێک لە تاقیگەی کیمیای قوتابخانە دەدزێت، کە وا بزانم سیانایدی پۆتاسیۆمە... سرنجێک لەو ژەهرە پڕ دەکات و لە گیرفانی دەیشارێتەوە... سرنجێکی تر دەهێنێت... ئەمەیان ئاوی تێدایە... بە دایکی دەڵێت دەمی بکاتەوە، بۆ ئەوەی بزانێت کاتێ ئەو ئاوە بە خوڕ بەر مەڵاشووی دەکەوێت، چۆن ختووکەی دەدات... ئەمجارەیان نۆرەی ئەو دێت... سرنجی گیرفانی دەردەهێنێت و دەیداتە دەستی... ئەم بە دەم پێکەنینەوە لەناو دەمی بەتاڵی دەکات و ئەو لەو حەوشەیە پەلاواژ دەبێتەوە... دایک و (دیدار) دەمێننەوە، کە ئەمەیان دوای مردنی باوکی هاتووەتە دنیاوە... چاوەڕێ دەکرێت ئەو کوڕە ڕۆژگارێک فیڵێک بدۆزێتەوە و بە دەستی دایکی خۆی بکوژێت، چونکە وای بۆ دەچن ئەمە نەخۆشییەکی بۆماوەیە و لە باوکەوە ماوەتەوە، لە کاتێکدا دایک نەک هەر هیچ خزمایەتییەکی لەگەڵ باوکدا نییە، بەڵکو خەڵکی وڵاتێکی تریشە، بۆیە هەموو پێشبینیی ئەوە دەکەن بە تەنیا لەو ماڵە

بمێنێتەوە... ئەوەندەی من بزانم (ست ڕافۆن) (هالە نیبراس)ی لە یەکێ لە سەفەرەکانی بەغدای ناسی... ئەو لە شارێکی کوێستانی دەژیا، بەڵام لە هۆتێلێک یەکتریان بینی و ئەو پێوەندییەیان دامەزراند... جار جار دەهاتە سەردانی و چەند ڕۆژێکی لا دەمایەوە... بێگومان ئەمیش سەردانی ئەوی دەکرد... هاوینان لە باخەکە دادەنیشتن و پێکەوە قاوەی تاڵ و شتی تاڵتریان دەخواردەوە، بەڵام بە چرپە دەدوان و دەنگیان نەدەگەیشتە گوێچکەم... ئەوسا دوای مردنی (ست ڕێزان) من بە تەنیا دەژیام و دەمویست بزانم باسی چی دەکەن، بەڵام یەک وشەی ڕوونم لێ نەدەبیستن، ئەوەندە نەبێت جار جار قاقای بەرزیان لێ دەدا... نا، نا، با ئاوا نەڵێم، چونکە ئێوارەیەکیان گوێم لە (هالە نیبراس) بوو دەیگوت:

_ من لەمەیاندا لەگەڵت نیم... هیچ نادادپەروەرییەک لە دروستبوونی حەوا لە پەراسووی ئادەمدا نابینم، چونکە یەکەم، حەوا وەک مرۆڤێکی تەواو هاتە دنیاوە، نە لە شێوەی منداڵێک، تاکو ئادەم ئەرکی بەخێوکردنی لە ئەستۆ بگرێت... دووەم، حەوا بۆ ئەوە خوڵقا، هەتا ئادەم لە گەورەترین تەنیایی ڕزگار بکات... سێیەم، حەوا لە ناخی ئادەم هەڵقوڵا و بە پەراسوویدا، واتە لە تەنیشتی، نەوەک لە پشتی هاتە دەرێ، کە ئەمڕۆ سایکۆلۆجیا دەریخستووە ناوەوەی مرۆڤ ئەگەر لە دەرەوەی گەورەتر نەبێت، ئەوا هێندەی ئەوە.

بۆم دەرکەوت (ست ڕافۆن) باسی پیاوی هێناوەتە گۆڕێ، بۆیە ئەویش ئاوا بۆچوونی خۆیی پێ دەڵێت، بەڵام ئەو چۆن بیری لە پیاو دەکردەوە، نەخێر، تۆ بڵێ چۆن لە ژنی دەڕوانی و خۆی بە چ ڕەگەزێک دەزانی، ئەوا ئەو مەتەڵەیە بەردەوام منی تەفرە داوە... دەمتوانی بڵێم گفتوگۆی ئەو ئێوارەیان زۆر گەرمە و لەبارەی شتی هەستیاریشەوەیە، بۆیە یەکەمجارە ئاگایان لە خۆیان دەبڕێت و دەنگیان دێتە دەرەوە، بە تایبەتی هیی (هالە نیبراس)... بەڵێ، هێندەی پێ نەچوو گوتی:

_من خۆسووتاندن بە سواوترین، بگرە بە خراپترین ڕێگەی مردن دەزانم، بەڵام بۆ مەسەلەی سەرهەڵگرتن، ئەوا قسەیەکم نییە، چونکە لێت ناشارمەوە خۆیشم زۆر جار وەک تۆ بیری لێ دەکەمەوە.

_ ........، ........، ........

_ دەزانم دەڵێی چی... خۆ نکووڵی لەوە ناکرێت، کە سووتان ناهێڵێت هیچ ئاسەوارێکی جەستە جێ بمێنێت، تاکو ئەوانەی تر بیکەنە بابەتی قسەوباسی خۆیان، بەڵام سەرهەڵگرتن وەک ئەوە وایە خۆت نەک هەر ئاگات لە ساتەوەختی مەرگی خۆت بێت، بەڵکو تا ماوی لەناو ئەو حاڵەتەدا بژیت، بێ ئەوەی هیچ کەسێک بەشداریت بکات.

ئەوە بە ڕاستی ترساندمی، چونکە زانیم (ست ڕافۆن) یەکێ لەو دوو ڕێگەیەی خستووەتە بەردەمی خۆی... هۆکاری سەرەکییش ئەوەیە نایەوێت دوای مردنی کەس بە ڕووتی بیبینێت، بە تایبەتی من، ئەگینا ئەو حەزی لەوە نییە گیانی خۆی لە ناو ببات، یان سەر هەڵبگرێت... هەر من دەمزانی ئەو ژنە چ ترسێکی لەوەیە دەستێکی ناحەز جلەکانی دابکەنێت و ئەنجام بەربەستێک لەنێوان جەستەی و سەرنجی چاوێکی بێگانەدا نەمێنێت، ئینجا ئەگەر لە ژیاندا بێت، یان مردبێت... دوای ئەوەی بۆ خانووەکەی (ست ڕێزان) گوێزامەوە، پێش هەموو

شتێک بۆم دەرکەوت (ست ڕافۆن) هەر ئەوە نییە قسە لەگەڵ کەس ناکات و ڕێگەی هیچ یەکێ لەو دەوروبەرەی نادات پێی بخاتە حەوشەی، بەڵکو هەرگیز بە ئاشکرا یەک شتیش نە دەباتە ماڵەوە و نە دەهێنێتە دەرێ، بەڵکو شەوان درەنگ درەنگ، کاتێ هەموو دانیشتووانی گەڕەک دەخەون و دنیا کشومات دادێت، ئینجا زۆر بە شێنەیی ئەم کارە ڕادەپەڕێنێت... هەروەها دوای ماوەیەک ئەوەیشم زانی شتومەکەکانی لەو شارۆچکە شاخاوییە دەکڕێت و بە ئۆتۆمۆبیلە فیاتەکەی دەیانهێنێتەوە، کە ڕەنگی وەک هیی قژی تەمەراینده... ئەو شارۆچکەیە بە هۆی ئەوەی هاوینەهەوارە و خەڵکی بێگانەی بۆ دێت، تا درەنگی شەو بازاڕی داناخرێت و ئەویش ئەو هەلە دەقۆزێتەوە... (ست ڕافۆن) خۆڵوخاشاکی ماڵەکەیشی هەرگیز نەدەدایە کرێکارانی پاککردنەوە، بگرە کەس تەنەکە و بەرمیلیشی لە بەردەرگاکەی نەدەبینی، بەڵکو هەر خۆی شەوان بە ئەسپایی دەیخستنە سەندووقی ئۆتۆمۆبیلەکەی و لە دەرەوەی شار فڕێی دەدان... من ئەو نهێنییانەم لێی دۆزییەوە، چونکە هەمیشە بە دوایەوە بووم، ئەگینا باوەڕ ناکەم ئەوانی تر هەر سەرنجی ئەوانەیان دابێت... ئەوسا زیاتر هەستم کرد من چەند گەمژەم، بەوەی دەمەوێت ببمە دۆستی بوونەوەرێک، لە کاتێکدا ئەو بوونەوەرە نەک هەر ناهێڵێت هیچ شتێ لەبارەیەوە بزانرێت، بەڵکو تا لە توانایدا بێت ناوماڵەکەیشی لە چاوی نزیکترین کەسی دەشارێتەوە... چەند ڕۆژێ دوای مردنی (ست ڕێزان) بینیم وا وەستایەک و دوو کرێکاری عەرەبی لەو شارەی خوارەوە هێناوە، بۆ ئەوەی سێ چینی دیکەی بلۆک لەسەر دیواری نێوانمان هەڵبچنێت... دەمزانی پارەیەکی یەکجار زۆری بۆ هەقدەستی ئەو چەند سەعاتەیان ژماردووە و کارەکەیشی جۆرێک بووە لە سەرکێشی، بەوەی لەو دوورەوە سێ پیاوی نەناسراوی سواری ئۆتۆمۆبیلەکەی کردووە و بەو ڕێگە چۆڵەیدا هێناون، بەڵام نەشکراوە وەستا و کرێکاری ئەم شارە بهێنێتە ماڵەکەی... ئەوسا بۆم دەرکەوت ئەو دەزانێت من لە هەر کەسێکی دیکەی ئەم دەوروبەرە زیاتر بە دوایەوەم و دەمەوێت بە هەموو شێوەیەک ئەو دیواری بێدەنگییەی بڕمێنم، کە خۆی و سەرجەم شتەکانی لە پشت شاردووەتەوە، بۆیە گوێ ناداتە پارە و بگرە ژیانیشی دەخاتە مەترسییەوە، هەر بۆ ئەوەی سێ چینی دیکەی بلۆک لەسەر دیواری نێوانماندا هەڵبچنێت و زیاتر خۆیم لێ دوور بخاتەوە... (هالە نیبراس) تاقە کەس بوو بێتە سەردانی و کوڕەکەیشی لەگەڵ خۆیدا بهێنێت، ئەویش هەر بە شەو دەهات، نەوەکا دراوسێ بزانن لەگەڵ دەستی ئەودا چی چووەتە ماڵەکەی و کەمێک زانیاری لەبارەیەوە پەیدا بکەن... ئینجا خۆ ئەویش وەک باسم کرد لەو کەمتر سەیر نەبوو... ئێستا من ئەگەر ئاگام لە مێژووی خانەوادەی (هالە نیبراس) هەیە، ئەوە لەبەر ئەوەیە ویستوومە خۆم لە (دیدار شێرکۆ)وە نزیک بکەمەوە، چونکە وەک گوتم هەمیشە ئەوەم لا ڕوون بووە تەنیا لە ڕێگەی ئەو کوڕەوە دەتوانم بگەمە هەندێک لە نهێنییەکانی (ست ڕافۆن) و لە بەشێکی ئەو ژیانە سەیروسەمەرەیەی تێبگەم... ئەوەی لەو ڕووەوە یارمەتیی دام (گەلاوێژی جەلالە فەندی) بوو، ئەو ژنەی لەو شارە کوێستانییە دراوسێمان بوو و دوای ئەوەی بۆ ئێرەیش

گوێزامانەوە، سەردانی دەکردین... ڕاستییەکەی لە ناوەڕاستی پەنجاکان (شێرکۆ) لە یەکێک لە کلوبەکانی شەوانەی دیمەشقدا (هالە نیبراس)ی ناسیوە و خۆشی ویستووە... ئەگەرچی تەنیا وەک کچێکی خێزانە مۆدێرنەکان هامشۆی ئەوێی کردووە، نەوەک بۆ بژێویی ژیان، بەڵام (شێرکۆ) پێی گوتووە نابێت بە هیچ شێوەیەک نە لای کەسوکاری و نە لای خەڵکی شارەکەی باسی ئەوە بکات... لەسەر ئەوە (هالە) دڵی دەشکێت و لەگەڵی نایەت، بگرە نایەوێت ئیتر چارەی ببینێتەوە... دوای چوار ساڵ (شێرکۆ) بۆ دیمەشق دەگەڕێتەوە و دەچێتە ماڵیان، بەو مەبەستەی پەشیمانیی خۆیی پێ ڕابگەیەنێت، چونکە زۆر بیری کردووە و بەرگەی دوورییەکەی نەگرتووە، بەڵام (هالە) گوتوویەتی با لەو کلوبە یەکتر ببینن و لەوێ باسی مەسەلەکە بکەن... بەم شێوەیە ئاشت دەبنەوە و دەمودەست ئاهەنگێکی نایاب دەگێڕن... بە هەرحاڵ ئەو کاتەی من بۆ یەکەمجار (هالە نیبراس)م لای (ست ڕافۆن) بینی، تەنیا (دیدار)ی لەگەڵ بوو، کە ئەوسا تەمەنی دەگەیشتە پێنج شەش ساڵ... نەمدەزانی مێردی و دوو منداڵی لە دەست داوە، چونکە سیمای خەفەت بە ڕوویەوە نەدەبینرا، تاکو ئەو ڕۆژەی لە دەمی (گەلاوێژی جەلالە فەندی)یەوە بیستم... هاوینی حەفتاوچوار هەستم دەکرد مانەوەی (دیدار) بە تەنیا لای (ست ڕافۆن) ئاسایی نایەتە بەرچاو و درێژە دەکێشێت... دوایی بۆم دەرکەوت دایکی مردووە... (پاشان زانیم هەر لە شێوەی یاری بە دەستی ئەو خۆی کوشتووە)... لەو شارە کەس نەیوێراوە بیگرێتە خۆی، نەوەکا ڕۆژێک ئەویش وەک سەرجەم ئەندامانی خانەوادەکەی پەنا بۆ یارییەک ببات و تووشی گرفتێکی گەورەی بکات... بەڵێ، تاکو ئەو ڕۆژەی (ست ڕافۆن) فریای کەوتووە، بە تەنیا لە ماڵێکی چۆڵدا ژیاوە... ئەگەر بڵێم من دوای ئەوەی ئەم زانیارییانەم لەبارەی ئەو خێزانەوە زانی، لە چارەنووسی (ست ڕافۆن) ترسام، درۆ نییە، چونکە بە دوورم نەدەبینی ڕۆژێک ئەو کوڕە ئارەزووی یاری بکات و بە فێڵێک ئەویش بیخاتە ناو بازنەکەوە، ئەنجام بە تاوانی کوشتنی بخرێتە زیندانەوە... ئەمەیش بۆ من دەبووە نەهامەتییەکی گەورە، بەوەی هێندەی دیکە لێم دوور دەکەوتەوە... بەڵام ئایا ئەو ژنە هەرگیز بۆ ساتێکیش لە من نزیک بووە...؟! بێگومان نەخێر... ئەوێک بە نهێنی تەرمی هاوسەرەکەی گەیاندە بەغدا و جلی ڕەشی نەپۆشی، نەوەکا سەرەخۆشیی لێ بکەم، کاتێکیش هاتە سالۆن، تاکو قژی ببڕم، من مەسەلەکەم هێنایە گۆڕێ، بەڵام ئەو بە یەک وشەیش دەمی لێک نەکردەوە، ئیتر نازانم چ هیوایەکم پێی هەبوو و بۆچی کۆڵم نەدەدا... (ست ڕێزان)یش هەر بەو ئاواتەوە سەری نایەوە... مردنی ئەویش لای من بووە مەتەڵێک و پاڵی بە ئەوانی دیکە دا... ئای ئای خۆ ئەو پێشبینییەم هاتە دی...!! لەو شەوەی پارتیزانەکان بەسەر کۆمەڵێک دامودەستگای حوکوومەتیان دادا و لە هەر چوار لا بووە تەقە، ئەو بەردەوام لەو حەوشەیە قاقای لێ دەدا، تاکو نووزەی لێ بڕا... ئەوسا هەموو شتێک بە شێوەی هەڵگێڕاو دەهاتە بەرچاوم... دەتگوت زەمەن بۆ داوەوە دەگەڕێتەوە... دەستم خستە سەر ملی و ئەو کرکڕاگانەیم شێلا، بەو هیوایەی گیانی تێدا مابێت و هەستێتەوە، بەڵام تەواو، چاوی لێک نا...

## دەق

ئینجا لە خۆمم پرسی، ئەرێ من بۆ ئەو پەنجانەم لە ملی گیر کردووە...؟! خۆ ئەگەر پێم وایە لە هۆش خۆی چووە و مەبەستمە بە ئاگای بهێنمەوە، دەبێت سنگی بشێلم... وا نییە...؟! بە مردوویێتی سەیر دەکەوتە بەر دیدەم... دەتگوت دوای ماندوویێتییەکی زۆر لەسەر لمی قەراغی دەریا هێمن هێمن ڕاکشاوە... نەخێر، وام دەزانی یەکێکە لەو منداڵانەی لە بارم دەچوون... ڕاستییەکەیشی خۆم لە بار خۆمم دەبردن... ئەرێ من کاتێ لە تەرمەکەیم دەڕوانی، دەترسام...؟! ئەگەر هەموو شتێک بە شێوەی هەڵگێڕاو خۆی پێشان دەدام و دەتگوت زەمەن بۆ داوەوە دەگەڕێتەوە، مانای وا بوو ترس خزاوەتە دڵمەوە...؟! پێشتر هەمیشە وام دەهێنایە بەرچاوم هاوکات لەگەڵ ئەو گیانم دەردەچێت، بەوەی ژیانمان زۆر لە یەکتر دەچوو، بەڵام شتەکە پێچەوانە کەوتەوە... هەستم کرد ڕووداوی مردنەکەی ترسی شکاندووم و ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوانمانی دەرخستووە... گوتم ئۆخەی ئیتر لە یەکتر ناچین...!! ئەو مرد و من مامەوە...
((ئا، ئا، لەمەودوا و بۆ هەتاهەتایە (مەرگ) و (مانەوە) جیامان دەکەنەوە))... وا بزانم ئەمەم لە هەیوان بە دەنگی بەرز گوت، بەڵام هەر خۆیشم دەمپرسی: ئایا ئەو دووانە (مەرگ و مانەوە) لە یەکتر جیاوازن...؟! ئەرێ مانەوە تاکەی مانەوەیە...؟! ئەمە نیگەرانی دەکردم، کەچی هێشتا ئەو جیاوازییە گەورەیەی نێوانمانم بە ڕوونی دەبینی... وا چاکترە بڵێم ئارەزوویێکی گەرمم لە خۆمدا هەست پێ دەکرد، بەڵام ئارەزوو بۆ چی...؟! نازانم... ئەوەندەم لا ڕوون بوو ئارەزووم هەیە... لە بیرم نەماوە کێیە گوتوویەتی (ئارەزوو)

جانەوەرێکی چڵێسە، هەرگیز تێر نابێت، بەردەوامە و بەردەوامە... دەسا پێویستە ئەوەیش بڵێم ئەگەرچی مێردی هەردووکمان لە یەک ڕۆژدا کوژران، بەوەی سێ مانگ پێش بەیاننامەی یانزدەی ئادار بەر پلانی ئەو هێرشە کەوتن، کە پێشمەرگە بۆ کوشتنی ئەفسەرەکانی سوپایان دانا، بەڵام جیاوازییەکە ئەوە بوو ئەم مێردی خۆی بە شێوەیەکی سەیر خۆش دەویست... ئەرێ سۆزان، دەکرا بەوە بگوترێت خۆشەویستی...؟! چۆن...؟! دەڵێی چی...؟! دەڵێم دەکرا بەوە بگوترێت خۆشەویستی...؟! بە کامەیان...؟! بەوەی نێوان سۆزان و، ببوورە بەوەی نێوان ڕێزان و مێردە ئەفسەرەکەی...؟! هەندێ شتی پچڕ پچڕ و سەیری لەبارەی چێژەوە دەگوت، کە تۆ کاتێ هەموویانت بەسەر یەکەوە کۆ دەکردەوە، دەگەیشتییە ئەوەی بڵێیت ئەو دەستەخوشکەی منداڵیت لەو بارەیەوە خاوەنی تیۆرێکی تایبەتە، بەڵام توانای دەربڕینی نییە... جارێکیان گوتت، ئا، دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر گوتت ئەو پێی وایە ئەو چێژەی کۆیلەیەک دەیبینێت زۆر زیاترە لەوەی خاوەنکۆیلەیەک وەری دەگرێت، بەوەی یەکەمیان لە ناوەوەی خۆیدا دەژیێ و دووەمیان لە دەرەوە، کە هەمیشە چێژی ناوەوە هەم ڕاستەقینەیە و هەم لە هیی دەرەوە گەورەترە... مرۆڤ کاتێ هەست دەکات چەوساوەیە، ئەوا بە قووڵایی ناخی خۆیدا چووەتە خوارێ، ئەگینا مەحاڵە ئەو هەستەی لا بخوڵقێت... ئەمە ترسێکی سەیری دەخاتە بەردەم، ترس لەوەی ڕۆژێک هەوڵی ڕزگاربوون بدات و ئەو هەستەی لە دەست بچێت، ئەنجام لەو چێژە بێسنوورە بێبەش ببێت، چونکە ڕزگاربوون واتە پچڕانی پێوەندیی نێوان خۆی و

چێژ... خۆ هەتا ئەگەر لێیشی دوور بکەوێتەوە، (مەبەستت لەو چێژەیە)، ئەوا دواتر بە ڕێگەیەک لە ڕێگەیەکان دەیەوێت بۆی بگەڕێتەوە... بەم شێوەیە ئەو (هەست)ی دەکرد مێردی خۆی خۆش دەوێت، بۆیە نەیدەویست دوای نەمانی پیاوێکی تر تاقی بکاتەوە... بۆت دەرکەوت تۆی تەنیا بۆ ئەوە هێناوەتە ماڵەکەی، تاکو بتکاتە پەرژینێک، یان بەربەستێک لەنێوان خۆی و هەر پیاوێکدا و ئیتر لەسەر پاشماوەی ئەو چێژەی بژییێت... ئەدی باشە تۆ چیت لەو دەویست...؟! مەبەستم ئەوەیە تۆ چۆن بیرت لەو دەکردەوە... نازانیت... هەندێجار خۆشت دەویست و هەندێجار ڕقت لێی دەبووەوە، بێ ئەوەی بزانیت بۆچی خۆشت دەوێت و بۆچی ڕقت لێیەتی... ئایا تۆ بەزەییت پێیدا دەهاتەوە، یان ئێرەییت پێ دەبرد...؟! دوای مردنی نەتدەویست هەرگیز بیری لێ بکەیتەوە، نەوەکا وا بزانیت ئەوەی مردووە لە خۆت زیاتر کەسی دیکە نییە... ماوەیەک بیرۆکەیەکی سەیر بە خەیاڵتدا دەهات، کە سەرەتا نەتدەهێشت درێژە بکێشێت و فرێت دەدایە دەرێ، بەڵام بە هێزێکی گەورەترەوە دەهاتەوە و زیاتر تەفرەی دەدایت... نازانیت کێیە گوتوویەتی: ((بیرۆکە هەمیشە لەناو خەیاڵدا هەیە))... وا بزانیت هەر ئەو کەسەیە، کە دەڵێت: ((هیچ شتێک لە ڕێگای خەیاڵەوە ناکرێت، بەڵکو هەموو شتێک لە خەیاڵ دەکرێت))... نا، نەدەکرا خۆت لەو بیرۆکەیە بپارێزیت، چونکە ئەوە لەناو خەیاڵی تۆدا هەڵدەقوڵا، بگرە هەر خۆی خەیاڵت بوو... کەواتە لە دەرەوە نەدەهات... بەردەوام لە خۆتت دەپرسی ئایا ئەوە ئەوپەڕی دەبەنگی نییە تۆ کەسێک بکوژیت، هەر بۆ ئەوەی دەستەڵاتت

بەسەر ڕووتکردنەوەیدا هەبێت و بتوانیت نهێنیی ژێر جلەکانی ئاشکرا بکەیت...؟! هاوکات هەستت دەکرد تۆ بەرگەی شۆکێکی لەم شێوەیە ناگریت... بە مانایەکی تر ئەگەر وات بکردایە، دەگەیشتیە خاڵی کۆتایی و مەتەڵەکەت هەڵدەهێنا... ئیتر شتێک نەدەما خۆتی پێوە خەریک بکەیت... دەی باشە چۆن گوێم بەوە نەدا و شەوێکیان بە چەقۆیەکی تیژەوە شاڵاوم بۆی برد، بەو مەبەستەی ورگی هەڵبدڕم و لە یەخەی خۆمی بکەمەوە...؟! ڕێم بدە وەڵامت بدەمەوە... ڕاستییەکەی ترسایت ئەو بیرۆکەیە بچێتە قووڵاییتەوە و ئەوسا لێکدانەوەی ئاڵۆز ببێت، بۆیە بە چاکت زانی هەر بەو سادەییە مامەڵەی لەگەڵ بکەیت... بەڵێ، گوتت با وا بزانم هۆکاری کوشتنەکەی هەر ئەوەیە دەمەوێت دەستەڵاتم بەسەر ڕووتکردنەوەیدا هەبێت، تاکو بتوانم نهێنیی ژێر جلەکانی ئاشکرا بکەم... هەمیشە ئەوەت زانیوە هەتا هۆکار بۆ کوشتنی کەسێک زیاتر بێت، تۆ پتر خۆتی لێ دەپارێزیت، بەوەی بە لێکدانەوەیانەوە خەریک دەبیت و ناگەیتە هیچ ئەنجامێکی ڕوون... هەر لەبەر ئەوەیە هۆکاری زۆربەی تاوانەکانی کوشتن تاقانە و ڕۆشەنن... هیچ بکوژێک نابینیت بڵێ من لەبەر ئەم هۆکارانە فلانم کوشتووە، بەڵکو هەر کامیان بگریت لە یەک خاڵ زیاتری بۆ نادۆزرێتەوە...ساڵی نەوەدوچوار بوو... تازە (دیدار) وەک زۆر گەنجی دیکەی ئەو دەوروبەرە سەری خۆی هەڵگرتبوو... ئەو بە تەنیا دەژیا... ویستت مەقەستێکی جاکوار هەڵبگریت، بەوەی پەنجەکانت لەگەڵی ڕاهاتوون و دەتوانن ئاسان بیجووڵێنن، بەڵام گوتت مادام مەقەست ئەو ئامێرەیە تا ئێستا لە پیشەکەمدا بەکارم هێناوە،

ئەوا نابێت کەسی پێ بکوژم... وەک بڵێی پێت نابێتە قۆناغێکی دیکەی تەواو جیاوازی ژیانتەوە و بتەوێت ئەم ڕووداوە بکەیتە دەستپێکی ئەم قۆناغە نوێیەوە... نازانیت بۆچی وا بە خەیاڵتدا هات بەو چەقۆیە بیکوژیت، کە دەسکەکەی لە شێوەی شەبزووز دروست کرابوو... ئایا ئەو ئێوارەیەی لە ژنێکی قەرەجت کڕی، دەتزانی دوای دوو بەهاری تر دەتەوێت کەسێکی پێ بکوژیت و ئەو کەسەیش (ست ڕافۆن)ە...؟! دەتویست ساڵۆنەکەت دابخەیت، کاتێ هاتە لات و لە گیرفانی جانتا چەرمەکەی دەریهێنا... وەک بڵێی تەواو لای ڕوون بێت تۆ لێی دەکڕیت، ددانە قاوەییەکانی لەودیوی ئەو لێوە ئەستوورانەی کردەوە و بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش گوتی:

ـ ئەوەتا، کڕیاری ڕاستەقینەی خۆمم دۆزییەوە...!! مرۆڤە دەگمەنەکان هەمیشە بە دوای شتی دەگمەندا دەگەڕێن... تۆ ئەمەت دەوێت... ئا، لەمێژە لەمە دەگەڕێیت...!!

نەتزانی لە ڕوو دامایت، یان هەر خۆت بەوپەڕی باوەڕەوە دە قاتی چەقۆی ئاسایی پارەت لەسەر ژمارد، گوایە شتێکی ئەنتیک و گرانبەهایە... نەک هەر دەمەکەی زۆر تیژە، بەڵکو دەسکەکەیشی لە ماتریالێکی نایاب دروست کراوە... دەکرێت بڵێیت ڕۆژێک لە ژیانی خۆتدا زۆر پێکەنیبێتی، هەر ئەو ڕۆژەیە، کە ئەو چەقۆیە سەیرەت کڕی، بە تایبەتی بە دەسکەکەی... لە خۆتت دەپرسی: ((بۆچی لە شێوەی ئەندامی نێرینەی پیاو دروست کراوە...؟!))... بە ڕێگەدا دەڕۆیشتی و بەردەوام قاقات لێ دەدا، لە کاتێکدا پەنجەکانت لەناو گیرفانی چاکێتەکەتدا ختووکەی دەسکی چەقۆکەیان دەدا... دوایی بۆت دەرکەوت بۆیە پێدەکەنیت، تاکو خۆت لەوە بدزیتەوە ئاخۆ تۆ ئەو ئامێرەت لەبەر ئەوە کڕیوە، چونکە حەزت لێیەتی، یان نەتویستووە دڵی قەرەجەکە بشکێنیت، بە تایبەتی بەو شێوازی ڕێکلامەی زۆر سەرنجی ڕاکێشایت... هاوکات دەتپرسی تۆ بڵێی هیچ هۆکاری تر لە ئارادا نەبێت... لە ماڵەوە کاتێ لەسەر مێزی نانخواردنت دانا و لێی ورد بوویتەوە، هەستت کرد دەبێت وەک کارێکی هونەری لە مانا شاراوەکانی بگەڕێیت... هەڵتگرت و گەیاندتە ژووری نووستن، لە کاتێکدا هێشتا قاقات لێ دەدا... دەمەکەیت لە دۆشەگی تەختی نووستنەکەت بردە خوارێ و تەنیا دەسکەکەی بە دەرەوە مایەوە... لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر قاقات لێ دا، بە ڕادەیەک شەکەت بوویت و هەر ئەمەیش خەوی لێ خستیت... بەیانی لە تەنیشی چاوت هەڵهێنا... ترسایت ئەگەر وا بڕوات بە پێکەنین بتکوژێت... خستتە ناو ئەو چەکمەجەیە و کلیلت دا، بەڵام دوو ساڵ دواتر بە مەبەستی کوشتنی (ست ڕافۆن) دەرتهێنایەوە... پێکەنینەکە دەستی پێ کردەوە... دەتوانیت هەموو کاتێ ئەو ڕووداوە بە بیر خۆت بهێنیتەوە:

درەنگی شەوە... ئۆتۆمۆبیلەکەی لەو بەردەمە ڕاگرتووە... پەیتا پەیتا شتومەکەکان دادەگرێت... بە ئەسپایی دەیانباتە ژوورەوە... دەرگای حەوشەی کراوەیە... بە هەلی دەزانیت و شاڵاوی بۆ دەبەیت... کاتێک دەزانیت وا لەو ژوورە لە بەرانبەریدا وەستاویت... چەقۆی ناو دەستت لەژێر تیشکی گڵۆپدا دەبریسکێتەوە... هیچ نیشانەی پرسیار و سەرسووڕمان بە سیمایەوە نابینیت... وەک بڵێی چاوەڕێی ئەوەی کردبێت شەوێک ئاوا

بە چەقۆیەکی لەم شێوەیە شاڵاوی بۆ دەهێنیت... شپرزە نابێت... یەک دەنک ناترسێت... وا دیار نییە بیەوێت هەوڵی خۆدەربازکردن بدات... ئەمە تێکشکانێکی گەورەیە بۆ تۆ... هەموو گیانت دەلەرزێت، بە تایبەتی ئەو دەستەی چەقۆت پێ گرتووە، بەڵام دەتەوێت بە هەر شێوەیەک بێت بەسەر ئەو شپرزەییەتدا زاڵ ببیت... ئەگەر بۆت بکرێت بۆ دواوە دەگەڕێیتەوە و دەست لە پلانەکەت هەڵدەگریت، بەوەی هیچ چێژێک لە کوشتنی کەسێکدا نابینیت، کە کەمترین حیسابت بۆ نەکات و ئەوەی گۆڕانکاری بێت لە سیمایدا دەرنەکەوێت، بەڵام تازە گەڕانەوە مەحاڵە... کەواتە دەتەوێت پێش هەموو شتێ ناوگەڵی بە چەقۆ بشێوێنیت، نەبادا ئەو مەتەڵەت بۆ ئاشکرا ببێت و هێندەی دیکە هەست بە پووچیی خەونەکەت بکەیت... تۆ ئاوا بەو خەیاڵانەت شپرزە بوویت، لە کاتێکدا ئەو جووڵە ناکات... بەو قژە کورتەیەوە لە بەرانبەرتدا وەستاوە و نقەی لە خۆی بڕیوە... دوا بڕیاری خۆت دەدەیت و دەمی چەقۆکە لە ناوگەڵی دەبەیتە خوارێ... دەتەوێیت ڕایکێشیتەوە، تاکو دووان و سێیان و دەی دیکەی لە هەمان شوێن بدەیت، بەڵام چەقیوە و نایەتە دەرێ... لەوەیش سەیرتر ئەوەیە، ئەو هێشتا دەنگی لێوە نەهاتووە... نەخێر، ناکەوێت و زەق زەق لێت دەڕوانێت... چاوەڕێ دەکەیت خوێن بەسەر ڕانەکانیدا بێتە خوارێ، سەرەتا جلە ڕەشەکانی سوور بکات، ئەگەرچی دەزانیت ئەو ڕەنگە سەرسەختە ناهێڵێت خوێنی پێوە دیار بێت، دواییش لەسەر ئەو کاشییانە گۆمێک پێک بهێنێت، کەچی هەست بە هیچ تەڕاییەک ناکەیت... چەقۆکە لەوێ جێ دەهێڵیت و کەمێک بۆ دواوە دەگەڕێیتەوە... کاتێ سەرنجی لێ دەدەیت، دیمەنەکەی سەیر دێتە بەرچاوت... تەنیا دەسکەکەی دیارە... هەر دەڵێی لە ئەزەلەوە لەو شوێنە هاتووەتە دەرێ و ڕووی لە دەرگا کردووە... دوور لە ویستی خۆت و لەناو ئەو هەموو ترس و تێکشکانەدا قاقا لێ دەدەیت... لەو کاتەدا یەکێ لە دواوە دەستی دەخاتە سەر شانت... تا تینت تێدایە هاوار دەکەیت... ئاوڕ دەدەیتەوە و (ست ڕافۆن) دەبینیت... زۆر بە هێمنی پێت دەڵێت:

_ لەم ساتەوە ئەمە من نیم... ئەو گۆڕانکارییەم بە دڵ نییە... نازانم تۆ بۆچی دەتەوێت بە زۆر بمکەیتە پیاو... من پیاو نیم، من پیاو نیم، من ......،......

هەر چۆنێک بێت زمانت هەڵدێنیتەوە و لێی دەپرسیت:

_ ئەدی ژنیت...؟!

_ دەمت داخە...!! واز لەو پرسیارە بێتامە بهێنە...!! دیسان پێت دەڵێم ئەمە من نیم.

_ دەتوانم بۆ خۆمی ببەم...؟!

بە سەرلەقاندن ڕەزامەندی پێشان دەدات... لە باوەشی دەکەیت و تا ژووری نووستنی خۆتی دەهێنیت.

لەو کاتەوە زوو زوو دەتەوێت ئەو چەقۆیە دەربهێنیت و لەو شوێنە بە دوای وەڵامی پرسیارەکەتدا بگەڕێیت، بەڵام ترسێکی گەورە شاڵاوت بۆ دەهێنێت و بۆ دواوەت دەگەڕێنێتەوە... ئەستەمە بتوانیت ئەو جلە ڕەشانەی لە بەر دابکەنیت و بزانیت لەژێریاندا چیی شاردووەتەوە... چەند نهێنییەکی دیکە هەن و بۆت ئاشکرا ناکرێن: ئەو پەیکەرە لە چی دروست کراوە...؟! کێ دروستی کردووە...؟!

کەی گەیشتووەتە ئەوێ...؟! ئەوەندە دەزانیت دەبێت کەسێکی زۆر شارەزا بووبێت و عیشقێکی یەکجار گەورەیشی بۆی هەبووبێت، بە ڕادەیەک توانیویەتی ڕۆحی بە بەردا بکات... ڕۆح...؟! بەڵێ، ڕۆح... نازانم کێیە گوتوویەتی ڕۆح لەناو (بینین) دایە، نەک لەناو جەستە... ئەوە (بینین)ە کاتێ دەکەوێتە سەر جەستە، ڕۆحی تێدا دەخوڵقێنێت... خۆ تۆ کاتێ لەو پەیکەرە ڕادەمێنیت، وەک (ست ڕافۆن)ی ڕاستەقینە دەیبینت... ئەمە هەر خۆی نائومێدییەکی گەورەیە بۆ تۆ، بەوەی نەک هەر لەو نهێنییە تێناگەیت، بەڵکو هەست دەکەیت کەسێکی دیکە هەیە دەتوانێت لە ڕێگەی هونەری خەڵقکردنەوە گەورەیی خۆیت بەسەردا بسەپێنێت... ئەوەی هیی تۆیە تەنیا زیادکردنی ئەندامی نێرینەی پیاوە لە جەستەی ئەو بوونەوەرەدا، لە کاتێکدا ئەمە ناشیرینترین شوێنیەتی و بە سەرچاوەی نائومێدییەکانی دەزانیت... ئەوە دوا شەوی (ست ڕافۆن)یش بوو لەوماڵە... ئیتر سەری هەڵگرت و نەتبینییەوە... لەوساوە کۆمەڵێک کرێکار، کە سەرجەمیان پیاون، هاتوونەتە شوێنەکەی... ئێواران کاتێ لە ئیش دەگەڕێنەوە، وەک منداڵ لەسەر ئەو دیوارە سەریان شۆڕ دەکەنەوە و لێت دەڕوانن.

***

نا، نا، لەوە ناچێت ئەو حەبە کاریگەریی هەبووبێت...!! هەتا ئەم ساتەیش هەست بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ناکەیت، نە لە کۆئەندامی هەرس و نە لە کۆئەندامی هەناسەتدا، لە کاتێکدا ئەو هاوڕێ دانمارکییەت دەیگوت هەر لە سەعاتی یەکەمەوە بۆت دەردەکەوێت وا وردە وردە هەناوت جووڵەی تێدەکەوێت... شێوازی هەناسەوەرگرتن و هەناسەدانەوەت گۆڕانیان بەسەردا دێت... (ئیریک ئیریکسن)، کە باڵایەکی بەرزی هەیە و قژی زەرد و درێژی لە دواوە بە شریتێکی نایلۆنی ڕەش دەبەستێت، زوو زوو بەو دەستە بەهێزانەی پەنجەکانتی دەگوشی و دەیگوت:

__ بە گەرانتی دەتدەمێ، دیدار... لەپێش تۆوە هەر ئاوا بە کەسانی تریشم داوە.

ئینجا قاقای لێ دەدا:

__ تاکو ئێستا یەکێکیان نەهاتووە گلەیی بکات...!!

نەخێر، چوار سەعات و نیوی پێ چووە و هیچ یەکێ لەو نیشانانەت تێدا دەرنەکەوتووە، کە ئەو پێی لەسەر دادەگرتن... خۆ هەر بە شێوەیەکی گشتی مرۆڤ لە کاتی سەفەردا، بە تایبەتی ئەگەر سەفەرەکە وەک ئەمەی تۆ بە فڕۆکە بێت، هەست بە ئازاری سک، یان هیی سەر دەکەن، بەڵام تۆ ناتوانیت یەک دەنک ئازار لەو جەستەیەتدا بدۆزیتەوە، کە ئەوەتا فڕۆکە بەردەوام وەک جۆلانە ڕایدەهەژێنێت... ئەوسا لە ترانزێت دوودڵ بوویت، ئاخۆ سەر بکەویت، یان پلانی سەفەرەکەت هەڵبوەشێنیتەوە، بەوەی هیچ نیشانەی مردنت لە خۆتدا نەدەبینی، تەنانەت چەند جارێ لە ڕێی ئەو مایکرۆفۆنانەی فڕۆکەخانەوە ئاگادار کرایتەوە:

__ مستەر دیدار شێرکۆ، تکایە بە خێرایی ڕوو لە دەروازەی ژمارە ١٤ بکە.

ئێستا بە ڕاستی پەشیمانیت لەوەی هاتوویت، بەڵام ئەوسا دەتگوت ڕەنگە هێشتا مابێت، بە تایبەتی کاتێ ئەوەت دەخستە بەرچاو، کە هەمیشە حەب و دەرزی، ئینجا هیی هەر شتێک بووبێتن، درەنگ کاریان لە تۆ کردووە... هەندێجار هۆکاری

ئەمەت بۆ ئەوە گەڕاندووەتەوە، کە لە تەمەنێکی زووەوە جەستەت ئەلکوهولی ناسیوە و ئەمەیش ڕێگر بووە لەوەی حەب و دەرزی بە خێرایی کاریگەریی خۆیانی لەسەر جێ بهێڵن... بەڵام ئایا ئەمە بۆ ژەهریش هەمان شتە...؟! یەکەم ئەزموونت لەگەڵ ئەلکوهولدا بۆ تەمەنی هەشتساڵی دەگەڕێتەوە... ئەوسا وات زانی شەربەتە، بۆیە بەو تینوویەتییە نیوەی گڵاسەکەت لەناو دەمتدا بەتاڵ کرد... زمان و قورگت سووتان و خێرا ئەوەی ناو گوویت فڕێ دایە دەرێ، بەڵام هەر ئەو تامە سەیرە پاڵی پێوە نایت بۆی بگەڕێیتەوە... ئەمجارەیان بە شێنەیی هەندێکی دیکەت لێی خواردەوە... ڕاستییەکەی دەنگێک لە ناوەوە پێی گوتیت ئەمە ژەهرە...!! بەڵێ، ژەهر و شتێکی دیکە نا... نەتدەزانی بۆچی ئەو وشەیە دەنگدانەوەیەکی سەیری لە مێشکتدا هەیە... لە دایکتت ڕوانی، بەو جلە تەنکەیەوە لەسەر تاکێکی قەنەفەکە ڕاکشابوو... وای بۆ چوویت ئەو لە پێش تۆوە خواردوویەتییەوە و گیانی دەرچووە... ئەوسا (فریاد)ی برات و (دیلان)ی خوشکتت بیر کەوتەوە، بگرە دیمەنیانت هاتەوە بەرچاو چۆن هەر لەو ماڵە پەلاواژ بوونەوە... ئەو دوو ڕووداوە تەنیا سێ ساڵیان نێوان بوو... سەرەتا وات دەزانی بە مردنی خۆیان مردوون، بەڵام دواتر (شێرۆ)ی کوڕی (کەتانی ماستفرۆش) بۆی گێڕایتەوە چ ئەوان و چ باوکیشت لە شێوەی یاری خۆیان کوشتووە... بە هەرحاڵ تۆ باوکتت نەدیبوو، تاکو بزانیت چۆن مردووە، بەوەی ئەوسا لە سکی دایکت بوویت، بەڵام چ براکەت و چ خوشکەکەتت بە بیر دەهاتەوە، بە تایبەتی ئەوەی دووەمیان، کە بەردەوام سەرنجت لەو پێستە تەنکەی دەدا... لە بەرچاوتدا وردە وردە ڕەنگی لە سپییەوە بۆ ڕەنگی لم دەگۆڕا... ئەو جووڵەیە ئەگەرچی ترسناک بوو، بەڵام دەیتوانی شوێنەواری مەرگ لەسەر ئەو جەستەیەدا بە ڕوونی پێشان بدات، هەر بۆیە لەوساوە حاڵەتی مردنت بەو شێوەیە دەهێنایە بەرچاو... ئەو جارە ویستت هەمان جووڵە لە (تەرم!!)ی دایکیشتدا بدۆزیتەوە، بەڵام حاڵەتی ئەو زۆر جیاواز بوو، کە دوایی بۆت دەرکەوت نەمردووە، یان با بڵێین بەو شێوەیەی تۆ بۆی چوویت، نەمردووە، بەڵکو هێندەی خواردووەتەوە، مەست بووە و ئاگای لە دنیا بڕاوە، بەوەی خۆیشت هەستت بە قورسیی سەرت و خاوبوونەوەی دڵت دەکرد... ئەو ڕۆژە هەر ئەوە نەبوو بۆ یەکەمجار تامی ئەلکوهول بکەیت، بەڵکو هەستت دەکرد پێشتر هەرگیز بەو شێوەیە وردەکارییەکانی جەستەی دایکتت نەدیوە... هەموو شتێک وەک خەون خۆی دەنواند... نەتدەزانی بۆچی شەبزوورزتت لە درزی زنجیری تراکسویدەکەت دەرهێناوە و وا میز بە دەموچاو و سنگی ڕووتیدا دەکەیت... دەتویست میزەکەت بوەستێنیت، یان ئاڕاستەکەی بگۆڕیت، بەڵام بۆت نەدەکرا... شتەکان لەژێر ویستی تۆدا دەرچووبوون... ملوانکەکەی دڵۆپ دڵۆپ میزی لێ دەتکا... تیشکی گڵۆپ دەیبریسکاندنەوە... جار جار لە وێنەی باوکتت دەڕوانی، کە بە قەدی دیوارەوە هەڵواسرابوو و پێدەکەنی... هەر بە ڕاستی گوێت لە قاقاکەی دەبوو... هێندەی نەبرد ترسێکی سەیر گەمارۆی دایت... بە ئەزموون بۆت دەرکەوتووە ئەوەی لە هەر شتێک زیاتر دەتترسێنێت، پێکەنینە، ڕاستتر قاقای پێکەنینە، نەوەک گریان... دایکت دیوارەکانی

ئەو ژوورەی بە وێنەی ئاژەڵی سەیر سەیری وەک دەیناسۆر، ماموت، گامێشی کێوی، دەعبای بلۆجستان، خەرتیتی گەڕۆک، پرۆنتۆتیریۆم، نیتانۆتیر و دیناهیۆس ڕازاندبووەوە، کە وەک خۆی بۆی دەگێڕایتەوە ئەوانە ملیۆنەها ساڵ لەوەوبەر ژیاون و دواتر لە ناو چوون... باوکتت دەبینی لە پەنایانەوە سەری دەردەهێنا و قاقای لێ دەدا... وا دەهاتە بەرچاوت ئەویش شەبزووزی دەرهێناوە و میز بە هەردووکتاندا دەکات، بێ ئەوەی قاقای پێکەنینی بوەستێنێت... خۆت خستە باوەشی دایکتەوە... مەمکەکانیت لە یاخەی کراسە تەنکەکەی دەرهێنا و وەک منداڵی ساوا بەردەوام مژت لێ دەدان، کە بە میزی تۆ و هیی باوکت تەڕ بووبوون و زمان و قوڕگتیان دەکزاندەوە... نەتدەزانی بۆچی وا دەکەیت و چیت لەو (تەرم!!)ە دەوێت، کە ژەهر لە جووڵەی خستووە... ئەوەندەت لا ڕوون بوو نەتدەویست دیمەنی باوکت بەو شێوەیە ببینیت، بگرە بەرگەی ئەو ڕیسواییەت نەدەگرت... دواجار بۆت دەرکەوت ئەوە تۆیت ئاگات لە خۆت بڕاوە و وا دایکت بە ئاگات دەهێنێتەوە... ڕاستییەکەی نەدەکرا لەوە تێبگەیت، ئاخۆ کامتان مردووە و کامتان ماوە، یان کامتان بە ئاگایە و کامتان لە هۆش خۆی چووە... ئەگەرچی هێشتا بۆنی میز لە گیانی دەهات، بەڵام هیچ ناڕەزایی دەرنەدەبڕی... ئەوەندەشت دەزانی لەو ماوەیەی نووستبوویت، یان ئاگات لە خۆت بڕابوو، خەونت بە مەمکەکانییەوە دیبوو، کە لە (کون!!)ی یەکێکیانەوە مێروولەی ڕەشی باڵدار و لەوەی تریان هیی سوور دەهاتنە دەرێ و بەو ناوەدا بڵاو دەبوونەوە... کۆمەڵێک هێڵی قەترانی و قورمزییان لە بەرچاوتدا دەنەخشاند... ئەو هێڵە بزۆکانە تێکەڵی یەکتر دەبوون و ناو سەرتیان دەخولاندەوە... کاتێ چاوت هەڵهێنا، نەتدەزانی ماوەی چەند ئاوا لە هۆش خۆت چوویت، بەڵام بەوەدا دایکت لە باخەکە وەرزشی دەکرد، دەکرا بڵێیت بەیانییە... بۆنی قاوە، پەنیری شەنکلیش، زەیتوون، ڕۆنی زەیتوون و نۆکی کوتراو لە ناندێنەوە دەهات، کە ئەمە ماڵی ئێوەی لە هەر ماڵێکی تری ئەو شارە جیا دەکردەوە... ئەگەرچی دایکت لە هەموو ئەو عەرەبە عێراقییانە چاکتر کوردیی دەزانی، کە لە کوردستان لە دایک بوون، بەڵام هێشتا وەک کەسێکی سووری، ڕاستتر وەک ژنێکی دیمەشقی هەڵسوکەوتی دەکرد، بە تایبەتی لە پۆشینی جلوبەرگ و نانخواردندا... بایەخێکی سەیری بە بەرچایی دەدا، هەر بۆیە بەیانییان وەک کەسێکی لەشسووک دەردەکەوت و ڕەنگوڕووی دەبریسکایەوە... ناوی ڕەنگ هات، دیدار...!! خۆ تۆ تاکو ئێستا کەسێکت نەدیوە وەک دایکت ڕەونەقی دابێت... پێستی دەموچاوی لە پەڕی کەڵەشێر دەچوو... بەڵێ، پەڕی کەڵەشێر...!! ئاسان نییە ئەمە بۆ کەس ڕوون بکەیتەوە، بەڵام هەر خۆت دەزانیت کاتێ تیشکی هەتاو لە پەڕی کەڵەشێری سوور دەدات، چۆن ڕوومەتەکانیت بە بیر دێنێتەوە... ڕانەکانی وەک دوو ماسی دەهاتنە بەرچاوت، بە تایبەتی کاتێ بەو جلە پرتەقاڵییانەوە لەسەر تاکێکی قەنەفە ڕەشەکە ڕادەکشا و لە بنمیچی دەڕوانی... هەناسەکانی بۆنێکی، یان تامێکی سەیریان هەبوو، کە لەو ڕۆژەوە ئەلکوهولت ناسی، زانیت ئەوە لە کوێوە دێت و زیاتر چێژت لێیان دەبینی... لە هەناسەکانی...؟! بەڵێ، بە

تایبەتی بەیانییان... هەندێک بە ژنە قورتەنتەنییەکە ناویان دەبرد، بەوەی ڕۆژگارێک سووریا بەشێک بووە لە ئیمپایەری ڕۆمانی... (کۆنستانتینۆپل)، یان (قوستەنتینیە)یش بە پایتەختی ئەو ئیمپایەرە گوتراوە... دەتزانی ئەوە جوێنە، بەڵام نەتدەزانی بۆچی ئەو جوێنە تەنیا بەو دەدرێت... قژی زەرد و چاوە سەوزەکانی هەمیشە لەو ژنە گەنمڕەنگ و ئەسمەرانەی دەوروبەریان جیا دەکردەوە و زیاتر سەرنجی خەڵکی ڕادەکێشا، بەڵام کەسیان نەیاندەوێرا لێی نزیک بکەونەوە... ئەمە ئەو مەتەڵە بوو، کە تۆ تاکو (شێرۆ)ت نەناسی، لێی تێنەگەیشتیت... ئەو کوڕە سێ چوار ساڵ لە تۆ گەورەتر بوو... لەگەڵ دایکی شیر و ماستیان بۆ گەڕەکی ئێوە دەهێنا... گلێنە قاوەییەکانی لە هێلکەشەیتانۆکە دەچوون... دەیتوانی سەربردەی زۆربەی خەڵکی ئەو شارە بە وردی بگێڕێتەوە... بەڵێ، لە ڕێی ئەوەوە زانیت بۆچی ئێوە بە گۆشەگیری دەژین و پێوەندییتان بە کەسەوە نییە... دوای ئەوەی خەڵک بیستوویانە بەو شێوەیە گیانی خۆتان لە ناو دەبەن، نەیانوێراوە لێتان نزیک بکەونەوە... زوو زوو بەوە دەیترساندیت، کە ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکت فێڵێک دەدۆزێتەوە و بە دەستی تۆ خۆی دەکوژێت، ئەمەیش ئازارێکی گەورەت پێ دەگەیەنێت و تا ماویت لە بیرت ناچێتەوە، بەڵام تۆ هەمیشە پێچەوانەی ئەوەت دەهێنایە بەرچاو... بە دوورت نەدەزانی درەنگ یان زوو بە دەستی ئەو دەکوژرێیت... دەیگوت خانەوادەی ئێوە بە زنجیرە گیانی خۆیان بە دەستی یەکتر لە ناو دەبەن... مادام خوشکت دایکتی بۆ ئەو یارییە هەڵبژاردووە، ئەوا ئەو بێگومان لە تۆ زیاتر کەسی دیکە بۆ گەمەکەی خۆی نادۆزێتەوە... (شێرۆ) تاکە کەس بوو لەو شارە نەک هەر بەبێ ترس لێت نزیک ببێتەوە، بەڵکو هەمیشە هانی دەدایت دایکت جێ بهێڵیت و بچیت لەگەڵ ئەوان لە قەراغی شار بژییت... بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش وەسفی خانووی قوڕ، ئاژەڵ و باڵندەی بۆ دەکردیت... ئەوەیشی نەدەشاردەوە، کە بۆیە هێندە پێ لەسەر ئەوە دادەگرێت تۆ لەگەڵی بڕۆیت، تاکو پێش لەو نەهامەتییە بگرێت و نەهێڵێت وەک ئەوانی ترت بەسەر بێت... برا گەورەکەی وەک تۆ ناوی (دیدار) بووە و بە چاکترین ماتۆڕسوار ناسراوە... توانیویەتی دوو سێ مەتر لە زەوی بەرز ببێتەوە و زۆر هونەرمەندانە بنیشێتەوە، بێ ئەوەی پاشووی لەسەر ئەو کوشینە بجووڵێت... جارێکیان هەوڵی داوە لە سەربانێکی بڵندەوە بۆ ئەوەی بەرانبەری بپەڕێتەوە، بەڵام مەودای نێوانیان زۆر لەوە زیاتر بووە، کە ئەو مەزەندەی کردووە، بۆیە خۆی پێش ماتۆڕەکەی کەوتووەتە خوارێ و شوێنی ساغی نەماوە... نەدەچووە ئەقڵتەوە ئەو کوڕە هێمنە برای ئاوا جەربەزەی هەبووبێت، بگرە باوەڕت نەدەکرد هیچ ماتۆڕێک ئاوا بفڕێت، ئەگەرچی دەتزانی ئەو کەسێکی سەرکێش بووە و بە ڕووداوی ماتۆڕ گیانی لە دەست داوە... وات دەهێنایە بەرچاو لە (کەتان)ی دایکی چووبێت... ئەسمەرێکی کەتە بوو... جلی پیاوانەی دەپۆشی... ناوچەوانی بە پەڕۆیەکی ئەستووری ڕەش دەبەست... ئەمە هێندەی دی قەبە و ناشیرین پیشانی دەدا... هەمیشە ئەو ئاژەڵە زلانەی بیر دەخستییەوە، کە دایکت دیوارەکانی بە وێنەیان دەڕازاندەوە... هەر بە ڕاستی پێستی ئەستوور و وشکی لە هیی فیل

دەچوو... نەتدەزانی بۆچی هێندە بە دیقەت سەرنجی لێ دەدەیت... ئایا لەبەر ئەوە بوو دەتویست ڕۆژێک لە ڕۆژان دایکت جێ بهێڵیت و بچیت لای ئەو بژییت...؟! ئەگەرچی ئەویش سەربردەی خانەوادەی ئێوەی دەزانی، بەڵام وەک ژنانی دیکە ڕێی لە کوڕەکەی نەدەگرت هاوڕێیەتیت بکات، بگرە بێ ترس شیر و بەرهوومی شیری پێ دەفرۆشتن... (شێرۆ) زوو زوو ئاخی بۆ ئەوە هەڵدەکێشا، کە براکەی ئەو جارەیان نەیتوانیوە مەودای نێوان هەردوو سەربان بە دروستی مەزەندە بکات، تاکو وەک هەمیشە بەو ماتۆڕەیەوە بپەڕێتەوە، ئەگینا ئێستا وێنەی پاڵەوانێک لە ژیاندا دەما و ناوبانگی بە دنیادا بڵاو دەبووەوە... پێی دەگوتیت ئەو لەوساوە دەست بۆ هەر کارێک ببات، بە چاکی بیری لێ دەکاتەوە و تا پێی بکرێت وردبینانە مەودای نێوان شتێک و یەکێکی تر دەخاتە بەرچاوی... داوای لە تۆیش دەکرد، بگرە لێت دەپاڕایەوە هەمان ڕێی ئەو بگریت... پێی دەگوتیت کاتێ کارێک لە مست دەگریت، هەمیشە وا بزانە بە ماتۆڕێکەوە لە سەربانێکی بەرزەوە بۆ ئەوەی بەرانبەری دەپەڕیتەوە... ئێستا لەناو ئەو فرۆکەیە لە هەر کاتێکی تر زیاتر پێکەنینت بە لێکدانەوەکانی (شێرۆ) دێت... ئەوەی تۆی لەو جیا دەکردەوە خودی شتەکان نەبوون، بەڵکو مەودای نێوانیان بوون، بەوەی تۆ هەرگیز گوێت بە مەودای نێوان خاڵێک و خاڵێکی تر نەدەدا... لە کاتێکدا لەو جامەوە سەرنجی پەڵەهەورەکان دەدەیت، وەک مێگەلی مەڕی سپی دێنە بەرچاوت... ڕۆژگاری منداڵیت لەو شارە فێنکە بیر دەکەوێتەوە... واتە پێش ئەوەی (ست ڕافیدە) بێت و بۆ ئەو شارە دێرینەت ببات... ڕەنگە بە شێوەیەک لە شێوەکان پێوەندی لەنێوان ئەم دیمەنە و ئەو دومییانەدا هەبێت، کە لە پووش دروستت دەکردن... (شێرۆ) و دایکی عەرەبانەکەیان لە بەردەمی ماڵتان ڕادەگرت، بەوەی درەختەکانی باخچەتان ئەو ناوەیان فێنک دادەهێنا... هەمیشە پێنج شەش مەنجەڵیان لەسەر دادەنا... پووشی سەر مەنجەڵەکانیان لەوێ فڕێ دەدا و تۆ هەڵتدەگرتنەوە... دەتبردن لە حەوشەی پشتەوە یاریت پێ دەکردن... بۆنی، یان تامی هەناسەکانی دایکتیان لێ دەهات... چێژی بێئەندازەت لێ دەبینین... لە ناویاندا گەوزت دەدا... بۆ ئەوەی زیاتر چێژیان لێ ببینیت، دەچوویت بە کەتیرە لەسەر ئەو تەختەدارە وێنەی ئەوت پێ دەکێشان... هەر جارێ شتێکی نوێت دەخستە سەر ئەو وێنەیە... بۆت دەرکەوت ئەوەتا یەکەمجارە لە ژیانتدا بەهرەیەکت لە خۆتدا دۆزیوەتەوە، بەڵام هەمیشە ئەوەت لە بیر بووە، ئەگەر پووشەکان بۆنی، یان تامی هەناسەی دایکتیان لێ نەهاتایە، ئەوا بێگومان بە لای ئەو هونەرەدا نەدەچوویت... هەر بۆیە چەند ماتریالی دیکەت بۆ ئەو دومییەیە زیاد بکردایە، ئەوا هێشتا پووشی سەر مەنجەڵی ماست تێیدا شتی سەرەکی بوو... ئەمجارەیان فێری ئەوە بوویت جلەکانی لە لۆکەرە ساجەکەی بدزیت و لە بەر ئەو دومییەیەی بکەیت، بەڵام بۆ سەری، ڕاستتر بۆ دەموچاوی جۆرە تۆپێکی چەرمت بەکار دەهێنا، کە ڕەنگی وەک گۆشت وابوو... نووکی چەقۆت دەبردە ناوی و بە قەدەر پەنجەی دۆشاومژەت هەڵتدەزڕاند... یەک دوو جار دەستی خۆتت بڕی، بێ ئەوەی ئەو ئازارە لە

کارەکەت دوور بخاتەوە، بەڵکو بەو ئەنگوستە خۆیناوییانەت پووشت لەو بۆشاییە دەئاخنی، تاکو دەموچاوی چرچی تێدا نەمێنێت و تامی ماچەکانی خۆش ببن... بەڵام بە پێویستت نەدەزانی ئەو دوو تۆپەی دەتکردنە مەمکەکانی، بیانتەقێنێت، بەڵکو هەر بە پڕی لەوێت دادەنان و گۆڕانێکی گەورەیان بەسەر ئەو سیمایەیدا دەهێنا... ئاوا بۆ مژینیش باش بوو، کە هەندێجار گازی قایم قایمیشت لێ دەگرتن... ئینجا هەستت دەکرد ئەگەر هەر ئەندامێکی جەستەی قەستی بێت، ئەوا چاوەکانی ناکرێت ڕاستی نەبن...لە باخەکە پووشکەبەقنگەکانت دەگرت، ئەو مێرووە باڵدارەی کتومت لە فڕۆکە دەچێت... بە نینۆک سەریانت لە لەشیان جیا دەکردەوە... هەر خێرا لەو دوو چاڵەت دادەنان و بە کەتیرە چەسپت دەکردن، لە کاتێکدا هێشتا گیانیان تێدا مابوو و دەجووڵانەوە... ئەوسا هەر دەتگوت ئەو دومییەیە بە ڕاستی چاوانی هەڵدێنێت و دایاندەخاتەوە... سەرت لەو توانایەی خۆت سووڕ دەما، بەڵام کەسێکت شک نەدەبرد پێشانی بدەیت... چ نەهامەتییەکە تۆ هونەرمەندێکی بەهرەمەند بیت و تاقە چاوێک بەرهەمەکانتی لێ دیار نەبێت...!! ڕاستە ئەمە نەک وات لێ ناکات دەست هەڵبگریت، بەڵکو زیاتر حەماست پێ دەبەخشێت، بەڵام بتەوێت و نەتەوێت شاردنەوەی بەهرەی خۆت لە خەڵک ئازارێکی گەورەیە... (شێرۆ) زوو زوو دەیپرسی ئاخۆ تۆ ئەو پووشانەت بۆ چییە؟ بەڵام وەڵامیت نەدەدایەوە... دەترسایت ڕاستییەکەی پێ بڵێیت و ئەو داوات لێ بکات پێشانی بدەیت... جارێکیان پێی گوتیت جیاوازیی نێوانتان ئەوەیە تۆ لە لای سەرەوەی شتەکان ڕادەمێنیت و ئەو سەرنج لە خوارەوەیان دەدات... هەر بە ڕاستی لە کاتی دروستکردنی دومییەکاندا بۆت دەرکەوت زیاتر چێژ لە لای سەرەوەیان دەبینیت و پتر بایەخیان پێ دەدەیت، بە تایبەتی مەمک، چاو، ڕوومەت، دەم و قژ، بۆیە بە دوورت نەدەزانی ئەو کوڕە زۆرزانە ئەگەر لە دومییەکانت بڕوانێت، لە مەبەستت تێبگات... نەتدەویست بە هیچ شێوەیەک دایکیشت بیانبینێت... بەوەدا (فریاد)ی برات لەوێ بە دەستی (دیلان)ی خوشکت گیانی خۆی لە ناو بردبوو، هەرگیز دوو پێی تێنەدەخست، وەک چۆن هیچ جارێک نەدەچووە باڵکۆن، ئەو شوێنەی خوێنی باوکتی لێ ڕژابوو و بە مەحاڵی دەزانی سەر بە ژوورەکەی پشتەوەیش دابگرێت، کە بە دەستی خۆی (دیلان)ی لێ کوشتبوو... سوور دەتزانی ئەگەر دایکت دومییەکانتی بدیایە، ئەوا پێی دەگوتیت ئەوەیشت کرد، (سیمۆنی سیحرباز)...؟! نەشتدەزانی ئەو کەسە کێیە ئاوا تۆی پێ دەشوبهێنێت... هەندێجار لە خۆتت دەپرسی ئایا دەبێت تۆیش وەک ئەو بکەیت و پێ نەخەیتە ئەو شوێنانەی باوکت، برات و خوشکتیان لێ کوژراوە، بەڵام هەستت دەکرد هیچ هێزێک نییە لە ناوەوە ڕێگەی ئەوەت لێ بگرێت ژیانی ڕۆژانەی خۆتیان تێدا بە سەر ببەیت، بە تایبەتی حەوشەی پشتەوە، کە بۆ کاری هونەری تا بڵێی لەبار بوو... زۆربەی کات لەوێ بوویت و لەگەڵ ئەو دومییانەدا دەژیایت... دایکت هەر زوو زوو دەیگوت:

ـ خەریکە شێت دەبم و لەوە تێناگەم ئەوە کێیە جلەکانم دەدزێت...!! دەبێ دزێکی زۆر شارەزا بێت...!! بەڵام بۆچی لە جلەکانم زیاتر شتێکی

دیکەی ماڵەکە نادزێت...؟! باوەڕ ناکەم ئەوە بە شەو ڕوو بدات، بەڵکو بە دووری نابینم بە ڕۆژ ئەو کاتانەی لە ماڵ نیم، دەرفەت بهێنێت و .......

بۆت دەرکەوت هێندەی چێژ لە دروستکردنی دومییەکان دەبینیت دوو هێندەیش لە کوشتنیان، بە ڕادەیەک تاکو یەکێکیانت نەکوشتایە، نەتدەتوانی دانەیەکی تر دروست بکەیت، نەک لەبەر ئەوەی هەر دەبووایە ماتریالی مردووەکە بۆ نوێیەکە بە کار بهێنیت، بەڵکو لەبەر ئەوەیش لە ڕێی کوشتنەوە هەستت دەکرد توانات هەیە گیان بە بەر ئەو جەستەیەدا بکەیت... ئەوسا زانیت ناتوانیت لە یەک کاتدا دووانی هاوشێوەت هەبێت، بۆیە هەر دەبێت دانەیەکیان لە ناو بچێت، بەڵام هاوکات دەترسایت بەهرەکەت لەوە زیاتر گەشە بکات و دومییەکەت لەگەڵ دایکت بۆ جیا نەکرێتەوە... ئەوسا ئاسان نییە بڕیار بدەیت کامیان بکوژیت و کامیان بهێڵیتەوە... هەر ئەمە ئەوەی لە دڵتدا چەسپاند، کە مەرگ هەمیشە لەناو خەڵقدا ئامادەیە... ڕاستە وەک منداڵێک بیرت لێ دەکردەوە و نەتدەتوانی بە دروستی دەریببڕیت، بەڵام خۆت لە خۆت تێدەگەیشتیت... بۆ یەکەمجار لە ژیانتدا بە ڕاستی ترسایت و لەرزت لێ هات... لە هەر کاتێکی دیکە زیاتر بیرت نەک لە چۆڵیی ماڵتان کردەوە، بەڵکو سیمای باوکت، برات و خوشکت هاتنەوە بەرچاوت... ئەوسا زانیت بیرۆکەی کوشتن چۆن سەرهەڵدەدات... ڕێک لەو شتانە هەڵدەقوڵێت، کە هەرگیز چاوەڕێ ناکرێت ئەوانە سەرچاوەی ئەو بیرۆکەیە بن... لە لایەک دەترسایت لە هونەرەکەت بەردەوام بیت، کە بە دوورت نەدەزانی لەو ڕێیەوە دایکت لە دەست بدەیت، ڕاستتر هەر خۆت بیکوژیت و لە لایەکی تر ئەو چێژە نەیدەهێشت بوەستیت... پێشتر پێشبینیی ئەوەت دەکرد ڕۆژێک لە ڕۆژان بە دەستی دایکت گیانت دەربچێت، کەچی ئەو هەستە ناکاوە گۆڕانێکی سەیری بەسەر ئەو خەیاڵەتدا هێنا... بڕیارت دا لەمەودوا کاتێ پارچەیەک جل بۆ دومییەکەت دەدزیت، هاوکات پارچەیەک بۆ شوێنی خۆی بگەڕێنیتەوە... لەبەر هیچ شتێک نا، بەڵکو تەنیا وەک یارییەک، کە چێژت لێی دەبینی... لە بیرتە دایکت بە سەرسووڕمانەوە لێیان ڕادەما و بۆنی دەکردن... بەو سەرنجە تیژانەی دەیپشکنین و بە نینۆکی درێژی کەتیرە وشکبووەکانی سەری دەکڕاندن... سەرەتا ئەو حەپەسانە ڕێی نەدەدا یەک وشەی لە دەم بێتە دەرێ، بەڵام دوایی بە زمانی عەرەبی دەیگوت:

__ ئاوا بڕوات، شێت دەبم... ئەوەندە دەزانم شتێکی سەیر لەم ماڵەی ئێمە ڕوو دەدات و من سەری لێ دەرناکەم...!! چ دەستێکە جلەکانم دەدزێت...؟! ئەدی چ دەستێکی ترە دەیانهێنێتەوە...؟!

وردتر سەرنجی لێ دەدان و قووڵتر بۆنی دەکردن:

__ لە بەر کراون... بەڵێ، کەسێ لە بەری کردوون، بەڵام ئەو کەسە کێیە...؟! ئەوەیان مەتەڵە...!!

ئەو لە دوو حاڵەتدا بە زمانی عەرەبی، ڕاستتر بە دیالێکتی شامی دەدوا، کاتێ شپرزە بووایە، یان زۆری بخواردایەتەوە... نەیدەزانی تۆ وات لێ هاتووە تام و بۆنی مەی، بگرە ڕەنگیشی لە هەر خواردنەوەیەکی دیکەی وەک شەربەت جیا دەکەیتەوە... دوور نییە زانیبێتیشی، بەڵام گوێی پێ نەدابێت... کاتێ دەچوونە سەردانی (ست ڕافیدە)، یان وەختێ ئەو دەهاتە لاتان، بە جووتە دەیانخواردەوە... هێندەیان دەخواردەوە، تاکو

تەواو ئاگایان لە دنیا دەبڕا... بۆت دەرکەوت جیاوازیی نێوانیان ئەوەیە (ست ڕافیدە) حەز دەکات بەردەوام قسە بکات، هەتا ئەگەر بزانێت نە گوتەکانی مانایان هەیە و نە کەس گوێی لێ دەگرێت، بەڵام دایکت دوای خواردنەوە دەچێتە خەوی قووڵەوە، بە ڕادەیەک وەک مردووی لێ دێت... ئەمەیانی زیاتر لە کاتی تەنیاییدا تێدا دەردەکەوت... تۆ دەرفەتت دەهێنا و دەمت بە دەمیەوە دەنا، بۆ ئەوەی هەناسەکانی هەڵبمژیت... هەستت دەکرد بە ڕاستی سەرخۆش دەبیت و ئاگات لە دنیا دەبڕێت... دەسا گرفتە گەورەکەیش لەمەوە سەری هەڵدا، ڕاستتر مەتەڵە بێکۆتاییەکە لەوێوە دەستی پێ کرد، کە ئەوەتا نزیکەی سیوپێنج ساڵی بەسەردا تێدەپەڕێت و هێشتا بۆت هەڵنەهاتووە... ئایا لەم چوارەیان کامیانە؟:

یەکەم: خۆی بە مردنی خۆی لەسەر ئەو تەختی نووستنەی مرد... دووەم: خۆی خۆی کوشت... سێیەم: بە دەستی تۆ گیانی لە ناو برد... چوارەم: تۆ کوشتت.

ئەوەی بە پلەی یەکەم سەری لێ شێواندیت و هەر لە سەرەتاوە نەیهێشت لێی تێبگەیت، ئەوە بوو، کاتێ چاوت هەڵهێنا خۆتت لە نێوان تەرمی خوێناویی ئەو و دوا دومییەتدا بینی... نەتدەزانی ئەو دومییەیە چۆن و کێ گەیاندوویەتییە ئەوێ... وەک چۆن ئەوەیشت بیر نەدەکەوتەوە تۆ کەی ژووری خۆتت جێ هێشتووە و چوویتە لای ئەو، چونکە هەرگیز نەیدەهێشت لەسەر تەختەکەی بخەویت، تەنانەت لە کاتی نەخۆشییشدا... دەیگوت ئەو منداڵانەی بە هەر بیانوویەک لای دایکیان دەخەون، وەک ورچەپەڕۆیینەیان لێ دێت... بە گەورەییش شەرمن و دەستەپاچە دەردەچن... لەوەیش تێنەدەگەیشتیت (شێرۆ) و (کەتانی ماستفرۆش)ی دایکی چۆنیان زانیوە، ئاوا هاتوونەتە ژوورەوە... ئەمە یەکێکی دیکە بوو لەو هۆکارانەی ڕێیان نەدەدا سەر لەو ڕووداوە دەربکەیت... ئەو ژنە کەتەیە زۆر ئازایانە تەرمەکەی گەیاندە حەمام و دەمودەست لەوێ شووشتی... ئینجا بانگی کوڕەکەی کرد، تاکو بێت دوو چمکی ئەو بەتانییەی لەگەڵ هەڵبگرێت، کە تەرمەکەی لەسەر دانابوو... بەو عەرەبانەیە گەیاندیانە یەکێ لە گۆڕستانەکانی شار و ناشتیان... (کەتان) پێی گوتی تۆیش لەگەڵیان بچیت، بەڵام (شێرۆ) وای پێ باش بوو لە ماڵ چاوەڕێیان بکەیت، تاکو دەگەڕێنەوە... نەتدەزانی گوێ لە کامیان بگریت... ئەوەندەت لا ڕوون بوو نەتدەویست گۆڕی دایکت پێ بزانیت، بێ ئەوەی لە هۆکارەکەی تێبگەیت... خۆ نەتدەزانی هیی باوکت، خوشکت و برایشت لە کوێن، چونکە هەرگیز ڕۆژێک لە ڕۆژان نە سەردانت کردبوون و نە دایکت پێی گوتبوویت لە کام گۆڕستانە نێژراون... بۆ ژووری نووستنەکەی گەڕایتەوە و وردتر سەرنجت لە تەختەکە دا، کە خوێن ڕەنگی چەرچەف، لێفە و سەرینەکەی سەری گۆڕیبوو... مەقەستێکی گەورەیشت لەوێ بەر چاو کەوت و دڵت داچڵەکی... لەوەتەی فامت کردووەتەوە لەو ئامێرە، ڕاستتر لە دەنگی ئەو ئامێرە ترساویت، کاتێ دوو پەنجە دەیجووڵێنن و شتی پێ دەبڕن... هەر قەبارەیەکی هەبووبێت و هەر شتێکی پێ بڕابێت، ئەوا لە مێشکتدا وەکو شۆڕەی میز دەنگی داوەتەوە، بێ ئەوەی بزانیت بۆچی لەو دەنگە دەترسیت... بەوەدا کەس لەو شارە نەیدەوێرا

لێتان نزیک بکەوێتەوە، ئەوا دایکت زوو زوو بۆ بەغدای دەبردن، تاکو لەوێ لە شوێنە گشتییەکان یاری بکەن و لەگەڵ خەڵک بدوێن... هەر ئەوسا دەیبردنە سەرتاشخانەیش، بەڵام تۆ نەتدەویست بچیت و گیانی خۆتت لەتوکوت دەکرد... بە زۆر دەیانگەیاندیە سەر ئەو کورسییە... تا کابرا تەواو دەبوو، دەتقیژاند و هەزار جوێنت پێ دەدا... کاتێ پەنجەکانی دەجووڵاند و ئەو دەمە تیژەی لێک دەکردەوە، تۆ زیرەت لێ هەڵدەستا... ئیتر نەتدەوێرا لێی بڕوانیت... بەڵام هەر ئەوەندە پێڵووەکانتت دادەخست، هەستت دەکرد میز بە دەموچاوتدا دەکات... وایان دەزانی بە گەورەیی چاک دەبیت، کەچی تا ئەم ساتەیش نەک هەر لە دەنگی ئەو ئامێرە دەترسیت، بەڵکو ئەگەر پێت بکرێت، ناتەوێت نە چارەی خۆی و نە هیی ئەو کەسەیش ببینیت، کە بۆ هەر مەبەستێک بە کاری دەهێنێت... (لەو شارە بەستەڵەکە وازت لە کچێکی هاوڕێت هێنا، چونکە زانیت لە سالۆنێک ئیش دەکات)... هەرگیز نەتدەزانی ڕۆژگارێک دایکت بە مەقەست دەکوژرێت، بەڵام چۆن و کێ کوشتی...؟! ئەوسا لەو ژوورە چۆڵە بەردەوام بیرت لەو پرسیارانە دەکردەوە، بێ ئەوەی هیچ وەڵامێکت دەست بکەوێت... کاتێ (شێرۆ) و دایکی لە گۆڕستان گەڕانەوە، زۆر پێیان لەسەر ئەوە داگرت ماڵەکە جێ بهێڵیت و ئیتر لەگەڵ ئەوان بژییت، بەڵام تۆ ڕازی نەبوویت... بە تەنیا مایتەوە و درێژەت بە هونەری دروستکردن و لەناوبردنی دومییەکان دا... دەتویست بە زووترین کات ئەو دومییەیە بکوژیت، کە ڕووداوی کوشتنی دایکتی دیبوو... (شێرۆ) ڕۆژانە لەو بەردەرگایە هەوڵی دەدا قایلت بکات بۆ لای ئەوان بگوێزیتەوە... پێی دەگوتیت:

ـــ من بۆ تۆمە، دیدە... بە قسەم نەکەیت، پەشیمان دەبیتەوە.

هەر زوو زوویش ئەمەی دەخستە سەر:

ـــ ئەگەر گوێت لە من بگرتایە، ئەوە ڕووی نەدەدا، دیدە... پێم نەگوتی ڕۆژێک دایکت ئاوا بە دەستی تۆ گیانی لە ناو دەبات...؟!

ئەمەی دواییانی بە شێوەیەک دەگوت، وەک بڵێی بە چاوی خۆی ڕووداوەکەی دیبێت، بەڵام تۆ نەتدەویست، یان نەتدەوێرا لەو بارەیەوە یەک وشە بڵێیت، نەبادا شتەکە بەو لایەدا بشکێتەوە، کە دۆخی ژیانە تایبەتەکەتت لێ دەگۆڕێت... زۆر جار بە خۆتت گوتووە هەر لە ترسی ڕووبەڕووبوونەوەی (شێرۆ) تۆ بەوە ڕازی بوویت لەگەڵ (ست ڕافیدە) بۆ ئەو شارە دێرینە بگوازیتەوە، ئەگینا ئەو ماڵە چۆڵە زۆر چاک بۆ ئیشی هونەری دەگونجا... هەر لە زووەوە بۆت دەرکەوتووە لە کاری دومییەسازی و پەیکەرسازیدا پێویستە هونەرمەند دڵی پڕی ترس بێت... پێویستە هەمیشە وا هەست بکات لەگەڵ کارێکی ترسناکدا ڕووبەڕوو بووەتەوە... ئەوێیش بە هەموو مانایەک تۆقێنەر بوو، لە کاتێکدا خوێنی چوار کەسی بە سیمایەوە دەبینرا... دەشتزانی جیاوازیی نێوان ئەو دوو شوێنە ئەوەیە، لەوێ ئێوە دەتانویست پێوەندیتان بە خەڵکەوە هەبێت و ئەوان نەیاندەویست، بەڵام لێرە، لای (ست ڕافیدە) دەبووایە بە هەموو شێوەیەک خۆتان لە خەڵک دوور بگرن، بگرە دەبووایە ئەو فێڵانە بدۆزنەوە، کە دەتوانن لە ڕێیانەوە گیانتان لە هێرشی ئەو چاوە زیت و برسییانە بپارێزن... سەیرەکە ئەوەیە

هەستت دەکرد تۆ نهێنییەکی گەورەت لەوێ جێ هێشتووە و ئەوەی دەشتوانێت دەرگای ئەو نهێنییەت بۆ بخاتە سەر پشت، تەنیا (شێرۆ)یە، بۆیە بەردەوام پلانی گەڕانەوەت دادەنا و لێت هەڵدەوەشایەوە... ڕاستییەکەی دەترسایت ئەو کوڕە بێتەوە ناو ژیانت و زوو زوو ڕووداوی کوژرانی دایکتت بە بیر بهێنێتەوە، ئەگەرچی هاوکات دەتویست ئەو مەتەڵە هەڵبهێنیت... خۆیشت لە خۆت تێنەدەگەیشتیت ئاخۆ چ بڕیارێک بدەیت، باشە... نەتدەزانی ڕۆژگارێک لە ڕێیەکی وەهاوە پێت دەگاتەوە و یەخەت دەگرێتەوە، کە هەرگیز چاوەڕێت نەکردبێت... ئاخر لە خەیاڵی کەسدا نەبوو (شێرۆ) ببێتە چیرۆکنووس و هەموو چیرۆکەکانی باس لە ماڵی ئێوە و ئەو دەوروبەرە بکات... سەرەتا گوتت دەبێت یەکێکی تر بێت و ناوی (شێرۆی کەتانی ماستفرۆش)ی لە خۆی نابێت... لە خۆتت دەپرسی بۆچی ناوی (دیدار) لە هەموو بەرهەمەکانیدا ئامادەیە، بگرە جاری وا هەیە چوار کارەکتەر لە یەک تێکستدا ئەو ناوەیان لێیە...؟! نا، هەر دەبێت ئەو بێت...! کاتێ کتێبێکی لەبارەی ئەزموونی ژیانی خۆیەوە چاپ کرد و تۆ خوێندتەوە، گومانت نەما (شێرۆ)ی ڕاستەقینەیە... بەڵێ، ئەو کوڕە ماستفرۆشەیە، کە دەیتوانی چیرۆکی زۆربەی خەڵکی ئەو شارە بە شێوەی سەرنجڕاکێش بگێڕێتەوە... لەوێ گوتوویەتی دوو (دیدار) ئەویان کردووەتە چیرۆکنووس: یەکەمیان، برایەتی، کە لە تەمەنی هەرزەکاری بە چاکترین ماتۆڕسوار ناسراوە... توانیویەتی دوو سێ مەتر لە زەوی بەرز ببێتەوە و زۆر هونەرمەندانە بنیشێتەوە، بێ ئەوەی پاشووی لەسەر ئەو کوشینە بجووڵێت... جارێکیان هەوڵی داوە لە سەربانێکی بڵندەوە بۆ ئەوەی بەرانبەری بپەڕێتەوە، بەڵام مەودای نێوانیان زۆر لەوە زیاتر بووە، کە ئەو مەزەندەی کردووە، بۆیە خۆی پێش ماتۆڕەکەی کەوتووەتە خوارێ و شوێنی ساغی نەماوە... دووەمیان، هاوڕێیەکی منداڵییەتی، کە دوای ڕووداوێکی دڵتەزێن سەری هەڵگرتووە و نازانێت لە کوێیە، بەڵام تاکو ئێستایش بە دوایدا دەگەڕێت... لەو کتێبەیدا گوتوویەتی ئەگەر بەردەوام لە چیرۆکەکانیدا باس لە مەودای نێوان شتەکان دەکات و هەمیشە کارەکتەرەکانی دەبنە قوربانیی مەزەندەنەکردنی مەودا، ئەوا هۆکارەکەی ئەوەیە، هەردووکیان بە هۆی گوێنەدانیان بە گرنگیی مەودا ئەویان لەناو ئەو ئازارە بێکۆتاییەدا جێ هێشتووە... (شێرۆ) بەشێکی کتێبەکەی بۆ باسی دومییە تەرخان کردووە، بەوەی (دیدار) بەردەوام خەریکی دروستکردن و هەڵوەشاندنەوەی دومییەیە... لێرەدا شتێکی سەیر بەر چاو دەکەوێت، کە بە ڕاستی تۆی تەواو هەژاندووە... دەڵێت: ((دیدار کاتێ پەنای بۆ دروستکردنی دومییە بردووە و ویستوویەتی شێوەیان لە دایکی بچێت، مانای ئەوەیە ترسی لێی هەبووە، چونکە منداڵ هەمیشە وێنەی ئەو شتانە دەکێشێت، کە لێیان دەترسێت))... ئایا تۆ لە دایکت دەترسایت، دیدار...؟! لە بیرت نییە هەرگیز زللەیەکی لێ دابیت، یان گوێچکە و ڕوومەتی ڕاکێشابیت، بەڵام ئەگەر زۆر لێت تووڕە بووایە، یان بیویستایە ڕێت لێ بگرێت کارێکی نابەجێ بکەیت، بە پەمپی ئاوی ئوتوو دەموچاوتی دەڕشاند، کە ئەمە لە هەموو شتێک زیاتر ئازاری دەدایت... ڕاستە نەدەئێشا، بەڵام لە ناخەوە تێکی دەشکاندیت، بە تایبەتی

شەوان کاتێ دەتویست لای بخەویت... بەو ڕێگەیە لەوێی دوور دەخستییەوە... لەوە ناخۆشتر نییە بە شەو دەموچاوت بە پەمپ بڕشێنن... لە بەغدایش کاتێ دەیبردیە سەرتاشخانە و نەتدەویست بە ئاقڵی لەسەر ئەو کورسییە دابنیشیت، پەمپی ئاوەکەی لەسەر بۆردی بەردەمی سەرتاشەکە هەڵدەگرت و دەموچاوتی پێ دەڕشاند... (شێرۆ) بە شێوەیەک باسی دومییەکانی کردووە، وەک بڵێی لە نزیکەوە ئاگاداری هەموو نهێنییەکانت بوویێت، کە ئەمەیش بۆ تۆ جێگەی سەرسووڕمانە، لە کاتێکدا تەنیا ڕۆژی کوژرانی دایکت ماڵی ئێوەی دیبوو... سەیرەکە ئەوەیە دەڵێت لە کاتی دروستکردنی دومییەکاندا دەردەکەوێت (دیدار) توانای نییە مەودای نێوان شتەکان بە دروستی ببینێت... لێرەدا بۆ چەسپاندنی بۆچوونەکەی نوکتەیەکی هێناوەتەوە... نەخێر، هەر خۆی دروستی کردووە: پیاوێک دەچێتە سەیران و خێوەتێک لەگەڵ خۆی دەبات... کاتێ دەیەوێت هەڵی بدات، دەبینێت چەکوشی لە بیر چووە ئەو سنگانەی پێ لە زەوی بکوتێت... لەو شوێنە یەک بەردیشی بەر چاو ناکەوێت، تاکو لە جیاتی چەکوش بە کاری بهێنێت.. بیر لەوە دەکاتەوە لقێکی ئەستوور لە درەختەکەی بەردەمی ببڕێت و سنگەکان بەو بکوتێت، بەڵام مشار لە کوێ بهێنێت...؟! هەر خێرا بۆ شار دەگەڕێتەوە و دەچێتە دووکانێک، کە کەرەستەی دروستکردنی خانووبەرەی لێ دەفرۆشرێت... بە کابرا دەڵێت مشارێکی بداتێ، لە کاتێکدا بێ ئەوەی ئاگای لێ بێت بە دەست وا ئاماژە دەکات، کە چەکوشی پێویستە... دووکاندار دەپرسێت:

ـــ ئەرێ تۆ چەکوشت دەوێت شتی پێ بکوتیت، یان مشارت گەرەکە داری پێ ببڕیتەوە...؟!

ـــ مشارم دەوێت، مشار.

دەگەڕێتەوە و لقێکی ئەستوور دەبڕێت، بەڵام لەو کاتەدا پۆلیسی دارستان دەگەنە لای و سزای دەدەن......

(شێرۆ) دەڵێت (دیدار) چەکوشی پێویستە و بە دوای مشاردا دەگەڕێت، ئەگەرچی ئەو مشارە نەک هەر دادی نادات، بەڵکو ڕووبەڕووی سزایشی دەکاتەوە......

یەکێ لەو هۆکارانەی وای لێ کردوویت زۆر بە وردی چیرۆکەکانی (شێرۆ) بخوێنیتەوە، ئەوەیە، تەنیا نیوەی ئەو (دیدار)ە تۆیت و نیوەکەی تری براکەیەتی... وەک چۆن دایکی هەردووکیشتانی لە ژنێکدا بەرجەستە کردووە... (دیدار) هاوکات ماتۆڕسوارێکی جەربەزە و دومییەسازێکی زۆر لێهاتووە، بەڵام هەمیشە مەودای نێوان شتەکانی لێ تێک دەچێت، یان خۆی لە خۆیانی تێک دەدات... ئەمە هەم چێژت پێ دەبەخشێت و هەم ئازارت دەدات، بەوەی نیوەی خۆت دەبینیت و نیوەکەی ترتت لێ دیار نییە، کە هەست دەکەیت نووسینیش وەک کاری دومییەسازی و پەیکەرسازی ئەگەر ئەو دوو ڕەگەزەی پێکەوە تێدا نەبێت، ئەوا بە دوای نهێنییەکانیدا ناگەڕێیت... لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا نەتدەوێرا خۆت لە (شێرۆ) ئاشکرا بکەیت، ئەگەرچی ئەو لەو کتێبەیدا گوتوویەتی هیوادارە ڕۆژێک لە ڕۆژان بتبینێتەوە، بۆ ئەوەی نهێنییەکت پێ بڵێت، کە سەرتاپێی ژیانتی پێوە بەندە... ئیمەیلەکەیشی لەوێ نووسیوە، بەشکو ئەوە دنیایە ببینیت و پێوەندیی پێوە بکەیت... ئێستایش لات ڕوون نییە،

ئەگەر ئەم حەبە نەتکوژێت و بە ساغی بگەیتەوە، دیسان ئەو خەیاڵە مێشکت داگیر دەکاتەوە، خەیاڵی ئەوەی ئاخۆ دەتەوێت یان ناتەوێت ئەو نهێنییە بزانیت... لە بیرت نەچێت (شێرۆ) هەر لەو کتێبەی گوتوویەتی ئەوەی وا دەکات هیوای بە دۆزینەوەت نەبێت، ئەوەیە، تۆ گوێ بە مەودای نێوان شتەکان نادەیت... ڕاستییەکەی لەم گەڕانەوەیەتدا ویستت بە وردی مەودای نێوان کاتی خواردنی حەبەکە و گەیشتنت لە بەرچاو بگریت، بەڵام تا ئەم ساتەیش، کە فڕۆکەکەتان وا لە فڕۆکەخانەی ئەو شارە دێرینە نزیک دەبێتەوە، هەست بە گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ ناکەیت، نە لە کۆئەندامی هەرس و نە لە کۆئەندامی هەناسەتدا... بەڵێ، دەیکەیت، بەڵام هیی ئەوەیە دەترسیت پلانەکەت سەر نەگرێت و مەودای نێوان ئەو دوو خاڵەت لێ تێک بچێت... ئەمە نیشانەی مردن نییە، بەڵکو مانای مانەوەیە بەو شێوەیەی لە کاتێکی ئاوادا نایخوازیت و دادت نادات... دەترسیت ڕۆحت مردبێت و جەستەت مابێتەوە، کە هەمیشە هەستت کردووە ئەو دووانەت لە یەکتر جیاوازن... لە دوو شوێن و دوو زەمەنی جیاوازدا دەژیێن، بۆیە لە کات و شوێنی جیاوازیشدا دەمرن... ئێستا (ست ڕافیدە) لەوێ بە پەرۆشەوە چاوەڕێتە بگەیت و بە ئۆتۆمۆبیلەکەی بۆ ماڵەوەت ببات... وات دانابوو لە دوای گەیشتنت بە ماوەیەکی کەم لەو شوێنە چۆڵ و دوورەدەستە، بە بێدەنگی گیانت دەردەچێت... ڕاستییەکەی نەتدەویست لەوێ خۆت بکوژیت، نەبادا هەوڵی هێنانەوەی تەرمەکەی بدایتایە و لەو ڕێیەوە بووبوویتایەتە بابەتێک بۆ قسە، لە کاتێکدا تۆ دەترسایت و ئێستایش دەترسیت مردنەکەت ببێتە ڕووداوێکی زەق و دەنگ بداتەوە، ئەگینا ئەو وڵاتە هێمن و بەستەڵەکە بۆ کارێکی ئاوا زۆر گونجاوە... زەحمەتە لەوە تێبگەیت ئەو ژنە بۆچی هێندە هۆگری تۆیە... کاتێ هێنایتیە لای خۆی، نزیکەی دە ساڵ دەبوویت... لە بیرتە ئەو مەمکانەی دەردەهێنا و بە نۆرە دەیخستنە دەمتەوە، تاکو مژی قووڵ قووڵیان لێ بدەیت، ئەگەرچی نە شیریان تێدا بوو و نە تۆیش پێویستت بە شیر بوو... دەتوانیت هەموو کاتێ بیهێنیتەوە بەرچاوت، چۆن لە پەیکەرەکەی دەڕوانی و خەیاڵ دەیبردەوە... بۆچی هەر دەبووایە لەو کاتەی تۆ گۆیەکانی دەمژی، ئەو ڕووی لە پەیکەرەکە بێت...؟! ئەرێ هیچ کەسێکی تر لەم دنیایە کاری وا سەیری کردووە...؟! نە ئەوسا و نە ئێستایش وەڵامی ئەو پرسیارانەت بۆ نەدراوەتەوە... وات دەزانی ڕۆژگارێک تۆ لەوە گەورەتر دەبیت و ئیدی ئەو واز لەوە دەهێنێت، بەڵام تا ئەو ڕۆژەی جێیشت هێشت، دەستی لەو خووەی بەر نەدا... نەشتدەتوانی پێی بڵێیت: ((من بۆچی و تا کەی دەبێت مەمکی تۆ بمژم...؟!))... ڕاستییەکەیشی بە پلەی یەکەم لەبەر ئەو ڕووت لە هەندەران کرد و لەو وڵاتە بەستەڵەکە گیرسایتەوە، کەچی لەوێیش وازی لێ نەدەهێنایت... بەردەوام هەوڵی داوە ئاگای لە چرکە بە چرکەی ژیانت بێت... ڕۆژانە نامەی بۆ ناردوویت... نامەی زۆر درێژ، هیی فیزیکی و ئەلیکترۆنی، بە ڕادەیەک شتە هەرە ورد و بێمانایەکانیشی لەو چەند لاپەڕەیەدا نووسیوە... لە تەلەفۆنیش درێغی نەکردووە هەموو ئەوانەت بە دەمی پێ بڵێت و هاوکات بزانێت کەی ژەمەکانت دەخۆیت، چی لەبەر دەکەیت، کەی لە خەو هەڵدەستیت، چۆن خۆت دەشۆیت، چ شامپۆیەک بەکار دەهێنیت، کێ دەبینیت و زۆری تر، تەنانەت

لەو دوورەوە هەوڵی داوە هەموو شتێک لەبارەی ئەم وڵاتەوە بزانێت... نەک هەر ژمارەی دانیشتووان و ڕووبەری خاکی، بەڵکو شتە هەرە وردەکانیشی، ئەوانەی کەس بایەخیان پێ نادات... بەڵێ، کتێبی دنیای لە بارەی ئەو وڵاتەوە خوێندووەتەوە... پێشتر تەنیا یەک جار ناوی بیستووە، ئەویش کاتێ فرێزەرەکەتان کڕیوە... فرێزەری دانمارکی... خۆیشت ئەوەت چاک لە بیرە... دەرگاکەی، ڕاستتر قەپاغەکەی ڕەنگێکی پرتەقاڵیی هەبوو، ئەو ڕەنگەی دایکت حەزی لێ دەکرد، بە تایبەتی بۆ جلی خەو... دەترسایت ڕۆژێک (ست ڕافیدە) بکەوێتە ڕێ و بگاتە لات... ئیتر تا ماویت لێت جیا نەبێتەوە، بەڵام جارێکیان گوتی لەبەر یەک شت ئێرە جێ ناهڵێت، کە لە نامە و تەلەفۆن ناگوترێت، بەڵکو ڕۆژگارێ، کاتێ دەگەڕێیتەوە، پێت دەڵێت... نایشاریتەوە بەو قسەیەی تۆی خستە مەراقێکی گەورەوە، بەڵام نەتدەهێشت وا بزانێت تا ئەو ڕادەیە خەیاڵتی داگیر کردووە... جارێکیان دوو هەواڵی پێ گەیاندیت، کە لای ئەو بە ڕاستی دڵتەزێن بوون: یەکەمیان، پەیکەرەکەی دزراوە و دووەمیان، خانووەکەی جێ هێشتووە و بۆ شوێنێکی تری دوورەدەست چووە، کە ناتوانێت نە لە نامە و نە لە تەلەفۆنیش ئەدرێسەکەت پێ بڵێت... ئەگەرچی هەستت دەکرد زۆر تێک چووە، بگرە تۆنی دەنگیشی تەواو گۆڕاوە، بەڵام هاوکات بە دوورت نەدەزانی درۆ بێت، بەڵکو هەر بۆ ئەوە هەڵیبەستبێتن، تاکو بۆ گەڕانەوە تەفرەت بدات، چونکە هەر زوو زوو دەیگوت:

__ با بێیتەوە، دیدەی من، ئەوسا وردەکارییەکانی ئەو ڕووداوانە و زۆری دیکەت بۆ باس دەکەم.

نکووڵی لەوە ناکرێت ئەو ژنە چ ترسێکی گەورەی لەوە هەیە کەسێ، ئینجا گرنگ نییە ئەو کەسە کێیە، بە نهێنییەکانی بزانێت... لە بیرتە دەیگوت بۆ ئەوە قژی بۆیە ناکات، تاکو تاڵە سپییەکان بشارێتەوە، بەڵکو نایەوێت خەڵک ئاگایان لەو گۆڕانکارییانە بێت، کە بەسەر جەستەیدا دێن... بە دوورت نەدەزانی ئەو پەیکەرەیشی هەر بۆ ئەوە بووبێت، چاوی خەڵکی پێ فریو بدات، ئەگەرچی ڕێی کەسی نەدەدا پێی بخاتە ماڵەکەی... ئەو ڕۆژە پێی گوتیت یەکەمین ئیشت دەبێت ئەوە بێت پەیکەرێکی بۆ بکەیت، چونکە لەوە زیاتر ناتوانێت بێ پەیکەر بژیێت... بەڵام ئایا تۆ ئەگەر ئەو حەبە نەیکوشتیت، دەتوانیت لەمەودوا خەریکی کاری پەیکەرسازی بیت...؟! نەهامەتییەکە لەوەدایە ئەگەر نەمریت پرسیارێکی تر سەرتاپێی خەیاڵت داگیر دەکات، ئەویش ئەوەیە: ((چی پاڵی پێوە نابوویت هەوڵی خۆکوشتن بدەیت...؟!))... هەرچەند مێشکی خۆت بگوشیت، هۆکارێکت بۆ نادۆزرێتەوە.





# ژنە بێدەنگەکە

**کاروان محەمەد فەتاح**

تۆ شەوکراسییەکی سپیت لەبەردایە و مۆمێکی پرتەپرتکەرت بە دەستەوەیە و هێواش هێواش دەرگەی ژوورەکەی دایکت دەکەیتەوە، لایەکی ژوورەکەت لێ دەردەکەوێت و پاشان دەرگەکە دەخەیتە سەر گازەرای پشت و دەچیتە ژوورەوە، بۆنی شێداری ژوورەکە لووتت دەگرێت. کاتێک مۆمەکە لەسەر تاقی پەنجەرە ڕوو بە کۆڵانەکە دادەنێیت، تاریکیی ژوورەکە دەڕەوێتەوە. لە دایکت نزیک دەبیتەوە، زۆر جوان و ڕوون ڕووخساری دەبینیت، ڕەنگی وێنەی گەڵایەکی هەڵوەریوی زەردی پاییزییە، ڕەنگە ڕووناکیی مۆمەکەش بێت وا کز و لاواز و زەردهەڵگەڕاو دەینوێنێ. زیاتر لێی نزیک دەبیتەوە، هەست دەکەیت ئەم مرۆڤە هێندەی لە بۆنی مردنەوە نزیکە، هێندە بۆنی ژیانی لێ نایەت.

تۆ سەرت پڕ پرسیارە لە دایکتی بکەیت، بە دوای وەڵامی پرسیارەکاندا وەک دایکێک وایت، کاتێک منداڵەکەی ون دەبێت، دەتەوێت هۆکاری بێدەنگی دایکت بزانی، باشترین شتێکیش کە بیکەیت پرسیار کردنە لە خۆی، مرۆڤ بۆ ئەوەی لە بارودۆخی کەسێک تێبگات، دەبێت لە خودی کەسەکە بکۆڵێتەوە. کێشەی تۆش لەوەدایە، کە ئەو مرۆڤێکی بێدەنگ و بێ قسەیە، زۆر جار وا گومان دەبەیت، کە لە ژیاندا هیچ قسەیەکی نییە بۆ وتن، بەڵام لە دواییدا بۆت ڕوون دەبێتەوە، کە ئەم گومانە جێی خۆی نەگرتووە، سەخترین شت لە دونیادا تێگەیشتنە لە مرۆڤی بێ دەنگ. لە زۆر کاتدا دەتویست بزانی چ کێشەیەکی هەیە؟ بیر لە چی دەکاتەوە؟ بە چی خۆشحاڵە؟ بە چی ئازار دەچێژێت؟ تەنیا وەڵامدەرەوەی تۆ ڕووخساریەتی، کە نیشانی دەدا خۆشحاڵە، بێزارە، تووڕەیە، ڕازییە، کێشەی هەیە. ئەو گومانە لە مێشکتدا نیشتەجێ دەبێت، کە دایکت لەو ڕۆژەوەی دروست بووە، لە جیاتی ئەوەی بانگ بە گوێیدا بدەن، پێیان گوتووە هیچ قسەیەک نەکات و لەگەڵ کەسیش نەدوێت. هەمیشە لە ساتی پرسیارکردنتدا لە دایکت، شتێکی سەیر و نامۆ ڕوودەدات، ئەویش کاتێک پرسیارێکی ڕووبەڕووی دەکەیتەوە، ئەو جارێک سەری دادەخات و سەیری ناوەوەی خۆی دەکات و جارێکی تر تەماشای پەنجەرە بە پەردە داپۆشراوەکەی ژوورەکە دەکات، هەرکات سەیری پەنجەرەکە دەکات، ڕەشەبایەکی بەهێز هەڵدەکات و یاری بە پەردەی سەر پەنجەرەکە دەکات و دەبێتە میوانی ژووره تاریک و بۆندارەکە، ئەوە بۆ تۆ زۆر بە ئازار و خەمهێنە و مەتەڵێکی هێند گرانە، بەتواناترین مەتەڵهەڵهێنەریش بهێنە، ناتوانێ هەڵیبێنێت.

نازانی چۆن باوکت ئەم ژنە بێدەنگ و بێ زمانەی هێناوە، دەبێت چ چێژێک هەبێت لە ژیانکردن لەگەڵ مرۆڤی بێدەنگ و بێ قسەدا؟ ڕەنگە تەنیا چێژ ئەوە بێت، کە ماندووت ناکەن و بۆ خۆیان دەژین و دەست وەرنادەنە ژیانی کەسەوە. بەوەدا زانیت کە باوکت زۆر لە دایکت ڕازی بووە و هیچ سەرئێشەیەکی بۆ دروست نەکردووە. زۆریش نابێت باوکت کۆچی دوایی کردووە، هەمووی سێ ساڵ بەر لە ئێستا شەوێک دەچێتە دەر و دەکەوێتە بەر گوولەیەکی وێڵ و دەمرێت. تۆش کەمساڵ نیت، بیست و دوو ساڵ کەم نییە بۆ تێگەیشتن لە مرۆڤێک، کە هەموو کاتی خۆتت لەگەڵیدا بەسەر بردووە، لە باوکت باش تێگەشتی، چونکە قسەی دەکرد و دەتزانی حاڵی چۆنە و چۆن لە شتەکان دەڕوانێت، بەڵام هۆکاری تێنەگەیشتن لە دایکت، بۆ ئەو بێدەنگییە قووڵە دەگەڕێتەوە، تۆش هێند زیرەک نیت، بتوانی ناخی بخوێنیتەوە و خورپەکانی ناوەوەی تێبگەیت.

هیچ کات وەڵامی پرسیارەکانت لە دایکت دەستگیر نەبووە، هەموو جار بە بێ هیوایی و بە ساردییەوە پرسیارەکانت ئاراستەی کردووە و ئەویش دەمی نەکردووەتەوە و قسەی نەکردووە، ناچار دڵی خۆت بەوە خۆش کردووە، کە گوێی لە پرسیارەکە نەبووە، یان تێنەگەیشتووە، وەڵامنەدانەوەی پرسیار مرۆڤ تووشی ئازار دەکات و وای لێ دەکات هەست بە کەمیی خۆی بکات، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو کەسەی کە وەڵامت ناداتەوە دایکتە، دڵگران نابیت.

هەموو شەوان دێیتە ژوورەکەیەوە و لە هەواڵی دەپرسیت و پرسیارە دووبارەکانتی ئاراستە

دەکەیتەوە، ئەویش بێ ئەوەی ورتەیەکی لێوە بێت، نیگایەکی سارد و پڕمانات تێدەگرێت و سەیری ناوەوەی خۆی و پەنجەرەکە دەکات، تۆش نائومێدانە ژوورەکە جێ دەهێڵیت و دەچیتە ژوورەکەی خۆتەوە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە دایکت چووەتە قوتابخانە و ساڵێک خوێندوویەتی، بەڵام بە هۆی ئەوەی لە پۆلدا چالاکی نەبووە و قسەی نەکردووە، ناچار دەستەی کارگێڕی قوتابخانەکە دەری دەکەن و ئەویش لە ماڵەوە درێژە بە خوێندن دەدات و فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت.

هەمیشە ئارامیش خۆی دەنوێنێت، مرۆڤی خۆشبەخت ئەو مرۆڤەیە، کە هەموو تەمەنی خۆی لە بێدەنگی و قووڵبوونەوەدا بەسەر دەبات، دایکی تۆ هەڵگری ئەو دوو تایبەتمەندیەتییەیە.

وەکو هەموو جارەکانی دی لە کۆتاییەکانی شەوێکی نیوەتاریکی مانگی پێنجی بەهاردا دەچیتە ژوورەکەیەوە و دایکت دەبینیت لە بەرانبەر پەنجەرەکە لەسەر کورسییەک دانیشتووە و تەماشای بێدەنگی شەو دەکات و لە فڕینی نەورەسەکان ڕادەمێنێت، دەستەکانی دەکاتەوە و لاسایی ئەوان دەکاتەوە وەک ئەوەی حەزی فڕینی هەبێت. هەر لە کۆنەوە فڕین خولیای مرۆڤ بووە، مرۆڤ بۆیە کاری چاک دەکات، بۆ ئەوەی بفڕێت، مرۆڤە باوەڕدارەکان لە پێش هەموو کەس خولیای فڕین لە سەریاندا چەکەرە دەکات، بۆیە لە ژیاندا چاکە دەکەن و خۆیان تەسلیمی خودا دەکەن و ئارەزووەکانیان دەکوژن، بۆ ئەوەی کە مردن بچنە ئاسمان و دونیایەکی تر تاقی بکەنەوە، دونیایەک پڕ بێت لە فڕین، فڕینی ڕۆح، فڕینی جەستە، فڕینیش تەنیا لە پێناوی بینینی دونیایەکی تردایە، دایکیشت مرۆڤێکی باوەڕدارە و چاوی بڕیوەتە ئەو دونیایە. بە لاتەوە سەیرە دایکت تا ئێستا نەخەوتووە و چرپاکەی خۆی بەجێهێشتووە و هاتووەتە سەر ئەو کورسییە و تەماشای فڕینی باڵندەکان دەکات و فرمێسکی تاڵ بە دەموچاویدا دێتە خوارێ. دڵت دادەخورپێ و پێی دەڵێیت:

-دایە گیان! بۆ وا ماندوو و ڕەنگزەرد دیاری؟ خۆ هیچ شتێک نەبووە؟ کێ ماندووی کردووی؟

-دایە گیان! لە تاوی ئەم بێدەنگییەت وەختە دڵم وەکو بوورکانێک بتەقێتەوە، بۆ هەروا بێدەنگ و قووڵ تەماشام دەکەیت و لێوت نابزوێنی؟ وشەکان لەنێو زارتدا بۆگەنیان کرد، ئازارەکەت هێندە قووڵە؟ وا ناتوانی بە قسە پێم بڵێیت؟ ئاخر مرۆڤ گەر گوزارشت لە ئازارەکانی نەکات، دەپووکێتەوە و وەکو گوڵی ژاکاوی لێ دێت.

- بیر لە کێ دەکەیتەوە؟ خۆت؟ من؟ باوکم؟ یان بیر لە چی دەکەیتەوە؟ ژیان؟ ئازار؟ بەختەوەری؟ سەختەوەری؟ یان چی؟؟؟

- تۆ بەردەوامیت لە پرسیارە دووبارەکانت و ئەویش تا دێت بێدەنگییەکەی خەستتر دەبێتەوە و دەمی ناکاتەوە، تەنیا وەڵامی دایکت بۆ تۆ تەماشاکردنی خۆی و پەنجەرەکەیە و هیچی تر، لە بیرت نەچێت، کاتێک ئەو دوو کارە ئەنجام دەدات ڕەنگی تێکدەچێت و هەناسەی سوار دەبێت. تا دێت ململانێی دەنگی تۆ و بێدەنگی دایکت قووڵتر دەبێتەوە، نازانیت کەی کۆتایی بەم ململانێ نەخوازراوە دێت. بە ماندوویی جێی دەهێڵیت و دەرگەی ژوورەکەی دادەخەیت.

بەیانی ڕۆژی دواتر وەکو پیشەی هەمیشەییت دەچیتەوە ژوورەکەی، بۆ ئەوەی دەستی بگریت

و بیهێنیتە سەر سفرەکە بۆ نانخواردن، دەرگاکە دەکەیتەوە، دەبینیت ژوورەکە پڕ بێدەنگییە و پەنجەرەکە کراوەتەوە و هەوا سەما بە پەردەکە دەکات، سەرت لەم دیمەنە سووڕدەمێنێت! شەوانی تر دایکت، کە لە دانیشتن بێزار دەبوو، پەنجەرەکەی دادەخست و دەچووە سەر جێگەکەی خۆی، بەڵام ئێستا پەنجەرەکە کراوەتەوە، تۆ بڵێی ڕەشەبا کردبێتییەوە؟ یان دایکت پێی خۆش بووە لەسەر چرپاکەیەوە تەماشای ئەستێرەکانی ئاسمان بکات؟ دایکت لە ناخی خەودایە، ئێستا نەک هەر بێ قسەیە، بەڵکو بێ جووڵەیشە، هەموو گیانت دەلەرزێت، وەک ئەوەی ژێر پێت بوومەلەرزە بێت و ترس شاڵاوێکی بەتینت بۆ دێنێت. دەچیتە پێشەوە دایکت هەڵسێنیت و بیبەیت بۆ سەر سفرەکە، دەبینیت گیانی سارد بووەتەوە و مردووە، بە دڵێکی نائومێدانەوە دەڵێیت:

- دایە گیان! بۆ بێ وەڵام جێم دەهێڵی؟ من ناتوانم بێ تۆ بژیم، تۆ هەناسەی من بوویت، لە کاتە سەختەکاندا پشت و پەنام بووی، ئێستا وەک تەنیاییەکانی تۆ لە دونیادا تەنیام، هێشتا من چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکان بووم.

چاوت بە کاغەزێکی نووسراو دەکەوێت، کە لە سەر مێزەکەی دایکت دانراوە، خێرا دەیکەیتەوە و تامەزرۆیانە دەست دەکەیت بە خوێندنەوەی، تیایدا نووسراوە:

(ژیان گیان! کچە جوانەکەم! بە دەست بێدەنگییەکەم ئازاری زۆرت چەشت، وەکو ئازاری من بە دەست ژیانەوە. هەر کات پرسیارێکت دەکرد، چاوەکانت پێیان دەگوتم، کچەکەت زۆر تامەزرۆی وەڵامی تۆیە، ئاخر کچەکەم! هەرچەندە تۆ لە جەستەی من جیا بوویتەتەوە، بەڵام ڕۆحت لێم جیا نەبووەتەوە، من باش تۆ دەناسم، دایک زۆر زوو لە منداڵەکانی تێدەگات، وەک تێگەیشتنی خوا بۆ بەندەکانی، ساتێکیش کە وەڵامم نەدەدایتەوە، هەستم بە ئازاری چاوەڕوانیت دەکرد، منیش ئەو بێدەنگییە زۆر ئازاری دام. وا تێنەگەی کە من ڕقم بەرانبەرت هەبوو، بۆیە وەڵامم نەدەدایتەوە، یان وەڵامم پێ نەبووە، نەخێر، هەرگیز وانییە، لە ناخەوە حەزم دەکرد وەڵامی هەموو پرسیارەکانت بدەمەوە، ئەو پرسیارە سادانەش، کە پێویستی بە وەڵام نەدەکرد، هەرکات دەمویست وەڵامت بدەمەوە، لە ناوەوە دەنگێک پێی دەوتم: (نەکەی! وەڵامی کچەت نەدەیتەوە، تۆ هێشتا ناتوانی وەڵامی پرسیارەکان بدەیتەوە.) هەمیشە ئەم ڕستەیە لە ناوەوەم دووبارە دەبووەوە و هەر کاتێکیش تەماشای پەنجەرەکەم دەکرد، باڵدارێکی ڕەش، کە چاوەکانی لە چاوی مرۆڤ دەچوون، چاوی لێم سوور دەکردەوە و دەیوت: (تۆ هێشتا ئامادە نیت بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، گەر وەڵامی پرسیاری کچەکەت بدەیتەوە، دەتبەم و لە چاڵێکدا دەتنێژم، کە نە کەس ڕێی تێ بکەوێت و نە کەسیش بیدۆزێتەوە.)

نەمدەزانی بۆ ئەو دوو هێزە نەیانهێشت وەڵامت بدەمەوە، بیرم لە هۆکاری ئەو ترسە دەکردەوە، کە لە ئەنجامی وەڵامدانەوەی تۆوە دروست دەبوو، هۆی ئەو هەموو بێدەنگی و قووڵییەم ئەوە بوو. پرسیارەکانی تۆ لە ڕواڵەتدا سادە بوون، ڕەنگە خۆشت هەستت پێ نەکردبێت، بەڵام لە ناوەڕۆکدا قووڵ و قورس بوون، مرۆڤ بۆ ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارانە بداتەوە، دەبێت هەموو تەمەنی خۆی لە

تەنیایی و بێدەنگی و قووڵبوونەوەدا بەسەر ببات، ئاخر پرسیاری (بیر لە چی دەکەیتەوە؟ بیر لە کێ دەکەیتەوە؟ خۆت؟ من؟ باوک؟ ژیان؟ ئازارت هەیە؟) زۆر قورس و زەحمەتن، کە تۆ زۆر سادانە دەتکرد.

ژیان گیان! ئەمشەو ئەو هێزەی ناوەوەم و باڵدارە ڕەشەکە پێیان گوتم: (ئێستا دەتوانی تەنیا بە نووسین لەسەر کاغەز وەڵامی پرسیارەکانی کچەکەت بدەیتەوە، تەنیا نووسین، ناهێڵین قسە بکەیت، ئەمشەو پێش ئەوەی بنووی نامەیەکی بۆ بنووسە و لەسەر مێزەکە بۆی جێبهێڵە، ڕەنگە بەیانی کاتێک دێتە ژوورەکەتەوە نەتوانی بیبینیت.) ئێستا وەڵامی پرسیارەکانت دەدەمەوە، من مرۆڤێکی ئازارچەشتوو و تەنیا بووم، هەمیشە وەکو کیسەڵ دەچوومە ناو قاوغی خۆم و نەمدەتوانی دەربچم، دەرچوون لە خۆم، واتا دەرچوون لە ژیان. بیرم لە پرسیارە بەردەوامەکانت دەکردەوە، هەوڵی زۆرم دا تا وەڵامی پرسیارەکانت بدەمەوە، ئەمشەو وەڵامی هەموو پرسیارەکانتم لە ناخی خۆمدا ئامادە کرد، لەمەدا هێزە شاراوەکانی نێو ناخم یارمەتییان دام. من وا هەستم دەکرد کە مرۆڤ دەتوانێت بە بێ قسە بژی، هەر واش بوو، من توانیم بێ قسە ژیان بکەم، مرۆڤ دەتوانێت تەنیا بە بێدەنگی و قووڵبوونەوە بژی، بە هیچی تر نا..

کچەکەم! نووسین ڕێگەیەکە بۆ دەربڕینی ئازارەکان، هەندێ لە ئازارەکانی مرۆڤ هێندە قورس و گرانن تەنیا دەتوانێت بیاننووسێت، ناتوانێت بە قسە بیانڵێت. وەک ئازاری تەنیایی لە بووندا، بێزاری، دابڕان و...هتد، منیش قووڵ هەوای ئەو ئازارانەم هەڵمژیبوو. لەدەستدانی بێدەنگی لای من بریتی بوو لە لەدەستدانی خود. دەرچوون لە قاڵبی خۆم، کۆتاییهێنان بوو بە تەنیایی و بێدەنگی، کە بۆ من چێژدار و بەسوود بوون. من لە جەنگێکی قورسدا بووم لەگەڵ خۆم، مرۆڤەکانی تر بۆ ئەوەی ڕووبەڕووی خۆیان نەبنەوە، دەچنە جەنگی دەرەوەی خۆیانەوە، ئەوە ترسە وا لە مرۆڤ دەکات بجەنگێت، هەر مرۆڤێک ترسی نەبێت ناجەنگێت، ترس لە خود و ترس لە ئەوانی تر و ترس لە سروشت. منیش تەنیا ترسم لە خود هەبوو. لە منداڵییەوە دەمویست لە ڕێی قوتابخانەوە و دواتر شووکردنم لە باوکت ئەو ترسە بشارمەوە و ڕووبەڕووی خۆم نەبمەوە و خۆم لە ناو کۆدا بتوێنمەوە، بەڵام هەر زوو تێگەیشتم ئەو بیرۆکەیەم تراویلکەیەکە و هیچی تر، بۆیە چوومە جەنگی بەردەوامی خۆمەوە، جەنگەکەش هێند قورس و گران بوو، بواری ئەوەم نەبوو، نە قسە بکەم و نە بنووسم. ئەمشەو کۆتاییم بە جەنگەکە هێنا، کە تیایدا سەرکەوتم و ئاهێکی خۆش بە گیانمدا هات و توانیم ئەم نامەیەت بۆ بنووسم. گرنگترین شت لەدونیادا تێگەیشتنە لە خود، هەرکات مرۆڤ توانی ئەو کارە ئەنجام بدات، ئەوە دەتوانێت لە هەموو شتەکانی تری نێو گەردوون تێبگات... ئەمە هەموو قسەکانی من بوو لە ژیاندا، هیوادارم وەڵامی پرسیارەکانت دەست کەوتبێت...).

ئێستا تێدەگەیت هۆکاری بێدەنگیی دایکت لە ژیاندا چی بووە. دەچیتە دەرەوە و ناگەڕێیتەوە...



# قرژاڵەکان

**هاروکی موراکامی**
**بۆ فارسی: مەهدی غوبرایی**
**لە فارسییەوە: جەبار سابیر**

تەواو بە ڕێکەوت تووشی ئەو ڕێستورانتە چکۆلەیە بوون. خۆرئاوای یەکەم شەویان بوو، لە سەنگاپوورە و لە ڕۆخی دەریا پیاسەیان دەکرد، کە کتوپڕ ئارەزوویان کرد بچنە سەر شەقامێکی لاوەکی و بە ڕێکەوت ڕێیان کەوتە ئەوێ. ڕێستورانتەکە تەلارێکی یەک نهۆمی بوو، کە تا کەمەر دیوارەکەیان بە خشت هەڵچنیبوو و باخچەیەکی هەبوو بە دارخورمای کورتەباڵا و پێنج مێزی تەختەیی. تەلارە سەرەکییەکە بە ڕەنگی گوڵ و بە گەچ هونەرکاریی تێدا کرابوو. هەر مێزە و سەیوانێکی کاڵەوەبووی هەبوو و بە سەریدا کرابووەوە. هێشتا زوو بوو و مشتەرییەکان نەهاتبوون. تەنها دوو پیاوی قژ کورت، دیار بوو چینی بوون، بەرامبەر یەک دانیشتبوون و بیرەیان دەخواردەوە و لە هەر چەرەس و زەڵاتەیەکیان دەخوارد، کە لە بەردەستیاندا بوو. قسەیەکیان نەدەکرد. لە بەر پێیاندا، لە سەر زەوییەکە سەگێکی زلی ڕەش بە ماندوویی پاڵکەوتبوو و چاوەکانی نیوەنووقاو بوو. داوێکی باریک لە هەڵمێکی ناسکی چێشتلێنان لە چێشتخانەکەوە دەهات و بۆنی وەسوەسەکەری خۆراکی بڵاودەکردەوە. دەنگی شادی چێشتخانەکەیش، هاوڕێ لەگەڵ دەنگی مەنجەڵ و قابلەمە، دەگەیشتە گوێ. گەڵای دارخورماکان، کە بە کەمترین شنە دەشنانەوە، لە هەتاوی خۆرئاوادا دەدەرەوشانەوە.

ئەم دیمەنە سەرنجی ژنەی ڕاکێشا و وەستا.
پرسیی: (چۆنە لێرە نانی ئێوارە بخۆین؟)
کابرای گەنج ناوی ڕێستورانتەکەی لە پێش دەرگاکە خوێندەوە و بە دوای لیستی خواردنەکاندا گەڕا، بەڵام لیستی خواردنەکانیان لە دەرەوە هەڵنەواسیبوو. تۆزێک بیری کردەوە و وتی: (هوم... نازانم. دەزانی کە نانخواردن لە جێگەیەک کە دڵنیانین، لە وڵاتێکی بیانی...)
(بەڵام جۆرێک هەستی شەشم لە بارەی ڕێستوڕانتەکانەوە هەیە. بەڕاستی هەمیشە دەتوانم بۆنی باشەکان بکەم. بێ چەندوچوون ئەم یەکەیش زۆر باشە. گرەنتی دەدەم. بۆچی تاقی نەکەینەوە؟)
کابرا چاوەکانی نووقاند و ئاخێکی قووڵی هەڵکێشا. نەیدەزانی لەوێ چ جۆرە خواردنێک لێدەنێن، بەڵام ناچار بوو قبوڵی بکات، بۆنێکی خۆشی لێدێت. جگە لەوەیش خودی ڕێستورانتەکەیش بۆ ئەو سەرنجڕاکێش بوو. (بەڵام پێتوایە خاوێن بێت؟)
ژنە خۆی بە قۆڵییەوە نووساند. (زۆر هەستیاری. نیگەران مەبە. ئەم هەموو ڕێگەیە تا ئێرە فڕیوین، کەواتە خراپ نییە تۆزێک ڕووداوخوڵقێنی بکەین. نامەوێ هەموو ڕۆژێ لە میوانخانە نان بخۆین. خەفەتهێنە. وەرە، بچین تاقییەکی بکەینەوە.)
کە چوونە ژوورەوە، تێگەیشتن ئەوانە تایبەتن بە خۆراکە قرژاڵییەکان. لیستی خواردنەکانیان بە زمانی ئینگلیزی و چینیی نووسیبوو. پتر مشتەرییەکان خۆماڵی بوون و نرخەکان ئاسایی بوو. بە پێی لیستی خواردنەکان، سەنگاپوورە لافی دەیان جۆر خواردنی لێدەدا و پتر لە سەد جۆر چێشتی قرژاڵ. ژن و پیاوەکە داوای بیرەیەکی سەنگاپوورەییان کرد و دوای پشکنین ئەوەی لە بەر دەست بوو خۆراکی فرەی قرژاڵیان هەڵبژارد و پێکەوە خواردیان. برِی هەر ژەمێک دەهەندانە و بەشەکانی تازە و داوودەرمانی گونجاو بوو.
کابرا کە کەوتبووە ژێر کاریگەرییەوە، وتی: (بەڕاستی خۆشە.)
(دەبینی. چیم پێ وتی؟ ئێستا باوەڕ بە قسەکەم دەکەی؟)
کابرای جاحێڵ قبوڵی کرد: (بەڵێ، دەبێت ددانی پێدابنێم.)
ژنە وتی: (بەڕاستی ئەمجۆرە هەستە بە کەڵک دێت. دەزانی، خواردن لەوە گرنگترە کە خەڵکی خەیاڵی دەکەن. لە ژیانی مرۆڤدا کاتگەلێک دێنە پێش، کە تەنها دەبێت شتی زۆر بە لەزت بخۆیت و کاتێک لەسەر چواڕیانەکە وەستای، پەیوەستە بەوەوەی کە کام ڕێگە هەڵبژێری- ڕێستورانتی باش یا خراپ- ژیانت دەگۆڕێ. وەک ئەمەیە بکەوییە ئەم لای پەیژەکەوە، یا ئەو لای.)
کابرا وتی: (جوانە. ژیان دەتوانێ ترسناک بێت، وانییە؟)
ژنە وتی: (ڕێک وایە.) و بە شەیتانییەوە پەنجەی هەڵبڕی. (ژیان شتێکی ترسناکە. پتر لەوەیش وێنای بکەیت.)
کابرای گەنج بە ئاماژەی سەر جەختی کردەوە.
(ئێستا بە ڕێکەوت ئێمە کەوتینە ناو پەیژەکەوە، وانییە؟)
(ڕێک.)
کابرای گەنج بە ئینسافەوە وتی: (باشە. حەزت لە قرژاڵە؟)
(هوم. هەمیشە حەزم لێی بوو. تۆ چی؟)
(منیش حەزم لێیەتی. پێم خراپ نییە هەموو ڕۆژێک قرژاڵ بخۆم.)
ژنە پێکەنی. (لایەنێکی هاوبەشی تازە.)

کابرا پێکەنی و دوو قۆڵی پەرداخەکانیان بە سڵامەتی بەرز کردەوە.

ژنە وتی: (سبەی دەگەڕێینەوە هەمان جێ. ئەمجۆرە جێگەیانە لە دنیادا زۆر نین. مەبەستم ئەمەیە زۆر بەلەزەتەوە و سەیری نرخەکانیش بکە.)

سێ رۆژ دواتریش لە هەمان چێشتخانە نانیان خوارد. بەیانیان بۆ مەلە و خۆدانە بەر هەتاو دەچوونە دەریا و دواتر لە شاردا دەگەڕان و لە فرۆشگەکانی بابەتی دەستکردی یادگارییان دەکڕی. هەموو شەوێ تاڕادەیەک لە کاتژمێری دیاریکراودا دەچوونە چێشتخانە چکۆلەکەی سەر شەقامە لاوەکییەکە، خۆراکی جیاوازی قرژاڵیان تاقی دەکردەوە، دواتر بۆ ئەوینداری جمک بە کەیف و سەفا دەگەڕانەوە بۆ ژوورەکەیان لە میوانخانەکە، دوای ئەوە رۆدەچوونە خەوێکی بێ خەونبینینەوە. هەموو رۆژێک وەک بەهەشت وابوو. ژنە تەمەنی بیست و شەش ساڵ بوو و لە خوێندنگەیەکی ناوەندی تایبەتی، وانەی ئینگلیزی دەوتەوە. کابرا بیست و هەشت ساڵ بوو و کارەکەی ژمێریاریی بانکێکی گەورە بوو. تاڕادەیەک پەرجوویەک بوو کە توانییان هاوکات مۆڵەت وەربگرن و دەیانویست جێگەیەک بدۆزنەوە، کەس بێزاریان نەکات و بتوانن لەزەت لە بوونی یەکتری وەربگرن. هەوڵیان دا لە هەر بابەتێک هەڵبێن کە لە دڵ و دەماخیان بخات و کاتی بەنرخیان تەلەف بکات.

رۆژی چوارەم – دوایین رۆژی پشووەکەیان– وەک هەموو شەوەکان قرژاڵیان خوارد. کاتێک بە چەقۆ و چەتاڵ گۆشتی قرژاڵەکەیان لە قاچەکانی جیادەکردەوە، قسەیان لەوە دەکرد کە چۆن هاتنە ئێرە و هەموو رۆژێ لە دەریادا مەلە دەکەن و شەوان خۆراکی قرژاڵ دەخۆن و بە بۆچوونیان لە تۆکیۆ ناڕاستەقینە و زۆر زۆر دوور دەردەکەوت. زیاتر قسەیان لە بارودۆخی ئێستایان دەکرد. جارجار لەسەر خواردنەکە بێدەنگ دەبوون و هەر یەکەیان رۆدەچووە فکری خۆیەوە، بەڵام بێدەنگییەکی ناخۆشیش نەبوو. بیرەی سارد و قرژاڵی گەرم، بە باشی مەوداکەی پڕ دەکردەوە.

لە چێشتخانەکە هاتنە دەرێ و بە پیاسە بەرەو میوانخانەکەیان رۆیشتن و ئاسایی رۆژەکەیان بە ئەوینداری تەواو بوو. ئەویندارییەکی نەرمونیان، بەڵام لەزەتبەخش. هەردووکیان دووشیان گرت و یەکسەر چوونە خەوێکی قووڵەوە.

بەڵام هێندەی پێنەچوو کابرای گەنج بە هەستێکی ناخۆشەوە خەبەری بووەوە. هەستی دەکرد پەڵەهەورێکی ناحەزی قووت داوە. یەکسەر خۆی گەیاندە دەستشۆرەکە و پەردەی بان کاسەی توالێتەکەی لادا و هەرچییەک لە گەدەیدا بوو هێنایەوە. گەدەی پڕ بوو لە گۆشتی سپیی قرژاڵ. فریانەکەوتبوو گلۆپەکە هەڵبکات، بەڵام لەبەر رووناکیی مانگدا، کە لەسەر دەریاکە مەلەی دەکرد، دەیبینی چی لە توالێتەکەدایە. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا، چاوەکانی نووقاند و ساتێک ئارامی گرت. مێشکی بەتاڵ بوو و بیریک تێیدا نەدەخولایەوە. تاقە کاری ئارامگرتن بوو. دیسان حاڵەتی هێڵنج دەرکەوت و ئەوەی لە گەدەیدا مابووەوە هێنایەوە. چاوەکانی کردەوە، بینی پارچەیەکی سپیی لەوەی هێناویەتییەوە، لە ئاوی توالێتەکەدا مەلە دەکات. چەند زۆر بوو. نیوە سەرنجڕۆییو بە خۆی وت: (چەندەم قرژاڵ خواردووە! هەموو رۆژێ ئەم هەموو قرژاڵەم خوارد، سەرسووڕمانی ناوێ کە حاڵم تێکچووە. هەر جۆرێک حسابی بکەیت، قرژاڵێکی زۆرە. دوو، سێ ساڵ قرژاڵ لە چوار رۆژدا.)

هەر کە حەپەسا، تێگەیشت ئەو پارچەیەی لە توالێتەکەدا مەلە دەکات، وەک بڵێی تۆزێک دەجووڵێ. ڕەنگە مانگەشەوێکی کاڵ بووبێتە هۆی ئەم ترسە. بێگومان هەورێکی تێپەڕ رووی مانگی داپۆشیوە و ساتێک هەموو شتێکی لە بەرێ تاریکتر کردبوو. کابرای گەنج چاوەکانی نووقاند، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و جارێکی تر کردنییەوە. گومانێک نەبوو، ئەو پارچە گۆشتە دەجووڵا. پارچە گۆشتەکە وەک چرچولۆچێک کە بکرێتەوە و داخرێتەوە، دەجووڵا. کابرای گەنج هەستا و گڵۆپی دەستشۆرەکەی داگیرساند. دواتر لە نزیکەوە، لە پارچە گۆشتەکەی روانی و بینی ئەوەی لەسەر رووی ئاوەکە دەجووڵێ یەک دنیا کرمە. کرمی چکۆلە لە هەمان رەنگی گۆشتی قرژاڵەکە، ملیۆنان کرم کە بە گۆشتەکەوە لکابوون. دیسان هێڵنجی دایەوە، بەڵام ئیتر شتێک نەمابووە و گەدەی وەک کەرسەکێکی مشتئاسا هاتە دەرێ. سەفرایەکی سەوزی تۆخ لە ناخییەوە هاتە دەرێ. ناڕازی لەم بابەتە مشتێک ئاوی ساردی خواردەوە و گێڕایەوە. چەند جارێک سیفۆنەکەی راکێشا و دڵنیابوو هەموو شتێک خاڵی بووەتەوە. پاشان دەموچاوی شت، خاولییەکی سپیی هەڵگرت و بە وردی دەوری دەمی وشککردەوە و بە وەسواسی ددانەکانی شت. دواتر دەستی خستە سەر لێواری دەستشۆرەکە و لە وێنەکەی خۆی راما لە ئاوێنەکەدا. دەموچاوی لاواز و چرچولۆچ بوو و پێستی وەک خۆڵی لێهاتبوو. باوەڕی نەدەکرد ئەمە دەموچاوی ئەوە. وەک پیرمێردێکی ماندوو دەهاتە بەرچاو.
لە دەستشۆرەکە هاتە دەرێ، پاڵی بە دەرگەکەوە دا و لە دەستشۆرەکەی روانی. ماشوقەکەی لە خەوێکی ئاسوودەدا بوو. دەموچاوی رۆبردبووە پشتییەکەوە و بێ هەواڵ لەوەی رووی دابوو لەسەرخۆ دەیپرخاند. قژە درێژەکەی وەک باوەشێنێکی ناسک روومەت و شانەکانی داپۆشیبوو. رێک لەژێر دەفەی شانیدا دوو خاڵی چکۆلە وەک جووتێک دووانە جێگەیان خۆش کردبوو. جێگە هێڵی مایۆکەی لەسەر پشتی دیاربوو. تیشکی کاڵی مانگەشەو لە لای پەردەکەوە ئارامی پەخش دەکرد و دەنگی یەک رێتمی بەرکەوتنی شەپۆلەکان بە لێواری دەریاکە دەبیسترا. لە تەنیشت سیسەمەکە ژمارە سەوزەکانی کاتژمێرە زەنگدارەکە دەدرەوشانەوە. هیچ شتێک نەگۆڕابوو. جگە لەمەی کە ئێستا قرژاڵ لە ناخی ئەودا بوو- ئەو شەوەیش هەردووکیان هەمان خواردنیان خواردبوو. تەنێ ژنەکەی ئاگای لە بابەتەکە نەبوو.
کابرای گەنج لەبەر پەنجەرەکەدا رۆچووە کورسییە حەسیرییەکەوە، چاوی نووقاند و بەکاوەخۆ و رێکوپێک هەناسەی دا. هەوای تازەی رەوانەی سییەکانی کرد و هەوای کۆن و ماوەی دەردا. هەوڵی دا هەر چەندێک دەتوانێ هەوای تازە بگەیەنێتە جەستەی. دەیویست هەموو کونیلەکانی لەشی کراوە بن. دڵی وەک کاتژمێرێکی عەتیقە لە ژوورێکی خەڵوەتدا لێدانی سەخت و وشکی لێدەدا. لە ماشوقە خەوتووەکەی راما و کرمێکی زۆری لە گەدەیدا وێنا کرد. ئایا دەبێت خەبەری بکاتەوەو رووداوەکەی پێبڵێ؟ ئایا نابێت کارێک بکەن؟ ساتێک لە خۆدوان لە فکران رۆچوو و چاوپۆشی لە وتنی کرد. ئەم کارە بێ کەڵک بوو. ژنە هەستی بە شتێک نەکردبوو. ئارێشەی سەرەکیش ئەمە بوو. دنیا شیرازەی نەمابوو. بەردەوام کە لە خولگەیەکی تازەدا قژقژی دەکرد، دەنگی دەبیست. بە خۆی وت: رووداوێک قەوماوە و دنیا گۆڕاوە. نەزمی هەموو شتێک تێکچووە و ئیتر ناگەڕێتەوە دۆخی بەرێ.

## دەق

هەموو شتێک گۆڕاوە و تاقە کارێک کە دەکرێ بیکەی بەردەوامیدانە بە تەیکردنی ڕێگە تازەکە. سبەی دەچم بۆ تۆکیۆ. دەگەڕێمەوە ژیانی ئەوێ. لە رووکاردا شتێک نەگۆڕاوە، بەڵام پێم وانییە ئیتر لەگەڵ ئەم ژنەدا ئاوم بچێتە جۆگەیەکەوە. دەیزانی کە ئیتر هەستی رۆژی بەرێی بەرامبەر وی نابێت، بەڵام بابەتەکە لێرەدا کۆتایی نایەت. پێموانییە بتوانم لەگەڵ خۆیشم بسازێم. وەک ئەوەی کەوتبێتمەوە دوو لای پەیژەیەکی بەرزەوە. بێ ئازار و بێدەنگ. ئەویش هیچ هەستی پێنەکردبوو.

کابرای جاحێل تا کازیوەی بەیانی لە سەر کورسییە حەسیرییەکە دانیشت و لەسەرخۆ هەناسەی دا. تاوناتاوێ هاوارێک لە ناخی شەوەوە دەبیسترا و دڵۆپە بارانەکان وەکبڵێی لە رووی تەمبێکردنەوە بەر پەنجەرەکە دەکەوت. کەڤاڵە هەوری ئاوس بە باران تێدەپەڕین و مانگ خۆی پیشان دەدا، چەندین و چەند جار، بەڵام ژنە خەبەری نەبووەوەو نەبووەوە. تەنانەت لە پێخەفەکەشدا تلێکی نەدا. چەند جارێک شانی جووڵا، هەر ئەمە. کابرا دڵی فنچقی کردبوو بۆ نووستن، خەوێکی قووڵ کە کاتێک خەبەری بووەوە ببینێ هەموو شتێک رێکوپێک بووەتەوە. هەموو شتێک هەمان شێوەیە کە هەبووە و وەک هەمیشە نەرم و هەموار دەچێتە پێش. شتێکی نەدەویست جگە لەمەی کە بچێتە خەوێکی قووڵەوە، بەڵام هەر چەندێک دەستی بەرەو خەو درێژ دەکرد، خەو زیاتر لێی هەڵدەهات.

هەوەڵین شەوێکی بیرکەوتەوە کە رێیان کەوتبووە ئەو چێشتخانە چکۆلەیەی سەر شەقامە لاوەکییەکە. دوو پیرەمێردی چینی بێدەنگ نانیان دەخوارد، سەگێکی رەش بە چاوی نووقاوەوە لەبەر مێزەکەدا هەڵکورمابوو و چەتری کاڵەوەبووی سەر مێزەکانیش. ژنەکە چۆن قۆڵی گرتبوو. وەک بڵێی ساڵانێک بەسەر هەموو ئەمانەدا تێپەڕیبوو، بەڵام هێشتا سێ رۆژی تەواو نەبوو. سێ رۆژ، کە لە ماوەی ئەو سێ رۆژەدا بە لێدانی هێزێکی سەیر گۆڕابوو بۆ پیرەمێردێکی داڕزاو. هەموو ئەمانەیش لە لێوارە خەڵوەت و جوانەکانی سەنگاپوورەدا.

دەستەکانی لە پێش دەموچاویدا راگرت و بە وردی لێی روانین. پشت و دواتر بەری دەستەکانی دایە بەر مەدی نەزەر. هیچ شتێک نەیدەتوانی بیشارێتەوە دەستەکانی، هەرچەندە کەم، دەلەرزێ.

دەنگی ژنە لە گوێیدا دەنگی دایەوە: (هو...م ...م هەمیشە حەزم لە قرژاڵ بوو. تۆ چی؟)

بە خۆی وت: نازانم.

دڵی کەوتبووە گەمارۆی شتێکی بێ شێوەوە، کە رازێکی قووڵ و نەرمی لە خۆ گرتبوو. ئیتر کەمترین سەرەداوی لە دەستدا نەبوو، کە ژیانی دەگا بە کوێ و چ شتێک لە چاوەڕوانیدا بوو، بەڵام دواجار کە ئاسمان رۆژهەڵاتی خستە بەر رووناکی، کتوپڕ بیریک هات بە سەریدا، بە خۆی وت: لە شتێک دڵنیام. بۆ هەر کوێ بچم، ئیتر هەرگیز قرژاڵ ناخۆم!

**سەرچاوە:**

١-گربەهای ادمخوار، هاروکی موراکامی، ترجمە: مهدی غبرایی، نیکو نشر، مشهد، چاپ، اول، ١٣٩٠، لاپەڕە: ٦١-٦٨

٢-نفر هفتم، هارۆکی موراکامی، ترجمە: محمود مرادی، نشر سالس، چاپ، اول ١٣٩٠



# نۆبڵی ئەدەبی ٢٠١٢ بۆ نووسەری چینی

# مۆ یان

**ئامادەکردنی: حەمە قادر**


ئەمساڵ ئەکادیمیای خەڵاتی نۆبڵ نووسەری چینی (مۆ یان)ی بە براوەی نۆبڵی ئەدەب دیاری کرد. ئەمە یەکەمجارە نووسەرێکی چینی نۆبڵی ئەدەب وەردەگرێت.

کۆمیتەی ئەدەبی خەڵاتی نۆبڵ بە هۆی تایبەتمەندیی (ریالیزمی وەهمی) لە ناو بەرهەمەکانی ئەم نووسەرەدا، مۆ یانی بە شایستەی خەڵاتەکە زانی. مۆ یان، تەمەن ٥٧ ساڵ، یەکێکە لە نووسەرە ناودارەکانی چین کە زۆربەی بەرهەمەکانی لە چین، قەدەغە کراون و لە بازاڕی ڕەشدا دەفرۆشرێن.

پیتەر ئینگاند، سەرۆکی ئەکادیمیای نۆبڵ، دەربارەی مۆ یان بە ڕۆژنامەی گاردیانی ڕاگەیاند: «بەرهەمەکانی مۆ یان لە پێشینەی گوندنشینی و ئەو ئەفسانە فۆلکلۆری و لۆکاڵییانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لە منداڵیدا بۆیان گێڕاوەتەوە.»
سەرۆکی ئەکادیمیای نۆبڵ پێی وایە «مۆ یان دەربارەی ژیانی جوتیاری دەنووسێت، دەربارەی ژیانی ناوچە گوندییەکان، دەربارەی خەڵکێک کە بۆ مانەوە و پاراستنی خۆیان تێدەکۆشن، هەندێجاریش دەیبەنەوە، هەڵبەت بە زۆری دۆڕاون».
ئینگلاند پێی وایە بەکاربردنی (ریالیزمی سیحری) بۆ وەسفی بەرهەمەکانی مۆ یان بچوککردنەوەی ئەو و بەرهەمەکانیەتی. سەرۆکی ئەکادیمیای نۆبڵ پێی وایە مۆیان ئەم خەسڵەتەی ناو بەرهەمەکانی لە گابریل گارسیا مارکیز وەرنەگرتووە، بەڵکو شتێکە تایبەت بە خۆی».

**مۆ یان کێیە؟**

مۆ یان (گوان مۆیە) لە پێنجی مارسی ١٩٥٥ لە گایۆمی، پارێزگای شاندۆنگی چین لەدایکبووە.
یان ناچار دەبێت لە پێنجی سەرەتاییدا بە هۆی کێشەکانی شۆڕشی کولتووری چینەوە واز لە خوێندن بێنێت. ساڵانێکی درێژ سەرقاڵی جوتیاری دەبێت و لە ساڵی ١٩٧٦دا دەچێتە پاڵ سوپای ئازادیخوازی گەل و لە ساڵی ١٩٨١دا بە دواوە بە تەواوی دێتە ناو دونیای نووسینەوە. لە ماوەی ساڵانی ١٩٨٤ بۆ ١٩٨٦ لە ئەکادیمیای هونەریی سوپای ئازادیی گەل سەرقاڵی خوێندنی ئەدەبیات دەبێت و لەم کاتەدا چەند چیرۆکێک دەنووسێت.
ڕۆمانی مێژوویی و عاشقانەی (گەنمەشامیی سوور)




ساڵی ١٩٨٦ بڵاوکرایەوە و دواتر لەگەڵ چوار چیرۆکی تر بەناونیشانی (خێزانی گەنمەشامیی سوور) چاپکرا. ئەم کتێبە ناوبانگی مۆ یانی زۆر بڵاوکردەوە. بە تایبەت ئەو کاتەی ژانگ یی مۆ دەرهێنەری ناوداری چینی فیلمێکی لەسەر ئەم ڕۆمانە دروستکرد.
لەناو کۆبەرهەمەکانی مۆیاندا، نووسەر خۆی ڕۆمانی (کۆماری شەراب) بە باشترین کاری دەزانێت، ڕۆمانێک کە پێشوازییەکی زۆری لێکرا. ناوبراو لە ساڵی ١٩٩٥دا ڕۆمانی (Fengru Feitun)ی بڵاوکردەوە، کە هەرایەکی گەورەی دروستکرد و دەوڵەتی کۆمۆنیستی چین، کە هەرگیز مۆ یانی خۆش نەدەویست، زۆر بە توندی ئیدانەی کرد.




مۆ یان لە چیرۆکەکانیدا چەندین ژانری جیاوازی وەک چیرۆکی واقیعی، تەنز، عاشقانە و ئەفسانەیی تاقیکردووەتەوە. ئەو لە وتارێکدا کە لە زانکۆی هۆنگ کۆنگ لە بارەی ناوەکەیەوە وتی: ئەوکاتەی یەکەم رۆمانم نووسی، لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکەمدا بە قسەلەڕوو دەناسرام و کەسیش نەیدەتوانی بەرگەی ئەم خەسڵەتەی من بگرێت، ناوی مۆ یان-م هەڵبژارد، کە بەمانای (قسە مەکە) دێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادم بێت زۆر نەڵێم!

مۆ یان لە چیرۆکەکانیدا چەندین ژانری جیاوازی وەک چیرۆکی واقیعی، تەنز، عاشقانە و ئەفسانەیی تاقیکردووەتەوە. ئەو لە وتارێکدا کە لە زانکۆی هۆنگ کۆنگ لە بارەی ناوەکەیەوە وتی: ئەوکاتەی یەکەم رۆمانم نووسی، لەبەر ئەوەی لە وڵاتەکەمدا بە قسەلەڕوو دەناسرام و کەسیش نەیدەتوانی بەرگەی ئەم خەسڵەتەی من بگرێت، ناوی مۆ یان-م هەڵبژارد، کە بەمانای (قسە مەکە) دێت، بۆ ئەوەی هەمیشە لە یادم بێت زۆر نەڵێم!

مۆ یان ساڵی ١٩٩٧ لە سوپای ئازادیی گەل جیابووەوە و وەک سەرنووسەری رۆژنامە درێژەی بە چالاکییەکانی دا. براوەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیی ئەمساڵ چەندین جار ددانی بەوەدا ناوە، کە زۆر لە ژێر کاریگەیی ویلیەم فۆکنەر، نووسەری ئەمریکی و (میناکامی تسۆتۆمو، یۆکیو میشیما و ئۆیی کنزابۆرۆ) سێ نووسەری ژاپۆنیدایە.

دوارۆمانی مۆ یان (ژیان و مەرگ ماندوویان کردووم) لە ساڵی ٢٠٠٦دا و لە ماوەی ٤٣ رۆژدا نووسراوە.

## کاردانەوەی وەرگرتنی خەڵاتەکە:

مۆ یان دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەنووسیدا هیوای ئەوەی خواست شاعیر و نووسەری چینی، لیۆشیایۆبوی کە پێشتر خەڵاتی نۆبڵی ئاشتی پێ بەخشرابوو، لە زیندان ئازاد بکرێت.


بەخشینی خەڵاتەکە بە مۆ یان، لە تەلەفزیۆنی


چیندا ڕەنگدانەوەیەکی بەرچاوی هەبوو و زۆر بە باشی پێشوازییان لێکرد. هەندێک لە چاودێران پێیانوایە ئەم ڕەفتارەی چین زۆر پێچەوانەوەی کاردانەوەی بەخشینی خەڵاتی نۆبڵی ئاشتییە بە لیۆشیایۆبو. یەکێک لە گرنگترین تەلەفزیۆنەکانی چین مۆ یانی وەک یەکەمین نووسەری چینی براوەی نۆبڵ زانی.

تانگ شیائۆبینگ، مامۆستای ئەدەبی پراکتیکی زانکۆی میشیگان، مۆ یانی بە یەکێک لە گەورەترین و داهێنەرترین نووسەرەکانی ئەمڕۆی چین لە قەڵەم دا و شێوازی نووسینی ئەم نووسەرەی بە ویلیەم فۆکنەر بەراورد کرد.

یان لیانک، یەکێکی تر لە ڕۆماننووسە چینییەکان دەربارەی مۆ یان وتی: بەرهەمەکانی بێ هاوتان، لە دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی (گەنمەشامیی سوور)، بۆ ماوەی ٣٠ ساڵ ئەو هێشتا لە لوتکەی داهێناندا ماوەتەوە، ئەمە ئاسان نییە. زۆربەی نووسەرەکان هەڵکشان و داکشان لە بەرهەمەکانیاندا هەیە، بەڵام ئەو هەمیشە لە ترۆپکی نووسیندایە.

براندن ئۆکین، وەرگێری ئەدەبی چینی، ئەم خەڵاتەی بۆ هەموو ئەدەبی چینی زانی و وتی: نووسەرە چینییەکان هەست دەکەن ئەدەبەکەیان لە لایەن وڵاتانی دیکەوە قبوڵ ناکرێت و بەخشینی ئەم خەڵاتە بە مۆ یان متمانەبەخۆبوونی ئەوان بەرز دەکاتەوە، بەڵام هەموو چینییەکان بەم خەڵاتە خۆشحاڵ نین. وۆن یۆنچایۆ، چالاکوانی هۆنک کۆنگی دەربارەی مۆیان دەڵێت: «خەڵاتی نۆبڵ هێمای مرۆڤایەتی و ئازادییە، بەڵام بەداخەوە



ئەم خەسڵەتانە لە مۆ یاندا نییە و ئەم نووسەرە شایستەی خەڵاتەکە نییە.
ئای وی وی، هونەرمەندی ناوداری چینی دەربارەی مۆ یان وتی: مۆ بەرهەمی ئەدەبی زۆر گرنگ و گەورەی هەیە، بەڵام وەک کەسێکی رۆشنبیر و ئازادیخواز نایبینم. ئەو زۆر بە ئاشکرا هەڵگری فیکری حیزبە و زۆرجار رێز لە ئازادیی کەسایەتییە فەرهەنگییەکان ناگرێت. زۆربەی ئەوانەی رەخنە لە بەخشینی ئەم خەڵاتە لە مۆ یان دەگرن، پێیان وایە ئەم نووسەرە بە سیاسەت و بەرنامەی حیزبی باڵادەستی چینەوە نزیکە.
مۆ یان جێگری ئەنجومەنی نووسەرانی چینە، ئەم ئەنجومەنە لایەنگری دەسەڵاتە لەو وڵاتەدا. دوای وەرگرتنی خەڵاتەکەش، لی چانگچۆن، باڵاترین بەرپرسی پرۆپاگەندەی حیزبی کۆمۆنیست لە چین، نامەی پیرۆزبایی بۆ نارد و وتی: ئەم خەڵاتە نیشانەی پێشکەوتنی بەردەوامی ئەدەبی چینییە».
مۆ یان لە وەڵامی رەخنەکاندا نارەزایی دەربڕی و وتی بەرهەمەکانم هەمیشە مەترسی گەورەیان بۆ دروست کردووم.

## چانسە سەرەکییەکانی ئەمساڵی نۆبڵ:

ئەگەرچی ئەکادیمیای نۆبڵ هەرگیز هیچ لیستێکی فەرمی بۆ پاڵێوراوەکان بڵاو ناکاتەوە، بەڵام وەک هەموو ساڵێک دەنگۆیەکی زۆر لەسەر وەرگرتنی خەڵاتەکە بڵاو دەبێتەوە. بەر لە وادەی کۆتایی، بە ماوەیەکی زۆر ئەکادیمیا داوا لە ئەندامانی، نووسەران، رەخنەگرە گەورەکانی جیهان دەکات، ناوە پاڵێوراوەکانی خۆیان بنێرن، بەر لە دابەشکردنی خەڵاتەکەش هەمیشە پرسیاری جۆراوجۆر دەخرێتە ڕوو: پرسیاری ئەوەی کێ شایستەیە؟ کێ وەری دەگرێت؟ ئەمساڵ خەڵاتەکە بە نووسەری چ ژانرێکی ئەدەبی دەدرێت؟
هەموو ئەم پرسیارانە لەوەوە دێت، کە ئەکادیمیای نۆبڵ بە تایبەت لە چەند ساڵی پێشوودا خەڵاتەکانی تا رادەیەک بە شێوەیەکی چاوەڕواننەکراو بەسەر نووسەرەکاندا دابەش کردووە.
ساڵی پار، پێشبینیکردنی ئەوەی شاعیرێکی سویدی بە ناوی تۆماس ترانسترۆمەر خەڵاتی نۆبڵی پێ ببەخشرێت، تارادەیەکی زۆر ئاستەم بوو. جگە لە ماریۆ ڤارگاس یوسا کە چەند ساڵی پێشوو وەک زۆر لە نووسەرە گەورەکانی ئەمریکای لاتین چانسی سەرەکیی ئەم خەڵاتە بوون، بەخشینی خەڵاتەکە بە چەند نووسەرێکی وەک هێرتا مۆلەر، دۆریس لسینگ، لۆکلیزیۆ، چاوەڕوانکراو نەبوو و تەنانەت هەندێجار نارەزایی لێ کەوتووەتەوە.
خەڵاتی نۆبڵ کە گرنگترین خەڵاتی ئەدەبی جیهانە، هەمیشە کۆمەڵێک گومان و پرسیاری جۆراوجۆری لە سەر چۆنێتیی دابەشکردنی خەڵاتەکە و پێوەرەکانی و گۆڕینی مەرجەکان بە پێی بارودۆخی سیاسی، ئابووری و کولتووری جیهان لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتووە. ئەم گومان و پرسیارانە ڕاست بن، یان نا هیچ لە گرنگیی خەڵاتەکە کەم ناکەنەوە و نووسەری براوە دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە دەبێتە کەسایەتییەکی جیهانی و کتێب و بەرهەمەکانیشی دەچنە ریزی پڕفرۆشترین کتێبەکانی جیهانەوە.
یەکێک لەو دەزگایانەی کە پێشبینییەکانی بۆ خەڵاتی نۆبڵ تا رادەیەکی زۆر جێی باوەڕە، دامەزراوەی (لاند برۆکس)ە و لە هەموو بەشەکانی خەڵاتی نۆبڵدا پێشبینییەکانی دەخاتەڕوو. ئەمساڵ



هاروکی موراکامی (ڕۆماننووسی ژاپۆنی) نووسەری چەند ڕۆمانێکی گرنگی وەک: کافکا لە کەنار دەریا، دوای بومەلەرزە، دارستانی نەرویجی و ...هتد، لە لایەن ئەم دامەزراوەیەوە زۆرترین چانسی وەرگرتنی خەڵاتەکە دیاری کرابوو. تایبەتمەندیی بەرهەمەکانی موراکامی لە تێکەڵکردنی کولتووری کۆن و کولتووری مۆدێرندایە. کۆرمەک مەککارتی (ڕۆماننووسی ئەمریکی) و نووسەری ڕۆمانەکانی (پیاوەپیرەکان بێ نیشتمانن، ڕێگا)، ئەدۆنیس (شاعیری سووری)، ئالیس مۆنرۆ (کورتەچیرۆکنووسی کەنەدی)، فلیپ ڕۆس (نووسەری ئەمریکی) و نووسەری ڕۆمانی یەکێک وەک هەمووان و... چەند نووسەرێکی دیکە چانسی سەرەکیی ئەمساڵ بوون. ساڵی ٢٠١٠ ماریۆ ڤارگاس یوسا نووسەری پیرۆیی نۆبڵی وەرگرت، بەڵام ئەمساڵ ناوی هیچ نووسەرێکی ئەمریکای لاتین بۆ وەرگرتنی نۆبڵ بەرگوێ نەکەوت. هەموو دەزانن ئەگەر چەند مانگێک بەر لە ئێستا کارلۆس فۆینتس کۆچی دوایی نەکردایە، ئەمساڵ چانسێکی سەرەکیی وەرگرتنی خەڵاتەکە دەبوو.

لە ناو پێشبینییەکانی دامەزراوەی لاند برۆکسدا، ناوی مۆ یان_یش هاتبوو، بەڵام چانسێکی زۆر کەمی پێ درابوو بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە.

شایانی باسە هیچ ڕۆمانێکی مۆ یان نەکراوە بە کوردی. لەناو پاڵێوراوە سەرەکییەکانی ئەمساڵیشدا، جگە لە ڕۆمانی «کافکا لە کەنار دەریا»ی هاروکی موراکامی، «ڕێگا»ی کۆرمەک مەککارتی و هەندێکی زۆر کەم لە شیعرەکانی ئەدۆنیس (بەشێوەی پەرتەوازە)، تەواوی بەرهەمەکانی ئەم نووسەرە جیهانییانە لە کتێبخانەی کوردیدا بوونیان نییە!



# هەستم کرد زۆر شتم هەن بۆ گوزارشتلێکردن

## دوای بردنەوەی نۆبڵی ئەدەبی ٢٠١٢

## گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ مۆ یان-دا

**لە ئینگلیزییەوە: هەژار عوسمان**

**گفتوگۆیەکی تەلەفۆنی لەگەڵ «مۆ یان»دا، کە دەسبەجێ و پاش ئاشکراکردنی براوەی خەڵاتی نۆبڵی ساڵی ٢٠١٢ لە ئەدەبدا، ١١ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢، لە لایەن دیدەنیکار «یانگ شوانگ لیندبلۆم»ەوە لە چین ئەنجامدراوە، پاشان لێرەدا لەلایەن «لیو پو ژێنگ»ەوە بە دەستنووس کراوە.**




**ی.ش.ل: لە پێش هەموو شتێکدا، پیرۆزباییت لێدەکەم... هەستت چۆن بوو وەختێک هەواڵی بردنەوەی خەڵاتی نۆبڵت بۆ ئەدەب پێگەیشت؟**

**مۆ یان:** هەستم بە سەرسوورمانێکی زۆر کرد... وەختێ ئەمەم بیست، لەبەرئەوەی مەزەندەی ئەوەم کردبوو خەڵاتی نۆبڵ لە ئەدەبدا زۆر لەمنەوە دوور بێ.

**ی.ش.ل: زۆرێک لە میوانانی ڕێکخەرانی خەڵاتی نۆبڵ خوێندکارانی هایسکووڵ-ئامادەیی بوون، ئایا ئەمە بۆ کتێبەکانت دەبێتە خاڵی دەستپێکێکی باش بۆ کەسە لاوەکان، یا ئەوانەی تازە کتێبەکانت دەخوێننەوە؟**

**مۆ یان:** بە هیوام خوێنەران بە ڕۆمانی «ژیان و مردن دەمپڕووکێنن» دەست پێبکەن، کە ئەمساڵ لە ‹سوێد› بڵاوبووەوە، پاشان ئەوانی دیکە بخوێننەوە، بۆ نموونە؛ «گەنمەشامیی سوور، مەمکە زلەکان و قوونە پانەکان» و ئیتر ئاوا. پێشنیار دەکەم «ژیان و مردن دەمپڕووکێنن» یەکەمجار بخوێنرێتەوە، چونکە ئەم کتێبە شێوازی نووسینی من لە چاو ئەوانی دیکەدا گشتگرانەتر دەردەخا و هەروەهایش لێوردبوونە و گەڕانی منە لەسەر هونەری ڕۆمان.

**ی.ش.ل: چون مرۆڤێکی گەنج، چ شتێ ئەوەی تێدا دروست کردی ببیتە نووسەرێک؟**

**مۆ یان:** دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکان کرد، وەختێ منداڵێک بووم. ئەمە بایەخی بەتینی منی لە ئەدەبدا پاش خوێندنەوەی زیاتر و زیاتری کتێبەکان ورووژاند و هانی دام. هەستم کرد زۆر وشەم هەن بۆ دەربڕین، پێموابوو بەهێزترین و ناجڵەوگیرترین ڕێ سەراپا لە ئەدەبدا بوو، هەربۆیە دەستم بەنووسین کرد. بە دڵنیاییەوە، هەروەها منیش ئارەزوویەکم بۆ سەلماندن و ساخکردنەوەی خۆم هەبوو، و خوزگەیەک بۆ گۆڕینی چارەنووسم.

**ی.ش.ل: دەتوانی کارە داهێنەرەکانی خۆت بە ئێمە بناسێنی؟**

**مۆ یان:** هەر ئێستا پێشنیاری کتێبەکەم «ژیان و مردن دەمپڕووکێنن» دەکەم. یەکەمجار، ئەم کتێبە مامەڵە لەتەک مەسەلە گەورەکانی مێژوو و هەقیقەتی ‹چین› دەکا، وەک کێشەکانی خاک، مەسەلەی کشتیارەکان. دووەمجار، لەم کتێبەدا داڕشتن و دەربڕینی سوریالی خۆرهەڵاتیم بەکارهێناوە. لەم ڕۆمانەدا، مرۆڤ و ئاژەڵ دەتوانن ئازادانە بگۆڕدرێن، دەتوانن سەرنجبدەن بەو گۆڕانکارییانەی کە کۆمەڵگە و مێژووی ‹چینییەکان› بە سەریدا

هاتووە، لە ماوەی ٥٠ ساڵی ڕابردوودا، لە چاوی ئاژەڵەوە. سەرباری ئەوە، من زۆرم کۆشش کرد لە زماندا، تا هەوڵ بدەم سەربەخۆترین ستایڵ و ناجڵەوگیرترین ڕێ بۆ پەسنکردنی بیرۆکەکانم لە دڵەوە بەکار بهێنم. بەمجۆرە مەزەندە دەکەم ئەم کتێبە، گەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ کتێبەکانی دیکەدا کامڵە و تێکەڵەیەکی یەکنەوایی و هاوشێوەیی نێوان توانای سەرنجدان و گوێگرتن بۆ هەقیقەت و لێوردبوونەوە و گەڕانە بە دوای ستایڵی خەلاقانەدا.


**ی.ش.ل: من ئەو کتێبەت «ژیان و مردن دەمپڕووکێنن» دەخوێنمەوە، کە لە ٤٣ ڕۆژدا نووسیت، چی وای لێ کردی وا زۆر بەخێرایی بنووسیت؟ پرۆسێسی نووسینەکە لەو کاتەدا چۆن بوو؟**

**مۆ یان:** چۆن من توانیم ڕۆمانی «ژیان و مردن دەمپڕووکێنن» زۆر بەخێرایی بنووسم؟ یەکەمینجار، ئەم کتێبە لە هەقیقەتەوە سەرچاوەی گرتووە. وەختایەک لە تەمەنی ٦ و ٧ ساڵانیدا بووم، کشتیارێک هەبوو لە نێزیک خوێندنگەکەی ئێمەوە دەژیا. دژکاریی لە بەرانبەر گشت کۆمەڵگە، لە بەرانبەر «بیروباوەڕی خەڵکی گوندەکە بۆ ژیان، کە یەک بیروباوەڕ بوو و زەویوزاریان هاوبەش بوو» و بەرانبەر بە «بەسۆشیالیزمکردن»ی کەسێتی ئەنجام دا، تا کۆتایی پێی لێدادەگرت و سوور دەبوو. لەو کاتەدا کەسێکی وەک ئەو، زۆر بە توندڕەو تێبینی دەکرا، وەک دەعبایەک چاوی لێ دەکرا، خەڵکی دەستیان کرد بە لێدان، خراپ مامەڵە لەگەڵ کردن و جنێوپێدان بە کشتیارەکە. قوربانیی زۆری دا، تەنیا بە خاتری ئەوەی لەسەر بیروڕای خۆی سوور بێ. خێزانەکەی، بە کوڕ و کچەکەشیەوە، لێی دوورکەوتنەوە و جێیانهێشت و لێی جوێ بوونەوە، لێ کشتیارەکە هێشتا خۆی بە دەستەوە نەدا و دەستی لە بیروڕاکەی هەڵنەگرت. پاش ئەوە، مێژوو سەلماندی، کە ئەو لەسەر هەق بووە. دوای ئەوەی دەستم بە پرۆژەی نووسینی ڕۆمانەکە کرد، هەستم کرد ئەم پیاوە زووتر یا درەنگتر دێتە ناو ئەم ڕۆمانەوە، هەربۆیە ئەم کتێبە بە گورجوگۆڵی نووسرا. من ڕاست بە ٤٣ ڕۆژان نووسینی درافت-ڕەشنووسەکەیم تەواو کرد، لێ لەڕاستیدا، کاراکتەرەکانی ڕۆمانەکە پێشتر و بۆ ماوەی چەند دەیەیەک لە مێشکمدا بوونیان هەبوو. بیرکردنەوە نە کەم و نە زۆر بوو، بۆیە نووسینی ڕۆمانەکە گورج ڕوویدا.

**ی.ش.ل: بە نیازیت چۆن ئاهەنگ بگێڕیت و ئایا دێیت بۆ ‹سوێد› بۆ ئاهەنگی خەڵاتکردنەکە؟**

**مۆ یان:** پێموایە سبەینێ لەتەک خانەوادەکەمدا دەبم و کفتەی بچووکی ناو شۆربا دەخۆین، چونکە هیواخوازم بتوانین پێکەوە کفتە بخۆین. هەروەها بە دڵنیاییشەوە لە ١٠ی دیسێمبەردا بۆ ئاهەنگی خەڵاتی نۆبڵ دێم بۆ ‹سوێد›. سپاسی زۆرت دەکەم و لە ‹سوێد› دەتبینمەوە!

**سەرچاوە:**
http://www.nobelprize.org/nobel_prizes/yan-telephone.html/٢٠١٢/literature/laureates




# هۆگرییە سینەماییەکانی سەلمان ڕووشدی و مناڵانی نیوەشەو

**پەرویز جاهید –ڕەخنەگری سینەما**
**لە فارسییەوە: حەمە ق**

به دەگمەن نووسەر هەیە لەو فیلمە ڕازی بێت، کە لەسەر بنەمای ڕۆمانەکەی دروستکراوە، بەڵام سەلمان ڕووشدی نووسەری ڕۆمانی بەناوبانگی منداڵانی نیوەشەو، یەکێکە لەو نووسەرانەی کە دەڵێت: لە کاری دیپا میهتا، دەرهێنەری هیندی، کە ئەم ڕۆمانەی کردووەتە فیلم، ڕازییە، چونکە سەلمان ڕووشدی خۆی سیناریۆکەی نووسیوە و لە هەموو قۆناغەکانی دروستکردنی فیلمەکەدا لەگەڵ دەرهێنەر و تیمی فیلمەکەدا بەشداربووە .

فیلمی منداڵانی نیوەشەو بە ئامادەبوونی نووسەر، دەرهێنەر و ئەکتەرە سەرەکییەکانی فیلمەکە، لە پەنجاوشەشەمین فێستیڤاڵی فیلمی لەندەندا نمایشکرا و نەیتوانی ڕەزامەندی ڕەخنەگران و خوێنەرانی ڕۆمانەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات.
دیپا میهتا لەم ڕۆمانە ریالیزمە سیحرییەوە، میلۆدرامێکی وەک فیلمەکانی بۆلیوود دورستکردووە، کە هەموو ڕەگەز و توخمە سەرنجراکێش و خۆشەکانی میلۆدرامی هیندی تێدایە، بۆ نموونە ئەکتەری جوان، سەما و گۆرانی و جیاوازیی نێوان ئەوانەی هەیانە و ئەوانەی نیانە. «منداڵانی نیوەشەو» دەیسەلمێنێت، کە ئامادەبوونی نووسەری بەرهەم وەک سیناریۆنووس، ڕەنگە نەتوانێت سەرکەوتنی بەفیلمکردنی بەرهەمێکی ئەدەبی مسۆگەر بکات.
منداڵانی نیوەشەو ڕۆمانێکە ساڵی ١٩٨١ خەڵاتی بوکەری بوکەرەکانی لە ساڵیادی بیستوپێنجەمین و چلەمین ساڵیادی بەڕێوەچوونی خەڵاتی بوکەر، لە ساڵانی ١٩٩٣ و ٢٠٠٨ وەرگرتووە.
ئەم ڕۆمانە بە شێوازی ریالیزمی سیحری نووسراوە، و مێژووی هاوچەرخی هیندستان لە پێش و دوای سەربەخۆیی و دەرکردنی بەریتانییەکان، جیابوونەوەی پاکستان و سەربەخۆیی بەنگلادیش لە ١٩٤٧دا (ساڵی سەربەخۆیی هیندستان) تا دەیەی هەفتا، لە زمانی کوڕێکەوە بەناوی سەلیم سینایی دەگێڕێتەوە، کوڕێک کە لە شەوی پانزەیەمی ئۆگۆستی ١٩٤٧ واتە شەوی سەربەخۆیی هیند لەدایک دەبێت. ئەم ڕۆمانە نموونەیەکی دیاری ئەدەبی پۆست کۆلۆنیالیزمە.
سەلمان رووشدی لەگەڵ ئەوەی لە مەراسیمی فەرشی سووری فێستیڤاڵی فیلمی لەندەن بەشداریی کرد، لە دانیشتنێکی تایبەتیشدا وەک مستەر کلاس، کە لە ناوەندی بی ئێف ئای لەندەن، سازدرابوو، ئامادە بوو. رووشدی بەدەر لە باسکردنی ئەزموون و تێڕوانینەکانی خۆی دەربارەی سینەما و ئیقتیباسی ئەدەبی، بە وردی باسی بەفیلمکردنی ڕۆمانی منداڵانی نیوەشەوی کرد.
سەلمان رووشدی وتی ساڵانێکی زۆرە دەیەوێت ئەم ڕۆمانەی بکرێتە فیلم و چەندینجاریش ئەگەری دروستکردنی ڕەخسا، بەڵام هەموو جارێک بە هۆکارێک نەدەکرا. ئێستا ئەو خۆی ڕۆمانەکەی وەرگرتووە بۆ فیلمێک و زیاتر لە هەر سیناریۆنووسێکی دیکە هەوڵی داوە بە وەفاوە مامەڵە لەگەڵ ڕۆمانەکەیدا بکات و ڕەوتی گشتیی گێڕانەوە و کارەکتەرەکان دەستبۆنەبراو بهێڵێتەوە.

## سینەمای زێرینی دوێنێ و سینەمای کۆفی شۆپی ئەمڕۆ

رووشدی لە خێزانێکی موسڵمان و لە شاری بەمبەی گەورە لەدایکبووە. باسی یادەوەریی منداڵی و ئەزمونی فیلم بینینی خۆی لەم شارەدا کرد و وتی: «من لە بەمبەی گەورەبووم و لە هەموو شوێنێک باسی فیلمیان دەکرد. لەوکاتەدا هێشتا بۆلیوود دروست نەکرابوو و سینەماکانی بەمبەی پاشکۆی ستۆدیۆکانی هۆلیوود بوون و فیلمی کۆمپانیاکانی پارامۆنت، میترۆگولدن مایەر، فۆکسی سەدەی بیستەم و برایانی وێرنەر، لە سینەماکانی بەمبەی نمایش دەکرا. مامم سیناریۆی بۆ فیلم دەنووسی و دوو پورم هەردووکیان ئەکتەری فیلمی هیندی بوون. زوهرە سیدل-ی پورم هێشتا لە تەمەنی ٩٧ ساڵیدا خەریکی نواندنە لە فیلمدا!»




ستافی فیلمی منالآنی نیوەشەو لەگەڵ سەلمان رووشدی

رووشدی باسی ئاشنابوونی خۆی کرد بە سینەما هونەری جیهان:» من لە دەیەی شەست لە کەمبریج خوێندوومە، سەردەمێک کە ماوەی زێڕینی سینەمای جیهان بوو و فیلمەکانی گۆدار، بێرگمان، فیلینی، کۆرۆساوا، ساتیاجیت ڕای، میکلۆش رۆژا، ڤیسکۆنتی و ئالن رێنە، لەو سەردەمەدا دروست دەکران. سینەمای ئەمرۆ بەداخەوە وەک ئەو سەردەمە نییە، سینەمای ئەمرۆ زیاتر لە کۆفی شۆپ دەچێت».

## پاترپانچالی، شاکاری ساتیاجیت ڕای

رووشدی دواتر لە دانیشتنەکەدا دەستی کرد بە نمایشی چەند پارچە ڤیدیۆیەک کە لە فیلمەکانەوە وەری گرتبوون و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەو فیلمانەشی ڕوونکردەوە.

یەکێک لەم پارچە ڤیدیۆیانە بەشێک بوو لە فیلمی پاترپانچالی، شاکاری ساتیاجیت ڕای، سینەماکاری هیندی و بەشی یەکەمی سیانەی «ئاپوو». ئەم ڤیدیۆیە ئەو دیمەنەیە کە دۆرگا (کچە بچووکەکەی ناو فیلمەکە) مردووە و باوکی، کە بۆ کارکردن سەفەری کردبوو، ئێستا گەڕاوەتەوە و کراسێکی بەدیاری بۆ هێناوە، بەڵام ژنەکەی توانای ئەوەی نییە ڕاستیی مردنی کچەکەی بۆ هاوسەرەکەی باس بکات. رووشدی لە کاتی باسکردنی ئەم فیلمەدا وتی:» واز لە هاوولاتی کەین بێنن، چونکە پاترپانچالی یەکێکە لە گەورەترین فیلمەکانی مێژووی سینەما و باشترین فیلمە کە دەبارەی منداڵی دروستکرابێت. فیلمێک کە دڵتان دەشکێنێت

و دەتانخاتە گریان».
رووشدی ئاماژەی بە مۆسیقای ئەم فیلمە کرد و وتی مۆسیقا لە زۆربەی گرتەکانی ئەم فیلمەدا، زەڕوورەتی دیالۆگ رەتدەکاتەوە. بەوتەی ئەو» پاتریانچالی» وانەیەکی گەورە بوو بۆ ئەو و بۆی سەلماندوە، کە مۆسیقا دەتوانێت جێگەی دیالۆگ لە فیلمدا بگرێتەوە.
سەلمان رووشدی وتی: «پاتریانچالی» یەکەم فیلمی ساتیاجیت ڕای بوو، بە بودجەیەکی زۆر کەم دروستکراوە. ئەگەرچی ساتیاجیت ڕای، پێشتر وەک یاریدەدەر لەگەڵ ژان رێنوار فیلمی «ڕووبار»ی لە هیندستان دروستکردبوو.

**دژە سامۆرایی کۆرۆساوا**

دواتر رووشدی دەبارەی ئەکیرا کۆرۆساوا و گرنگیی فیلمەکانی ئەو قسەی کرد و پارچەیەک ڤیدیۆی فیلمی نمایشکرد، کە لە فیلمی «حەوت سامۆرای»یەوە وەرگیرابوو.
ئەو وتی هەمیشە ڕەهەندی فۆرمالی فیلمەکانی کۆرۆساوای خۆش دەوێت و ستایشی دەکات. خاڵی سەرنجراکێش لەم فیلمەدا ئامادەبوونی تۆشیرۆ میفۆنەیە وەک ئەکتەری سەرەکی. بەبڕوای رووشدی



میفۆنە، دژە سامۆراییەک و ئەنتی تێزێکە بۆ هەموو ئەو شتانەی کە سامۆراییەکان بڕوایان پێیەتی.

**ئۆپێرای فەزایی کوبریک**

فیلمێکی دیکە، کە سەلمان ڕووشدی وەک نموونەیەک باسی کرد «٢٠٠١: ئۆدێسەی فەزایی» ستانلی کوبریک بوو، کە ڕووشدی بە «ئۆپێرایەکی فەزایی» ناوی هێنا. ناوبراو ئاماژەی بەوە کرد، کە «ئۆدێسەی فەزایی» و «جەنگی ئەستێرەکان» لە سینەما خەیاڵی زانستیدا خاڵی وەرچەرخانن، لەبەرئەوەی پێش ئەم فیلمانە، فیلمەکانی ئەم ژانرە بەگشتی بە بودجەی کەم و ئیفێکتی خراپ و ناشیانە دروست دەکران، بەڵام بودجەی زۆر و ئیفێکتی تایبەتی کە بۆ فیلمی خەیاڵی زانستی تەرخان کرا، بەهۆی سەرکەوتنی ئەم دوو فیلمەوە بوو. سەلمان ڕووشدی وتی: «ئۆدێسەی فەزایی» فیلمێکی فەلسەفییە دەربارەی ماهییەتی زەمەن، پەیوەندیی مرۆڤ و ئامێر و پەیوەندی مرۆڤ لەگەڵ بووندا، ئەم فیلمە تێڕوانینی سینەمای زانستی خەیاڵی سەرلەبەر گۆڕی.

دواتر سەلمان ڕووشدی، دیمەنێکی فیلمی «ئۆدێسەی فەزایی» نمایش کرد، کە تیایدا یەکێک لە کەشتیوانەکان، وەک تۆڵەکردنەوەیەک کۆمپیوتەرێک بەناوی HAL لەناو دەبات و کۆمپیوتەرەکەش بەتکاوە داوای لێدەکات، ئەو کارە نەکات. وەک سەلمان ڕووشدی دەڵێت ئەم دیمەنە نمونەیەکی ئاشکرای بە میکانیکیبوونی مرۆڤی فەزایی و بە مرۆییبوونی کۆمپیوتەرە، چونکە پیاوە کەشتیوانەکە وەک بکوژێکە، کە خەریکە قوربانییەکەی دەکوژێت و کۆمپیوتەر بەدەم مردنەوە گۆرانی دەڵێت.

بە بۆچوونی سەلمان ڕووشدی زۆر لە دیمەنەکانی ئەم فیلمە هیچ لێکدانەوەیەک لۆجیکی هەڵناگرن، بەڵام ئێمە قبوڵیان دەکەین. ناوبراو ڕوونکردنەوەی لە ڕادەبەدەر بە یەکێک لە مەترسییەکانی نووسین زانی و وتی کوبریک لەم فیلمە کەمترین ڕونکردنەوەی پێشکەش کردووە و ئەمە نیشانەی بلیمەتیی ئەو دەرهێنەرەیە.

**«سەردەمی بێگوناهی، باشترین ئیقتباسی سینەمایی»**

سەلمان ڕووشدی، کارکردنی مارتین سکۆرسیزی لە ڕۆمانی ئێدیت وارتن و «مردووەکان»ی جۆن هیۆستنی (بەپێی ڕۆمانی جیمس جۆیس) بە یەکێک لە باشترین ئیقتباسە سینەماییەکان لە قەڵەم دا و وتی سکۆرسیزی دوابەشی کتێبەکەی کتومت و دێڕ بەدێڕ کردووەتەوە فیلم. ڕووشدی وتی: «کۆمەڵگەی چینایتیی نیویۆرک، لە کۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەم و گۆڕانکارییەکانی، هەمیشە بەشێک بووە لە بیرکردنەوەکانی سکۆرسیزی و لەم فیلمە و فیلمەکەی دیکەشیدا «عەسابەکانی نیویۆرک» فەزای ئەو سەردەمەی زۆر بە باشی دەرهێناوە.

وەک سەلمان ڕووشدی دەڵێ «سەردەمی بێگوناهی» دەربارەی عەشقی لەدەستچوو و دەبارەی ئەو مرۆڤە خوشگوزەرانانەیە، کە لە سیستمێکی چینایەتیدا گیریان خواردووە و خۆشحاڵ نین.

**بە فیلمکردنی منداڵانی نیوەشەو**

ڕووشدی وتی، کە لە منداڵییەوە عاشقی سینەما بووە و نازانێت بۆچی ئەوەندە درەنگ، واتە دوای

٦٥ ساڵی هاتووەتە نێو سینەماوە. ناوبراو دەربارەی ئیقتباسی سینەمایی وتی، کە لای ئەو وەک وەرگێرانی دەقێکە لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر، چونکە وەرگێران رێگەی ئەوەمان پێ دەبەخشێت ئەدەبیاتی کۆمەڵگەکانی دیکە ئەزموون بکەین، هەرچەندە فۆرمی سەرەکیی بەرهەمەکە دەگۆڕێت. ئەو وتی، بە فیلمکردنی بەرهەمێکی ئەدەبیی بەناوبانگ، هەمیشە لەبەردەم دوو حاڵەتداین: ئەوەی هەموو شتێک بکەی یان هیچ نەکەی و هیچ رێگەیەکی تر بوونی نییە. بە بۆچوونی رووشدی، فیلمی وەرگیراو دەبێت پشت بەخۆی ببەستێت، نەک سێبەری کتێبەکە بێت.دواتر سەلمان رووشدی نوکتەیەکی لەم بارەیەوە گێڕایەوە کە پێشتر ئەلفرێد هیچکۆک لە گفتۆکەیدا لەگەڵ فرانسوا ترۆفۆ باسی کردبوو. ئەو وتی: «دوو بزن دەرۆنە هۆڵی نمایشی فیلمەوە و قوتووی فیلمەکان دەکەنەوە و دەست دەکەن بەخواردنی. دوای ماوەیەک بزنی یەکەم دەپرسێت، ئێ چۆن بوو؟ بزنی دووەم دەڵێت: فیلمێکی باش بوو بەڵام کتێبەکە باشتر بوو».

سەلمان رووشدی دەربارەی بەفیلمکردنی رۆمانی منداڵانی نیوەشەو وتی: «١٥ ساڵ بەر لە ئێستا بڕیاربوو بی بی سی زنجیرەیەکی تەلەفزیۆنی لەسەر ئەم رۆمانە بەرهەم بهێنێت، بەڵام بەهۆی فشاری مۆسڵمانانی سریلانکا و هەڕەشەی گرووپە تیرۆریستییەکان دروستکردنی ئەم زنجیرەیە وەستێنرا.

رووشدی وتی، رائول روێر دەرهێنەری شیلی ویستی فیلمێک لەسەر ئەم رۆمانە دروست بکات بەڵام ریکنەکەوتن.

ناوبراو شێوازی نوسینی سیناریۆی «منداڵانی نیوەشەو»ی روونکردەوە و وتی: «لە رۆمانەکەدا سێ جۆر گێرانەوە بوونی هەیە، گێڕانەوەی شەخسیی کارەکتەرەکان کە چیرۆکی دایک و کوڕ، عاشقەکان و ژیانی سێ نەوەیە. گێڕانەوەی دووەم گێڕانەوەیەکی مێژووییە و ژیانی ئەو سێ نەوەیەی تیادا ڕوودەدات و گێڕانەوەی سێیەم، جیهانی فەنتازی و ریالیزمی سیحرییە. بەرەو پێشبردنی ئەم سێ گێرانەوەیە لە فیلمەکەدا و تەریب بە یەکتر زۆر سەخت و ئاستەم بوو. ئێمە هەوڵمان دا فیلمەکە ریالیستی و واقیعی بکەین چونکە رەگوڕیشەی ریالیزمی سیحری، لە واقیعدایە بەپێچەوانەی سوریالیزم، کە ڕەگەکانی لەدەرەوەی واقیعە.»

رووشدی وتی فیلمی «منداڵانی نیوە شەو» ڕەنگە یەکەمین و دوا ئیقتباسی سینەمایی بێت، کە لەسەر رۆمانەکانی دروستدەکرێت.

«منداڵانی نیوەشەو»
ساڵی بەرهەمهێنان: ٢٠١٢
دەرهێنەر: دیپا میهتا
وەرگێراو لە (رۆمانی منداڵانی نیوەشەو) لە نووسینی سەلمان ڕووشدی
سیناریۆ: سەلمان ڕووشدی




# لە هەڵاتندا ون دەبین


بە درێژایی مێژووی ئەدەبیات لە جیهاندا، جەنگ و کاولکاری و برسیەتی و ئاوارەبوون، بوونەتە هەوێن و تێمای نووسینی چەندین ڕۆمان و چیرۆک و شیعر، کارەسات و ڕووداوە تراژیدی و مرۆییەکان، لە یەک کاتدا یان نووسەری داهێنەر دروست دەکەن، یاخود نووسەر لە داهێنان دەخەن، ڕووداو و کارەساتە تراژیدییەکان، بە هەموو ڕەهەندە سایکۆلۆژی بایەلۆژییەکانییەوە، ڕۆڵ و کاریگەریی دەبێت لە ئاراستەکردنی نووسەراندا بۆ تەوزیفکردنیان لە ناو بەرهەم و نووسینەکانیاندا. لە ڕاستیدا هەر خودی ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەش توانای زیاتریان هەیە لە گەیاندنی ئازارەکان بە دنیا و بە هۆی سیحری گێڕانەوەوە نووسین بە گشتی و ڕۆمان و چیرۆک بە تایبەت، دەتوانن وێنای کارەساتێک لە تراژیدیترین فۆڕمدا پێشکەش بکەن.

له هەڵاتندا ون دەبین، کۆمەڵە چیرۆکێکی نووسەری ئەفغانی «محەمەد ئاسەف سوڵتانزادە»یە، کە لە لایەن (دڵشاد هیوا)وە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە لایەن دەزگای وەرگێڕانەوە چاپ و بڵاوکرایەوە.
چیرۆکەکانی دووتوێی ئەم کتێبە بریتین لە (لە هەڵاتندا ون دەبین، دوو لۆی سینەک، بەزمی شاهانە، دەریا.. دەریا، ئێمە هەموومان ون بووین، باوە جادوباز، زاوای کابول).
نووسەری ئەم کۆمەڵە چیرۆکە ساڵی ١٩٦٤ لە کابولی ئەفغانستان لە دایک بووە، بە هۆی جەنگەوە ئـاوارە دەبێت و روو دەکاتە وڵاتـی پاکستان و لەوێشەوە پاش ماوەیەک روودەکاتە وڵاتی ئێران، ساڵی ٢٠٠٢ بەرەو دانیمارک کۆچ دەکات.
بە گشتی جەنگ و برسیەتی و ئاوارەبوونی مرۆڤاکان، تێما و بابەتی سەرەکیی کۆی چیرۆکەکانی ئەم کتێبەن، وەک چۆن پێشتر بەهۆی وەرگێڕانی رۆمانەکانی (عەتیق رەحیمی و خالید حوسەینی) ییەوە، ئاشنا بووین بەو رەوشـە مەینەتبارەی خەڵکی ئەفغان، بە هۆی داگیرکاری و شەڕی باڵە مەزهەبییەکانەوە، کە لە سایەی ئەم جەنگە یەک لە داوی یەکانەوە، جگە لە کوشتن و برسیەتی و قاتوقڕی و ئاوارەیی، بە یەکجاری سیمای شارستانی و کولتووری و رەوتی مەدەنی و پێشکەوتنی ئەو وڵاتە لە بەین برا و بەهای ئینسانی لە مرۆڤاکان سەندرایەوە و پیرۆزییەکان دارمان و لە جێگەی هەموو ئەمانە، مرۆڤاکان بەسەر بەرەی شەڕکەر و مەزهەبە جیاوازەکاندا دابەشکران، بە هەمان شێوە ئەم پرسە و حاڵەتە تراژیدی و نامرۆییانە لە چیرۆکەکانی ئەم نووسەرەدا دووبارە تەوزیف دەکرێنەوە، بەڵام بە تەکنیک و فۆرم و شێوازی گێڕانەوەی جیاوازەوە، کە وا لە خوێنەر دەکەن، بە زوویی تێکەڵ بە رووداوەکان بێت، ئەڵبەت زیرەکیی وەرگێڕیش رۆڵی خۆی هەیە لە هەڵبژاردنی ئەم چیرۆکانە بـۆ وەرگـێـڕان، چونکە لـە نـاو ئەم چیرۆکانەدا هەست بە نزیکایەتییەکی زۆر دەکەین لەگەڵ وڵاتی خۆماندا، بە تایبەت ئەو دەورانەی کە جەنگی ناوخۆی هێزە سیاسییەکان، ئەم وڵاتەیەن کردبووە دۆزەخێکی حەقیقی، لە کاتی خوێندنەوەی ئەم چیرۆکانەدا خوێنەر تێدەگات ئیدی بەشەریەت لە سایەی دەسەڵاتی دیکتاتۆر و شەڕ و برسیەتیدا یەک چارەنووسیان هەیە، تاڵ و مەرگاوی.
محەمەد ئاسەف، ئەم کۆمەڵە چیرۆکەی لە ساڵی ٢٠٠٠دا لە وڵاتی ئێران چاپ کردووە، کە بە یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی خۆی دادەنرێت و یەک ساڵ پاش چاپ و بڵاوبوونەوەی ئەم کۆمەڵە چیرۆکە، خەڵاتی خولی یەکەمی بونیادی هۆشەنگ گوڵشیریی پێ درا.
نووسەر خۆی دەڵێت: من ساڵانێک بوو بەشداری کۆڕە ئەدەبییەکانی دکتۆر بەراهەنیم دەکرد، بەڵام دواتر بە گوڵشیری ئاشنابووم، کە بەداخەوە زۆر درەنگ بوو، ئەگەر ئەو نەبوایە ئەوا بەرهەمەکانم زۆر درەنگتر چاپ دەبوون.
سوڵتانزادە تاکو ئێستا ئەم کۆمەڵە چیرۆک و رۆمانانەی چاپ کردوون: (لە هەڵاتندا ون دەبین، نەورۆز تەنیا لە کابول خۆشە، سەربازی هەڵاتوو، تۆیەک کە ئێرە وڵاتت نییە،ئەمەیە دانیمارک، دۆزەخی عەدەن، سیفری خروج).
بە پێی ئەو زانیارییەی کە وەرگێڕ لە پێشەکیی ئەم کۆمەڵە چیرۆکەدا نووسیویەتی، لە زاری زۆربەی رەخنەگرانی ئەدەبییەوە ئەوە ئاشکرا دەبێت، کە

یەکەمین کۆمەڵە چیرۆکی سوڵتانزادە واتە (لە هەڵاتندا ون دەبین) بە باشترین بەرهەمی دادەنرێت و پێیان وایە واقیعییەتێکی جادوویی بەسەریدا زاڵە، هەمیشە رەخنەی ئەوەشی لێ دەگرن، کە بۆچی یەکەمین کاری لە بەرهەمەکانی دیکەی باشترە، یان بە مانایەک کارەکانی دواتری بە واقعیتر دادەنێن، لە وەڵامی ئەم رەخنانەدا نووسەر خۆی لە جاوپێکەوتنێکدا دەڵێت: رەنگە بە هۆی ئەو کەس و بارودۆخەوە بێت کە تێیدا دەژیم.

یەکێک لە جوانترن چیرۆکەکانی ناو ئەم کتێبە، رەنگە چیرۆکی (بەزمی شاهانە بێت) ئەگەر تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە و ئەو گرێیانەی لەم چیرۆکەدا هەن هۆکارێک بن بۆ جوانی و ئاستبەرزی، ئەوا بە دیوێکی تردا خودی بابەت و تێماکەی، کە لە حەزینترین فۆرمدا بەرجەستە بووە، وامان لێدەکات لە خوێندنەوەی تێر نەبین. لەم چیرۆکەدا نووسەر بە قووڵی رۆچووەتە ناو ژیانی کولەمەرگیی خێزانێکی هەژارەوە، کە بە هۆی جەنگ و بێکاری و برسێتییەوە تەواوی کەلوپەلی ناو ماڵەکە دەفرۆشن، بۆ ئەوەی سکی برسیی منداڵەکانی پێ تێر بکەن، دواجار هیچ کەلوپەلێکی بە نرخ نامێنێتەوە لە ماڵەکەدا، ناچار باوکەکە منداڵەکانی دەباتە بازاڕ، بۆ ئەوەی لە مەزاتخانە هاڕاجیان بکات و پولێکی دەست بکەوێت، لەوەش نائومێد دەبێت و کەس منداڵەکانی ناکرێت، سەرەنجام باوکەکە شەوێک بە منداڵەکانی دەڵێت شەوی شاهانە ساز دەکەین، منداڵەکان بێئاگا لەوەی باوکەی بێچارە بەزمی شاهەنەکەی دەبێت چی بێت، هەموان دڵخۆش دەبن و نان دەخۆن، بەڵام هەست دەکەن خواردنەکەیان تاڵە، بەزمی شاهانەکە ئەوە دەبێت، کە باوکەکە ژەهر دەکاتە ناو خواردنەکەوە، بۆ ئەوەی هەموان پێکەوە و لەسەرخۆ بمرن و ئەو ژیانە هەژارانەیە جێبهێڵن، کە ئیدی هیچ شتێکیان نەماوە بە ژیانی ببەخشن تەنها گیانی خۆیان نەبێت.






# سەرۆکە دۆڕاوەکە

ڕۆماننووس و ڕووناکبیر و وەرگری خەڵاتی نۆبڵ ٢٠١٠ (ماریۆ بارگاس یۆسا) بەهۆی بەرهەمە ئەدەبییە ناوازەکانییەوە لە بوارەکانی چیرۆک و ڕۆمان و شانۆنامە و لێکۆڵینەوە فکری و ئەدەبییەکانییەوە، لە ئێستادا وەک یەکێک لە چالاکترین و دیارترین و کاریگەرترین نووسەرە جهانییەکانی دنیا تەماشا دەکرێت و نووسین و بەرهەمەکانی بۆ زۆربەی زمانە زیندووەکانی جهیان وەردەگێڕدرێن.

# کتێب

راستە (یۆسا) بۆخۆی خەڵکی پیرۆیە، بەڵام ئیدی ناوبانگی ئەو وەک هەر گەورە داهێنەرێک، سنوورەکان دەبەزێنێت و دەبێتە بەشێک لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی ئەو میللەتەی کە بەرهەمەکانی وەردەگێڕدرێتە سەر زمانەکەی، بە واتایەکی تر، ماریۆ بارگاس ئەو شتانەی لە رۆمان و نووسین و لێکۆڵینەوەکانیدا دەیان ڵێت، دەبنە خەزنەیەکی باش و دەوڵەمەندی مەعریفی و سەرچاوەی چێژی ئەدەبی و ئیستاتیکی بۆ خوێنەران نووسەران و ئەدەبیاتی میللەتان، بێگومان بە هۆی بوونی هەژموون و کاریگەریی ئەم گەورە نووسەرەوە بەسەر ئەدەبیاتی جیهانییەوە، هەندێک لە بەرهەمە ئەدەبی و تیۆرییەکانی یۆسا لە لایەن وەرگێڕکارانی کوردەوە وەرگێڕدراونەتە سەر زمانی کوردی و بە هۆی ئەو بەرهەمانەوە بەشێک لە کتێبخانەی کوردی ئاوەدان بووەتەوە.

ماریۆ خاوەنی ئەم رۆمانانەیە (بەهەشت، ئەوێ، ئاهەنگی سابرێن، شەڕی ئاخر زەمان، گفتوگۆ لەگەڵ کاتدراڵ، ماڵی سەوز، شار و سەگەل) هەروەها خاوەنی ئەم لێکۆڵینانەوەشە (زمانی هەیەجان، نامەگەلێک بۆ رۆماننووسێکی لاو، ماسی لە دەریا، واقعیەتی نووسەر، لە نێوان سارتەر و کامۆدا) هەروەها ئەم شانۆنامانەشی نووسیوە (دێوانەی هەیوانەکان، گاڵتە).

لەم رۆژانەی پێشووشدا، لە لایەن دەزگای چاپ و پەخشی سەردەمەوە کتێبێکی یۆسا بە ناوی (ماریۆ بارگاس یۆسا سەرۆکە دۆڕاوەکە) چاپ و بڵاو کرایەوە، ئەم کتێبە لە لایەن (جەبار سابیر)ەوە لە زمانی فارسییەوە وەرگێڕدراوەتە سەر زمانی کوردی و لە کۆمەڵێک وتار و چاوپێکەوتنی گرنگ پێکهاتووە، کە لەگەڵ (یۆسا) ئەنجام دراوە، لەوانە (گفتوگۆی تایبەتیی جمانە حەداد، گفتوگۆی پاریس ریویۆ، کاتیک ئەدەبیات دەبێتە قوربانیی سیاسەت، وتاری ماریۆ بارگاس یۆسا بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی ئەدەبەوە، ئەدەبیات ئاورە، ئەسکەندەرانی).


وەرگێڕ لە پێشەکیی ئەم کتێبەدا باس لەوە دەکات، کە ماوەیەک لەمەوبەر لە کاتی گەڕانیدا بەناو پێگە یەدەبییە فارسییەکاندا تووشی ئەم دیدارەی یۆسا بووە و دەڵێت: پێشتر زانیبووم کە جمانە حەدادی خانمە ساویر و رۆژنامەنووسی لوبنانی گفتوگۆیەکی تێروتەسەلی لەگەڵ یۆسادا ئەنجام داوە و لە کتێبەکەشیدا (گفتوگۆ لەگەڵ ئاگردزان) هەیە، بۆیە یەکسەر لە پێگە عەرەبییەکانیشدا بۆ ئەو گفتوگۆیە گەڕام، دواتر هەم لە پێگەی خۆی، هەم لە پێگەی رۆژنامەی نەهاری لوبنانی دەستم کەوتن، دوای ئەوەی کە هەردووکیانم خوێندەوە لە فارسییەکەوە دەستم بە وەرگێڕانی کرد، دواتر لەگەڵ عەرەبیەکەدا بەراوردم کرد و ئەمەیش بۆی سەلماندم، کە بە وشە جیاوازییان نییە و هەست دەکەیت فارسییەکەش خودی جمانە کردوویەتی.

لە سەرەتای ئەو چاوپێکەتنەدا لەگەڵ (یۆسا) جمانە ئاشکرای دەکات، لە تشرینی دووەمی ساڵی ٢٠٠٦ یەکەمین نامەی لە ماریۆ بارگاسەوە پێگەیشتووە و پێی وتووە«خۆشحاڵ دەبم گفتوگۆیەکمان پێکەوە هەبێت، بەڵام کەی و لە کوێ؟» جمانە باس لەوە دەکات، کە دە مانگ کۆشاون تا بتوانن ئاستەنگی کەی و لە کوێ چارەسەر بکەن، بەڵام کەڵکی نەبووە، لە نێوان ماریۆ و جمانەدا دە مانگ بەردەوام نامە و ئیمەیل گۆڕینەوە درێژەی دەبێت تا دواجار لە لەندەن بەیەک دەگەن.

لەم چاوپێکەتنە دوور و درێژەدا جمانە بە هۆی پرسیارە ورووژێنەر و کاریگەرییەکانییەوە لە سەر تەواوی ڕەهەندەکانی ژیان و داهێنانی (یۆسا) وا لەم نووسەرە داهێنەرە دەکات زۆر لایەنی تاریک و نادیاری ناخ و خەیاڵ و فکری خۆی بۆ خوێنەر ئاشکرا بکات، چاوپێکەوتنەکە وەک زنجیرە درامایەکی درێژ و پەیوەست، لە سەرەتادا بە ریتمێکی هێمن و لەسەرخۆ گفتوگۆکان دەست پێدەکات و وردە وردە ڕۆدەچنە ناو پرسیاری گەورە و ڕووداوی گەورەوە، بە تایبەت قسەکردن لە سەر ئەزموونی نووسینی خۆی و باسکردنی چەندین گەورە نووسەری جیهانی کە بە هۆیانەوە سەرنج و ڕوانینی ماریۆمان بۆ ئاشکرا دەبێت سەبارەت بە ئەدەبیات و کەسێتی ئەم گەورە نووسەرانە.

جمانە لە شوێنێکدا ئەوە یادی ماریۆ دەخاتەوە، کە لە زیاد لە بوارێکدا دەنووسێت و لێی دەپرسێت ئاخۆ ماریۆ لە کام بوارێندا زیاتر باڵادەستە؟ ماریۆ دەڵێت: گەر تفەنگێک بە سەرمەوە ڕابگرن و بڵێن تەنها یەکیان هەڵبژێرە، بێگومان ڕۆمان هەڵدەبژێرم، بەڵام هەر یەک لەوانە ئەفسوون و لەزەتی خۆیان هەیە، من حەزم لە تیۆری تایبەتمەندی نییە، بەڵکو زیاتر حەزم لە جۆراوجۆرییە، گواستنەوە لە جۆرێکەوە بۆ جۆرێکی تر مرۆڤ ئەژێنێتەوە، ڕاستیت بوێت شانۆ لە هەموویان خۆشەویستترە لام، ڕەنگە کاتێک دەستم بە نووسین کرد، لە لیما بزووتنەوەیەکی نمایشی واقیعی و گرنگ و کاریگەر هەبوایە، تەنیا شانۆنامەم دەنووسی.

هەر لەم کتێبەدا وتارێکی ماریۆ بارگاسی تێدایە، کە بە بۆنەی وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵەوە ساڵی ٢٠١٠ پێشکەشی کرد، ماریۆ لەم وتارەیدا زۆر خاکییانە




باس لەو نووسەرانە دەکات، کە خۆی بە قەرزاریان دەزانێت و دەڵێت: ئەگەر بڕیار بوایە هەمو ئەو نووسەرانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان قەرزاریانم، بانگێشت بکەمە ئێرە، سێبەریان ئێرەی تاریک دەکرد، ئەوان لە ژماردن نایەن، ئەوانە لەگەڵ ئەوەی ڕازی پیشەییبوونی چیرۆکنووسبوونیان بۆ خستمە ڕوو، وایان لێکردم بە قوڵاییەکەنی نادیاری مرۆڤایەتیدا ڕۆبچم، ستایشی کاری قارەمانانە بکەم و لەوپەڕی بێبەزەیی و بووندا هەست بە ترس بکەم.




# وەسیەتنامەی خیانەتلێکراو

ئەم کتێبە بریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی دوورودرێژی (میلان کوندێرا) لە بارەی ڕۆمانەوە و بەشێکیشی تەرخانە بۆ قسەکردن لەسەر هونەری مۆسیقا، کە بە لای ئەم نووسەرەوە بایەخێکی ئێجگار گەورەی هەیە لە ژیانیدا و لە ماوەی رابردوودا لە لایەن وەرگێڕی بەناوبانگ (کەریم پەڕەنگ)ەوە وەرگێردرایە سەر زمانی کوردی و دەزگای چاپ و بەخشی سەردەم چاپ و بڵاوی کردەوە، دیارە ساڵی ٢٠٠٨ ئەم وەرگێڕەمان کتێبێکی تری میلان کوندێرای بە ناوی (هونەری ڕۆمان) وەرگێڕدرایە سەر زمانی کوردی کە دواجار بوو بە سەرچاوەی چەندین بابەت و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی.

کتێبەکە جگە لە پێشەکیی وەرگێڕ، بەسەر ئەم بەش و تەوەرانەدا دابەش کراوە (بەشی یەکەم: ئەو رۆژەی ئیدی پانورگا دنیای نایەتە پێکەنین، بەشی دووەم: سێبەری خەسێنەری گارتای پیاو چاک، بەشی سێهەم: رەوگۆیی بۆ شەرەفی ستراڤینسکی، بەشی چوارەم: رستەیەک، بەشی پێنجەم: گەڕان بەدووای ئێستای ونبوودا، بەشی شەشەم: بەرهەمەکان و جاڵجاڵۆکەکان، بەشی حەوتەم: کوڕی خۆشنەویستراوی خێزان، بەشی هەشتەم: رێگەکانی ناو تەم، بەشی نۆیەم: ئازیزەکەم ئێوە ئێرە لەماڵەوە نین).

وەرگێڕ بە گوتەی خۆی هەرگیز بیری لە وەرگێڕانی ئەم کتێبە نەکردبووەوە، بەڵام پاش ئەوەی کتێبی یەکەمی توێژینەوەکانی میلان کوندێرا بە ناونیشانی (هونەری رۆمان) وەردەگێرێت و پاش ئەو هەموو دەستخۆشییەی لێدەکرێت و دەبینێت ئەو کتێبە گرنگە وەک سەرچاوە لە چەندین لێکۆڵینەوە و وتاری ئەدەبیدا سودی لێ وەرگێڕاوە، ئەمانە دەبنە پاڵنەرێک و هاندانێک بۆ ئەوەی تەواوی ئەو کتێب و توێژینەوانەی کوندێرا کە لە بارەی رۆمانەوە نووسیونی وەربگێڕێتە سەر زمانی کوردی و پێشکەشی کتێبخانەی کوردی بکات، وەک وەرگێڕ خۆشی ئاماژەی پێداوە کتێبی سێیەمی ئەم وتارانەی وەرگێڕاوە و بە هیوایە لە ئایندەیەکی نزیکدا چاپی بکات.

میلان کوندێرا لە یەکێک لە وتارەکانی ناو ئەم کتێبەیدا، پرسیار لە چییەتیی تاک دەکات و پرسی شوناسنامەی تاک دێنێتە ئاراوە، بە بڕوای کوندێرا هەموو رۆمانەکان بە دوای وەڵامێکدا بۆ ئەم پرسیارانە دەگەڕێن و دەپرسێت ئیگۆیەک لە رێی چییەوە خۆی پێناسە دەکات؟ لە رێی ئەوەوە کە کەسێک دەیکات، لە رێی هەڵسوکەوتەکانییەوە؟ هەر خۆشی دەڵێت: وەلێ کردار هەمیشە لە بکەرەکەی هەڵدێت، ئەو گومانی هەیە لەوەی مرۆڤ لە توانایدا هەبێت لە خودی خۆی تێبگات، چونکە ئەو پێیوایە بیرە پەنهانەکانی دەتوانن وەکو کلیل لە خزمەتی شوناسنامەکەیدابن.

مێژووی رۆمان وەکو تۆڵە لە مێژوو، یەکێکە لە وتارە جوان و گرنگەکانی ناو ئەم کتێبە و تێیدا بە روونی فکر و ئەندێشە و دنیابینیی کوندێرا دەبینین، کوندێرا لەم وتارەیدا بەم پرسیارە دەچێتە ناو قوڵایی بابەتەکەیەوە: مێژوو، ئایا مرۆڤ هێشتا دەتوانێ بگەڕێتەوە بۆ ئەم ستەمکارە؟ ئەوەی ئێستا من دەیڵێم دانپێدانانێکی شەخسییە، وەک رۆماننووس هەمیشە خۆم لە چەقی مێژوودا هەست پێکردووە، واتە لەسەر رێگەیەک لە دیالۆگ لەگەڵ ئەوانەدا کە لە پێش منەوە بوون، یان تەنانەت رەنگبێ کەمتر لەگەڵ ئەوانەدا کە بەدوای مندا دێن. لێرەدا میلان کۆندێرا باسی مێژووی رۆمان دەکات نەک مێژوویەکی تر، بەو شێوەش باسی دەکات کە خۆی دەیبینێت و دەڵێت: هیچ شتێکی لەگەڵ عەقڵی لە دەرەوەی مرۆڤ لەئارادای هێگڵ هاوبەش نییە، نە لە سەرەتاوە بڕیاری لەسەر دراوە نە لە بیرۆکەی پێشکەوتندا.

لە شوێنێکی تردا کوندێرا باس لە رۆمانی ئەورووپی دەکات، لەبەر ئەوە نا کە لە رۆمانی وڵاتێکی وەک بۆ نموونە چینی جودا بکاتەوە، بەڵکو بۆ ئەوەی بڵێت مێژووەکەی لە سەروو نەتەوەوەیە، بە بڕوای ئەو رۆمانی فەرەنسی و ئینگلیزی و هەنگاری، لە توانایاندا نییە مێژووی سەربەخۆی خۆیان

## کتێب

پێک بێنن، بەڵکو هەمویان لە مێژوویەکی سەروو نەتەوەیی هاوبەشدا پشکیان هەیە.

کوندێرا دەڵێت: لە کاتی قۆناغە جیاوازەکانی پەرەسەندنی رۆمانی ئەوروپییەوە نەتەوە جیاوازەکان، وەکو پێشبڕکێی چەند قۆناغی پێشدەستیان گرتووەتە ئەستۆ.

نموونەی وڵاتێکی ئەوروپی وەک ئیتاڵیا دەهێنێتەوە کە لە بەراییدا بە (بۆکاچیۆ)وە، ڕێخۆشکەری مەزن بوو، دواتر فەڕەنسا بە (رابەلی)ییەوە و ئیسپانیا بە (سێرڤانتس) و رۆمانی چەتەگەرییەوە. کۆندێرا بروای نییە ئەگەر ئەوروپا یەک نەتەوە بوایە، مێژووی رۆمانی بیتوانیایە خۆی بە زیندوویەتییەکی ئاوەها وزەو فرەییەکی بەو جۆرە بەسەر چوار سەدەدا بەرفراوان بکات، هاوکات بروای تەواوی خۆی نیشان دەدات، کە لەم سەدەیەماندا، واتە سەدەی بیستەم، بۆ یەکەمینجار دەسپێشکەرییە گەورەکانی رۆمانی ئەوروپی لە دەرەوەی ئەوروپادا سەرهەڵدەدەن.

میلان کوندێرا ساڵی ١٩٢٩ لە چیکوسلۆفاکیا لەدایکبووە و یەکێکە لە نووسەرە چیکییە بەناوبانگەکان، باوکی ئەم نووسەرە جیهانییە زانستەوانی مۆسیقا و پیانۆژەنێکی ناودار بووە، میلان کۆندێرا لەسەر دەستی ئەو هەر زوو فێری مۆسیقا دەبێت، هەر بۆیە مۆسیقا و کاریگەریی مۆسیقا بە زۆربەی کارەکانییەوە دیارە و بەشێکی زۆری ئەم کتێبەش کە ئێمە بە خوێنەرانی دەناسێنین تەرخان کراوە بۆ قسەکردن لەسەر مۆسیقا و شاکارە جیهانییەکانی ئەو بوارە، کۆندێرا لە تەمەنی ناوەندییەوە دەستی بە شیعرنووسین کردووە، لە ساڵی ١٩٥٤دا شیعرەکانی شاعیری رووسی مایاکۆفسکیی وەرگێڕاوەنەتە سەر زمانی چیکی، هەندێک لە رەخنەگران وای بۆ دەچن کە میلان کۆندێرا لە ژێر گاریگەریی راستەوخۆی (مایاکۆفسکی و لودڤیک)ی ئامۆزای شیعری نووسیوە و لە تەمەنی هەرزەکاریدا یەکەمین هەوڵی شیعری خۆی بڵاو کردووەتەوە.

کۆندێرا پاش تەواوکردنی خوێندن دەبێتە وانەبێژ لە ئەکادیمیای هونەری مۆسیقا لە پراگ و هەر لەوێش وانەت ئەدەبی جیهانی دەڵێتەوە، رۆمانی (نەمری) یەکەم بەرهەمی کۆندێرایە کە لە فەڕەنسا دەینووسێت، لەم رۆمانەدا بۆ یەکەمجارە کە کارەکتەرەکانی مۆراڤایی و چیکی نین و مەیدانی رووداوەکانی دوورە لە چیک و مۆراڤیا، ئەم رۆمانە بە یەکەمین رۆمانی فەڕەنسیی کۆندێرا ئەژمار دەکرێت، ئەمە لە کاتێکدایە، کە بە زمانی فەڕەنسایش نەنووسراوە، بەڵام دووەمین رۆمانی بەناوی (شوناسنامە) بە زمانی فەڕەنسی نووسی، کە رۆمانێکی ئەڤیندارانەی سەرنجڕاکێشە کە بەهای خۆشەویستی لە جیهانێکی نەیار و ساکاری مۆدێرندا بەرز دەنرخێنێت، سێهەم کاری کە بە فەڕەنسی نووسیویەتی، بریتییە لە رۆمانی (ئاگالێنەبوون) و ساڵی ٢٠٠٠ نووسیویەتی.

دیارە لەم نووسینە کورتەدا ناتوانرێت تەواوی ژیان و بەرهەمی ئەم نووسەرە بەناوبانگە بناسینرێت، بۆ ئاشنابوون بە فکر و ئەندێشە و دنیابینی و تێڕوانینی کۆندێرا بۆ ئەدەب و مرۆڤ و دنیا، جگە لە رۆمانەکانی، دوو کتێبی گرنگ لەبەردەستی خوێنەری کورددایە، کە بریتین لەم کتێبەی ئێمە لێدوانی لە بارەوەدەدەین، لەگەڵ کتێبی (هونەری رۆمان) کە هەردووکیان کەریم پەڕەنگ وەریگێڕاونەتە سەر زمانی کوردی.